بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

# پێشەکی

الحمد لله والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم... براو خوشکانی موسڵمانم : سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت ورەحمەتی پەروەردگارتان بەسەردا بڕژێت، بزانن کەپێویستە چوار شت هەیە لەژیانماندا بیزانین :

**یەکەمیان:** زانیاریمان هەبێت. کە بریتییە لە ناسینی خوای گەورە (جل جلاله)و ناسینی پێغەمبەرەکەشی ﷺ وناسینی ئایینەکەشی کە ئایینی ئیسلامە، چونکە دروست نییە بەبێ زانیاری خواپەرستی بکەین، هەرکەسیش وابکات سەرەنجام وێڵ ئەبێتو بەدڵنیاییەوە لەڕوویەکەوە لەنەصرانیەکان ئەچێت.

**دووەمیان:** کارکردن بەو زانیارییانە، هەرکەسێك زانیاری هەبێتو کار بەو زانیارییەی نەکات ئەوە لە روویەکەوە لەجولەکە ئەچێت، چونکە ئەوان زانیارییان هەبوو، بەڵام کاریان پێنەئەکرد، یەکێك لە فێڵ وتەڵەکەکانی شەیتان ئەوەیە کە مرۆڤـ هان ئەدات لە زانیاری دووربکەوێتەوە بە خەیاڵی ئەوەی کە ئەگەر شت نەزانێ ئەوە لای خوا عوزری ئەبێت، بەڵام نازانێ، هەرکەس ئەگەر توانای ئەوەی هەبوو فێری شت ببێت، بەڵام خۆی فێری شت نەئەکرد ئەوە بیانووی نامێنێ لای خوا، ئەمەش فێڵی میللەتەکەی نوح بوو (عليه السلام)، کاتێ کە دەستیان ئەکرد بە ناو گوێچکەیانداو جلەکانیان ئەدا بەسەر دەمو چاویاندا تا بەحسابی خۆیان بیانوویان هەبێت وبیانووبڕاو نەبن، وەك خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ جَعَلُوٓاْ أَصَٰبِعَهُمۡ فِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَٱسۡتَغۡشَوۡاْ ثِيَابَهُمۡ ﴾(نوح :٧).

**سێیەمیان:** بانگەوازکردن بۆ ئەو زانیارییە، چونکە زانایان وبانگخوازان میراتگری پێغەمبەرانن، خوای گەورەش بەدڵنیاییەوە نەفرینی لە بەنی ئیسرائیل کرد لەسەر ئەوەی کە بەرگرییان لەو خراپانە ئەکرد کە میللەتەکەیان ئەیانکرد، بێفەڕ لەئەو ئیشەی کەئەیانکرد، وەك خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوۡنَ عَن مُّنكَرٖ فَعَلُوهُۚ لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴾(المائدة :٧٩) بانگەشەکردنو خەڵك فێرکردن یەکێکە لە فەرزە کیفایەکان، ئەگەر هەندێك پێی هەستن وکارەکە بێتەجێ کەس گوناهبار نابێت، ئەگەر هەموو خەڵکیش وازیان لێهێنا ئەوە هەموویان گوناهبار دەبن.

**چوارەمیان:** ئارامگرتنە لەسەر ئازارەکانی ژیان، ئارامگرتن لەسەر فێربوونی ئەو زانیارییانە، ئارامگرتن لەسەر کارکردن بەو زانیاریانە، ئارامگرتن لەسەر بانگەشەکردن بۆ ئەو زانیاریانە.

لەپێناو بەشداریکردن لەنەهێشتنی نەزانین وئاسانکاریکردن بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست (العلم الواجب)، لەم کتێبە کورتەدا هەستاوین بەکۆکردنەوەی هەندێ لەو شتانەی کەبەشی پێویست لەزانیارییە شەرعییەکان ئەدات بەخوێنەرەکانی، لەگەڵ ئایەتەکانی سێ جوزئی کۆتایی قورئان وتەفسیرەکانیشی لەبەرئەوەی زۆر دووبارە ئەبنەوە وڕێسا شەرعیەکەش ئەڵێت :( ما لا يدرك كله لا يترك جله ) ئەوەی نەتوانیت هەمووی بەدەست بهێنیت، خۆ هەموویشی وازلێناهێنیت واتە : بەپێی توانا وپێویست دەبێت هەوڵی شارەزابوون لەدینەکەت بدەیت، ئەم پەرتووکەش هەندێکە لەو بابەتە پێویستانە .

ئێمە زۆر پێداگریمان لەسەر ئەوە کردووە کە لە هەموو شتەکاندا زۆر بە کورتی شت بڵێینو ئەوەی فەرموودەی سەحیح وڕاستی پێغەمبەرە ﷺ لەسەری بنووسین، لاف ئەوەش لێنادەین کە شتێکی کامڵو بێ عەیبمان نووسیبێ، چونکە ئەوە تەنیا خوای گەورەیە بۆ خۆی بڕیاریداوە، بەڵام ئەمەی ئێمە هەوڵی کەسێکە هەر ئەوەندەی لەباردایە، جائەگەر ڕاست ودروستە دەرچوو ئەوە لەخوداوەیەو (لێی بەزیادبێت)و خۆ ئەگەر بە هەڵەشدا چووین، ئەوە لە دەروونو شەیتانەوە هاتووەتەدەرو خواو پێغەمبەری خوا ﷺ لێی دوورن، ڕەحمەتی خواش لەو کەسەبێت کە بەدیاری هەڵەکانمان بۆ ئەنێرێتەوەو ڕەخنەی ئامانجدار وبنیادنەرمان لێدەگرێت.

داوا لەخوای گەورەش دەکەین کەپاداشتی بەخێری هەموو ئەو کەسانە بداتەوە کە بەشداری ئامادەکردن وچاپکردن وبڵاوکردنەوە وخوێندنەوە وخەڵك فێرکردنی هەبووە لەم پەرتووکەدا وەئەو بەشدارییەیان لێ وەربگرێت وپاداشت وخێری چەندقاتیان بۆ بنووسێت.

خوا زاناترە وصەلات وسەلامیش لەسەر پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺوئال وبەیت وهاوەڵانی بەڕێزی بەگشتی.


کۆمەڵێك لەزانایان وقوتابیانی زانستەشەرعیەکان لەجیهانی ئیسلامیدا ئەم پەرتووکەیان پەسەند کردووە .

بۆ زانیاری زیاتر، یان بۆ هاوکاری وبەشداری کردن لەم ( خێرەدا ) یان بۆ دەستخستنی ئەم پەرتووکە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە www.tafseer.info ، پۆستی ئەلیکترۆنی ( ئیمەیلً ) kurdy@tafseer.info .

چاپی یەکەم ، ساڵی ١٤٣١ کۆچی

## فەزڵ و خێری قورئا نخوێن

* قورئان کەلامی خوایە، فەزڵو گەورەیی قورئان لە بەرامبەر قسە وکەلامی خەڵکی تردا وەك فەزڵو گەورەیی خوا وایە لە بەرانبەر دروستکراوەکانیدا، باشترین ووتەیەکیش لەزمان بێتەدەر ئەوەیە کەقورئانی پێ بخوێنرێت.

هەندێ لە فەزڵو خێری فێربوونی قورئان و خەڵك فێرکردنو خوێندنەوەی:

**پاداشتی فێرکردنی قورئان:** پێغەمبەر ﷺ ئەفەرمووێت: ( باشترینتان ئەوانەن فێری قورئان ئەبنو کەسانی تریش فێری قورئان دەکەن).{ رواه البخاري }

**پاداشتی خوێندنی قورئان:** پێغەمبەر ﷺ ئەفەرمووێت: ( هەرکەس پیتێك لە قورئان بخوێنێت چاکەیەکی دەستدەکەوێت، چاکەش بە دەقاتی خۆی ئەدرێتەوە ). { رواه الترمذي }

ئیبن رەجەب ئەڵێت: "چەندقاتکردنەوەی خێرو چاکە بۆ هەموو خێرێکە، قورئانیش بە روونی ئەمە ئەڵێتو ئەفەرمووێت: ( مَن جَاء بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ) هەرکەس چاکەیەك بکات خوا دە چاکەی بۆ ئەنووسێ، بەڵام چەندقاتکردنەوەی دوای دە جارەکە ئەوە بۆ ئەو کەسانەیە کە خوای گەورە ویستی وایە بۆیان چەنجارەی بکاتەوە، جاری واهەیە بۆیان ئەکاتە حەوتسەد قاتو زیاتریش، پاش فەزڵو بەرەکەتی خوا هۆی ئەمەش بریتییە لە ملکەچبوونی دڵو بیرکردنەوەو تێگەیشتنی لێی ....

**خێـــر وفــەزڵی قورئان فێربـــوون ولــەبــەرکردن وپسپـــــــۆری هێنانەوە لەخوێندنەوەیدا :**

پێغەمبەر ﷺ ئەفەرمووێ: ( نموونەی ئەو کەسەی کە قورئان دەخوێنێو لەبەریشی دەکات لەگەڵ فریشتە پاکەکانی خوادایەو نموونەی ئەو کەسەی کە قورئان دەخوێنێتو بەردەوام هاوڕێیەتی دەکاتو دەیلێتەوەو لەسەری قورس ئەوەستێت، دوو پاداشتی پێ دەدرێت ) { متفق علیه } هەروەها پێغەمبەر ﷺ ئەفەرمووێ: ( ئەوترێ بە هاوڕێیانی قورئان: بخوێنەو بەرزبەرەوەو دەنگ هەڵبڕە بە قورئان، وەك چــۆن لــە دونیادا دەنگت هــەڵدەبڕی، چونکە پلەی تۆ لە وێدا دەوەستێ کە کۆتا ئایەتی تێدا دەخوێنی ). { رواه الترمذي } .

"خەتتابی" دەڵێت: پلەکانی بەهەشت بە ئەندازەی ئایەتەکانی قورئانە، ئەوترێت بە قورئانخوێن: بەو پلیکانەدا سەرکەوە بە ئەندازەی ئەو ئایەتانەی لە دنیادا دەتخوێندن، هەرکەس هەموو ئایەتەکانی قورئان بخوێنێ، لە ئاخیرەتدا دەسەڵات پەیدادەکات بەسەر ئەوپەڕی پلەکانی بەهەشتدا، هەرکەسیش جوزئێ لە قورئان بخوێنێ ئەوە بە ئەندازەی ئەو جوزئە بە پلیکانەکاندا سەردەکەوێت، ئەوسەری پاداشتی لە ئەوسەری خوێندنەوەکەیدا رادەوەستێت.

**پاداشتی ئەو کەسەی کە منداڵەکانی فێری قورئان دەکات:** پێغەمبەر ﷺ ئەفەرمووێ: ( هەرکەس قورئان بخوێنێتو فێری قورئان خوێندنیش ببێتو کاری پێ بکات، لە رۆژی قیامەتدا دایكو باوکی تاجێکی وا ئەکرێتە سەریان کە رۆشناییەکەی وەك رۆشنایی خۆرە، دوو عابای جوانی واشیان ئەکرێتەبەر دونیا لە بەرانبەریاندا خۆی ڕاناگرێ، ئەپرسن: هۆی چییە ئەم بەرگانە کرایە بەرمان؟ پێیان ئەوترێ: بەهۆی ئەوەی منداڵەکەتان خەریکی قورئان بووە ). { رواه الحاکم }

**تکای قورئان بۆ هاوەڵانی لە دوارۆژدا:** پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموویت: ( قورئان بخوێنن، چونکە لە ڕۆژی قیامەتدا وەك تکاكاری هاوڕێکانی دێتە حزوور ) { رواه مسلم } هەروەها ئەفەرموویت: (ڕۆژوو و قورئان هەردووکیان تکا بۆ بەندەکان دەکەن لە ڕۆژی قیامەتدا). {رواه احمد والحاكم }

## پاداشتی ئەوانەی کۆدەبنەوە لەشوێنێکدا بـــۆ قورئان خوێنـــدن وتـــوێژینـــەوە لەماناکانی

پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموویت: ( هیچ کۆمەڵە خەڵکێك نییە لەماڵێك لەماڵەکانی خودادا کۆببنەوەو دەست بەقورئانخوێندن بکەنو توێژینەوەی بکەن لەسەری، جگە ئەوە نەبێت دڵئارامیو سۆزو میهری خوا دائەبەزێتە سەریانو فریشتە چواردەوریان ئەگرێتو خوای گەورەش دەست بە باسکردنیان ئەکات لەناو ئەوانەدا کە نزیکی خۆینی ). { رواه ابوداود } .

## هەندێ لە ئەحکام وئادابەکانی قورئان خوێندن

**ئادابەکانی قورئا نخوێندن:** ئیبن کەسیر ژمارەیەك ئاداب باسدەکات بۆ قورئانخوێندنو ئەڵێت: (پێویستە دەست لە قورئان نەداتو قورئان نەخوێنێتەوە ئەگەر دەستنوێژی نەبێت، ئەبێ پێش قورئانخوێندنەوە سیواك بکات وجوانترین جلوبەرگی خۆی لەبەردا بێت وڕووبکاتە قیبلە وکە باوێشکیشی هات واز لە قورئانخوێندن بهێنێ وقورئانخوێندنەکەی نەبڕێت بۆ قسەی پێویست نەبێت، ئەبێ زەین وبیری لای قورئانخوێندنەکەی بێت  لەسەر ئایەتەکانی مژدە بوەستێت وداوای خێر لەخوا بکات ولەسەر ئایەتەکانی هەڕەشە بوەستێت وپەنا بەخوا بگرێت، نابێت قورئانەکە بەکراوەیی بەجێ بهێڵێت، نابێت هیچ شتێکیش بخاتە سەر قورئانەکە، نابێت قورئانخوێن دەنگ بەسەر یەکتردا بەرزبکەنەوەو (لەیەکتری تێکبدەن)، نابێت لەناو بازاڕو شوێنی ناشایستەدا قورئان بخوێنێت).

**چۆنیەتی قورئان خوێندن :** لە ئەنەسیان پرسی - ڕەزای خوای لێبێت - پێغەمبەر ﷺ قورئانی چۆن ئەخوێندەوە؟ فەرمووی: پێغەمبەر ﷺ قورئانی درێژ ئەکردەوە کە (بسم الله الرحمن الرحيم)ی ئەخوێندەوە درێژی ئەکردەوە، یانی (بسم الله)ی درێژ ئەکردەوە و(الرحمن)ی درێژ ئەکردەوە و(الرحيم)ی درێژ ئەکردەوە.{رواه البخاري }

**ڕێژەی ئەو ئایەتانەی لەشەو وڕۆژێکدا باشە بخوێنرێت :** هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر ﷺ ڕێژەیەك قورئانیان دائەنا بۆ ئەوەی لە هەموو ڕۆژێکدا بیخوێنن، هیچ هاوەڵێك نەبووە کە بەردەوام لەسەر ئەوە بووبێت کە قورئان لە کەمتر لە هەفتەیەکدا خەتم بکرێت، بەڵکو لە پێغەمبەرەوە ﷺ ڕیوایەتکراوە کە نەهی کردووە لەوەی لە کەمتر لە سێ ڕۆژدا خەتمێکی قورئان بکرێت .

## ئامۆژگارییەك :

**قورئا نخوێنـــدن بـــە لەبەر ( حفظ )** ئەگەر قورئانخوێن قورئانەکەی لەبەربوو، سەیریکرد ئەگەر قورئانەکە بە لەبەر بخوێنێت باشتر فیکری ئامادە ئەبێت ودڵی ئەداتە قورئانەکە وباشتر لێی وردئەبێتەوە، ئەوە باشترە لەبەر بیخوێنێت نەك لەناو قورئانەکەدا، خۆ ئەگەر هەردوو بارەکەی لایەکسان بوو، ئەوە باش وایە لەناو قورئانەکەدا بیخوێنێت .

# سورەتی الفاتحة




ئەم سورەتە ناونراوە (فاتحة الكتاب) لەبەر ئەوەی قورئانی پیرۆز بەم سورەتە دەست پێ دەکات ولەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسەی قورئان دەنوسێتەوە سەرەتا بەم سورەتە دەست پێ دەکات، خوێندنی قورئانی پیرۆزیش هەر بەم سورەتە دەست پێ دەکات،ئەمەش مانای ئەوە نی یە کە (الفاتحة) یەکەم جار دابەزیبێت بۆ پێغەمبەری ئازیز(صلى الله عليه وآله وسلم)، هەندێك دەڵێن ئەم سورەتە مەککی یە، وهەندێکی تریش دەڵێن مەدەنی یە.

ئەم سورەتە چەند ناوێکی تریشی هەیە وەك (فاتحة الكتاب، أم الكتاب، السبع المثاني، سورة الحمد، سورة الصلاة، الواقية) لەبارەی فەزڵی ئەم سورەتەشەوە فەرمودە گەلێکی زۆر هاتوە، لەو فەرموودانەش پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وآله وسلم) دەفەرموێت : «الْحَمْدُ لِلَّه رَبِّ الْعَالَمِينَ هِيَ السَّبْعُ الْمَثَانِي، وَالقُرْآنُ العَظِيْمُ الذِيْ أُوْتِيْتُهُ» بوخاری ومسلم ڕیوایەتیان کردوە واتە: سورەتی الحمد لله رب العالمين حەوت ئایەتی دووبارە بووە وئەو قورئانە گەورە وپیرۆزەیە کە بە من دراوە .

ئەم سورەتە لەگەڵ ئەوەی ژمارەی ئایەتەکانی کەمن، بەلاَم هەموو ماناکانی ئیسلامیان تیادا کۆبوەتەوە، هەر لە بناغە سەرەکیەکانی ئیسلام، هەتا ئەرکانەکان ولقەکانی، پاشان ئیمان وبیروباوەڕ وخواپەرستی وئەحکامەکان ورۆژی دوایی وناو وسیفەتە جوانەکانی پەروەردگار وڕێگاو ڕێبازی پێغەمبەران وپیاوچاکان .

1 بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، جمهوری زانایان لەسەر ئەوەن کە(بسم الله الرحمن الرحيم) ئایەتێکە لە سورەتی (الفاتحة) بە پێچەوانەی سورەتەکانی ترەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خوای گەورە دەیەوێت بە مرۆڤەکان ڕابگەیەنێت کە ئەم سورەتە بەناوی پەروەردگارتانەوە دەست پێ دەکات، کەواتە ئەی ئیمانداران ئێوەش هەموو کارێکتان بە ناوی خوداوە دەست پێ بکەن.

2 سوپاس وستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان وخاوەنی گەردوون، (حەمد) بریتیە لە سوپاس کردنی خوا بەزمان بەشێوەیەك مرۆڤ، بە ڕەزامەندی خۆی ئەم سوپاسە دەکات، بەلاَم (شکر) ئەوەیە کە مرۆڤ، لە بەرامبەر نعمەتێکی خوای گەورە دەیکات ئەمەش بە دڵ وبەزمان وئەندامەکانی لەش ئەم شوکرە دەکات.

3 خاوەنی ڕەحم و سۆزێکی ئێجگار زۆر ومیهرەبانیەکی نەبڕاوەیە، ئەمەش دوو ناوی پیرۆزی پەرورەدگارن ، کەهەردوکیان بەڵگەن لەسەر سۆز ومیهرەبانی وبەخشندەی خوای گەورە، هەندێك لەزانایان پێیان وایە (الرحمن) ڕەحمی فراوانی خوای گەورە دەگەیەنێت لە دونیادا کە باوەڕدار وبێباوەڕیش دەگرێتەوە، بەلاَم ( الرحيم ) تایبەتە بە ڕەحمی خوای گەورە بۆ ئیمانداران لە قیامەتدا.

4 پەروەردگار خاوەن وسەردار ومالکی ڕۆژی پاداشت دانەوە وسزا وەرگرتنە، بەشێوەیەك پەروەردگار لەو ڕۆژەدا پاداشتی بەندە چاکەکارەکانی دەداتەوە وسزاش لەبەندە تاوانبار وگوناهبارەکانی دەسێنێت .

5 ئەی پەروەردگار ئێمە تەنها زاتی بەرزی تۆ دەپرسین وتەنهاش داوای یارمەتی و کۆمەکیمان لە تۆ دەکەین.

6 دەی کەواتە ئەی خوای گەورە تۆش ڕێنمونیمان بکە وهیدایەتمان بدە بۆ سەر ڕێگای ڕاست، بۆسەر ڕێگا وڕێبازە ڕاستەکەی خۆت کە ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، لەسەر ئەو ڕێبازەش سەقامگیر ودامەزراومان بکە بەهەمیشەیی.

7 کە ڕێبازی ئەو کەسانەیە لەنازو نیعمەتە بەرزەکانی خۆت پێت بەخشیون، نەك ڕێگا وڕێبازی ئەوانەی خەشم وقینی تۆیان لێگراوە، کەمەبەست پێی جولەکەکانە، هەروەها ئەی خوای گەورە نەمانخەیتە سەر ڕێباز وڕێگای ئەو کەسانەش کە سەرگەردان وگومڕابوون لە گاورەکان، ئەو کەسانەش پەروەردگار نعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتوون لە ئایەتێکی تردا باسی کردوە کە دەفەرموێت (أولئك الذين أنعم الله عليم من النبيين والصديقين والشهداء والصالحين وحسن اولئك رفيقاً) واتە: ئەوانەی پەرورەدگار نازو نعمەتی خۆی پێبەخشین لە پێغەمبەران وڕاستگۆیان وشەهیدان وپیاوچاکان، بەڕاستی ئەوانە هاوەڵانێکی چاکن .

لە کۆتای ئەم سوورەتە پیرۆزەدا سوننەتە ئیماندار بڵێت (ئامین) واتە: ئەی خوای گەورە ئەم داوا وپاڕانەوەمان وەربگرە وقبوڵی بفەرموو.

پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وآله وسلم) لەفەرموودەیەکدا کە ئیمامی ئەحمەد وابن ماجە تەخریجیان کردووە لەم بارەیەوە دەفەرموێت: « ما حسدتكم اليهود على شيء ما حسدتكم على السلام والتأمين » واتە: جولەکەکان ئەوەندەی لەسەر سەلام کردن وئامین کردنی پاش (الفاتحة) حەسوودیتان پێ دەبەن لەسەر هیچ شتێکی تر ئەوەندە حەسودیتان پێ نابەن .

# سوره تى المجادلة

هۆی دابەزینی ئەم سورەتە : سەرەتا بۆ تێگەشتن لە واتاو مەبەستەکانی ئەم سورەتە پێویستە ئاگاداری هۆکاری دابەزینی ببین ئەویش بەم شێوەیەیە: ئیمام ئەحمەد وحاکم گێڕاویانەتەوە لەعائشەی دایکی موسڵمانان (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کەفەرمویەتی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی هەموو قسەو گفتو گۆیەك دەبیستێ سوێند بەخوا خەولەی کچی ثەعلەبەوە هات بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ)–دەربارەی زیهار کردنی مێردەکەی شکاتی– ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ئەوسی کوڕی صامت ) گەنجیەتیەکەی خواردم، لە پێناو ئەودا پیر بووم تاکار گەشتوەتە ئەوەی ئێستا کوڕەکەیشم لێبوە ونایەت بەلامدا، وپێی ووتم تۆ وەك دایکم وایت بۆ من، ئەی خوایە من سکاڵای خۆم بۆلای تۆ ئەهێنم، بەم هۆیەوە خوای گەورە ئەم ئایەتانەی دابەزاند بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

## سُورَةُ المجَادلَةِ

ترتيبها ٥٨ — آياتها ٢٢

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِيٓ إِلَى ٱللَّهِ
وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٌ (١) ٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ
مِنكُم مِّن نِّسَآئِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَٰتِهِمْۖ إِنْ أُمَّهَٰتُهُمْ إِلَّا ٱلَّٰٓـِٔي
وَلَدْنَهُمْۚ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ ٱلْقَوْلِ وَزُورًاۚ وَإِنَّ
ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ (٢) وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ
لِمَا قَالُواْ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَآسَّاۚ ذَٰلِكُمْ تُوعَظُونَ
بِهِۦۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (٣) فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ
مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَآسَّاۖ فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ
مِسْكِينًاۚ ذَٰلِكَ لِتُؤْمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۚ وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِۗ
وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٤) إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ كُبِتُواْ
كَمَا كُبِتَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْۚ وَقَدْ أَنزَلْنَآ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٍۚ وَلِلْكَٰفِرِينَ
عَذَابٌ مُّهِينٌ (٥) يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا
عَمِلُوٓاْۚ أَحْصَىٰهُ ٱللَّهُ وَنَسُوهُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ (٦)

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

(1) ئەی موحەمەد بەڕاستی پەروەردگارت — الله ﷻ– ووتەی ئەو ئافرەتەی بیست کە ووتووێژی لەگەڵ دەکردی سەبارەت بەمێردەکەی –کەپێی ووت بوو وەك دایکم وایت– وئەویش سکاڵای خۆی بۆلای خوای گەورە برد بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکەی، لەکاتێکدا پەروەردگاریش گوێی لەگفتوگۆکەی هەردوکتان بوو، بێگومان خوای گەورە بیسەرو بینایە بەهەموو کارو کردەوەیەك.

(2) ئەوانەی بەهاوسەرەکانیان دەڵێن تۆ وەك دایکم وایت، هاوسەرەکانیان بەو ووتانە نابنە دایکی ئەوان، چونکو دایکی ئەوان هەر ئەو ژنانەن کە ئەوانیان لێ بووە، بێگومان ئەوانە قسەو گوفتارێکی ناپەسەند دەڵێن ودرۆ دەکەن، وە(ئەگەر ئەوان پەشیمان ببنەوە) بەڕاستی خوایش خوایەکی بەخشەری لێبوردەیە .

(3) ئەو کەسانەی کە بە ژنەکانیان دەڵێن تۆ وەك دایکم وایت وپاشان پەشیمان دەبنەوە لەوەی کە وتویانە، پێویستە لە کەفارەتیدا بەندەیەك ئازاد بکەن پێش ئەوەی بەیەك بگەنەوە، ئەوەش کەخوا واجبی کرد لەسەرتان لە ئازاد کردنی بەندە ئامۆژگارییەکە بۆتان، ئامۆژگاریتان پێ دەکرێت تا جارێکی تر ئەو ووتانە نەیەتەوە بەدەمتانا، خوای گەورەش ئاگادارە بەو کارو کردەوانە ئێوە دەیکەن.

(4) جا ئەگەر کەسێك نەیبوو یان نەیتوانی بەندە ئازاد بکات ئەوە با دوو مانگی تەواو لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت بەبێ بچڕان، پێش ئەوەی لەگەڵ خێزانی بەیەك بگەنەوە (جا ئەگەر بە بێ عوزرێکی شەرعی بەینی تێکەوت ئەوە دەبێت جارێکی تر لەسەرەتاوە دەست بکاتەوە بەڕۆژوو گرتن، یان پێش تەواو بوونی ئەو دوو مانگە چویە لای خێزانی)، جا ئەگەر کەسێکیش نەیتوانی و لە توانایدا نەبوو ئەو دوو مانگە لەسەر یەك بە ڕۆژوو بێت، با خواردنی شەست هەژار بدات (کە بۆ هەر یەکێکیان نیو صاعە لە گەنم یان خورما یان برنج و هاوشێوەکانی تا تێر دەبن) ئەو کەفارەتەش بۆ ئەوەیە کە باوەڕتان بە پەروەردگار وپێغەمبەرەکەی بتەوتر بێت، ئەمانەش سنوور و پاوانی خودان، وئەو بێباوەڕانەش کە نکولی لەو فەرمانانە دەکەن سزایەکی بە ئێش وبەئازاریان بۆ هەیە.

(5) بێگومان ئەوانەی دژایەتی خوا وپێغەمبەرەکەی دەکەن ڕسوا وسەرشۆڕ دەکرێن،هەروەك چۆن بێباوەڕانی پێش ئەوانیش ڕسوا وسەرشۆڕ بوون، جا بەڕاستی ئێمە بەڵگە ونیشانە گەلێکی ڕوون وئاشکرامان ناردە خوارەوە (لەسەر گەورەی ودەسەڵاتی خوا وەهەرکەسێکیش بێباوەڕیان پێ بکات) ئەوە بۆ بێباوەڕان سزای زۆر سەختی ڕسوا کەر ئامادەکراوە.

(6) لەڕۆژێکدا پەروەردگار هەر هەمویان زیندوو دەکاتەوە، پاشان هەواڵیان پێ دەدا بەو کار وکردەوە نابەجێ ونادروستانەی کە کردوویانە، چونکە پەروەردگار هەمووی لەسەریان نووسیوە وئاماری کردوە لەکاتێکدا ئەوان لەبیریان چووەتەوە، وخوایش ئاگادار وشاهیدە بەسەر هەموو شتێکدا.

أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۖ مَا يَكُونُ
مِن نَّجْوَىٰ ثَلَٰثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ
وَلَآ أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا۟ ۖ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم
بِمَا عَمِلُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٧﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ
نُهُوا۟ عَنِ ٱلنَّجْوَىٰ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا۟ عَنْهُ وَيَتَنَٰجَوْنَ بِٱلْإِثْمِ
وَٱلْعُدْوَٰنِ وَمَعْصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَإِذَا جَآءُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ
بِهِ ٱللَّهُ وَيَقُولُونَ فِىٓ أَنفُسِهِمْ لَوْلَا يُعَذِّبُنَا ٱللَّهُ بِمَا نَقُولُ ۚ حَسْبُهُمْ
جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا ۖ فَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا
تَنَٰجَيْتُمْ فَلَا تَتَنَٰجَوْا۟ بِٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَمَعْصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَتَنَٰجَوْا۟
بِٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٩﴾ إِنَّمَا ٱلنَّجْوَىٰ
مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ لِيَحْزُنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَيْسَ بِضَآرِّهِمْ شَيْـًٔا
إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٠﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوٓا۟ إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُوا۟ فِى ٱلْمَجَٰلِسِ فَٱفْسَحُوا۟ يَفْسَحِ
ٱللَّهُ لَكُمْ ۖ وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُوا۟ فَٱنشُزُوا۟ يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ دَرَجَٰتٍ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١١﴾

(7) ئایا نەتزانیوە (ئەی موحەمەد) کە پەروەردگارت زانا وئاگادراە بەوەی لە ئاسمانەکان وزەویدایە، چپەی هیچ سێ کەسێك نیە خوای گەورە چوارهەمیان نەبێت، وە چپەی هیچ پێنج کەسێك نیە خوای گەورە شەشەمیان نەبێت، وەلەو ژمارانە کەمتر یان زۆرتر لە هەر کوێیەکدا بن خوای گەورەیان لەگەڵدایە، (واتە لەهەر جێگا ولەهەرشوێنێکدا بن پەروەردگار ئاگادارە بە هەڵسو کەوت و قسە وگوفتاریان)، پاشان لەڕۆژی دوایدا پەرورەدگار هەواڵی ئەو کار وکردەوانەیان پێ دەدا کە کردبوویان، چونکە بێگومان خوای گەورە بە هەموو شتێك زانا و ئاگادارە.

(8) (جولەکەکان کاتێك ئیمانداڕێك بەلایاندا بڕۆشتایە توانجێکیان لێ دەدا ولەناوخۆیاندا چپەیەکیان دەکرد، پەروەردگاریش قەدەغەی کردن لەم کارەیان) خوای گەورە لێرەدا بە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت : ئایا نەت بینین ئەو کەسانەی کە قەدەغە کران لە چپە کردن، کەچی دیسان گەڕانەوە سەر پیشەی خۆیان ووازیان نەهێنا لە چپەکردن وتوانج دان لە ئیمانداران، وبەردەوام خەریکی چپەیەکن کە هەمووی گوناهـ ودوژمنایەتی ونافەرمانی پێغەمبەرە، وەکاتێکیش دێن بۆلات ئەی (موحەمەد) بە جۆرێك سڵاوت لێ دەکەن کە خوای گەورە بەو جۆرە سڵاوی لێ نەکردوویت (واتە: بەناشیرینترین شێوە کە دەیانوت: السام علیکم : واتە مردن وتیاچوون بۆ تۆ) وە لە نێوان خۆیاندا بەگاڵتەجاڕیەکەوە دەیانووت : با خوا سزامان بدات بەهۆی ئەم ووتانەمان؟! (ئەی پێغەمبەر دڵگران مەبە) ئەوانە ئاگری دۆزەخیان بەسە کە بڕۆنە ناویە وسزای تیا بچەژن، بەڕاستی دۆزەخ سەرەنجامێکی خراپە !.

(9) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە کە چپەتان کرد، چپەیەك مەکەن کە تاوان ودوژمنایەتی وبێ فەرمانی پێغەمبەری (ﷺ) تیادا بێت، با چپەکانتان باسی چاکە ولە خوا ترسان بێت، دەی کەواتە بترسن لەو خوایەی کە هەر بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە و کۆدەکرێنەوە.

(10) بەڕاستی چپە بە تاوان وگوناهـ ونافەرمانی پێغەمبەر لەشەیتانەوەیە، تا بە هۆیەوە ئەوانە دڵ تەنگ بکات کە باوەڕیان هێناوە، لە کاتێکدا بە فەرمانی خوای گەورە نەبێت چپەکردنی ئەوانە هیچ زیانێکیان پێ ناگەیەنێت، کەواتە با باوەڕدارانیش پشت بە خوا ببەستن.

(11) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك لە دانیشتن وکۆبوونەوەکانتاندا پێتان ووترا : ڕێگای کەسانی تر بدەن ئەڵقەی دانیشتنەکانتان فراوان بکەن، خوای گەورەیش گوشادی دەکات وفراوانی دەکات بۆتان، وەکاتێکیش پێتان ووترا : هەستن وجێگا چۆڵ بکەن (بۆ کەسانی خاوەن پایە لەئاین وزانیاری لەبارەی خوداوە) ئێوەش هەستن، پەروەردگاریش پلە وپایەی ئەو کەسانە بەرز دەکاتەوە کە باوەڕیان هێناوە لە ئێوە، هەروەها پلە وپایەی ئەو کەسانەش بەرز دەکاتەوە کە خاوەن زانست وزانیارین، خوای گەورە بە ئاگایە بەو کار وکردەوانەی کە ئێوە دەیکەن.

(12) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە کاتێ وویستتان کە قسەیەك بە نهێنی وچپە بکەن لەگەڵ پێغەمبەری خوا، ئەوا با پێش چپەکردنەکەتان خێرێك بکەن (کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی ئیتر پاش ئەوە ئەهلی باتڵ لە جولەکە ودوو ڕووەکان وازیان هێنا لە چپەکردنی پێغەمبەر چونکە خێریان نەدەکرد، دواتریش ئەم حوکمە گران وقورس بوو لەسەر ئیمانداران، هەر بۆیە ئەوانیش وازیان هێنا لە قسەکردن وچپەکردن لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ)لەبەر ئەوەی کە زۆربەیان هەژار ونەدار بوون، بەڵام خوای گەورە بە ئایەتی دواتر ئەم حوکمەی ئاسان کرد لەسەر موسڵمان ) جا ئەی ئیمانداران بزانن ئەم خێر کردنە چاکتر وخاوێنترە بۆتان،وە ئەوانەشتان نیتانە کە ئەم خێرە بکەن ئەوە خوای گەورە لێبووردە ومیرەبانە.

(13) ئایا ترسان لەهەژاری کە خێرێك پێشکەش بکەن لە پێش چپەکردنەکەتان؟ (عەبدوڵڵای کوڕی عەباس –خوایان لێ ڕازی بێت– دەفەرموێت : ئەم حوکمە تەنها ڕۆژێك بوو، بەڵام زانای موفەسیر وتابعی (مقاتل) ئەڵێت : ئەم حوکمە تەنها دە ڕۆژ بوو پاشان حوکمەکەی نەسخ بوویەوە وسڕایەوە) جا کاتێکیش ئەم خێرەتان ئەنجام نەدا لە بەر گرانی وقورسی لەسەرتان ئەوا پەروەردگار لێتان خۆش بوو، ئەوسا ئێوەش لە بەرامبەر ئەمەدا نوێژەکانتان بە باشی ئەنجام بدەن و زەکاتی سەروەت وسامانی

مالّتان دەربکەن وگوێڕایەڵی خوا وپێغەمبەرەکەی بکەن، خوایش زۆر بە ئاگایە بەو کارو کردەوانەی کە ئێوە دەیکەن.

14 (ئەی موحەمەد) ئایا سەیری ئەوانەت نەکرد لە (دوو ڕووەکان ) کە دۆستایەتی وپشتگیرییان لە نەتەوە وهۆزێك دەکرد کە خوای گەورە خەشم وقینی خۆی لێ گرتبوون (کە جوولەکەکان) بوون، ئەوەش بزانە ئەو دوو ڕووانە نە لەئێوەن ونە لە ئەوانیشن بەڵکو کەسانێکی بێ هەڵوێستن، وسوێندیش بە درۆ دەخۆن لەکاتێکدا خۆشیان دەزانن کە درۆ دەکەن.

15 (لە تۆڵەی ئەم کارە ناپەسەند وخووە خراپانەیاندا) پەروەردگار سزایەکی سەخت وبەتینی بۆ ئامادەکردن، بەڕاستی ئەوەی (ئەم دوو ڕووانە) دەیانکرد کارێکی خراپ وڕەفتارێکی ناشیرین بوو.

16 (ئەم دوو ڕووانە لەترسی تۆڵەی ئەم هەموو کارە خراپانەیاندا کە دەیانکرد بەرامبەر بە ئیمانداران) سوێندیان دەخوارد و ئەم سوێندانەشیان کردبوو بە قەڵغان وپارێزەرێك لەترسی شمشێری موسڵمانان، تاوەکو خۆیان ومالّ وسامانیانانی پێ بپارێزن، بەمەش ڕێگریان دەکرد لە ڕێبازی خوا بەساردکردنەوەو ولادانی خەڵکی، هەر لەبەر ئەمە سزایەکی بە سۆ وسەر شۆڕکەریان بۆ ئامادەیە.

17 نە مالّ وسەروەت وسامانیان نە کوڕ وکالّ ومندالّیان ناتوانن لەدەست تۆڵەی پەروەردگار ڕزکاریان بکەن، ئائەوانە هاوەڵ وگرۆهی ئاگری دۆزەخەن وبە هەتا هەتایش تیایدا دەمێننەوە.

18 لە ڕۆژێکدا خوای گەورە هەموویان زیندوو دەکاتەوە، ئەو دوو ڕووانە سوێندی بۆ خوا دەخۆن کە (ئەهلی ئیمان بوون) هەروەك چۆن لە دونیادا سوێندی درۆیان بۆ ئێوە دەخوارد، وە وادەزانن ئەو سوێندە درۆیانەیان قازانجێکیان پێ دەگەیەنن (پەروەردگاریش لەناو خەڵکیدا ڕسوایان دەکات) ودەفەرموێت: بەڕاستی ئا ئەمانە درۆزنن.

19 ئەو کەسانە شەیتان زالّ بووە بەسەریاندا (بەوەسوەسە دروست کردن بۆیان) جا بەو هۆیەوە یادی خوای لەبیر بردونەتەوە، ئا ئەوانەی (کە شەیتان زالّ بووە بەسەریاندا) دەستە وتاقم وگرۆهی شەیتانن، جا ئێوەش هۆشیاربن کە هەر گروپەگەی شەیتان – لە دونیا وقیامەتدا– زەرەرمەندن (چونکە دوارۆژیان فرۆشتوە بە دونیا وهیدایەتیشیان گۆڕیوەتەوە بە گومڕایی).

20 بێگومان ئەوانەی کە دژایەتی خوا وپێغەمبەرەکەی دەکەن، ئائەوانە لە ڕسواترین وزەبونترین خەڵکن لە دونیا وقیامەتدا.

21 خوای گەورە (لە قەدەردا) بڕیاری داوە کە خۆم وپێغەمبەرەکانم سەر دەکەوین (ئەمەش مانای ئەوە نی یە کە هیچ کەسێك بتوانیت ململانێ لەگەڵ خوادا بکات، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە پەروەردگار دەیەوێت بە بڕواداران بڵێ ئێوە خۆتان تەنها نین، بەڵکو هەمیشە لەگەڵتانم) چونکە بەڕاستی هەر خوا خوایەکی بەهێز وبالاّدەستە (بەوەی خاوەن هێزە بە سەر خستنی ئیمانداران وڕسواکردنی دوژمنانی).

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَٰجَيۡتُمُ ٱلرَّسُولَ فَقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ
صَدَقَةٗۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ وَأَطۡهَرُۚ فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ
١٢ ءَأَشۡفَقۡتُمۡ أَن تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ صَدَقَٰتٖۚ فَإِذۡ لَمۡ تَفۡعَلُواْ
وَتَابَ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ
وَرَسُولَهُۥۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ١٣ ۞ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ قَوۡمًا
غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مَّا هُم مِّنكُمۡ وَلَا مِنۡهُمۡ وَيَحۡلِفُونَ عَلَى ٱلۡكَذِبِ
وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ١٤ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمۡ عَذَابٗا شَدِيدًاۖ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ
يَعۡمَلُونَ ١٥ ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَهُمۡ
عَذَابٞ مُّهِينٞ ١٦ لَّن تُغۡنِيَ عَنۡهُمۡ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ
شَيۡـًٔاۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ١٧ يَوۡمَ يَبۡعَثُهُمُ
ٱللَّهُ جَمِيعٗا فَيَحۡلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحۡلِفُونَ لَكُمۡ وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍۚ أَلَآ
إِنَّهُمۡ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ ١٨ ٱسۡتَحۡوَذَ عَلَيۡهِمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَأَنسَىٰهُمۡ ذِكۡرَ
ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱلشَّيۡطَٰنِ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ
١٩ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ٱلۡأَذَلِّينَ ٢٠
كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغۡلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِيٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ ٢١

22 هیچ کۆمەڵ وقەومێك نابینیت ودەستت ناکەوێت کە باوەڕیان بە خوا وڕۆژی دوای هەبێت، لەهەمان کاتدا دۆستایەتی ئەوانە بکەن کە دژایەتی خوا وپێغەمبەرەکەی دەکەن، هەر چەند ئەو دوژمنانەش باوباپیرانیان بن، یان کوڕ وبرا وخزم وعەشیرەتیشیان بن (ئەو کەسانەی ئابەو شێوە خۆشەویستی خوا وپێغەمبەرەکەی پێش دەخەن بەسەر خۆشەویستی خزم وکەسە بێباوەڕەکانیان) ئا ئەوانە خوای گەورە باوەڕ وئیمانی لە دڵدا چەسپاندوون وپشتگیری کردوون بەسەر خستن وسەرکەوتن لەلایەن خۆیەوە ولەپاشەڕۆژیشدا دەیانخاتە باخەکانی بەهەشتەوە، کەچەندەها ڕووبار بە ژێر درەخت وکۆشکەکانیاندا تێ دەپەڕێت، هاوکات لەگەڵ ژیانی نەبڕاوەدا، خوای گەورە لێیان ڕازیە وئەوانیش لەخوا ڕازین (واتە ڕازین لەو نعمەت وخۆشگوزەرانیەی کە خوا پێی داوون) ئا ئەوانە حزب ودەستەو تاقم وگرۆهی خوان، ئاگاداربن وبزانن کە هەر حزب ودەستەو تاقمی خوای گەورە سەرکەوتوو سەرفرازن (ئەبوحاتەم وتەبەرانی وحاکم ڕیوایەتیان کردووە کە باوکی ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح لە جەنگی بەدردا نیازی کرد کە ئەبو عوبەیدەی کوڕی بکوژێت، بەڵام ئەبو عوبەیدە سەرەتا خۆی لادا، چەند جارێکی تر باوکی نیازی کرد کە ئەبو عوبەیدە بکوژێت، دواتر ئەبو عوبەیدە باوکی خۆی کوشت) بەم هۆیەوە ئەم کۆتا ئایەتەی سورەتی موجادەلە هاتە خوارەوە.

لَّا تَجِدُ قَوۡمٗا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ يُوَآدُّونَ مَنۡ
حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوۡ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ أَوۡ أَبۡنَآءَهُمۡ
أَوۡ إِخۡوَٰنَهُمۡ أَوۡ عَشِيرَتَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ
ٱلۡإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٖ مِّنۡهُۖ وَيُدۡخِلُهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي
مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ
عَنۡهُۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱللَّهِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٢٢

## سُورَةُ الحَشۡرِ

ترتيبها ٥٩ — آياتها ٢٤

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ
١ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَخۡرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مِن دِيَٰرِهِمۡ
لِأَوَّلِ ٱلۡحَشۡرِۚ مَا ظَنَنتُمۡ أَن يَخۡرُجُواْۖ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمۡ
حُصُونُهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنۡ حَيۡثُ لَمۡ يَحۡتَسِبُواْۖ وَقَذَفَ
فِي قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعۡبَۚ يُخۡرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيۡدِيهِمۡ وَأَيۡدِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ
فَٱعۡتَبِرُواْ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ٢ وَلَوۡلَآ أَن كَتَبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمُ
ٱلۡجَلَآءَ لَعَذَّبَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابُ ٱلنَّارِ ٣

# سوره تى الحشر

لەبارەی ئەم سورەتەوە (ئیبن عباس) دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ هاتە مەدینە پەیمان نامەیەکی لەگەڵ جولەکەکانی **(بني نضير)** بەست بەوەی نە جەنگیان لەگەڵدا بگات نە ئەوانیش بجەنگێن لەگەڵ موسڵمانانندا، بەرامبەر ئەمەش سەر وماڵ سەروەت وسامانیان پارێزراو بێت، بەڵام جولەکەکان ئەم پەیمانەیان شکاند، پێغەمبەریش (ﷺ) کاتێ بەمەی زانی سوپایەکی پێکەوەناو چوویە سەریان پێی ووتن واللە ئێوە بەهیچ شێوەیەك خاوەنی عەهد وبەڵێن نین لای من، جولەکەکانی**(بني نضير)** زانیان تازە کار لەکار ترازاوە وهیچیان پێناکرێت بەرامبەر موسڵمانان ڕازی بوون بەبێ جەنگ کردن ماڵ وجێگای خۆیان چۆڵ بکەن ومەدینە ونیوە دورگەی عەرەب بەجێبهێڵن تەنها باری ووشترێك کەل وپەل لەگەڵ خۆیان ببەن وبچنە شام، زانایان دەڵێن: ئەم دەرکردنەی جولەکە یەکەم دەرکردنیان بوو لە نیوە دورگەی عەرەب، کۆتا جاریش لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا بوو کە جولەکەکانی خەیبەری لە نیوە دوورگەی عەرەب دەرکرد.

هەندێکی تر لە زانایان دەڵێن : پەیمان شکاندنەکەیان ئەوەبوو پاش ئەوەی یەکێك لەو حەفتا هاوەڵەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بئری مەعونە ڕزگاری بوو لە کوشتن، لەکاتی گەڕانەوەدا دوو کەسی لە هۆزی (بنی عامر) کوشت کە کاتی خۆی هاوپەیمانی جولەکەکانی **(بني نضير)** بوون، پێغەمبەری خواش (ﷺ) بۆ ئەوەی خوێنەکەیان بدات ڕۆشت بۆ لای جولەکەکانی **(بني نضير)** تاوەکو لە ڕێگای ئەوانەوە خوێنی ئەو دوو کوژراوە بدات، جولەکەکانی **(بني نضير)** یش ئەمەیان بەهەل زانی وکەسێکیان ناردە سەربانێك، کە لەژێریدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشتبوو قسەی لەگەڵ دەکردن، تاوەکو بەردێکی زۆر گەورە لەسەربانەوە بخات بەسەر پێغەمبەری خوادا و بیکوژێت، خوای گەورەش بەوەحی پێغەمبەری (ﷺ) ئاگادار کردەوە لە پیلانە نەگریسەکەیان، پاش ئەمە پێغەمبەر (ﷺ) سوپای پێکەوەنا وچوویە سەریان، ئەوانیش چوونە ناو قەڵاکانیانەوە وخۆیان قایم کرد، دواتر کەزانیان چاریان نیە داوایان لە پێغەمبەری خوا کرد کە وازیان لێ بهێنێت کە شوێن وجێگای خۆیان چۆڵ بکەن وهەریەکەی باری ووشترێك کەل وپەل ببەن لەگەڵ خۆیاندا، پێغەمبەری خواش (ﷺ) بەمە ڕازی بوو، دوای ئەمە جولەکەکان لەبەر ئەوەی خانووەکانیان دەست موسڵمانەکان نەکەوێت دەستیان کرد بە ڕوخانی خانوەکانیان بەدەستی خۆیان.

خۆشەویستان دەبێت ئەوەش بزانین ئیمانداران هیچ کاتێ دەست پێشخەر نەبوون لە شکاندنی پەیمان وبەڵێن لەگەڵ هاوپەیمانەکانیاندا، لەگەڵ ئەوەشدا جولەکەکان حەق وابووە لەوەش زیاتریان لەگەڵ بکرێت، چونکە ئەو کارەی جولەکەکان کە کردیا بەدەستەواژەی ئەم سەردەمە بە ( خیانة العظمی ) دادەنرێت، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر میهرەبان بووە، تەنها بەوەندە وازی لێهێنانن.

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

١ ئەوەی لەئاسمانەکان وزەویدا هەن بەپاك وبێگەردی تەسبیحات وزیکرو یادی خوا دەکەن، (بەشێوەیەك لەژێر فەرمان ودەسەڵاتی خوا دەرناچن) هەر ئەو خوایەیە باڵادەست وکاربەجێ ودانا .

٢ هەر ئەو خوایەیە کە بێباوەڕەکانی ئەهلی کتاب (جولەکەکانی **بني نضير)** ی لە ماڵ وجێگای خۆیان دەرکرد لەیەکەم دەست پێکردنی کۆکردنەوەوە، وناچاری کردن (شاری مەدینە بەجێبهێڵن)، ئەی ئیمانداران ئێوە بە تەما نەبوون ئابەو شێوەیە وبەو ڕیسواییە وولات بەجێ بهێڵن، چونکە خاوەنی قەڵای قایم وباخاتێکی زۆر وفراوان بوون، خۆیشیان سەرەتا وایان دەزانی کە قەڵا وشوراکانیان لە تۆڵەی خوا دەیانپارێزیت، بەڵام فەرمانی پەروەردگار لە جێگایەکەوە بۆیان هات کە ئەو جولەکەکانە باوەڕیان نەکرد وبەتەما نەبوون شتی وا ڕوو بدات، وپێغەمبەری خوا (ﷺ) سوپایان بهێنێتە سەر بۆ جەنگ کردن لەگەڵیان، ئەوەبوو پەروەردگار ترسێکی وای خستبووە دڵیانەوە کە بەدەستی خۆیان خانووەکانی خۆیان دەڕوخاند وتێکیان دەدا، وئیماندارانیش ئەوەی مابوویەوە ڕوخاندیان (تاوەکو شوێنەواریشیان لە مەدینەدا نەمێنێت) (لەفەرموودەیەکدا هاتووە، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (نصرتُ بالرعب مسيرة شهر ، واتە : پەروەردگار سەرکەوتنی بە من داوە بەوەی کە

بەدرێژی ڕێگای مانگێك ترسی خستوەتە دڵی دوژمنەكانمەوە) جا كەواتە ئەی ئەو كەسانەی كە خاوەن فام وژیری وهۆشن پەند وەربگرن (لەوەی كە بەسەر جولەكەكان هات، بزانن ئەوە پاشەڕۆژی هەموو كەسێكە كە غەدر وخیانەت بكات).

3 جا ئەگەر پەروەردگار ئەو دەربەدەریی ومالْ چۆڵكردنەی لەسەر بڕیار نەدانایە، ئەوە هەر لە دونیا سزای دەدان، و لە پاشەڕۆژیشدا ئاگری دۆزەخیان بۆ هەیە .

4 ئەم سزایانەشیان بەهۆی ئەوە بوو كە دژایەتی خوا وپێغەمبەری خوایان كرد، جا هەركەسێكیش دژایەتی خوای گەورە بكات، بابزانێت تۆڵە وسزای خوای گەورە زۆر سەختە.

5 ئەوەی بڕیتان لە دار خورماكانیان یان لێی گەڕان و نەتان بڕین هەمووی بە ئیزن وفەرمانی خوا بوو، وە بۆ ڕیسوا كردنی لە خوایاخیان ولەسنوور دەرچوان بوو .

كاتێك جولەكەكانی (بني نضير) چوونە ناو قەڵاكانیانەوە وخۆیان قایم كرد، موسڵمانان هەستان بە بڕینی دار خورماكانیان تاوەكو بێنە دەرەوە، جا كاتێك جولەكەكان ئەمەیان بینی سەر زەنشتی موسڵمانانیان كرد وپێیان ووتن : خۆ ئێوە بەلای خۆتانەوە چاكسازی وئیسلاح دەكەن بۆ ئەو دار خورمایانە دەبڕن؟ (ئاوایە خووی نەگریسی جوولەكە لەهەموو سەردەمێكدا كاری زۆر خراپ ناشیرین دەكەن بەرامبەر ئیمانداران لە كوشتن وبڕین وخوێن ڕشتن كوشتنی پێغەمبەران، كەچی دەیانەوێت لە بەرامبەردا موسڵمانان گوڵیان بۆ ڕابخەن !!!) ئەوە بوو لەبەرامبەر ئەم ووتەیەی جولەكەكاندا موسڵمانان سەرسام بوون، پاش ئەوە خوای گەورە وەڵامی دانەوە و فەرمووی ئەوە لەبەر ئەوەیە كە خوای گەورە بێباوەڕ ولە سنوور دەرچوەكانی جولەكە زەلیل وسەر شۆڕ بكات بەوەی كاتێك دەبینن كە موسڵمانان بەبەر چاویانەوە وا ماڵ وسەروەت وسامانیان دەڕوخێنن ودار خورماكانیان دەبڕن.

6 ئەوەی پەروەردگار لە سەروەت وسامانی جولەكەكانی (بني نضير) ی سەندەوە وگێڕایەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ، ئێوە بۆ بەدەست هێنانی هیچ ماندوو نەبوون ئەسپ و ووشترتان بۆ تاونەدابوو، (لەبەر ئەوە پەروەردگار ماڵ وسامانی ئەو جولەكانەی تایبەت كرد بە پێغەمبەری خواوە) بەڵام خوای گەورە پێغەمبەرەكانی زاڵ وسەركەوتوو دەكات بەسەر هەر كەسێكدا كە بیەوێت، بێگومان خوای گەورە بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێكدا.

7 ئەو ماڵ وسامانەی خوای گەورە بەخشی بە پێغەمبەرەكەی لە سەروەتی جولەكەكانی شارو دێهاتەكان، ئەوە پەروەردگار بڕیاری داوە بۆ خوا و پێغەمبەر وخزمانی وهەتیوان وهەژاران وڕێبوارانیش بێت ، ئەمەش بۆ ئەوەیە كە ئەو ماڵ وسامانە تەنها لە نێوان دەوڵەمەندەكانی ئێوەدا نەبێت (ئەمەش حوكمی خوای گەورەیە تا ڕۆژی قیامەت هەر ماڵو داراییەك لە جەنگدا بگیرێت بەبێ كوشتن وشەڕكردن كە پێی دەڵێن (الفئ) مافی خوا و پێغەمبەر وخزمانی وهەتیوان وهەژاران وڕیبوارانە ) جا ئەی ئیمانداران ئەوەی كە پێغەمبەر (ﷺ) پێی بەخشین وەری بگرن، وهەر فەرمانێكیشی بەسەردا كردن جێ بەجێ بكەن، لەهەرچیش قەدەغەی كردن وازی

ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۖ وَمَن يُشَآقِّ ٱللَّهَ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ
ٱلْعِقَابِ ﴿٤﴾ مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَآئِمَةً
عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ ٱللَّهِ وَلِيُخْزِىَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٥﴾ وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ
عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنْهُمْ فَمَآ أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ
وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ
قَدِيرٌ ﴿٦﴾ مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنْ أَهْلِ ٱلْقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ
وَلِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ كَىْ لَا يَكُونَ
دُولَةًۢ بَيْنَ ٱلْأَغْنِيَآءِ مِنكُمْ ۚ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا
نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٧﴾
لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ
يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴿٨﴾ وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَٰنَ مِن قَبْلِهِمْ
يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِى صُدُورِهِمْ حَاجَةً
مِّمَّآ أُوتُوا۟ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ
وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٩﴾

لێبهێنن ولێی دوور بكەونەوە، جا لەخوا بترسن وتەقوای خواتان هەبێت، چونكە بەڕاستی تۆڵەی خودا زۆر سەخت وبەتینە.

8 ئەو ماڵ وسامانەی كە لە (جولەكەكانی بني نضير) گیرا بۆ ئەو هەژارە كۆچەریانەیە، ئەو (هاوەڵانەی) كە لەمەككەوە وەدەرنران و كۆچیان كرد بۆ مەدینە وماڵ وسامانی خۆیان بەجێ هێشت، ئەمانە چاوەڕوانی بەخشش وڕەزامەندی خوای گەورەن، هەر بۆیە لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگاریان وولاتی خۆیان بەجێهێشت، وبەبێ هیچ نیازێكی دونیایی پشتیوانی لە خوا وپێغەمبەرەكەی دەكەن وهەوڵی سەرخستنی ڕێبازەكەی دەدەن، ئائەوانە ڕاستگۆن (لە باوەڕ وكارو كردەوەیاندا).

9 لە دوای ئەوەی خوای گەورە دەست كەوتی جولەكەكانی دا بە كۆچەریەكان، ئەمجا دێتە سەر ستایش وپیاوچاكی ئیماندارانی خەڵكی مەدینە (ئەنصاریەكان) ودەفەرموێت : ئەو كەسانەش كە پێشتر ماڵ وجێگای خۆیان ئامادەكرد لە پێناو پێشوازی برا كۆچەریەكانیان ودڵیان ڕازاندەوە بە نووری ئیمان، وئەو كەسانەشیان خۆش دەوێت كە كۆچیان كرد بۆلایان، ولەبەرامبەر ئەوەشدا كە درا بە مهاجرەكان لە دەسكەوتی جولەكەكانی (بني نضير) هیچ دڵگران نەبوون ولەدەرونیاندا (لەحەسوودی بەخیلی) شتێك دروست نەبوو بەرامبەریان، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو فەزڵی ئەوان پێش دەخەن بەسەر بەرژەوەندیەكانی خۆیاندا، هەرچەند

وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا
وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا
غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ﴿١٠﴾ ۞ أَلَمۡ تَرَ إِلَى
ٱلَّذِينَ نَافَقُواْ يَقُولُونَ لِإِخۡوَٰنِهِمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ
ٱلۡكِتَٰبِ لَئِنۡ أُخۡرِجۡتُمۡ لَنَخۡرُجَنَّ مَعَكُمۡ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمۡ
أَحَدًا أَبَدٗا وَإِن قُوتِلۡتُمۡ لَنَنصُرَنَّكُمۡ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ
﴿١١﴾ لَئِنۡ أُخۡرِجُواْ لَا يَخۡرُجُونَ مَعَهُمۡ وَلَئِن قُوتِلُواْ لَا يَنصُرُونَهُمۡ
وَلَئِن نَّصَرُوهُمۡ لَيُوَلُّنَّ ٱلۡأَدۡبَٰرَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ ﴿١٢﴾
لَأَنتُمۡ أَشَدُّ رَهۡبَةٗ فِي صُدُورِهِم مِّنَ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ
لَّا يَفۡقَهُونَ ﴿١٣﴾ لَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ جَمِيعًا إِلَّا فِي قُرٗى
مُّحَصَّنَةٍ أَوۡ مِن وَرَآءِ جُدُرِۭۚ بَأۡسُهُم بَيۡنَهُمۡ شَدِيدٞۚ تَحۡسَبُهُمۡ
جَمِيعٗا وَقُلُوبُهُمۡ شَتَّىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡقِلُونَ ﴿١٤﴾
كَمَثَلِ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ قَرِيبٗاۖ ذَاقُواْ وَبَالَ أَمۡرِهِمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ
أَلِيمٞ ﴿١٥﴾ كَمَثَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ إِذۡ قَالَ لِلۡإِنسَٰنِ ٱكۡفُرۡ فَلَمَّا كَفَرَ
قَالَ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّنكَ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾

خۆشیان هەژار ونەداریش بن، جا ئەو کەسەی خۆی لە رژدی ورەزیلی بپارێزێت وزاڵ بێت بەسەر دەروونیدا هەر ئەوانە سەرفراز وخۆشیەختی دونیا وقیامەتن .

(10) ئەوانەشی لەپاش کۆچەریەکان وئەنصاریەکانەوە هاتن نزاو پاڕانەوەیان ئەمەیە کە دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان لە گوناهەکانی ئێمە وئەو برایانەشمان لە (کۆچەریەکان وپشتیوانەکان) خۆش ببە کە لەپێش ئێمەوە ڕێبازی ئیمان وئیسلامیان گرتەبەر ، هیچ بوغز وقینێکیش مەخەرە دڵمانەوە لە ئاستی ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە (کە مەبەست پێی هاوەڵە بەڕێزەکان وسەلەفی صاڵحی ئەم ئومەتەیە، نەك وەك ڕافزیەکان کە سەری زمان وبنی زمانیان قسەو تانە وتەشەرە دانە لە هاوەڵە بەڕێزەکان) ئەی خوای گەورە بەڕاستی تۆ بەسۆز و بەخشندە ومیهرەبانیت .

(11) ئەی موحەمەد ئایا نەتبینی ئەو کەسانەی کە دوو ڕوو بوون کاتێك ووتیان بە برا جولەکەکانیان ئەگەر ئێوە دەربکرێن لە مەدینە ئێمەش لەگەڵتانا دەردەچین ومەدینە بەجێدەهێڵین، وەهیچ کاتێکیش لە زیان ودژی ئێوە بەگوێی موحەمەد وشوێنکەوتوانی ناکەین وناشیەینە جەنگ لەدژتان، وە ئەگەر جەنگیشتان لە دژ کرا بێگومان ئێمەپشتیوانی ئێوە دەکەین، (ئەمە لەکاتێکدایە) خوای گەورە خۆی شاهیدە کە ئەوانە بێگومان درۆ دەکەن ودرۆزنن (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول سەرکردەی دوو ڕوەکان کاتێ بینی کە جولەکەکانی (بني نضير) ئابلۆقە دراون لەلایەن موسڵمانانەوە، چەند کەسێکی نارد بۆ لایان کە پێیان بڵێ دامەزراو وخۆ گربن ونەترسن هەرکاتێك جەنگان لەگەڵ موحەمەد وکۆمەڵەکەیدا ئیمەش پشتگری ئێوەین، ئەوە بوو جولەکەکان بەو دەردە ڕۆشتن — وەك کورد دەڵێ گورگانە خواردیان کردن — و خۆشیان مێشێك میوانیان نەبوو، وەهیچ خاوەنی بەڵێن وپەیمانی خۆیان نەبوون لەگەڵ جولەکەکاندا).

(12) (ئەوە بزانن) ئەو جولەکانە ئەگەر دەریشکران لە مەدینە ئەو دوو ڕووانە لەگەڵیان دەرناچن، وە هەروەها ئەگەر جەنگیشیان لە دژ بکرێت پشتیوانیان ناکەن (هەر واش دەرچوو) وە گریمان ئەگەر پشتیوانیان لەو جولەکانەش کرد، پاش تاوێك پشت هەڵدەکەن و گۆڕەپانی جەنگ بەجێدەهێڵن، وپاشانیش سەرکەوتوو نابن (ئەم دوو ڕووانە خوای گەورە زەلیل وڕیسوای کردن ونفاق و دوو ڕوویەکەشیان هیچ سوودێکیان پێ ناگەیاندن).

(13) ئەی ئیمانداران بەڕاستی ئێوە لەدڵی ئەو دوو ڕوو وجولەکانەدا ترس وسامتان زیاترە لە خوای گەورە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئەوانە گەل وهۆزێکی ناحاڵی و تێنەگەشتوون (چونکە ئەگەر حاڵی بونایە دەیانزانی کە خوای گەورە ئێوەی سەرخست بەسەر ئەواندا، هەر ئەویش شیاوی ئەوەیە کە لێی بترسیت).

(14) جولەکەکان (ئەوەندە ترسنۆکن) هیچ کاتێك ناوێرن بەیەك پارچەیی و بە کۆمەڵ لەگەڵتان بجەنگن، مەگەر لە قەڵا قایمەکانیاندا نەبێت، یان لە پشت دیواری ماڵەکانیانەوە نەبێت، چونکە ئەو جولەکانە دژایەتی نێوانیان زۆر سەختە، لەکاتێکدا تۆ وا دەزانیت کە ئەوان یەك دەست ویەك پارچە وکۆکن لەنێوخۆیاندا، بەڵام لە ڕاستی دا دڵەکانیان جودا ولەیەك دوورن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەوان گەلێکی نەفام وبێ عەقڵن.

(15) حاڵی ئەمانیش وەك حاڵی پیشینەکانی خۆیان وایە (وەك حاڵی جولەکەکانی بەنی قینوقاع) یان (موشریکەکانی قوڕەیش کە لەجەنگی بەدردا چیان بەسەر هات، کەشەش مانگ پێش ئەم ڕووداوەی ئەمان بوو) کە بە ئەنجام وکار وکردەوە وتۆڵەی خۆیان گەشتن، (ئەبوایە بیانزانیایە کە کاری نەگریس وایان نەکردایە) وە لە پاشەڕۆژیشدا سزای زۆر سەختیان بۆ هەیە.

(16) (نموونەی ئەم دوو ڕووانە کە ئەنجامیان دا لەگەڵ جولەکەکانی بني نضير) دا، وەك نموونەی شەیتان وایە کاتێك هانی مرۆڤ، دەدات وپێی دەڵێت : کافر ببە، (ئەویش بەوەی گوناهـ وتاوان وکوفری لا جوان دەکات وبۆی دەڕازێنێتەوە) جا کاتێکیش کە کافر بوو، شەیتان بەو کەسە دەڵێت: بەڕاستی من لە تۆ بەریم ومن لە خوای پەروەردگاری جیهان دەترسم (ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شەیتانی نەفرین لێکراو هەمیشە وبەشێوزای جۆراو جۆر خەریکی لەخشتە بردن وپیلان گێڕانە لە مرۆڤەکان، پاشانیش بۆ ئەوەی داخ وحەسرەتیان بداتێ دەڵێت: من لە ئێوە بەریم ومن لەخوا دەترسم).

(17) سەرەنجام وپاشەڕۆژی شەیتان وئەو بێباوەڕانەیش هەرئاگری دۆزەخە وبەهەمیشەیی وهەتا هەتایی تیایدا

فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ أَنَّهُمَا فِي ٱلنَّارِ خَٰلِدَيۡنِ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلۡتَنظُرۡ
نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ لِغَدٖۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ
﴿١٨﴾ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ نَسُواْ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمۡ أَنفُسَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿١٩﴾ لَا يَسۡتَوِيٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصۡحَٰبُ
ٱلۡجَنَّةِۚ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ ﴿٢٠﴾ لَوۡ أَنزَلۡنَا هَٰذَا
ٱلۡقُرۡءَانَ عَلَىٰ جَبَلٖ لَّرَأَيۡتَهُۥ خَٰشِعٗا مُّتَصَدِّعٗا مِّنۡ خَشۡيَةِ
ٱللَّهِۚ وَتِلۡكَ ٱلۡأَمۡثَٰلُ نَضۡرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ
﴿٢١﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِۖ
هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٢٢﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ
ٱلۡمَلِكُ ٱلۡقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلۡمُؤۡمِنُ ٱلۡمُهَيۡمِنُ ٱلۡعَزِيزُ
ٱلۡجَبَّارُ ٱلۡمُتَكَبِّرُۚ سُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشۡرِكُونَ
﴿٢٣﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ
يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٢٤﴾

ترتيبها ٦٠ — **سُورَةُ المُمتَحنَة** — آياتها ١٣

دەمێننەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە ستەمیان کرد ولەسنوورەکانی خوا دەرچوون وەهەر ئەوەش سزای ئەو بێباوەڕانەیە لەگەڵ شەیتانی نەفرین لێکراودا.

18 ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕدارن لە خوا بترسن و تەقوای خواتان هەبێت، (ئەویش بەوە دەبێت ئەوەی پەروەردگار وپێغەمبەرەکەی فەرمانیان پێکردوە جێ بەجێی بکەیت، ئەوەیشی ئەوان قەدەغەیان لێکردوە وازی لێبهێنیت) دەی با هەرکەسێك سەرنج بدات و (بیر بکاتەوە) بزانێت چ شتێکی پێش خۆی خستووە (لەکار وکردەوەی، با محاسبەی دەروونی خۆی بکات، پێش ئەوەی محاسبەی لەگەڵ بکرێت) بۆ سبەینێی پاشەڕۆژی، دەی کەواتە ئێوەش بەردوام بن لەسەر لە خوا ترسان، چونکە بەڕاستی خوای گەورە شارەزا وبەئاگایە بەهەموو ئەو کار وکردەوانەی کە دەیکەن (پەروەردگار قیامەتی بە سبەینێ ناو بردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هاتنی قیامەت زۆر نزیکە وبگرە مردنی هەر کەسێك هاتنی قیامەتیەتی وەك پێغەمبەر (ﷺ) لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێت: من مات فقد قامت قیامته، واتە هەرکەس مرد ئەوە قیامەتی ئەو کەسە هاتووە).

19 ئێوە وەك ئەو کەسانە مەبن کە فەرمانەکانی خوایان فەرامۆش کرد وپشتگوێیان خست، لەبەرامبەریشدا پەروەردگار سەرگەردانی کردن وخۆشیانی لەبیر خۆیان بردەوە (نەیانتوانی کار وکردەوەیەکی باشی وابکەن کە سوودیان پێ بگەیەنێت بۆ دواڕۆژیان) هەر ئەوانەشن لە سنوور وفەرمانی خوا دەرچوون.

20 (لەپاش باسکردنی پاشەڕۆژی بێباوەڕان خوای گەورە لەبەر ئەوەی هانی باوەڕداران بدات وموژدەیان بداتی کە ئەوان وەك بێباوەڕان نین لە تەرازووی پەروەردگاردا) دەفەرموێت: بەهیچ شێوەیەك کۆمەڵ ودەستەی بەهەشتیان لەگەڵ کۆمەڵ ودەستەی دۆزەخیاندا لەتەرازوی خوادا یەکسان نین، چونکە هەر ئەهلی بەهەشتن سەرکەوتوو سەرفراز.

21 (پاشان پەروەردگاری باڵادەست گرنگی وپلەپایە وگەورەیی قورئانی پیرۆز بۆ مرۆڤەکان باس دەکات، تاوەکو بیر لەواتا وماناکانی بکەنەوە وبەدڵ وبیر وهۆشیان گوێی بۆ بگرن، سەرزەنشتی مرۆڤەکان دەکات) و دەفەرموێت : ئەگەر ئەم قورئانەمان دابەزاندایە بۆ سەر کێوێك (بەو بەهێزی وقایمی وبەرزیەی خۆیەوە) ئەوە دەتبینی بە مل کەچی و لەترس وهەیبەتی خوای گەورەش پارە پارە و وورد وخاش دەبوو، ئائەمەش کۆمەڵە نموونەیەکن دەیانهێنینەوە بۆ خەڵکی تاوەکو بیر بکەنەوە (لە ماناکانی قورئان ودەسەڵاتی خوای گەورە).

22 پاش ئەمانە پەروەردگار کۆمەڵێك لە صیفات وناوە جوانەکانی خۆی باس دەکات ودەفەرموێت: خوا ئەو خوایەیە کە جگە لە خۆی هیچ پەرستراوێکی بە حەق نی یە جگە لە خۆی، وزانایە بە هەموو (کارو کردەوە و شتە) نهێنی (غەیبیاتەکان) وئاشکراکانیش، هەر ئەویشە بەبەزەیی وبەخشندە ومیهرەبان.

23 خوای گەورە هەر ئەو خوایەیە کە هیچ پەرستراوێکی بە حەق نی یە جگە لەزاتی خۆی، پاشا وخاوەن موڵکی هەموو بوونەوەرە، پاك وبێگەردە لە هەموو سیفاتێکی ناشایستە، ئاشتی خواز ودڵنیاکەرەوەی دروستکراوەکانیەتی بەوەی ستەمیان لێ ناکات (ئیماندارانیشی دڵنیا کردوەتەوە کە سزایان نادات) ، پارێزەر وچاودێری دروستکراوەکانیەتی وزاڵ وبەدەسەڵاتە وخاوەن شکۆیە وشایستەی هەموو گەورەییەکە وپاك وبێگەردی بۆ خوا لەوەی کە هاوەڵ پەیداکەران بۆ خوای بڕیار دەدەن.

24 خوا ئەو خودایەیە کە دروست کەر (خالقی هەموو دروستکراوەکانە، واتە بونەوەری لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون) وبەدیهێنەر و وێنە ونەخشەکێشی (هەرشتێکە کە بیەوێت خەلقی بکات) هەر شایستەی ئەوە هەموو ناوێکی جوان وپاك (لەفەرموودەیەکی سەحیح دا هاتوە کە بوخاری ومسلم ڕیوایەتیان کردووە کە دەفەمروێت: إن لله تسعة وتسعين إسماً مائة إلا واحداً، من أحصاها دخل الجنة، وهو وتر يحب الوتر ، واتە: خوای گەورە نەوەد ونۆ ناوی هەیە صەد ناو جگە لەیەکێك نەبێت، هەر کەس بیانژمێرێت (وکار بەو ناوە جوانانە بکات وڕەوشتی خۆی پێ بڕازێنێتەوە)، خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە، خوای گەورە تاکە وتاکیشی خۆش دەوێت، (واتە یەکخواپەرستی خۆش دەوێت) لەکۆتایدا دەفەرموێت : هەرچی لە بوونەوەرە لە ئاسمانەکان وزەویدایە هەمووی ستایش وتەسبیحاتی خوای گەورە دەکەن، هەر ئەو خودایەیە باڵادەست وکاربەجێ ودانا.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ
إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا جَاءَكُم مِّنَ الْحَقِّ يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ
وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَادًا فِي سَبِيلِي
وَابْتِغَاءَ مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ
وَمَا أَعْلَنتُمْ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ (١) إِن
يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُوا لَكُمْ أَعْدَاءً وَيَبْسُطُوا إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم
بِالسُّوءِ وَوَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ (٢) لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ
يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٣) قَدْ
كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ
إِنَّا بُرَآءُ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا
وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ إِلَّا
قَوْلَ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَا أَمْلِكُ لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ
رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ (٤) رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا
فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا وَاغْفِرْ لَنَا رَبَّنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (٥)

## سوره تی الممتحنة

هۆی هاتنه خوارەوەی ئایەتی یەکەمی سورەتی (الممتحنة): موسلیم دەگێڕێتەوە لە عەلی کوڕی ئەبو طالیبەوە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) من وزوبەیر و میقدادی نارد فەرمووی : (بڕۆن تا دەگەنە –روضة خاخ– (شوێنێکە نزیك مەدینە) ئا لەوێ دا ئافرەتێکی تیایە نامەیەکی پێ یە لێی سەنن) ئێمەش ولاغەکانمان غارداو دەرچووین ، یەکسەر گەشتین بە ئافرەتەکە، ووتمان نامەکە دەربێنە، ووتی نامەم پێ نیە، ووتمان: سوێند بەخوا ئەو نامە دەردێنی یا جل وپۆشاکەکەت دادەکەنین لەبەرت دا ، ئەنجا لەناو پەلەکەکانیدا دەری هێنا ، ئێمەش نامەکەمان هێنایەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) تێیدا نوسرا بوو: لە حاطەبی کوڕی ئەبی بەلتەعەوە بۆ کۆمەڵێ لە بێ باوەڕانی مەککە، جا هەواڵی هەندێ == کاروباری پێغەمبەری (ﷺ) پێدابوون ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (حاطەب ئەمە چی یە؟) حاطەب ووتی: ئەی پێغەمبەر پەلەم لێ مەکە !من کەسێك بووم خۆم خستبووە پاڵ قورەیش ولەوان نەبووم ، بەڵام ئەو کۆچەریانەی کە لەگەڵتان هەموویان خزم و کەسیان هەیە ماڵ و منداڵەکانیان دەپارێزن، بەڵام من کەس و کارم نیە پارێزگاری ماڵ ومنداڵەکانم بکات، پێم خۆش بوو چاکە ومنەتێکم بەسەریانەوە هەبێت کە بەهۆیەوە خزمەکانم بپارێزن وە من کە ئەم کارەم کردووە وە نەبێ بێ باوەڕ بووبم یان پاشگەز بووبێتمەوە لەئایینەکەم یان ڕازی بووبم بە بێ باوەڕی پاش موسڵمان بوونم، ئەنجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ڕاست دەکات)، عومەر ووتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) لێم گەڕێ با بدەم لە گەردنی ئەمە ناپاکە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (بێگومان ئەم حاطەبە بەشداری== غەزای بەدری کردووە تۆ چوزانیت لەوانەیە خوا ئاگاداری بەشداربووانی غەزای بەدر بێت چی دەکەن فەرموو بێتی چی ئەکەن بیکەن من لێتان خۆش بووم) ئەنجا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿ یَا أَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا لا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ...... ﴾ .

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

(1) ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە (کە مەبەست پێی حاتەبی کوڕی ئەبی بەلتەعە وهەرکەسیش وەك ئەو دەکات)، دوژمنانی من ودوژمنانی خۆشتان مەکەن بە دۆستی خۆتان، ئایا ئێوە دۆستایەتی خۆتانیان بۆ دەنێرن، کە ئێوە دڵنیاشن لەوەی ئەو (بت پەرستانەی مەککە) بێباوەڕن بەو ئاینە ڕاست ودروستەی کە بۆ ئێوە هاتووە، لەهەمان کاتیشدا پێغەمبەر وئێوەشیان (لەشاری مەککە) دەرکرد تەنها لەبەر ئەوەی باوەڕدارن بەخوای گەورەی پەروەردگارتان، جا ئەگەر ئێوە بۆ تێکۆشان وجهاد کردن دەرچوون لە وولاتی خۆتان لە ڕێگای مندا ومەبەستتان خۆشنوودی وڕزامەندی منە (ئەوە دۆسستایەتی ئەو بێباوەڕانە مەکەن) ئایا ئێوە بە نهێنی خۆشەویستی خۆتانیان پێ دەگەیەنن ؟ لە کاتیکدا من ئاگادارم بەوەی کە ئێوە شاردوتانەوە وئەوەشی ئاشکراتان کردوە، جا هەرکەس لە ئێوە دۆستایەتیان بکات، ئەوە بێگومان ڕێگای ڕاستی وون کردووە وسەری لێشێواوە.

(2) ئەگەر (ئەو بێباوەڕانە) ئێوەیان تووش ببێت و دەستیان بکەون، ئەوە دەبن بە دوژمنتان و دەست وزمانیان بە خراپە درێژ دەکەن بۆتان (واتە ئەکەر دەسەلأتیان هەبێت دەتانکوژن و بەزمانیشیان کەمتەرخەمی ناکەن لە جنێو تانە وتەشەر) هەروەها ئاواتە خوزان وپێیان خۆشەکە ئێوە بێباوەڕ بن (وشوێن ئەوان بکەون وهەڵتان بگەڕێننەوە لە ئیسلام).

(3) (ئەگەر ئێوە لەبەر خاتری ماڵو منداڵتان ئەوەتان کردوە کە ئەو بێباوەڕانە بیان پارێزن لە شاری مەککە) ئەوە لە ڕۆژی دوایدا ماڵومناڵتان وخزمانتان هیچ سوودێکتان پێ ناگەیەنن ، چونکە پەروەردگار لەو ڕۆژەدا لەیەکتان جیادەکاتەوە (باوەڕدار بۆ بەهەشت وبێ باوەڕیش بۆ دۆزەخ) بەڕاستی خوای گەورە بینایە بەو کار وکردەوانەی کە دەیکەن.

(4) (پەروەردگار بۆ ئەوەی نمونەیەکی جوان وڕوون لەخۆشەویستی بۆ خوا ودوور کەوتنەوە لە بێباوەڕان بۆ موسڵمانان باس بکات، نمونەی یەکێك لە پێغەمبەرە خۆشەویستەکانی کە ئیبراهیم (عليه السلام) باس دەکات ) ودەفەرموێت : ئەی باوەڕداران بێگومان لە ئیبراهیم (عليه السلام) و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون سەرمەشق ونمونەیەکی جوان هەیە، کاتێك بە خزم وکەس وهۆزەکەی خۆیان ووت : ئێمە بێزار وبەرین لە خۆتان ولەو بتانەش کە لەبری خوا دەیانپەرستن، ئێمە باوەڕمان نیە بە ئاینی ئێوە ودوژمنایەتی لە

نێوانماندا پەیدا بووە (مادام ئێوە بەردەوام بن لەسەر کوفری خۆتان) تا ئەو کاتەی باوەڕ بە خوای تەنها دێنن (جا ئەگەر وا بوو ئەوە ئەم دوژمنایەتیە دەگۆڕین بۆ خۆشەویستیتان) جگە لەو پەیمانەی کە ئیبراهیم دای بە باوکی و پێی ووت : بێگومان داوای لێخۆش بوونت بۆ دەکەم (لای خوای گەورە) (واتە ئێوە داوای لێخۆش بوون نەکەن بۆ بت پەرست وبێباوەڕان) پاشان ووتی بەباوکی من هیچ دەسەلاتێکیشم نیە لای خوای گەورە (کە سزایەکت لێ دووربخەمەوە یان قازانجت پێ بگەیەنم) ئەی پەروەردگارمان تەنها پشتمان بە تۆ بەستوە، وە هەر بۆلای تۆشە گەڕانەوەمان، وسەرەنجامی هەموو شتێکیش بۆ لای تۆیە.

(5) ئەی پەروەردگارمان مەمانکە بە مایەی تاقی کردنەوە بۆ ئەوانەی کە بێباوەڕ بوون (کە سزامان بدەن وبیانەوێت لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەڵمان بگێڕنەوە، پاشان بڵێن ئەگەر ئەمانە لەسەر هەق بونایە ئاوایان بەسەر نەدەهات) ئەی پەروەردگارمان لێمان خۆش ببە، بەڕاستی هەر تۆی زاڵ وبەدەسەلات وکار بەجێ ودانا.

(6) سوێند بە خوای گەورە لە بەسەرهات وچیرۆکی ئیبراهیم (عَلَيْهِ السَّلَامُ) وشوێنکەوتوانیدا سەرمەشق وپێشەنگیەکی جوان وچاك هەیە (بۆ شوێن کەوتن وچاولێکردنیان) بۆ ئەو کەسەی کە ئاوات وئومێدی ڕەزامەندی خوا و سەرفرازی پاشەڕۆژ بێت، وە هەرکەسێکیش پشت هەڵدەکات لە ئاین وڕێبازی ئەوان (زەرەرۆمەندە) وهەر پەروەردگاریشە دەوڵەمەند وبێنیازە (پێویستی بە مرۆڤەکان نیە) و شایستەی هەموو سوپاسێکیشە (واتە ئەو کەسەی شوێن ڕێبازی پیرۆزی ئیسلام ناکەوێت، ئەو تەنها خۆی زیان لێکەوتووی دونیا وقیامەتە).

(7) نزیکە و(دڵنیا بن) لە نێوان ئێوە وئەو کەسانەی کە دوژمنایەتییان کردون خوای گەورە خۆشەویستی و میهرەبانیەك دروست بکات (بە ئیمان هێنان وواز لە سەرکەشی پەرورەدگاریان بهێنن) بەڕاستی هەر خوای گەورەیە بەدەسەلات وهەر ئەویشە لێخۆش بویو میرەبان.

(8) خوای گەورە ڕێگاتان لێ ناگرێت وقەدەغەتان ناکات کە چاکە بکەن ودادگەر بن لە گەڵ ئەو (بێباوەڕانەی) کە لەگەڵتان نەجەنگاون لەسەر ئەم ئاینە ولەماڵەکانی خۆتان دەریان نەکردوون (وەك ژنان ومناڵەکانیان)، بێگومان خوای گەورە دادپەروەرانی خۆش دەوێت (واتە مامەڵەتان لەگەڵیان با وەك مامەڵە لەگەڵ کردنی بێباوەڕەکانی مەککە نەبێت) (ئەسمای کچی ئەبو بەکری صدیق: دایکی هات بۆلای – کە تائەو کاتەش بێباوەڕ بوو – بە هەندێك دیار یەوە کە بریتی بوو لە کەشك و ڕۆنی خۆماڵی، ئەویش لێی وەرنەگرت ونەیهێشت بچێتە ژوورەوە، دواتر پرسیاری لە عائشە کرد لەسەر ئەو کارەی خوای گەورەش ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە) ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە.

(9) بەڵکو خوای گەورە قەدەغەی ئەوەتان لێ دەکات کە پشتیوان وپاڵپشت ودۆستایەتی ئەوانە بکەن کە جەنگیان لەگەڵ کردن و لەشوێن وماڵی خۆتان دەریان کردن ویارمەتی ئەوانەشیان دا کە دەستیان هەبوو لەدەرکردنتان (واتە نابێت پشتیوانی بێباوەڕ

لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ ۚ
وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ ﴿٦﴾ ۞ عَسَى اللَّهُ أَن يَجْعَلَ
بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً ۚ وَاللَّهُ قَدِيرٌ ۚ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ
﴿٧﴾ لَّا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم
مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ
﴿٨﴾ إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم
مِّن دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَىٰ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَٰئِكَ
هُمُ الظَّالِمُونَ ﴿٩﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءَكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ
مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ ۖ اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ ۖ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَاتٍ
فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ ۖ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ ۖ وَآتُوهُم
مَّا أَنفَقُوا ۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ۚ
وَلَا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ وَاسْأَلُوا مَا أَنفَقْتُمْ وَلْيَسْأَلُوا مَا أَنفَقُوا ۚ
ذَٰلِكُمْ حُكْمُ اللَّهِ ۖ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ ۚ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٠﴾ وَإِن فَاتَكُمْ
شَيْءٌ مِّنْ أَزْوَاجِكُمْ إِلَى الْكُفَّارِ فَعَاقَبْتُمْ فَآتُوا الَّذِينَ ذَهَبَتْ
أَزْوَاجُهُم مِّثْلَ مَا أَنفَقُوا ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي أَنتُم بِهِ مُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾

و بت پەرستەکانی مەککە وهاوشێوەکانیان بن) جا هەرکەس پشتیوانیان بێت ودۆستایەتیان بکات، ئەوە ستەمکار هەر ئەوانەن .

(10) هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە : بوخاری دەگێڕێتەوە لە میسوەر و مەروانی کوڕی حەکەمەوە ، دەڵێن: کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَآلِهِ وَسَلَّمَ) پەیمانی حودەیبیەیەی لەگەڵ کافرانی قوڕیشدا بەست کە هەر کەس موسڵمان بێت وبچێت بۆلایان تەسلیمیان بکاتەوە ، دواتر چەند ئافرەتێکی ئیماندار هاتن – لە مەککەوە بۆ مەدینە– بەو بۆنەیەوە خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ﴾ .

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك ئەو ئافرەتە ئیماندارانەی کە کۆچ دەکەن (لە مەککەوە) ودێن بۆلاتان ، تاقیان بکەنەوە ( بەوەی کە ئایا تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوا ی گەورە هاتوون ولەبەر مەبەستی دونیایی نیە کۆچەکەیان ، یان لەبەر کێشەی خێزانی نەبوە لەگەڵ مێردەکەیاندا، یان لە بەر شوکردنیان بێت بە کەسێك) بێگومان خوای گەورە ئاگادارە بە ئیمانەکەیان، جا کە زانیتان کە باوەڕدارن ئەوە نەیانگێڕنەوە بۆ لای مێردە بێباوەڕەکانیان، نە ئەو ئافرەتانە بۆ ئەو مێردە بێباوەڕەکانیان حەڵاڵن، نە ئەو بێباوەڕانەش حەڵاڵن بۆ ئەو ئافرەتە باوەڕدارانە، ئەو مارەییانەی کە مێردەکانیان بۆ ئەم ئافرەتە باوەڕدارانەیان سەرف کردوە بۆیان بگێڕنەوە، پاشان دوای ئەوەی کە (عدەیان بەسەر

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَـٰتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشْرِكْنَ
بِٱللَّهِ شَيْـًٔا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَـٰدَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ
بِبُهْتَـٰنٍ يَفْتَرِينَهُۥ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ
فِى مَعْرُوفٍ ۙ فَبَايِعْهُنَّ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُنَّ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ
﴿١٢﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَوَلَّوْا۟ قَوْمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ
قَدْ يَئِسُوا۟ مِنَ ٱلْـَٔاخِرَةِ كَمَا يَئِسَ ٱلْكُفَّارُ مِنْ أَصْحَـٰبِ ٱلْقُبُورِ ﴿١٣﴾

## سُورَةُ الصَّفِّ

ترتيبها ٦١ — آياتها ١٤

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ
﴿١﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴿٢﴾
كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُوا۟ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴿٣﴾ إِنَّ
ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَـٰتِلُونَ فِى سَبِيلِهِۦ صَفًّا كَأَنَّهُم
بُنْيَـٰنٌ مَّرْصُوصٌ ﴿٤﴾ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَـٰقَوْمِ لِمَ
تُؤْذُونَنِى وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ ۖ فَلَمَّا
زَاغُوٓا۟ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَـٰسِقِينَ ﴿٥﴾

چوو) هیچ تاوان وگوناهێك نیە لەسەر ئێوە كە مارەیان بكەن بەمەرجێك كە مارەییان بدەنێ، هیچ كەسێكیش لە ئێوە با ئافرەتانی بێباوەڕ لای خۆی نەهێڵێتەوە ومارەیان نەكەن، جا ئەگەر ئێوی موسڵمانیش مارەییەكتان داوە بەو ئافرەتە بێباوەڕانەلێیان وەربگرنەوە، ئەوانیش با داوای ئەو مارەییە بكەن كە داویانە بەو ئافرەتە باوەڕدارانەی كە بەجێیان هێشتوون، ئا ئەمەیە فەرمان وحوكمی خوا كە خۆی حوكمی پێ دەكات لە نێوانتاندا، وهەر خوای گەورەیە زانا و كار بەجێ ودانا ، قورطبی دەڵێت : ئەم حوكمی گەڕاندنەوەی مارەییە لە نێوان موسڵمانان و بێباوەڕاندا تایبەت بوە بە پەیمان نامەی حودەیبەیە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی گرێ بەندی نكاح لە نێوانیاندا بە بێباوەڕ بوونی یەكێكیان وەك خۆی ماوەتەوە وهەڵدەوەشێتەوە .

پێشتر ولەسەرەتاوە دروست بوو كە موسڵمان ئافرەتی پت پەرست ومشركە بهێنێت بەڵام كە ئەم ئایەتە دابەزی حوكمی ئەوەی پێشووی نەسخ كردەوە ونەیهێشت ، بەڵام ئافرەتانی ئەهلی كتاب هەر حوكمی وەك خۆی مایەوە ودروستە بۆ باوەڕدار بیانخوازێت بەڵام بە مەرجی تایبەتی خۆی كە جێگای ئەوە نیە باسی لێوە بكەین پاش دابەزینی ئەم ئایەتە (وَلا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ) واتە ئافرەتانی بێباوەڕ لای خۆی نەهێڵێتەوە ومارەیان نەكەن، عومەری كوڕی خەططاب لەو ڕۆژەدا دوو خێزانی طەلاق دا كە بێباوەڕ بوون، پاشتر كە ئیمانیان هێنا یەكێكیان مەعاویەی كوڕی ئەبو سوفیان مارەی كرد ئەوی كەشیان صەفوانی كوڕی ئومەییە مارەی كرد).

جا ئەگەر هەندێك لە هاوسەر وخێزانەكانتان لەدەست چوو بە گەڕانەوەیان بۆ ناو بێباوەڕان و (ئەوانیش مارەیان كردنەوە ومارەییەكەیان بۆ ئێوە نەگەڕاندەوە) ئێوەش كە جەنگتان لەگەڵدا كردن وغەنیمەت ومالٌ وسامانتان لێ گرتن بە ئەندازەی ئەو مارەییەی كە خەرجیان كردووە زیانی ئەو ئیماندارانە بگێڕنەوە لەو غەنیمەت ومالٌو سامانەی لێتان گرتون، (دەی كەواتە) لە و خوایە بترسن كە ئێوە باوەڕدارن پێی.

ئەم ئایەتە تایبەتە بە چۆنیەتی بەیعەت دانی ئافرەتان بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وآله وسلم) لە دوای ئەوەی كە كۆچیان دەكر بۆ لای، ئیمامی بوخاری لە عاشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وآله وسلم) ئەو ئافرەتانەی تاقی دەكردەوە بەم ئایەتە، پاشان ئەگەر هەر كەس لەو ئافرەتە ئیماندارانە ڕازی ببوایە بەمە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وآله وسلم) دەیفەرموو: ئەوە ئیتر بە قسەو ووتە من بەیعەتم لە تۆ وەرگرت، عائشە دەفەرموێ : سوێند بێت بەخوا پێغەمبەر (صلى الله عليه وآله وسلم) هەرگیز دەستی بەر دەستی ئافرەتان نەكەوتووە لە كاتی پەیمان وبەیعەت وەرگرتندا، هیچ كاتێكیش پەیمان وبەیعەتی وەرنەگرتووە لێیان بەم ئایەتە نەبێت .

(11) ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وآله وسلم) هەر كاتێك ئافرەتانی باوەڕدار هاتن بۆلات و بەیعەتیان دا پێت بەوەی كە هیچ شتێك نەكەن بە هاوەڵ وشەریكی خوا ودزی نەكەن وزینا وداوێن پیس نەكەن ومناڵ ورۆڵەكانیان نەكوژن وزیندە بەچاڵیان نەكەن (وەك سەردەمی نەفامی) وبەهیچ شێوەیەك بوهتان نەكەن لە نێوان دەست وپێی خۆیاندا (واتە: مندالّی خەڵكی نەهێنن وبیكەن بە هی خۆیان، یان كچە كۆرپەكانی خۆیان فڕێ بدەن ولەجێگای كوڕێك بهێنن وبیكەن بە كوڕی خۆیان) وە سەرپێچیت نەكەن لە هیچ كارێكی چاك وخێردا، (ئەگەر ئەمانەیان كرد وپەیمانیان دا پێی) ئەوە تۆش پەیمان وبەیعەتەكەیان لەگەڵ ببەستە وداوای لێخۆشبوونیشان بۆ بكە لای خوای گەورە، بەڕاستی خوای گەورە خوایەكی گوناهـ پۆشی میهرەبانە.

(12) ئەی باوەڕداران دۆستایەتی خۆشەویستی كۆمەڵ وهۆزێك مەكەن كە خوای گەورە خەشم وقینی خۆی لێگرتوون ( كە مەبەست پێی جولەكەكانە ) چونكە بەڕاستی ئەوانە بێ هیوا و نائومێد بوون لە لە سەرفرازی بوونیان لە قیامەتدا، هەروەك چۆن بێباوەڕەكان نا ئومێد بوون لە زیندوو بوونەوەی مردوەكانی ناو گۆڕەكان، ( واتە بە ئەندازەی ئەوەی كە مردوو زیندوو بێتەوە لای بێباوەڕەكان ئەو جولەكانەش هیوایان نیە بە پاداشت وەرگرتنەوە لای خوا لە ڕۆژی دوایدا ، كەواتە ئێوەش دۆستایەتیان مەكەن، چونكە زۆر جیاوازن لە ئێوە).

## سورە تی الصف

هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم سورەتە: ئیمامی ئەحمەد وتورمزی وحاکیم دەگێڕنەوە لە عەبدوڵلای کوڕی سەلامەوە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: چەند کەسێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وآله وسلم) پێکەوە دانیشتبووین قسەمان دەکرد ، ووتمان خۆزگە بمانزانیایە کام کردەوەیە خۆشەویسترە لای خوا بمانکردایە ، جا خوای گەورە ئەم ئایەتانەی ناردە خوارەوە ﴿ سَبَّحَ لِلَّه مَا فِي ... إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنيَانٌ مَّرْصُوصٌ﴾ عەبدوڵلا دەڵێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وآله وسلم) سورەتەکەی خوێندەوە بۆمان تا کۆتایی هات.

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

(1) ئەوەی لەئاسمانەکان وزەویدا هەیە بەپاك وبێگەردی تەسبیحات وزیکرو یادی خوا دەکەن، (بەشێوەیەك لەژێر فەرمان ودەسەڵاتی خوا دەرناچن) هەر ئەو خوایەیە باڵادەست وکاربەجێ ودانا.

(2) ابن عباس (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: کۆمەڵێك لە بڕواداران پێش ئەوەی جهاد فەرز بکرێت، ئەیانووت : حۆزگە خوای گەورە ڕێنومای دەکردین بۆ خۆشەویسترین کارێك لای خۆی وئێمەش بمانکردایە، جاکاتێك پێی ڕاگەیاندن کە چاکترین وخۆشەویسترین کارێك جهاد کردنە، کۆمەڵێك لەوانە پێیان ناخۆش بوو، وە قورس بوو لەسەریان، لەپاشدا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ( يا أيها الذين آنوا لم تقولون مالا تفعلون ) واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە بۆچی ئەوەی ئەیلێن ئەنجامی نادەن وکاری پێ ناکەن.

(3) زۆر مایەی ڕق وتوڕەیی یە لای خوای گەورە، کە شتێك بلێن وکاری پێ نەکەن.

(4) (لێرەدا خوای گەورە ڕوونی دەکاتەوە کە جهاد کردن لە پێناوی خوادا خۆشەویسترین کارێکە بکرێت لای خوا) ودەفەرموێت: بێگومان خوای گەورە کەسانێکی خۆش دەوێت کە لە پێناوی خوادا بەیەکڕیزی ویەك پارچەیی دەجەنگن وەك کۆشکێکی چەسپیویی قایم دراڕێژراون بە قورقوشم.

(5) (دوای ئەوەی باسی جهادی کرد خوای گەورە باسی موسی پێغەمبەر (عليه السلام) دەکات کە ئەوانیش لە پێناو یەکخواپەرستی خوادا هەوڵی زۆریان داو فەرمانیشیان بە جهاد کرد) ئەفەرموێت: بیریان بهێنەرەوە کاتێك موسی ووتی بە گەلەکەی، ئەی گەلەکەم بۆ ئازارم دەدەن (بە نەکردنی فەرمانەکانی خوا، یان بە قسە وجوێن پێدان وسوك سەیرکردنم) لە کاتێکدا ئێوە بێگومان دەزانن کە من پێغەمبەری خوام ونێرراوم بۆ لای ئێوە، جا کاتێك ئەوان لە حەق وڕاستی لایاندا، خوایش دڵی وەرگێڕان وسەرگەردانی کردن، بەڕاستی خوای گەورەش ڕێنمونی کەسان وگەلی لەسنوور دەرچوو ناکات.

(6) (ئەی موحەمەد بیریان بهێنەرەوە) کاتێك کە عیسای کوڕی مەریەم (عليه السلام) ووتی: ئەی کوڕانی یەعقوب (ئیسرائیل ناوێکی تری یعقوب بووە) بێگومان من پێغەمبەر ونێرراوی خوام بۆ لای ئێوە، ڕاستی ئەو تەوراتە دەسەلمێنم کە لە پێش مندا هاتووە (بۆ موسی) ومزگێنی وموژدەتان دەدەمێ بە پێغەمبەرێك کە لەدوای منەوە دێت و ناوی ئەحمەدە (ئەحمەد ومەحەمەد یەك مانایان هەیە) جا کاتێك عیسی پێغەمبەر (عليه السلام) موعجزە

وَإِذۡ قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُم مُّصَدِّقٗا
لِّمَا بَيۡنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَمُبَشِّرَۢا بِرَسُولٖ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِي ٱسۡمُهُۥٓ أَحۡمَدُۖ فَلَمَّا
جَآءَهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ﴿٦﴾ وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ
عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ وَهُوَ يُدۡعَىٰٓ إِلَى ٱلۡإِسۡلَٰمِۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ
﴿٧﴾ يُرِيدُونَ لِيُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ
ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٨﴾ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ
عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ﴿٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ
عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ﴿١٠﴾ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ
فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿١١﴾
يَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ وَيُدۡخِلۡكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ وَمَسَٰكِنَ
طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿١٢﴾ وَأُخۡرَىٰ تُحِبُّونَهَاۖ نَصۡرٞ
مِّنَ ٱللَّهِ وَفَتۡحٞ قَرِيبٞۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُوٓاْ
أَنصَارَ ٱللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ لِلۡحَوَارِيِّـۧنَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ
قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِۖ فَـَٔامَنَت طَّآئِفَةٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ
وَكَفَرَت طَّآئِفَةٞۖ فَأَيَّدۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَىٰ عَدُوِّهِمۡ فَأَصۡبَحُواْ ظَٰهِرِينَ ﴿١٤﴾

وبەڵگە ڕوونەکانی لەسەر دەسەڵات وگەورەی خوا بۆ هێنان، ووتیان ئەمە سحر وجادوویەکی ئاشکراو ڕوونە.

(7) چ کەسێك لەو کەسە ستەم کارترە (گومڕا وسەرلێشێواوە) کە درۆ وبوهتان بەدەم خواوە هەڵدەبەستێت (هاوەڵ وشەریکی بۆ بڕیار بدات) لە کاتێك بانگ بکرێن بۆ لای ئاینی پیرۆزی ئیسلام، (ئەو گومڕانە کاتێك عیسی – عليه السلام – پێی ووتن کە پاش من موحەمەد دێت وئیمانی پێ بهێنن وموسڵمان ببن، کەچی ئەوان ووتیان ئەمە ڕاست نیە وجادووە) خوای گەورەش هیدایەتی گەل وهۆزی ستەمکار نادات (چونکە شایستەی ئەوە نین).

(8) (ئەوانە شەو ڕۆژ لەهەوڵی ئەوەدان کە ڕێگرین لەبەردەم هەڵهاتنی خۆری ئیسلام، کە ڕووناکی نەگات بەسەر زەوی) نمونەی ئەمانە وەك ئەو کەسە وایە کە بیەوێت ڕوناکی ونوورێکی گەورە بە فووی دەمی بکوژێننەوە –خەیاڵیان خاوە – خوای گەورە نوور وڕوناکی ئەم ئاینە پیرۆزە دەگەیەنێت بە سەر زەوی وتەواوی دەکات، ئەگەر چی بێباوەڕانیش پێیان ناخۆش بێت.

(9) خوای گەورە ئەو زاتە بەرز وپیرۆزەیە کە پێغەمبەرەکەی بە ڕێنمونی وئاینێکی ڕاست ودروستەوە ناردووە، تاوەکو سەری بخات وبەرزی بکاتەوە بەسەر تەواوی ئاینەکانی تردا، هەرچەند موشریك وهاوەبەش پەیداکەرانیش پێیان ناخۆش بێت.

(10) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئایا ڕێنومایتان بکەم بۆ بازرگانیەك کە ڕزگارتان بکات لە سزای زۆر سەخت وبە ئازاری دۆزەخ.

ترتيبها ٦٢ — سُورَةُ الجُمُعَةِ — آياتها ١١

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ٱلْمَلِكِ ٱلْقُدُّوسِ ٱلْعَزِيزِ
ٱلْحَكِيمِ ﴿١﴾ هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّۦنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟
عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟
مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٢﴾ وَءَاخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُوا۟ بِهِمْ ۚ
وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٣﴾ ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ
ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٤﴾ مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ ثُمَّ لَمْ
يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ ٱلْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًۢا ۚ بِئْسَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ
ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥﴾
قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ هَادُوٓا۟ إِن زَعَمْتُمْ أَنَّكُمْ أَوْلِيَآءُ لِلَّهِ مِن
دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُا۟ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٦﴾ وَلَا يَتَمَنَّوْنَهُۥٓ
أَبَدًۢا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٧﴾ قُلْ إِنَّ
ٱلْمَوْتَ ٱلَّذِى تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمْ ۖ ثُمَّ تُرَدُّونَ
إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾

11 (ئەویش ئەوەیە) باوەڕ بهێنن بە خوا وپێغەمبەرەکەی وهەروەها بە سەروەت وسامان وبە گیانتان لە پێناوی سەرخستنی ڕێبازەکەیدا تێبکۆشن، هەر ئەمەش چاکتر وباشترە لەهەموو شتێك ئەگەر ئێوە بزانن.

12 (ئەوسا) خوای گەورە لە گوناهەکانتان خۆش دەبێت وپاشانیش دەتانخاتە بەهەشتانێکەوە کە چەندەها ڕووبار بە ژێریاندا دەڕوات ولەچەندان کۆشك وخانووی پاك وڕازاوەی بەهەشتەکانی عەدندا نیشتەجێتان دەکات، ئا ئەمەیە سەرکەوتن وسەرفرازی گەورە.

13 نعمەتێکی تر هەیە حەزتان لێیەتی کە (خوای گەورە پێتان ببەخشێت) ئەویش سەرخستن وسەرکەوتنێکە لە لایەن خوداوە بێت و ڕزگار کردنێکی نزیکیش (کە مەبەست پێی فەتح کردن ورزگار کردنی مەککەیە لەدەست بت پەرستەکانی قوڕەیش) جا (ئەی موحەمەد) بەم سەرکەوتنە موژدە بدە بە ئیمانداران.

14 ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ببن بە پشتیوانی (ئاینەکەی) خوا، هەروەك چۆن عیسای کوڕی مەریەم ووتی بە هاوڕێ نزیکەکانی خۆی کێ پشتیوانی من دەبێت لە پێناو سەرخستنی ئاینی خوادا؟ هاوڕێ نزیکەکانیشی ووتیان: ئێمەین پشتیوانی ئاینەکەی خوای گەورە،جا کۆمەڵێك لە بەنی ئیسرائیل باوەڕیان هێنا وکۆمەڵێکی تریشیان بێباوەڕ بوون، (خوای گەورەش) دەفەرموێت: ئێمەش یارمەتیدەر وپشتیوانی ئەوانە بووین کە باوەڕیان هێنا لەبەرامبەر ئەوانەی کە بێباوەڕ بوون، سەرەنجامیش پشتگیرییەکەی خوا سەرکەوت بەسەریاندا.

## سوره تی الجمعة

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

1 ئەوەی لەئاسمانەکان وزەویدا هەیە بەپاك وبێگەردی تەسبیحات وزیکرو یادی خوا دەکەن، (بەشێوەیەك لەژێر فەرمان ودەسەڵاتی خوا دەرناچن) ئەو خوایەی کە پادشا ومەلیکێکی پاك وبێگەرد وبەهێزی کار بەجێ ودانایە.

2 ئەو پەروەردگارەی کە لە ناو گەلێکی نەخوێندەواری وەك عەرەبدا پێغەمبەرێکی (وەك موحەمەدی) لە خۆیان بۆ ناردن، ئایەتەکانی قورئانیان بەسەردا دەخوێنێتەوە، کە (دڵ ودەروونیان) پاك دەکاتەوە لە ( بێباوەڕی وبت پەرستی ) و قورئان وفەرموودە ودانایيان فێر دەکات، هەرچەند ئەوان پێشتر لە گومڕایی وسەرلێشێوانێکی ئاشکرادا بوون.

3 (هەروەها) ئەو پێغەمبەرەشی نارد بۆ گەلانێکی تر کە هێشتا نەگەشتوون پێی (واتە پێغەمبەر بۆ تەواوی گەلانی سەر زەوی نێرراوە، تاوەکو ڕەحمەت بێت بۆیان ) ئەو خودایە زاتێکی بەهێزی کار بەجێ ودانایە .

4 ئەو (پێغەمبەرایەتیەش) بەهرە وفەزلێکی خوای گەورەیە ئەیبەخشێت بەهەر کەسێك کە خۆی بیەوێت، ئەو خوایە خاوەن بەهرە وفەزڵێکی گەورەیە .

5 نموونەی ئەوانەی کە تەوراتیان درا بەسەردا (کە جولەکەکانن) پاشان وەفایان نەکرد لەگەڵ ئەو تەوراتە وکاریان پێ نەکرد، وەك نموونەی ئەو گوێدرێژە وایە کە باری کتێبی هەڵگرتبێت (گوێدرێژێك کە باری کتێب وزانست وزانیاری بێت چ سودێکی هەیە کەهیچی لێ تێ نەگات وکاری پێ نەکات) ئای چەند خراپە نموونەی ئەو گەلەی کە ئایەت وبەڵگەکانی خوای گەورەیان بەدرۆ خستەوەو باوەڕیان پێ نەکرد، پەروەردگاریش ڕێنموونی وهیدایەتی گەلی ستەم کاری (وەك جولەکە) ناکات .

6 (ئەی موحەمەد) بڵێ ئەی ئەو کەسانەی لەسەر ئاینی جولەکەن، ئەگەر ئێوە باوەڕتان وایە وواگومان دەبەن کەئێوە تەنها دۆست وخۆشەویستی خوان نەك خەڵکی تر (جولەکە باوەڕیان وایە کە تەنها خۆیان خۆشەویست وپشتیوانی خودان — وەك لە قورئاندا هاتوە کە دەیان ووت : نحن أبناء الله وأحباؤه) جا گەر بڕواتان وایە دەی ئاواتخوازی مردن بن (تا بگەن بەبەهەشت) ئەگەر ڕاست دەکەن.

7 ئەو (جولەکانە) هەرگیز ئاواتە خوازی مردن نابن، ئەویش لەبەر ئەو (گوناهـ وکارو کردەوە خراپانەی) کە کردویانە وپێش خۆیان خستووە، خوای گەورەش زاناو ئاگادارە بەستەم کاران .

8 (ئەی موحەمەد) پێیان بڵێ ئەو مەرگ ومردنەی کە لێی هەڵدێن ودەترسن لێی، بێگومان هەر پێتان دەگات وتووشتان دەبێت،

وپاشانیش دەگێڕێننەوە بۆ لای ئەو خودایەی کە زانایە بە هەموو نهێنی وئاشکرایەك، ئەمجا هەواڵتان دەداتێ وئاگادارتان دەکاتەوە لەو کارو کردەوە (ناپەسەندانەی) کە دەیکەن .

(9) ئەی باوەڕداران ئەگەر بانگدرا بۆ نوێژ لە ڕۆژی هەینیدا (واتە : ئەو بانگەی کە ووتاربێژ لەسەر مینبەر دانیشتوە بۆ ووتار، چونکە لەسەردەمی پێغەمبەر دا (صلى الله عليه وآله وسلم) یەك بانگ دەدرا، بەڵام لەسەردەمی عوسمانی کوڕی عەفاندا کردی بە دوو بانگ ئەویش لەبەر فراوان بوونی مەدینە تاوەکو خەڵکی گوێیان لێ بێت وخۆیان ئامادە بکەن بۆ بانگی دووەم) جا ئێوەش خێرا بڕۆن بەدەم یاد وزکری خوداوە و واز لە کڕین وفرۆشتن بهێنن، (چونکە کڕین وفرۆشتن لەپاش بانگ دانەوە حەرامە) ئا ئەوە بۆ ئێوە خێرتر وچاکترە (لای خوای گەورە) ئەگەر ئێوە بزانن .

(10) هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە ﴿وَإِذَا رَأَوْا تِجَارَةً ....﴾ موسلیم دەگێڕێتەوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە (ڕەزای خوایان لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وآله وسلم) لە ڕۆژی هەینی دا ڕاوەستا بوو ووتاری دەدا کاروانێك لە شامەوە هاتەوە –کە خواردەمەنی پێ بوو– یەکسەر ئەوخەڵکەی لەناو مزگەوتا بوون ڕۆشتن بەدەم کاروانەکەوە، بە جۆرێکی وا تەنها دووانزە کەس مانەوە –لە مزگەوتدا– جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە.

جا کاتێك نوێژ لێبویەوە وتەواو بوو، ئێوەش بڵاو ببنەوە بەسەر زەویدا (بۆ بازرگانی وکڕین وفرۆشتن) وداوای ڕزق وڕۆزی خوا بکەن (لە قازانجی مامەڵە کردنتان) وزۆر یاد وزکری خودا بکەن تاوەکو سەرفراز وسەرکەوتووی (هەردوو دونیا) بن.

(11) جا ئەو کەسانە کاتێك کە (قافڵەی) بازرگانیەك یان کارێکی بێهوودە وبێ سوودیان بینی دەوری تۆیان چۆڵ کرد (لەناو مزگەوتدا) وبەجێیان هێشیت کاتێك ڕاوەستابووی و (ووتارت بۆ دەدان)، (ئەی موحەمەد) پێیان بڵێ ئەو خێر وفەزڵەی لای خودایە زۆر باشتر وچاکترە لەو کارە بێهودە وبازرگانیەی (کە بەدوایدا ڕاتان کرد) (بێگومان بن بە ڕاکردن وهەڵپەکردن نیە) چونکە خوای گەورە باشترین ڕۆزی دەرانە.

## سوره تى المنافقون

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتی (١–٧) سورەتی (المنافقون): بوخاری وموسلیم دەگێڕنەوە لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: لە غەزایەکدا گوێم لێ بووعەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی ووتی: ماڵ ودارایيتان مەبەخشن بەو کەسانەی لە دەوری پێغەمبەداران تا بڵاوەی لێ بکەن، وە سوێند بێ ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە بەهێزو دەسەڵاتدارەکان (مەبەستی خۆیان بوو) لاوازو ڕیسواکان دەردەکەن ، زەید دەڵێ منیش ئەم قسەی عەبدوڵڵام بۆ مامم یا عومەر گێڕایەوە ئەویش ووتبوی بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وآله وسلم)

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ
فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ
تَعۡلَمُونَ ٩ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ
وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ
١٠ وَإِذَا رَأَوۡاْ تِجَٰرَةً أَوۡ لَهۡوًا ٱنفَضُّوٓاْ إِلَيۡهَا وَتَرَكُوكَ قَآئِمٗاۚ قُلۡ
مَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ مِّنَ ٱللَّهۡوِ وَمِنَ ٱلتِّجَٰرَةِۚ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ١١

### سُورَةُ المُنَافِقُونَ

ترتيبها ٦٣ — آياتها ١١

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ قَالُواْ نَشۡهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ
إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ١
ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ
يَعۡمَلُونَ ٢ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ
فَهُمۡ لَا يَفۡقَهُونَ ٣ ۞ وَإِذَا رَأَيۡتَهُمۡ تُعۡجِبُكَ أَجۡسَامُهُمۡۖ
وَإِن يَقُولُواْ تَسۡمَعۡ لِقَوۡلِهِمۡۖ كَأَنَّهُمۡ خُشُبٞ مُّسَنَّدَةٞۖ يَحۡسَبُونَ كُلَّ
صَيۡحَةٍ عَلَيۡهِمۡۚ هُمُ ٱلۡعَدُوُّ فَٱحۡذَرۡهُمۡۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۖ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ٤

پێغەمبەریش منی بانگ کرد منیش قسەکەم بۆ گێڕایەوە ، ئەنجا ناردی بە شوێن عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی وهاوەڵەکانیدا ئەوانیش دەستیان کردبە سوێند خواردن کە نەیان ووتووە ، ئیتر پێغەمبەر (صلى الله عليه وآله وسلم) باوەڕی بە قسەکەی من نەکرد، قسەی عەبدوڵڵای بەڕاست زانی ، ئەوسا تووشی داخ و خەفەتێك بووم کە هەرگیز تووشم نەبوو بوو ئیتر بۆ خۆم لە ماڵدا دانیشتم ، مامەم پێ ی ووتم :چی وای لێ کردی ئەو قسەیە بکەیت ، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وآله وسلم) بە درۆزنی دانایت و بوغزاندیتی ئەمجا خوای گەورە ئەم ئایەتانەی دابەزاند ﴿إِذَا جَاءكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّه...هُمُ الَّذِينَ يَقُولُونَ لا تُنفِقُوا عَلَى مَنْ عِندَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّى يَنفَضُّوا...﴾ ئەمجا پێغەمبەر (صلى الله عليه وآله وسلم) ناردی بەشوێنمدا و ئایەتەکانی خوێندەوە کە دابەزیبوون وفەرمووی: (بێگومان ئەی زەید خوای گەورە ڕاستی قسەکانی تۆی دەرخست).

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

(1) ئەی (موحەمەد) کاتێك کە دوو ڕووەکان هاتن بۆلات، ووتیان شایەتی دەدەین بەڕاستی کە تۆ پێغەمبەری خوایت، لە کاتێکدا خوای گەورە دەزانێت کە تۆ پێغەمبەری ئەویت، وە خوای گەورە شایەتی ئەوەش دەدات کە بێگومان ئەو دوو ڕووانە درۆزنن.

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ ٱللَّهِ لَوَّوْا۟ رُءُوسَهُمْ
وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ ٥ سَوَآءٌ عَلَيْهِمْ
أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ إِنَّ
ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ٦ هُمُ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ
لَا تُنفِقُوا۟ عَلَىٰ مَنْ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ حَتَّىٰ يَنفَضُّوا۟ وَلِلَّهِ
خَزَآئِنُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَفْقَهُونَ
٧ يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَآ إِلَى ٱلْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ ٱلْأَعَزُّ
مِنْهَا ٱلْأَذَلَّ وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ
ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ٨ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُلْهِكُمْ
أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَمَن يَفْعَلْ
ذَٰلِكَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ٩ وَأَنفِقُوا۟ مِن مَّا رَزَقْنَٰكُم
مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَآ أَخَّرْتَنِىٓ
إِلَىٰ أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ١٠ وَلَن

## سُورَةُ التَّغَابُنِ

ترتيبها ٦٤ — آياتها ١٨

2 ئەو دوو ڕووانە (کاتێک هاتن بۆ لای پێغەمبەر– ﷺ – وسوێندیان خوارد کە خراپیان نەوتووە بە ئیمانداران) سوێندەکانیان کرد بە قەڵغان وسوپەر وبەو هۆیەوە بەربەستی خەڵکیان کرد لە ڕێبازی خوای گەورە، بەڕاستی ئەوانە کارێکی خراپ ناپەسەندیان کرد.

3 ئەو کارە خراپەشیان لەبەر ئەوە بوو کە سەرەتا (لە ڕواڵەتدا) باوەڕیان هێنا پاشان (ئەمانە لە ناخیاندا) بێباوەڕ بوون، (بەم هۆیەشەوە) خوای گەورە مۆری بەد بەختی نا بەسەر دڵیاندا، (ئەوەشی کە سوودی هەبێت بۆ ڕێنمونی وچاکبوونیان ئەم دوو ڕووانە تێی ناگەن.

4 (ئەی موحەمەد) کاتێک دەیانبینیت لەش وسیمایان سەرسامت دەکەن (وا دەزانیت ئەمانە پیاو ماقوڵ وکەسی شیاون) وەکاتێکیش قسە دەکەن (ئەوەندە دەم لوس وڕەوانبێژن) تۆیش گوێیان بۆ دەگریت، وە لەبەر خاڵیەتی دڵیان لە باوەڕ بەخوا (کاتێک لە مەجلیسی تۆدا دادەنیشن) ئەڵێی تەختە داری هەڵسپێرراون (کە هیچ سوودیان پێ ناگەیەنێت)، ئەوەندەش دەترسێن کە خوای گەورە نهێنیان هەڵماڵێت وادەزانن هەر بانگێک بکرێت وهەر شتێک بێتە پێشەوە دژی ئەوانە، دەی ئێوەش بزانن ئەوانە دوژمنن وخۆتانیان لێ بپارێزن و وریایان بن، خوای گەورە بیانکوژێت (ونەفرینیان لێ بێت) کە چۆن لە ڕێی ڕاست لا ئەدەن.

5 وە کاتێکیش پێیان بووترێت وەرن با پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای لێخۆش بوونتان بۆ بکات، سەرپێچی دەکەن وسەریان با دەدەن وگاڵتەیان پێ دێت، وەدەیان بینیت کە پشت هەڵدەکەن ولەبەر خۆ بەزل زانینیان پێیان عەیب ونەنگی یە (بۆ شتێکی وا بێنە لای پێغەمبەر).

6 بۆ ئەوانە وەک یەک وایە داوای لێخۆشوونیان بۆ بکەیت یان بۆیان نەکەیت (چونکە ئەوان بەردەوامن لەسەر نفاق ودوو ڕووی خۆیان) وە هەرگیز خوای گەورە لێیان خۆش نابێت، وپەروەردگاریش ڕێنمونی گەلی تاوانبار ولە سنوور دەرچووی (وەک ئەوانە) ناکات.

7 ئەوانە کەسانێکن دەڵێن : هیچ مەبەخشن بەوانەی (موهاجرن) ولەدەورەی پێغەمبەری خوان، تاوەکو (ماندوو دەبن) وبلاوەی لێ دەکەن، (ئەوانە نازانن !!) هەرچی گەنجینەکانی زەوی وئاسمانە مولکی خوای گەورەیە، بەڵام دوو ڕووەکان (لەبەر دەروونی نەخۆشیان) هیچ تێناگەن ونافامن .

8 ئەوانە کەسانێك بوون (وەك عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلول وهاوشێوەکانی) وەدەڵێن سوێند بێت ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە بەهێز ودەسەڵاتدارەکانمان (مەبەستیان خۆیان بوو) لاواز وسەر شۆڕەکان (مەبەستیان پێی ئیمانداران بوو) دەردەکەن لەشار، ئەو دوو ڕووانە نازانن کە عززەت ودەسەڵات هەر شایستەی خوا وپێغەمبەرەکەی وئیماندارانە .

9 ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ماڵ ومناڵتان لە یادی خوای گەورە غافل و بێئاگاتان نەکەن (وەک دوو ڕووەکان) جا هەر کەسانێك لەیادی خوا بێئاگا بن ئەوە هەر خۆیان خەسارۆمەندن.

10 دەی کەواتە ببەخشن لە پێناوی خوادا لەوەی پێمان بەخشیون وڕۆزیمان داون، پێش ئەوەی مردن بگات بە یەکێکتان ویەخەی بگرێت، پاشان بڵێت ئەی پەروەردگارم خۆزگە مردنی منت بۆ ماوەیەکی نزیك دوادەخست ئەوسا ماڵم دەبەخشی ودەچوومە ڕیزی پیاو چاکانەوە.

11 (ئەوە خۆزگەیەکە جێ بەجێ ناکرێت) چونکە هەرکەس ڕۆژی تەواو بوو هەرگیز خوای گەورە دوای ناخات، وە خوایش زۆر بە ئاگایە بەو کارو کردەوانەی کە ئێوە دەیکەن .

# سورە‌تی التغابن

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

1 ئـەوەی لەئاسمانـەکان وزەویـدا هەیـە بـەپاك وبێگـەردی تەسبیحات وزیکرو یادی خوا دەکەن، (بەشێوەیەك لەژێر فـەرمان ودەسـەڵاتی خـوا دەرناچـن) ئـەو خوایـەی کـە خـاوەنی هـەموو موڵکێکـە وهـەموو ستایشـێك شایسـتەی ئـەوە، هـەر ئـەویش دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو شتێکدا .

2 خوا ئەو زاتەیە کـە (لـە نـەبوون) دروسـتی کـردون، ئـەمجا هەتانە بێباوەڕە و(گـومڕا بـووە بـە ئـارە زووی خـۆی) هەشـتانە بـاوەڕدارە (بـە ئـارەزووی خـۆی ئیمـانی هەڵبـژاردووە)، خـوایش بینایە بە هەر کار وکردەوەیەك کە دەیکەن.

3 خـوا لەسـەر بنچـینەی حـەق وڕاسـتی ئاسمانـەکان وزەوی دروست کردوە ولـە جـوانترین شـێوەدا وێنـە وڕوخسـاری ئێـوەی نەخشاندوە، وسەرئەنجام وگەڕانەوەش هەر بۆلای ئەوە.

4 هەرچـی لەئاسمانـەکان وزەویدایـە خـوای گـەورە — وورد ودرشـت هـەمووی — دەزانێـت، وە زانایـە بـەوەی دەیشـارنەوە (لەناخی خۆتاندا یان لەبەر چاوی خەڵکی) وە بەوەشی ئاشکرای دەکەن، دیسان خوا زانایە بەوەشـی لـە دڵ ودەروون وسـینەتاندا دەیشارنەوە.

5 ئایا هەواڵی ئەو گەل وهۆزانەی پێشینتان پێ نەگەشتوە کە بێباوەڕ بوون بەخوای گەورە، چۆن پـەروەردگار سـزای دان (لـە دونیادا) چەشتیان تۆڵەی کار وکردەوەی خۆیان؟ لە قیامەتیشـدا سزای زۆر سەختیان بۆ هەیە.

6 ئەویش لەبەر ئەوەی کاتێك کە پێغەمبـەرەکانی خۆیـان بـە بەڵگـە ونیشـانەی ڕوونـەوە هـاتن بـۆ لایـان (بـە گاڵتـە کـردن وڕابواردنێکـەوە) ووتیـان: ئایـا مرۆڤێـك هـاتوە بـۆ ئـەوەی ڕێنمونیمان بکات!! لە ئەنجامدا بێباوەڕ بوون وپشتیان هـەڵکرد (لـە ئـاینی خـوا)، خـوای گـەورەش بێنیـاز بـوو لێیـان، بێگومـان خوایش دەوڵەمەندە وشایستەی سوپاسگوزاریە.

7 بێباوەڕان وا دەزانن کە زیندوو ناکرێنـەوە (پـاش مردنیـان) (ئـەی موحەمـەد) پێیـان بڵـێ: بـەڵێ بـە خـوا وسـوێند بـە پەرەورەدگارم زیندوو دەکرێنەوە وپاشانیش هەواڵتان پێ دەدرێ بەو کارو کردەوانەی کە کردووتانە، ئەمەش بۆ خـوا کـارێکی زۆر ئاسانە.

8 جا ئیتر باوەڕ بهێنن بە خوا وبە پێغەمبەرەکەی وبـەو نـوور وڕوناکیەی کە (قورئانە) بۆمان دابەزاندوون، خوایش ئاگادارە بەو کار وکردەوانەی کە دەیکەن.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ لَهُ ٱلۡمُلۡكُ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُۖ
وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ١ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ فَمِنكُمۡ كَافِرٞ
وَمِنكُم مُّؤۡمِنٞۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ٢ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّ وَصَوَّرَكُمۡ فَأَحۡسَنَ صُوَرَكُمۡۖ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ٣
يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَيَعۡلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعۡلِنُونَۚ وَٱللَّهُ
عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ٤ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ نَبَؤُاْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبۡلُ
فَذَاقُواْ وَبَالَ أَمۡرِهِمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٥ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُۥ كَانَت تَّأۡتِيهِمۡ
رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَقَالُوٓاْ أَبَشَرٞ يَهۡدُونَنَا فَكَفَرُواْ وَتَوَلَّواْۚ وَّٱسۡتَغۡنَى
ٱللَّهُۚ وَٱللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٞ ٦ زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبۡعَثُواْۚ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي
لَتُبۡعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلۡتُمۡۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٧ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ
وَرَسُولِهِۦ وَٱلنُّورِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلۡنَاۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ٨ يَوۡمَ
يَجۡمَعُكُمۡ لِيَوۡمِ ٱلۡجَمۡعِۖ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلتَّغَابُنِۗ وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ وَيَعۡمَلۡ
صَٰلِحٗا يُكَفِّرۡ عَنۡهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُدۡخِلۡهُ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا
ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ٩

9 لـە ڕۆژێکـدا خـوا هـەمووتان کـۆ دەکاتـەوە، بـۆ ڕۆژی کۆبوونـەوە، (ئـەو ڕۆژەی کـە هـەموو پێغەمبـەرێك لەگـەڵ ئومەتەکەیدا کۆ دەکرێتـەوە، هـەموو ستەمکارێك لەگـەڵ ستەم لێکـراودا کۆدەکرێتـەوە، بـەنی ئـادەم لـە سـەرەتاوە تـا کۆتـایی هـەموو کۆدەکرێتـەوە، کـە ڕۆژی دوایـی ولێپرسـینەوەیە) ئـەو ڕۆژەیە کە زیانبـارە بـۆ بێبـاوەڕان وسـتەمکاران ، جـا هەرکـەس باوەڕ بە خوای گەورە بهێنێت وکار وکردەوەی چـاك بکـات ئـەوە خوایش گوناهـەکانی دەسـڕێتەوە ولێـی خـۆش دەبێـت ودەیشـی خاتە باخ وباخاتی بەهەشتێکەوە کە ڕوبارگەلێکی زۆریان بە ژێردا دەڕوات، بـە هـەتا هـەتایش لـەم بەهەشـتانەدا دەمێننـەوە، ئـا ئەوەیە سەرکەوتن وسەرفرازی زۆر گەورە.

وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ
النَّارِ خَالِدِينَ فِيهَا ۖ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿١٠﴾ مَا أَصَابَ مِن
مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ ۗ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ ۚ وَاللَّهُ بِكُلِّ
شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿١١﴾ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ ۚ فَإِن
تَوَلَّيْتُمْ فَإِنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ ﴿١٢﴾ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ
إِلَّا هُوَ ۚ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ﴿١٣﴾ يَا أَيُّهَا
الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلَادِكُمْ عَدُوًّا
لَّكُمْ فَاحْذَرُوهُمْ ۚ وَإِن تَعْفُوا وَتَصْفَحُوا وَتَغْفِرُوا
فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤﴾ إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ
فِتْنَةٌ ۚ وَاللَّهُ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿١٥﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ
وَاسْمَعُوا وَأَطِيعُوا وَأَنفِقُوا خَيْرًا لِّأَنفُسِكُمْ ۗ وَمَن
يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿١٦﴾ إِن تُقْرِضُوا
اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ۚ وَاللَّهُ شَكُورٌ
حَلِيمٌ ﴿١٧﴾ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿١٨﴾

## سُورَةُ الطَّلَاقِ

ترتيبها ٦٥ — آياتها ١٢

(10) ئەوانەشی کە بێباوەڕ بوون وبەڵگەو نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ زانی، ئائەوانە هاوەڵ وهاودەمی ئاگری دۆزەخن بە هەتایی، کەسەرەنجامێکی زۆر خراپە.

(11) هەر بەڵاو ناخۆشیەك پێش بێت (بۆ مرۆڤـــ) بێ فەرمان و بڕیاری خوای گەورە نابێت، جا هەرکەسێك باوەڕی تەواو بهێنێت بە خوای گەورە ئەویش دڵی ڕێنمونی دەکات ودایدەمەزرێنێت لەسەر ئیمان (بەشێوەیەك هەموو بەڵاو موسیبەتێك بە تاقیکردنەوەی خوایی دەزانێت) خوایش بە هەموو شتێك زانایە.

(12) گوێڕایەڵی خوا بکەن وفەرمان بەرداری پێغەمبەریش بن، جا ئەگەر پشتتان هەڵکرد (وگوێڕایەڵ نەبوون، ئەوە تاوانەکەی لە ئەستۆی خۆتانە) چونکە ئەوەی لە سەر پێغەمبەرەکەی ئێمەیە تەنها گەیاندنی ڕوون وئاشکرای پەیامەکەیەتی.

(13) خوا ئەو زاتەیە کە هیچ پەرستراوێکی بەحەق نی یە جگە لەئەو، دەی کەواتە با باوەڕداران تەنها پشت بە خوای گەورە ببەستن وداوای یارمەتیش هەر لە ئەو بکەن.

(14) هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (١٤) سورەتی (التغابن): تورمزی و حاکیم گێڕاویانەتەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە ووتی: ئەم ئایەتە ﴿یَا أَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِکُمْ...﴾ دەربارەی کەسانێك دابەزی خەڵکی مەککە بوون موسڵمان بووبوون وبە نیاز بوون بێن بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) لە مەدینە، بەڵام خێزان ومنداڵەکانیان لێیان نەگەڕان بڕۆن بۆ خزمەتی پێغەمبەر جا کە بینیان هاوڕێکانیان لەئایین شارەزا بوون وویستیان تۆڵە لەخێزان ومنداڵەکانیان بکەنەوە ئەمجا خوای گەورەش ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە کە دەفەرموێت :ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەندێك لە ژن ومناڵەکانتان دومنتانن بەوەی سەرقاڵتان دەکەن لەنەکردنی تاعەتی خوا وپێغەمبەرەکەی، جا ئێوەش ووریا بن وخۆتان بپارێزن (لە خۆشەویستی ناشەرعی بۆیان) جا ئەگەر چاوپۆشی لەهەڵەیان بکەن وواز لە ئازاردانیان بهێنن ولێیان خۆش بن، ئەوە بێگومان خوای گەورەش زۆر لێبووردە ومیهرەبانە.

(15) بێگومان ماڵ ومناڵتان هۆکاری تاقیکردنەوەن بۆ ئێوە (بەو مانایە ماڵ ومنداڵ ئەگەر خراپ بن مرۆڤـــ بەرەو تاوان دەبەن، یان جاری وا هەیە مرۆڤـــ لە پێناو ماڵ ومنداڵیدا تووشی کاسبی حەرام دەبێت) لە کاتێکدا خوا پاداشتی زۆر گەورەی لایە، (ئاگادار بن بەهۆی ماڵ ومنداڵتانەوە فریوو نەخۆن کە بێ فەرمانی خوا بکەن).

(16) جا تەقوای خوا بکەن ولە خوا بترسن چەندێك لە تواناتاندا هەیە، ببیستن وگوێڕایەڵ بن وببەخشن ( لە پێناو خوادا) چونکە دەبێتە مایەی خێر وخۆشی بۆتان (لە ڕۆژی دوایدا) جا هەرکەسێك پارێزراو بێت لە بەخیلی ورژدی دەروونی خۆی، ئا ئەوانە سەرفراز و سەرکەوتوون.

(17) ئەگەر قەرز بدەن بە خوا بە قەرزێکی چاك (واتە لە پێناوی ئەودا بیبەخشن) ئەویش لە (ڕۆژی دوایدا) چەند بەرامبەری دەکات بۆتان ولێشتان خۆش دەبێت، خواش سوپاس گوزار ولەسەر خۆیە (پاداشتی ئەوانە دەداتەوە کە چاکەیان کردوە وپەلەش ناکات لە تۆڵە سەندنەوە لەو کەسانەی سەرپێچیان ئەویان کردوە).

(18) ئەو زاتە زانایە بە هەموو نهێنی وئاشکراکان، خوایەکی بەهێز وکاربەجێ ودانایە.

# سوره تی الطلاق

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُواْ
ٱلْعِدَّةَ ۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ رَبَّكُمْ ۖ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنۢ بُيُوتِهِنَّ
وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّآ أَن يَأْتِينَ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ۚ وَتِلْكَ حُدُودُ
ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥ ۚ لَا تَدْرِى لَعَلَّ
ٱللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَٰلِكَ أَمْرًا ﴿١﴾ فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ
بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُواْ ذَوَىْ عَدْلٍ مِّنكُمْ
وَأَقِيمُواْ ٱلشَّهَٰدَةَ لِلَّهِ ۚ ذَٰلِكُمْ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ يُؤْمِنُ
بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ﴿٢﴾ وَيَرْزُقْهُ
مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ۚ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ
بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ ۚ قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَىْءٍ قَدْرًا ﴿٣﴾ وَٱلَّٰٓـِٔى يَئِسْنَ
مِنَ ٱلْمَحِيضِ مِن نِّسَآئِكُمْ إِنِ ٱرْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَٰثَةُ أَشْهُرٍ
وَٱلَّٰٓـِٔى لَمْ يَحِضْنَ ۚ وَأُوْلَٰتُ ٱلْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ۚ
وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مِنْ أَمْرِهِۦ يُسْرًا ﴿٤﴾ ذَٰلِكَ أَمْرُ ٱللَّهِ أَنزَلَهُۥٓ
إِلَيْكُمْ ۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُعْظِمْ لَهُۥٓ أَجْرًا ﴿٥﴾

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

1 ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وآله وسلم) بە ئومەتەکەت ڕابگەیەنە، ئەگەر وویسیان ژنانیان تەڵاق بدەن با لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا تەڵاقیان بدەن (واتە ئەو کاتەی ئافرەت لە خوێنی حەیزی پاك بووەتەوە، وەلەو پاکیەیشیدا پیاو نەچووبێتە لای، چونکە لە فەرموودەیەکدا هاتوە کە بوخاری ڕیوایەتی کردوە پێغەمبەر (صلى الله عليه وآله وسلم) دەفەرموێت : فليطلقها قبل أن يمسها، فتلك العدة التي أمر الله تعالى أن يطلق لها النساء، واتە : ئەگەر ژنت تەڵاق دا لە پاکیدا وپێش چوونەلای تەڵاقی بدە، هەر ئەوەیشە کە خوای گەورە فەرمووی : ژنان لەکاتی عیددەیاندا تەڵاق بدەن) پاشان عدەی (ژنەکانتان) بە ووردی بژمێرن، وەلەخوای گەورە بترسن، وە لەپاش تەڵاقدانیان ئەو ژنانە دەرمەکەن تا عدەکانیان تەواو دەبێت، وەبا ئەو ژنانەش لەماڵەکانیان دەرنەچن (چونکە لەوماوەیەدا مافی مانەوەی لەماڵدا لەسەر مێردەکەیەتی) مەگەر کاتێك کە کارێکی خراپ ونەشیاو ئەنجام بدەن (وەك زنا وکاری نەشیاوی تر، ئەو کاتە ئەگەر وابوو با بچێتە لای مەحرەمێکی خۆی) ئا ئەوە سنووری خوایە لەبارەی تەڵاقەوە، جاهەر کەسێك سنووری خوا ببەزێنێت ئەوە ستەمی لە خۆی کردوە، لەبەر ئەوە تۆ چوزانیت دوای تەڵاقدان چی ڕوو دەدات پێ دەچێت خوای گەورە کارێکی وا پێش بهێنێت ئەو ژن ومێردە لەو ناتەبایەی نێوانیان پەشیمان ببنەوە (لەبەر ئەوە ئەگەر تەڵاقێکی وا ڕوویدا با لەماڵەکانی خۆیان بمێننەوە ودەرنەچن.

2 جا ئەگەر گەشتە ماوەی دیاری کراوی خۆیان (پاش یەك یان دوو تەڵاق) ئەوسا یان بەباشی بیانهێننەوە بۆلای خۆتان یان لێیان جیاببنەوە بەباشی (وماف ومارەیی خۆیانیان بدەنێ بە بەبێ زوڵم لێکردنیان) بۆ ئەم مەبەستەش (جا چی گەڕانەوەیان بێت یان تەڵاقدانیان بێ بەیەکجاری) دوو کەسی دادگەر لەخۆتان بگرن بەشاهید، ئێوەش ئەی شاهیدەکان لەبەرخوا ئەو شاهیدیە بەڕێکوپێکی ئەنجام بدەن، ئەوەشی باسکرا ئامۆژگاریە بۆ کەسێك کە باوەڕی بەخوا وڕۆژی دوایی هەبێت، جا هەرکەسێك لە خوا بترسێت بێگومان خوای گەورەش دەروویی خێری لێدەکاتەوە.

3 وە لەجێگایەکەوە ڕزق وڕۆزی ئەدات کە خۆیش حسابی بۆ نەکردبێت، جا هەرکەسیێك پشت وپەنای بەخوا بێت ئەوە تەنها خوای بەسە (کە پشتیوانی بێت) چونکە بەڕاستی خوا فەرمانی لەسەر هەرچی دابێت بەئەنجامی ئەگەیەنێت، بێگومان خوای گەورە بۆ هەموو شتێك نەخشەیەکی دیاری کراوی داناوە کە (جێ بەجێ بکرێت).

4 ئەو ئافرەتانەی بێ ئومێد دەبن لە کەوتنە حەیزەوە (واتە لەبەر پیری ناکەونە حەیزەوە) جا ئەگەر (لەزانینی عیددەیان) کەوتنە گومان ودوودڵیەوە ئەوا عیددەیان سێ مانگە، هەروەها ئەوانەشی (لەبەر منداڵیان) کە هێشتا نەکەوتەونەتە حەیزەوە ئەوانیش عیددەیان هەر سێ مانگە، وە ئەو ئافرەتانەشی کە سکیان پڕە عیددەیان ئەو کاتەیە کەمنداڵەکەیان دەبێت، جا هەر کەسێك لە خوا بترسیێت پەروەردگار کاری بۆ ئاسان دەکات.

5 ئەوەی باسکرا لە (حوکمی تەڵاق وعیددە وگەڕاندنەوەی ژنان) فەرمانی خوایە بۆ ئێوەی دابەزاندووەن جا هەر کەسێکیش لەخوا بترسێت، پەروەردگاریش لەگوناهەکانی خۆش دەبێت وپاداشتی زۆر گەورەشی پێ دەبەخشێت.

أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم مِّن وُجْدِكُمْ وَلَا تُضَآرُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا۟
عَلَيْهِنَّ ۚ وَإِن كُنَّ أُو۟لَٰتِ حَمْلٍ فَأَنفِقُوا۟ عَلَيْهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ۚ
فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ۖ وَأْتَمِرُوا۟ بَيْنَكُم بِمَعْرُوفٍ ۖ وَإِن
تَعَاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُۥٓ أُخْرَىٰ ﴿٦﴾ لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِۦ ۖ
وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُۥ فَلْيُنفِقْ مِمَّآ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ۚ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا
إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا ۚ سَيَجْعَلُ ٱللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا ﴿٧﴾ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ
عَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا وَرُسُلِهِۦ فَحَاسَبْنَٰهَا حِسَابًا شَدِيدًا وَعَذَّبْنَٰهَا
عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨﴾ فَذَاقَتْ وَبَالَ أَمْرِهَا وَكَانَ عَٰقِبَةُ أَمْرِهَا خُسْرًا ﴿٩﴾
أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ
قَدْ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيْكُمْ ذِكْرًا ﴿١٠﴾ رَّسُولًا يَتْلُوا۟ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ مُبَيِّنَٰتٍ
لِّيُخْرِجَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ
وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ وَيَعْمَلْ صَٰلِحًا يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا
ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۖ قَدْ أَحْسَنَ ٱللَّهُ لَهُۥ رِزْقًا ﴿١١﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ
سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ ٱلْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ
ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَىْءٍ عِلْمًۢا ﴿١٢﴾

(6) ئەو ژنانەی کە تەڵاق دراون وتەڵاقێك یان دوانیان ماوە، لەو جێگاو شوێنەی کە خۆتان نیشتەجێن ئەوانیش نیشتەجێ بکەن بە پێی تواناتان، زەرەو زیانیان پێ مەگەیەنن وتەنگیان پێ هەڵ مەچنن، جا ئەگەر ئەو ژنانە سکپڕ ودووگیان بوون (ئەگەر سێ تەڵاقیش درابن) ئەوە خەرجیان بکێشن تا ئەو کاتەی سکەکیان دادەنێن ومنداڵەکەیان دەبێت، لەپاشان ئەگەر شیریان دا بەمنداڵەکانتان ئەوە ماف وکرێی خۆیانیان بدەنێ، دەشکرێت بە شێوەیەکی جوان لە نێوان خۆتاندا رێك بکەون (لەسەر بەخێوکردنی ئەو منداڵە)، خۆ ئەگەر رێنەکەوتن لە نێوان یەکدا، ئەوە دەکرێت ژنێکی تر شیر بدات بەمنداڵەکە وبەخێوی بکات.

(7) ئەو کەسەی کە دەوڵەمەندە وخوای گەورە سەروەت وسامانی پێداوە با بەگوێرەی دەوڵەمەندیەکەی خۆی ببەخشێت (بە ژنە تەڵاقدراوەکان لەگەڵ منداڵە شیرە خۆرەکان) ئەو کەسەشی هەژار ودەست کورت بوو، با بەگوێرەی ئەوەی خوای پێی داوە ببەخشێت، چونکە خوای گەورە داوای ماڵ بەخشین ناکات بە گوێرەی ئەوە نەبێت کە پێی بەخشیوە، بێگومان پەروەردگار پاش هەموو تەنگانەو ناخۆشیەك شادی و دەرووی خێر دەکاتەوە.

(8) زۆرێك لە شارو گوندنشینەکان (لەگەلانی پێشوو) لە فەرمانی خوای گەورە وپێغەمبەرەکانیان یاخی بوون، ئێمەش لێپرسینەوەیەکی توندمان لەگەڵ کردن وسزای زۆر سەخت ودژواریشمان دان.

(9) ئیتر ئاکامی کردەوە ناپەسەندەکانی خۆیانیان چەشت وسەرەنجامی سەرپێچیەکەشیان زیانێکی گەورە بوو بۆیان.

(10) لە دوارۆژیشدا خوای گەورە سزایەکی زۆر سەختی بۆ ئامادەکردوون، کەواتە لە خوا بترسن ئەی ئەو کەسانەنی کە خاوەنی ژیری وهۆشن، بەتایبەتی ئەوانەتان کە باوەڕتان هێناوە دڵنیا بن کە خوا قورئانی بۆ ئێوە دابەزاندووە.

(11) پێغەمبەرێکی ناردووە کە ئایەتە روونەکانی خوای گەورەتان بەسەردا دەخوێنێتەوە، تاوەکو ئەوکەسانەی باوەڕیان هێناوە وکردەوەی چاکەیان کردوە لە تاریکی وگومرایی بێباوەڕی دەریان بهێنێت بۆ رووناکی ئیمان وئیسلام، جا هەرکەس باوەڕی بە خوا هێنا بێت وکردەوەی چاکەی کردبێت ئەوە پەروەردگار دەیخاتە بەهەشت وباخاتێکەوە کە رووبار بە ژێریاندا دەڕوات وبەهەمیشەیش تیایدا دەمێنێتەوە، بێگومان پەروەردگار لەئەوێ رزق ورۆزی پاك وچاکی بۆ ئامادەکردوە.

(12) خوا ئەو زاتەیە کە هەر حەوت ئاسمانەکەی دروستکردوە، وە بەوێنەی ئەوانیش زەوی دروستکردوە (بەحەوت چین)، وە لەنێوانیاندا فەرمانی خودا دادەبەزێت، تا بزانن خوای گەورە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، بێگومان ئەو خوایە بە زانست وزانیاری خۆی ئاگاداری هەموو شتێکە.

# سورە تی التحریم

سُورَةُ التَّحْرِيمِ — ترتيبها ٦٦ — آياتها ١٢

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ
يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ
غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿١﴾ قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ وَاللَّهُ مَوْلَاكُمْ
وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ ﴿٢﴾ وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَىٰ بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا
فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَنْ بَعْضٍ
فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنْبَأَكَ هَٰذَا قَالَ نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ
﴿٣﴾ إِنْ تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا وَإِنْ تَظَاهَرَا عَلَيْهِ
فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلَائِكَةُ
بَعْدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ ﴿٤﴾ عَسَىٰ رَبُّهُ إِنْ طَلَّقَكُنَّ أَنْ يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا
خَيْرًا مِنْكُنَّ مُسْلِمَاتٍ مُؤْمِنَاتٍ قَانِتَاتٍ تَائِبَاتٍ عَابِدَاتٍ سَائِحَاتٍ
ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَارًا ﴿٥﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ
نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ
لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴿٦﴾ يَا أَيُّهَا
الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَعْتَذِرُوا الْيَوْمَ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٧﴾

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (١– ٤) زانایانی تەفسیر ئەڵێن پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وآله وسلم) لە ماڵی خاتوو حەفصەی خێزانی لەگەڵ ماریەی هاوسەریدا کۆبوویەوە، کاتێك خاتوو حەفصە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە وئەمەی دی ناڕەحەت بوو، پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وآله وسلم) ووتی بە خاتوو حەفصە ئەمە لای کەس مەدرکێنە مەرج بێت ماریە لەخۆم حەرامکەم، بەڵام خاتوو حەفصە ئەم نهێنیەی لای خاتوو عائشە باس کرد ودرکاندی، کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وآله وسلم) بەمەی زانی، سوێندی خوارد بۆ ماوەیەك لەکەسیان نزیك نەبێتەوە، لەدوای ئەم ڕووداوە ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە.

(1) ئەی پێغەمبەر بۆچی شتێك لە خۆت حەرام دەکەیت لەکاتێکدا خوا بۆی حەڵاڵ کردوویت؟ ئایا دەتەوێت ژنەکانت ڕازی بکەیت؟ لەبەرامبەر ئەو کارەی خوای گەورە لێخۆش بووە ومیهرەبانە.

(2) بێگومان خوای گەورە هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکانی بۆ بڕیارداون (بەوەی کەفارەتی بدەن) ئەو خوایە پشتیوان ویارمەتی دەرتانە، هەر ئەویشە زانای کاربەجێ ودانا.

(3) کاتێك پێغەمبەر (صلی الله علیه وآله وسلم) بە نهێنی قسەیەکی درکاند لای هەندێك لە ژنەکانی (واتە لای خاتوو حەفصە)، پاشان کاتێك ئەویش قسەکەی گەیاندە (خاتوو عائشە)، خوای گەورەش پێغەمبەری لەمە ئاگادار کردەوە کە (خاتوو حەفصە) نهێنیەکەتی باس کردوە، ئەمجا پێغەمبەریش (صلی الله علیه وآله وسلم) هەندێکی لەو قەسانە باس کرد بۆ (خاتوو حەفصە وگلەیی لێ کرد) وهەندێکی تری باس نەکرد، وەکاتێکیش (خاتوو حەفصە) پێی ووت : کێ ئەم هەواڵەی پێ گەیاندیت؟ ئەوەیش فەرمووی: پەروەردگاری زانای بە ئاگا لە گشت نهێنیەکان ئاگاداری کردم.

(4) ئەم ئایەتە ڕوو دەکاتە (خاتوو حەفصە وخاتوو عائشە) وپێیان دەڵێت : ئەگەر تەوبە بکەن وبگەڕێنەوە بۆلای خوا (کارێکی باشتان کردووە) چونکە بەڕاستی بەو کارەتان دڵتان لای دا لە حەق وڕاستی، وە ئەگەر پشتی یەکتر بگرن (دژ بە پێغەمبەری خوا – صلی الله علیه وآله وسلم – سەرکەوتوو نابن) چونکە بێگومان خوای گەورە وجوبرەئیل وپیاوچاکان پشتیوان ویارمەتیدەری ئەون، لەپاش ئەوان فریشتەکانیش هاوکار وپشتیوانن بۆی (واتە ئەگەر بتانەوێت دژایەتی بکەن هیچتان پێ ناکرێت چونکە ئەو پشتیوانی زۆری هەیە) .

ئیبن ئەبی حاتیم گێڕاویەتیەوە لە عومەری کوڕی خەططابەوە کە دەڵێ : هەواڵم پێ گەیشت کە لە نێوان پێغەمبەر (صلی الله علیه وآله وسلم) وخێزانەکانیدا کێشەیەك هەیە ،منیش ڕۆشتم بۆ لای یەك بە یەکی خێزانەکانی ، پێم دەووتن ، سوێند بەخوا لە داواکانتان لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وآله وسلم) وازدێنن یا خوا هاوسەری چاکتر لە ئێوەی دەداتێ جا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند .

(5) ئەگەر پێغەمبەر (صلی الله علیه وآله وسلم) تەڵاقتان بدات ئەوە دڵنیا بن کە پەروەردگار لەبری ئێوە ژنانی باشتری دەداتێ، ژنانی موسڵمانی ئیمانداری ملەکەچی پەروەردگار وتەوبەکاری خواپەرستی ڕۆژووگر لە کیژان وبێوەژنانیش.

(6) ئەی ئیمانداران خۆتان وماڵ ومنداڵ وکەسوکارکارتان بپارێزن لە ئاگری دۆزەخ، ئاگرێك کە سوتەمەنیکەی خەڵکی (بێباوەڕ) وبەردە، سەرپەرشت ودەرگاوانی ئەو دۆزەخە کۆمەڵە فریشتەیەکی دڵ ڕەق وزبر وتوند وتیژن کە بەهیچ شێوەیەك

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوۡبَةٗ نَّصُوحًا عَسَىٰ رَبُّكُمۡ
أَن يُكَفِّرَ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَيُدۡخِلَكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي
مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ يَوۡمَ لَا يُخۡزِي ٱللَّهُ ٱلنَّبِيَّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
مَعَهُۥۖ نُورُهُمۡ يَسۡعَىٰ بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَبِأَيۡمَٰنِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَآ
أَتۡمِمۡ لَنَا نُورَنَا وَٱغۡفِرۡ لَنَآۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٨
يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡۚ
وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ٩ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا
لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱمۡرَأَتَ نُوحٖ وَٱمۡرَأَتَ لُوطٖۖ كَانَتَا تَحۡتَ
عَبۡدَيۡنِ مِنۡ عِبَادِنَا صَٰلِحَيۡنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمۡ يُغۡنِيَا عَنۡهُمَا
مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗا وَقِيلَ ٱدۡخُلَا ٱلنَّارَ مَعَ ٱلدَّٰخِلِينَ ١٠
وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱمۡرَأَتَ فِرۡعَوۡنَ إِذۡ
قَالَتۡ رَبِّ ٱبۡنِ لِي عِندَكَ بَيۡتٗا فِي ٱلۡجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِن فِرۡعَوۡنَ
وَعَمَلِهِۦ وَنَجِّنِي مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ١١ وَمَرۡيَمَ ٱبۡنَتَ
عِمۡرَٰنَ ٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا فَنَفَخۡنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا
وَصَدَّقَتۡ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ وَكَانَتۡ مِنَ ٱلۡقَٰنِتِينَ ١٢

سەرپێچی خوا ناکەن، بەهەر کارێکیش فەرمانیان پێ بکرێت ئەنجامی دەدەن.

(7) (لە قیامەتدا پەروەردگار بە بێباوەڕان) دەفەرموێت : ئەی ئەوانەی بێباوەڕن ئەمڕۆ هیچ بڕ و بیانو وعوزرێك مەهێننەوە، چونكە بەڕاستی تەنها پاداشتی (مەبەست پێی سزایە) ئەو كار وكردەوانە دەدرێنەوە كە (لە دونیا) كردوتانە.

(8) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە تەوبە بكەن وبگەڕێنەوە بۆلای خوا بە گەڕانەوە وتەوبەیەكی یەكجاری ودڵسۆزانە، تا پەروەردگارتان لە گوناهەكانتان خۆش بێت وبتانخانە باخ وبەهەشتانێكەوە كە چەند ڕووبار بە ژێریاندا دەڕوات، ئەو ڕۆژە ڕۆژگارێكە كە خوای گەورە پێغەمبەر وئەو (ئیماندارانەی) لەگەڵیدان سەر شۆڕ ناكات، نوور ڕووناكیان دێت ودەچێت لەبەردەم و لای ڕاستیانەوە دەدرەوشێتەوە، (لەبەرامبەر ئەم نعمەتەدا) دەڵێن ئەی پەروەردگارمان ئەم نوور وڕوناكیەمان بۆ تەواو بكە وە لێمان خۆش بە، چونكە بەڕاستی هەر تۆی كە دەسەڵاتداری بەسەر هەموو شتێكدا.

(9) ئەی پێغەمبەر بجەنگێ لەگەڵ بێباوەڕان ودوو ڕووان وتوند وتیژ بە لەگەڵیاندا، ئەوانە جێگا وشوێنیان ئاگری دۆزەخە كە خراپترین جێگا وسەرئەنجامە.

(10) خوای گەورە نمونەیەك دەهێنێتەوە بۆ بێباوەڕان بەژنەكەی نوح وبەژنەكەی لوط، ئەم دوو ژنە خێزان وژنی دوو بەندەی باوەڕداری چاكی ئێمە بوون، كەچی ئەم دوو ژنە ناپاكیان كرد (بەوەی باوەڕیان پێ نەهێنان وگاڵتەیان پێ دەكردن وسیخوڕیان بەسەرەوە دەكردن، نەك مەبەست خیانەتی هاوسەرێتی بێت) لەبەر ئەمە ئەم دوو پێغەمبەرە(نوح ولوط) كە مێردی ئەوان بوون نەیانتوانی لای خوای گەورە تكایەكیان بۆ بكەن وسزایان لێ دووربخەنەوە، وە پیان ووترا (بەو دوو ژنە) بچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە لەگەڵ ئەوانەی كە دەچنە ناویەوە (واتە لەگەڵ بێباوەڕانی تردا).

(11) هەروەها خوای گەورە نموونەیەك دەهێنێتەوە بۆ باوەڕداران بە ژنەكەی فرعەون (ئاسیای كچی موزاحم كە ئافرەتێكی ئیماندار بوو لە كاتێكدا فرعەون سزای ئەدا لەسەر ئەوەی باوەڕی هێنابوو بە موسی لەسەرەمەرگدا ئەو ژنە) ووتی: ئەی پەروەردگارم خانوو كۆشكێكم لای خۆت بۆ دروست بكە لەبەهەشتدا، ورزگارم بكە لە فرعەون وكار وكردەوەی ورزگاریشم بكە لە گەلی ستەمكاران.

(12) هەروەها نمونەش دەهێنێتەوە بۆ ئیمانداران بە مەریەمی كچی عیمران كە داوێنی خۆی پاك ڕاگرت، ئەمجا ئێمەش لەو ڕۆحەی كە خۆمان دروستمان كردوە فوومان كرد پێیدا، ئەویش باوەڕی هێنا بە ووتە وكتێبەكانی پەروەردگاری، ( ئەم ئافرەتە ) هەمیشە وهەردەم لە ڕیزی مل كەچ وفەرمانبەردارانی خودا بوو.

سُورَةُ المُلْك
ترتيبها ٦٧ — آياتها ٣٠

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
تَبَٰرَكَ ٱلَّذِي بِيَدِهِ ٱلۡمُلۡكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ١ ٱلَّذِي خَلَقَ
ٱلۡمَوۡتَ وَٱلۡحَيَوٰةَ لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗاۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفُورُ ٢
ٱلَّذِي خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗاۖ مَّا تَرَىٰ فِي خَلۡقِ ٱلرَّحۡمَٰنِ مِن
تَفَٰوُتٖۖ فَٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ هَلۡ تَرَىٰ مِن فُطُورٖ ٣ ثُمَّ ٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ كَرَّتَيۡنِ
يَنقَلِبۡ إِلَيۡكَ ٱلۡبَصَرُ خَاسِئٗا وَهُوَ حَسِيرٞ ٤ وَلَقَدۡ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ
ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَجَعَلۡنَٰهَا رُجُومٗا لِّلشَّيَٰطِينِۖ وَأَعۡتَدۡنَا لَهُمۡ عَذَابَ
ٱلسَّعِيرِ ٥ وَلِلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ عَذَابُ جَهَنَّمَۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ
٦ إِذَآ أُلۡقُواْ فِيهَا سَمِعُواْ لَهَا شَهِيقٗا وَهِيَ تَفُورُ ٧ تَكَادُ تَمَيَّزُ
مِنَ ٱلۡغَيۡظِۖ كُلَّمَآ أُلۡقِيَ فِيهَا فَوۡجٞ سَأَلَهُمۡ خَزَنَتُهَآ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ نَذِيرٞ ٨
قَالُواْ بَلَىٰ قَدۡ جَآءَنَا نَذِيرٞ فَكَذَّبۡنَا وَقُلۡنَا مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٍ إِنۡ أَنتُمۡ
إِلَّا فِي ضَلَٰلٖ كَبِيرٖ ٩ وَقَالُواْ لَوۡ كُنَّا نَسۡمَعُ أَوۡ نَعۡقِلُ مَا كُنَّا فِيٓ أَصۡحَٰبِ
ٱلسَّعِيرِ ١٠ فَٱعۡتَرَفُواْ بِذَنۢبِهِمۡ فَسُحۡقٗا لِّأَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ١١
إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُم بِٱلۡغَيۡبِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٞ كَبِيرٞ ١٢

## سوره تی الملك

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

(1) گەورە وبەرز وبلّندە ئەو زاتەی کە هەرچی دەسەلاّتی بوونەوەر وپادشایی هەیە بەدەست ئەوە، هەر ئەویشە دەسەلاّتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

(2) ئەو زاتەی کە مردن وژیانی دروست کردوە ئەفراندویەتی، تاوەکو تاقیتان بکاتەوە کامتان کردەوەی چاکترە، هەر ئەوە زاتێکی بالاّدەست بەسەر بێباوەڕان و لێبووردەیە لەباوەڕداران.

(3) ئەو زاتەی کە هەر حەوت ئاسمانەکەی لەسەر یەك وچین چین دروست کردووە، هەرگیز لە نێو دروستکراوەکانی خودای بە بەزەیی ومیهرەباندا نارێکی و ناتەبایی نابینیت، چاوبگێڕە ووردببەرەوە بزانە هیچ ناتەواوی و درزو کون وکەلەبەرێك دەبینێت؟!!

(4) پاشان جار لەدوای جار چاوت بگێڕە سەرسام وملکەچ دەبیت، وچاوت بە ڕسوایی وزەبوونی نائومێدی دەگەڕێتەوە وهیچ ناتەواویەك نابینیت، لەکاتێکدا ئەو چاوانە ماندوون وپەکیان کەوتوە (واتە ناتوانن کەم وکورتی لە دروستکراوەکانی خوادا بەدی بکەن).

(5) بێگومان ئێمە ئاسمانی دونیامان بەچراخانی (جوانی ودرەوشاوەیی ئەستێرەکان) ڕازاندوەتەوە، وبەم ئەستێرانەش تیربارانی شەیتانەکانی پێ دەکەین (ئەوانەیان دەیانەوێت کە نهێنیەکانی گەردوون لە فریشتەکان بدزن لە ئاسمانەکان)، وە سزای سوتێنەر وسەختمان بۆ ئەمانە ئامادەکردوون (لە ڕۆژی دوایدا).

(6) هەروەها سزای دۆزەخیشمان ئامادەکردووە بۆ کەسانێك بێباوەڕ بوون بە پەروەردگاریان، ئەوە خراپترین چارەنووس ومەنزلگایە .

(7) (ئەم بێباوەڕانە) کاتێك فڕێ دەدرێنە ناو دۆزەخەوە، لوورە ونرکە ودەنگێکی ناسازی وەك دەنگی هێستر وگوێدرێژ لەو دۆزەخەوە دەبیسترێت، لەکاتێکدا کە ئەکولێت وجۆش ئەدات.

(8) نزیکە دۆزەخ لەڕق وداخی ئەو کەسانە لەت لەت وپارچە پارچە ببێت، وە هەرکاتێك دەستە وتاقمێکی تێ فڕێ ئەدەن، پاسەوان ودەرگاوانەکانی دۆزەخ بە گاڵتەجاڕیەکەوە لێیان دەپرسن باشە ئەوە هیچ پێغەمبەرێکی ترسێنەرتان بۆ نەهات (بتان ترسێنێت لەم ڕۆژگارە).

(9) (بەداخ وحەسرەتێکەوە) دەڵێن: بەڵێ ترسێنەرمان بۆ هات و(لەم ڕۆژگارەش زۆریان ترساندین) بەلاّم ئێمە بەدرۆمان خستنەوە وبەڕاستمان نەزانین ووتمان (بەو پێغەمبەرانە) خوا لەسەر زمانی ئێوەوە هیچی بۆ نەناردوینەتە خوارەوە، ئێوەش لە گومڕایی وسەر لێشێواویەکی گەورەدان.

(10) وە ووتیان ئەگەر (ووتەی ئەو پێغەمبەرانەمان) ببیستایە، یان بیروهۆشمان بەکار بهێنایە ئێستا نەبوویەنە هاوڕێ ونیشتەجێ دۆزەخ.

(11) بە خەجاڵەتیەوە دانیان نا بەگوناهـ وتاوانی خۆیاندا، دەی ئیتر دووریی لە میهرەبانی وڕەحمی خودا بۆ هاوڕێ ونیشتەجێیانی دۆزەخ.

(12) بێگومان ئەوانەشی لەپەنهانی ونهێنیدا لەپەروەردگاریان دەترسێن، لێخۆش بوون وپاداشتی گەورەیان بۆ ئامادەکراوە.

وَأَسِرُّواْ قَوْلَكُمْ أَوِ ٱجْهَرُواْ بِهِۦٓ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿١٣﴾ أَلَا
يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٤﴾ هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ
ٱلْأَرْضَ ذَلُولًا فَٱمْشُواْ فِى مَنَاكِبِهَا وَكُلُواْ مِن رِّزْقِهِۦ ۖ وَإِلَيْهِ ٱلنُّشُورُ
﴿١٥﴾ ءَأَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ أَن يَخْسِفَ بِكُمُ ٱلْأَرْضَ فَإِذَا هِىَ
تَمُورُ ﴿١٦﴾ أَمْ أَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ أَن يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا ۖ
فَسَتَعْلَمُونَ كَيْفَ نَذِيرِ ﴿١٧﴾ وَلَقَدْ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَكَيْفَ
كَانَ نَكِيرِ ﴿١٨﴾ أَوَلَمْ يَرَوْاْ إِلَى ٱلطَّيْرِ فَوْقَهُمْ صَٰٓفَّٰتٍ وَيَقْبِضْنَ ۚ مَا
يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحْمَٰنُ ۚ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍۭ بَصِيرٌ ﴿١٩﴾ أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى
هُوَ جُندٌ لَّكُمْ يَنصُرُكُم مِّن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ۚ إِنِ ٱلْكَٰفِرُونَ إِلَّا فِى غُرُورٍ
﴿٢٠﴾ أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى يَرْزُقُكُمْ إِنْ أَمْسَكَ رِزْقَهُۥ ۚ بَل لَّجُّواْ فِى عُتُوٍّ
وَنُفُورٍ ﴿٢١﴾ أَفَمَن يَمْشِى مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِۦٓ أَهْدَىٰٓ أَمَّن يَمْشِى سَوِيًّا
عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٢٢﴾ قُلْ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَكُمْ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ
وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ۖ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿٢٣﴾ قُلْ هُوَ ٱلَّذِى ذَرَأَكُمْ
فِى ٱلْأَرْضِ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٢٤﴾ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ
صَٰدِقِينَ ﴿٢٥﴾ قُلْ إِنَّمَا ٱلْعِلْمُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٢٦﴾

(13) ئێوه قسه به نهێنی یان به ئاشكرا بكەن (بۆ خوای گەوره یەكسانه) چونكه ئەو خوایه بێگومان زانایه به نهێنی ناو سینگ ودڵەكان.

(14) ئایا خوا نازانێت كێی دروستكردوه وچۆنی دروستكردوه؟! لەكاتێكدا ئەو خوایه زور وورد بین وبه ئاگایه.

(15) ئەو خوایەی كه زەوی بۆ ڕام وژێربار كردوون، دەی ئێوەش بگەڕێن به هەموو گۆشەو كەنارێكیدا ولەڕزق وڕۆزیەكەی بخۆن، ئەوەش بزانن سەرئەنجام وگەڕانەوەتان هەر بۆلای خوای گەورەیه.

(16) ئایا ئێوه (ئەی بێباوەڕان) دڵنیان لەو خوایەی كەلە ئاسمانه نەتانباته خوار بەناخی زەویدا (وەك ئەوەی قارونی برد بەناخی زەویدا)؟ پاشان ئەو زەویه دەست بەجێ بێته لەرزه وجولان.

(17) یان ئایا ئێوه (ئەی بێباوەڕان) دڵنیان لەو خودایەی لەئاسمانه كه بایەكی توندتان بەسەردا هەڵ نەكات وبەرد بارانتان نەكات (وەك ئەو بەردبارانەی كه كردیه سەر قەومی لوط)؟ ئەودەمه دەزانن هەڕەشه وتۆڵەی من چۆنه.

(18) بێگومان هۆز وگەلانی پێشووتر لەمانیش پێغەمبەرەكانیان بەدرۆزانی، جا چۆن بوو تۆڵه وبەگژاچوونەوەی من بۆیان!!.

(19) ئایا سەیری (پۆله) باڵندەیان نەكردوه بەسەریانەوه به باڵ كراوەی لەكاتی فڕینیاندا كه چۆن باڵەكانیان دەهێننەوه یەك؟ ئەو باڵندانه جگه لەخوای میهرەبان كەس بەئاسمانەوه ڕاگیریان ناكات، بێگومان ئەو خوایه بینایه بەهەموو شتێك (وهیچیشی لێ وون نابێت).

(20) یان ئەو كەسه كێیه خۆی به سوپا ولەشكری ئێوه دەزانێت و وادەردەخات كه بەبێ خوای میهرەبان ئەتوانێت سەرتان بخات؟! نا شتی وانیه، بێباوەڕان له فریو خواردن وخەڵەفاویدان.

(21) یاخود كێیه ئەو كەسەی كه ڕزق وڕۆزیتان دەدات ئەگەر خوای گەوره لێتان بگرێتەوه؟! نا، بەڵكو ئەوانه ڕۆچوون له گومڕایی و سەركەشی ودوره پەرێزی لەحەق.

(22) ئایا ئەو كەسەی كه بەدەمدا كەوتوه وبەوحاڵەیەوه ڕێ دەكات (پەروەردگار ئەم نمونەیەی به بێاوەڕان هێناوەتەوه كەلەسەر ڕێگای ناحەق دەڕۆن ) باشتر ڕێگه دەزانێت لەو كەسەی كه لەسەر ڕێگایەكی ڕاست ودروست ڕێ دەكات (ئەمەش نمونەی باوەڕدارانه كه لەسەر ڕێگای هیدایەتن).

(23) ئەی (موحەمەد) پێیان بڵێ: هەر پەروەردگاره كه ئێوەی دروستكردوه وگوێ و چاو ودڵی پێ بەخشیوون، لەبەرامبەریشدا كەمتان هەیه سوپاس وشوكری خودا بكات.

(24) وه پێیان بڵێ: هەر ئەو زاتەیه كه ئێوەی لەسەر زەویشدا بڵاوی كردوەتەوه، گەڕانەوه وكۆكردنەوەشتان هەر بۆلای ئەوه.

(25) بێباوەڕان (به گاڵتەجاڕیەكەوه به پێغەمبەر) دەڵێن ئەم بەڵێنەی ئێوه دەیدەن (به زیندوو بوونەوه وهاتنی ڕۆژی دوایی وسزادان) كەی دێته دی ئەگەر ئێوه ڕاستگۆن؟.

(26) تۆش پێیان بڵێ: زانیاری تەواو لەهاتنی ئەو ڕۆژه تەنها لای خوای گەورەیه، منیش تەنها ترسێنەرێكی ئاشكرا( ی ئێوه) م.

(27) جا كاتێك بێباوەڕان ئەو سزایەیان دی له نزیك خۆیانەوه، ڕوخساریان تاڵ وناشیرین ونابووت بوو، ئەوسا (بەگاڵتە پێكردنیەكەوه) پێیان دەوترێت ئەمه ئەو ڕۆژەیه كه ئێوه داواتان دەكرد .

(28) پێیان بڵێ : ئەگەر خوا من وئەو ئیماندارانه لەناو ببات وبمانباتەوه بۆلای خۆی (وەك ئەوەی ئێوه ئاواتەخوازینی) یان ڕەحم ومیهرەبانیمان لەگەڵ بكات، كێ هەیه بێباوەڕان پەنا بدات لەسزای سەختی بەئازاری پەروەردگار.

29 بلێ: ئێمە خوای میهرەبانمان هەیە کە باوەڕمان پێی هێناوە، پشت وپەناشمان هەر ئەوە، جا ئیتر ڕۆژێك دێت وبۆتان دەردەکەوێت کێ لە گومڕایی ئاشکرادایە.

4 پێیان بڵێ : لاتان چۆنە ئەگەر بینیتان کە ئاوی سەرزەویتان بەناخدا ڕۆچوو، کێ هەیە (جگە لەخوای گەورە) ئاوی زوڵاڵ وسازگارتان بداتێ؟.

# سورە تی القلم

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

نون یەکێکە لە بیست وهەشت پیتەکەی زمانی عەرەبی، ئەم پیتانە لەسەرەتای هەندێك لەسوورەتەکانی قورئاندا هاتوون کە ژمارەیان (١٤) سورەتە، تەنها خوای گەورە ئەزانێت مەبەستەکەیان چیە، ئەمەش ڕاسترین تەفسیرە بۆ ئەم پیتانە، بەڵام هەندێ تەفسیری تریش کراوە،لەوانە: ئەم پیتانە ناون بۆ ئەو سورەتانەی لەسەرەتایانەوەن، یان ناون بۆ خوای گەورە، یان بۆ دەستەوسان کردنی عەرەبە بێ باوەڕەکانە، کەدەیانوت ئەم قورئانە لای خواوە نەهاتووە بۆ موحەمەد، هەر بۆیە خوای گەورە پێیان دەڵێت : ئەگەر لای خواوە نەهاتوە دەی ئەگەر ڕاست دەکەن نمونەو وێنەی ئەو قورئانە بهێنن، خۆ ئەم قورئانە هەر لەو پیتانە پێك هاتووە کە ئێوە قسەی پێ دەکەن وبەکاریان دەهێنن .

1 سوێند بە پێنووس وبەو دێڕانەشیی کە دەینوسێت.

2 تۆ ئەی (موحەمەد) لە سایەی ئەو ناز ونعمەتەی کە خودا پێی داویت کە پێغەمبەرایەتیە شێت نیت (وەك ئەوەی کە بێباوەڕان دەیلێن).

3 بێگومان پاداشتی نەبڕاوەت بۆ هەیە.

4 بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و خوویەکی زۆر پەسەند وجوانیت.

5 بەم زوانە تۆش دەبینیت وئەوانیش دەبینن.

6 کە کامتان شێتن (واتە لە ڕۆژی دوایدا هەموو شتێك ئاشکرا دەبێت کە تۆ یان ئەوان لەسەر گومڕایی وشێتیتن).

7 بێگومان پەروەردگارت لەهەموو کەس زاناترە بەو کەسەی گومڕا بووە وڕێی ڕاستی خوای وون کردوە، وە بەو کەسەشی کە ڕێی ڕاست وهیدایەتی گرتۆتە بەر.

ئەم کۆمەڵە ئایەتە لە ئایەتی (٨ وە تا ١٦) زانایانی تەفسیر دەڵێن لەسەر وەلیدی کوڕی موغەیرەی باوکی خالیدی کوڕی وەلید دابەزیوە .

8 هەرگیز گوێڕایەڵی ئەو کەسانە نەکەیت کە تۆ وڕێبازەکەت بەدرۆ دەزانن.

فَلَمَّا رَأَوْهُ زُلْفَةً سِيٓـَٔتْ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَقِيلَ هَٰذَا ٱلَّذِى
كُنتُم بِهِۦ تَدَّعُونَ ﴿٢٧﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَهْلَكَنِىَ ٱللَّهُ وَمَن مَّعِىَ
أَوْ رَحِمَنَا فَمَن يُجِيرُ ٱلْكَٰفِرِينَ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢٨﴾ قُلْ هُوَ
ٱلرَّحْمَٰنُ ءَامَنَّا بِهِۦ وَعَلَيْهِ تَوَكَّلْنَا فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ
﴿٢٩﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَصْبَحَ مَآؤُكُمْ غَوْرًا فَمَن يَأْتِيكُم بِمَآءٍ مَّعِينٍۭ ﴿٣٠﴾

ترتيبها ٦٨ — سُورَةُ القَلَمِ — آياتها ٥٢

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

نٓ ۚ وَٱلْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ ﴿١﴾ مَآ أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ ﴿٢﴾
وَإِنَّ لَكَ لَأَجْرًا غَيْرَ مَمْنُونٍ ﴿٣﴾ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾
فَسَتُبْصِرُ وَيُبْصِرُونَ ﴿٥﴾ بِأَييِّكُمُ ٱلْمَفْتُونُ ﴿٦﴾ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ
أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴿٧﴾ فَلَا تُطِعِ
ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿٨﴾ وَدُّوا۟ لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ ﴿٩﴾ وَلَا تُطِعْ كُلَّ
حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴿١٠﴾ هَمَّازٍ مَّشَّآءٍۭ بِنَمِيمٍ ﴿١١﴾ مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ
أَثِيمٍ ﴿١٢﴾ عُتُلٍّۭ بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ ﴿١٣﴾ أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ
﴿١٤﴾ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٥﴾

9 ئەوان ئاواتە خوازن تۆ نەرمیان لەگەڵ بنوێنیت (بەکەم تەرخەمی لە ئاینەکەت) ئەوانیش نەرمی بنوێنن بەرامبەر تۆ.

10 بەقسەی ئەوانە مەکە وگوێڕایەڵیان نەبیت کە زۆر سوێند دەخۆن وسووك وڕسوان.

11 ئەوانە هەمیشە بەشوێن عەیب ونەنگی خەڵکدا دەگەڕێن وقسەی خەڵك دێنن ودەبەن وحەزیان لە ئاژاوەیە.

12 ڕێگری دەکەن لە خێرو چاکە، ودەست درێژی وستەمکارێکی تاوانبارن.

13 بەدخوو ڕەوشت ناشیرین وباوك نادیارن – زۆڵن –.

14 لەبەر ئەوەی هەریەك لەوانە بە ماڵ وسەروەت وسامان وکوڕ وکاڵیەوە دەنازێت.

15 لەکاتێکدا نیشانە وئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا دەخوێنرێتەوە، دەڵێت: ئەمە سەرگوزەشتە وقسەی ئەفسانەی پێشینانە.

16 لە ئەنجامدا لوتی داخ دەکەین وسەر لووتی ڕەش دەکەین.

17 ئێمە ئەو بتپەرستانەمان تاقیکردەوە، هەروەك چۆن خاوەن باخەکانمان تاقیکردەوە، کاتێ کە سوێندیان خوارد بەرەبەیان زوو بچن بەرەکەی لێ بکەنەوە(تا هەژاران نەزانن) (ئەو باخانە

سَنَسِمُهُۥ عَلَى ٱلْخُرْطُومِ (١٦) إِنَّا بَلَوْنَـٰهُمْ كَمَا بَلَوْنَآ أَصْحَـٰبَ ٱلْجَنَّةِ إِذْ أَقْسَمُوا۟
لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ (١٧) وَلَا يَسْتَثْنُونَ (١٨) فَطَافَ عَلَيْهَا طَآئِفٌ مِّن رَّبِّكَ
وَهُمْ نَآئِمُونَ (١٩) فَأَصْبَحَتْ كَٱلصَّرِيمِ (٢٠) فَتَنَادَوْا۟ مُصْبِحِينَ (٢١) أَنِ
ٱغْدُوا۟ عَلَىٰ حَرْثِكُمْ إِن كُنتُمْ صَـٰرِمِينَ (٢٢) فَٱنطَلَقُوا۟ وَهُمْ يَتَخَـٰفَتُونَ (٢٣)
أَن لَّا يَدْخُلَنَّهَا ٱلْيَوْمَ عَلَيْكُم مِّسْكِينٌ (٢٤) وَغَدَوْا۟ عَلَىٰ حَرْدٍ قَـٰدِرِينَ (٢٥) فَلَمَّا
رَأَوْهَا قَالُوٓا۟ إِنَّا لَضَآلُّونَ (٢٦) بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ (٢٧) قَالَ أَوْسَطُهُمْ أَلَمْ أَقُل
لَّكُمْ لَوْلَا تُسَبِّحُونَ (٢٨) قَالُوا۟ سُبْحَـٰنَ رَبِّنَآ إِنَّا كُنَّا ظَـٰلِمِينَ (٢٩) فَأَقْبَلَ
بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَلَـٰوَمُونَ (٣٠) قَالُوا۟ يَـٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا طَـٰغِينَ (٣١) عَسَىٰ
رَبُّنَآ أَن يُبْدِلَنَا خَيْرًا مِّنْهَآ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا رَٰغِبُونَ (٣٢) كَذَٰلِكَ ٱلْعَذَابُ ۖ وَلَعَذَابُ
ٱلْـَٔاخِرَةِ أَكْبَرُ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ (٣٣) إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّـٰتِ ٱلنَّعِيمِ
(٣٤) أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ (٣٥) مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ (٣٦) أَمْ
لَكُمْ كِتَـٰبٌ فِيهِ تَدْرُسُونَ (٣٧) إِنَّ لَكُمْ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ (٣٨) أَمْ لَكُمْ أَيْمَـٰنٌ
عَلَيْنَا بَـٰلِغَةٌ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۙ إِنَّ لَكُمْ لَمَا تَحْكُمُونَ (٣٩) سَلْهُمْ أَيُّهُم
بِذَٰلِكَ زَعِيمٌ (٤٠) أَمْ لَهُمْ شُرَكَآءُ فَلْيَأْتُوا۟ بِشُرَكَآئِهِمْ إِن كَانُوا۟ صَـٰدِقِينَ (٤١)
يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ وَيُدْعَوْنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ (٤٢)

هی پیاوێکی خێرۆمەندی چاك بوو، تا خۆی لەژیاندا بوو هەمیشە یارمەتی هەژارانی لێدەدا، بەڵام کاتێ کە مرد وکوڕەکانی هاتن بەو شێوەیە نەمان وخێریان لێ نەدەکرد).

18 بۆ ئەوەی هیچ بەشێکی بۆ هەژاران لێ دەرنەکەن.

19 ئەمجا بەڵایەك لەلایەن پەروەردگارەوە هات بەسەر باخەکەدا، لەکاتێکدا ئەوان خەوتبوون.

20 ئەوسا وەك باخێکی ڕنراوی لێهات (کەهیچ بەرو بوومی پێوە نەما).

21 ئەمجا بەیانی زوو یەکتریان بانگ کرد.

22 کە هەستن بچن بۆ سەر باخەکەتان ئەگەر ئەتانەوێت بیڕنن.

23 ئەوجا کەوتنە ڕێ ولەناو یەکدا بەچپە بەیەکیان ئەوت.

24 ئەمڕۆ هیچ هەژارێك لەناو باخەکەدا نەیەت بەسەرتاندا.

25 بەیانی زۆر زوو دەرچوون (بۆ ناو باخەکەیان) وایان زانی ئەتوانن هەژاران بێ بەش بکەن.

26 کە باخەکەیان بینی بەو ەشێوەیە (گڕە لێی دا بوو) هەموویان ووتیان: بەڕاستی ئێمە ڕێگامان وون کردوە (ئەمە باخەکەی ئێمە نیە).

27 پاشان کەزانیان ڕێگایان وون نەکردوە، ووتیان: ئێمە بەش بڕاو کراوین.

28 کوڕە ناوەنجیەکەیان (کەسێکی ژیریان بوو) پێی ووتن: من نەمووت سوپاس وستایشی خوا بکەن.

29 ئەمجا ووتیان: پاکو بێگەردی بۆ پەروەردگارمان (کە ستەم لەکەس ناکات) بێگومان ئێمە خۆمان ستەمکار بووین.

30 پاشان ڕوویان کردە یەکتری بەسەر زەنشت کردن.

31 ووتیان تیاچوون بۆ ئێمە بەڕاستی ئێمە لەخودا یاخی بووین.

32 ئومێدمان وایە پەروەردگارمان لەو باخە باشترمان بداتێ، بەڕاستی ئێمە هیوامان هەر بە پەروەردگاری خۆمانە.

33 ئاوایە سزای خودا لە دونیادا، وە سزای دواڕۆژ لەوە زۆر گەورەترە ئەگەر بیانزانیایە.

34 بەڕاستی کەسانی لەخواترس لای پەروەردگاریان بەهەشت وباخاتی پڕ لەنازو نیعمەتیان بۆ هەیە.

35 ئێمە چۆن کەسانی موسڵمان وتاوانبار وەك یەك لێ بکەین.

36 چیتانە حوکم وبڕیاری وا ئەدەن (نابیت موسڵمان و تاوانبار وەك یەك بن).

37 ئایا نامەیەکی ئاسمانیتان هەیە کە ئەمەی تیادا بخوێننەوە.

38 کە هەرچی بتانەوێت بە ئارەزووی خۆتان تیایدا هەڵیبژێرن.

39 یان ئێوە سوێندتان لەسەر ئێمەیە کە تا ڕۆژی دوایی هەرچیتان بوێت هەر ئەوە بێت.

40 بپرسە لێیان بزان کامیان زامنی ئەم کارەن.

41 یاخود ئایا شەریك وهاوبەشیان هەیە لەم بڕیارەیاندا کە بتوانن خۆیان یەکسان بکەن لەگەڵ باوەڕداراندا؟ دەی ئەگەر وایە با شەریکەکانیان بهێنن بۆ هاوکاریان ئەگەر ڕاست دەکەن.

42 ڕۆژێکە لاق دەردەکەوێت هەموو مەخلوقاتی خوای گەورە سوژدە دەبەن، وە بانگ دەکرێت لەخوانەناسان ودوو ڕووەکان کە سوژدە ببەن، بەڵام ناتوانن، بوخاری لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وآله وسلم) فەرمویەتی: " يكشف ربنا عن ساقه، فيسجد له كل مؤمن ومؤمنة، ويبقى من كان يسجد في الدنيا رياءً وسمعة فيذهب ليسجد، فيعود ظهره طبقاً واحداً " واتە : لەو ڕۆژەدا پەروەردگارمان لاقی خۆی دەردەخات، جا هەموو پیاو وئافرەتێکی ئیماندار سوژدەی بۆ دەبات، وەئەوەی لەدونیادا لەبەر ڕوپامایی وناوبانگ سوژدەی بۆ بردوە دەمێنێتەوە، دەچێت سوژدە ببات ، پشتی ڕەق دەوەستێ وناتوانێت سوژدە بەرێت) جا دەرکەوتنی لاقی پەرورەدگار بە چ شێوەیەکە ئێمە وەك سەلەف دەڵێین باوەڕمان پێی هەیە وەك ئەوەی هاتوە، لەگەڵ ئەوەشدا شێوە وکەیفیەتی نازانین، پرسیار کردن لێیشی بیدعەیە– ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ناخۆشی وناڕەحەتی ئەو ڕۆژە.

43 (له ڕۆژی دوایی دا) چاویان شۆڕه وریسوایی دایان دەگرێت، چونكه له دونیادا بانگ دەكران بۆ سوژدەبردن (نەدەهاتن) لەكاتێكدا ئەوان لەش ساغ وتەندروستیش بوون.

44 وازم لێ بهێنه بۆ ئەو كەسانەی كە ئەم قورئانە بە درۆ دەزانن، وورده وورده كێشیان دەكەین بۆ سزایەك بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن وهەستی پێ بكەن.

45 له دونیادا مۆڵەتیان دەدەم تاوەكو تاوانەكانیان زیاتر بێت، (بەڵام بابزانن) تۆڵە ونەخشەی من بەرامبەر ئەوانە زۆر تۆكمە وبەهێزه وله دەستم ڕزگاریان نابێت.

46 ئایا تۆ لەبەرامبەر گەیاندنی بەرنامە وپەیامەكەت داوای پاداشت وكرێیان لێدەكەیت، بۆ ئەوەی قەرزار باربن ولەژێری دەرنەچن.

47 وەئایا ئەو (بێباوەڕانە) شتێك لە غەیب و زانینی نهێنیەكانیان لا هەیە تاوەكو هەندێ بەڵگەی بێ بنەما بۆ خۆیان بینوسنەوە ودژایەتی تۆی پێ بكەن.

48 ئەی (موحەمەد) ئارام بگرە لەبەرامبەر فەرمانی پەروەردگارتەوە، نەكەیت وەك هاوەڵی نەهەنگەكە بیت (مەبەست پێی یونس پێغەمبەرە– عليه السلام – كە ئارامی نەگرت و گەلەكەی بەجێهێشت) وەكاتێكیش (ئەو نەهەنگە قوتی دا) دڵی پڕ بوو لە خەم وپەژارە وهاواری برد بۆ لای پەروەردگار.

49 خۆ ئەگەر ڕەحمەت وبەزەیی پەروەردگار نەبوایە، ئەوا فڕێ دەدرایە دەشتێكی ووشكەوە، وبەدناو وسەرزەنیشتیش دەكرا.

50 ئەمجا (پاش ئەوەی یونس پەشیمان بوویەوە وتەوبەی كرد) پەروەردگاری هەڵیبژاردەوە وكردی بەیەكێك لە صالحان وچاكەكاران.

51 ئەی (موحەمەد) ئەوانەی بێباوەڕ بوون نزیكە لە دژایەتی ورقیان لەتۆ كاتێك گوێیان لەم قورئانە دەبێت بەچاوی (پیسیان) هەڵتدێرن، وە دەڵێن: ئەم پێغەمبەره شێتە.

52 لەكاتێكدا ئەم قورئانە تەنها ئامۆژگاریە بۆ تەواوی دونیا (بەئینسان وجنۆكەوە).

## سوره تی الحاقة

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

1 (الحاقة) یەكێكە لەناوەكانی ڕۆژی دوایی، بەومانایەی ئەو ڕۆژە ڕۆژێكی ڕاستە، چونكه هەموو ڕاستیەكانی تێدا دەردەكەوێت.

2 ئەو ڕۆژە چی بێت.

3 تۆ چوزانیت ئەو ڕۆژە ڕاستە چیە؟.

خَٰشِعَةً أَبۡصَٰرُهُمۡ تَرۡهَقُهُمۡ ذِلَّةٞۖ وَقَدۡ كَانُواْ يُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ وَهُمۡ سَٰلِمُونَ
﴿٤٣﴾ فَذَرۡنِي وَمَن يُكَذِّبُ بِهَٰذَا ٱلۡحَدِيثِۖ سَنَسۡتَدۡرِجُهُم مِّنۡ حَيۡثُ
لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٤٤﴾ وَأُمۡلِي لَهُمۡۚ إِنَّ كَيۡدِي مَتِينٌ ﴿٤٥﴾ أَمۡ تَسۡـَٔلُهُمۡ أَجۡرٗا فَهُم
مِّن مَّغۡرَمٖ مُّثۡقَلُونَ ﴿٤٦﴾ أَمۡ عِندَهُمُ ٱلۡغَيۡبُ فَهُمۡ يَكۡتُبُونَ ﴿٤٧﴾ فَٱصۡبِرۡ
لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلۡحُوتِ إِذۡ نَادَىٰ وَهُوَ مَكۡظُومٞ ﴿٤٨﴾ لَّوۡلَآ
أَن تَدَٰرَكَهُۥ نِعۡمَةٞ مِّن رَّبِّهِۦ لَنُبِذَ بِٱلۡعَرَآءِ وَهُوَ مَذۡمُومٞ ﴿٤٩﴾ فَٱجۡتَبَٰهُ رَبُّهُۥ
فَجَعَلَهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٥٠﴾ وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَيُزۡلِقُونَكَ بِأَبۡصَٰرِهِمۡ
لَمَّا سَمِعُواْ ٱلذِّكۡرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُۥ لَمَجۡنُونٞ ﴿٥١﴾ وَمَا هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴿٥٢﴾

ترتيبها ٦٩ — سُورَةُ الحَاقَّةِ — آياتها ٥٢

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلۡحَآقَّةُ ﴿١﴾ مَا ٱلۡحَآقَّةُ ﴿٢﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحَآقَّةُ ﴿٣﴾ كَذَّبَتۡ ثَمُودُ
وَعَادُۢ بِٱلۡقَارِعَةِ ﴿٤﴾ فَأَمَّا ثَمُودُ فَأُهۡلِكُواْ بِٱلطَّاغِيَةِ ﴿٥﴾ وَأَمَّا
عَادٞ فَأُهۡلِكُواْ بِرِيحٖ صَرۡصَرٍ عَاتِيَةٖ ﴿٦﴾ سَخَّرَهَا عَلَيۡهِمۡ
سَبۡعَ لَيَالٖ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومٗا فَتَرَى ٱلۡقَوۡمَ فِيهَا صَرۡعَىٰ
كَأَنَّهُمۡ أَعۡجَازُ نَخۡلٍ خَاوِيَةٖ ﴿٧﴾ فَهَلۡ تَرَىٰ لَهُم مِّنۢ بَاقِيَةٖ ﴿٨﴾

4 سەمودی (گەلی صالح) و عادی (گەلی هوود) ئەو ڕۆژە ڕاستەی (كە دڵ دادەخروپێنێ) بەدرۆیان زانی وباوەڕیان پێ نەهێنا.

5 ئەمجا گەلی سەمود بە دەنگێكی نەعرەتەی زۆر گەوره لەناوبران.

6 گەلی عادیش بە ڕەشەبایەكی ساردی بەهێزی سەخت لەناوبران.

7 حەوت شەو وهەشت ڕۆژ خوای گەوره ئەو ڕەشەبایەی بەردەوام بەسەردا زاڵ كردن، ئەگەر لەوێ بویتایە ئەو گەلەت دەدی بەمردووی كەوتون وەك قەدی دار خورمای پوواوی ناو زڕاو ( یان لێهاتوه ) .

8 ئایا كەسیان لێ دەبینی كە مابێتەوە.

9 فیرعەون وگەلانی پێش ئەویش لە دانیشتوانی گوند وشارەكان سەرەو ژێربووەكان بە گوناه وتاوانیانەوە هاتن.

10 هەر گەلێك لەو گەلانە سەرپێچی پێغەمبەری پەروەردگاریان كرد، ئەوجا خوای گەوره گرتنی بە گرتنێكی زۆر سەخت.

وَجَآءَ فِرۡعَوۡنُ وَمَن قَبۡلَهُۥ وَٱلۡمُؤۡتَفِكَٰتُ بِٱلۡخَاطِئَةِ ﴿٩﴾ فَعَصَوۡاْ رَسُولَ
رَبِّهِمۡ فَأَخَذَهُمۡ أَخۡذَةٗ رَّابِيَةً ﴿١٠﴾ إِنَّا لَمَّا طَغَا ٱلۡمَآءُ حَمَلۡنَٰكُمۡ فِي ٱلۡجَارِيَةِ
﴿١١﴾ لِنَجۡعَلَهَا لَكُمۡ تَذۡكِرَةٗ وَتَعِيَهَآ أُذُنٞ وَٰعِيَةٞ ﴿١٢﴾ فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ
نَفۡخَةٞ وَٰحِدَةٞ ﴿١٣﴾ وَحُمِلَتِ ٱلۡأَرۡضُ وَٱلۡجِبَالُ فَدُكَّتَا دَكَّةٗ وَٰحِدَةٗ ﴿١٤﴾
فَيَوۡمَئِذٖ وَقَعَتِ ٱلۡوَاقِعَةُ ﴿١٥﴾ وَٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَهِيَ يَوۡمَئِذٖ وَاهِيَةٞ
﴿١٦﴾ وَٱلۡمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرۡجَآئِهَاۚ وَيَحۡمِلُ عَرۡشَ رَبِّكَ فَوۡقَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ ثَمَٰنِيَةٞ
﴿١٧﴾ يَوۡمَئِذٖ تُعۡرَضُونَ لَا تَخۡفَىٰ مِنكُمۡ خَافِيَةٞ ﴿١٨﴾ فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ
كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ فَيَقُولُ هَآؤُمُ ٱقۡرَءُواْ كِتَٰبِيَهۡ ﴿١٩﴾ إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَٰقٍ
حِسَابِيَهۡ ﴿٢٠﴾ فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ ﴿٢١﴾ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٖ ﴿٢٢﴾
قُطُوفُهَا دَانِيَةٞ ﴿٢٣﴾ كُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ هَنِيٓـَٔۢا بِمَآ أَسۡلَفۡتُمۡ فِي ٱلۡأَيَّامِ
ٱلۡخَالِيَةِ ﴿٢٤﴾ وَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ فَيَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي لَمۡ أُوتَ كِتَٰبِيَهۡ
﴿٢٥﴾ وَلَمۡ أَدۡرِ مَا حِسَابِيَهۡ ﴿٢٦﴾ يَٰلَيۡتَهَا كَانَتِ ٱلۡقَاضِيَةَ ﴿٢٧﴾ مَآ أَغۡنَىٰ
عَنِّي مَالِيَهۡۜ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ ﴿٢٩﴾ خُذُوهُ فَغُلُّوهُ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ ٱلۡجَحِيمَ
صَلُّوهُ ﴿٣١﴾ ثُمَّ فِي سِلۡسِلَةٖ ذَرۡعُهَا سَبۡعُونَ ذِرَاعٗا فَٱسۡلُكُوهُ ﴿٣٢﴾ إِنَّهُۥ
كَانَ لَا يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٣٣﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ﴿٣٤﴾

(11) بێگومان ئێمە كاتێك ئاوی (تۆفانەكەی نوح) سەركەوت، باوباپیرانی ئێوەمان هەڵگرت لەكەشتیەكەیدا.

(12) بۆ ئەوەی چیرۆكی تیاچوونی گەلی نوح بكەینە پەند وئامۆژگاری بۆ ئەو كەسانەی كە گوێیەكانیان دەبیستن بەهۆشمەندی.

(13) جا كاتێكیش (كەكاتی هاتنی قیامەتە) تەنها جارێك فوو كرا بە كەڕەنادا.

(14) زەوی و شاخ وكێوەكان لە جێگای خۆیان بەرزكرانەوە، بەیەكجار دران بەیەكدا.

(15) ئیتر ئەو ڕۆژە قیامەت دێت وڕووداوی گەورە ڕوو دەدات.

(16) ئاسمان هەمووی لەت وشەق دەبێت ولەیەكتر دەترازێت وسست ولاواز دەبێت.

(17) فریشتەكان لەكەناری ئاسماندا ئامادەن، تەخت وعەرشی پەروەردگارت هەشت فریشتە لەفریشتە نزیكەكان لەسەروو خۆیانەوە هەڵیان گرتووە.

(18) لەو ڕۆژەدا خۆتان وكار وكردەوەتان پیشان دەدرێت، وەهیچ كردەوەیەكتان بە پەنهانی و نهێنی نامێنێتەوە.

(19) جا ئەو كەسەی كە تۆماری كردەوەكانی درایە دەستی ڕاستی (بەدڵێكی خۆشەوە) دەڵێت: ها ئەوەتانێ نامەی كردەوەكانم بیگرن وبیخوێننەوە.

(20) چونكە بەڕاستی من خۆم دەمزانی ودڵنیا بووم كە تووشی ئەم لێپرسینەوەیە دەبم.

(21) ئەو كەسە لە ژیانێكی پڕ لەشادی وخۆشیدایە كە زۆر پێی ڕازیە.

(22) لەبەهەشتێكی بەرزدا.

(23) میوە وبەرو بومی باخاتی ئەو بەهەشتانە زۆر نزیكە لێیەوە، بەشێوەیەك چ بەپێوە بێت یان بەدانیشتن یان بەڕاكشانەوە دەستی دەگاتێ و ماندوو بوونی ناوێت.

(24) جا پێیان دەوترێت : بخۆن وبخۆنەوە نۆشی گیانتان بێت، بەهۆی ئەو كاروكردەوە چاكانەی كە لەدونیا دەتانكرد.

(25) بەڵام ئەو كەسەی كە نامەی كردەوەكانی درایە دەستی چەپی، بەداخ وحەسرەتێكەوە دەڵێت : خۆزگە ئەم نامەیەم نەدرایەتێ.

(26) وە نەمزانیایە سەرئەنجامی حساب ولێپرسینەوەم چیە.

(27) كاشكای وە خۆزگە مردنەكەم یەكجاری بوایە.

(28) سەروەت وسامانم هیچ قازانج وسودێكی پێ نەگەیاندم.

(29) ئەو دەسەڵاتەی كە هەمبوو لەناوچوو.

(30) ئەوجا فەرمان دەكرێت بە سەرپەرشتیارانی دۆزەخ كە بیگرن و كۆت وزنجیری لەدەست بكەن.

(31) پاشان بیخەنە ناو دۆزەخەوە.

(32) دواتریش بە زنجیرێكی حەفتا گەزی بیبەستنەوە وكۆتی بكەن.

(33) لەبەر ئەوەی كە باوەڕی بە خودای مەزن نەبوو.

(34) هانی خەڵكی نەئەدا لەسەر خواردن دان بە هەژار.

(35) جا ئەویش ئەمڕۆ (كە ڕۆژی دوایی یە) هیچ خەمخۆر ودڵسۆزێكی نیە.

(36) خواردنیشیان تەنها كێم و زووخاوی داچۆڕاوی لاشەی خۆیانە.

(37) ئەمەش كەس نایخوات تاوانبارن نەبێت.

(38) سوێند بێت بەو شتانەی كە بەچاوی خۆتان دەیانبینن.

(39) بەو شتانەش كە نایانبینن.

(40) بێگومان ئەم قورئانە لە زاری پێغەمبەرێكی بەڕێزەوە پێتان ڕادەگەیەنرێت — یاخود لەزاری ڕەوانەكراوێكی بەڕێزەوە كە جوبرەئیلە —.

41 (بێباوەڕەکانی مەککە دەیانگوت محمد شاعیرە و ئەوەشی دەیڵێت شیعرە) پەروەردگاریش بەرپەرچی دانەوە وفەرمووی: ئەم قورئانە شیعری شاعیر نیە، ئیتر بۆ کەمتان باوەڕ دەهێنن.

42 وە قسەی فاڵچیش نیە، ئیتر بۆ کەمتان بیر دەکەنەوە.

43 بەڵکو ئەم قورئانە لەلای پەروەردگاری هەموو جیهانیانەوە ڕەوانەکراوە.

44 ئەگەر موحەمەد هەندێك ووتەی بەدەم ئێمەوە هەڵبەستایە.

45 بێگومان ئێمە بەدەستی خۆمان دەمانگرت وتۆڵەمان لێ دەسەند.

46 و لەپاشانیش شا دەماری دڵیمان دەبچڕی.

47 وە کەسیش نەیدەتوانی لە ئێوە بەرگری لێ بکات.

48 بەڕاستی ئەم قورئانە یادخەرەوەیە بۆ خواناسان وپارێزکاران.

49 بێگومان ئێمە دەزانین هەندێك لە ئێوە قورئان بە درۆ دەزانێت (ئێمەش تۆڵەی خۆمانیان لێ دەسێنین).

50 بەڕاستی قورئان دەبێت بەهۆی داخ وپەژارە بۆ بێباوەڕان لە ڕۆژیی دوایدا.

51 بێگومان قورئان حەق وڕاست ودرووستە.

52 (دەی موحەمەد ) تۆیش هەمیشە یاد وتەسبیحاتی پەروەردگاری مەزنت بکە ( لەسەر نعمەتی ئەم قورئان).

## سوره تی المعارج

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

ئەڵێن: نضري کورِي حارث داوای کرد ووتی خوایە ئەگەر محمد ڕاست دەکات ئەوە بەزووی پێش هاتنی قیامەت بەرد بارانمان کەیت یان سزایەك بنێریت بۆ خۆم وهۆزەکەم، ئەوجا ئەوەی داوای کرد لەڕۆژی بەدردا بەسەریاهات وکوژرا، بەم بۆنەیەوە ئەم سوورەتە دابەزی .

1 داواکارێك کە (نضري کورِي حارث) بوو داوای سزایەکی کرد، هەر پێش دێت بۆی.

2 ئەو سزایەیان بۆ دێت ، ئەوجا هیچ هێزێك نیە ئەو بێباوەڕانە بپارێزێت وپەنایان بدات .

3 لە لایەن خوای خاوەن دەسەڵات وگەورەیی وپلەوپایەی بەرز وخاوەن پلەکان.

4 فریشتەکان وجوبرەئیل سەردەکەون بۆلای خوای گەورە، لەڕۆژێکدا (مەبەست پێی ڕۆژی دوایە) کە بەئەندازەی پەنجا هەزار ساڵ (ی دونیایە).

فَلَيْسَ لَهُ ٱلْيَوْمَ هَٰهُنَا حَمِيمٌ ٣٥ وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ ٣٦ لَّا يَأْكُلُهُۥٓ
إِلَّا ٱلْخَٰطِـُٔونَ ٣٧ فَلَآ أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ ٣٨ وَمَا لَا تُبْصِرُونَ ٣٩
إِنَّهُۥ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ ٤٠ وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ ۚ قَلِيلًا مَّا تُؤْمِنُونَ ٤١
وَلَا بِقَوْلِ كَاهِنٍ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ٤٢ تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ٤٣ وَلَوْ
تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ ٱلْأَقَاوِيلِ ٤٤ لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِٱلْيَمِينِ ٤٥ ثُمَّ لَقَطَعْنَا
مِنْهُ ٱلْوَتِينَ ٤٦ فَمَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَٰجِزِينَ ٤٧ وَإِنَّهُۥ لَتَذْكِرَةٌ
لِّلْمُتَّقِينَ ٤٨ وَإِنَّا لَنَعْلَمُ أَنَّ مِنكُم مُّكَذِّبِينَ ٤٩ وَإِنَّهُۥ لَحَسْرَةٌ عَلَى
ٱلْكَٰفِرِينَ ٥٠ وَإِنَّهُۥ لَحَقُّ ٱلْيَقِينِ ٥١ فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ ٥٢

### سُورَةُ المَعَارِج

ترتيبها ٧٠ — آياتها ٤٤

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سَأَلَ سَآئِلٌۢ بِعَذَابٍ وَاقِعٍ ١ لِّلْكَٰفِرِينَ لَيْسَ لَهُۥ دَافِعٌ ٢ مِّنَ
ٱللَّهِ ذِى ٱلْمَعَارِجِ ٣ تَعْرُجُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيْهِ فِى
يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ٤ فَٱصْبِرْ صَبْرًا جَمِيلًا ٥
إِنَّهُمْ يَرَوْنَهُۥ بَعِيدًا ٦ وَنَرَىٰهُ قَرِيبًا ٧ يَوْمَ تَكُونُ ٱلسَّمَآءُ كَٱلْمُهْلِ
٨ وَتَكُونُ ٱلْجِبَالُ كَٱلْعِهْنِ ٩ وَلَا يَسْـَٔلُ حَمِيمٌ حَمِيمًا ١٠

5 کەواتە ئەی موحەمەد خۆگرو ئارام گربە، بەشێوەیەکی جوان لەبەرامبەر ئەزیەت وئازاری بێباوەڕانەوە.

6 بەڕاستی ئەوانە هاتنی ڕۆژی دوایی زۆر بەدوور ئەزانن.

7 ئێمەش زۆر بەنزیکی ئەزانین.

8 ئەو ڕۆژەی کە ئاسمانە وەك مسی تواوە یان وەك ڕۆنی زەیتی لێ دێت.

9 وە شاخەکانیش وەك خووری شیکراوەیان لێ دێت.

10 هیچ خزم ودۆستێکی نزیك لە خزم ودۆستی خۆی ناپرسێتەوە، لەبەر نارەحەتی دیمەن وخەریك بوونی بەحاڵی خۆیەوە.

11 لەو ڕۆژەدا هەموولایەك بەیەکتر نیشان دەدەرێن وەیەکتریش دەناسن، بەڵام لەبەر ئەوەی هەرکەس خەمی خۆیەتی کەس لەکەس ناپرسێت، تاوانبار وگوناهکار ئاوات دەخوازێت بۆ ڕزگاربوونی لەو سزایە کوڕەکانی بکات بە قوربانی خۆی.

12 هەروەها هاوسەر وبراکەشی بکاتە قوربانی لەپێناو دەربازبوونی.

يُبَصَّرُونَهُمْ يَوَدُّ الْمُجْرِمُ لَوْ يَفْتَدِي مِنْ عَذَابِ يَوْمِئِذٍ بِبَنِيهِ ﴿١١﴾
وَصَاحِبَتِهِ وَأَخِيهِ ﴿١٢﴾ وَفَصِيلَتِهِ الَّتِي تُؤْوِيهِ ﴿١٣﴾ وَمَن فِي الْأَرْضِ
جَمِيعًا ثُمَّ يُنجِيهِ ﴿١٤﴾ كَلَّا إِنَّهَا لَظَىٰ ﴿١٥﴾ نَزَّاعَةً لِّلشَّوَىٰ ﴿١٦﴾ تَدْعُو
مَنْ أَدْبَرَ وَتَوَلَّىٰ ﴿١٧﴾ وَجَمَعَ فَأَوْعَىٰ ﴿١٨﴾ ۞ إِنَّ الْإِنسَانَ خُلِقَ هَلُوعًا
﴿١٩﴾ إِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ جَزُوعًا ﴿٢٠﴾ وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعًا ﴿٢١﴾ إِلَّا
الْمُصَلِّينَ ﴿٢٢﴾ الَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ دَائِمُونَ ﴿٢٣﴾ وَالَّذِينَ فِي
أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَّعْلُومٌ ﴿٢٤﴾ لِّلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ ﴿٢٥﴾ وَالَّذِينَ يُصَدِّقُونَ
بِيَوْمِ الدِّينِ ﴿٢٦﴾ وَالَّذِينَ هُم مِّنْ عَذَابِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ ﴿٢٧﴾ إِنَّ عَذَابَ
رَبِّهِمْ غَيْرُ مَأْمُونٍ ﴿٢٨﴾ وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ ﴿٢٩﴾ إِلَّا عَلَىٰ
أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ ﴿٣٠﴾ فَمَنِ ابْتَغَىٰ وَرَاءَ
ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْعَادُونَ ﴿٣١﴾ وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ
﴿٣٢﴾ وَالَّذِينَ هُم بِشَهَادَاتِهِمْ قَائِمُونَ ﴿٣٣﴾ وَالَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ
﴿٣٤﴾ أُولَٰئِكَ فِي جَنَّاتٍ مُّكْرَمُونَ ﴿٣٥﴾ فَمَالِ الَّذِينَ كَفَرُوا قِبَلَكَ مُهْطِعِينَ
﴿٣٦﴾ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ عِزِينَ ﴿٣٧﴾ أَيَطْمَعُ كُلُّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ
أَن يُدْخَلَ جَنَّةَ نَعِيمٍ ﴿٣٨﴾ كَلَّا إِنَّا خَلَقْنَاهُم مِّمَّا يَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾

(13) لەگەڵ ئەو هۆز وخزم کەسانەش کە پەنایان دەدا.

(14) نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئاواتە خوازە هەرچی هەیە لەسەر زەوی بە مرۆڤ وجنۆکەشەوە بیکاتە قوربانی بۆ ئەوەی ڕزگاری ببێت.

(15) نەخێر قوربانی دان وخۆزگە وئاوات هیچ سودێکیان نیە ونایەنەدی، بەڕاستی ئاگری دۆزەخ ئاگرێکی بەبڵێسەیە.

(16) ئاگرێکە پێستی سەر دادەماڵێت.

(17) ئاگری دۆزەخ بانگی ئەو کەسانە دەکات کە لەدونیادا پشتیان هەڵکردووە لە بەرنامەکەی خوا وروویان وەرگێڕا بێت.

(18) وە ماڵ وسامانی کۆکردبێتەوە وهەڵی گرتبێ ولەپێناوی خوای گەورە سەرفی نەکردبێت.

(19) بەڕاستی مرۆڤ بە چاوبرسی وچاوچنۆکی دروستکراوە (واتە مرۆڤ بەهیچ تێر نابێت جگە بەگڵ نەبێت).

(20) لەکاتێکیشدا کە نارەحەتیەکی تووش دەبێت دەست دەکات بەهات وهاوار ونارەزایی دەربڕین.

وە ئەگەر تووشی خێر وبەرەکەتێکیش ببێت

(21) ئەیگرێتەوە لەهەژاران وبەشی کەسی لێ نادات.

(22) جگە ئەو نوێژ خوێنانە نەبێت (کە خاوەنی ئەم سیفاتانەن):.

(23) ئەوانەی کە هەمیشە وبەردەوامن لەسەر بەجێهێنانی نوێژەکانیان.

(24) ئەوانەی کە لەسەروەت وسامانیاندا مافێکی دیاری کراوە هەیە لەپێناوی خوادا.

(25) بۆ هەژارێك کە خۆی داوا دەکات وە بۆهەژارائێکیش کەرووی نایە داوابکات.

(26) ئەوانەی باوەڕی تەواویان بەڕۆژی دوایی هەیە وبەڕاستی دەزانن.

(27) وە ئەوانەی کە لەسزای پەروەردگاریان دەترسن.

(28) چونکە بەڕاستی سزای پەروەردگاریان کەسی لێ ئەمین نیە (تا نەترسێت وخەمی نەبێت).

(29) ئەوانەشی کە پارێزگاری دەکەن لەداوێنی خۆیان (کەتووشی زینا نەبن).

(30) جگە لە خێزان وکەنیزەکەکانیان نەبێت ئەگەر داوێنی خۆیان نەگرن لێیان لۆمە ناکرێن لەسەری (چونکە ئەوانە بۆیان حەلاڵن).

(31) جا هەرکەسێك جگە لەوە پەنا بباتە بەر شتێکی تر (وەك زینا، نکاحی موتعە) بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی ئەوە دەست درێژی کردوە وسنوری خودای بەزاندوە.

(32) ئەوانەی کە چاودێری سپاردە دەکەن ( ئەمانەت پارێزن ) وپەیمانەکانیان دەبەنەسەر.

(33) وە ئەوانەی کە شایەتی خۆیان بەتەواوی دەدەن (بەبێ جیاوازی لەنێوان خەڵکیدا) وشایەتیەکانیان ناشارنەوە.

(34) وەئەوانەی کە پارێزگاری لە نوێژەکانیان دەکەن ولەکاتی خۆیدا ئەنجامی دەدەن.

(35) ئەوانەی خاوەنی ئەو سیفەتە جوانانە لەباخەکانی بەهەشتدا ڕێز لێگیراون.

(36) چیە ئەوانەی بێباوەڕن لەکاتێکدا تۆ دەردەکەویت (ئەی موحەمەد) بەپەلە دێن بۆلات.

(37) لەلای ڕاست وچەپتەوە لە دورەوە کۆمەڵ کۆمەڵ دەوەستن وبەتانە وتەشەرەوە سەیرت دەکەن وگاڵتەت پێ دەکەن.

(38) (بێباوەڕەکان ئەیانووت ئەگەر بەهەشت ئابەو شێوەیە بێت کە شوێنکەوتەکانی خۆی تێ بچێت، ئەوە ئێمە لەپێش ئەوانەوە دەچینە بەهەشتەوە) پەروەردگاریش ئەم ئایەتەی دابەزاند وبەرپەرچی دانەوە، وەك دەفەرموێت: ئایا ئەوانەی ئابەو

شێوەیەن لەگەڵ پێغەمبەردا بەتـەمان کـە بخرێنـە بەهەشـتی پڕ لەناز ونیعمەتەوە؟!.

39 هەر گیز شتی وانابێت، بێگومان خۆیان دەزانن ئێمـە لەچـی دروستمان کردوون (واتە بۆ ئەوەندە لەخۆ بای بوون خـۆ خۆیـان ئەزانن ئێمە لەدڵۆپـێ ئاوی قێزەون دروستمان کردون).

40 ئـەوجا سـوێند بێـت بـە ڕۆژهەڵاتـەکان وڕۆژئاواکـان ئێمـە بەدەسەڵاتین ( مەبەست لەڕۆژهەڵاتەکان وڕۆژئاواکـان ئەوەیـە لـە زستان وهاویندا شوێن وجێگای هەڵهاتن وئاوابوونی ڕۆژ دەگۆڕێت وبەشێوەیەك لەهاویندا جێگای هـەڵهاتنێکی هەیـە ولەزستانیشـدا جێگایەکی تر، بەمەش ڕۆژ لەچەند جێگایەکەوە هەڵدێت ولەچەند جێگایەکیشەوە ئاوا دەبێت).

41 بەدەسەڵاتین بەسەر ئەوەی ئـەتوانین بیـانگۆڕین ولـەناویان ببەین ولەجێگای ئەوان کەسـانی تـری باشـتر وبـاوەڕدار بهێـنین، (بزانن) ئێمە بۆ ئەو کارە بێ توانا نین.

42 وازیان لێبهێنە با لەبێباوەڕی وگاڵتەوگەپ وقسەی پڕوپوچدا ڕۆبچن (تۆش خەریکی بانگەواز وکاری خـۆت بـە) تـا ئـەو کاتـەی دووچاری ئەو ڕۆژە دەبن کە بەڵێنیان پێدراوە.

43 ئەو ڕۆژەی کـە لـە گۆڕەکانیـان بەپەلـە دێنـەدەرەوە، هـەر دەڵێیت بۆلای بتەکانیان ڕادەکەن (هەروەك چۆن لەدونیادا گورگە لۆقە وڕاکردنیان بوو بەدەوری بتەکانیاندا).

44 لە ڕۆژی دوایدا ئەو بێباوەڕانە چاویان شۆڕەو زەلیلی وسەر شۆڕی دایگرتون، ئا ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە لە دونیادا بەڵێنیان پـێ درابوو.

## سورەتی نوح

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

1 بێگومـان ئێمـە نـوح مـان ڕەوانـەکرد بـۆلای گەلەکـەی، وفەرمانمان پێکرد کە گەلەکـەت بێداربکـەرەوەو بیانترسـێنە (کـە دوور بکەونەوە لە بت پەرستی ویەکتاپەرسـت بـن) پـێش ئـەوەی سزای سەختیان تووش ببێت.

2 ئـەویش پێـی فـەرموون: ئـەی گـەل وهـۆزم بێگومـان مـن ترسینەرێکی ڕوون وئاشکرام بۆ ئێوە.

3 کـە هـەر خـوا بپەرسـتن ولەسـزاو سەرپێچـیەکانی خۆتـان بپارێزن، وە گوێڕایەڵ وفەرمانبەرداری منیش بن.

4 تـــاوەکو پـــەروەردگار لەگوناهـــەکانتان خـــۆش ببێـــت وبتانهێڵێتەوە بۆکاتێکی دیاری کراو (بەو مانایەی تەمەن درێژتان بکـات لەئـەنجامی گوێڕایـەڵیتان بـۆ خـوای گـەورە، دەی کەواتـە دەسـتی خۆتـان پـێش بخـەن لەبـەجێهێنانی فەرمانـەکانی خـوا

فَلَآ أُقۡسِمُ بِرَبِّ ٱلۡمَشَٰرِقِ وَٱلۡمَغَٰرِبِ إِنَّا لَقَٰدِرُونَ ٤٠ عَلَىٰٓ أَن نُّبَدِّلَ خَيۡرًا مِّنۡهُمۡ
وَمَا نَحۡنُ بِمَسۡبُوقِينَ ٤١ فَذَرۡهُمۡ يَخُوضُواْ وَيَلۡعَبُواْ حَتَّىٰ يُلَٰقُواْ يَوۡمَهُمُ ٱلَّذِي
يُوعَدُونَ ٤٢ يَوۡمَ يَخۡرُجُونَ مِنَ ٱلۡأَجۡدَاثِ سِرَاعٗا كَأَنَّهُمۡ إِلَىٰ نُصُبٖ يُوفِضُونَ
٤٣ خَٰشِعَةً أَبۡصَٰرُهُمۡ تَرۡهَقُهُمۡ ذِلَّةٞۚ ذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمُ ٱلَّذِي كَانُواْ يُوعَدُونَ ٤٤

### سُورَةُ نُوحٍ

ترتيبها ٧١ — آياتها ٢٨

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦٓ أَنۡ أَنذِرۡ قَوۡمَكَ مِن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَهُمۡ
عَذَابٌ أَلِيمٞ ١ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٌ ٢ أَنِ ٱعۡبُدُواْ
ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ ٣ يَغۡفِرۡ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ وَيُؤَخِّرۡكُمۡ
إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ إِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ إِذَا جَآءَ لَا يُؤَخَّرُۚ لَوۡ كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ
٤ قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوۡتُ قَوۡمِي لَيۡلٗا وَنَهَارٗا ٥ فَلَمۡ يَزِدۡهُمۡ دُعَآءِيٓ إِلَّا
فِرَارٗا ٦ وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوۡتُهُمۡ لِتَغۡفِرَ لَهُمۡ جَعَلُوٓاْ أَصَٰبِعَهُمۡ
فِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَٱسۡتَغۡشَوۡاْ ثِيَابَهُمۡ وَأَصَرُّواْ وَٱسۡتَكۡبَرُواْ ٱسۡتِكۡبَارٗا
٧ ثُمَّ إِنِّي دَعَوۡتُهُمۡ جِهَارٗا ٨ ثُمَّ إِنِّيٓ أَعۡلَنتُ لَهُمۡ وَأَسۡرَرۡتُ
لَهُمۡ إِسۡرَارٗا ٩ فَقُلۡتُ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارٗا ١٠

ودووركەوتنەوە لەنافەرمانی) چونکە بێگومان ئەگەر کاتی دیـاری کراوی مردن هات بەهیچ شێوەیەك دواناخرێت ئەگەر ئێوە بزانن.

5 نـوح فـەرمووی:ئـەی پـەروەردگارم مـن بەشـەو بـەڕۆژ بانگەوازی گەلەکەم کرد(بۆ یەکخواپەرستی).

6 کەچـی بانگەوازەکـەی مـن هیچـی لەئـەوان زیـاد نـەکرد، هەڵهاتن وڕاکردن نەبێت.

7 بێگومان هەرکاتێ من بانگم بکردنایە بـۆ ئـەوەی تـۆ لێیـان خۆش ببیت، ئەوان پەنجەکانیان ئەئاخنی بەناو گوێکانیاندا لەبەر ئـەوەی ووتـەکانی مـن نەبیسـتن وجلوبەرگـەکانی خۆشیان ئـەدا بەسەروچاویاندا تـاوەکو نـەمبینن، وەبـەردەوام دەبـوون لەسـەر بێباوەڕی وخۆ بەزل زانین تاوەکو شوێنم نەکەون.

8 پاشان (ئەی پەروەردگار) من بەئاشکرا بانگم کردن.

9 ئـەمجا مـن بـۆم ڕاگەیانـدن وبـەڕوونی هـەموو شـتێکم بـۆ باسکردن، وەهەندێك جاریش بـەنهێنی بانگـەوازم دەکـردن لـەناو خێزانەکانیاندا.

10 هەمیشـــە پـــێم دەووتـــن: داوای لێخـــۆش بـــوون بکـــەن لەپەروەردگارتان، چونکە بێگومان پەروەردگار زۆر لێبوردەیە.

يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا (١١) وَيُمْدِدْكُم بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل
لَّكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَارًا (١٢) مَّا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا (١٣)
وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا (١٤) أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللَّهُ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ
طِبَاقًا (١٥) وَجَعَلَ الْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا وَجَعَلَ الشَّمْسَ سِرَاجًا (١٦)
وَاللَّهُ أَنبَتَكُم مِّنَ الْأَرْضِ نَبَاتًا (١٧) ثُمَّ يُعِيدُكُمْ فِيهَا وَيُخْرِجُكُمْ
إِخْرَاجًا (١٨) وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ بِسَاطًا (١٩) لِّتَسْلُكُوا مِنْهَا
سُبُلًا فِجَاجًا (٢٠) قَالَ نُوحٌ رَّبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي وَاتَّبَعُوا مَن لَّمْ يَزِدْهُ
مَالُهُ وَوَلَدُهُ إِلَّا خَسَارًا (٢١) وَمَكَرُوا مَكْرًا كُبَّارًا (٢٢) وَقَالُوا
لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ
وَنَسْرًا (٢٣) وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا ۖ وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلَالًا (٢٤)
مِّمَّا خَطِيئَاتِهِمْ أُغْرِقُوا فَأُدْخِلُوا نَارًا فَلَمْ يَجِدُوا لَهُم مِّن دُونِ
اللَّهِ أَنصَارًا (٢٥) وَقَالَ نُوحٌ رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى الْأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ
دَيَّارًا (٢٦) إِنَّكَ إِن تَذَرْهُمْ يُضِلُّوا عِبَادَكَ وَلَا يَلِدُوا إِلَّا فَاجِرًا
كَفَّارًا (٢٧) رَّبِّ اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِمَن دَخَلَ بَيْتِيَ
مُؤْمِنًا وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا تَبَارًا (٢٨)

(11) ( ئەگەر وابكەن ) بارانی بەلێزمە وخورەمتان بۆ دەبارێنێ
( ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئیستغفار وداوای لیخۆش
بوون لە خوا هۆکاری سەرەکیە بۆ ڕزق ورۆزی زۆربوون وبارینی
باران).

(12) سەرەوەت وسامان وکوڕی زۆرتان پێ دەبەخشێت، لەگەڵ
باخ وباخات ورووبار وجۆگەی زۆر.

(13) ئەوە ئێوە چیتانە بۆ لە شکۆ وپلەوپایە وگەورەی خوا
ناترسن.

(14) ئەو خوایەی کە ئێوەی بەچەند قوناغێك دروستکردوە (لەناو
سکی دایکتاندا سەرەتا دڵۆپێ ئاو، پاشان وەك پارچە پارویەك،
ئەمجا پارچە خوێنێك، دواتر ئێسك، وپاشان داپۆشینی ئەو
ئێسکە بە گۆشت، لەکۆتایدا کرۆپەلەیەکی تەواو، لەدوای لەدایك
بونیش سەرەتا منداڵێکی ساوا، وپاشان کەنجێکی بەهێز وکۆتا
قوناغیش پیری ومردن).

(15) ئایا نابینن کە چۆن پەروەردگار ئاسمانی بە حەوت چینی
لەسەر یەك دروستکردوە.

(16) وەمانگی گێڕاوە بە رووناکی لە نێو ئاسمانانەکاندا
وخۆریشی گێڕاوە بەمایەی ڕۆشنکردنەوە بۆ تەواوی بونەوەر
ودایگیرساندوە.

(17) هەر زاتی خوایە کە ئێوەی لە زەوی ڕواندوە (مەبەست
ئەوەیە کەسەرەتا باوکە ئادەمی لەگڵ دروست کردوە، پاشانیش
نەوەکانی لەبەروبومی زەوی سود مەند دەبن).

(18) پاشان ئەتانگێڕێنێتەوە بۆناو گڵ ودواتریش جارێکی تر
لەزەوی دەتانهێنێتە دەرەوە(وزیندووتان دەکاتەوە).

(19) هەر زاتی خوایە کە زەوی بۆ ڕاخستوون.

(20) تا بەئاسانی هاتوچۆ بکەن بە ڕێگا فراوان وکراوەکانیاندا.

(21) نوح فەرمووی: ئەی پەروەردگارم بەڕاستی گەلەکەم
سەرپێچیان کردم وپاخی بوون، وەشوێن ئەوانە کەوتن کە
نەسەروەت وسامان ونە نەوە وکورەکانیان سودێکیان پێ
نەگایاندن زیان وگومرایی نەبێت.

(22) ئەو بێباوەڕانە پیلان و فروفێڵی گەورەیان گێڕا.

(23) وە ووتیان بەخەڵکی : خواکانی خۆتان واز لێ نەهێنن، واز
نەهێنن لە وەد و سواع ویغوث ونەسر ( ئەمانە پیاو چاکانێك
بوون لەو ماوە زەمەنیەی نێوان ئادەم و نوح دا، جا کاتێك مردن
خەڵکی لەبەر خۆشەویستیان وێنەو پەیکەریان بۆ کردن، دوای
ئەوان شەیتان لە شێوەی کەسێکدا هات بۆلای نەوەکانیان پێی
ووتن: کەسانی پێش ئێوە ئەم پەیکەر ووێنانەیان پەرستووە
ئێوەش بیپەرستن، ئەمەش بەیەکەم سەرەتا دادەنرێت بۆ بت
پەرستن، وپاش تریش گەشتە نیوە دوورگەی عەرەبی).

(24) بەڕاستی ئەو بێباوەڕانە زۆر خەڵکیان گومرا کرد، ئەی
پەروەردگار ئەم ستەمکارانە لە گومرایی زیاتر هیچی تریان بۆ
زیاد مەکە.

(25) بەهۆی گوناهـ وتاوانیانەوە ،ئەو گەلەی بە تۆفان نوقمی ئاو
کران، ئەمجا خرانە ئاگری دۆزەخەوە یان سزای گۆڕەوە،
کەسێکیشیان دەست نەکەوت لە بت وخواکانیان کە ڕزگاریان
بکات لە سزای سەختی پەروەردگار.

(26) ئەمجا نووح (کە وەرەس بوو لێیان وزانی ئیتر کەس باوەڕ
ناهێنێت، پاڕایەوە) وفەرمووی: ئەی پەروەردگارم هیچ کەس لە
بێباوەڕان مەهێڵە لەسەر ڕووی زەوی.

(27) بەڕاستی ئەگەر وازیان لێبهێنیت، بەندەکانی تۆ گومڕا وسەر
لێشێواو دەکەن، و تەنها وەچە ومنداڵی خراپ وبێباوەڕ
دەخەنەوە.

(28) ئەی پەروەردگارم لە من ولەدایك وباوکم ولەو کەسانەش
خۆش بە کە بەباوەڕ وئیمانەوە دێنە ماڵم، هەروەها خۆش ببە لە
پیاوان وئافرەتانی باوەڕدار، ئەی خوای گەورە تەنها لەناوچوون
بکە بەبەشی ستەمکاران .

# سوره تى الجن

هۆی هاتنە خوارەوەی سەرەتاکانی ئەم سورەتە، بوخاری و موسلیم لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) گێڕاویانەتەوە کە دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوەڵانیدا ڕۆشت بەرەو بازاڕ (عُکاظ) شەیتانەکانیش (جنۆکەکان) لەوەرگرتنی هەواڵی ئاسمان بەرگری کرابوون، تیرە ئەستێرەیان بۆ ئەهاوێژرا، بۆیە گەڕانەوە جا (هۆزەکەیان) ووتیان: ئەوە چیتانە بۆ گەڕانەوە؟ ئەوانیش ووتیان، ڕێگای هەواڵ وەرگرتنی ئاسمانمان لێ گیراوە، وە تیرە ئەستێرەمان بۆ ئەهاوێژرێ، ووتیان: ئەبێت شتێك ڕوی دابێت کە بووەتە بەبەربەست لە ڕێی ئێوەدا کە هەواڵی ئاسمان بزانن، کەواتە بڕۆن گشت خۆرهەڵات وخۆرئاوا لە زەوی دا بگەڕێن وسەرنج بدەن بزانن چ شتێك ڕووی داوە، ئەوانیش ڕۆشتن بە هەموو خۆرهەڵات وخۆرئاوای زەوی دا گەڕان، سەرنجیان دەدا تا بزانن چ شتێك بەربەستە لە بەردەمیاندا کە ناتوانن هەواڵی ئاسمان بزانن. (عەبدوڵڵا) دەڵێ: ئەنجا ئەوانەیان کە ڕوو بە تیهامە ڕۆشتن، لە نەخلەدا چوونە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) کە دەیویست بڕوات بۆ بازاڕی (عُکاظ) لەو کاتەدا پێشنوێژی نوێژی بەیانی بۆ هاوەڵانی دەکرد، جنۆکەکان کاتێ گوێیان لە قورئان بوو گوێ بیستی بوون، ئەوسا ووتیان، ئائەمەیە بۆتە بەربەست لە نێوان ئێوەو هەواڵی ئاسماندا، ئەمجا لەو شوێنەوە گەڕانەوە بۆ لای هۆزەکەیان ووتیان: ئەی هۆزەکەمان ﴿إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآناً عَجَباً، يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ فَآمَنَّا بِه وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَداً﴾ وە خوای گەورەش ئەم ئایەتەی ﴿قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ الْجِنِّ﴾ دابەزاند بۆ پێغەمبەر (ﷺ).

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

(1) ئەی موحەمەد بلێ: نیگا (وەحی) م بۆهاتوە کە بێگومان دەستەیەك لە جنۆکەکان گوێیان گرتووە لە (قورئان خوێندنەوەم ئەمجا کە (پێغەمبەر ﷺ) لێ بوویەوە، (جنۆکەکان ڕۆشتنەوە بۆلای هۆزەکەیان) وپێیان ووتن: بەڕاستی ئێمە گوێ بیستی خوێندنەوەی ووتەیەکی سەرسوڕهێنەر بووین.

(2) هیدایەت وڕێنمونی (هەمووان) دەکات بۆ ڕێگای ڕاست وژیری وتێگەیشتن، ئێمەش باوەڕمان پێهێنا، هەرگیز کەسیش ناکەینە هاوەڵ وشەریك بۆ پەروەردگارمان.

(3) بەڕاستی گەورەیی ومەزنی پەروەردگارمان بەرز وبڵندە، ئەو زاتە پیرۆزە هیچ هاوسەر ومناڵ ونەوەیەکی بۆخۆی بڕیار نەداوە.

(4) بێگومان بێ عەقڵ ونەزانەکەمان (کەمەبەستیان پێی شەیتان بوو) درۆی نالەبار وقسەی ناپەسەند ونابەجێ دەربارەی خوا دەکەن (کە دەڵێن خوا هاوەڵی هەیە).

سُورَةُ الجِنّ — ترتيبها ٧٢ — آياتها ٢٨

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قُلْ أُوحِىَ إِلَىَّ أَنَّهُ ٱسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَقَالُوٓا۟ إِنَّا سَمِعْنَا قُرْءَانًا
عَجَبًا ﴿١﴾ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلرُّشْدِ فَـَٔامَنَّا بِهِۦ ۖ وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَآ أَحَدًا ﴿٢﴾
وَأَنَّهُۥ تَعَٰلَىٰ جَدُّ رَبِّنَا مَا ٱتَّخَذَ صَٰحِبَةً وَلَا وَلَدًا ﴿٣﴾ وَأَنَّهُۥ كَانَ
يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى ٱللَّهِ شَطَطًا ﴿٤﴾ وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن تَقُولَ ٱلْإِنسُ
وَٱلْجِنُّ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ﴿٥﴾ وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ ٱلْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ
مِّنَ ٱلْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا ﴿٦﴾ وَأَنَّهُمْ ظَنُّوا۟ كَمَا ظَنَنتُمْ أَن لَّن يَبْعَثَ
ٱللَّهُ أَحَدًا ﴿٧﴾ وَأَنَّا لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدْنَٰهَا مُلِئَتْ حَرَسًا
شَدِيدًا وَشُهُبًا ﴿٨﴾ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَٰعِدَ لِلسَّمْعِ ۖ فَمَن
يَسْتَمِعِ ٱلْـَٔانَ يَجِدْ لَهُۥ شِهَابًا رَّصَدًا ﴿٩﴾ وَأَنَّا لَا نَدْرِىٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ
بِمَن فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا ﴿١٠﴾ وَأَنَّا مِنَّا ٱلصَّٰلِحُونَ
وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ ۖ كُنَّا طَرَآئِقَ قِدَدًا ﴿١١﴾ وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن نُّعْجِزَ
ٱللَّهَ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَن نُّعْجِزَهُۥ هَرَبًا ﴿١٢﴾ وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا ٱلْهُدَىٰٓ
ءَامَنَّا بِهِۦ ۖ فَمَن يُؤْمِنۢ بِرَبِّهِۦ فَلَا يَخَافُ بَخْسًا وَلَا رَهَقًا ﴿١٣﴾

(5) ئێمە وامان دەزانی کە هەرگیز بەنی ئادەم و جنۆکەکان درۆ بەدەم خواوە ناکەن .

(6) بێگومان پیاوانێك لە بەنی ئادەم پەنایان دەبردە بەر پیاوانێك لە جنۆکە (بۆ ئەوەی بیانپارێزن کاتێك ئەگەر شەو لە شیوێکدا بمانایەتەوە) جا جنۆکەکانیش ئەمەیان بەهەلزانی زیاتر توشی ترسیان کردن وماندویان کردن.

(7) بەنی ئادەم گومانیان وابوو، وەك گومانی ئێوە کە خوای گەورە ئیتر نێرراو وپێغەمبەر نانێرێت.

(8) بەڕاستی ئێمە بەرەو ئاسمان ڕۆشتین ( بۆ دزین وگوێ بیستی هەواڵ ) کەچی بینیمان پڕکراوە لە پاسەوانی بەهێز (ی فریشتەکان) وتیر ونەیزەکیش بەهەموو لایەکدا دەهاوێژرا.

(9) بێگومان ئێمە پێشتر (پێش هاتنی قورئان) لەهەندێ جێگای ئاسمان دادەنیشتین بۆ گوێگرتن لە هەواڵی فریشتەکان، بەلام ئێستا بەدواوە هەرکەس بیەوێت گوێ بگرێت یەکسەر تیر ونەیزەکێکی بۆ دەهاوێژرێت.

(10) بەڕاستی ئێمە نازانین ئایا خوای گەورە وویستی زیان وخراپەی هەبووە بەخەڵکی سەر زەوی! یان پەروەردگاریان وویستی خێر وچاکە وهیدایەتی هەیە بۆیان.

وَأَنَّا مِنَّا ٱلۡمُسۡلِمُونَ وَمِنَّا ٱلۡقَٰسِطُونَۖ فَمَنۡ أَسۡلَمَ فَأُوْلَٰٓئِكَ
تَحَرَّوۡاْ رَشَدٗا ١٤ وَأَمَّا ٱلۡقَٰسِطُونَ فَكَانُواْ لِجَهَنَّمَ حَطَبٗا ١٥
وَأَلَّوِ ٱسۡتَقَٰمُواْ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ لَأَسۡقَيۡنَٰهُم مَّآءً غَدَقٗا ١٦ لِّنَفۡتِنَهُمۡ
فِيهِۚ وَمَن يُعۡرِضۡ عَن ذِكۡرِ رَبِّهِۦ يَسۡلُكۡهُ عَذَابٗا صَعَدٗا ١٧ وَأَنَّ
ٱلۡمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدۡعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدٗا ١٨ وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبۡدُ ٱللَّهِ
يَدۡعُوهُ كَادُواْ يَكُونُونَ عَلَيۡهِ لِبَدٗا ١٩ قُلۡ إِنَّمَآ أَدۡعُواْ رَبِّي وَلَآ أُشۡرِكُ
بِهِۦٓ أَحَدٗا ٢٠ قُلۡ إِنِّي لَآ أَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا رَشَدٗا ٢١ قُلۡ إِنِّي
لَن يُجِيرَنِي مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٞ وَلَنۡ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلۡتَحَدًا ٢٢ إِلَّا بَلَٰغٗا
مِّنَ ٱللَّهِ وَرِسَٰلَٰتِهِۦۚ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ
خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ٢٣ حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوۡاْ مَا يُوعَدُونَ فَسَيَعۡلَمُونَ
مَنۡ أَضۡعَفُ نَاصِرٗا وَأَقَلُّ عَدَدٗا ٢٤ قُلۡ إِنۡ أَدۡرِيٓ أَقَرِيبٞ
مَّا تُوعَدُونَ أَمۡ يَجۡعَلُ لَهُۥ رَبِّيٓ أَمَدًا ٢٥ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ فَلَا
يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا ٢٦ إِلَّا مَنِ ٱرۡتَضَىٰ مِن رَّسُولٖ فَإِنَّهُۥ
يَسۡلُكُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦ رَصَدٗا ٢٧ لِّيَعۡلَمَ أَن قَدۡ أَبۡلَغُواْ
رِسَٰلَٰتِ رَبِّهِمۡ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيۡهِمۡ وَأَحۡصَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ عَدَدَۢا ٢٨

11 بێگومان ئێمە کەسانێکی چاك وباشمان تێدا هەیە، وە لەخوار چاکەکانەوەشمان تێدا هەیە، کاتی خۆی وپێش ئێستا ڕێگا وڕێبازی هەمەجۆر مان گرتبووە بەر (ئێستاش ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاشکرا وڕوون ودیارە).

12 ئێمە دڵنیاین کە هەرگیز ناتوانین لە دەسەڵاتی خوا دەرچین لەزەویدا، وە بەهەڵهاتن وڕاکردنیش هەرگیز لەدەسەڵاتی خوا ڕزگار نابین .

13 بێگومان کاتێکیش کە گوێ بیستی هیدایەتی (پێغەمبەری ئیسلام) بووین خێرا باوەڕمان پێهێنا، جا هەرکەس باوەڕ بهێنێت بە پەروەردگاری خۆی، ئیتر ناترسێت کە کاروکردەوە چاکەکانی لێ کەم بکرێتەوە ولەگوناهەکانیشی چاوپۆشی نەکرێت.

14 بەڕاستی ئێمە هەندێکمان موسڵمانین وهەندێکی تریشمان ستەمکارو خوانەناس، ئەمجا ئەوانەی موسڵمان بوون ئەوانەن کە ڕێی ڕاست وسەرفرازییان دۆزیوەتەوە.

15 بەڵام ستەمکارو خوانەناسانیش دەبنە سوتەمەنی ئاگری دۆزەخ.

16 (پاش ئەم ووتانەی کە جنۆکە باوەڕدارەکان ووتیان) خوای گەورە دەفەرموێت : جا ئەگەر هەردولا لە ( جنۆکە وبەنی ئادەم ) ڕێگەی ڕاست بگرنە بەر ولەسەری بەردەوام بن ئێمە بارانی بەبەرەکەت وئاوی زۆریان بەسەردا دەبارێنین.

17 بۆ ئەوەی تاقییان بکەینەوە، جا ئەوەی ڕوو وەربگێڕێت لە یادی پەروەردگاری خۆی، خوای گەورە دەیخاتە ناو سزایەکی دژوارو وپڕ ئازارەوە.

18 بێگومان مزگەوتەکان سەرجەمیان بۆ خوای گەورەن، کەواتە لەگەڵ خوای گەورەدا هاوار لەکەسی تر مەکەن وکەسی تر مەپەرستن.

19 وە کاتێك بەندەکەی خوا (مەبەست پێی پێغەمبەر ﷺ) هەستا لە خودا بپاڕێتەوە وبیپەرستێ، جنۆکەکان خەریك بوون داباریێنە سەری لەبەر سووربونیان لە گوێگرتنی قورئان لە (وادی النخلەی بازاڕی عوکاز).

20 تۆ بڵێ (ئەی موحەمەد) دڵنیا بن من هەر تەنها خوای خۆم دەپەرستم وهیچ شەریك وهاوەڵیشی بۆ بڕیار نادەم.

21 وە پێیان بڵێ دڵنیاش بن من هیچ زەرەرو زیانێك ناتوانم لە ئێوە دووربخەمەوە، هەروەك ناشتوانم هیچ قازانجێکی دنیا ودواڕۆژیشتان پێ بگەیەنم.

22 وە پێشیان بڵێ بەڕاستی هیچ کەسێك ناتوانێت پەنام بدات لەئاست سزای خوا، وە جگە لەپەنای ئەویش هیچ پەناگایەك شك نابەم.

23 وەهیچ شتێکم لەسەر نیە گەیاندنی پەیامەکەی خوای گەورە نەبێت، جا ئەو کەسەی لە خوا وپێغەمبەرەکەی یاخی ببێت وسەرپێچیان بکات، بێگومان ئەوە ئاگری دۆزەخی بۆ ئامادەکراوە وبەهەتا هەتایی وهەمیشەیی تیایدا دەمێنێتەوە.

24 جا کاتێك ئەو هەڕەشە وبەڵێنەیان بینی کە پێیان دراوە، ئەو کاتە دەزانن چ کەسێ هاوکار ویارمەتی دەر وپشتیوانی لاوازتر وژمارەی کەمترە.

25 تۆ بڵێ (ئەی موحەمەد) من نازانم ئەوەی هەڕەشانەی پێ لێ دەکرێت کە (ڕۆژی دوایی یە) هاتنی نزیکە، یاخود پەروەردگارم ماوەیەکی تری بۆ دادەنێت.

26 هەر زاتی خوا زانایە بەهەموو کار وبارە نهێنیەکان، هیچ کەس ئاگادار ناکات بەسەر نهێنیەکانی خۆیدا.

27 مەگەر بۆ پێغەمبەرێك کە خۆی ڕازی بێت ( ئاگاداری هەندێك لە نهێنیەکانی بکات ) جا ئەو کاتە خوای گەورە فریشتەکان دەکاتە پاسەوانی لەپێش وپشتیەوە( تاوەکو پارێزگاری لێ بکات لە دزینی هەواڵ وگوێگرتنی جنۆکە وشەیتانەکان).

28 بۆ ئەوەی ئاگادار بێت و بزانێت کە پێغەمبەران — علیهم السلام — بە ڕێك وپێکی وبێ کەم وکورتی پەیامەکەی پەروەردگاریان گەیاندووە، وەخوای گەورە ئاگادارە بەهەموو شتێکیان، وەخوای گەورە هەموو شتێکی هەژمار وئامار کردووە.

# سوره تی المزمل

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

1 ئەی ئەو کەسەی کە خۆت داپۆشیوە (ئەم بانگ کردنە ئاڕاستەی پێغەمبەری خوا ﷺ کراوە، لەدوای ئەوەی بۆ یەکەم جار لە ئەشکەوتی – حرا – جوبرەئیل نیگای بۆ دەکات، زۆر ترسی لێ دەنیشێت ودەچێتە ماڵەوە ودەڵێ بە خاتوو خەدیجەی خێزانی دامپۆشە دامپۆشە، هەر لەبەر ئەوە جوبرەئیل وویستی ئەو ترسەی پێغەمبەر بڕەوێنێتەوە وتێی بگەیەنێت کە تۆ ئەرکی گەورەت لەسەر شانە و دەبێت واز لە پشوو بهێنیت).

2 شەو هەستە (شەو نوێژ بکە) مەگەر کەمێکی نەبێت (ئەویش بۆ حەوانەوە وپشوو).

3 نیوەی یان کەمتر لە نیوەی لێ کەم بکەرەوە (وەك ئەوەی بفەرموێت سێ یەکی شەو هەستە یان نیوەی یان دوسێ یەکی بکە بەشەو نوێژ).

4 یان کەمێکی لێ زیاد بکە، وەقورئان بخوێنە بە ووردی ولەسەر خۆیی بەشێوەیەك بیر لەمانا وواتاکانی بکەرەوە.

5 بەڕاستی ئێمە لەمەولا فەرموودە ووتەیەکی گران وقورست پێ ڕادەگەیەنین (کە قورئانە، بەشێوەیەك ئەرکی سەرشانت گرانتر دەکات لەگەیاندنی بەمۆرڤایەتی).

6 بەڕاستی شەو بێداریی وپاڕانەوە وبەندایەتی خوای گەورە تیایدا زۆر کاریگەرترە بۆ نوێژکار لەنوێژ وبەندایەتی کردنی ڕۆژ، وە ( شەو ) بۆ خوێندی قورئانیش لەبارترە .

7 بێگومان تۆ (ئەی موحەمەد) بەڕۆژدا ماوەیەکی دور ودرێژت لەبەردەمدایە بۆ هاتو چۆ وکارکردنت، (کەوابوو زۆرینەی کاتی شەوت دابنێ بۆ خواپەرستی وشەو نوێژ وقورئان خوێندن).

8 هەمیشە یاد وذکری پەروەردگارت بکە، وبەمل کەچی و زۆر بەدڵسۆزیەوە ڕووی تێ بکە بۆ بەندایەتی کردنی.

9 ئەو زاتەی کە خوا پەرستی بۆ دەکەیت پەروەردگاری ڕۆژهەڵات ورۆژئاوایە، هیچ پەرستراوێکی بەهەق نیە جگە لەئەو، کەواتە هەر ئەو بکە بە پشتیوان وفریاد ڕەسی خۆت.

10 ئارام بگرە لەسەر ئەو ووتە ناشرینانەی کە بێباوەڕان دەڵێن، وەبەشێوەیەکی جوان دەسیان لێ هەڵگرە ووازیان لێ بهێنە (بەومانایەی کە ڕوبەڕوویان مەبەرەوە وجەنگیان لەگەڵ مەکە، ئەمەش فەرمانی پەروەردگار بوو پێش دابەزینی فەرمان بە جهاد کردن).

11 لێم گەڕێ بۆ (تۆڵە سەندنەوە) لەو بێباوەڕە خاوەن نازو نیعمەتانەی کە ئاینەکەی من بەدرۆ دەزانن، وکەمێك مۆڵەتیان بدە.

12 بێگومان کۆت وزنجیر ودۆزەخمان ئامادەکردوەبۆ ئەو بێباوەڕانە.

13 هەروەها خواردنێکی گەروو گیر (وەك زەقوم) وسزایەکی زۆر سەخت وپڕ ئازاریش.

سُورَةُ المُزَّمِّلِ — ترتيبها ٧٣ — آياتها ٢٠

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ ١ قُمِ ٱلَّيۡلَ إِلَّا قَلِيلٗا ٢ نِّصۡفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصۡ مِنۡهُ قَلِيلًا
٣ أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ٤ إِنَّا سَنُلۡقِي عَلَيۡكَ قَوۡلٗا
ثَقِيلًا ٥ إِنَّ نَاشِئَةَ ٱلَّيۡلِ هِيَ أَشَدُّ وَطۡـٔٗا وَأَقۡوَمُ قِيلًا ٦ إِنَّ لَكَ فِي
ٱلنَّهَارِ سَبۡحٗا طَوِيلٗا ٧ وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلۡ إِلَيۡهِ تَبۡتِيلٗا ٨
رَّبُّ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذۡهُ وَكِيلٗا ٩ وَٱصۡبِرۡ
عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱهۡجُرۡهُمۡ هَجۡرٗا جَمِيلٗا ١٠ وَذَرۡنِي وَٱلۡمُكَذِّبِينَ
أُوْلِي ٱلنَّعۡمَةِ وَمَهِّلۡهُمۡ قَلِيلًا ١١ إِنَّ لَدَيۡنَآ أَنكَالٗا وَجَحِيمٗا ١٢
وَطَعَامٗا ذَا غُصَّةٖ وَعَذَابًا أَلِيمٗا ١٣ يَوۡمَ تَرۡجُفُ ٱلۡأَرۡضُ وَٱلۡجِبَالُ
وَكَانَتِ ٱلۡجِبَالُ كَثِيبٗا مَّهِيلًا ١٤ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ رَسُولٗا شَٰهِدًا
عَلَيۡكُمۡ كَمَآ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ رَسُولٗا ١٥ فَعَصَىٰ فِرۡعَوۡنُ ٱلرَّسُولَ
فَأَخَذۡنَٰهُ أَخۡذٗا وَبِيلٗا ١٦ فَكَيۡفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرۡتُمۡ يَوۡمٗا يَجۡعَلُ
ٱلۡوِلۡدَٰنَ شِيبًا ١٧ ٱلسَّمَآءُ مُنفَطِرُۢ بِهِۦۚ كَانَ وَعۡدُهُۥ مَفۡعُولًا ١٨
إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذۡكِرَةٞۖ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا ١٩

14 لەڕۆژێکدا کە زەوی وچیاکان دێنە لەرزە وکێوەکان وورد وخاش دەبن ولەئەنجامدا وەك تەپۆڵکەی لمیان لێ دێت.

15 بەڕاستی وبێگومان ئێمە پێغەمبەرێکمان بۆ ڕەوانەکردن کە شاهیدە لەسەرتان، هەروەك چۆن پێغەمبەرێکیشمان ڕەوانەکرد بۆلای فیرعەون (کە موسی بوو).

16 جا فیرعەون سەرپێچی ئەو پێغەمبەرەی کرد وئێمەش تۆڵەمان لێسەندەوە بە تۆڵەیەکی سەخت وپێچامانەوە (ئەوەبوو نوقمی دەریای نیلی کرد).

17 ئەمجا ئێوە کە بێباوەڕی دەکەن، چۆن خۆتان دەپارێزن لە ڕۆژگارێك کە (لەبەر ناڕەحەتی دیمەنەکانی) منداڵ پیر دەکات وسەری سپی دەکات.

18 لەو ڕۆژەدا ئاسمان لەت وپەت دەبێت، وبەڵێن ووەعدی خواش دێتە دی.

19 ئەمەش ( ئەم نیشانە و ئایەتانەی کە باسکرا ) بیرخستنەوە وپەند وئامۆژگاریە بۆ هەر کەس بیەوێت ڕێگا بۆلای پەروەردگاری خۆی بگرێتە بەر .

20 بێگومان پەرورەدگارت دەزانێت کە تۆ کەمتر لە دووسێ یەکی شەو یان کەمتر لە نیوەی یان کەمتر لە سێ یەکی شەو هەڵدەسیت بۆ شەو نوێژکردن، وەهەورەها دەزانێت کە هەندێك لە

۞ إِنَّ رَبَّكَ يَعۡلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدۡنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيۡلِ وَنِصۡفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ وَطَآئِفَةٞ
مِّنَ ٱلَّذِينَ مَعَكَۚ وَٱللَّهُ يُقَدِّرُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَۚ عَلِمَ أَن لَّن تُحۡصُوهُ فَتَابَ
عَلَيۡكُمۡۖ فَٱقۡرَءُواْ مَا تَيَسَّرَ مِنَ ٱلۡقُرۡءَانِۚ عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرۡضَىٰ
وَءَاخَرُونَ يَضۡرِبُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَبۡتَغُونَ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ وَءَاخَرُونَ
يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ فَٱقۡرَءُواْ مَا تَيَسَّرَ مِنۡهُۚ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ
ٱلزَّكَوٰةَ وَأَقۡرِضُواْ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗاۚ وَمَا تُقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُم مِّنۡ خَيۡرٖ تَجِدُوهُ
عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيۡرٗا وَأَعۡظَمَ أَجۡرٗاۚ وَٱسۡتَغۡفِرُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمُۢ ﴿٢٠﴾

ترتيبها ٧٤ — **سُورَةُ المُدَّثِّرِ** — آياتها ٢٠

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ ﴿١﴾ قُمۡ فَأَنذِرۡ ﴿٢﴾ وَرَبَّكَ فَكَبِّرۡ ﴿٣﴾ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرۡ ﴿٤﴾
وَٱلرُّجۡزَ فَٱهۡجُرۡ ﴿٥﴾ وَلَا تَمۡنُن تَسۡتَكۡثِرُ ﴿٦﴾ وَلِرَبِّكَ فَٱصۡبِرۡ ﴿٧﴾
فَإِذَا نُقِرَ فِي ٱلنَّاقُورِ ﴿٨﴾ فَذَٰلِكَ يَوۡمَئِذٖ يَوۡمٌ عَسِيرٌ ﴿٩﴾ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ
غَيۡرُ يَسِيرٖ ﴿١٠﴾ ذَرۡنِي وَمَنۡ خَلَقۡتُ وَحِيدٗا ﴿١١﴾ وَجَعَلۡتُ لَهُۥ مَالٗا
مَّمۡدُودٗا ﴿١٢﴾ وَبَنِينَ شُهُودٗا ﴿١٣﴾ وَمَهَّدتُّ لَهُۥ تَمۡهِيدٗا ﴿١٤﴾ ثُمَّ يَطۡمَعُ
أَنۡ أَزِيدَ ﴿١٥﴾ كَلَّآۖ إِنَّهُۥ كَانَ لِأٓيَٰتِنَا عَنِيدٗا ﴿١٦﴾ سَأُرۡهِقُهُۥ صَعُودًا ﴿١٧﴾

هاوەڵەکانیشت هەر بەو شێوەیەن، خوای گەورە ئەندازەی شەو وڕۆژ دیاری دەکات، هەر بەو شێوەیەش خوای گەورە دەزانێت کە ئێوە ناتوانن کە ئەو ئەندازەیە دیاری بکەن وئەرکی شەو نوێژ کردن بەو شێوەیە جێ بەجێ بکەن، هەر بۆیە خوای گەورە تەوبە وپەشیمانی لێ وەرگرتن، جا هەر چەندێکتان توانی لەشەو نوێژ کردن وقورئان خوێندن ئەنجامی بدەن، چونکە خوا دەزانێت کە هەندێکتان نەخۆش دەکەون و (ئەوەتان پێ ناکرێت) یان هەندێکی ترتان سەفەر دەکات بۆ بازرگانی وبەدەست هێنانی فەزڵ ورزق وڕۆزی خوا، یان هەندێکی تر لە پێناو خوای گەورە دەجەنگێت، جا هەرچەندێکتان توانی قورئان بخوێنن ونوێژەکانتان بکەن وزەکاتی ماڵیشتان بەو شێوەیەی کە خوا دیاری کردوە بدەن، وە قەرز بدەن بە خوا بە قەرزێکی جوان (واتە ماڵ ببەخشن لە پێناو خوادا بەبەخشینێکی جوان) وەهەرچی پێش دەستی خۆتان بخەن لە خێر وچاکە بۆ دوارۆژتان ئەوە لەلای خوای گەورە دەیبیننەوە، ئەوەشی لای خودایە باشتر وگەورەترە، جا داوای لێخۆش بوون بکەن لە خوای گەورە چونکە هەر ئەو زاتە خوایەکی لێبووردە ومیهرەبانە.

## سوره تى المدثر

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (١-٥) سورەتی (المدثر) : بوخاری و موسلیم لە ئەبوسەلەمەوە دەگێڕنەوە کە دەڵێ : جابیری کوڕی عەبدوڵلا (ڕەزای خوای لێ بێ) بۆی گێڕامەوە، ووتی لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست: باسی دواکەوتنی وەحی دەکرد -پاش دابەزینی سەرەتای سورەتی ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾ - پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لە کاتێکدا کە بەڕێگادا دەڕۆشتم لە پڕ گوێم لە دەنگێ بوو لە ئاسمانەوە ، منیش سەرم بەرزکردەوە و سەیری ئاسمانم کرد، یەکسەر ئەو فریشتەیەم بینی کە لەئەشکەوتی حیراء هات بۆ لام، لەسەر کورسی یەك لە نێوان ئاسمان وزەویدا دانیشتووە، منیش زۆر ترسام، پاشان گەڕامەوە بۆ ماڵەوە ووتم: دامپۆشن، دامپۆشن، ئەوانیش دایان پۆشام، بەو هۆیەوە خوای گەورە ئەم ئایەتانەی ﴿يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ، قُمْ فَأَنذِرْ، وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ، وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ، وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ﴾ ناردە خوارەوە دوای ئەوە نیگا بەردەوام بوو پەیتا پەیتا دادەبەزی.

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

1 ئەی ئەو کەسەی (بەجل وبەرگ وپێخەفت) خۆت پێچاوەتەوە.

2 هەستەو خەڵکی بترسێنە وبێداریان بکەرەوە ( لەسزای خوای گەورە ئەگەر باوەڕ نەهێنن).

3 وە پەروەردگارت بە گەورە بگرە(بەگەورەی بگرە لەوەی کە پێویستی بە هاوەڵ وشەریك هەبێت).

4 وە جل وبەرگ وپۆشاکت بەپاك ڕابگرە (یان خۆت وشوێن کەوتوانت دەرونتان بەپاك ڕابگرن لەگوناهـ وتاوان).

5 واز بهێنە لە گوناهـ وتاوان وهەرشتێك جگە لەخوا بپەرسترێت (ئەمە مانای ئەوە نیە کە پێغەمبەر ﷺ گوناهی کردبێت بەڵکو مانای ئەوەیە کە خۆی وئومەتی لەسەر ڕەوشتە بەرزەکان پەروەردە بکات).

6 وە شتێك مەبەخشە لە پێناو ئەوەی زۆرترت دەسکەوێت، واتە منەت مەکە بەسەر خەڵکیدا بەوەی پێیان دەبەخشیت، لەبەرامبەریدا چاوەڕوانی زۆرتریان لێ بکەیت.

7 لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگارت ولەبەرامبەر ئەزیەت وئازاری بێباوەڕان خۆڕاگربە.

8 جا کاتێ کە فوو کرا بە کەڕەنا ( سوور ) دا.

9 ئائەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر سەخت وگرانە.

10 لەسەر بێباوەڕان ئاسان نیە.

11 واز لە من وئەو کەسە بهێنە (بۆ تۆڵە سەندنەوە) کە دروستم کرد بەتەنها (کاتێك کە لەسکی دایکیدا بوو، پاشان کوڕ وسەروەت وسامانم پێبەخشی کەچی هەر باوەڕی نەهێنا، ڕاڤەکەرانی قورئان دەڵێن خوای گەورە مەبەستی وەلیدی کوڕی موغەیرەیە کە دەسەڵاتێکی زۆری پێدا کەچی لەبری ئەوەی سوپاسگوزار بێت یاخی بوو).

12 وە دارایی زۆر زەبەندم پێدا.

13 وە کوڕ ونەوەی هەمیشە ئامادە وبەردەست (لەبەر ئەوەی کە باوکیان سەروەت وسامانی زۆر بوو پێویستی نەدەکرد ئەوان سەرقاڵی کاسپی بن لەبەر ئەوە هەمیشە لەبەردەستی باوکیان ئامادەبوون).

14 وە هۆکاری ژیانم بۆ ڕاخستبوو لەگەل ویەل وهەموو نازو نیعمەتێکیش بەهرەمەندم کردبوو بەدرێژایی ژیانی.

15 پاش هەموو ئەمانەش هێشتا بەتەمایە بۆی زیاد بکەم.

16 نەخێر چاوەڕوان نەبێت بۆی زیاد بکەم، چونکە ئەو (وەلیدی کوڕی موغیرە) بێباوەڕێکی سەرسەختە بە بەڵگەو نیشانەکانمان (کە ناردومانە بۆ پێغەمبەرەکەمان).

17 بەم زوانە سزای زۆر سەختی پێ دەچێژم.

18 بێگومان (وەلیدی کوڕی موغیرە) بیری کردەوە و (قورئانی) هەڵسەنگاند، بەڵام بەهەڵەدا چوو ملکەچی ڕاستی نەبوو.

19 دەك بەکوشت بچێ وگۆڕی وون بێت (خوا ڕسوای بکات) چۆن هەڵسەنگاندنێکی کرد بۆ قورئان.

20 دووبارە بەکوشت بچێ وگۆڕی وون بێت (خوا ڕسوای بکات) چۆن هەڵسەنگاندنێکی کرد بۆ قورئان.

21 پاشان سەرنجی دا ( وبیری کردەوە).

22 ئەمجا ناوچەوانی گرژ کرد ورەش داگیرسا، وەك ئەوەی زۆر بەقوڵی بیر بکاتەوە.

23 پاشاتر پشتی هەڵکرد وخۆی بەزلزانی (لەوەی کە باوەڕ بهێنێت).

24 ئەمجا ووتی : ئەم قورئانە هیچ نیە ئەوە نەبێت کە سیحر وجادووە (موحەمەد) لەخەڵکانی ترەوە وەری گرتوە.

25 وە ووتی ئەم قورئانە ووتەی مرۆڤ نەبێت هیچی تر نیە.

26 (لەپاش هەموو وتەکانی وەلید) خوای گەورە دەفەرموێت : دەبێت هەر زۆر زوو بیگەیەنم بە سەقەر .

27 جا تۆ چوزانیت (ئەی موحەمەد) سەقەر چیە؟.

28 ئەو ( سەقەرە ئاگرێکی ) وایە هیچ ناهێڵێتەوە (لەگۆشت وئێسك هەمووی دەسوتێنێت) وە دەستیش لەهیچ هەڵناگرێت.

29 ئەو ئاگرە پێست ولاشە ڕەش دەکاتەوە ودەیبرژێنێت.

30 نۆزدە لە فریشتەکان وان بەسەریەوە و سەرپەرشتی دەکەن.

31 وە ئێمە سەرپەرشتیارانی ئاگری دۆزەخمان دانەناوە لەفریشتەکان نەبێت، وە ئەو ژمارەیەشمان تەنها بۆ تاقیکردنەوەی بێباوەڕان داناوە، وە بۆ ئەوەش خاوەن کتێبە ئاسمانیەکانیش لە (جولەکە وگاورەکان) دڵنیابن لەڕاستی ئەم قورئانە (چونکە ئەو ژمارەیەش لە کتێبەکانی تەورات وئینجیلدا باسکراوە) وەهەروەها بۆ ئەوەش باوەڕداران زیاتر باوەڕەکەیان دابمەزرێت، وەهیچ کەسیش لەخاوەن کتێب وباوەڕدارانیش دوو دڵ نەبن (لەڕاستی قورئان)، وە بۆ ئەوەش دوو ڕوو دڵ نەخۆش وبێباوەڕانیش هەر بۆخۆیان قسە بکەن وبڵێن: ئایا خوا مەبەستی چیە لە نموونە هێنانەوە بەم ژمارەیە؟هەر بەو شێوە خوای گەورە هەرکەسی بیەوێت گومڕای دەکات، وهەرکەسیشی بیەوێت

إِنَّهُۥ فَكَّرَ وَقَدَّرَ ﴿١٨﴾ فَقُتِلَ كَيۡفَ قَدَّرَ ﴿١٩﴾ ثُمَّ قُتِلَ كَيۡفَ قَدَّرَ ﴿٢٠﴾ ثُمَّ نَظَرَ
﴿٢١﴾ ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ ﴿٢٢﴾ ثُمَّ أَدۡبَرَ وَٱسۡتَكۡبَرَ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ
يُؤۡثَرُ ﴿٢٤﴾ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا قَوۡلُ ٱلۡبَشَرِ ﴿٢٥﴾ سَأُصۡلِيهِ سَقَرَ ﴿٢٦﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ
مَا سَقَرُ ﴿٢٧﴾ لَا تُبۡقِي وَلَا تَذَرُ ﴿٢٨﴾ لَوَّاحَةٞ لِّلۡبَشَرِ ﴿٢٩﴾ عَلَيۡهَا تِسۡعَةَ عَشَرَ
﴿٣٠﴾ وَمَا جَعَلۡنَآ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ إِلَّا مَلَٰٓئِكَةٗۙ وَمَا جَعَلۡنَا عِدَّتَهُمۡ إِلَّا فِتۡنَةٗ
لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ لِيَسۡتَيۡقِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ وَيَزۡدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِيمَٰنٗاۙ
وَلَا يَرۡتَابَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۙ وَلِيَقُولَ ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ
وَٱلۡكَٰفِرُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلٗاۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي
مَن يَشَآءُۚ وَمَا يَعۡلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَۚ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكۡرَىٰ لِلۡبَشَرِ ﴿٣١﴾ كَلَّا
وَٱلۡقَمَرِ ﴿٣٢﴾ وَٱلَّيۡلِ إِذۡ أَدۡبَرَ ﴿٣٣﴾ وَٱلصُّبۡحِ إِذَآ أَسۡفَرَ ﴿٣٤﴾ إِنَّهَا لَإِحۡدَى
ٱلۡكُبَرِ ﴿٣٥﴾ نَذِيرٗا لِّلۡبَشَرِ ﴿٣٦﴾ لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَتَقَدَّمَ أَوۡ يَتَأَخَّرَ ﴿٣٧﴾ كُلُّ
نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡ رَهِينَةٌ ﴿٣٨﴾ إِلَّآ أَصۡحَٰبَ ٱلۡيَمِينِ ﴿٣٩﴾ فِي جَنَّٰتٖ يَتَسَآءَلُونَ
﴿٤٠﴾ عَنِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿٤١﴾ مَا سَلَكَكُمۡ فِي سَقَرَ ﴿٤٢﴾ قَالُواْ لَمۡ نَكُ مِنَ
ٱلۡمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمۡ نَكُ نُطۡعِمُ ٱلۡمِسۡكِينَ ﴿٤٤﴾ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ
ٱلۡخَآئِضِينَ ﴿٤٥﴾ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴿٤٦﴾ حَتَّىٰٓ أَتَىٰنَا ٱلۡيَقِينُ ﴿٤٧﴾

ڕێنموونی دەکات، هیچ کەس نازانێت ژمارەی سەرباز ولەشکرەکانی خودا چەندن خۆی نەبێت، وە ئەم ئایەت وبەڵگە ونیشانانە تەنها بیر خەرەوە ویەند وئامۆژگارین بۆ بەنی ئادەم.

32 نەخێر وانیە( ئەو بێباوەڕانە ڕۆژێك دێت پەشیمان دەبنەوە کە ڕۆژی دواییە) وسوێند بەمانگ (سوێند خواردن بە دروستکراوەکانی خوا تەنها بۆ خوای گەورەیە، ئەویش لەبەر گرنگیان، وە بۆ کەس نیە سوێندیان پێ بخوات).

33 وە بەشەو کاتێك کە پشت هەڵدەکات.

34 وە بە بەرەبەیان کاتێك کە ڕوون دەبێتەوە وخۆی دەنوێنێت.

35 بێگومان ئاگری دۆزەخ و (سەقەر) یەکێکە لەبەڵا وشتە سامناك گەورەکان.

36 ترسێنەرە بۆ تەواوی بەنی ئادەم.

37 بۆ ئەوانەی ئەیانەوێت پێشبرکێ بکەن وپێش بکەون لەکاری چاکەدا، یان بۆ ئەوانەی کە دوا دەکەون لەکاری خراپەدا.

38 هەموو کەسێك بارمتەی دەستپێشخەری خۆیەتی لەڕۆژی دواییدا (جا گەر چاکی کردبێت چاك وەدەست دەهێنێت وەگەر خراپیشی کردبێت خراپ بەدەست دەهێنێت).

39 ئەهلی دەستی ڕاست نەبێت (کە نامەی کردەوەکانیان بەدەستی ڕاستیان وەردەگرن).

فَمَا تَنفَعُهُمْ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ ﴿٤٨﴾ فَمَا لَهُمْ عَنِ ٱلتَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ
﴿٤٩﴾ كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ ﴿٥٠﴾ فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍۭ ﴿٥١﴾ بَلْ يُرِيدُ
كُلُّ ٱمْرِيٍٕ مِّنْهُمْ أَن يُؤْتَىٰ صُحُفًا مُّنَشَّرَةً ﴿٥٢﴾ كَلَّا ۖ بَل لَّا يَخَافُونَ
ٱلْءَاخِرَةَ ﴿٥٣﴾ كَلَّآ إِنَّهُۥ تَذْكِرَةٌ ﴿٥٤﴾ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴿٥٥﴾
وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ۚ هُوَ أَهْلُ ٱلتَّقْوَىٰ وَأَهْلُ ٱلْمَغْفِرَةِ ﴿٥٦﴾

## سُورَةُ القِيَامَةِ

ترتيبها ٧٥ — آياتها ٤٠

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

لَآ أُقْسِمُ بِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴿١﴾ وَلَآ أُقْسِمُ بِٱلنَّفْسِ ٱللَّوَّامَةِ ﴿٢﴾ أَيَحْسَبُ
ٱلْإِنسَٰنُ أَلَّن نَّجْمَعَ عِظَامَهُۥ ﴿٣﴾ بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُۥ ﴿٤﴾ بَلْ
يُرِيدُ ٱلْإِنسَٰنُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُۥ ﴿٥﴾ يَسْـَٔلُ أَيَّانَ يَوْمُ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴿٦﴾ فَإِذَا بَرِقَ ٱلْبَصَرُ
﴿٧﴾ وَخَسَفَ ٱلْقَمَرُ ﴿٨﴾ وَجُمِعَ ٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ﴿٩﴾ يَقُولُ ٱلْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍ
أَيْنَ ٱلْمَفَرُّ ﴿١٠﴾ كَلَّا لَا وَزَرَ ﴿١١﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ ٱلْمُسْتَقَرُّ ﴿١٢﴾ يُنَبَّؤُا۟ ٱلْإِنسَٰنُ
يَوْمَئِذٍۭ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ ﴿١٣﴾ بَلِ ٱلْإِنسَٰنُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ بَصِيرَةٌ ﴿١٤﴾ وَلَوْ أَلْقَىٰ
مَعَاذِيرَهُۥ ﴿١٥﴾ لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ ﴿١٦﴾ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ
وَقُرْءَانَهُۥ ﴿١٧﴾ فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ ﴿١٨﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ ﴿١٩﴾

40 له ناو باخاتی بەهەشتدا پرسیار لەیەكتری دەكەن.
41 لەبارەی تاوانبار وخراپەكارانەوە.
42 ئەوە چی بوو بەهۆی ئەوەی كە ئێوەی راپێچی ( ئاگری سەقەر كرد؟.
43 لەوەڵامدا دەڵێن : ئێمە لە نوێژ خوێنان نەبووین.
44 وە خواردنمان نەئەدا بەهەژاران وبێ نەوایان.
45 وە ئێمە لەگەڵ كەسانی ناڕەوا هەمیشە لەقسەی هیچ وپوچ وبێ شەرعیدا رۆچوو بووین.
46 وە رۆژی دواییمان بەدرۆ دەزانی.
47 تائەو كاتەی كە مردن یەخەی پێ گرتین (ئێمە هەر لەبێباوەڕی خۆمان بەردەوام بووین).
48 جا ئەو كاتە تكا وشەفاعەتی هیچ تكا كارێك سوود وقازانجی نیە بۆیان.
49 باشە ئەوانە چیان بەسەرهاتوە وا لە پەند وئامۆژگاری وبیرخستنەوەی (رۆژی دوایی) پشت هەڵدەكەن.
50 هەروەك گەلە گوێدرێژە كێوی سلكەر وان .
25 كە لەترسی شێر هەڵهاتوون.

52 نەك هەر ئەوەندە بەڵكو هەریەكە لەوانە دەیەوێت خوا نامەیەكی كراوەی بۆ بنێرێت (لەسەر ڕاستی پەیامەكەی موحەمەد ﷺ).
53 نەخێر (هەرگیز بەتەمای كاری وانەبن) چونكە ئەوانە ناترسن لەرۆژی دوایی.
54 نەخێر ( با ئەوەندە رۆنەچن لە یاخی بووندا)، چونكە ئەم قورئانە یاد خەرەوە وئامۆژگاریە.
55 جا ئەوەی دەیەوێت با پەند وئامۆژگاری لێ وەربگرێت.
56 جا ئەو خەڵكە پەند وئامۆژگاری وەرناگرن، مەگەر وویستی خودای لەگەڵ بێت، هەر پەروەردگارە شایانی لێ ترسانە وهەر ئەویش لەگوناهـ وتاوانەكان خۆش دەبێت.

## سوره تی القيامة

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

1 سوێند بێت بەرۆژی دوایی (ئەم سوێندەش بەڵگەیە لەسەر گرنگی ئەو رۆژە لای خوای گەورە).
2 وە سوێند بەو دەروونەی كە خۆی لۆمە دەكات (لۆمەی خۆی دەكات لەسەر كەمتەرخەمی لەكاری چاكەدا، یان لۆمەی خۆی دەكات لەسەر كردنی گەناهـ وتاوان).
3 ئایا مرۆڤ وادەزانێت كە پاش مردن ئێسكە رزیووەكانی كۆناكەینەوە.
4 بەڵێ ئێمە زۆر بەتواناین تەنانەت لەسەر رێككردنەوەی خەت وهێڵی سەرپەنجەكانیشیان.
5 بەڵكو مرۆڤ دەیەوێت خراپەكاری وتاوان پێش خۆی بخات (وبیر لە پەشیمان بوونەوە وتەوبە نەكاتەوە).
6 بەگاڵتەیەكەوە دەپرسێت : ئاخۆ كەی رۆژی دوایی دێت؟.
7 جا كاتێك (لەترسی مردن وهاتنی قیامەت) چاو ئەبڵەق دەبێت وئەبرسكێتەوە.
8 وەمانگ گیرا وتاریك بوو.
9 وە رۆژ ومانگ كۆكرانەوە (واتە لەشوێنی خۆیان نەمان و كەوتنە خوارەوە).
10 جا لەو رۆژەدا مرۆڤـ تاوانبار (لەترس وبینی ناڕەحەتیەكانی ئەو رۆژە) هاوار دەكات ودەڵێت: ئەی هاوار بۆ كوێ رابكەم وهەڵبێم.
11 نەخێر هیچ پەناگایەك نیە بۆ دەرباز بوون (ی بێباوەڕان).
12 لەو رۆژەدا پەناگا وجێگای ئارام وئۆقرە گرتن هەر لای پەروەردگارتە ( واتە كەس ناتوانێت هیچ كەسێك پەنا بدات جگە لەخوا).
13 لەو رۆژەدا هەموو هەواڵێك دەدرێت بە مرۆڤەكان لەو كارو كردەوانەی كە پێش خۆیان خستوە ولەوەشی دوای خۆیان خستوە (لەچاكە وخراپە).
14 (نەك هەر ئەوەندە) بەڵكو مرۆڤـ ئاگادارە وشایەتە بەسەر خۆیەوە (هەموو ئەندامەكانی شاهیدی ئەدەن لەسەر ئەوەی كە كردویانە).

15 هەرچەند بڕ وبیانووی زۆریش بهێنێتەوە.
16 ( پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێ قورئانی بۆ دەهات پێش ئەوەی جوبرەئیل لێیبێتەوە پەلەی دەكرد لە خوێندنی قورئانەكە تاوەكو لەبیری نەچێتەوە ولەبەری بكات، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە) زمانت بە قورئان خوێندن مەجولێنە (وپەلە مەكە بۆ لەبەركردنی).
17 بێگومان لەسەر ئێمەیە كۆكردنەوە وخوێندنەوەی.
18 جا كاتێك كە ئێمە قورئانمان بۆ خوێندیتەوە (واتە كە جوبرەئیل بۆی خوێندیتەوە)، تۆش بەدوای ئەودا بیخوێنەرەوە.
19 پاشان لەسەر ئێمەشە ڕونكردنەوەی مانا وواتاكانی.
20 نەخێر وانیە (وەك ئێوە پێتان وایە زیندوو نابنەوە، بەڵكو زیندوودەكرێنەوە) بەڵكو ئێوە هەر دونیاتان خۆش دەوێت، وەدونیاش بەپەلە كۆتایی دێت.
21 (لەهەمان كاتدا) ڕۆژی دواییتان پشت گوێ خستووە.
22 لە ڕۆژی دوایدا كۆمەڵە ڕوخسارێك گەشاوەن.
23 بۆ پەروەردگاری خۆیان دەڕوانن وتەماشا دەكەن (كۆمەڵە فەرموودەیەكی سەحیح هاتووە باس لەوە دەكەن كە باوەڕداران لەڕۆژی دوایدا خوای گەورە دەبینن وەك چۆن لەشەوێكی ساماڵدا سەیری مانگ بكەن).
24 وە كۆمەڵە ڕوخسارێكیش لەو ڕۆژەدا گرژ وتاڵ وڕەشن.
25 چاوەڕوانی ئەوەن كارەساتێكی پشت شكێنیان بەسەردا بهێنرێت.
26 نەخێر (هەر ئاوا بۆیان ناچێتە سەر) كاتێك كە گیان گەشتە گەروو قوڕ قوڕاگە.
27 جا ئەوترێت: كێ فریای ئەو كەسە دەكەوێت (كە گیانی گەشتوەتە گەرووی).
28 ئەو كەسەی كە گیانی دەكێشرێت ولەسەرە مەرگدایە دەزانێت كە ئیتر كاتی ماڵ ئاواییە.
29 وەقاچ ولولاقی (ئەو كەسە) بەیەكتردا دەئاڵێت.
30 ئەمجا لەو ڕۆژەدا بۆلای پەروەردگارت ڕاپێچ دەكرێت (بۆ لێپرسینەوە وبینینەوەی كارەكانی).
5 ئەو كەسە نە باوەڕی هێنا و نەنوێژی كرد .
32 بەڵكو (سەرەڕای ئەوەش پێغەمبەری) بەدرۆزانی وپشتی هەڵكرد لە تاعەتی خوا.
33 پاشان بە لووت بەرزی وخۆ بەزل زانیەوە گەڕایەوە نێو ماڵ ومنداڵی.
34 ئەوجا پێی دەوترێت وەیل وتیاچوون بۆتۆ.
35 دووبارە وەیل وتیاچوون بۆتۆ.
36 ئایا مرۆڤ وادەزانێت هەروا (بێ لێپرسینەوە) وازی لێدەهێنرێت وبەرەڵا دەكرێت.
37 ئایا ئەو دڵۆپە ئاوێك نەبوو لە تۆوی پیاوەوە دەڕێنرایە (ناو مناڵدانی ئافرەتەوە، ئەی لەبەر چی ئێستا ئابەو شێوەیە

كَلَّا بَلۡ تُحِبُّونَ ٱلۡعَاجِلَةَ ﴿٢٠﴾ وَتَذَرُونَ ٱلۡأٓخِرَةَ ﴿٢١﴾ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾
إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٞ ﴿٢٣﴾ وَوُجُوهٞ يَوۡمَئِذِۭ بَاسِرَةٞ ﴿٢٤﴾ تَظُنُّ أَن يُفۡعَلَ بِهَا فَاقِرَةٞ ﴿٢٥﴾
كَلَّآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلتَّرَاقِيَ ﴿٢٦﴾ وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٖ ﴿٢٧﴾ وَظَنَّ أَنَّهُ ٱلۡفِرَاقُ ﴿٢٨﴾ وَٱلۡتَفَّتِ
ٱلسَّاقُ بِٱلسَّاقِ ﴿٢٩﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوۡمَئِذٍ ٱلۡمَسَاقُ ﴿٣٠﴾ فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ
﴿٣١﴾ وَلَٰكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿٣٢﴾ ثُمَّ ذَهَبَ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ يَتَمَطَّىٰٓ ﴿٣٣﴾ أَوۡلَىٰ لَكَ
فَأَوۡلَىٰ ﴿٣٤﴾ ثُمَّ أَوۡلَىٰ لَكَ فَأَوۡلَىٰٓ ﴿٣٥﴾ أَيَحۡسَبُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَن يُتۡرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾
أَلَمۡ يَكُ نُطۡفَةٗ مِّن مَّنِيّٖ يُمۡنَىٰ ﴿٣٧﴾ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةٗ فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٣٨﴾ فَجَعَلَ مِنۡهُ
ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ ﴿٣٩﴾ أَلَيۡسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحۡـِۧيَ ٱلۡمَوۡتَىٰ ﴿٤٠﴾

## سُورَةُ الإنسَان

ترتيبها ٧٦ — آياتها ٣١

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ﴿١﴾
إِنَّا خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن نُّطۡفَةٍ أَمۡشَاجٖ نَّبۡتَلِيهِ فَجَعَلۡنَٰهُ سَمِيعَۢا
بَصِيرًا ﴿٢﴾ إِنَّا هَدَيۡنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرٗا وَإِمَّا كَفُورًا ﴿٣﴾
إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَاْ وَأَغۡلَٰلٗا وَسَعِيرًا ﴿٤﴾ إِنَّ
ٱلۡأَبۡرَارَ يَشۡرَبُونَ مِن كَأۡسٖ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا ﴿٥﴾

گومڕا بووە وخۆی لەبیر چوەتەوە).
38 پاشان بوو بە پارچە خوێنێكی هەڵواسراو (بە مناڵدانەوە) وپاشتریش خوای گەورە ڕێك وپێكی كرد (وڕۆحی كرد بەبەریدا وبەجوانترین شێوە دروستی كرد).
39 جا هەر لەو دڵۆپە ئاوەوە خوای گەورە نێر ومێ ی پێكهێنا ودروستی كرد .
40 ئایا ئەو خوایەی (بەو شێوە وقۆناغە یەك لەدوای یەكانە مرۆڤی دروستكردوە) ناتوانێت جارێكی تر مردووەكان زیندوو بكاتەوە ؟ .

# سورەتی الإنسان

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .
1 بێگومان ماوەیەك لە ڕۆژگار بەسەر بەنی ئادەم دا هاتوە كە شتێك نەبووە كەباس وخواس بكرێت (واتە ڕۆژگارێك هەبووە كە مرۆڤ هەر نەبووە لەبونەوەردا تا باسی هەبێت، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی هێشتا خوای گەورە ئادەم – عليه السلام ی خەلق نەكردبوو).
2 بەڕاستی ئێمە مرۆڤمان دروست كردووە لە دڵۆپێك ئاوی پیتێنراو لە تۆوی پیاو وهێلكەدانی ئافرەت، تاوەكو تاقی

عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ ٱللَّهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفْجِيرًا ﴿٦﴾ يُوفُونَ بِٱلنَّذْرِ وَيَخَافُونَ
يَوْمًا كَانَ شَرُّهُۥ مُسْتَطِيرًا ﴿٧﴾ وَيُطْعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسْكِينًا
وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا ﴿٨﴾ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَآءً وَلَا شُكُورًا
﴿٩﴾ إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوْمًا عَبُوسًا قَمْطَرِيرًا ﴿١٠﴾ فَوَقَىٰهُمُ ٱللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ
ٱلْيَوْمِ وَلَقَّىٰهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا ﴿١١﴾ وَجَزَىٰهُم بِمَا صَبَرُوا۟ جَنَّةً وَحَرِيرًا
﴿١٢﴾ مُّتَّكِـِٔينَ فِيهَا عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ ۖ لَا يَرَوْنَ فِيهَا شَمْسًا وَلَا زَمْهَرِيرًا ﴿١٣﴾
وَدَانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلَٰلُهَا وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا ﴿١٤﴾ وَيُطَافُ عَلَيْهِم بِـَٔانِيَةٍ
مِّن فِضَّةٍ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَا۠ ﴿١٥﴾ قَوَارِيرَا۟ مِن فِضَّةٍ قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا ﴿١٦﴾
وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْسًا كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا ﴿١٧﴾ عَيْنًا فِيهَا تُسَمَّىٰ سَلْسَبِيلًا
﴿١٨﴾ ۞ وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَٰنٌ مُّخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَّنثُورًا
﴿١٩﴾ وَإِذَا رَأَيْتَ ثَمَّ رَأَيْتَ نَعِيمًا وَمُلْكًا كَبِيرًا ﴿٢٠﴾ عَٰلِيَهُمْ ثِيَابُ سُندُسٍ
خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ ۖ وَحُلُّوٓا۟ أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٍ وَسَقَىٰهُمْ رَبُّهُمْ شَرَابًا
طَهُورًا ﴿٢١﴾ إِنَّ هَٰذَا كَانَ لَكُمْ جَزَآءً وَكَانَ سَعْيُكُم مَّشْكُورًا ﴿٢٢﴾ إِنَّا
نَحْنُ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ تَنزِيلًا ﴿٢٣﴾ فَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تُطِعْ
مِنْهُمْ ءَاثِمًا أَوْ كَفُورًا ﴿٢٤﴾ وَٱذْكُرِ ٱسْمَ رَبِّكَ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٢٥﴾

بکەینەوە، ئەمجا ژنەواو وبینامان کرد، تاوەکو بە گوێی خۆی هەق ببیستێت وبەچاوی خۆی بەڵگە ودەسەڵاتی خوا ببینێت.

3 بێگومان ڕێگای چاك وخراپمان بۆ ڕونکردەوە، جا ئیتر خۆی سەرپشك بێت یان ڕێگای سوپاسگوزاران بگرێت وئیماندار بێت، یان ڕێگای سپڵە وناسوپاسگوزاران بگرێت وبێ باوەڕ بێت.

4 بێگومانیش ئێمە کۆت وزنجیر ودۆزەخێکی هەڵگیرساومان ئامادەکردووە بۆ ئەو کەسانەی کە بێباوەڕن وسوپاسگوزار نین.

5 بەڕاستی چاکەکاران وخواناسان (لەبەهەشتدا) لەپەرداخێکدا شەرابی تێکەڵ کراو بەکافور دەخۆنەوە.

6 کانیاوێکە بەندە ڕاست ودروستەکانی خوا، لەهەر جێگایەکدا بیانەوێت هەڵی دەقوڵێنن ولێی دەخۆنەوە.

7 ئەم باوەڕدارانە ڕەوشتیان وایە کە وەفا بەنەزرەکانیان دەکەن وئەترسێن لەو ڕۆژەی کە زیانەکەی بەهەموو شوێنێکدا بڵاودەبێتەوە.

8 وە خواردن دەدەن بەهەژاران وهەتیوان ودیلەکان لەو خواردنەی کە زۆر حەزیان لێیەتی وپێویستیان پێیەتی.

9 وە دەڵێن: ئێمە تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە نان دەدەین بەئێوە، وەهیچ پاداشت وسوپاسێکیشمان ناوێت لێتان.

10 بێگومان ئێمە لەپەروەردگاری خۆمان دەترسێین لەڕۆژێکدا کە زۆر ترش وتاڵ وسەختە.

11 جا خوای گەورە لەشەڕ وخراپی ئەو ڕۆژە پاراستنی وڕووی گەش وشادمانی پێبەخشین.

12 لەبەرامبەر خۆگری وئارامگرتنیان (لەسەر چاکەو دوورکەوتنەوە لەخراپە) پاداشتیان بە بەهەشت وپۆشینی ئاوریشم دانەوە.

13 ئەو بەختەوەرانە لەسەر تەخت وقەنەفەی ڕازاوە وجوان لەبەهەشتدا پاڵیان لێ داوەتەوە، نەگەرمای ڕۆژ ونە بەسەرمای زۆر سارد سەغڵەتیان ناکات.

14 سێبەری درەختەکانی بەهەشت بەسەر سەریانەوەن، وە چنینی میوە وبەروبومەکانیشی ئاسانکراوە بۆیان.

15 (خزمەتکارەکان) بەقاپی زیوین وپەرداخی شوشەوە بەدەوریاندا دەسوڕێنەوە وهاتوچۆیانە.

16 هەموو کاسە وپەرداخی خواردن وخواردنەوەیان لە شوشەی زیون، کە بەئەندازەیەکی پێویست وجوان ئامادەیان کردووە.

17 هەروەها شەرابێکیان پێ نۆش دەکرێت کە تێکەڵە لەزەنجەبیل.

18 کەسەرچاوەی کانیەکە بە سەلسەبیل ناسراوە.

19 ئەمجا نەوجەوانانی هەمیشە لاوی ڕوخۆش بەدەوریاندا هەڵدەسوڕێن، کاتێك دەیانبینیت وادەزانیت مروارین وبەوناوەدا پرژاوان.

20 وەکاتێك بڕوانیت وسەیر بکەیت نازو نیعمەت ودەسەڵاتی گەورە دەبینیت (لە باخ وباخاتی نەبڕاوەی بەهەشت).

21 پۆشاکی نەرم ونۆڵی سەوزی ئاوریشمیان، بەسەر ئاوریشمی ئەستوردا لەبەر کردوە، وە ڕازێنراونەتەوە بەبازنی زیوو، وە پەروەردگاریان شەرابێکی پاك وخاوێنیان پێ دەنوشێ.

22 (پێیان دەوترێت): بێگومان ئەم بەهەشتە پاداشتی گەورەی ئێوەیە وهەموو هەوڵ وکۆششێکیشتان سوپاس کراوە.

23 دڵنیاش بە (ئەی موحەمەد) ئێمە قورئانمان بەبەش بەش بۆ سەر تۆ دابەزاند.

24 ئەمجا خۆڕاگربە لەبەرامبەر فەرمانی پەروەردگارتەوە، وە مل کەچ وفەرمانبەرداری تاوانباران وبێباوەڕان مەبە.

25 یاد وذکری پەروەردگارت بکە بە بەیانیان ودەمەو ئێواراندا.

26 وەبەشەویش سوژدە بۆ پەروەردگارت ببە وەستایشی خوا
بکە لەبەشێکی زۆری شەودا.
27 بێگومان ئەو بێباوەڕانە حەزیان لە ژیانی دونیای تەمەن
کۆتایە کە بەخێرای دەڕوات، لەبەرامبەریشدا ڕۆژێکی زۆر سەخت
وگران وقورسیان فەرامۆش کردوە (کە قیامەتە).
28 (ئەو بێباوەڕانە نازانن کە هەر) ئێمە دروستمان کردوون
وئەندام و جومگەکانی لەشیانمان قایم پێکەوە بەستووە،
وەهەرکاتێکیش بمانەوێت دەیانگۆڕین وبەکەسانی تر جێگایان
دەگرینەوە.
29 بەڕاستی ئەمەش (ئەم سورەتە وتەواوی سورەتەکانی
قورئان) یادخستنەوەن، جا هەرکەسێك ئارەزووی (بەهەشت
بکات) ئەوە ڕێگای ڕاستی خودا دەگرێتە بەر.
30 ئارەزووی ئەم شتانەش ناکەن مەگەر خوای گەورە ئارەزوو
بکات وبیەوێت، بەڕاستی خوای گەورە زانا ودانا وکاربەجێ یە.
31 جا ئەو کەسەی خوا بیەوێت دەیخاتە ناو میهرەبانی
ڕەحمەتی خۆیەوە، وە سزای سەختیشی ئامادەکردووە بۆ
ستەمکاران.

## سورەتی المرسلات

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

1 سوێند بەو بایانەی کە یەك لەدوای یەك هەڵدەکەن.
2 وەبەو بایانەش کەبەهێز هەڵدەکەن بەهەڵکردنێکی توند.
3 وە بەو بایانەش کە هەورەکان دەهێن ودەبەن وبڵاوەیان
پێدەکەن.
4 وەسوێند بەو فریشتانەش، یان بەو بەڵگە ونیشانانەی کە
هەق وناهەق لەیەکتر جودا دەکەنەوە.
5 ئەمجا سوێند بەو فریشتانەی کە پەیام وسروشی
پەروەردگار دەگەیەنن بە پێغەمبەران.
6 لەپێناو ئەوەی بەڵگە بخەنە بەردەم باوەڕداران وبێباوەڕان
ونەفامانیش بێدار بکەنەوە.
7 بێگومان ئەوەی بەڵێنتان پێدراوە لەهاتنی ڕۆژی دوایی
دێتەدی.
8 ئەمجا کاتێك کە ئەستێرەکان ڕوناکیان نەما وتاریك بوون
(بەو مانایەی کە لەجێگای خۆیان ترازان).
9 وەکاتێك کە ئاسمان کەلێنی تێبوو لەیەك ترازا ویەکاڵا
کرایەوە.
10 وەکاتێك کێو وچیاکان تەخت کران وورد وخاش بوون.

وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَٱسۡجُدۡ لَهُۥ وَسَبِّحۡهُ لَيۡلًا طَوِيلًا ٢٦ إِنَّ
هَٰٓؤُلَآءِ يُحِبُّونَ ٱلۡعَاجِلَةَ وَيَذَرُونَ وَرَآءَهُمۡ يَوۡمًا ثَقِيلًا ٢٧ نَّحۡنُ
خَلَقۡنَٰهُمۡ وَشَدَدۡنَآ أَسۡرَهُمۡۖ وَإِذَا شِئۡنَا بَدَّلۡنَآ أَمۡثَٰلَهُمۡ تَبۡدِيلًا
٢٨ إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذۡكِرَةٌۖ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا ٢٩
وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ٣٠
يُدۡخِلُ مَن يَشَآءُ فِي رَحۡمَتِهِۦۚ وَٱلظَّٰلِمِينَ أَعَدَّ لَهُمۡ عَذَابًا أَلِيمَۢا ٣١

سُورَةُ المُرۡسَلَاتِ
ترتيبها ٧٧ — آياتها ٥٠

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلۡمُرۡسَلَٰتِ عُرۡفًا ١ فَٱلۡعَٰصِفَٰتِ عَصۡفًا ٢ وَٱلنَّٰشِرَٰتِ نَشۡرًا ٣
فَٱلۡفَٰرِقَٰتِ فَرۡقًا ٤ فَٱلۡمُلۡقِيَٰتِ ذِكۡرًا ٥ عُذۡرًا أَوۡ نُذۡرًا ٦ إِنَّمَا
تُوعَدُونَ لَوَٰقِعٌ ٧ فَإِذَا ٱلنُّجُومُ طُمِسَتۡ ٨ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ فُرِجَتۡ
٩ وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ نُسِفَتۡ ١٠ وَإِذَا ٱلرُّسُلُ أُقِّتَتۡ ١١ لِأَيِّ يَوۡمٍ أُجِّلَتۡ
١٢ لِيَوۡمِ ٱلۡفَصۡلِ ١٣ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلۡفَصۡلِ ١٤ وَيۡلٌ يَوۡمَئِذٖ
لِّلۡمُكَذِّبِينَ ١٥ أَلَمۡ نُهۡلِكِ ٱلۡأَوَّلِينَ ١٦ ثُمَّ نُتۡبِعُهُمُ ٱلۡأٓخِرِينَ
١٧ كَذَٰلِكَ نَفۡعَلُ بِٱلۡمُجۡرِمِينَ ١٨ وَيۡلٌ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ١٩

11 وەساتێك کە کاتی وادە دانرا بۆ گشت پێغەمبەران (بۆ
ئەوەی لەگەڵ ئوممەتەکانیاندا ڕووبەڕوو ببنەوە، وپەروەردگار
دادگاییان بکات).
12 بۆچ ڕۆژێك دواخراوە ! (بۆ ڕۆژێکی گەورەی وا کە هەموو
بەندەکانی خوا سەریان سوڕ دەمێنێت لەو ڕۆژە لەبەر ناڕەحەتی
دیمەن وڕووداوەکانی، لەو ڕۆژەدا هەموو پێغەمبەران ڕوو بەڕووی
ئوممەتەکانیان دەبنەوە، بۆ ئەوەی شاهیدی بدەن لەسەریان).
13 ئەو ڕۆژە ڕۆژی جیاکردنەوەیە (جیاکردنەوەی باوەڕداران لە
بێباوەڕان).
14 تۆ چوزانیت (ئەی موحەمەد) ڕۆژی جیاکردنەوە چیە؟!.
15 وەیل وتیاچوون بۆ بێباوەڕان لەو ڕۆژەدا.
16 ئایا گەلان وئوممەتانی پێشینمان (بەهۆی خراپەکاریانەوە)
لەناو نەبرد؟.
17 پاشان ئەو گەلانەشی دوای ئەوان هاتن ویاخی بوون
(مەبەست پێی بێباوەڕانی مەککەیە).
18 هەر بەو جۆرە لەگەڵ گشت تاوانباران مامەڵە دەکەین.
19 وەیل وتیاچوون بۆ بێباوەڕان لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی دوایی).

أَلَمْ نَخْلُقكُّم مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ ﴿٢٠﴾ فَجَعَلْنَٰهُ فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿٢١﴾ إِلَىٰ قَدَرٍ
مَّعْلُومٍ ﴿٢٢﴾ فَقَدَرْنَا فَنِعْمَ ٱلْقَٰدِرُونَ ﴿٢٣﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٢٤﴾
أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ كِفَاتًا ﴿٢٥﴾ أَحْيَآءً وَأَمْوَٰتًا ﴿٢٦﴾ وَجَعَلْنَا فِيهَا رَوَٰسِىَ
شَٰمِخَٰتٍ وَأَسْقَيْنَٰكُم مَّآءً فُرَاتًا ﴿٢٧﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٢٨﴾
ٱنطَلِقُوٓا۟ إِلَىٰ مَا كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿٢٩﴾ ٱنطَلِقُوٓا۟ إِلَىٰ ظِلٍّ ذِى ثَلَٰثِ
شُعَبٍ ﴿٣٠﴾ لَّا ظَلِيلٍ وَلَا يُغْنِى مِنَ ٱللَّهَبِ ﴿٣١﴾ إِنَّهَا تَرْمِى بِشَرَرٍ
كَٱلْقَصْرِ ﴿٣٢﴾ كَأَنَّهُۥ جِمَٰلَتٌ صُفْرٌ ﴿٣٣﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٣٤﴾
هَٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ ﴿٣٥﴾ وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ ﴿٣٦﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ
لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٣٧﴾ هَٰذَا يَوْمُ ٱلْفَصْلِ جَمَعْنَٰكُمْ وَٱلْأَوَّلِينَ ﴿٣٨﴾ فَإِن كَانَ
لَكُمْ كَيْدٌ فَكِيدُونِ ﴿٣٩﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٠﴾ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى
ظِلَٰلٍ وَعُيُونٍ ﴿٤١﴾ وَفَوَٰكِهَ مِمَّا يَشْتَهُونَ ﴿٤٢﴾ كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔۢا
بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٤٤﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ
لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٥﴾ كُلُوا۟ وَتَمَتَّعُوا۟ قَلِيلًا إِنَّكُم مُّجْرِمُونَ ﴿٤٦﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ
لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٧﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱرْكَعُوا۟ لَا يَرْكَعُونَ ﴿٤٨﴾ وَيْلٌ
يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٩﴾ فَبِأَىِّ حَدِيثٍۭ بَعْدَهُۥ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٠﴾

20 ئایا ئێمە ئێوەمان دروست نەکردوە لە ئاوێکی قێزەونی بێنرخ.

21 ئـەمجا نەمانخستە جێگایـەکی قـایم ومەحکەمـەوە (کـە منداڵدانە).

22 تاماوەیەکی دیاری کراو.

23 ئەمجا ئێمە هـەموو شتێکمان بە ڕێکوپێکی بەدی هێنا، بەڕاستی خوای گەورە ئەندازەگیر وکارچاکێکی دروستە.

24 وەیل وتیاچوون بۆ بێباوەڕان لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی دوایی).

25 ئایا ئێمە زەویمان نەکردوەتە جێگای کۆبوونەوەی ئێوە.

26 بۆکەسانی زیندوو، وەهەروەها بۆ کەسانی مردوشتان.

27 وە ئایا کێوی بەرز وبڵندمان دانەمەزراندوە لەزەویدا، وە ئاوی شیرین وسازگارمان پێ نەبەخشیون بۆ خواردنەوە؟!.

28 وەیل وتیاچوون بۆ بێباوەڕان لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی دوایی).

29 بچن بۆ ئەو دۆزەخەی کە باوەڕتان پێی نەبوو.

30 بڕۆن بۆ سێبەری ئەو دوکەڵە سێ پارچەیە.

31 نەسێبەرێکی فێنکە ونەپارێزەریشە لەگڕ وبلێسەی دۆزەخ.

32 ئەو دۆزەخە پریشکی وەك کۆشکی زۆر بەرز دەهاوێژێت.

33 (ئـەو پریشـکانە بـەرو دوا دەڕۆن) هـەر ئـەڵێی کـاروانی ووشتری زەردن.

34 وەیل وتیاچوون بۆ بێباوەڕان لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی دوایی).

35 ئەمڕۆ ڕۆژێکە (بێباوەڕان) ناتوانن هیچ قسەیەك بکەن.

36 وەرێگاشیان پێ نادرێت کە بروبیانوو بهێننەوە.

37 وەیل وتیاچوون بۆ بێباوەڕان لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی دوایی).

38 ئەمـە ڕۆژی جیاکردنەوەیـە، ئێـوە ونـەوەکانی پـێش ئێوەشمان کۆکردوەتەوە.

39 جا ئەگەر فروفێڵێکتان هەیە لەدەرونی خۆتان بەرامبەر بە من ( پەروەردگار ) ئەنجامی بدەن.

40 وەیل وتیاچوون بۆ بێباوەڕان لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی دوایی).

41 بێگومان پارێزکاران وخواناسان لەناو باخات وکانیاوەکاندان.

42 وە لەهـەر جـۆرە میوەیـەك ئـارەزوو بکـەن بۆیـان ئامادە دەکرێت.

43 پێیان دەوترێت : بخۆن وبخۆنەوە نۆشتان بێت لەپاداشتی ئەو کارو کردەوەی کە دەتانکرد.

44 بێگومان ئێمە بەو شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە.

45 وەیل وتیاچوون بۆ بێباوەڕان لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی دوایی).

46 ئەمجا ئێـوەش ئـەی بێبـاوەڕان (بـۆ ماوەیـەکی کـەم) لـەم دونیایەدا بخۆن ورابوێرن، بەڕاستی تاوانبارن.

47 وەیل وتیاچوون بۆ بێباوەڕان لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی دوایی).

48 وەکاتێـك بووترێـت (بـەو بێباوەڕانـە) کڕنـوش بـەرن بـۆ پەروەردگارتان (واتە نوێژ بکەن) کڕنوش نابەن ونوێژ ناکەن.

49 وەیل وتیاچوون بۆ بێباوەڕان لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی دوایی).

50 (ئـەو دڵ ڕەقانە) بـاوەڕ بـەم قورئانـە نـەهێنن ئـیتر بـەچ فەرموودەیەك تر باوەڕ دەهێنن دوای قورئان؟.

# سوره‌تی النبأ

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

کاتێك کە خوای گەورە پێغەمبەری ﷺ ڕەوانەکرد بۆ قورەیش فەرمانی پێکردن بە یەکخواپەرستی وئەوەی پێ ڕاگەیاندن کە لەپاش مردن زیندووبونەوە هەیە، ئەوانیش لەنێو خۆیاندا بەگاڵتەجاڕیەکەوە لەیەکتریان دەپرسی : ئەوە چی بەسەر موحەممەدا هاتووە؟ ئەوە باس لەچی دەکات؟ خوای گەورەش ئەم ئایەتانەی دابەزاند .

1 ئەوە (ئەو بێباوەڕانە) دەربارەی چی لەیەکتر پرسیار دەکەن.

2 لەو دەنگ وباسە گەورەیەی (کەقورئان هەواڵی پێداوە بەهاتنی ڕۆژی دوایی وزیندوو بونەوە) پرسیار دەکەن.

3 کە ئەوان تیایدا ڕاو بۆچوونی جیاوازیان هەیە (چونکە هەندێکیان دەیانووت قورئان جادوە، وەهەندێکی تر دەیانووت قورئان شیعرە، کۆمەڵێکیش دەیانووت قسەی فاڵچیەکانە، یان دەیانووت بەسەرهاتوو ئەفسانەی کۆنە).

4 نەخێر وانیە، لەمەو پاش دەزانن وتێدەگەن (قورئان هەقە وڕۆژی دوایش ڕاستە ودێتە پێش).

5 دووبارە نەخێر وانیە، لەمەو پاش دەزانن وتێدەگەن.

6 ئایا ئێمە زەویمان بۆڕانەخستوون، وەك لانکەمان لێنەکردوە بۆیان؟ تا بەئاسانی ژیانی تێدا بگوزەرێنن.

7 وە کێوەکانمان نەگێڕاوە بە مێخ تاوەکو ( ڕاگیری بکات لە لەرزین وفشاری بورکانەکان وهەڵتان نەدێرێت).

8 وە ئایا ئێمە ئێوەمان دروست نەکردوە بە جووت (واتە لە نێر ومێیەك)؟.

9 وە ئایا خەو و نووستنمان بۆ نەکردوون بە مایەی حەسانەوەتان؟.

10 وە یائا شەومان بۆ نەگێڕاون بە مایەی پۆشاکو کاڵا، تاوەکو داتان پۆشێت بەتاریکی خۆی؟.

11 وە ئایا ڕۆژیشمان نەکردووە بە مایەی ژیان وگوزەرانتان؟ (تاوەکو بچن وبێن لە ڕزق وڕۆزی حەڵاڵ ژیانی خۆتانی تیادا دابین بکەن).

12 وە حەوت چین ئاسمانی بەهێزمان لەسەروتانەوە دروست نەکردووە؟.

13 وە ئایا چرایەکی ڕۆشن وپرشنگدار (کەمەبەست پێی خۆرە) بۆمان فەراهەم نەهێناون؟.

14 وە ئایا لەهەورە تەنیوەکان ئاوی بە خوڕ وزۆرمان بۆ نەهێناونەتە خوارەوە؟.

15 بۆ ئەوەی کە دانەوێڵە وڕووەك وگژ وگیایی پێ بڕوێنین.

16 وە هەروەها جۆرەها باخ وباخاتی چڕ وپڕی لەیەك ئاڵاو بەدی بهێنێت پێی.

سُورَةُ النَّبَإِ — ترتيبها ٧٨ — آياتها ٤٠

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

عَمَّ يَتَسَآءَلُونَ (١) عَنِ ٱلنَّبَإِ ٱلْعَظِيمِ (٢) ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ (٣)
كَلَّا سَيَعْلَمُونَ (٤) ثُمَّ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ (٥) أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ مِهَٰدًا (٦)
وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا (٧) وَخَلَقْنَٰكُمْ أَزْوَٰجًا (٨) وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا
(٩) وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِبَاسًا (١٠) وَجَعَلْنَا ٱلنَّهَارَ مَعَاشًا (١١) وَبَنَيْنَا
فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا (١٢) وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا (١٣) وَأَنزَلْنَا
مِنَ ٱلْمُعْصِرَٰتِ مَآءً ثَجَّاجًا (١٤) لِّنُخْرِجَ بِهِۦ حَبًّا وَنَبَاتًا (١٥) وَجَنَّٰتٍ
أَلْفَافًا (١٦) إِنَّ يَوْمَ ٱلْفَصْلِ كَانَ مِيقَٰتًا (١٧) يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ
فَتَأْتُونَ أَفْوَاجًا (١٨) وَفُتِحَتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتْ أَبْوَٰبًا (١٩) وَسُيِّرَتِ
ٱلْجِبَالُ فَكَانَتْ سَرَابًا (٢٠) إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا (٢١) لِّلطَّٰغِينَ
مَـَٔابًا (٢٢) لَّٰبِثِينَ فِيهَآ أَحْقَابًا (٢٣) لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا
(٢٤) إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا (٢٥) جَزَآءً وِفَاقًا (٢٦) إِنَّهُمْ كَانُوا۟
لَا يَرْجُونَ حِسَابًا (٢٧) وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا كِذَّابًا (٢٨) وَكُلَّ شَىْءٍ
أَحْصَيْنَٰهُ كِتَٰبًا (٢٩) فَذُوقُوا۟ فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا (٣٠)

17 بەڕاستی ڕۆژی جیابونەوە (کە ڕۆژی قیامەتە) کاتێکی بۆ دیاری کراوە بۆ جیاکردنەوەی چاکەکاران لەخراپەکاران.

18 ئەو ڕۆژەی کە فوو دەکرێت بە (صور)دا وخەڵکی پۆل پۆل دێن ( بۆ گۆڕەپانی مەحشەر).

19 لەسەختی ئەو ڕۆژەدا ئاسمان دەکرێتەوە ( ولەت لەت دەبێت وهەموو لایەکی وەك دەرگای لەسەر پشتی لێ دێت).

20 وە کێوەکان خرانە ڕێ ولەجێگای خۆیان هەڵکەنران وکەوتنەڕێ ووەك سەرابیان لێهات.

21 بێگومان ئاگری دۆزەخ لە قەرەوڵدایە ( بۆ ئەو بێباوەڕانە ) .

22 بۆ لەخودا یاخیان وبێاوەڕان مەنزڵگاو جێگای مانەوەیە.

23 تێیدا دەمێننەوە بە هەزاران ساڵ.

24 لەو دۆزەخەدا نە ساردی وفێنکی ونەخواردنەوەی تێدا ناچەژن.

25 جگە لە ئاوی گەرم وکوڵ بەکوڵ وکێم وزوخاو نەبێت.

26 ئا ئەوەیە بۆ ئەوانە پاداشتی تەواوی کردەوەکانیان.

27 چونکە بەڕاستی ئەوانە بە تەمای زیندووبونەوە ولێپرسینەوە نەبوون.

28 هەروەها ئایەت وبەڵگەونیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ دەزانی.

إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا ﴿٣١﴾ حَدَآئِقَ وَأَعْنَٰبًا ﴿٣٢﴾ وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا ﴿٣٣﴾ وَكَأْسًا
دِهَاقًا ﴿٣٤﴾ لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّٰبًا ﴿٣٥﴾ جَزَآءً مِّن رَّبِّكَ عَطَآءً
حِسَابًا ﴿٣٦﴾ رَّبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلرَّحْمَٰنِ لَا يَمْلِكُونَ
مِنْهُ خِطَابًا ﴿٣٧﴾ يَوْمَ يَقُومُ ٱلرُّوحُ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ صَفًّا لَّا يَتَكَلَّمُونَ
إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا ﴿٣٨﴾ ذَٰلِكَ ٱلْيَوْمُ ٱلْحَقُّ فَمَن
شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ مَـَٔابًا ﴿٣٩﴾ إِنَّآ أَنذَرْنَٰكُمْ عَذَابًا قَرِيبًا يَوْمَ
يَنظُرُ ٱلْمَرْءُ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ وَيَقُولُ ٱلْكَافِرُ يَٰلَيْتَنِى كُنتُ تُرَٰبًا ﴿٤٠﴾

## سُورَةُ النَّازِعَاتِ

ترتيبها ٧٩ — آياتها ٤٦

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرْقًا ﴿١﴾ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشْطًا ﴿٢﴾ وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبْحًا
﴿٣﴾ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبْقًا ﴿٤﴾ فَٱلْمُدَبِّرَٰتِ أَمْرًا ﴿٥﴾ يَوْمَ تَرْجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ
﴿٦﴾ تَتْبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ ﴿٧﴾ قُلُوبٌ يَوْمَئِذٍ وَاجِفَةٌ ﴿٨﴾ أَبْصَٰرُهَا
خَٰشِعَةٌ ﴿٩﴾ يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِى ٱلْحَافِرَةِ ﴿١٠﴾ أَءِذَا كُنَّا
عِظَٰمًا نَّخِرَةً ﴿١١﴾ قَالُوا۟ تِلْكَ إِذًا كَرَّةٌ خَاسِرَةٌ ﴿١٢﴾ فَإِنَّمَا هِىَ زَجْرَةٌ
وَٰحِدَةٌ ﴿١٣﴾ فَإِذَا هُم بِٱلسَّاهِرَةِ ﴿١٤﴾ هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ ﴿١٥﴾

29 لەکاتێکدا ئێمە هەموو شتێکمان (بەنوسین) لەسەریان ژماردووە.

30 دەی بچەژن (لەسزای سەختی دۆزەخ) وەهیچ شتێکتان بۆ زیاد ناکەین سزا نەبێت.

31 بێگومان بۆ خواناسان وپارێزکارانیش سەرفرازی وپیرۆزی ورزگاربوون هەیە.

32 بۆیان هەیە چەندەها باخ وباخات وهەموو جۆرە ترێیەك.

33 (لەو جێگا خۆشانەدا) هاوسەر وکچانی هاوتەمەن وتازە مەمك کردوو بەسەر سینەیانەوە ئامادەیە بۆیان.

34 هەورەها کاس وپەرداخی پڕ لەشەراب (شەرابێك کە سەرخۆش کەر وبۆگەن نیە).

35 لەو بەهەشتانەدا هیچ جۆرە قسەیەکی بێهودە ودرۆی تیا نابیستن.

36 پاداشت دەردێنەوە بە پاداشتێکی تەواو لەلایەن پەروەردگاری تۆوە.

37 پەروەردگاری ئاسمان وزەوی وئەوەشی لە نێوانیاندایە پەروەردگارێکی میهرەبانە، بەجۆرێك لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی دوایی) کەس ناتوانێت لەبەردەم ئەودا بدوێت وقسە بکات.

38 ڕۆژێکە کە جوبرەئیل وتەواوی فریشتەکان بەڕیز دەوەستن، بەجۆرێك کەسیان قسە ناکات ونادوێت، مەگەر بۆ یەکێکیان کە خوای گەورە ڕێگا بدات وقسەی بەڕێ وبەجێ بکات.

39 ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی ڕاست وبێگومانە جا هەرکەس دەوێت با بۆلای پەروەردگاری پاشەڕۆژێك (بەکردەوەی چاکە) هەڵبژێرێ.

40 بێگومان ئێمە ئێوەمان ئاگادار کردەوە لە سزایەکی نزیك کە بەڕێوەیە، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە کە ئادەمیزاد سەیری ئەو کار وکردەوانە دەکات کە پێش خۆی خستبوون، جا ئەوەی بێباوەڕە لەو ڕۆژەدا دەڵێت : ئای خۆزگە هەر گڵ وخاك بومایە (وزیندوو نەکرامایەتەوە).

## سورەتی النازعات

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

1 سوێند بێت بەو فریشتانەی کە گیانی بێباوەڕان بەتوندی دەکێشن.

2 وە سوێند بەو فریشتانەی کە گیانی باوەڕداران زۆر بەئاسانی دەکێشن وبەچالاکی دەسوڕێنەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان.

3 وە سوێند بەو فریشتانەی وەك مەلەوان مەلە بکات ئاوا بەخێرایی لە ئاسمانەوە دادەبەزن بۆ ئەنجام دانی فەرمانەکانی خوا.

4 وە سوێند بەو فریشتانەش کە پێشبڕکێ دەکەن لەبەجێ هێنانی فەرمانەکانی پەروەردگاردا.

5 وە بەو فریشتانەی کە کە بەوویستی خوا زۆر بەووردی کاروفەرمانی بوونەوەر جێ بەجێ دەکەن.

6 سوێند بەهەموو ئەوانە ڕۆژێك دێت (فووی یەکەم دەکرێت بە صوردا) زەوی بەتوندی تەکان دەدات ودەکەوێتە لەرزە(هەموو مەخلوقاتی خوا دەمرن).

7 بەدوای ئەویشدا (فووی دووەم دەکرێت بە صوردا) وهەموو مردوەکان زیندوو دەبنەوە ودونیای هەتاهەتایی بەرپا دەبێت.

8 زۆر دڵ لەو ڕۆژەدا بەخێرایی لێدەدەن وخورپە خورپیان پێ دەکەوێت لەترسا.

9 ئەو کەسانەی کە دڵەکانیان بەو شێوەیە چاویان شۆڕ وشەرمەزارن وڕوویان نایەت سەر بەرز بکەنەوە.

10 ئەمڕۆ (واتە لە دونیا) ئەو جۆرە کەسانە بە گاڵتەجاڕیەوە دەڵێن : ئاحۆ ئێمە لەپاش مردن دەگەڕێینەوە بۆ ژیانی پێشوو (زیندوو دەکرێینەوە)؟.

11 کاتێك کە بووین بە ئێسك وپروسکی ڕزیوو پواو.

12 بە گاڵتەوە ووتیان : ئائەوە ئەگەر وابێت وڕاست بێت گەڕانەوەیەکی بە زیانە بۆ ئێمە.

13 بێگومان (با ئەو بێباوەڕانە بزانن) کە ئەو گەڕانەوەیە یەك نەعرەتە ویەك شریخەیە.

14 ئیتر یەکسەر کت وپڕ دەبیننەوە کەوان لەدەشتێکی کاکی بەکاکیدا.

15 ئایا (ئەی موحەمەد) هەواڵی داستان وبەسەرهاتی — مووسی — ت پێگەیشتووە؟.

16 کاتێك پەروەردگاری بانگی کرد لە شیو (دۆڵی) ی پیرۆزی طوا.

17 وپێی فەرموو : بڕۆ بۆلای فیرعەون (وئامۆژگاری بکە) چونکە بەڕاستی یاخی بووە.

18 پێی بڵێ : ئایا ناکرێت کەدڵ ودەروون وکردارت پاك ببێتەوە لە تاوان وگوناه؟.

19 وە ڕێنومایت بکەم بۆ ناسینی پەروەردگارت هەتاوەکو لێی بترسیت؟.

20 ئەمجا (موسی) نیشانەو بەڵگە گەورەکەی پیشاندا (هەندێك دەڵێن گۆچانەکەی دەستی بوو کە بوو بە ئەژدیها، هەندێکی تر دەڵێن دەستە سپیەکەی بوو).

21 لە بەرامبەردا فیرعەون موعجزەکەی موسای بەدرۆ زانی وسەرپێچی کرد.

22 پاشان پشتی هەڵکرد وباوەڕی نەهێنا وکەوتە کۆشش کردن دژ بە موسی.

23 ئەمجا (جادووگەرانی) کۆکردەوە وبانگی کردن.

24 وبەخەڵکی ووت : من پەروەردگاری بەرز وبڵندی ئێوەم.

25 ئەمجا خوای گەورە گرفتاری کرد ودووچاری سزای دونیا وقیامەتیشی کرد.

26 بێگومان ئالەم بەسەرهاتەدا پەند وئامۆژگاری گرنگ هەیە بۆ کەسێك بیەوێت لەخوا بترسێت.

27 ئایا دروست کردنەوە وزیندووکردنەوەی ئێوە پاش مردن گرانترە یان دروستکردنی ئاسمانەکان کە بەدیهێناوە.

28 بەرزی کردووەتەوە وپەیوەستی کردووە بەیەکەوە وبەدیهێناوە بەڕاسەرتانەوە.

29 شەوەکەی تاریك کرد ورۆژەکەشی ڕوناك دەرهێنا.

30 وپاشان زەوی بۆ ڕاخستوون.

31 لەو زەویە ئاو وکانی ورووبار ولەوەرگای دەرهێنا.

32 وە شاخەکانی بتەو وقایم دامەزراند.

33 تاوەکو خۆتان ومەڕ ومالأت وئاژەڵەکانتان بەهرە وسوودی لێوەربگرن.

34 جا کاتێك کە رووداوە گەورەکەی ڕۆژی دوایی هات.

35 لەو ڕۆژەدا ئادەمیزاد کردەوەکانی خۆی وەبیر دێتەوە.

36 دۆزەخ نیشان ئەدرێت بۆ ئەو کەسەی کە بڕوانێ (واتە هەموو کەس بەدوو چاوی خۆی دۆزەخ دەبینێت).

37 جا ئەو کەسەی کە یاخی وسەرکەش ولە سنوور دەرچوو بێت.

38 وە ژیانی دونیای هەڵبژارد بێت بەسەر ژیانی دواڕۆژدا.

إِذۡ نَادَىٰهُ رَبُّهُۥ بِٱلۡوَادِ ٱلۡمُقَدَّسِ طُوًى ١٦ ٱذۡهَبۡ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ١٧
فَقُلۡ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ١٨ وَأَهۡدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخۡشَىٰ ١٩ فَأَرَىٰهُ
ٱلۡأٓيَةَ ٱلۡكُبۡرَىٰ ٢٠ فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ ٢١ ثُمَّ أَدۡبَرَ يَسۡعَىٰ ٢٢ فَحَشَرَ
فَنَادَىٰ ٢٣ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ٢٤ فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلۡأٓخِرَةِ وَٱلۡأُولَىٰٓ
٢٥ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبۡرَةً لِّمَن يَخۡشَىٰٓ ٢٦ ءَأَنتُمۡ أَشَدُّ خَلۡقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُۚ بَنَىٰهَا
٢٧ رَفَعَ سَمۡكَهَا فَسَوَّىٰهَا ٢٨ وَأَغۡطَشَ لَيۡلَهَا وَأَخۡرَجَ ضُحَىٰهَا ٢٩
وَٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ٣٠ أَخۡرَجَ مِنۡهَا مَآءَهَا وَمَرۡعَىٰهَا ٣١
وَٱلۡجِبَالَ أَرۡسَىٰهَا ٣٢ مَتَٰعًا لَّكُمۡ وَلِأَنۡعَٰمِكُمۡ ٣٣ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلطَّآمَّةُ
ٱلۡكُبۡرَىٰ ٣٤ يَوۡمَ يَتَذَكَّرُ ٱلۡإِنسَٰنُ مَا سَعَىٰ ٣٥ وَبُرِّزَتِ ٱلۡجَحِيمُ
لِمَن يَرَىٰ ٣٦ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ٣٧ وَءَاثَرَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ٣٨ فَإِنَّ ٱلۡجَحِيمَ
هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ٣٩ وَأَمَّا مَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفۡسَ عَنِ ٱلۡهَوَىٰ
٤٠ فَإِنَّ ٱلۡجَنَّةَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ٤١ يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرۡسَىٰهَا
٤٢ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكۡرَىٰهَآ ٤٣ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ ٤٤ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ
مَن يَخۡشَىٰهَا ٤٥ كَأَنَّهُمۡ يَوۡمَ يَرَوۡنَهَا لَمۡ يَلۡبَثُوٓاْ إِلَّا عَشِيَّةً أَوۡ ضُحَىٰهَا ٤٦

## سُورَةُ عَبَسَ

ترتيبها ٨٠ — آياتها ٤٢

39 بێگومان دۆزەخ دەبێت بە جێگای مانەوەی.

40 بەڵام ئەوەی لە گەورەی ودەسەڵاتی خودا ترسابێت وجڵەوی دەروونی لە هەواو وئارەزووی گرتبێتەوە.

41 بێگومان ئەوە بەهەشت دەبێتە جێگای حەوانەوەی.

42 ( ئەی موحەمەد ) لێت دەپرسن دەربارەی ڕۆژی دوایی، ئاخو ئەو ڕۆژە کەی دێت؟.

43 تۆ چیت داوە لەباسکردنی ئەو ڕۆژە ! (واتە کە تۆ هیچی لێ نازانیت ئەوانە بۆ وا دەپرسن).

44 کۆتای دونیا وهاتنی ڕۆژی دوایی تەنها پەروەردگارت دەیزانێت.

45 بێگومان تۆ ( ئەی موحەمەد ) تەنها تۆ ورياکەرەوەی کەسێکیت کە لەو ڕۆژە بترسێت.

46 بێباوەڕان ئەو ڕۆژە ناڕەحەتەی قیامەت دەبینین (لەتاو درێژی وسەختی ئەو ڕۆژە) وادەزانن لە دونیا تەنها ئێوارەیەك یان چێشتەنگاوێك ماونەتەوە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١﴾ أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ﴿٢﴾ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ﴿٣﴾ أَوْ
يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ ٱلذِّكْرَىٰٓ ﴿٤﴾ أَمَّا مَنِ ٱسْتَغْنَىٰ ﴿٥﴾ فَأَنتَ لَهُۥ تَصَدَّىٰ ﴿٦﴾
وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَن جَآءَكَ يَسْعَىٰ ﴿٨﴾ وَهُوَ يَخْشَىٰ ﴿٩﴾ فَأَنتَ
عَنْهُ تَلَهَّىٰ ﴿١٠﴾ كَلَّآ إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ ﴿١١﴾ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴿١٢﴾ فِى صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ
﴿١٣﴾ مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍۭ ﴿١٤﴾ بِأَيْدِى سَفَرَةٍ ﴿١٥﴾ كِرَامٍۭ بَرَرَةٍ ﴿١٦﴾ قُتِلَ ٱلْإِنسَٰنُ
مَآ أَكْفَرَهُۥ ﴿١٧﴾ مِنْ أَىِّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ ﴿١٨﴾ مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ﴿١٩﴾ ثُمَّ
ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ﴿٢٠﴾ ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقْبَرَهُۥ ﴿٢١﴾ ثُمَّ إِذَا شَآءَ أَنشَرَهُۥ ﴿٢٢﴾ كَلَّا لَمَّا
يَقْضِ مَآ أَمَرَهُۥ ﴿٢٣﴾ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ﴿٢٤﴾ أَنَّا صَبَبْنَا ٱلْمَآءَ صَبًّا
﴿٢٥﴾ ثُمَّ شَقَقْنَا ٱلْأَرْضَ شَقًّا ﴿٢٦﴾ فَأَنۢبَتْنَا فِيهَا حَبًّا ﴿٢٧﴾ وَعِنَبًا وَقَضْبًا ﴿٢٨﴾
وَزَيْتُونًا وَنَخْلًا ﴿٢٩﴾ وَحَدَآئِقَ غُلْبًا ﴿٣٠﴾ وَفَٰكِهَةً وَأَبًّا ﴿٣١﴾ مَّتَٰعًا لَّكُمْ
وَلِأَنْعَٰمِكُمْ ﴿٣٢﴾ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلصَّآخَّةُ ﴿٣٣﴾ يَوْمَ يَفِرُّ ٱلْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ ﴿٣٤﴾
وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ﴿٣٥﴾ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ ﴿٣٦﴾ لِكُلِّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ
يُغْنِيهِ ﴿٣٧﴾ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ ﴿٣٨﴾ ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ ﴿٣٩﴾ وَوُجُوهٌ
يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ ﴿٤٠﴾ تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ ﴿٤١﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَفَرَةُ ٱلْفَجَرَةُ ﴿٤٢﴾

## سورەتی عبس

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

تورموزی وحاکیم گێڕاویانەتەوە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەم سورەتە دەربارەی عەبدوڵلای کوڕی ئوم مەکتوم هاتەخوارەوە، کە پیاوێکی کوێربوو، کەهات بۆلای پێغەمبەر ﷺ وچەند جار ووتی : شارەزام بکە لە ئیسلام، لەو کاتەشدا چەند پیاوێك لەسەرانی قورەیش لای پێغەمبەر ﷺ دانیشتبوون، پێغەمبەری خوایش ﷺ ڕووی لە عەبدوڵلای کوڕی ئوم مەکتوم وەرچەرخاند وگوێی پێ نەدا، ڕووی کردە سەرانی قورەیش،عەبدوڵلا ووتی: ئەم ووتەیەی من هیچی تیادا نیە؟ فەرمووی نەخێر، جا ئەم ئایەتانە لەو کاتەدا هاتنە خوارەوە .

1 پێغەمبەر ﷺ ڕووی گرژ کرد وپشتی هەڵکرد.

2 کاتێك کە (پیاوە) کوێرەکە هات بۆلای.

3 تۆ چوزانیت بەڵکو ئەو پیاوە بۆ ئەوە هاتبێت کە دڵ ودەرونی خۆی پاك بکاتەوە (بە کردوەی چاکە ولەتووە فێر بێت).

4 یاخود ئامۆژگاری وەربگرێت وبیربکاتەوە، تا ئەو ئامۆژگاری وبیرکردنەوەیە سوودی پێ بگەیەنێت.

5 بەڵام ئەو کەسەی کە خۆی بە بێنیاز دەزانێت ونایەوێت هیدایەت وەربگرێت.

6 تۆ ڕووی تێدەکەیت ولەگەڵیدا کۆدەبیتەوە.

7 جا ئەگەر ئەو کەسە یاخیانە ئەگەر هیدایەت وەرنەگرن ونەیانەوێت خۆیان پاك بکەنەوە لە بت پەرستی هیچ لەسەر تۆ نیە (چونکە تۆ تەنها گەیاندنت لەسەرە).

8 بەڵام ئەوەی خۆی هاتوەتە لات وکۆشش دەکات بۆ ئەوەی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام شارەزا ببێت (کەمەبەست پێی عەبدوڵلای کوڕ ئەم مەکتومە).

9 وە لەخوا دەترسێت.

10 کەچی تۆ پشتی تێ دەکەیت وخۆتی لێ هەڵە دەکەیت.

11 نەخێر وا مەبە و وامەکە چونکە بێگومان ئەم سورەت وئەم ئایەتانە یادخەرەوە وئامۆژگاریە.

12 جا کەسێك بیەوێت ئامۆژگاری لەو ئایەتانە وەردەگرێت (بەو مانایە هیچ ڕێگریەك نیە لەبەردەم هیچ کەسێکدا بۆ ئەوەی بیر لەگەورەی دەسەڵاتی خودا بکاتەوە لە دوو توێی ئەم سورەتەوە).

13 ئەو ئایەتانە لەچەندین لاپەڕەی پیرۆزدا هەڵگیراون (لە لوح المحفوظ) دا.

14 بەرزو بڵند وپاکوخاوێنن.

15 بەدەستی فریشتەی سەفیر وباڵوێز ونوێنەری شارەزا گەیەنراون(لەنێوان پەروەردگار ومرۆڤایەتیدا).

16 بەڕێز وپلە بەرزن (لای خوا) وگوێڕایەڵی ئەو زاتەن وراستگۆن لەباوەڕیاندا.

17 مرۆڤ بە کوشت وهیلاك چێت چەند (بەرامبەر بە نیعمەتەکانی خوا) سپڵە وپێ نەزانە.

18 (بیر ناکاتەوە وبزانێت) کە پەروەردگار لەچی دروستی کردوە.

19 دروستی کردوە لە دڵۆپێ ئاوی (قێزەون)، ئەمجا ئەندازەی تەواوی بۆ گرتوە و (بەچەند قۆناغێکی یەك لەدوای یەك ڕێکی خستوە).

20 پاشان ڕێگای چاك وخراپیشی بۆ ئاسان کرد (بەو مانایە ئیختیاری دایە دەست ئادەمیزاد خۆی، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر).

21 دواتر دەیمرێنێت وبەفەرمانی خۆیشی لە گۆڕ دەنرێت.

22 پاشتریش هەرکاتێك وویستی زیندوویان دەکاتەوە دوای مردنیان.

23 نەخێر تا ئێستا ئەوەی خوای گەورە فەرمانی پێ کردوە ئادەمیزاد جێ بەجێی نەکردووە.

24 جا با ئادەمیزاد سەیری ئەو خواردنەی بکات (کە خوا ڕۆزی داوە) بەچ شێوەیەك بەدی هێناوە بۆی.

25 بەڕاستی ئێمە لە هەورەکانەوە بارانمان داباراند بۆی بە چۆن دابارندنێك.

26 پاشان زەویمان بۆ شەق کرد بەچۆن شەق کردنێك (دەبینیت دانەوێڵەیەك بەو بچوکیە ئەو زەویە دەدڕێت ودێتە دەرەوە).

27 ئەمجا لە ناویدا دانەوێڵەمان ڕوواند.

28 هەروەها جۆرەها ترێ وگژ وگیا وسەوزە.
29 وە دارە زەیتون ودارە خورمایش.
30 وە چەندەها باخ وباخاتی چڕ وپڕ.
31 وە میوە و لەوەڕگا.
32 بۆ سوودی خۆتان وئاژەڵەکانتان.
33 جا کاتێك کە شریخە گەورەکەی ڕۆژی دوایی هات.
34 ڕۆژێکە (لەبەر ناڕەحەتیەکەی) مرۆڤـــ ڕادەکات لە برای خۆی.
35 ڕادەکات وهەڵدێت لە دایکی وباوکی خۆی.
36 هەروەها لە خێزانی وکوڕەکانی.
37 لــەو ڕۆژەدا هەرکــەس ســەرقاڵە بەکاروکێشــەی خۆیــەوە
ونایپەرژێتە سەر کەسی تر.
38 لەو ڕۆژەدا زۆر ڕوخسار ودەموچاو گەشاوە ودرەوشاوەن.
39 دەم بە پێکەنین و شاد و گەشاوەن .
40 وە زۆر ڕوخســـــار ودەموچــــاویش لــــەو ڕۆژەدا تۆزیــــان
بەسەرەوەیە وغەمبارن.
41 لە شەرمەزاریدا ڕەش داگیرساون.
42 ئا ئەوانە ئەوانەن کە بێباوەڕ وگوناهبار وخراپەکارن.

## سوره تى التكوير

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

پەروەردگار لەم سوورەتەدا چەند دیمەنێکی ڕۆژی دوایی بۆ باوەڕداران باس دەکات : –

1 کاتێك کە خۆر پێچرایەوە وتاریك بوو (ڕوناکی نەما).
2 وە کاتێك کە ئەستێرەکان هەڵوەرین وکەوتنە خوارەوە (لە
شوێن وخولگەی خۆیان ترازان).
3 وە شــاخ وکێوەکــان لــەجێگا وشــوێنی خۆیــان هەڵکــەنران
وخرانە ڕێ (دوای ئەوەی کە بوون بە تۆز لەهەوادا).
4 وە کاتێك کە ووشترە ئاوسەکان بەرەڵاکران وپشتگوێ خران
ولێیــان نەپرســرایەوە، (هەرچــەندە ئــەو ووشــترانە لــەو کاتــەدا
بــەنرخترین مــاڵ ودارایــی بــوون لای عەرەبــەکان، بــەڵام لەبــەر
ناڕەحەتی ڕۆژی دوایی وازی لێ دێنن وگوێی پێنادەن).
5 وەکاتێــك کــە هەرچــی گیانــداری کێــوی هەیــە بەیەکــەوە
کۆکرانەوە، (بۆ ئەوەی هەرکامیان مافی هەیە بەســەر ئــەوەی دیکــەوە
لێی بسەنرێتەوە ئەمەش دادپەروەری پەروەردگار دەسەلمێنێت).
6 وە کاتێــك کــە دەریاکــان گــڕدران وهەڵگیرســێنران وهــەموو
ئاوەکان بوون بە پارچەیەك لە ئاگر.
7 وە ساتێك هــەموو گیانێــك (روح) لەگــەڵ لاشــەکەیدا جــووت
کرایەوە (وەك خۆی لێهاتەوە).
8 وە ساتێك کە پرسیارکرا لە کچانی زیندەبەچاڵکراو.
9 کە بەچ تاوانێك کوژراون (وزیندە بەچاڵ کراون).
10 وە ســـاتێك کــە کــە نامــەی کــرداری هــەموو کەســێك
بڵاودەکرێتەوە (بۆ لێپرسینەوە لەگەڵیدا).

سُورَةُ التَّكۡوِيرِ — ترتيبها ٨١ — آياتها ٢٩

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ ١ وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتۡ ٢ وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ
سُيِّرَتۡ ٣ وَإِذَا ٱلۡعِشَارُ عُطِّلَتۡ ٤ وَإِذَا ٱلۡوُحُوشُ حُشِرَتۡ
٥ وَإِذَا ٱلۡبِحَارُ سُجِّرَتۡ ٦ وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتۡ ٧ وَإِذَا
ٱلۡمَوۡءُۥدَةُ سُئِلَتۡ ٨ بِأَيِّ ذَنۢبٖ قُتِلَتۡ ٩ وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتۡ
١٠ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ كُشِطَتۡ ١١ وَإِذَا ٱلۡجَحِيمُ سُعِّرَتۡ ١٢ وَإِذَا ٱلۡجَنَّةُ
أُزۡلِفَتۡ ١٣ عَلِمَتۡ نَفۡسٞ مَّآ أَحۡضَرَتۡ ١٤ فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ ١٥
ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ ١٦ وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ ١٧ وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ ١٨
إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ١٩ ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ ٢٠ مُّطَاعٖ
ثَمَّ أَمِينٖ ٢١ وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجۡنُونٖ ٢٢ وَلَقَدۡ رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡمُبِينِ
٢٣ وَمَا هُوَ عَلَى ٱلۡغَيۡبِ بِضَنِينٖ ٢٤ وَمَا هُوَ بِقَوۡلِ شَيۡطَٰنٖ رَّجِيمٖ ٢٥
فَأَيۡنَ تَذۡهَبُونَ ٢٦ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ٢٧ لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن
يَسۡتَقِيمَ ٢٨ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٩

سُورَةُ الانفِطَارِ — ترتيبها ٨٢ — آياتها ٢٩

11 وە کاتێك کە ئاسمان تــرازا ولــەجێگای خــۆی دامــاڵرا (وەك
لاکی ئاژەڵێك کە چۆن پێستەکەی لێ دادەماڵرێت).
12 وە ســـاتێك کــە دۆزەخ (تــوڕەی خــوای گــەورە و تــاوانی
ئادەمیزاد) دایگیرساند وکەوتە کڵپە کڵپ.
13 وە کاتێك کە بەهەشت نزیك خرایەوە لە باوەڕداران.
14 هەموو کەسێك دەزانێت کەچی ئامادەکردوە (لەچاکەوخراپە
لەکاتی بڵاوکردنەوەی نامەی کردارەکاندا).
15 ســوێند بــەو ئەســتێرانەی کــە لەچــاو وون دەبــن (بــەهۆی
هەڵهاتنی ڕۆژەوە).
16 وە بەو ئەستێرانەی کە گەڕۆکن ودیار نامێنن.
17 وە سوێند بەشەو کاتێك کە پشت هەڵدەکات وتاریکیەکــەی
تەواو دەبێت.
18 وە سوێند بە بەرەبەیان کاتێك هەناسە دەدات (بــە شــنەی
شەماڵ ونەسیمی خۆی).
19 ســوێند بەهــەموو ئەوانــە ئــەم قورئانــە لــەزاری نێرراوێکــی
بەڕێزەوە کە (جوبرەئیلە نێرراوە بۆ پێغەمبەر).
20 ئەو نێــرراوە (جوبرەئیــل) خــاوەنی هێــز وپلــە وپایەیــە لای
پەروەردگاری خاوەن عەرش.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ
إِذَا السَّمَاءُ انفَطَرَتْ ﴿١﴾ وَإِذَا الْكَوَاكِبُ انتَثَرَتْ ﴿٢﴾ وَإِذَا الْبِحَارُ
فُجِّرَتْ ﴿٣﴾ وَإِذَا الْقُبُورُ بُعْثِرَتْ ﴿٤﴾ عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ
وَأَخَّرَتْ ﴿٥﴾ يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ ﴿٦﴾ الَّذِي
خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ ﴿٧﴾ فِي أَيِّ صُورَةٍ مَّا شَاءَ رَكَّبَكَ ﴿٨﴾
كَلَّا بَلْ تُكَذِّبُونَ بِالدِّينِ ﴿٩﴾ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ ﴿١٠﴾ كِرَامًا
كَاتِبِينَ ﴿١١﴾ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ﴿١٢﴾ إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ ﴿١٣﴾ وَإِنَّ
الْفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٍ ﴿١٤﴾ يَصْلَوْنَهَا يَوْمَ الدِّينِ ﴿١٥﴾ وَمَا هُمْ عَنْهَا بِغَائِبِينَ
﴿١٦﴾ وَمَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ ﴿١٧﴾ ثُمَّ مَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ
﴿١٨﴾ يَوْمَ لَا تَمْلِكُ نَفْسٌ لِّنَفْسٍ شَيْئًا ۖ وَالْأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ ﴿١٩﴾

## سُورَةُ المُطَفِّفِين

ترتيبها ٨٣ — آياتها ٣٦

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ
وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ ﴿١﴾ الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ ﴿٢﴾
وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ ﴿٣﴾ أَلَا يَظُنُّ أُولَٰئِكَ أَنَّهُم
مَّبْعُوثُونَ ﴿٤﴾ لِيَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٥﴾ يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٦﴾

21 قسه ڕەوایه لەناو فریشتەکاندا، وه دەست پاکه لەو وەحـی وسروشەی که دەیهێنێت بۆ پێغەمبەر ﷺ.
22 هاوەڵەکەتان (که موحەمـەدی کوڕ عەبدوڵڵایـه) شـێت نیـه (وەك ئەوەی ئێوه دەیڵێن، وه لەو پەڕی ژیریدایه).
23 بێگومان موحەمەد ﷺ جوبرەئیلی بینی لەشێوەی خۆیـدا (کەشەش صەد باڵی هەبوو) له ئاسۆی ڕووندا.
24 موحەمەد ﷺ ڕژد وبەخیل نیه لەگەیانـدنی ئـەو وەحیـەی که بۆی دێت لای پەروەردگاریەوە.
25 وه قورئانەی که بۆی هاتووه وتەی شەیتانی نەفرین لێکراو نی یه (وەك ئەوەی ئێوه دەیڵێن).
26 ئەوه ئێوه بۆ کوێ دەڕۆن وڕوو دەکەنه کوێ؟ (واتـه ئـەوه ئێـوه چـی ڕێگایـەکتان گرتوەتەبـەر لـه ووتـه وقسـه وقسـەڵۆك بەرامبەر قورئان).
27 ئەو قورئانه یادخستنەوه وئامۆژگاریه بۆ تەواوی جیهانیان.
28 بۆ هەرکەسێك که بیەوێت له ئێوه ڕێگای ڕاست بگرێتەبەر.
29 ئێوه ناتوانن وناتانەوێت ئەو ڕێگـا ڕاسـته بگرنەبـەر مەگـەر کاتێـك کـه پـەروەردگاری جیهانیـان بیـەوێت وئیسـتقامەتان پـێ ببەخشێت وبەردەوامتان بکات لەسەر هیدایەت.

## سوره تی الإنفطار

بەناوی خوای بەخشنده ومیهرەبان.
1 ساتێك که ئاسمان پارچه پارچه ولەت لەت دەبێت.
2 وەکاتێك که ئەستێرەکان کەوتنـه خـوارەوه وپـەرش وبڵاو بوونەوه.
3 وەساتێك کـه دەریاکـان (شـیرین وسـوێریان) تێکـەڵ کـران وتەقێنرانەوه.
4 وه کاتێك که گۆڕەکان ژێره وژوورکران (ومردووەکان هاتنه دەرەوه وزیندوو بوونەوه).
5 هەموو کەسێك ئەزانێت چی لەپێش خۆیەوه نـاردوه (لـەکار وکـردەوه بـۆ قیامـەتی) وچیشـی دواخسـتووه (لـه کـاری چـاکه وخراپ وخەڵکی چاویان لێ دەکەن).
6 ئەی ئادەمیزاد چ شتێك تۆی یـاخی کـردوه وتـەفرەی داوی بەرامبەر به پەروەردگاری میهرەبان وبەڕێزیت.
7 ئەو پەروەردگارەی کـه دروسـتی کردویـت (لـه دڵۆپـێ ئـاو وریکی خستوویت (وکردویتی بەئـەو پیـاوه) وجـودای کردویتـەوه (له تەواوی گیان لەبەرانی تر).
8 لەسەر هەر شـێوه وشـێوازێك کـه خـۆی وویسـتبێتی ڕێکـی خسوویت.
9 نەخێر (سەرکەش مەبن بەو ڕێز وحورمەتەی که پەروەردگار لێی گرتوون)، چونکه ئێوه بڕواتان بەڕۆژی دوایـی نیـه وبـەدرۆی دەزانن.
10 بێگومـان ئێـوه چـەند چـاودێرێکتان (لەفریشـتەکان) بەسەرەوه دانراوه (کەچاکه وخراپەتان دەنوسن).
11 ڕێزدارانێکی نووسەرن (ئەو فریشتانه).
12 هەرچی ئێوه بیکەن ئەوان دەیزانن.
13 بێگومـان چـاکەکاران (لـەڕۆژی دوایـی دا) لـەناز ونیعمـەتی پەروەردگاردان.
14 وه بەڕاستی خراپەکاران له دۆزەخدان.
15 لەڕۆژی دوایی (پاداشت) دا دەچنه ناویەوه.
16 وه بەهیچ شێوەیەك ناتوانن لێی بچنه دەرەوه.
17 تۆ چوو زانیت ڕۆژی دوایی (پاداشت) چیه؟چـەنده سـەخت ونارەحەته.
18 دووباره تۆ چوو زانیت ڕۆژی دوایی (پاداشت) چیه؟.
19 ئەو ڕۆژه ڕۆژێکه که هیچ کەس ناتوانێت فریایی هیچ کەسـی تـر بکەوێت وهیچی بۆ بکات، و هەموو کار وفەرمانێکیش هەر بۆ خوایه.

## سوره تی المطففین

نەسـائی وئـیبن وماجـه گێڕاویانەتـەوه لـه عەبـدوڵڵای کـوڕی عەباسەوه (خوایان لێ ڕازی بێت) دەڵـێ: کاتێـك پێغەمبـەر ﷺ

هات بۆ مەدینە وهیجرەتی کرد، خەڵکی مەدینە لە پێوانە وکێشانەیاندا لەهەموو کەس خراپ ونالەبارتر بوون، هەر بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتانەی دابەزاند، جا پاش ئەوەی ئایەتەکان دابەزین خەڵکی لە کێشانە وپێوانەیاندا چاك بوون .

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

1 هاوار وتیاچوون و (وەیل) بۆ تەرازوو بازان.

2 ئەوانەی کاتێك پێوانە بکەن بۆخۆیان لەسەر ماڵی خەڵکی بەتەواوی وەری دەگرن.

3 وەکاتێك لەسەر ماڵی خۆیان بۆ خەڵکی بپێون (شتیان پێ بفرۆشن) کەمیان دەدەنێ.

4 ئایا ئەوانە نازانن کە بێگومان زیندوو دەکرێنەوە.

5 لەڕۆژێکی زۆر گەورەدا.

6 ڕۆژێکە کە هەموو خەڵکی لەبەردەم بارەگای خوادا دەوەستن (بۆ لێپرسینەوە).

7 با دەست لەو کارەیان هەڵگرن، چونکە نامەی کردەوەی تاوانباران (لەنێویشیاندا تەرازووبازان) لەناو دەفتەرێکی پەستی تەنگی ڕەشدایە لەدۆزەخدا.

8 جا (ئەی موحەمەد) تۆ چوزانیت ئەو دەفتەرە ڕەشە چی یە ! .

9 نامەیەکی نووسراوی مۆر کراوە (کەبەهیچ شێوەیەك دەستکاری ناکرێت).

10 وەیل وتیاچوون بۆ بێباوەڕان لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی دوایی).

11 ئەوانەی کە باوەڕیان نی یە بەڕۆژی دوایی وزیندوو بوونەوە وبەدرۆی دەزانن.

12 هیچ کەس بێباوەڕ نی یە بەو ڕۆژە وبەردرۆی نازانێت جگە لەکەسانی ستەمکاری تاوانبار نەبێت.

13 ئەو کەسانە کاتێك بەڵگە وئایەتەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێنیتەوە، لەوەڵامدا دەڵێن : ئەمانە ئەفسانە ودرۆی پێشینانن.

14 نەخێر وانی یە (بەڵگەکانی ئێمە درۆی پێشینان نین) بەڵکو ژەنگی ئەو خراپە وتاوان وگوناهانەی کەدەیانکرد پەردەی هێناوە بەسەر دڵەکانیاندا (وڕاستی نابیستن).

15 نەخێر ڕزگاریان نابێت، بێگومان ئەو کەسانە لە ڕۆژی دوایی دا بێبەش دەبن لە بینینی زاتی خوای گەورە.

16 پاشان ئەوانە دەخرێنە ئاگری دۆزەخەوە.

17 ئەمجا (پاش ئەوەی کە دەخرێنە دۆزەخەوە) پێیان دەوترێت : ئەمە ئەو ئاگر وئەو ڕۆژە بوو کە ئێوە باوەڕتان پێی نەبوو.

18 نەخێر (چاکەکاران دوورن لەم دۆزەخەوە) ونامەی کردەوەکانیان لە جێگا وشوێنی بەرز وبڵندایە.

19 جا (ئەی موحەمەد) تۆ چوزانیت ئەو جێگا بەرز وبڵندانە (علیون) چیە وچۆنە ! .

20 نامە ودەفتەرێکی مۆرکراوی (هێندە بەرز وبەفەڕە).

21 کە فریشتە نزیك وبەڕێزەکانی خوای گەورە دەیکەنەوە وتەماشای دەکەن.

22 بێگومان چاکەکاران وخواناسان لە نازو نیعمەتدان.

كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلۡفُجَّارِ لَفِي سِجِّينٖ ٧ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا سِجِّينٞ ٨ كِتَٰبٞ
مَّرۡقُومٞ ٩ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ١٠ ٱلَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوۡمِ ٱلدِّينِ ١١
وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعۡتَدٍ أَثِيمٍ ١٢ إِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ
ٱلۡأَوَّلِينَ ١٣ كَلَّاۖ بَلۡۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ١٤ كَلَّآ إِنَّهُمۡ
عَن رَّبِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّمَحۡجُوبُونَ ١٥ ثُمَّ إِنَّهُمۡ لَصَالُواْ ٱلۡجَحِيمِ ١٦ ثُمَّ يُقَالُ
هَٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ١٧ كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلۡأَبۡرَارِ لَفِي عِلِّيِّينَ
١٨ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا عِلِّيُّونَ ١٩ كِتَٰبٞ مَّرۡقُومٞ ٢٠ يَشۡهَدُهُ ٱلۡمُقَرَّبُونَ
٢١ إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ لَفِي نَعِيمٍ ٢٢ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ٢٣ تَعۡرِفُ فِي
وُجُوهِهِمۡ نَضۡرَةَ ٱلنَّعِيمِ ٢٤ يُسۡقَوۡنَ مِن رَّحِيقٖ مَّخۡتُومٍ ٢٥
خِتَٰمُهُۥ مِسۡكٞۚ وَفِي ذَٰلِكَ فَلۡيَتَنَافَسِ ٱلۡمُتَنَٰفِسُونَ ٢٦ وَمِزَاجُهُۥ
مِن تَسۡنِيمٍ ٢٧ عَيۡنٗا يَشۡرَبُ بِهَا ٱلۡمُقَرَّبُونَ ٢٨ إِنَّ ٱلَّذِينَ
أَجۡرَمُواْ كَانُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يَضۡحَكُونَ ٢٩ وَإِذَا مَرُّواْ بِهِمۡ
يَتَغَامَزُونَ ٣٠ وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمُ ٱنقَلَبُواْ فَكِهِينَ ٣١
وَإِذَا رَأَوۡهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَضَآلُّونَ ٣٢ وَمَآ أُرۡسِلُواْ عَلَيۡهِمۡ
حَٰفِظِينَ ٣٣ فَٱلۡيَوۡمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنَ ٱلۡكُفَّارِ يَضۡحَكُونَ ٣٤

23 لەسەر کورسی و تەخت وقەنەفە ڕازاوەکانی بەهەشت دانیشتوون وتەماشای دیمەنە جوانەکانی دەکەن.

24 لە ڕوخسارياندا جوانی وگەشاوەیی وخۆشگوزەرانی دەبینیت.

25 شەرابێکی پاکی سەرمۆریان پێنۆش دەکرێت (بەشێوەیەك کەس جگە لەئەوان دەستی بۆ نەبردوە).

26 ئەو شەرابە دوا قومی بۆنی میسکی لێ دێت، جا با پێشبڕکێ کەران بۆئەمە پێشبڕکێ بکەن.

27 ئەو شەرابە تێکەڵ کراوە لە ئاوی (تسنیم).

28 ئەو (تسنیمە) سەرچاوەیەکە کەسە نزیکەکانی پەروەردگار لێی دەخۆنەوە.

29 بێگومان (لە دونیادا) ئەوانەی بێباوەڕ وتاوانبار بوون گاڵتەیان دەکرد بە باوەڕداران وپێ دەکەنین پێیان.

30 وەکاتێك بەلایاندا تێپەڕ ببوونایە دەستیان دەکرد بە سرتە سرت وچاولێ داگرتن.

31 وە کاتێکیش دەگەڕانەوە نێو ماڵو منداڵ وکەسوکاریان بە گاڵتەکردن بە باوەڕدارانەوە دەگەڕانەوە.

32 وە کاتێکیش کە باوەڕدارانیان ببینیایە ئەیانووت : ئەمانە گومڕا وسەرلێشێواون.

عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴿٣٥﴾ هَلۡ ثُوِّبَ ٱلۡكُفَّارُ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿٣٦﴾

## سُورَةُ الانشِقَاق

ترتيبها ٨٤ — آياتها ٢٥

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ ﴿١﴾ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ﴿٢﴾ وَإِذَا ٱلۡأَرۡضُ مُدَّتۡ
﴿٣﴾ وَأَلۡقَتۡ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتۡ ﴿٤﴾ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ﴿٥﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلۡإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحٗا فَمُلَٰقِيهِ ﴿٦﴾ فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ
كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ﴿٧﴾ فَسَوۡفَ يُحَاسَبُ حِسَابٗا يَسِيرٗا ﴿٨﴾ وَيَنقَلِبُ
إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورٗا ﴿٩﴾ وَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهۡرِهِۦ ﴿١٠﴾ فَسَوۡفَ
يَدۡعُواْ ثُبُورٗا ﴿١١﴾ وَيَصۡلَىٰ سَعِيرًا ﴿١٢﴾ إِنَّهُۥ كَانَ فِيٓ أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورًا ﴿١٣﴾
إِنَّهُۥ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ ﴿١٤﴾ بَلَىٰٓۚ إِنَّ رَبَّهُۥ كَانَ بِهِۦ بَصِيرٗا ﴿١٥﴾ فَلَآ أُقۡسِمُ
بِٱلشَّفَقِ ﴿١٦﴾ وَٱلَّيۡلِ وَمَا وَسَقَ ﴿١٧﴾ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ ﴿١٨﴾
لَتَرۡكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٖ ﴿١٩﴾ فَمَا لَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٢٠﴾ وَإِذَا قُرِئَ
عَلَيۡهِمُ ٱلۡقُرۡءَانُ لَا يَسۡجُدُونَ ۩ ﴿٢١﴾ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُكَذِّبُونَ
﴿٢٢﴾ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يُوعُونَ ﴿٢٣﴾ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢٤﴾
إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونِۭ ﴿٢٥﴾

(33) لە کاتێکدا ئەو بێباوەڕانە (ئەو قسانەیان دەکرد) نەنێررابوون کە چاودێرین بەسەر باوەڕدارانەوە.

(34) جا ئەم ڕۆژەش کە (ڕۆژی دوایییە) باوەڕداران سەرفراز وسەرکەوتون و (دەبینن کە بێباوەڕان لە دۆزەخدان) پێیان پێ دەکەنن.

(35) لەسەر کورسی وتەخت وقەنەفە ڕازاوەکانی بەهەشت دانیشتوون وتەماشای دۆزەخیەکان دەکەن.

(36) ودەڵێن: ئایا بێباوەڕان پاداشتی ئەو کار وکردەوە خراپانەیان وەرگرتوەتەوە کە لە دونیادا دەیانکرد؟.

## سوره تی الإنشقاق

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

(1) کاتێك کە ئاسمان لەت وپەت بوو ( ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی).

(2) گوێڕایەڵی پەروەردگاری خۆی کرد وشیاویش بوو بۆی ئەو ملکەچی یە.

(3) وەکاتێك (لە ڕۆژی دوایی دا) کە زەوی ڕاخراو وتەخت کراو، کێوەکانیشی لەجێگای خۆی نەمان، تاوای لێهات بوو بە دەشتێکی کاکی بەکاکی.

(4) ئەوەی تێیدا بوو لە مردوو هەمووی فڕێ دایە دەرەوە، وهیچی تێدا نەما.

(5) گوێڕایەڵی پەروەردگاری خۆی کرد وشیاویش بوو بۆی ئەو ملکەچی یە.

(6) ئەی ئادەمیزاد بەڕاستی تۆ هەمیشە لە ماندوو بوون وتێکۆشاندایت بە تێکۆشانێکی جدی بۆلای پەروەردگارت، سەرەنجامیش پێی دەگەیت ودەگەڕێیتەوە لای ئەو زاتە.

(7) جا ئەو کەسەی نامەی کردەوەکانی بدرێتەوە دەستی ڕاستی.

(8) ئەوە پاشتر لێپرسینەوەیەکی سووك وئاسانی لەگەڵدا دەکرێت.

(9) وە بەدڵخۆشیەوە دەگەڕێتەوە ناو کەس وکارو ماڵ ومنداڵی.

(10) بەڵام ئەوەی کە نامەی کار وکردەوەکانی لە پشتەوە درایە (دەستی چەپی).

(11) ئەوا هاوار وگریانی لێ بەرز دەبێتەوە وداوای مردنی خۆی دەکات وئاواتەخوازیەتی.

(12) وە دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

(13) لەبەر ئەوە (ئەو کەسە لە دونیادا هەمیشە لە کەیف وئارەزوو پەرستی خۆیدا بوو) بە دڵ خۆشی دەگەڕایەوە ناو ماڵ ومنداڵی.

(14) بەڕاستی ئەو کەسە واگومانی دەبرد هەرگیز ناگەڕێتەوە لای خوای گەورە بۆ وەرگرتنەوەی سزای کردەوەکانی.

(15) بەڵێ دەگەڕێتەوە لای پەروەردگاری، بێگومان خوای گەورە چاك ئاگاداره بە کار وکردەوەکانی و دەیانبینێت.

(16) سوێند بەشەفەق وسوورایی کەناری ئاسمان لەکاتی ئاوابوونی خۆردا.

(17) وەبەشەو و ئەوەشی کۆیان دەکاتەوە (لە مرۆڤ و گیان لەبەران).

(18) وەبە مانگی شەوی چواردە کاتێك کە تەواو پڕ دەبێت وخەرمانەیدا (ودەدرەوشێتەوە).

(19) ئێوە لە حاڵێکەوە دەگوێزنەوە بۆ حاڵێکی تر (لە دەوڵەمەندیەوە بۆ هەژاری، لە منداڵیەوە بۆ لاوی وپیری، لە ژیانەوە بۆ مردن ...).

(20) دەی ئیتر ئێوە(دوای ئەو هەمووە بەڵگە ونیشانانە) بۆ بڕوا ناهێنن.

(21) ئەو (بێباوەڕانە) کاتێکیش کە قورئان دەخوێنیتەوە بەسەریاندا سوژدە نابەن.

(22) (نەك هەر ئەوەندە) بەڵکو ئەوانەی کە بێباوەڕن ( قورئان) بەدرۆ دەزانن.

(23) خوای گەورە زانایە وچاك ئاگاداره بەوەشی لە دڵ ودەروونی خۆیاندا دەیشارنەوە.

(24) (ئەی موحەمەد) موژدەیان بدەرێ بە سزایەکی سەختی بە ئازار.

(25) جگە لەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە وکاروکردەوەی چاکیان کردووە، ئەو کەسانە پاداشتی نەبڕاوەیان بۆ ئامادەکراوە (لەلایەن پەروەردگاریانەوە).

# سوره‌تی البروج

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

1 سوێند بە ئاسمانی خاوەن بورجەکان (کەژمارەیان دوازدە بورجە، ڕۆژ ومانگ بەهەر دوزادەکەیدا تێپەڕ دەبن، هەر مانگە بەبورجێکدا).

2 وە سوێند بەو ڕۆژەی کە بەڵێنی پێدراوە (کەمەبەست پێی ڕۆژی دوایی یە).

3 وە سوێند بە هەموو شاهدێکی ئەو ڕۆژە لە مەخلوقاتی خوای گەورە، وەبە هەموو ئەو شتانەش لەو ڕۆژەدا دەبینرێن لەکاروکردەوەی تاوانباران کە کردویانە بەرامبەر بە خەڵکی (وەهەندێك دەڵێن مەبەست لە شاهد ڕۆژی هەینی یە ومەبەست لە مشهودیش ڕۆژ ی عەرەفەیە).

4 تیابچن وبەکوشتچن ونەفرینیان لێ بێت خاوەنی چاڵە ئاگرەکان (ئەوانەی کە چاڵە ئاگرینەکەیان سازدا بۆ باوەڕداران لەسەر ئەوەی پەشیمان نەبوونەوە لە باوەڕەکەیان وسەرەنجام هەموویان بە بەرچاوی خەڵکەوە خستە ناو ئەو چاڵە ئاگرەوە وسوتاندنیان).

5 ئەو ئاگرەی خاوەنی بڵێسە وسوتەمەنی بوو.

6 لە کاتێکدا (پادشای تاوانبار ودەست وپێوەندەکانی) دانیشتبوون بەچوار دەوری ئەو چاڵە ئاگرەدا.

7 وتەماشای سوتاندنی باوەڕدارەکانیان دەکرد (لەنزیکەوە).

8 ئەو سزایەش بۆیە ئەدران تەنها لەبەر ئەوەی کە باوەڕیان هێنابوو بە خوای گەورەی بەدەسەڵاتی سوپاسکراو.

9 ئەو خوایەی کە خاوەندارێتی ئاسمان وزەوی بۆ ئەوە، ئەو خوایەی ئاگاداری هەموو شتێکە وهیچی لێوون نابێت.

10 ئەو (تاوانبارانەی) کە باوەڕدارە پیاو وئافرەتەکانیان دووچاری ئەو سزا وناڕەحەتیە کرد، لەپاشان بەردەوام بوون وتەوبەشیان نەکرد، سزای دۆزەخ وسزای سوتێنەریان بۆ ئامادەکراوە.

11 بێگومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە وکار وکردەوەی چاکەیان کرد (مەبەست پێی ئەو باوەڕدارانەیە کە سوتێنران وەهەموو باوەڕدارێکی چاکەکاریش)، باخەکانی بەهەشتیان بۆ ئامادەیە کە چەندەها جۆگا وڕووبار بەژێریاندا دەڕوات، بەڕاستی ئائەوەیە سەرکەوتنی هەرە گەورە.

12 بەڕاستی سزا وتۆڵە ودەست وەشاندنی پەروەردگارت (ئەی موحەمەد ﷺ) زۆر سەخت وبەتینە.

13 بێگومان هەر ئەو خودایەیە لەنەبوونەوە ئادەمیزای دروستکردوە، وەپاشانیش لەدوای مردن زیندوویان دەکاتەوە.

14 هەر ئەویشە پەروەردگاری لێبوردەی خاوەن سۆز وخۆشەویستی بۆ بەندەی (تەوبەکارانی).

15 خودای خاوەن عەرش وبەرزی پایەدار.

16 هەر شتێکی بیەوێت دەیکات ( هیچ ڕێگریەك نیە لەبەردەمیدا).

سُورَةُ البُرُوجِ — ترتيبها ٨٥ — آياتها ٢٢

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡبُرُوجِ ١ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡمَوۡعُودِ ٢ وَشَاهِدٖ وَمَشۡهُودٖ
٣ قُتِلَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأُخۡدُودِ ٤ ٱلنَّارِ ذَاتِ ٱلۡوَقُودِ ٥ إِذۡ هُمۡ عَلَيۡهَا
قُعُودٞ ٦ وَهُمۡ عَلَىٰ مَا يَفۡعَلُونَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ شُهُودٞ ٧ وَمَا نَقَمُواْ
مِنۡهُمۡ إِلَّآ أَن يُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ ٨ ٱلَّذِي لَهُۥ مُلۡكُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ٩ إِنَّ ٱلَّذِينَ
فَتَنُواْ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَتُوبُواْ فَلَهُمۡ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمۡ
عَذَابُ ٱلۡحَرِيقِ ١٠ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ
جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡكَبِيرُ ١١ إِنَّ بَطۡشَ
رَبِّكَ لَشَدِيدٌ ١٢ إِنَّهُۥ هُوَ يُبۡدِئُ وَيُعِيدُ ١٣ وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلۡوَدُودُ ١٤
ذُو ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡمَجِيدُ ١٥ فَعَّالٞ لِّمَا يُرِيدُ ١٦ هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلۡجُنُودِ
١٧ فِرۡعَوۡنَ وَثَمُودَ ١٨ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي تَكۡذِيبٖ ١٩ وَٱللَّهُ مِن
وَرَآئِهِم مُّحِيطُۢ ٢٠ بَلۡ هُوَ قُرۡءَانٞ مَّجِيدٞ ٢١ فِي لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ ٢٢

سُورَةُ الطَّارِقِ — ترتيبها ٨٦ — آياتها ١٧

17 ئایا (ئەی موحەمەد ﷺ) هەواڵی لەشکر وسوپاکانت پێگەیشتووە؟ ( ئەو بێباوەڕانەی کە هەردەم خەریکی کۆکردنەوەی سوپا بوون لەدژ پێغەمبەران وشوێنکەوتوانی).

18 سوپا ولەشکری فیرعەون وسەموود (خوای گەورە سزای فیرعەون ولەشکرەکەی دا بە نوقم کردنیان لەڕووباری نیلدا، وە سزای گەلی سەموودیش دا بەوەی وولاتی کاول کردن ودایتی بەسەریەکدا).

19 ئەوانەشی بێباوەڕ بوون (لە قورەیش وخەڵکی مەککە، پەندیان وەرنەگرت لەبەسەرهاتی ئەو گەلانەدا) بەردەوام بوون لەسەر بێباوەڕی وسەرکەشی خۆیان.

20 وە خوای گەورەش لە پشتیانەوە بەدەسەڵات و علمی خۆی دەوریانی داوە(بەتوانایە چی کرد لەو گەلانە ئاواش بکات لە تەواوی بێباوەڕان).

21 ئەوەی (کە ئەوان بێباوەڕن پێی وبەدرۆی دەزانن) قورئانێکی گەورە وبەڕێزە.

22 لەناو تابلۆیەکی پیرۆزی پارێزراوە، واتە لە لوح المحفوظە (نووسراوەتەوە لە جێگایەك کە بە دایکی هەموو نوسراوەکان ناسراوە– أم الكتاب –وە پارێزراویشە (محفوظ) لەدەست تێوەردانی شەیتانەکان.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ١ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلطَّارِقُ ٢ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ ٣ إِن كُلُّ
نَفۡسٖ لَّمَّا عَلَيۡهَا حَافِظٞ ٤ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ٥ خُلِقَ مِن مَّآءٖ
دَافِقٖ ٦ يَخۡرُجُ مِنۢ بَيۡنِ ٱلصُّلۡبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ٧ إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجۡعِهِۦ لَقَادِرٞ ٨
يَوۡمَ تُبۡلَى ٱلسَّرَآئِرُ ٩ فَمَا لَهُۥ مِن قُوَّةٖ وَلَا نَاصِرٖ ١٠ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلرَّجۡعِ ١١
وَٱلۡأَرۡضِ ذَاتِ ٱلصَّدۡعِ ١٢ إِنَّهُۥ لَقَوۡلٞ فَصۡلٞ ١٣ وَمَا هُوَ بِٱلۡهَزۡلِ ١٤ إِنَّهُمۡ
يَكِيدُونَ كَيۡدٗا ١٥ وَأَكِيدُ كَيۡدٗا ١٦ فَمَهِّلِ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَمۡهِلۡهُمۡ رُوَيۡدَۢا ١٧

## سُورَةُ الأَعْلَى

ترتيبها ٨٧ — آياتها ١٩

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ١ ٱلَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ ٢ وَٱلَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ
٣ وَٱلَّذِيٓ أَخۡرَجَ ٱلۡمَرۡعَىٰ ٤ فَجَعَلَهُۥ غُثَآءً أَحۡوَىٰ ٥ سَنُقۡرِئُكَ
فَلَا تَنسَىٰٓ ٦ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ إِنَّهُۥ يَعۡلَمُ ٱلۡجَهۡرَ وَمَا يَخۡفَىٰ ٧ وَنُيَسِّرُكَ
لِلۡيُسۡرَىٰ ٨ فَذَكِّرۡ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكۡرَىٰ ٩ سَيَذَّكَّرُ مَن يَخۡشَىٰ ١٠
وَيَتَجَنَّبُهَا ٱلۡأَشۡقَى ١١ ٱلَّذِي يَصۡلَى ٱلنَّارَ ٱلۡكُبۡرَىٰ ١٢ ثُمَّ لَا يَمُوتُ
فِيهَا وَلَا يَحۡيَىٰ ١٣ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ١٤ وَذَكَرَ ٱسۡمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ ١٥

## سوره‌تی الطارق

به‌ناوی خوای به‌خشنده ومیهره‌بان.

1 سوێند به ئاسمان وئه‌و ئه‌ستێرانه‌شی له‌شه‌ودا ده‌رده‌كه‌ون.

2 تۆ چوزانیت ( ئه‌ی موحه‌مه‌د ﷺ) (ده‌ركه‌وتووی شه‌و = طارق) چی یه.

3 ئه‌ستێره‌یه‌كه به ڕووناكی ودره‌وشاوه‌ی خۆی تاریكی شه‌و ده‌بڕێت.

4 سوێند به‌هه‌موو ئه‌وانه هیچ كه‌سێك نی یه چاودێری به‌سه‌ره‌وه نه‌بێت (هه‌موو كه‌س دوو فریشته كرده‌وه‌كانی تۆمار ده‌كات یه‌كێكیان چاكه‌كان وئه‌وی دیكه‌ش خراپه‌كان).

5 (واته مرۆڤ بۆ ئه‌وه‌نده سه‌ركه‌شه) ده‌با ئاده‌میزاد ته‌ماشا بكات وسه‌رنج بدات كه له چی دروستكراوه.

6 دروستكراوه له ئاوێكی هه‌ڵقوڵاوی به‌تاوكان كه‌دڕژێته ناو منالْدانه‌وه (واته له ئاوی پیاو وهێلكه‌دانی ئافره‌ت).

7 كه ده‌رده‌چێت له‌ناوه‌ندی پشتی پیاو ودانه‌ی په‌راسووه‌كانی سنگی ئافره‌ته‌وه.

8 بێگومان خوای گه‌وره به‌ده‌سه‌ڵات وبه‌توانایه له‌سه‌ر زیندوو كردنه‌وه‌ی ئاده‌میزاد پاش مردنی ورِزانی له‌خاكدا.

9 له ڕۆژێكدا (كه ڕۆژی دوایی یه) هه‌موو نهێنی وڕاز ونیازێكی ناو دڵه‌كان ئاشكرا ده‌كرێت.

10 ئاده‌میزاد (له‌و ڕۆژه‌دا) هیچ هێز وپشتیوانێكی نیه كه ڕزگاری بكات.

11 سوێند به ئاسمانی خاوه‌ن باران.

12 وه به زه‌وی خاوه‌ن درز وقڵێش (كه به‌هۆی ده‌رهاتنی دارو دره‌خت وڕووه‌كه‌وه درزی تیٚ ده‌بێت).

13 بێگومان قورئانی پیرۆز ووته‌ی جیاكه‌ره‌وه‌یه (هه‌ق له ناهه‌ق جیا ده‌كاته‌وه).

14 ئه‌م قورئانه ووته‌ی گاڵته وگه‌پ نیه (واته به‌بیٚ هووده نه‌نێرراوه).

15 بێگومان بێباوه‌ڕان هه‌رده‌م خه‌ریكی پیلان وفرِوفێڵن (له باوه‌ڕداران).

16 وه منیش نه‌خشه‌ی خۆم ده‌خه‌مه‌كار ( بۆ ئاشكرا كردنی هه‌ق وڕاستی و تۆڵه سه‌ندنه‌وه لێیان ).

17 جا تۆش (ئه‌ی موحه‌مه‌د ﷺ) په‌له مه‌كه له بێباوه‌ڕان، وكه‌مێك مۆڵه‌تیان بده ولێیان بووه‌سته (بزانه خۆم چیان به‌سه‌ر ده‌هێنم).

## سوره‌تی الأعلى

به‌ناوی خوای به‌خشنده ومیهره‌بان .

1 ته‌سبیحات ویادی په‌روه‌ردگاری به‌رز وبڵند وپایه‌دارت بكه (به ووتنی سبحان ربي الأعلى).

2 ئه‌و په‌روه‌ردگاره‌ی كه هه‌موو شتێكی به‌جوانی دروستكردووه وڕێكوپێكیشی كردوه.

3 ئه‌و په‌روه‌ردگاره‌ی كه نه‌خشه‌ی هه‌موو شتێكی كێشاوه (له شێواز وجۆر وڕه‌نگ وسیفات وكار وگوفتار و ڕزق وئه‌جه‌لی)، پاشان ڕێنمونیشی كردوه بۆی.

4 ئه‌و په‌روه‌ردگاره‌ی كه گژ وگیایی وله‌وه‌ڕگای ده‌رهێناوه بۆئاژه‌ڵان.

5 پاشان ماوه‌یه‌كیش دیگۆڕێت به پووش وپه‌ڵاشی زه‌رد ووووشكی ڕه‌ش هه‌ڵگه‌ڕاو.

6 ئه‌ی موحه‌مه‌د ﷺ ئێمه قورئانت به‌سه‌ردا ده‌خوێنینه‌وه وهه‌رگیزی له‌بیریشت ناچێته‌وه.

7 مه‌گه‌ر شتێك كه خوا بیه‌وێت وله‌بیرتی به‌رێته‌وه (به‌نه‌سخ كردنه‌وه ولابردنی حوكمه‌كه‌ی) بێگومان ئه‌و ئاگادراه به‌و شتانه‌ی كه ئاده‌میزاد ده‌یكات به ئاشكراو به‌نهێنی.

8 ئێمه یارمه‌تیت ده‌ده‌ین بۆ به‌ئه‌نجام گه‌یاندنی هه‌موو چاكه‌یه‌ك له‌پێناو چوونه به‌هه‌شتت (هه‌موو كارێكت بۆ ئاسان ده‌كه‌ین).

9 ئه‌مجا تۆش هه‌میشه ئامۆژگاری خه‌ڵكی بكه به‌و قورئانه‌ی بۆمان ناردویت وڕێنومابیان بكه بۆ سه‌ر ڕێگای ڕاست وشه‌ریعه‌تی

ئیسلام، ئەگەر ئەو ئامۆژگاری ورێنموونیانە سوودی هەبێت بۆیان وپەندی لێوەربگرن.

10 بێگومان ئەوەی کە لەخودا بترسێت پەندی لێوەردەگرێت.

11 بەلاَم ئەوەی کە مل هوڕ وسەرکەش بێت لەو ئامۆژگاریانە خۆی لائەدا.

12 ئەوەی دەچێتە ناو ئاگرە هەرە گەورەکەوە (ئاگری دۆزەخ).

13 پاشان لەناو ئەو ئاگرەدا نە دەمرێت (کە گیانی بکێشرێت ورزگاری ببێت) نەدەژێت (بەژیانێکی ئاسوودەیی وخۆشی).

14 بێگومان رزگاری بوو ئەوەی کە دلّ ودەروونی خۆی پاك بکاتەوە لە شیرك وهاوەلّ پەیداکردن بۆ خوا.

15 وە یادی پەروەردگاری خۆی بکات ونوێژەکانی ئەنجام بدا.

16 کەچی ئێوە ژیانی دونیا هەلّدەبژێرن (بەسەر ژیانی دوارِۆژدا).

17 لەگەلّ ئەوەشدا ژیانی دوارِۆژ باشتر وبەدەوامترە بۆتان (لەژیانی ئەم دونیایە).

18 بێگومان ئەوەی باسکرا ( لەم سوورەتەدا لەپاککردنەوەی دلّ ودەروون و یاد وذکری خوا و....) لە نامەی ( پێغەمبەرانی پێشوودا ) باسکراوە.

19 لەنامە وپەراوەکانی ئیبراهیم وموسی (عَلَيْهِمَا السَّلَامُ).

## سوورەتی الغاشیة

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

1 ئایا دەنگ وباسی رۆژە داپۆشەرەکەت پێگەشتووە (رۆژی دوایی کە بەناڕەحەتیەکانی تەواوی مەخلوقات دادەپۆشێت لەو رۆژەدا).

2 لەو رۆژەدا کۆمەلّە روخسارێك ریسواو وشەرمەزار وزەلیلن.

3 (خاوەنی ئەو روخسارانە) هەولّدەرێکی رەنجەڕۆن، چونکە هەرچییان کردووە تەنها بۆ ژیانی دونیا بووە ودوور بوون لە ئیمان.

4 (ئەوانە) دەچنە ناو ئاگرێکی هەرە گەرمەوە.

5 وەلەسەرچاوەیەکی گەرم وکولّ بەکولّ ئاویان ئەدرێتێ.

6 خۆراکیشیان تەنها درکێکی تفت وتالّی ووشکی ووشتر خۆرە.

7 ئەویش نە گۆشتی پێ دەگرن وقەلّەو بن پێی ونەبرسێتیشیان پێ دەشکێت.

8 وە کۆمەلّە روخسارێکیش رووخۆش وجوان وگەشاوەن.

9 رازین لە کۆشش وماندووبونی دونیای خۆیان (چونکە پاداشتی گەورە دراونەتەوە لەلایەن پەروەردگاریانەوە).

10 لە ناو بەهەشتێکی بەرز وبلّند دان.

11 هیچ قسە وگوفتارێکی هیچ وپووچ وبەتالّ وبێ مانای تیادا نابیستن.

12 لەو بەهەشتەدا سەرچاوە وکانی لەبەر ڕۆشتوویان تیادایە.

13 هەروەها سیستەم وقەنەفە وجێگە حەوانەوەی بەرز.

14 وە کوپ وپەرداخی جوان ورازاوەی دانراو.

بَلْ تُؤْثِرُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿١٦﴾ وَٱلْـَٔاخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ﴿١٧﴾ إِنَّ هَـٰذَا لَفِى ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ ﴿١٨﴾ صُحُفِ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ ﴿١٩﴾

### سُورَةُ الغَاشِيَةِ

ترتيبها ٨٨ — آياتها ٢٦

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ

هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلْغَـٰشِيَةِ ﴿١﴾ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ خَـٰشِعَةٌ ﴿٢﴾ عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ ﴿٣﴾ تَصْلَىٰ نَارًا حَامِيَةً ﴿٤﴾ تُسْقَىٰ مِنْ عَيْنٍ ءَانِيَةٍ ﴿٥﴾ لَّيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٍ ﴿٦﴾ لَّا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِى مِن جُوعٍ ﴿٧﴾ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ ﴿٨﴾ لِّسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ ﴿٩﴾ فِى جَنَّةٍ عَالِيَةٍ ﴿١٠﴾ لَّا تَسْمَعُ فِيهَا لَـٰغِيَةً ﴿١١﴾ فِيهَا عَيْنٌ جَارِيَةٌ ﴿١٢﴾ فِيهَا سُرُرٌ مَّرْفُوعَةٌ ﴿١٣﴾ وَأَكْوَابٌ مَّوْضُوعَةٌ ﴿١٤﴾ وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ ﴿١٥﴾ وَزَرَابِىُّ مَبْثُوثَةٌ ﴿١٦﴾ أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ ﴿١٧﴾ وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيْفَ رُفِعَتْ ﴿١٨﴾ وَإِلَى ٱلْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ ﴿١٩﴾ وَإِلَى ٱلْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ ﴿٢٠﴾ فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ ﴿٢١﴾ لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ ﴿٢٢﴾ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴿٢٣﴾ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَكْبَرَ ﴿٢٤﴾ إِنَّ إِلَيْنَآ إِيَابَهُمْ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم ﴿٢٦﴾

15 وەپالّپشت وسەرینی جوانی ڕیزکراو.

16 وەقالّی وفەرش وڕاخەری ڕەنگا وڕەنگی تیا ڕاخراوە.

17 (ئەو بێباوەڕانە) بۆ وورد نابنەوە لە ووشتر کە چۆن دروستکراوە.

18 وە لەئاسمان چۆن بەرزکراوەتەوە (وئەو هەموو ئەستێرە جوانەی تیا نەخشێنراوە بەبێ بوونی کۆلّەکەیەك).

19 وە بۆ وورد نابنەوە لە چیا وشاخ وکێوەکان کە چۆن داکوتراون ودامەزرێنراون.

20 وە بۆ تەماشای دەشتەکانی زەوی ناکەن کە چۆن ڕاخراوە ولەبارکراوە بۆ کشتوکالّ وژیان بەسەربردن تیایدا.

21 (ئەی موحەمەد ﷺ) تۆش ئامۆژگاریان بکە وئەم شتانەیان یادبخەرەوە، چونکە بەڕاستی تۆ تەنها یادخەرەوەیت.

22 تۆ دەسەلاّتت نیە بەسەریاندا تا بتوانیت بەزۆر باوەڕیان پێ بهێنیت.

23 بەلاّم ئەو کەسەی کە پشت هەلّدەکات وبێ باوەڕ دەبێت.

24 ئەوە خوا سزای دەدات بە سزایەکی زۆر گەورە.

25 بێگومان هەر بۆلای ئێمەیە گەڕانەوەیان (واتە پاش مردن زیندوو دەکرێنەوە ودەگەڕێنەوە بۆلای خوای گەورە).

26 پاشان بەڕاستی هەر لەسەر ئێمەشە لێپرسینەوە وموحاسەبەکردنیان.

## سُورَةُ الفَجۡرِ

ترتيبها ٨٩ — آياتها ٣٠

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلۡفَجۡرِ (١) وَلَيَالٍ عَشۡرٖ (٢) وَٱلشَّفۡعِ وَٱلۡوَتۡرِ (٣) وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَسۡرِ
(٤) هَلۡ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ (٥) أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ
(٦) إِرَمَ ذَاتِ ٱلۡعِمَادِ (٧) ٱلَّتِي لَمۡ يُخۡلَقۡ مِثۡلُهَا فِي ٱلۡبِلَٰدِ (٨)
وَثَمُودَ ٱلَّذِينَ جَابُواْ ٱلصَّخۡرَ بِٱلۡوَادِ (٩) وَفِرۡعَوۡنَ ذِي ٱلۡأَوۡتَادِ (١٠)
ٱلَّذِينَ طَغَوۡاْ فِي ٱلۡبِلَٰدِ (١١) فَأَكۡثَرُواْ فِيهَا ٱلۡفَسَادَ (١٢) فَصَبَّ
عَلَيۡهِمۡ رَبُّكَ سَوۡطَ عَذَابٍ (١٣) إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلۡمِرۡصَادِ (١٤) فَأَمَّا
ٱلۡإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكۡرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَكۡرَمَنِ
(١٥) وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيۡهِ رِزۡقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَهَٰنَنِ (١٦)
كَلَّاۖ بَل لَّا تُكۡرِمُونَ ٱلۡيَتِيمَ (١٧) وَلَا تَحَٰٓضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ
ٱلۡمِسۡكِينِ (١٨) وَتَأۡكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ أَكۡلٗا لَّمّٗا (١٩)
وَتُحِبُّونَ ٱلۡمَالَ حُبّٗا جَمّٗا (٢٠) كَلَّآ إِذَا دُكَّتِ ٱلۡأَرۡضُ دَكّٗا
دَكّٗا (٢١) وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلۡمَلَكُ صَفّٗا صَفّٗا (٢٢) وَجِاْيٓءَ يَوۡمَئِذِۭ
بِجَهَنَّمَۚ يَوۡمَئِذٖ يَتَذَكَّرُ ٱلۡإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكۡرَىٰ (٢٣)

## سوره‌تی الفجر

به‌ناوی خوای به‌خشنده ومیهره‌بان .

(1) سوێند به به‌ره‌به‌یان (یان به به‌ره‌به‌یانی ڕۆژی جه‌ژنی قوربان).

(2) وه‌ سوێند به ده‌شه‌وی یه‌كه‌می مانگی ذي الحجة.

(3) وه‌ به هه‌موو شتێكی جووت وتاك (یان مه‌به‌ست به جووت ڕۆژی یه‌كه‌م ودووه‌می ایام التشريقه كه په‌له كردن تیایدا دروسته، وبه ڕۆژی تاكیش مه‌به‌ست پێی ڕۆژی سێهه‌می ایام التشريقه).

(4) وه‌ به‌شه‌وگار كاتێك كه تێ ده‌په‌ڕێت.

(5) ئایا ئه‌مانه‌ی كه‌سوێندی پێخورا شایسته‌ی سوێند پێخواردن نین لای كه‌سانی ژیر وخاوه‌ن هۆش.

(6) ئایا نابینیت په‌روه‌ردگاری تۆ چی كرد به گه‌لی عاد (خوای گه‌وره به ڕه‌شه‌بایی به‌هێز له‌ناو ماڵه‌كانی خۆیاندا له‌ناوی بردن).

(7) (ئیره‌م ناوێكی تری عادی یه‌كه‌مه، یان ناوی باپیری عادی یه‌كه‌مه)، كه‌خاوه‌ن پایه‌ی به‌رز وخانوو كۆشكی ستوندار بوون.

(8) له‌هیچ شار وشوێنێكدا نموونه‌ی كۆشك وته‌لاری گه‌وره وبه‌رز یان دروست نه‌كرابوو.

(9) وه‌ ئایا نه‌تزانیووه په‌روه‌ردگارت چی كرد به‌گه‌لی سه‌موود (كاتێك كه یاخی بوون)، ئه‌وانه‌ی له نێو شیو ودۆڵه‌كاندا تاشه‌به‌ردیان ده‌بڕی وخانوویان لێ دروست ده‌كرد.

(10) هه‌روه‌ها چیشی كرد به فیرعه‌ونی خاوه‌ن ئه‌هرامه‌كان (ئه‌و ئه‌هرامانه وه‌ك مێخ چووبوون به ناخی زه‌ویدا).

(11) ئه‌وانه (گه‌لی عاد وسه‌موود وفیرعه‌ون) بێباوه‌ڕ ویاخی بوون له‌وولاتدا.

(12) فه‌ساد وخراپه‌كاری وتاوانی زۆریان ئه‌نجامدا.

(13) په‌روه‌ردگارت سزا وخه‌شم وقینی خۆی ڕشت به‌سه‌ریاندا وله‌ناوی بردن.

(14) بێگومان په‌روه‌ردگاری تۆ هه‌میشه له قه‌ره‌وڵدایه ( بۆ تۆڵه سه‌ندنه‌وه له بێباوه‌ڕان ) .

(15) ئاده‌میزادی (بێباوه‌ڕ وسپڵه) كاتێك كه په‌روه‌ردگاری تاقی كرده‌وه به‌وه‌ی ناز ونیعمه‌تی ڕشت به‌سه‌ریدا وڕێزی لێگرت ومال ودارایی پێ به‌خشی، ده‌ڵێت : وادیاره په‌روه‌ردگارم منی خۆش ده‌وێت بۆیه (من شایانی ئه‌و به‌هره‌یه‌م) وڕێزی لێناوم.

(16) به‌ڵام كاتێك په‌روه‌ردگار تاقیكرده‌وه به‌وه‌ی كه ڕزق وڕۆزی لێگرتـه‌وه، یان كـه‌می كـرده‌وه، له‌به‌رامبـه‌ردا ده‌ڵێت:وادیاره په‌روه‌ردگار سوكایه‌تی پێكردووم (چونكه وا‌ده‌زانێت ڕێزی ئاده‌میزاد به سه‌روه‌ت وسامانه‌وه‌یه).

(17) (نه‌خێر هیچی وانیه كه ئێوه تێگه‌شتوون) به‌ڵكو ئێوه ڕێزی هه‌تیوان ناگرن.

(18) هه‌روه‌ها هانی یه‌كتر نادەن له‌سه‌ر خواردن دان به‌هه‌ژاران.

(19) سه‌ره‌ڕای ئه‌مه ئێوه میراتی به‌شدارانی (هه‌تیوو وبێوه‌ژنان وئافره‌تان) به‌هه‌ڵپه ده‌خۆن (وهیچ حسابێكیان بۆ ناكه‌ن).

(20) وه سه‌روه‌ت وسامان ومال ودارایتان زۆر زۆر خۆش ده‌وێت (به‌بێ گوێ دانه حه‌رام وحه‌لاڵ).

(21) ده‌ست هه‌ڵگرن له‌و كارانه‌تان (هه‌روا ناچێته سه‌ر بۆتان) چونكه كاتێك دێت كه زه‌وی ده‌هه‌ژێنرێت وورد وخاش ده‌بێت (وشاخه‌كان له‌گه‌ڵ زه‌وی یه‌كسان ده‌كرێن).

(22) له ڕۆژی دوایی دا په‌روه‌ردگارت دێت (هاتنێك كه شایسته‌ی خوای گه‌وره‌یه، بۆ موحاسبه كردن وقه‌زاوه‌ت له نێوان خه‌ڵكیدا) هه‌روه‌ها فریشته‌كانیش پۆل پۆل دێن.

(23) له‌و ڕۆژه‌دا ئاگری دۆزه‌خ ده‌هێنرێت ونیشان ده‌درێت، جا ئاده‌میزاد له‌و ڕۆژه‌دا هه‌رچی كرده‌وه‌ی خۆیه‌تی بیری ده‌كه‌وێته‌وه، به‌ڵام ئه‌و بیر كردنه‌وه‌یه چ سوودێكی هه‌یه؟ (پێغه‌مبه‌ر ﷺ ده‌فه‌رموێت : ئه‌و ڕۆژه دۆزه‌خ ده‌هێنن كه حه‌فتا هه‌زار ڕه‌شمه‌ی هه‌یه، له‌گه‌ڵ هه‌ر ڕه‌شمه‌یه‌كدا حه‌فتا هه‌زار فریشته ڕای ده‌كێشێت، ئیمامی موسلیم ئه‌م فه‌رمووده‌ی ڕیوایه‌ت كردوه).

(24) بێباوه‌ڕ ده‌ڵێت : خۆزگه بۆ ئه‌م ژیانه‌م شتێكم له‌كاروكرده‌وه‌ی چاكه پێش خۆم بخستایه.

(25) له‌و ڕۆژه‌دا خوای گه‌وره سزایه‌كی وای (بێباوه‌ڕان) ده‌دات كه‌س ناتوانێت سزای ئاوا بدات.

26 وه هیچ كه‌س ناتوانێت كه‌له‌پچه وكۆت وزنجیری كه‌س بكات وه‌ك خوای گه‌وره.

27 بـه بـاوه‌ڕدار ده‌وترێـت له‌سـه‌ره مه‌رگـدا : ئـه‌ی ده‌روون ونه‌فسی ئارام.

28 بگه‌ڕێره‌وه بۆ لای په‌روه‌ردگارت به‌شێوه‌یه‌ك تۆ لـه‌و ڕازیـت وئه‌ویش له تۆ ڕازیه.

29 بچۆره ناو ڕیزی به‌نده چاك خواناسه‌كانمه‌وه.

30 وه بچۆره ناو به‌هه‌شته‌كه‌مه‌وه (به‌هه‌تا هه‌تایی).

## سوره‌ تی البلد

به‌ناوی خوای به‌خشنده ومیهره‌بان .

1 سوێند به‌م شاره (كه مه‌ككه‌یه).

2 له كاتێكدا كه‌تۆ نیشته‌جێی له‌م شاره‌دا (واته ئه‌م شاره به نیشته‌جێی تۆ تیایدا زیاتر خاوه‌ن ڕێز تربوو).

3 وه سـوێند بـه بـاوك وڕۆڵه‌كـه‌ی (بـه ئـاده‌م ونـه‌وه‌كانی، به‌هه‌موو باوك وڕۆڵه‌یه‌ك له گیان له‌به‌ران، ئه‌مه‌ش به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر گه‌وره‌ی ده‌سه‌ڵاتی په‌روه‌ردگار له پرۆسه‌ی زیـادكرنی نـه‌وه‌كانی مرۆڤــ وگیانله‌به‌راندا).

4 سوێند به‌وانه، ئێمه ئاده‌میزادمان دروستكردوه كه هه‌میشه له‌هه‌وڵ وناڕه‌حه‌تی وڕه‌نج دایه.

5 ئایـا ئـاده‌میزاد وا ده‌زانێـت هـیچ كـه‌س ده‌سـه‌ڵاتی نابێـت به‌سه‌ریدا (هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌یه كه یاخی ده‌بێت) ؟.

6 ئه‌و یاخی بوانـه به‌شـانازیه‌وه ده‌ڵـێن : پـار وپـولێكی زۆرم سه‌رف كرد (له دژایه‌تی موحه‌مه‌د وبانگه‌وازه‌كه‌یدا).

7 ئایا وا ده‌زانێت كه‌س چاوی لێ نیـه ونـه‌یبینیووه (كـه ئـه‌و ماڵه‌ی چۆن په‌یدا كردووه وچۆنیش سه‌رفی كردووه).

8 ئایا ئێمه دوو چاووی (ڕێك وپێك وجوانمان) پێ نه‌به‌خشیووه ؟.

9 هه‌روه‌ها زمانێك ودوو لێو (بۆ قسه وگفتوگۆ كردن)؟.

10 وه ئایا ڕیگای چاك وڕێگای خراپمان بۆ ڕۆشن نه‌كردوه‌ته‌وه ونیشانمان نه‌داوه؟.

11 كه‌چی زرۆبه‌ی خه‌ڵكی نه‌یانتوانیوه به‌سه‌ر كۆسـپه‌كاندا زاڵ بن وڕێگای به‌خته‌وه‌ری بگرنه‌به‌ر.

12 جا تۆ چووزانیت (ئه‌ی موحه‌مه‌د ﷺ) ئه‌و كۆسپانه كامانه‌ن!.

13 ئازادكردنی به‌نده وكۆیله‌یه.

14 یـان خـواردن دانـه به‌هـه‌ژاران لـه ڕۆژانـی قـات وقـڕی وبرسیه‌تیدا.

15 به‌تایبه‌ت به‌هه‌تیووێكی خزم ونزیكی خۆت.

16 یان به هه‌ژارایكی په‌ك كه‌وته وكه‌نه‌فت.

17 پاشان له‌و كه‌سانه بێت كـه‌باوه‌ڕیان هێنـاوه وئامۆژگـاری یه‌كتر ده‌كه‌ن به‌ئارام گـرتن له‌سـه‌ر بیروباوه‌ڕه‌كـه‌یان، وهـه‌روه‌ها ئامۆژگـاری یـه‌كتریش ده‌كـه‌ن به‌بـه‌زه‌یی ومیهره‌بـانی لـه‌نێوان خۆیان وخه‌ڵكیشدا.

يَقُولُ يَٰلَيْتَنِي قَدَّمْتُ لِحَيَاتِي ﴿٢٤﴾ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٢٥﴾
وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٢٦﴾ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرْجِعِيٓ
إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴿٢٨﴾ فَٱدْخُلِي فِي عِبَٰدِي ﴿٢٩﴾ وَٱدْخُلِي جَنَّتِي ﴿٣٠﴾

سُورَةُ البَلَدِ — ترتيبها ٩٠ — آياتها ٢٠

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

لَآ أُقْسِمُ بِهَٰذَا ٱلْبَلَدِ ﴿١﴾ وَأَنتَ حِلٌّۢ بِهَٰذَا ٱلْبَلَدِ ﴿٢﴾ وَوَالِدٍ وَمَا وَلَدَ
﴿٣﴾ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِي كَبَدٍ ﴿٤﴾ أَيَحْسَبُ أَن لَّن يَقْدِرَ عَلَيْهِ
أَحَدٌ ﴿٥﴾ يَقُولُ أَهْلَكْتُ مَالًا لُّبَدًا ﴿٦﴾ أَيَحْسَبُ أَن لَّمْ يَرَهُۥٓ أَحَدٌ
﴿٧﴾ أَلَمْ نَجْعَل لَّهُۥ عَيْنَيْنِ ﴿٨﴾ وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ ﴿٩﴾ وَهَدَيْنَٰهُ
ٱلنَّجْدَيْنِ ﴿١٠﴾ فَلَا ٱقْتَحَمَ ٱلْعَقَبَةَ ﴿١١﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْعَقَبَةُ ﴿١٢﴾
فَكُّ رَقَبَةٍ ﴿١٣﴾ أَوْ إِطْعَٰمٌ فِي يَوْمٍ ذِي مَسْغَبَةٍ ﴿١٤﴾ يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ
﴿١٥﴾ أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ ﴿١٦﴾ ثُمَّ كَانَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَتَوَاصَوْا۟
بِٱلصَّبْرِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْمَرْحَمَةِ ﴿١٧﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْمَيْمَنَةِ ﴿١٨﴾ وَٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا هُمْ أَصْحَٰبُ ٱلْمَشْـَٔمَةِ ﴿١٩﴾ عَلَيْهِمْ نَارٌ مُّؤْصَدَةٌۢ ﴿٢٠﴾

سُورَةُ الشَّمْسِ — ترتيبها ٩١ — آياتها ١٥

18 ئائه‌وانـه‌ی كـه ئـه‌و سـیفه‌تانه‌یان تێدایـه یـارانی ده‌سـته‌ی ڕاستن (كه به‌خته‌وه‌رن وخوای گه‌وره لێیان ڕازیه).

19 ئه‌وانه‌شـی كـه بێبـاوه‌ڕبوون بـه به‌ڵگـه ونیشـانه‌كانی ئێمـه ئه‌وانه كۆمه‌ڵه‌ی ده‌ستی چه‌پی به‌د فه‌ڕ ودۆزه‌خین.

20 ده‌رگای ئاگرێگی گه‌وره‌یان له‌سه‌ر داخراوه.

## سوره‌ تی الشمس

به‌ناوی خوای به‌خشنده ومیهره‌بان.

1 سوێند به خۆر وڕووناكیه‌كه‌ی.

2 وه سوێند به‌مانگ كه دوا به‌دوای ئه‌و هه‌ڵبێت.

3 وه سوێند به ڕۆژگار كاتێك كه خۆر ده‌رئه‌خات.

4 وه سوێند به شه‌و كاتێك كه خۆر داده‌پۆشێت.

5 وه سوێند به ئاسمان وبه‌و زاته‌ش كه دروستی كردوه.

6 وه سوێند به زه‌وی وبه‌و زاته‌ش كـه ڕای خسـتوه له‌هـه‌موو لایه‌كه‌وه.

7 وه سـوێند بـه‌ده‌روونی ئـاده‌میزاد وبه‌وزاتـه‌ی كـه دروسـتی كردوه به‌ڕێكوپێكی.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا ﴿١﴾ وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا ﴿٢﴾ وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا ﴿٣﴾
وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا ﴿٤﴾ وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا ﴿٥﴾ وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا
﴿٦﴾ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا ﴿٧﴾ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا ﴿٨﴾ قَدْ
أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا ﴿٩﴾ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا ﴿١٠﴾ كَذَّبَتْ ثَمُودُ
بِطَغْوَاهَا ﴿١١﴾ إِذِ انبَعَثَ أَشْقَاهَا ﴿١٢﴾ فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ
نَاقَةَ اللَّهِ وَسُقْيَاهَا ﴿١٣﴾ فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمْدَمَ
عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنبِهِمْ فَسَوَّاهَا ﴿١٤﴾ وَلَا يَخَافُ عُقْبَاهَا ﴿١٥﴾

## سُورَةُ اللَّيْلِ

ترتيبها ٩٢ — آياتها ٢١

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَىٰ ﴿١﴾ وَالنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ ﴿٢﴾ وَمَا خَلَقَ الذَّكَرَ وَالْأُنثَىٰ ﴿٣﴾
إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّىٰ ﴿٤﴾ فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَاتَّقَىٰ ﴿٥﴾ وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ ﴿٦﴾
فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَىٰ ﴿٨﴾ وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَىٰ
﴿٩﴾ فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَىٰ ﴿١٠﴾ وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّىٰ ﴿١١﴾ إِنَّ عَلَيْنَا
لَلْهُدَىٰ ﴿١٢﴾ وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالْأُولَىٰ ﴿١٣﴾ فَأَنذَرْتُكُمْ نَارًا تَلَظَّىٰ ﴿١٤﴾

(8) ئـەمجا ئیلـهامی بـۆکرد بـۆ ناسینی خراپــه وتـاوان وچاکە وخواناسیان (واتە خێر وشەڕی بۆ ڕوونکردەوە ونیشـانی دا چی چاکەیە بیکات وچیش خراپە خۆی لێ دوور بگرێت).

(9) سوێند بەهەموو ئەوانە بەڕاستی ڕزگاری بوو، سـەرفراز بـوو ئەوەی کە دەروون ونەفسی خۆی پاك کردەوە لە تاوان وگوناه.

(10) وە بەڕاستی ئەوەشی کە دەروون ونەفسـی خـۆی بەگوناهـ وتاوان ئالودەکرد نائومێد بوو.

(11) گــەلی ســەموود بــەهۆی سەرکەشــی ویــاخی بوونیانــەوە، بروایان بە پێغەمبەرەکەیان نەهێنا.

(12) کاتێك کـە خـراپترین کەسـیان هەسـتایەوە (بـۆ سـەربڕینی ووشترەکە).

(13) ئەمجا پێغەمبەر ی خوا ـ صالح عَلَيْهِ السَّلَامُ ـ پـێی ووتـن : واز بهێنن لەم ووشترەی خوا ونۆرە ئاوی بدەن بـا لەنۆرەکـەی خـۆی بخواتەوە.

(14) کەچی (ئەو گەلە سـتەمکارە) بروایـان بەهەڕەشـەکانی ئـەو پێغەمبەرە نەکرد ووشترەکەیان سەربڕی، ئـەمجا پـەروەردگاریان بـەهۆی تـاوان وگوناهەکانیانەوەسـزای سـەختی بەسـەردا ڕشـتن وولاتی کاول کردن ولەگەڵ خاکدا یەکسانی کردن.

(15) (خوای گەورە ئابەو شـێوەیەی لێکـردن) وەهـیچ ناترسـێت لەپاشەڕۆژی ئەم تۆڵە سەندنەوە (لەو گەلە ستەمکارە).

## سورەتی اللّیل

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

(1) سوێند بەشەو کاتێك کە زەوی دادەپۆشێت.

(2) وە بە ڕۆژر کاتێك کە ڕووناك دەبێتەوە.

(3) وە سوێند بەو زاتەی کە نێر ومێی دروستکردوە.

(4) بێگومـان هـەوڵ وکۆششـی ئێـوە جـۆرا وجـۆرە وچـەند شێوازێکە (هەتانە چاکەکار وهەشتانە خراپەکار وبێباوەڕە).

(5) ئەمجا ئەوەی کە ماڵ وسامانی ببەخشێت (لـە پێنـاو خـوا) وپارێزکار وخواناس بێت.

(6) وە بـاوەڕی تـەواوی هـەبێت بـە بەڵێنـەکانی خـوای گـەورە (بەوەی لەبەرامبەر بەخشینی ماڵەکەیدا پاداشتی دەداتـەوە بـە بەهەشتی بەرین وفراوان ).

(7) ئەوە هەر زوو ڕێگای چاکە وچاکەکاری بـۆ ئاسـان دەکـەین (کەسەرەنجامی چوونە بەهەشتە).

(8) بەڵام ئەوەی ڕژد وچرووك وڕەزیل بێت وخۆی بێنیاز بزانێت (بەرامبەر بە ڕەحمی خوای گەورە).

(9) وە بـاوەڕی نـەبێت بـە پاداشـتی چاکتر وباشـتر لای خـوای گەورە (یان بە بەهەشت).

(10) ئـەوە هـەر زوو ڕێگـای خراپـە وتـاوانی بـۆ ئاسـان دەکـەین (کەسەرەنجامی چوونە دۆزەخە).

(11) ئەو کاتەش کە دەمرێت ولەگۆڕ دەنرێت ماڵ وسـامانی هـیچ سوودێکی پێ ناگەیەنێت.

(12) بەڕاسـتی ڕوونکردنـەوە ورێنمـونی کردنـی ڕێبـازی ڕاسـت لەسەر ئێمەیە.

(13) وە هەردوو دونیاکە، چی ئەم دونیایە کە ئێستا تێیدا دەژین وچی دونیایی دواڕۆژیش هەر موڵکی ئێمەیە وبۆ ئێمەیە.

(14) جا من (لەسـەر زمـانی پێغەمبەرەکەمـەوە) ئێـوەم ئاگادار کردەوە وترساندمن بە ئاگرێکی زۆر بڵێسەدار.

(15) کەس ناچێتە ناو ئـەو ئـاگرەوە کەسـانی سـەرکەش ویـاخی وخوانەناس نەبێت.

(16) ئەو کەسەی کە بـاوەڕی نـەهێنا وئیمـان وئیسـلامی بـەدرۆ زانی وپشتی هەڵکرد لە بەرنامەی خوا.

(17) بەڵام کەسانی پارێزکار ولەخواترسی لێ دوور دەخرێتەوە.

(18) ئەو کەسەی کە ماڵ وسامانی (لـەپێناو خـودا) دەبەخشێت وبەو کارەی دڵ ودەروونی پاك دەکاتەوە لەخراپە وتاوان.

19 وە وە هیچ کەسێك چاکەیەکی بەسەر ئەمەوە نیە تا ئەم لەبری ئەوە پاداشتی بداتەوە.

20 بەڵکو تەنها مەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگاری بەرز وبڵندیەتی.

21 سوێند بێت بەخوا ئەوکەسەی وابێت لەپاشە ڕۆژدا ڕازی دەبێت (لە میهرەبانی وپاداشتی خوای گەورە).

## سورەتی الضّحی

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

بوخاری وموسلیم ڕیوایەتیان کردووە لە جونەیدی کوڕ سوفیانەوە کە دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ دوو یان سێ شەو هەڵنەدەستا کە شەو نوێژ بکات، ئەوسا ئافرەتێك هات و ووتی: ئەی موحەمەد ئومێدەوارم شەیتانەکەت وازی لێهێنا بێت، دوو یا سێ شەوە نابینم نزیکت بکەوێتەوە، بەو هۆیەوە خوای گەورە ئەم سورەتەی ناردە خوارەوە: —

1 سوێند بەکاتی چێشتەنگاو.

2 وە سوێند بەشەو کاتێك کە ئارام دەگرێت وبەتاریکی یەکەی هەموو شتێکی داپۆشی وزرنگایەوە.

3 (ئەی موحەمەد) پەروەردگارت وازی لێ نەهێناویت وزویر نەبووە لێت (وەك ئەوەی بێباوەڕەکانی قورەیش گومان دەبەن).

4 بێگومان ژیانی دوا ڕۆژ چاکتر وباشترە بۆ تۆ لە ژیانی دونیا.

5 لەمەو دوا پەروەردگارت ئەوەندە نازو نیعمەتت پێ دەبەخشێت کە ڕازی ببیت پێی (هەر لە فەتحی مەککە وحەوزی کەوسەر وشەفاعەتی بۆ ئومەتی وبەخشینی مقام المحمود و ....).

6 ئایا پەروەردگارت تۆی نەبینی بە هەتیووی ودەرووی لێکردیتەوەوحەواندیتیەوە.

7 وە ئایا پێشتر سەرگەردان نەبوویت (بەوەی هیچت نەئەزانی لەبارەی شەریعەت وئاین وئیسلامەوە) کەچی پەروەردگار هیدایەتی دایت وڕێنموونی کردیت (وکردیتی بەکۆتا پێغەمبەری خۆی).

8 وە ئایا نەیبینیت بە هەژاری ونەداری، ئەمجا ماڵ وسامانی پێبەخشیت ودەوڵەمەندی کردیت؟.

9 کەواتە تۆش ئەی موحەمەد ﷺ هەتیوو مەچەوسێنەرەوە قاریان لێمەگرە (چونکە تۆش هەتیوو بوویت خوای گەورە حەواندیتیەوە).

10 هەروەها هەڵمەشاخێ بە ڕووی سوالکەر وئەو هەژارانەی داوای یارمەتی دەکەن.

11 بەڵکو لەبەرامبەر نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتا شوکر وسوپاسی بکە وباسیان بکە (کە گەورەترین نیعمەتی بۆ تۆ پێغەمبەرایەتی بوو).

لَا يَصْلَىٰهَآ إِلَّا ٱلْأَشْقَى ﴿١٥﴾ ٱلَّذِى كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿١٦﴾ وَسَيُجَنَّبُهَا
ٱلْأَتْقَى ﴿١٧﴾ ٱلَّذِى يُؤْتِى مَالَهُۥ يَتَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُۥ مِن
نِّعْمَةٍ تُجْزَىٰٓ ﴿١٩﴾ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ رَبِّهِ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٢٠﴾ وَلَسَوْفَ يَرْضَىٰ ﴿٢١﴾

### سُورَةُ الضُّحَىٰ
ترتيبها ٩٣ — آياتها ١١

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلضُّحَىٰ ﴿١﴾ وَٱلَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ ﴿٢﴾ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴿٣﴾
وَلَلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ ٱلْأُولَىٰ ﴿٤﴾ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ
فَتَرْضَىٰٓ ﴿٥﴾ أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ ﴿٦﴾ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا
فَهَدَىٰ ﴿٧﴾ وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغْنَىٰ ﴿٨﴾ فَأَمَّا ٱلْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ
﴿٩﴾ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنْهَرْ ﴿١٠﴾ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴿١١﴾

### سُورَةُ الشَّرْح
ترتيبها ٩٤ — آياتها ٨

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ﴿١﴾ وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِىٓ
أَنقَضَ ظَهْرَكَ ﴿٣﴾ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴿٤﴾ فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٥﴾ إِنَّ
مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٦﴾ فَإِذَا فَرَغْتَ فَٱنصَبْ ﴿٧﴾ وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرْغَب ﴿٨﴾

## سورەتی الشّرح

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

1 (ئەی موحەمەد ﷺ) ئایا دڵ ودەروون وسینەمان بۆ ئاسوودە وگوشاد نەکردیت (تاوەکو ئامادە بێت بۆ وەرگرتنی پێغەمبەرایەتی وبانگەوازی ئیسلام).

2 وە ئایا باری گران وقورسمان لەسەر هەڵنەگرتیت (بەو مانایەی خوای گەورە لە گوناهی پاش وپێشت خۆش بوو).

3 ئەوەی کە پشتی قورس گران کردبوویت.

4 وە ئایا ناو وناوبانگی تۆمان بەرز نەکردەوە (بەشێوەیەك ناوت کە لەگەڵ ناوی خوای گەورەدا بهێنرێت لەکاتی شایەتوماندا).

5 بەڕاستی لەگەڵ هەموو تەنگانەو نەهامەتی وناخۆشیەکدا ئاسانی وئاسودەیی هەردەبێت.

6 بەڕاستی دیسانەوە لەگەڵ هەموو تەنگانەو نەهامەتی وناخۆشیەکدا ئاسانی وئاسودەیی هەردەبێت.

7 جا کاتێك لەکارێکی خێر بوویتەوە (واتە ئەگەر لە نوێژ یان لە گەیاندنی بانگەواز یان لە تێکۆشان بوویتەوە) خۆت ماندوو بکە بەکارێکی خێری ترەوە.

## سُورَةُ التِّينِ

ترتيبها ٩٥ — آياتها ٨

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيۡتُونِ ١ وَطُورِ سِينِينَ ٢ وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ ٣
لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ ٤ ثُمَّ رَدَدۡنَٰهُ أَسۡفَلَ سَٰفِلِينَ
٥ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونٖ ٦
فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعۡدُ بِٱلدِّينِ ٧ أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَحۡكَمِ ٱلۡحَٰكِمِينَ ٨

## سُورَةُ العَلَقِ

ترتيبها ٩٦ — آياتها ١٩

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ
ٱلۡأَكۡرَمُ ٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ٥ كَلَّآ إِنَّ
ٱلۡإِنسَٰنَ لَيَطۡغَىٰٓ ٦ أَن رَّءَاهُ ٱسۡتَغۡنَىٰٓ ٧ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجۡعَىٰٓ ٨ أَرَءَيۡتَ
ٱلَّذِي يَنۡهَىٰ ٩ عَبۡدًا إِذَا صَلَّىٰٓ ١٠ أَرَءَيۡتَ إِن كَانَ عَلَى ٱلۡهُدَىٰٓ ١١ أَوۡ أَمَرَ
بِٱلتَّقۡوَىٰٓ ١٢ أَرَءَيۡتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰٓ ١٣ أَلَمۡ يَعۡلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ١٤ كَلَّا لَئِن
لَّمۡ يَنتَهِ لَنَسۡفَعَۢا بِٱلنَّاصِيَةِ ١٥ نَاصِيَةٖ كَٰذِبَةٍ خَاطِئَةٖ ١٦ فَلۡيَدۡعُ نَادِيَهُۥ
١٧ سَنَدۡعُ ٱلزَّبَانِيَةَ ١٨ كَلَّا لَا تُطِعۡهُ وَٱسۡجُدۡ وَٱقۡتَرِب ۩ ١٩

8 وە تەنها لەپەروەردگارت بپاڕێرەوە (چونکە هەر ئەوە دێت بەدەم داخوازیەکانەوە).

## سورەتی التین

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

1 سوێند بەهەنجیر وزەیتون.

2 وە سوێند بە کێوی طوري سینا (کە خوای گەورە گفتوگۆی لەگەڵ موسی پێغەمبەر – عَلَيْهِ السَّلَامُ – لەوێ کرد).

3 وە سوێند بەم شارە ئارام وبێ ترسە (کەمەبەست پێی شاری مەککە یە).

4 سوێند بەهەموو ئەوانە ئادەمیزادمان لەسەر جوانترین شێوە وشێواز دروست کردوە ( کە جیامان کردوەتەوە لەهەموو مەخلوقاتی تر).

5 ( پاشان کە باوەڕی نەهێنا) گێرامانەوە بۆ نزمترین پلەی ئاژەڵی، لەخواری خوارەوەن لەپلە ونرخدا ( یان بەواتای ئەوەی گێرامانەوە بۆ ژێری ژێرەوەی پلەکانی دۆزەخ).

6 جگە لەو کەسانە نەبێت کە باوەڕیان هێناوە وکارو کردەوەی چاکەیان ئەنجامداوە، ئائەوانە پاداشتی نەبڕاوەیان بۆ ئامادەکراوە.

7 جا (ئەی ئادەمیزاد کە تۆ زانیت خوای گەورە لەجوانترین شێوەدا دروستی کردویت، وەگەر باوەڕیش نەهێنیت جێگات چینەکانی ژێرەوەی دۆزەخە) ئیتر چی وا لەتۆ دەکات بێباوەڕ بیت بەڕۆژی دوایی وپاداشت دانەوە؟.

8 وە ئایا خوای گەورە چاکترین وباشترین فەرمانڕەواو وادادەوەری هەموو فەرمان ڕەواکان نیە؟.

## سورەتی العلق

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

ئەم سوورەتە یەکەمین سوورەتێکە کە دابەزیوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ.

1 (ئەی موحەمەد) بخوێنە بەناوی پەروەردگارتەوە، ئەوەی کە هەموو شتێکی دروستکردووە.

2 ئادەمیزادی دروستکردوە لە پارچە خوێنێکی مێیو (پێش ئەوەش دڵۆپێك ئاو بووە).

3 بخوێنە بەناوی پەروەردگارتەوە کە لەهەموو کەس بەخشندەتر ومیهرەبانتر وبەڕێزترە.

4 ئەو پەروەردگارەی کەئادەمیزادی فێری زانست وزانیاری کرد بەهۆی پێنووسەوە.

5 ئادەمیزادی فێری شتانێك کرد کە پێشتر نەیدەزانین.

هۆی دابەزینی ئایەتی (٦ تا ١٨) ئیمامی موسلیم وتورموزی لە عەبدوڵلای کوڕی عەباسەوە دەگێڕیتەوە کە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی دەکرد، ئەبوجەهلیش هات ووتی : من پێم نەووتی نابێ نوێژ بکەیت ؟ پێغەمبەریش ﷺ لای کردەوە ولێی توڕبوو وپێیدا هەڵشاخا، ئەبوجەهلیش ووتی : بێگومان تۆ دەزانیت کە من لەم شارەدا لەهەموو کەس کۆڕ وکۆمەڵم زیاترە، بەو هۆیەوە خوای گەورە ئەم ئایەتانەی دابەزاند، عەبدوڵلای کوڕی عەباس دەڵێت : والله ئەگەر بهاتایە کۆڕ وکۆمەڵەکەی بانگ بکردایە فریشتە زەبر بەدەستەکان ئەویان سزا ئەدا وتوڵەیان لێ دەسەند .

6 نەخێر (لەگەڵ ئەو هەموو ڕێز وچاکەدا کە خوا بەخشیویەتی بە ئادەمیزاد) کەچی ئادەمیزاد یاخی وسەرکەش دەبێت وبێباوەڕی دەکات.

7 کاتێك خۆی بە دەوڵەمەندی بینی وسەروەت وسامان ودارایی زۆری هەبێت.

8 بەڕاستی (ئەی موحەمەد) گەڕانەوەی (پاش مردن وزیندوو بوونەوە) هەر بۆلای پەروەردگارتە.

9 ئایا بینیت ئەو کەسەی قەدەغە وجڵەوگیری کرد (مەبەست پێی ئەبوجەهلە).

10 لەو بەندەیەی کاتێك کە نوێژی کرد (مەبەست پێی پێغەمبەری خوایە ﷺ).

11 پێم بڵێ ئەگەر ئەو (بەندە نوێژ خوێنە مەبەست پێی پێغەمبەری خوایە ﷺ) لەسەر ڕێبازی هیدایەت وهەق بێت.

12 یان فەرمان بە بە پارێزکاری وخواناسین بکات (ئایا پیاوێکی ئاوا هەقە ڕێزی لێ بگیرێت؟ یان ڕێی لێ بگیرێت وئەشکەنجە بدرێت ونەهێڵرێت نوێژەکانی بکات؟).

13 ئەی ئایا ئەگەر کابرای خوانەناس (مەبەست پێی ئەبوجەهلە) بەرنامەی خودا بە درۆ بزانێت وپشتی تێ بکات.

14 ئایا نازانێت کە خوای گەورە دەیبینێت (وئاگاداری گوفتار وکرداریەتی)؟.

15 نەخێر وانیە (سوێند بەخوا) ئەگەر وازنەهێنێت بەقژی پێشی سەری ڕایدەکێشین (بۆ ناو ئاگری دۆزەخ).

16 پێشەسەرێکی درۆزنی خەتاکار.

17 دەی با ئەو (ئەبوجەهل) کۆڕ وکۆمەڵی خۆی بانگ بکات.

18 ئێمەش بانگی فریشتەکانی دەرگاوانی دۆزەخی بۆ دەکەین کە کۆمەڵێکی زەبر بەدەستن (تا لە دۆزەخی توند بکەن).

19 نەخێر (ئەی موحەمەد) بەگوێی ئەو کەسانە مەکە وبەردەوام بە لەسەر کڕنووش بردن ونوێژکردنی خۆت ۩.

## سورەتی القدر

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

1 بێگومان ئێمە قورئانمان دابەزاندووە لەشەوێکی بەڕێز وبەفەڕدا (قورئانی پیرۆز هەمووی بەیەکجار لە شەوی قەدرا لە — لوح المحفوظ — وە دابەزی بۆ ئاسمانی دونیا، دواتر لەئەوێوە بەماوەی بیست وسێ ساڵ وبەبەش بەش جوبرەئیل دایبەزاند بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، لیلة القدر دەکەوێتە دە شەوی کۆتای مانگی ڕەمەزانەوە، بەڵام زانایان جیاوازن لە دیاری کردنی ئەو شەوەدا).

2 تۆ چوزانیت (ئەی موحەمەد) شەوی قەدر چی یە.

3 کار وکردەوەی خێر لەو شەوەدا وزیندووکردنەوەی بەئەندازەی هەزار مانگ خێری هەیە.

4 لەو شەوەدا فریشتەکان کەجوبرەئیلیشیان لەگەڵدایە بەفەرمانی پەروەردگاریان دادەبەزنە خوارێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەی کە بۆیان دیاری کراوە لەلایەن خوای گەورەوە، بەجۆرەها فەرمان وکار (وەك ئامادەبوونی کۆڕ ومەجالیسی ذکر وشەو نوێژ وقورئان خوێندنی باوەڕداران).

5 ئەو شەوە تا هەڵهاتنی شەبەقی بەیانی کاتی ئاشتی وسەلام ودرود وڕەحمەتە (بۆ بەندەکانی خوا، بەشێوەیەك دەستەیەك لەفریشتەکان دێن ودەستەیەکی دیکە دەڕۆن تا سپێدەی بەیانی هەڵدێت).

## سورەتی البیّنـَة

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

1 ئەوانەی کە بێباوەڕ بوون لەخاوەن نامەکان (جولەکە وگاورەکان) ولە بت پەرستەکان، دەستیان هەڵنەگرت لە بێباوەڕی خۆیان هەتا ئەو کاتەی بەڵگەی ڕوون وئاشکرایان بۆهات (دەربارەی کۆتا پێغەمبەر).

### سُورَةُ القَدْرِ
ترتيبها ٩٧ — آياتها ٥

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ ﴿١﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ ﴿٢﴾
لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ ﴿٣﴾ تَنَزَّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ
فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ ﴿٤﴾ سَلَٰمٌ هِىَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ ٱلْفَجْرِ ﴿٥﴾

### سُورَةُ البَيِّنَةِ
ترتيبها ٩٨ — آياتها ٨

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

لَمْ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ
حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ﴿١﴾ رَسُولٌ مِّنَ ٱللَّهِ يَتْلُوا۟ صُحُفًا مُّطَهَّرَةً ﴿٢﴾
فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ ﴿٣﴾ وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ
بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ﴿٤﴾ وَمَآ أُمِرُوٓا۟ إِلَّا لِيَعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ
لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ۚ وَذَٰلِكَ دِينُ
ٱلْقَيِّمَةِ ﴿٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ
فِى نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٦﴾ إِنَّ
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٧﴾

2 کەئەویش پێغەمبەرێکە لەلایەن خواوە نامە ونووسراو کتێبی پاك وبێگەرد (قورئان) یان بەسەردا دەخوێنێتەوە.

3 چەندەها نووسراو پەیام و (سوورەتی) پڕ لەڕێنمونی بەنرخی تێدایە.

4 خاوەن نامەکان (دەربارەی پێغەمبەرێتی موحەمەد ﷺ) جیاوازیان تێ نەکەوت، دوای ئەوە نەبێت کەبەڵگەی ڕوونیان بۆهات دەربارەی پێغەمبەر ﷺ (ئەوکاتە بوون بەدوو دەستەوە کۆمەڵێکیان باوەڕیان هێنا وکۆمەڵێکی تریش لەبەر حەسوودیان باوەڕیان نەهێنا).

5 لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانیان پێ نەکرابوو جگە لەوە نەبێت کە خواپەرستی بکەن بەپاکی ودڵسۆزی ملکەچی ئەو بن وخۆیان بەدوور بگرن لەهەموو بیروباوەڕێکی خوار وخێچ ونوێژەکانیان بکەن وزەکاتی ماڵ ودارایيان بدەن، ئا ئەوەیە بەڕاستی ئاینی ڕاست ودروست وپایەدار.

6 بێگومان ئەوانەی بێباوەڕ بوون لە خاوەن نامەکان (گاور وجولەکە) وبت پەرستەکان بەهەمیشەیی دەمێننەوە لەئاگری دۆزەخدا، ئا ئەوانەن خراپترینی هەموو مەخلوقات ( چونکە ڕێگای ڕاستیان بۆ ڕوون بویەوە کەچی یاخی بوون وباوەڕیان نەهێنا).

جَزَآؤُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ جَنَّٰتُ عَدۡنٍ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ
فِيهَآ أَبَدٗاۖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ ذَٰلِكَ لِمَنۡ خَشِيَ رَبَّهُۥ ﴿٨﴾

سُورَةُ الزَّلزَلَة — ترتيبها ٩٩ — آياتها ٨

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا زُلۡزِلَتِ ٱلۡأَرۡضُ زِلۡزَالَهَا ﴿١﴾ وَأَخۡرَجَتِ ٱلۡأَرۡضُ أَثۡقَالَهَا
﴿٢﴾ وَقَالَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَا لَهَا ﴿٣﴾ يَوۡمَئِذٖ تُحَدِّثُ أَخۡبَارَهَا ﴿٤﴾
بِأَنَّ رَبَّكَ أَوۡحَىٰ لَهَا ﴿٥﴾ يَوۡمَئِذٖ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ أَشۡتَاتٗا
لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴿٦﴾ فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا
يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ ﴿٨﴾

سُورَةُ العَادِيَات — ترتيبها ١٠٠ — آياتها ١١

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلۡعَٰدِيَٰتِ ضَبۡحٗا ﴿١﴾ فَٱلۡمُورِيَٰتِ قَدۡحٗا ﴿٢﴾ فَٱلۡمُغِيرَٰتِ صُبۡحٗا
﴿٣﴾ فَأَثَرۡنَ بِهِۦ نَقۡعٗا ﴿٤﴾ فَوَسَطۡنَ بِهِۦ جَمۡعًا ﴿٥﴾ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ
لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٞ ﴿٦﴾ وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٞ ﴿٧﴾ وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ
ٱلۡخَيۡرِ لَشَدِيدٌ ﴿٨﴾ ۞ أَفَلَا يَعۡلَمُ إِذَا بُعۡثِرَ مَا فِي ٱلۡقُبُورِ ﴿٩﴾

(7) وه بەڕاستی ئەوانەش کە باوەڕیان هێنا وکار وکردەوەی چاکەیان ئەنجامدا، هەر ئەوانەن پاکترین وچاکترینی مەخلوقات.

(8) ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریان بەهەشتانێکی هەمیشەیی یە، کە لەژێریانەوە چەندین جۆگا وئاو ڕووبار دەڕوات وتێدەپەڕێت، ئەوانە لەو بەهەشتانەدا بەهەمیشەیی ویەکجاری دەمێننەوە، بەشێوەیەك خوای گەورە لێیان ڕازیە وئەوانیش لەخوای گەورە ڕازین، ئا ئەمە بۆ کەسێکە کە لەپەروەردگاری دەترسێت.

## سوره تی الزلزلة

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

(1) کاتێك زەوی زۆر بەتوندی کەوتە لەرزین وجوڵە جوڵ وبومەلەرزە بەهێزەکەی بۆ پێشهات.

(2) وه زەوی هەرچی باری گران وقورسی خۆی هەبوو (لە مردووان وکانزاکان وشتی تر) فڕێی دایە دەرەوە.

(3) ئادەمیزاد (لەو ڕۆژەدا) دەڵێت : ئەوە چیە زەوی بۆ وای لێ بەسەر هاتووە؟!.

(4) لەو ڕۆژەدا زەوی بەسەرهات وهەواڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوە (وخوای گەورە دەیهێنێتە گۆ تاوەکو شاهیدی بدات لەسەر ئەو کەسانەی کە چاکە وخراپەیان لەسەر کردوە).

(5) ئەویش بەهۆی ئەوەی کە پەروەردگارت وەحی وفەرمانی پێکردوە بەو لەرزینەوە وبومەلەرزەیە (چونکە لەخۆیەوە ناتوانێت هیچ شتێك بکات).

(6) لەو ڕۆژەدا خەڵکی بەپەرش وبڵاوی لە گۆڕەکانیان دەردەچن بەرەو گۆڕەپانی لێپرسینەوە بۆئەوەی کردەوەکانیان نیشان بدرێت.

(7) جا ئەوەی بەئەندازەی گەردیلەیەك چاکەی کردبێت پاداشتەکەی دەبینێتەوە.

(8) وەهەرکەسیش بەئەندازەی گەردیلەیەك خراپەی کردبێت سزاکەی دەبینێتەوە (مەگەر کەسێك نەبێت خوای گەورە لێیخۆش بێت وچاوپۆشی لێ بکات).

## سوره تی العاديات

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

(1) سوێند بەو ئەسپانەی بەتاوغار دەدەن لەگۆڕەپانی تێکۆشاندا ودەپرمێنن چۆن پرمەیەك.

(2) وەسوێند بەو ئەسپانەی لەکاتی تاوداندا بۆ سەر دوژمن ناڵی سمەکانیان بەتوندی ئەدەن لەبەرد وئاگر وبزیسکە هەڵدەسێنن.

(3) ئەمجا بەو ئەسپانەی کە لەبەرەبەیاندا هێرش دەبەن.

(4) بەو کارەیان تەپ وتۆز هەڵدەسێنن بەڕووی دوژمناندا.

(5) لەو کاتەدا خۆیان دەکەن بەناوجەرگەیاندا.

(6) (سوێند بەهەموو ئەوانە) بێگومان ئادەمیزاد لەبەرامبەر پەروەردگاریدا سپڵەیە وسوپاس گوزار نیە.

(7) وەبەڕاستی ئادەمیزاد خۆی شاهیدە لەسەر ئەو کارەی کە سوپاسی خوا ناکات لەسەر نیعمەتەکانی.

(8) بێگومان ئادەمیزاد زۆر سەروەت وسامان ومال ودارایی خۆش دەوێت.

(9) ئایا ئەو کەسانە نازانن چیان بەسەر دێت کاتێك کە لەناو گۆڕەکان زیندوو کرانەوە (واتە نازانن کە خوای گەورە موحاسەبەیان لەگەڵدا دەکات).

10 وەهەرچی نهێنی وڕاز ونیازی ناو دڵەکانە ئاشکرا کران.
11 بەڕاستی پەروەردگاریان لەو ڕۆژەدا ئاگادار وزانایە بەتەواوی کار وکردەوە وگوفتاریان.

## سورەتی القارعة

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

1 ڕۆژە ڕاچڵەکێنەرەکە (ناوێکە لەناوەکانی ڕۆژی دوایی).

2 چ ڕۆژێکی ڕاچڵەکێنەر؟!

3 (ئەی موحەمەد) تۆ چوزانیت ڕۆژی داچڵەکێنەر چی یە.

4 ڕۆژێکە هەموو خەڵکی وەك پەپولەی پەرشو بڵاو وپەڕاگەندەی لێدێت.

5 وە شاخ وکێوەکانیش وەك خووری شیکراویان لێدێت ودەچن بەهەوادا.

6 ئەمجا ئەو کەسەی لەو ڕۆژەدا تای تەرازووی کردەوە (چاکەکانی) قوورس بێت.

7 ئەوە لەناو ژیان وگوزەرانێکی خۆشی وا دەبێت کە پێی ڕازییە.

8 بەڵام ئەو کەسەی تای تەرازووی (چاکەکانی) سووك بێت.

9 ئەوە جێگا ومەئوای (هاویە) ئاگری دۆزەخ دەبێت (خوای گەورە بە — أم — دایك ناوی دۆزەخی بردووە لەبەر ئەوەی ئاگری دۆزەخ وەك دایك باوەش بۆ ئەو گوناهبارانە دەکاتەوە).

10 (ئەی موحەمەد) تۆ چوزانیت هاویە چی یە.

11 (هاویە) ئاگرێکی زۆر گەرمی هەڵگیرساوە.

## سورەتی التكاثر

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

1 شانازییتان بە زۆریی سەروەت وسامان ومالّ وداراییەوە، ئێوەی بێ ئاگا کردووە (لە خواناسی و بیرکردنەوە لەڕۆژی دوایی).

2 تا ئەو کاتەی کە دەمرن ودەخرێنە ناو گۆڕەوە (واتە تا ئەو کاتەی کە مردن یەخەتان دەگرێت ودەخرێنە ناوگۆڕەوە واز لە کۆکردنەوە وشانازی کردن بەسەروەت وسامانەوە ناهێنن).

3 وامەکەن، چونکە لەمەولا دەزانن (کە چ زیانێکتان کردووە).

4 دووبارە وامەکەن، چونکە لەمەولا دەزانن(کە چ زیانێکتان کردووە).

وَحُصِّلَ مَا فِي ٱلصُّدُورِ ﴿١٠﴾ إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌۢ ﴿١١﴾

ترتيبها ١٠١ — سُورَةُ القَارِعَةِ — آياتها ١١

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلْقَارِعَةُ ﴿١﴾ مَا ٱلْقَارِعَةُ ﴿٢﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْقَارِعَةُ
﴿٣﴾ يَوْمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلْفَرَاشِ ٱلْمَبْثُوثِ ﴿٤﴾
وَتَكُونُ ٱلْجِبَالُ كَٱلْعِهْنِ ٱلْمَنفُوشِ ﴿٥﴾ فَأَمَّا
مَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٦﴾ فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ
﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٨﴾ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ
﴿٩﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا هِيَهْ ﴿١٠﴾ نَارٌ حَامِيَةٌۢ ﴿١١﴾

ترتيبها ١٠٢ — سُورَةُ التَّكَاثُرِ — آياتها ٨

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ﴿١﴾ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ﴿٢﴾ كَلَّا سَوْفَ
تَعْلَمُونَ ﴿٣﴾ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٤﴾ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ
عِلْمَ ٱلْيَقِينِ ﴿٥﴾ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴿٦﴾ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا
عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ﴿٧﴾ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٨﴾

5 نەخێر وانیە ئەگەر ئەتانزانی بەزانینی دڵنیایی ویەقین (بێگومان وازتان لەو خۆهەڵکیشان وبێباوەڕیەتان دەهێنا).

6 سوێند بەخوا بێگومان دۆزەخ دەبینن.

7 دووبارە سوێند بەخوا دڵنیابن کە بەچاوی ڕاستەقینە خۆتان (دۆزەخ) دەیبینن.

8 پاشان سوێند بەخوا لەو ڕۆژەدا پرسیاری هەموو ناز ونیعمەتێکتان لێدەکرێت (کە خوای گەورە پێی بەخشی بن ولەسەر هەمووی موحاسەبە دەکرێن).

## سُورَةُ العَصرِ

ترتيبها ١٠٣ — آياتها ٣

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلۡعَصۡرِ ١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ٣

## سُورَةُ الهُمَزَةِ

ترتيبها ١٠٤ — آياتها ٩

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ ١ ٱلَّذِي جَمَعَ مَالٗا وَعَدَّدَهُۥ ٢
يَحۡسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ ٣ كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ ٤
وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ ٥ نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ٦ ٱلَّتِي تَطَّلِعُ
عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ ٧ إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ ٨ فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ ٩

## سُورَةُ الفِيلِ

ترتيبها ١٠٥ — آياتها ٥

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ ١ أَلَمۡ يَجۡعَلۡ كَيۡدَهُمۡ
فِي تَضۡلِيلٖ ٢ وَأَرۡسَلَ عَلَيۡهِمۡ طَيۡرًا أَبَابِيلَ ٣ تَرۡمِيهِم
بِحِجَارَةٖ مِّن سِجِّيلٖ ٤ فَجَعَلَهُمۡ كَعَصۡفٖ مَّأۡكُولِۭ ٥

## سوره تى العصر

بەناوى خواى بەخشندە وميهرەبان.

1 سوێند بەكات ، يان سوێند بەكاتى عەصر.

2 بێگومـــان هـــەموو ئـــادەميزاد لـــە ڕەنجـــەڕۆيى وخەسارۆمەنديدايە.

3 جگـە ئـەو كەسـانە نـەبێت كـە باوەڕيـان هێنـاوە وكـارو كردەوەى چاكەيان ئەنجامداوە وئامۆژگـارى يـەكتريان كـرد بێـت كەهەميشـە لەسـەر هـەق بـن وپابەنـدبن پێـوەى، وە ئامۆژگـارى يەكتريش دەكەن لەسەر خۆڕاگرى وئارام گرتن.

## سوره تى الهمزة

بەناوى خواى بەخشندە وميهرەبان.

1 سزا ولەناوچوون و وەيل بۆ هـەموو كەسـێكى تـوانج دەرى بـەدگۆى عـەيبگر كەبەشـوێن كـەم وكووڕيـدا دەگـەڕێى ولەعـەيب وعارى خەڵكى دەدوێت.

2 ئـەوەى كـەماڵ ودارايـى (بـەبێ گوێدانـە حـەڵاڵ وحـەرام) كۆدەكاتەوە وخەريكى ژماردنيەتى.

3 بێگومـان وا دەزانێـت كـە مـاڵ ودارايەكـەى دەبێتـە هـۆى تەمەن درێژى ونەمرى لە دونيادا.

4 نەخێر وانيە ( كە تێ گەشتوون ) سـوێند بـەخوا بەسـووكى وبەڕسوايى فڕێ دەدرێتە ناو ئاگرێكى تێكشكێنەرەوە.

5 چا (ئەى موحەمەد) تۆ چـوزانيت ئـەو ئـاگرە تێكشـكێنەرە چى يە.

6 ئاگرێكى تاودراوى بلێسەردارى خوايە.

7 ئـــەوە ئـــاگرێكى وايـــە كـــە ڕوودەكاتـــە ناوجەرگـــەى دڵ ودەروونەكان ودەيانسوتێنێت.

8 بێگومان ئەو ئاگرە بەشێوەيەكە كە داخراوە لەسەريان (كە ناتوانن لێ دەربچن).

9 زنجيركـراون لەناوچـەند كـۆتێكى درێـژدان (بەسـتراونەتەوە بەچەند ستونێكى بەرز وبڵندەوە).

## سوره تى الفيل

بەناوى خواى بەخشندە وميهرەبان.

1 ئايا نەتبينيوە يان نەتزانييوە كە پەروەردگارى تـۆ چـى كـرد بە خاوەن فيلەكان ؟ (خاوەن فيلەكان گەلێكى گاور بوون لە يەمەن بەسەرۆكايەتى ئەبرەهە ناوێك، وويستيان ووردە ووردە دەسەڵاتيان فراوان بكەن وبەرەو شارى مەككە بڕۆن وكەعبەى پيرۆز بـڕوخێنن، بەڵام كاتێك كە گەشتنە مەككە خواى گـەورە كۆمـەڵێكى زۆر لـە – طير الأبابيل – ى ناردە سەريان وتەفرو تووناى كردن).

2 ئايـا مەگـەر خـواى گـەورە سـەرى لێنەشـێواندن وفـرت وفێڵەكانى پووچەڵ نەكردنەوە.

3 وە ئايـا كۆمـەڵێكى زۆر وپـۆل پـۆل باڵنـدەى نـەناردە سەريان؟.

4 (ئەو باڵندانە) بەرد بارانيان دەكردن بەووردە زيخى گڵێن.

5 سـەرەنجام وەك كـاى خـوراوى لێكـردن ( وورد وخاشـى كردن، بەشێوەيەك هەر يەك لەو بەردانە ئەيدا لەهـەر سـەربازێكى سوپاكەى ئەبرەهـە دەسـت بـەجێ دەيكوشـت وگيـانى لەدەسـت دەدا ) .

سُورَةُ قُرَيْشٍ — ترتيبها ١٠٦ — آياتها ٤

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

لِإِيلَٰفِ قُرَيْشٍ ﴿١﴾ إِۦلَٰفِهِمْ رِحْلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيْفِ ﴿٢﴾ فَلْيَعْبُدُوا۟ رَبَّ هَٰذَا ٱلْبَيْتِ ﴿٣﴾ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ﴿٤﴾

سُورَةُ الْمَاعُونِ — ترتيبها ١٠٧ — آياتها ٧

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ﴿١﴾ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ﴿٢﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ﴿٣﴾ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴿٥﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ يُرَآءُونَ ﴿٦﴾ وَيَمْنَعُونَ ٱلْمَاعُونَ ﴿٧﴾

سُورَةُ الْكَوْثَرِ — ترتيبها ١٠٨ — آياتها ٣

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِنَّآ أَعْطَيْنَٰكَ ٱلْكَوْثَرَ ﴿١﴾ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ﴿٢﴾ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ﴿٣﴾

## سورەتی قریش

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

1 لەبەر هۆگری ویەکدەنگی قورەیش.

2 هۆگریان بەهاتوچۆی زستانان وهاوینانەوە (قورەیش خەریکی بازرگانی بوون زستان بۆ یەمەن وهاوینانیش بۆ شام ، بۆیە ئەگەر خوای گەورە قورەیشی هۆگری ئەو دوو هاتوو چۆیە نەکردایە وووڵاتیانی ئەمین وئەمان نەکردنایە نەیاندەتوانی بەو شێوەیە بژین، ئەمەش یەکێکە لەنیعمەتە گەورەکانی پەروەردگار بەسەریانەوە).

3 جا لەبەر ئەوە با (ئەوان) پەروەردگاری ئەم ماڵە پیرۆزە بپەرستن.

4 ئەو پەروەردگارەی کە بەو هۆیەوە ڕزگاری کردن لە قات وقڕی وبرسێتی وهێوریشی کردنەوە لە ترس وئاسایشی بۆ دابین کردن (کاتی خۆی عەرەبەکان هەندێکیان ئەیاندا بەسەر هەنێکی تریاندا وماڵوسەروەت وسامانەکەیان تاڵان دەکردن، بەڵام خوای گەورە بەهۆی حەرەمی مەککەوە قورەیشی لەم تاڵان کردنە پاراستبوو ) .

## سورەتی الماعون

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

1 ئایا بینیت ئەو کەسەی کە باوەڕی بە ڕۆژی دوایی وپاداشت دانەوە نیە.

2 هەر ئەوەیە کە زۆر بەتووندی بەهەتیوودا هەڵدەشاخێ وپاڵی پێوە دەنێت .

3 وە هانی کەسیش نادات لە سەر خواردن دان بەهەژار وبێ نەوایان.

4 ئەمجا وەیل وتیاچوون بۆ نوێژ خوێنان.

5 ئەو نوێژ خوێنانەی کە لە نوێژەکانیانداغافلٚ وبێ ئاگان.

6 ئەوانەی کە بەڕووکەش ولەبەر ڕێبازی وڕوپامایی خەڵکی نوێژەکانیان دەکەن.

7 وە هەموو جۆرە یارمەتیەك لەخەڵکی دەگرنەوە وقەدەغەی هەموو خێر وچاکەیەکیش دەکەن لێیان.

## سورەتی الکوثر

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە کە ووتویەتی : پێعەمبەری خوا ﷺ ماوەیەك بێدەنگ بوو پاشان بەزەردەخەنەیەکەوە سەری بەرز کردەوە، پێیان ووت ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ پێکەنیت؟ ئەویش فەرمووی : هەر ئێستا ئەم سوورەتەم بۆ دابەزی ( بسم الله الرحمن الرحيم ۞ إنا أعطيناك الكوثر ) هەتا کۆتای سورەتەکە، ئەمجا فەرمووی : ئایا دەزانن کەوسەر چیە ؟ ئەوانیش ووتیان : خوا وپێغەمبەرەکەی دەزانن، ئەمجا فەرمووی : کەوسەر ڕوبارێکە لەبەهەشتدا خوای گەورە پێی بەخشیوم کە خەیرێکی زۆری لەسەرە، ئومەتەکەم لە ڕۆژی دوایدا دێنە سەری، ژمارەی پەرداخ وکاسەکانی بە ئەندازەی ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان دەبن، هەندێك لەبەندەکانی لیٚ دوور دەخرێتەوە، منیش دەڵێم ئەی پەروەردگار ئەوە لە ئومەتی منە، ئەوانیش دەڵێن: تۆ نازانیت لە پاش تۆ چییان لە دینەکەت زیاد کردووە.

1 بێگومان ئێمە خێر وچاکەیەکی زۆر گەورەمان بە تۆ بەخشی (ئەی موحەمەد ﷺ) کە یەکێك لەوانە حەوزی کەوسەرە.

2 جا لەبەر ئەوە تۆش نوێژ بکە بۆ پەروەردگارت وقوربانی بۆ سەر ببڕە.

3 (بت پەرستەکانی مەککە ئەیانووت موحەمەد وەجاخی کوێرە، ئەگەر بمرێت کوڕی نیە لەپاش خۆی جێگای بگرێتەوە، خوای گەورەش بەمە بەرپەرچی دانەوە) وفەرمووی: بەڕاستی هەر ناحەز ودوژمنەکانت وەجاخ کوێر ودوابڕاون.

## سُورَةُ الكَافِرُون

ترتيبها ١٠٩ — آياتها ٦

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ١ لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ٢
وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ٣ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ ٤
وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ٥ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ٦

## سُورَةُ النَّصۡرِ

ترتيبها ١١٠ — آياتها ٣

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ١ وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ
يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا ٢ فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ
وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ٣

## سُورَةُ المَسَدِ

ترتيبها ١١١ — آياتها ٥

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ١ مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُ مَالُهُۥ وَمَا
كَسَبَ ٢ سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ ٣ وَٱمۡرَأَتُهُۥ
حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ ٤ فِي جِيدِهَا حَبۡلٞ مِّن مَّسَدِۭ ٥

## سوره تى الكافرون

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

بێباوەڕەکانی مەککە داوایان کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ کە ساڵێك خواکانی ئەوان بپەرستێت، ئەوانیش لەبەرامبەردا ساڵێك خواکەی ئەو دەپەرستن، خوای گەورەش ئەم سوورەتەی ناردە خوارەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ :–

1 ( ئەی موحەمەد ) بڵێ : ئەی بێ بڕواینە.

2 من هەرگیز ئەو ( بتانە ) ناپەرستم کە ئێوە دەیپەرستن.

3 وە ئێوەش ئەو ( خودایە ) ناپەرستن کە من دەیپەرستم.

4 وە منیش هیچ کات ئەوە ناپەرستم کە ئێوە پەرستوتانە.

5 وە ئێوەش ئەو ( خودایە ) ناپەرستن کە من دەیپەرستم.

6 کەواتە ئاین ( وبت پەرستی ) خۆتان بۆخۆتان وئاین ( وخواپەرستی ) خۆم بۆ خۆم.

## سوره تى النّصر

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

1 کاتێك کە یارمەتی وسەرکەوتنی خوای گەورە دێت وشاری مەککەی ( پیرۆز ) ڕزگار دەکرێت ودەرگای ئازادی دەکرێتەوە.

2 وە خەڵکت بینی کە پۆل پۆل دێنە ناو ئاینی خوای گەورەوە وباوەڕ دێنن ( لە کاتێکدا کە پێشتر خەڵك تاك تاك موسڵمان دەبوون، بەڵام لەگەڵ ڕزگارکردنی شاری مەککەدا خەڵك پۆل پۆل باوەڕیان دەهێنا لەهەموو پارچەیەکی نیوە دوورگەی عەرەبدا، تاوای لێهات هۆزێك بەهەموو کوڕ وکاڵیەوە دەهاتن باوەڕیان دەهێنا ).

3 کەواتە (ئەی موحەمەد) تۆش بە سوپاس وستایش ( لەسەر ئەو ناز ونیعمەتە گەورەیەی کە خوای گەورە پێی بەخشیویت ) پەروەردگاری خۆت بەپاك ڕابگرە وداوای لێخۆشبوونی لێ بکە، چونکە بەڕاستی خوای گەورە زۆر گیراکاری پەشیمانی وتەوبە وەرگرە ( بۆ ئەو کەسانەی کە تەسبیحاتی ئەو دەکەن و تەوبە دەکەن و داوای لێ بووردنی لێ دەکەن ) .

## سوره تى المَسَد

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

بوخاری وموسلیم لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە گێڕاویانەتەوە، کە ووتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێکیان چووە سەر کێوی صەفا وهاواری کرد، پاشان قورەیش هەموو لێی کۆبوونەوە ووتیان ئەوە چی یە؟ چی ڕوویداوە؟ پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: پێم بڵێن ئەگەر هەواڵتان پێ بدەم کەوا دوژمن ئێوارە یان سبەینێ دەدا بەسەرتانا، ئایا ئێوە باوەڕم پێدەکەن؟ ووتیان: بەڵێ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دەی من ئاگادارکەرەوەی ئێوەم لە سزای سەختی ڕۆژی دوایی و( دۆزەخ ) ومن پێغەمبەرم بۆ سەر ئێوە نێرراوم، ئەبو لەهەب کە ئەمەی بیست ووتی : تیاچوون بۆ تۆ، ئا بۆ ئەمە ئێمەت کۆکردوەتەوە؟ ئەمجا خوای گەورە ئەم سوورەتەی لەدژی ئەبو لەهەب دابەزاند بۆسەر پێغەمبەری خوا ﷺ :

1 یاخوا هەردوو دەسەکانی ئەبو لەهەب لەناوبچن، وخۆیشی تیاچوو .

2 سەروەت وسامان وداراییەکەی وئەوەشی ئەنجامی دا لە دژایەتی کردنی پێغەمبەر ﷺ فریایی نەکەوت وسوودی نەبوو بۆی.

3 بێگومان لەمەودوا ( لە ڕۆژی دواییدا ) دەخرێتە ناو ئاگرێکی بڵێسەدارەوە.

4 هەروەها ژنەکەیشی کە (ئوم جەمیل کچی حەرب ،دەکات خوشکی ئەبو سفیان، ئەویش دەخرێتە ناو ئاگری یلێسەدارەوە) کە هەڵگری دار ودڕك بوو (شەو دەیهێنا ودەیخستە سەر ڕێگای پێغەمبەری خوا ﷺ).

5 هەمیشە گوریسێکی بادراو ( لە پەلی خورمای ئاگرین ) وا لەگەردنی ( ئەو ژنە) دا .

## سورەتی الإخلاص

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

1 (ئەی موحەمەد) بڵێ: ئەو خوایەی کە ناوی ( الله ) یە، خودایەکی تاك وتەنهایە و ( هیچ شەریك وهاوبەشی نی یە ) .

2 ئەو خودایەی کە ناوی ( الله ) یە بێ نیازە ( لە خەڵکی ) و جێگای هیوا وئومێد ونیازی ( هەموو خەڵکە ) .

3 ئەو خودایە کەسی لێ نەبووە ( نەکچی هەیە ونەکوڕ وەك جولەکە وگاور وبت پەرستەکان دەیانووت ) وەنەلە کەسیش بووە ( واتە هەر بووە و هەر دەیشبێت ) .

4 وەهەرگیز هیچ کەس هاوشێوە وهاوتای ئەو نیە ( کە بتوانێت لەبەرامبەریدا بوەستێت ) .

## سورەتی الفَلَق

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

1 ( ئەی موحەمەد ) بڵێ : پەنا دەگرم بەو پەروەردگارەی کەبەرەبەیان پێش دەهێنێت، یان بەو پەروەردگارەی کەپەردەی نەبوونی لەت کرد وبوونەوەری لێ دەرهێنا.

2 لەخراپە وشەڕ وزیانی ئەوەی کە دروستی کردووە.

3 وە پەنا دەگرم بەپەروەردگار لەخراپە وشەڕ وزیانی تاریکی شەو کاتێك کەدادێت .

4 وە لەخراپە وشەڕ وزیانی ( جادووکەران ) کە فوو دەکەن بە گرێکاندا ( ساحر وجادووکەران جۆرێك لە سیحرەکانیان ئەوەیە کە پەتێك دەهێنن وچەند گرێیەکی لێ دەدەن ولەسەر هەموو گرێیەکدا فوویەکی پێدا دەکەن ).

5 وە پەنا دەگرم بەپەروەردگار لە خراپە وشەڕ وزیانی هەر حەسود وبەخیلێك کاتێ حەسوودی وئیرەیی دەبات .

سُورَةُ الإخْلَاص — ترتيبها ١١٢ — آياتها ٤

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢ لَمۡ يَلِدۡ
وَلَمۡ يُولَدۡ ٣ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ٤

سُورَةُ الفَلَق — ترتيبها ١١٣ — آياتها ٥

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ١ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ٢ وَمِن
شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ٣ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي
ٱلۡعُقَدِ ٤ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ٥

سُورَةُ النَّاس — ترتيبها ١١٤ — آياتها ٦

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ٢ إِلَٰهِ
ٱلنَّاسِ ٣ مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ ٤ ٱلَّذِي
يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ ٥
مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ٦

## سورەتی النَّـاس

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.

1 (ئەی موحەمەد) بڵێ : پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خەڵکی.

2 پادشا ومەلیکی هەموو خەڵکی .

3 پەروەردگار وپەرستراوی هەموو خەڵکی .

4 لەخراپە وشەڕ وزیانی ئەوەی کە وەسوسە دروست دەکات (مەبەست پێی شەیتانی نەفرین لێکراوە) وخۆ پەنهان دەکات (هەرکاتێك یادی خودا بکرێت شەیتان هەڵدێت وخۆ پەنهان دەکات، وەهەرکاتێکیش یادی خودا نەکرێت شەیتان دێت و وەسوەسە دروست دەکات).

5 ئەوەی کە وەسوەسە دەخاتە دڵ وسینەی خەڵکیەوە.

6 لە جنۆکە ولە ئادەمیزاد (ئەوانەیان کە شەیتان ڕەفتارن).

## چەند پرسیارێکی گرنگ لە ژیانی موسڵماندا

**١ موسڵمان عەقیدەکەی لەکوێوە فێر دەبێت؟** لە قورئانو فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەر ﷺ کە لە خۆیەوە قسە ناکات، بەڵکو وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ﴾ (النجم: ٤) فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ بەشێکە لە نیگای خودا، ئەمەش بە گوێرەی تێگەشتنی هاوەڵان و پێشینە چاکەکان.

**٢ ئەگەر جیاوازییمان هەبوو، بۆ چ شتێك دەگەڕێینەوە؟** دەگەڕێینەوە بۆ شەرعی خودا، واتا بۆ قورئانو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ هەروەك خودا دەفەرموێت: ﴿ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ ﴾ (النساء :٥٩) واتە: هەرکات جیاوازییتان هەبوو بیگەڕێننەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی. پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: « تَرَكْتُ فِيكُمْ أَمْرَيْنِ لَنْ تَضِلُّوا مَا تَمَسَّكْتُمْ بِهِمَا: كِتَابَ اللَّهِ، وَسُنَّةَ نَبِيِّهِ » لە (الموطأ)دا هاتووە، واتە: **"دوو شتم بۆ بەجێهێشتوون گەر دەستان پێوە بگرن قەت ڕێگا ون ناکەن، قورئان وسوننەت"**.

**٣ کۆمەڵی سەرفراز لە ڕۆژی قیامەتدا کێیە؟** پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « وَتَفْتَرِقُ أُمَّتِي عَلَى ثَلاثٍ وَسَبْعِينَ مِلَّةً كُلُّهُمْ فِي النَّارِ إِلا مِلَّةً وَاحِدَةً، قَالُوا: وَمَنْ هِيَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: مَا أَنَا عَلَيْهِ وَأَصْحَابِي» (أحمد والترمذي). واتە: ئوممەتی منیش دەبێت بە حەفتاو سێ کۆمەڵەوە هەمووی لە ئاگردایە یەکێکیان نەبێت، وتیان ئەی پێغەمبەری خودا ئەو کۆمەڵە کێن؟ فەرمووی: ئەوانەن کە ڕێگای منو هاوەڵانی منیان گرتووە، ئەحمەدو ترمزی.

هەقو ڕاستی ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی لەسەری بوون، جا ئەگەر دەتەوێت سەرفراز بیت شوێنی ئەوان بکەوەو واز لە هێنانەناوەوەی شتی نوێ بهێنە.

**٤ مەرجەکانی وەرگرتنی کردەوەی چاك چین؟** مەرجەکانی: ١ـ باوەڕبوون بە خودا بە تەنها، چونکە کردەوە لە هاوەڵ پەیداکەر وەرناگیرێت.٢ـ نیەت پاکی: بەوەی تەنها بۆ خودات بێت. ٣ شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ: دەبێت بە گوێرەی ڕێنماییەکانی شەرع خودا بپەرسترێت. ئەگەر یەکێك لەم مەرجانە کورتی هێنا ئەوا کردەوەکە وەرناگیرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَدِمۡنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُواْ مِنۡ عَمَلٖ فَجَعَلۡنَٰهُ هَبَآءٗ مَّنثُورًا ﴾ (الفرقان:٢٣). واتە: کاتێك بینیمان کردەوەکانیان هەمووی تاوانە بەر بامان داو پەرشو بڵاومان کردەوە.

**٥ پلەکانی ئایینی ئیسلام چەندن؟** پلەکانی ئایینی ئیسلام سێن: ئیسلام، ئیمان، ئیحسان.

**٦ ئیسلام چییەو ئەرکەکانی چین؟** ئیسلام: تەسلیم بوونە بە خودا بە یەکتاپەرستیو گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانیو خۆبەرییکردنە لە هاوەڵدانانو هاوەڵدانەران. ئەرکاکەنیشی پێنجنو پێغەمبەر ﷺ لەم فەرموودەیەدا باسیان دەکات: « بُنِيَ الإِسْلامُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللهُ وَأَنَّ مُحمدًا رَسُولُ اللهِ، وَإِقَامِ الصَّلاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَحَجِّ الْبَيْتِ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ » (متفق عليه). واتە ئیسلام لەسەر پێنج پایە بنیات نراوە: شایەتیدان بە تەنهایی خوداو بە پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ، نوێژکردن، زەکاتدان، حەج کردن و ڕۆژووگرتن. بوخاریو موسلیم ریوایەتیان کردووە.

**٧ باوەڕ چییە وئەرکانەکانی چین؟** باوەڕ: باوەڕهێنانە بە دڵ، گوزارشی زمانە، کردەوەی ئەندامەکانە، زیاد دەکات بە چاکەو کەم دەکات بە خراپە، قورئان دەفەرموێت: ﴿ لِيَزۡدَادُوٓاْ إِيمَٰنٗا مَّعَ إِيمَٰنِهِمۡ ﴾ (الفتح : ٤) واتە: بۆ ئەوەی باوەڕیان زیاد بکات. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « الإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ شُعْبَةً، فَأَفضَلُهَا قَوْلُ لا إِلَهَ إِلا اللهُ وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ وَالحَيَاءُ

شُعْبَةٌ مِنَ الإيمَانِ » (مسلم). واته: باوەڕ حەفتاو ئەوەندە بەشە، باشترینیان وتنی (لا إله إلا الله)یە، کەمەکەشیان لابردنی شتێکی سەرەڕێیە کە ئازاری خەڵکی بدات و شەرمیش بەشێکە لە باوەڕ. موسلیم ریوایەتی کردووە.

ئەوەی موسڵمان لە کاتە باشەکانی عیبادەتدا ـ وەك رەمەزان ـ هەستی پێدەکات لە لەشسوکیو دڵخۆشی بە چاکەکردن و دڵناخۆشیو لەشقورسی دوای گوناه کردن، زیادو کەمکردنی باوەڕ دەسەلمینێت، خـــوای گـــەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلْحَسَنَـٰتِ يُذْهِبْنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ (هود:١١٤) واته: چاکەکانت گوناهەکان دەسڕنەوە. ئەرکانەکانی باوەڕ شەشن پێغەمبەر ﷺ لەم فەرموودەیەدا باسی دەکات: «أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ، وَمَلائِكَتِهِ، وَكُتُبِهِ، وَرُسُلِهِ، واليوْمِ الآخر، والقَدَرِ خَيْرِه وَشَرِّهِ» (البخاري). واته: باوەڕهێنان بە (الله)، وبەفریشتەکانی، وبەکتێبەکانی، وبەپێغەمبەرانی، وبەرۆژی دوایی، وبە قەدەر چاكو خراپی.

**٨ واتای (لا اله الا الله) چییە؟** باوەڕبوونە بەوەی کە جگە لە (الله) شایەنی پەرستن نییە.

**٩ ئایا خودا لەگەڵ ئێمەیە؟** بەڵێ خودا بە بینینو بیستنو زانیاریو پاراستنو قودرەتی خۆی لەگەڵماندایە، بەڵام زاتی خودا تێکەڵ بە دروستکراوەکانی نابێتو دروستکراوەکانیش لە دەوری ئەودا نین.

**١٠ ئایا خودا بەچاو دەبینرێت؟** موسڵمانان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە لەم دونیایەدا خودا نابینرێت و ئیمانداران لە رۆژی مەحشەرو بەهەشتدا دەیبینن، خودا دەفەرموێت: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾ (القيامة: ٢٢ـ ٢٣) واته: لەو رۆژەدا هەندێك رووی گەش وجوان دەڕوانە پەروەردگاریان .

**١١ سودی زانینی ناو وسیفەتەکانی خودا چین؟** یەکەم فەرزێك خوای گەورە فەرزی کردووە لەسەر بەندەکانی ناسینی خودایە، جا هەرکاتێك خەڵکیی خودایان ناسی بە گوێرەی پێویست دەیپەرستن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ﴾ (محمد:١٩) واته: بزانە هیچ خودایەك نییە (الله) نەبێت و بۆ گوناهەکانت داوای لێخۆشبوون بکە. یادکردنی خوای گەورە بەوەی کە زۆر بە بەزەییە هیوا دروست دەکات، یادکردن بەوەی کە سزاکەی زۆر سەختە ترس لە خوا دروست دەکات، یادکردنی بەوەی کە تەنها ئەو نیعمەتەکانی پێبەخشیووین وامان لێدەکات سوپاسگوزاری بین.

**واتای پەرستنی خوای گەورە بە ناو و سیفەتەکانی ئەوەیە کە:** بیان ناسیتو واتاکانیان بزانیت وکردەوەیان پێ بکەیت، بۆ نموونە: هەندێ لە ناوو سیفەتەکانی هەیە کە موسڵمان هەیبێت وەك: زانستو بەزەییو دادپەروەری، هەندێکی تری ناوو سیفەتەکانی خودا باش نییە بۆ موسڵمان کە هەیبێت وەك: خوایەتی، خۆبەگەورەزانین، هەندێك سیفەت هەن کە مرۆڤ باشە کە هەیان بێت وەك: بەندایەتی و پێویستیو داواکردن بەرامبەر خوای گەورە، بەڵام ئەمانە بۆ خوای گەورە ناشێن.

خۆشەویستترین کەس لای خوای گەورە ئەوانەن خاوەنی ئەو سیفەتانەن کە خودا پێی خۆشە لە بەندەدا هەبێت، زۆر رقی لەوانەیە کە خاوەنی ئەو سیفەتانەن کە پێی ناخۆشە لە بەندەدا هەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا﴾ (الأعراف:١٨٠) واته: خوای گەورە خاوەنی ناوە جوانەکانە و ئێوە داوای پێ بکەن، لە فەرموودەی صەحیحیشدا

هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «إِنَّ لِلَّهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْمًا مِائَةٌ إلا وَاحِدًا مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ» (متفق عليه). واتە: خوای گەورە نەودو نۆ ناوی هەیە، سەد دانە جگە لە یەك، هەرکەس ژمارەیان بکات دەچێتە بەهەشتەوە، (متفق عليه) واتە ژماردنی ئەوەیە:١ـ ناوەکانیان بوترێتو بژمێردرێت.٢ـ تێگەیشتنی واتاکانیان و مەبەست لییان، بۆ نموونە: کاتێك دەڵێیت (الحکیم) هەموو شتێکت بدەیتە دەست خوا، چونکە هەموو کارەکانی لە حیکمەتەوە هاتووە، یان کە دەڵێیت: (القدوس) ئەوەی بیربێتەوە کە خوای گەورە لە هەموو کەموکوڕییەك پاکە.٣ـ دوعاکردن کە دوو جۆرە:١ـ دوعاکردن بۆ بەدەستهێنانی خێر وەك عیبادەت حسێبە،٢ـ داواکردنی پێداویستی.

**هەرکەس لە قورئانو فەرموودە ورد بێتەوە دەتوانێت ناوەکانی خودا کۆ بکاتەوەو بیان ناسێت، ئەوانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:**

| ناو | واتاکەی |
|---|---|
| اللّٰه | تاکە زاتە کە شایەنی خوایەتیو پەرستن بێت لە لایەن بەندەکانییەوە، کەواتە ئەو پەروەردگارەو پەرستراوەو هەمووان لەبەردەم ئەودا زەلیلن، سوجدەو کورنوشی بۆ دەبەن و هەموو پەرستشێك هەر بۆ ئەوە. |
| الرَّحْمٰن | ناوێکە ئەوە دەردەخات کە خودا زۆر زۆر بە رەحمو بە بەزەییە بۆ هەموو دروستکراوەکانیو ئەم ناوە تایبەتە بە خوداوە، نابێت کەس بەوە ناوبنرێت (بەڵام ئەگەر (عبد)ی لەگەڵ بێت دەبێت). |
| الرَّحِيم | لە بەندەکانی خۆش دەبێتو بە بەزەییە لەگەڵ ئیمانداراندا لە دونیاو ئاخیرەتدا، هیدایەتی بەندەکانی داوە بۆ پەرستنی و لە قیامەتیشدا ڕێزیان لێدەگرێت بە بەهەشت. |
| العَفُوّ | لە گوناهـ خۆش دەبێتو سزای بەندە نادات ئەگەرچی شایەنی سزایە. |
| الغَفُور | ئەو کەسەیە کە تاوان دادەپۆشێت و ئاشکرای ناکاتو سزای نادات. |
| الغَفَّار | زۆر لە بەندە تاوانبارەکانی خۆش دەبێت، کە داوای لێخشبوون دەکەن. |
| الرَّؤُوف | ئەوپەڕی بەزەییو رەحمە بۆ هەموو دروستکراوەکان لە دونیادا، بەڵام لە قیامەتدا تەنها بۆ بەشێکیانە کە ئیماندارانن. |
| الحَلِيم | بە پەلە نییە لە سزای بەندەکانییدا، بەڵکو لێیان خۆش دەبێت کە داوای لێخشبوون بکەن. |
| التَّوَّاب | یارمەتی بەندەکانی دەدات تەوبە بکەنو لێیانی قەبووڵ دەکات. |
| السِّتِّير | تاوانی بەندەکانی دادەپۆشێت، پێی خۆشە بەندەش تاوانی خۆی داپۆشێت و هی خەڵکی تریش ئاشکرا نەکات. |
| الغَنِيّ | ئەو کەسەیە کە بە هیچ شێوەیەك پێویستی بە بەندەکانی نابێت، چونکە کامڵەو سیفەتەکانیشی کامڵنو بێ کەموکوڕین، هەروەها هەموو دروستکراوەکان پێویستیان بە نیعمەتو یارمەتی ئەو هەیە. |
| الكَرِيم | زۆر بەخشندەیە، ئەوەی بیەوێت دەیدات بە هەرکەس خۆی حەزبکاتو هەرچۆن پێی خۆش بێت بە داواکردن بێت یان بێ داواکردن، لە گوناهـ خۆش دەبێت و عەیبەکان دەشارێتەوە. |
| الأَكْرَم | لەهەموو کەس بەخشندەترە، هیچ وێنەی نییە، هەموو خێرێك لەوەوەیە، پاداشتی ئیمانداران دەداتەوە لە چاکێتی خۆی، مۆڵەتی گوناهباران دەداتو بە دادوەری حیسابیان لەگەڵ دەکات. |
| الوَهَّاب | بەخشندەیە بەبێ بەرامبەر و بەبێ غەرەز، نیعمەت دەڕژێنێ بەسەر خەڵکیدا بەبێ داواکردن. |
| الجَوَاد | زۆر بە کەرەمە لەگەڵ خەڵکیدا بەتایبەتی ئیمانداران. |
| الوَدُود | ئیماندارانی خۆشدەوێتو لێیان خۆش دەبێتو نیعمەت دەڕژێنێ بە سەریانداو لێیان ڕازیی دەبێتو کردەوەکانیان وەردەگرێتو خۆشەویستیان دەکات لای خەڵك. |
| المُعْطِي | ئەوەی بیەوێت لە خەزێنەکانی خۆی دەیدات بە بەندەکانی و بە تایبەتی ئیمانداران هەروەها شکڵو شێوازی بە هەموو دروستکراوەکانی بەخشیوە. |
| الوَاسِع | سیفاتی چاکی لە ژماردن نایەنو کەس ناتوانێت بیانژمێرێت، زۆر بە دەسەڵاتە، لێخۆشبوونو رەحمەتی زۆرە، چاکەو فەزڵی زۆرە. |

| | |
|---|---|
| الْمُحسِنُ | چاكیو جوانی كامڵی هەیە لە ناو و سیفەتو كردەوەكانیدا و دروستكراوەكانیشی لە باشترین شێوەدا دروستكردووە و چاكەی لەگەڵیاندا كردووە. |
| الرَّازِقُ | ڕۆزیی زیندەوەران دەداتو ئەندازەی بۆ داناوە پێش دروستكردنیان. |
| الرَّزَّاقُ | ڕۆزی ئەو زۆر زۆرەو پێش داواكردن ڕۆزیی دەدات و ڕۆزیی تاوانبارانیش دەدات. |
| اللَّطِيفُ | خێرو چاكە دەكات بەرامبەر بەندەكانی بە زۆر شێوەی نهێنی كە بە خەیاڵی بەندەدا نایەت، وردو درشتی هەموو شتێك دەزانێتو هیچی لێ ون نابێت. |
| الْخَبِيرُ | زانیاریی هەیە لە بارەی شتە شاراوەكانەوە هەروەك ئاشكراكان. |
| الْفَتَّاحُ | دەرگای خەزێنەكانی موڵكو ڕەحمەتو ڕۆزیی خۆی دەكاتەوە بۆ شتانێك كە بە زانست و حیكمەتی خۆی بە شایەنی دەزانێت. |
| الْعَلِيمُ | زانیاری ئەو هەموو شتێكی ئاشكراو شاراوەو ڕابردوو و داهاتووە دەگرێتەوە، دەیزانێتو هیچ شتێك شاراوە نییە لەو. |
| الْبَرُّ | خێرو بەخشندەی زۆر فراوانەو بەوەفایە بۆ پەیمانی خۆی، چاوپۆشی لە بەندەكانی دەكاتو پارێزگاری لێدەكاتو سەری دەخات، چاكەی كەمی لێوەردەگرێتو بۆی زیاد دەكات. |
| الْحَكِيمُ | شتەكان لە جێگای خۆی دادەنێتو هەڵە ناكات لە هیچ شتێك. |
| الْحَكَمُ | حوكم دەكات لە نێوان بەندەكانی بە دادپەروەریو ستەم لە كەس ناكاتو قورئانی دابەزاندووە بۆ ئەوەی ببێتە حوكمێك لە نێوان بەندەكانی. |
| الشَّاكِرُ | مەدحی ئەوانە دەكات كە گوێڕایەڵیی ئەو دەكەن، پاداشتی چاكە دەداتەوە ئەگەر كەمیش بێت، پاداشتی سوپاسگوزاری لەسەر نیعمەتەكان دەداتەوە بە زیادكردنی لە دنیاداو پاداشتی ڕۆژی دوایی. |
| الشَّكُورُ | شوكری بەندەكانی بە پاداشت، وەڵام دەداتەوەو عیبادەتەكانی لێوەردەگرێتو بە كردەوەی كەم بەندە پایەدار دەبێتو پاداشتی زیاتر وەردەگرێت. |
| الْجَمِيلُ | جوانە لە ناوو سیفەتو زاتو كردوەكانیدا بەبێ سنوور، هەموو جوانیی دروستكراوەكانیی لەوەوەیە. |
| الْمَجِيدُ | خاوەنی فەخرو بەرزیو پلەوپایەیە لە زەویو ئاسمانەكاندا. |
| الْوَلِيُّ | بوونەوەری ڕاگرتووە و پشتو پەنای ئیماندارانە. |
| الْحَمِيدُ | سوپاس دەكرێت بۆ ناو و سیفاتو كارەكانی بە نهێنیو ئاشكرا، لە خۆشی و ناخۆشییدا، هەر ئەو شایەنی شوكرو سوپاسەو خاوەنی سیفەتی كەماڵە. |
| الْمَوْلَى | پەروەردگارو پاشاو گەورەو سەرخەری ئیماندارانە. |
| النَّصِيرُ | هەركەسێكی بوێت سەری دەخات، كەسێك ئەو سەری بخات كەس ناتوانێت ژێردەستەی بكاتو كەسێكیش ئەو ژێری بخات كەس ناتوانێت سەری بخات. |
| السَّمِيعُ | هەموو شتێك دەبیستێت هەرچەندە نزم بێت، ئاشكرا بێت یان شاراوە، هەر دەنگێك بێت گەورەیە یان بچووك، وەڵامی داواكارییەكانی دەداتەوە. |
| الْبَصِيرُ | هەموو شتێكی بوونەوەر گەورە بێت یان بچووك دەیبینێت. |
| الشَّهِيدُ | چاودێرە بە سەر دروستكراوەكانییەوە، شایەتی تەنهاییو دادپەوەری خۆیەتی و شایەتی ڕاستگۆیی ئیمانداران و پێغەمبەرانو فریشتەكانە. |
| الرَّقِيبُ | ئاگاداری بەندەكانیەتی، ئاگای لە كردەوەكانیانە، چاوتروكاندنو نیازی دڵیش ئاگادارە. |
| الرَّفِيقُ | بە بەزەییە لەگەڵ بەندەكانیداو لەسەرخۆیە لە كارەكانیداو بەندەی لەسەرخۆی خۆش دەوێتو بەوەی بەندەكانی لە توانایاندا نییە داوایان لێناكات. |
| الْقَرِيبُ | نزیكە لە بەندەكانیەوە بە زانیاری و دەسەڵاتی خۆی، بە ڕەحمەتو سەرخستنی موسڵمانان لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرووی عەرشی خۆیەتیو تێكەڵ بە دروستكراوەكانی نابێت. |
| الْمُجِيبُ | دوعاو داوای داواكاران وەردەگرێت بە شێوەی حیكمەتو زانیاری خۆی دەخوازێت. |
| الْمُقِيتُ | ڕزقو ڕۆزی بەنداكانی دەداتو پارێزگاری لە كردەوەی بەندەكانی دەبێ بە بێ كەموكوڕیی. |
| الْحَسِيبُ | هەموو پێداویستی دونیاو ئاخیرەتی بەندەكانی دابین كردووەو موحاسەبەیان دەكات لەسەر كردوەكانیان. |
| الْمُؤْمِنُ | شایەتی ڕاستێتی پێغەمبەران دەداتو بەڵگە لەسەر ڕاستێتیيان دروست دەكات، هەموو هێمنییەك لە دنیاو قیامەتدا ئەو دەیبەخشێت، ئیمانداران دڵنیا دەكاتەوە لەوە كە زۆریان لێ ناكاتو سزایان نادات و نایانترسێنێت لە ڕۆژی دواییدا. |

| | |
|---|---|
| المَنانّ | زۆر بەخشندەو نیعمەت رژێنەر و چاکەسازە بەرامبەر بەندەکانی. |
| الطّیِّب | پاکەو بێگەردەو کەماڵی رەهای هەیەو تەنها خێرو چاکەیەك وەردەگرێت کە لە حەلاڵ کرابێت. |
| الشّافي | شیفای بەدەنو دڵەکان دەداتو دەرمانیان بۆ فەراهەم دێنێتو شیفاش تەنها لای ئەوە. |
| الحَفیظ | پارێزگاریی لە ئیماندارو کردەوەکانی دەکات بە رەحمەتی خۆیو پارێزگاریی لە دروستکراوەکانی دەکات بە دەسەڵاتی خۆی. |
| الوَکیل | خاوەنو پشتو پەنای دروستکراوەکانەو پشتگیریی ئەو ئیماندارانەیە کە لەگەڵ هەوڵی خۆیاندا پشت بەو دەبەستن و سوپاسی دەکەن دوای سەرکەوتنیان. |
| الخَلاّق | واتای ئەوەیە زۆر دروست دەکات، بەردەوام دروست دەکات. |
| الخَالِق | داهێنەری هەموو دروستکراوەکانە بەبێ ئەوەی پێشتر نموونەیان هەبووبێت |
| البَارِئ | ئەو شتانەی بڕیارو ئەندازەگیری لەسەربووە هێناویەتە بوون و دروستی کردوون لە نەبوون. |
| المُصَوِّر | شێوازی دروستکراوەکانی دیاری کردووە بە زانستو حیکمەتو بەزەیی خۆی. |
| الرَّبّ | پەروەردگارو بەخێوکەری خەڵکە بە نیعمەتەکانی، دۆستانی خۆی پەروەردە دەکات بە شێوەیەك دڵیان چاك دەرچێت، دروستکەرەو خاوەنی موڵکەو سەییدە. |
| العَظِیم | لە ناو و سیفاتو زاتیدا زۆر گەورەیە، بۆیە هەموو دروستکراوەکان دەبێت بە گەورەی بزانن‌و فەرمانو نەهی ئەو بەگەورە بزانن. |
| القَاهِر | بەندەکانی زەلیل دەکاتو دەبێت بیپەرستن‌و زاڵە بەسەریاندا، هەموو بەندەکان سەر دادەنەوێنن بەرامبەری. |
| القَهّار | وشەیەکی بەهێزترە کە مانای (القاهر) دەدات. |
| المُهَیمِن | زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا و دەیپارێزێتو ئاگاداریەتی. |
| العَزِیز | هەموو سەربەرزیی دەسەڵات بۆ ئەوە، بەهێزەو کەس بەسەریدا زاڵ نابێت، سەربەرزەو پێویستیشی بە کەس نییە، بە توانایە و زاڵە بەسەر دروستکراوەکانداو هیچ شتێك بێ فەرمانی ئەو نابێت. |
| الجَبّار | هەموو شتێك بە ویستی ئەوە، دروستکراوەکان لە ژێر دەستی ئەودان، بە فەرمانی ئەو دەڕۆن، قەرەبووی لێقەوماوو فەقیر دەکاتو ئاسانکاریی بۆ خاوەنی زەحمەت دەکاتو شیفای نەخۆش دەدات. |
| المُتَکَبِّر | گەورەیەو بەرییە لە هەموو کەموکورییەك، نەفس بەرزەو ستەم لە بەندەکان ناکات، زۆرداران ملکەچ دەکات، سیفەتی (الکبریاء) هەیەو هەرکەس رکابەری لەگەڵ بکات سزای دەدات و پشتی دەشکێنێت. |
| الکَبِیر | گەورە وپایەبەرزە لەزات وسیفات وکرداریدا، وەهیچ شتێك لەو گەورەتر نیە، بەڵکو هەموو شتێك لەئاست گەورەیی وپایەبەرزی ئەودا بچووکە . |
| الحَیِيّ | خاوەنی شەرمە، کە بگونجێت لەگەڵ زاتی ئەودا، شەرمی ئەو چاکە بەخشین‌و سۆزە. |
| الحَيّ | ژیانی تەواو و بەردەوامی هەیە، سەرەتاو کۆتایی بۆ ژیانی نییە، هەموو ژیانێکی تر ئەو دەیبەخشێت. |
| القَیُّوم | راگری خۆیەتی، پێویستی بە خەڵك نییە، راگری هەموو خەڵکە لە ئاسمان‌و زەویی‌و هەموان پێویستیان بەوە. |
| الوَارِث | دەمێنێت لە پاش لەناوچوونی بوونەوەر، هەموو شتیك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوای نەمانی خاوەنەکانیان. |
| الدَّیّان | هەموو خەڵکیی ملکەچی ئەون، پاداشتی بەندەکانی دەداتەوە بە دووقات گەر چاکە بکەن‌و سزای بەندەکانی دەدات گەر خراپە بکەن یان لێیان خۆش دەبێت. |
| المَلِك | ئەمرو نەهی و زاڵ بوون هەر بۆ ئەوە، چۆن بیەوێت مامەڵە لەگەڵ دروستکراوەکانیدا دەکات، هیچ بەشدار نییە لە راگرتن‌و پاراستنی موڵکەکەیدا. |
| المَالِك | هەموو بوونەوەر موڵکی ئەوە لە سەرەتاوە، لە کۆتاییشدا هەر هی ئەوە. |
| المَلِیك | مانای خاوەندارێتی رەها دەگەیەنێتو لە زاراوەی (الملك) بەهێزترە. |
| السُّبُّوح | پاکو بێگەردە لە هەموو کەموکورییەك. |
| القُدُّوس | پاکو بێگەردە لە هەموو کەموکورییەك، تەنها ئەو کاملەو وێنەی نییە. |
| السَّلاَم | سەلامەتە لە هەموو کەموکورییەك لە زاتو ناوو سیفەتو کردەوەکانیدا، هەموو ئاشتی دنیاو قیامەت ئەو سەرچاوەکەیەتی. |
| الحَقّ | گومان لە خوایەتی، ناوو سیفەتەکانیدا نییە، تەنها ئەو شایەنی پەرستنە بە هەق. |
| المُبِین | تاکو تەنهاییو حیکمەت، رەحمەتی ئاشکرایە و دیارییە، رێگای چاك روون دەکاتەوە بۆ بەندەکانی بۆ ئەوەی بیگرنە بەر، رێگای خراپیشیان بۆ روون دەکاتەوە بۆ ئەوە دووربن لێی. |

| | |
|---|---|
| القَوِيّ | تەواوی ویستو هێزی رەهای هەیە. |
| المَتِين | زۆر توندە لە هێزو توانایدا، لە کردەوەکانیدا هیلاك نابێتو نارەحەت نابێت. |
| القَادِر | دەسەلاتی هەموو شتێکی هەیە، دەستەوسان نییە لەبەردەم هیچ شتێك لە ئاسمان و زەوییدا، ئەندازەی هەموو شتێك هەر ئەو دەیکات. |
| القَدِير | بە واتای (القادر)ە، بەلام لە زمانەوانییشدا وشەیەکی بەهێزترە بۆ دەسەلاتی خوا. |
| المُقْتَدِر | زۆر بە دەسەلاتە و ئەندازەی هەموو شتێك دەکاتو دروستی دەکات بە گوێرەی زانیاریی خۆی. |
| العَلِي / الأَعْلى | بەرزە لە زاتو کردەوەو دەسەلاتدا، هەموو شتێك لە ژێر دەسەلاتی ئەو دایەو هیچ شتێك لەسەروو ئەوەوە نییە. |
| المُتَعَال | هەموو شتێك زەلیلە لە بەردەم بەرزیی ئەودا، هیچ شتێك لەسەروی ئەوەوە نییە، هەموو شتێك لە ژێر ئەوەیە و لەژێر دەسەلاتی ئەودایە. |
| المُقَدِّم | شتەکان لە شوێنی خۆیان دادەنێتو پێشیان دەخات بە حیکمەتی خۆی، هەندێ خەلکی دەخاتە پێش هەندێکی تر لە پلەدا بە رەحمەتی خۆی. |
| المُؤَخِّر | سزای بەندەکانی دوادەخات هەتا تەوبە بکەنو بە ویستو حیکمەتی خۆی شتەکان پاشو پێش دەخات. |
| المُسَعِّر | بەهای شتەکان زیادو کەم پێدەکات و بە ویست و حیکمەتی خۆی. |
| القَابِض | رۆحی زیندەوەران دەکێشێتو رۆزیی خەلکیش دەگرێتەوەو لە کەسانێك ویستی لەسەر بێتو فراوانیشی دەکات بۆ کەسانێکی تر. |
| البَاسِط | رەحمەتو بەخشینی فراوانەو دەرگای تەوبەی کراوەیە بۆ تاوانباران. |
| الأَوَّل | هیچ شتیك لە پێش ئەوەوە بوونی نەبووە، هەموو دروستکراوەکان ئەو دروستی کردوونو سەرەتایەك نییە بۆ بوونی ئەو. |
| الآخِر | هیچ لە دوای ئەوەوە نییە، هەر دەمێنێت، هەموو شتێك لەسەر رووی زەوی بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە، کۆتاییەك نییە بۆ بوونی ئەو. |
| الظَّاهِر | لە سەروو هەموو شتێکەوەیە و زالە بەسەر هەموو شتێکدا. |
| البَاطِن | نابینرێت، بەلام لە خەلکەوە نزیکەو ئاگاداریانە. |
| الوِتْر | تەنهایە، هاوەلی نییەو هاوێنەی نییە. |
| السَّيِّد | گەورەیی رەهای هەیە بەسەر دروستکراوەکانییدا، خودایانەو خاوەنیانە، ئەوانیش بەندەو دروستکراوی ئەون. |
| الصَّمَد | سەردارێکی رەهایە، هەموو بوونەوەر روو دەکەنە ئەو بۆ پێویستییەکانیان، رۆزیی بە خەلکیی دەداتو پێویستی بە رۆزی نییە. |
| الوَاحِد / الأَحَد | بە تەنها ئەو سیفاتی کەمالی تێدایەو هاوبەشی نییە لەوەدا، وێنەی نییە، هەر بۆیە تەنها ئەو شایەنی پەرستنە. |
| الإِلَه | پەرستراوە بە هەق، هەر ئەو بە تەنها شایەنی پەرستنە. |

**١٢ ئایا جیاوازی چیە لە نێوان ناو وسیفەتەکانی خوای گەورەدا؟** ناو وسیفەتەکانی خوای گەورە لەوەدا هاوبەشن کە بەهەردووکیان دروستە (پەنا بگیرێت بەخودا) و (سوێندیشیان پێ بخورێت)، بەلام چەند جیاوازیەکیان لەنێواندا هەیە گرنگترینیان ئەمانەن: یەکەم: دروستە بەناوەکانی خودا دوعا وپاڕانەوە بکرێت ودروستیشە ووشەی (عبد) بخەیتە پێشیانەوە، بەلام لەگەلٚ سیفەتەکانیدا ئەمانە دروست نین، بۆ نموونە دروستە بلێت: (عبدالکریم) بەلام دروست نیە بلێیت (عبد الکرم) وە دروستە نزا وپاڕانە بکەیت وبلێیت: (یا کریم) بەلام دروست نیە بلێیت : (یا کرم)، دووەم : ناوەکانی خوای گەورە سیفەتیشیان لێوە وەردەگیرێت وەك (الرحمن) سیفەتی (الرحمة) ی لێوە وەردەگیرێت، بەلام سیفەتەکانی خوای گەورە ناوێکیان لێوە وەرناگیرێت کە لەقورئان وسوننەتدا نەهاتبێت،

وەك سیفەتی (الاستواء) ناوی (المستوي) لێوە وەرناگیرێت، سێهەم : کردارەکانی خوای گەورە ناوێکیان لێوە وەرناگیرێت کە لەقورئان وسوننەتدا نەهاتبێت، وەك کرداری (الغضب) ناوترێت یەکێك لە ناوەکانی خوای گەورە (الغاضب) ە، بەڵام سیفەتەکانی خوای گەورە لەکردارەکانیەوە وەردەگیرێت، وەك سیفەتی (الغضب) بۆ خوای گەورە بڕیار دەدەین، چونکە (الغضب) لە کردەوەکانی خوای گەورەیە .

**١٣ باوەڕهێنان بە فریشتەکان واتای چییە؟** باوەڕهێنانی تەواو بە بوونیان و خوای گەورە دروستی کردوون بۆ عیبادەت کردنو بەجێهێنانی فەرمانەکانی ﴿عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ ﴿٢٦﴾ لَا يَسْبِقُونَهُۥ بِٱلْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِۦ يَعْمَلُونَ﴾ (الأنبياء: ٢٧) واتە: (فریشتەکان) بەندەی ڕێزدارن وگوێڕایەڵی فەرمانی خـوا دەبن ولە قسەدا پێشی ناکەون وئەوان بەفرمانەکانی خوا کاردەکەن.

**باوەڕهێنان بە فریشتەکان چەند شتێك لە خۆ دەگرێت: ١ـ** باوەڕهێنان بە بوونیان. **٢ـ** باوەڕهێنان بە کەسانێکیان کە ناویان دەزانین وەك (جبریل).**٣ـ** بڕوابوون بەو سیفەتەیان کە دەیزانین وەك ئەوەی لە قەبارەدا گەورەن. **٤ـ** بڕوابوون بە تایبەتمەندێتی کاری هەندێکیان وەك (ملك الموت).

**١٤ قورئان چییە؟** وتەی خودایە، خوێندنەوەی عیبادەتە، لەوە هاتووە و بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە، خوای گەورە بە وشە و دەنگ گوزارشتی کردووە، جوبرەئیل لێی بیستووەو بە پێغەمبەری ﷺ گەیاندووە، هەموو کتێبە ئاسمانییەکان وتەی خودان.

**١٥ ئایا لەبەر قورئان واز لە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ بهێنین؟** نەخێر، چونکە خوای گەورە لە قورئاندا فەرمانی کردووە کە فەرموودە وەربگرینو کاری پێ بکەین ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟﴾ (الحشر:٩) واتە: ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بۆی هێناون بیکەن، وئەوەشی نەهیتان لێدەکات وازی لێ بهێنن. فەرموودە ڕاڤەی قورئان دەکات، زۆرێك لە وردەکاریی شەریعەت نازانرێت گەر فەرموودە نەبێت، وەك نوێژکردن، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « أَلا إِنِّي أُوتِيتُ الْكِتَابَ وَمِثْلَهُ مَعَهُ، أَلا يُوشِكُ رَجُلٌ شَبْعَانُ عَلَى أَرِيكَتِهِ يَقُولُ: عَلَيْكُمْ بِهَذَا الْقُرْآنِ، فَمَا وَجَدْتُمْ فِيهِ مِنْ حَلالٍ فَأَحِلُّوهُ، وَمَا وَجَدْتُمْ فِيهِ مِنْ حَرَامٍ فَحَرِّمُوهُ » (أبوداود) واتە: من قورئانم بۆ هاتووە وهەروەها ئەوەشی وەکو ئەوە ( کەمەبەست پێی فەرموودەیە) لەگەڵیدا بۆم هاتووە، ئەگەری ئەوە هەیە کابرایەکی ورگ تێر لەسەر قەنەفەکەی دانیشێت وبڵێت: تەنها قورئان وەرگرن، ئەوەی لەودا حەڵاڵە حەڵاڵی کەن، ئەوەشی لەودا حەرامە حەرامی بکەن .

**١٦ باوەڕهێنان بە پێغەمبەران واتای چییە؟** باوەڕهێنانی تەواو بەوەی کە خودا بۆ هەر ئومەتێك پێغەمبەرێکی ناردووە لە خۆیان، بانگیان دەکات بۆ پەرستنی خودای تاكو تەنها، هەروەها باوەڕ نەبوون بە غەیری خودا، باوەڕبوون بەوەی کە هەموویان ڕاستنو ڕاستگۆن، بڕواپێکراون، ڕێنیشاندەرن، بەڕێزن، پاکن، هیدایەتدراو هیدایەت دەرن، پەیامەکەیان گەیاندووە، باشترین خەڵکنو پارێزراون لەوەی هاوەڵ بۆ خودا پەیدا بکەن هەر لە منداڵییەوە تا مردن.

**١٧ جۆرەکانی شەفاعەت لەڕۆژی قیامەتدا چەندن؟** گەورەترینیان (الشفاعة العظمى)یە، واتە شەفاعەتە گەورەکە، ئەویش لە وەستانی ڕۆژی حەشردایە دوای ئەوەی خەڵك پەنجا ساڵ چاوەڕوانی دەبن دادگایی بکرێن، پێغەمبەر موحەممەد ﷺ شەفاعەت لای خودا

دەكاتو داوا دەكات دادگایی دەست پێ بكات، ئەوەش تایبەتە بە گەورەمان (موحەممەد) ﷺ، ئەوەش (مَقام المحمود)ە كە پەیمانی پێ دراوە بیدرێتێ.

**دووەم:** شەفاعەت كردن بۆ كردنەوەی دەرگای بەهەشت، یەكەم كەسیش دەرگای بەهەشتی بۆ دەكرێتەوە پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺ و یەكەم ئوممەتیش كە دەچنە بەهەشتەوە ئوممەتی ئەوە.

**سێیەم:** شەفاعەت بۆ كەسانێك كە فەرمانی ناردنیان بۆ دۆزەخ دەركراوەو بە هۆی شەفاعەتەوە ناچنە دۆزەخەوە.

**چوارەم:** شەفاعەت بۆ كەسانێكی موسڵمانی گوناهبار كە لە دۆزەخدان دەربكرێن لێی.

**پێنجەم:** شەفاعەت بۆ بەرزكردنەوەی پلەی بەهەشتییەكان، ئەم سیانەی دوایی تایبەت نییە بە پێغەمبەر موحەممەد ﷺ، بەڵكو بۆ پێغەمبەرانی تر و شەهیدو پیاوچاكانیشە، بەڵام هەر لەوان لەپێشترە.

**شەشەم:** شەفاعەت بۆ كەسانێك بەبێ لێپرسینەوە بچنە بەهەشتەوە.

**حەوتەم:** شەفاعەت بۆ كەمكردنەوەی سزای سەر كافران كە تایبەتە بە پێغەمبەر موحەممەد ﷺ وەك شەفاعەت بۆ مامی خۆی ئەبوتالیب.

دوای ئەمانە خوای گەورە بە رەحمی خۆی كەسانێكی زۆر كە لە ژمارە نایەنو لەسەر یەكتاپەرستی مردوون و گوناهبارن و لە دۆزەخدان دەریان دەهێنێ و دەیانخاتە بەهەشتەوە.

**١٨ ئایا رەوایە داوای یارمەتی وشەفاعەت لە زیندووان بكەین؟** بەڵێ، شەرعیش هانی خەڵكیی دەدات یارمەتی یەكتری بدەن، خودا دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰ﴾ (المائدة:٢) ، واتە: هاریكاری یەكتر بن لە چاكەو پارێزكارییدا، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: «وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ » (مسلم)، واتە: خوای گەورە یارمەتیدەری بەندە دەبێت هەتاوەكو بەندە لەیارمەتی براكەیدا بێت، شەفاعەتیش بە واتای كەوتنە بەینەوەیە، واتە هەوڵی بەجێهێنانی كارێك بۆ یەكێكی تر كە لە توانایدا نییە، خوای گەورە دەفەرموێت: (مَّن يَشْفَعْ شَفَاعَةً حَسَنَةً يَكُن لَّهُ نَصِيبٌ مِّنْهَا) واتە: هەركەس شەفاعەتێكی باش بكات بەشێكی پاداشتی بەردەكەوێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « اشْفَعُوا تُؤْجَرُوا » (بخاری)، واتە: شەفاعەت بكەن پاداشت وەردەگرن.

**شەفاعەت كردنیش چەند مەرجێكی هەیە:**

١ـ داواكردنی شەفاعەت دەبێت لە كەسێكی زیندوو بێت، چونكە مردوو داوای زیندووی گوێ لێ نییە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِن تَدۡعُوهُمۡ لَا يَسۡمَعُواْ دُعَآءَكُمۡ وَلَوۡ سَمِعُواْ مَا ٱسۡتَجَابُواْ لَكُمۡ﴾ (الفاطر:١٤). واتە: (گەر داوایان لە مردووان) لێ بكەن گوێیان لێتان نییە، ئەگەر گوێیان لێتان بێت داواكانتان ـ ناتوانن ـ جێبەجێ بكەن، ئەی چۆن داوا لە مردوو دەكرێت لە كاتێكدا ئەو خۆی پێویستی بە دوعای زیندووانە، چونكە كردەوەی تەواو بووەو تەنها تووشی خێر دەبێت لە رێگای دوعاو چاكەی ترەوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « إذَا مَاتَ ابْنُ آدَمَ انْقَطَعَ عَمَلُهُ إلا مِنْ ثَلاثٍ صَدَقَةٌ جَارِيَةٌ أَوْ عِلْمٌ يُنْتَفَعُ بِهِ أَوْ وَلَدٌ صَالِحٌ يَدْعُو لَهُ »(مسلم) واتە: كە مرۆڤ مرد كردەوەو چاكەی نامێنێت لە سێ شت نەبێت: خێرێكی بەردەوام، زانستێك سوودی پێ بگەیەنێت، یان كورێكی ساڵح دوعای بۆ بكات.

٢ـ به شێوەیەك بێت وتەكانی دیاری بێتو لێی تێ بگەیت. ٣ـ داوالێكراو حازر بێت. ٤ـ له توانایدا بێت. ٥ـ داوای شتی دونیا بێت. ٦ـ شتێكی ڕەوا بێتو زیانی نەبێت.

**١٩ جۆرەكانی (تَوَسُل) چین؟** یەكەم: ڕەوایەو جائیزە كە سێ جۆرن: ١ـ (تَوَسُل) بەناو سیفەتەكانی خودا بۆ لای خودا.٢ـ (تَوَسُل) بۆ لای خودا به كردەوەی چاكە، وەك بەسەرهاتی سێ كەسی ئەشكەوتەكە.٣ـ (تَوَسُل) بۆ لای خودا به دوعای موسڵمانی چاكی زیندوو كه گومان وایه دوعای گیرابێت.

**دووەم: جائیز نییه و حەرامە، كه دوو جۆرە:** ١ـ داوا كردن له خودا به جاهی پێغەمبەر ﷺ یان پیاوچاك وەك بڵێی: خودایه داوات لێدەكەم به جاهی پێغەمبەر ﷺ یان به جاهی حوسەین بۆ نموونە، ڕاستە جاهو حورمەتی پێغەمبەر ﷺ لای خوای گەورە زۆر گەورەیە، بەڵام هاوەڵان كه زۆر سوورن لەسەر چاكە كاتێك بێ بارانییان تووش بوو دوعایان نەكرد بەجاهی پێغەمبەر ﷺ ئەگەرچی قەبرەكەی لەناویاندا بوو، بەڵام داوایان كرد له عەبباسی مامی پێغەمبەر ﷺ كه دوعایان بۆ بكات. ٢ـ داواكردنی شت له خوای گەورە به سوێند خواردن به پیاوچاكان وەك بڵێی: داوات لێ دەكەم خوایه به فلان كەس یان به حەقی فلان كەس، ئەمە ڕەوا نییه، چونكە سوێند خواردنە به غەیری خودا كه جائیز نییەو داواكردنە به هەقی بەندەیەك كه ئەو بەندە هیچ هەقێكی نیه لەسەر خودا، چونكە تەنها به هۆی ئەوەوە كه بەندەیەك عیبادەتی خودا دەكات نابێتە خاوەن هەق لەسەر خوا.

**٢٠ واتای باوەڕهێنان به ڕۆژی دوایی چییه؟** باوەڕی تەواو بەوەی كه ڕوو دەدات ئەمەش زۆر شت له خۆ دەگرێت وەك باوەڕبوون به مردن و سزای قەبرو نیعمەتی قەبر، نەفخی صور، وەستانی ڕۆژی قیامەت، بڵاوكردنەوەی نامەی كردەوەكان، دانانی تەرازوو، پردی سیرات، حەوز، شەفاعەت، دواتریش بۆ بەهەشت و دۆزەخ.

**٢١ نیشانە گەورەكانی هەڵسانی قیامەت چییه؟** پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «إِنَّهَا لَنْ تَقُومَ حَتَّى تَرَوْنَ قَبْلَهَا عَشَرَ آيَاتٍ فَذَكَرَ الدُّخَانَ وَالدَّجَّالَ وَالدَّابَّةَ وَطُلُوعَ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا وَنُزُولَ عِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ﷺ وَيَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ وَثَلَاثَةَ خُسُوفٍ خَسْفٌ بِالْمَشْرِقِ وَخَسْفٌ بِالْمَغْرِبِ وَخَسْفٌ بِجَزِيرَةِ الْعَرَبِ وَآخِرُ ذَلِكَ نَارٌ تَخْرُجُ مِنَ الْيَمَنِ تَطْرُدُ النَّاسَ إِلَى مَحْشَرِهِمْ »(مسلم) واته: قیامەت نایەت هەتا (دە) نیشانە له پێشدا نەبینن: دووكەڵ، دەجال، (الدابة) حەیوانەكە، هەڵهاتنی خۆر له خۆرئاواوە، دابەزینی عیسای كوڕی مەریەم، یەئجوجو مەئجوج، سێ ڕۆچوون: ڕۆچوونێك له ڕۆژهەڵات، یەكێك له ڕۆژئاواو یەكێك له دورگەی عەرەبی، دواهەمینیان ئاگرێكە له یەمەن خەڵكیی ڕاودەنێت بۆ شوێنی حەشر.

**٢٢ گەورەترین فیتنە وبەلا چییه كه بەسەر خەڵكیی دێت؟** پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «مَا بَيْنَ خَلْقِ آدَمَ إِلَى قِيَامِ السَّاعَةِ أَمْرٌ أَكْبَرُ مِنَ الدَّجَّالِ »(مسلم) واته: له ئادەم تا قیامەت له فیتنەی دەجال گەورەترو خراپتر نییه.

دەجال ئادەمیه له ئاخر زەماندا دێتو لەنێو چاوانی نووسراوە (ك ف ر) هەموو موسڵمانێك دەیخوێنێتەوە، چاوێكی كوێرە ـ لای ڕاستی ـ وەك ترێ هەڵتۆقیوە، له سەرەتادا وەك پیاوچاك خۆی نیشان دەدات، دواتر ئیدیعای پێغەمبەرایەتی و دواتر خوایەتی دەكات.

بانگی خەڵکی دەکات بۆ باوەڕهێنان پێی، دوای ئەوەی بە درۆی دەخەنەوە ئەویش دەڕواتو پارە وماڵیان دوای دەجال دەکەوێتو بەبێ سامان دەمێننەوە، دواتر دەچێت بۆ لای قەومێکی ترو بانگیان دەکاتو باوەڕی پێدەهێننو ئەویش فەرمان بە ئاسمان دەکات باران دەبارێتو فەرمان بە زەوی دەکات گیا دەڕوێنێت، کاتێك دێت ئاوو ئاگری لەگەڵدایەو ئاوەکەی ئاگرەو ئاگرەکەی ئاوێکی ساردە، جا لە سەر هەموو موسڵمانێك پێویستە پەنا بگرێت بە خودا لە دوای هەموو نوێژێك ـ دوعایەکی سوننەت هەیە کە لە دوای تەحیات دەخوێنرێت لەبارەیەوە ـ هەروەها سەرەتای سورەتی (الكهف) بخوێنێت هەرکات بینیو لە زەمانی ئەودا بوو، هەروەها هەوڵی خۆلادان بدات بۆ ئەوەی لە فیتنەی بەدوور بێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « مَنْ سَمِعَ بِالدَّجَّالِ فَلْيَنْأَ عَنْهُ، فَوَ اللَّهِ إِنَّ الرَّجُلَ لَيَأْتِيهِ وَهُوَ يَحْسِبُ أَنَّهُ مُؤْمِنٌ فَيَتَّبِعُهُ مِمَّا يَبْعَثُ بِهِ مِنْ الشُّبُهَاتِ »(أبوداود) واتە: هەرکەس باسی هاتنی دەجالی بیست با خۆی لێ لادات، سوێند بە خوا کەسانێك دەچن بۆ لای ـ ڕەنگە بۆ شەڕکردن بێت ـ وا دەزانن ئیماندارن، بەڵام شوێنی دەکەون بە هۆی ئەو هەموو دوودڵیانەو شوبهانەی کە هەیەتی.

(چل) ڕۆژ لەسەر زەوییدا دەمێنێتەوە، ڕۆژی یەکەمی بە ساڵێك، دووەمی بە مانگێك، سێیەمی هەفتەیەکەو ڕۆژەکانی تری وەك ڕۆژی ئاسایی وان، هەموو شارو جێگایەکیش دەگەڕێت جگە لە مەککەو مەدینە نەبێت، دوای ئەوە عیسا دادەبەزێتو دەیکوژێت.

**٢٣ ئایا بەهەشت ودۆزەخ ئێستا هەن؟** بەڵێ، خوای گەورە دروستی کردوون پێش دروستی کردنی مرۆڤ، لەناویش ناچن و دەمێنێن، خوای گەورە هەندێك خەڵکی دروست کردووە بۆ بەهەشت بە ڕەحمی خۆیو هەندێکیشی دروست کردووە بۆ دۆزەخ بە دادوەری خۆی، هەموانیش ئاسانکاریی بۆ دەکرێن بۆ ئەوەی بۆی دروستکراوە.

**٢٤ باوەڕبوون بە قەدەر واتای چییە؟** باوەڕی تەواو بەوەی کە هەموو خێرو خراپەیەك تەنها بە ویستی خودا ڕوو دەدات، ئەوەی خودا بیەوێت دەیکات، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « لَوْ أَنَّ اللَّهَ عَذَّبَ أَهْلَ سَمَاوَاتِهِ وَأَهْلَ أَرْضِهِ عَذَّبَهُمْ وَهُوَ غَيْرُ ظَالِمٍ لَهُمْ، وَلَوْ رَحِمَهُمْ كَانَتْ رَحْمَتُهُ خَيْرًا لَهُمْ مِنْ أَعْمَالِهِمْ، وَلَوْ أَنْفَقْتَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا فِي سَبِيلِ اللَّهِ مَا قَبِلَهُ اللَّهُ مِنْكَ حَتَّى تُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ وَتَعْلَمَ أَنَّ مَا أَصَابَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ، وَأَنَّ مَا أَخْطَأَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَكَ وَلَوْ مُتَّ عَلَى غَيْرِ هَذَا لَدَخَلْتَ النَّارَ »(أحمد وأبوداود) واتە: ئەگەر خودا ئەشکەنجەی هەموو خەڵکی ئاسمانەکان و زەوی بدات دەتوانێت بەبێ ئەوەی ستەمی لێ کردبێت، ئەگەر بەزەیی پێیاندا بێتەوە، چاکتر بۆیان لە کردەوەکانی خۆیان، ئەگەر بە قەد شاخی ئوحود ئاڵتون بدەیت لە ڕێی خوادا، لێی وەرناگرێت هەتا باوەڕ بە قەدەر نەهێنێتو بزانێت ئەوەی کە تووشی بووە هەر تووشت دەبوو ئەوەشی تووشت نەبووە قەت تووشت نەدەبوو، ئەگەر باوەڕت بەمە نەبێت کاتێك دەمریت دەچیتە ناو ئاگرەوە.

**باوەڕهێنان بە قەدەر چوار شت دەگرێتەوە: ١ـ** باوەڕبوون بەوەی کە خوای گەورە وردو درشتی هەموو شتێکی زانیوە. **٢ـ** باوەڕبوون بەوەی کە خوای گەورە نوسیویەتی لە (لوح المفوظ)دا، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « كَتَبَ اللَّهُ مَقَادِيرَ الْخَلَائِقِ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِخَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ »(مسلم) واتە: خوای گەورە ئەندازی دروستکراوەکانی نووسیوە لە (لوح المحفوظ)دا (٥٠) ساڵ پێش دروستکردنی زەویو ئاسمانەکان. **٣ـ** ویستی خوای گەورە

دێته دی و هیچ شتێك توانای گەڕاندنەوەی نییە، ئەوەی بیەوێت دەبێتو ئەوەی نەیەوێت نابێت. ٤- تەنها خودا هەموو شتەکانی دروست کردووەو غەیری خۆی دروستکراوی ئەوە.

**٢٥ ئایا خەڵك تواناو ئیرادەی راستەقینەیان هەیە؟** بەڵێ خەڵکی ویستو ئیرادەو توانای هەڵبژاردنیان هەیە، بەڵام ئەمانەش لە ویستی خودا دەرناچن، خودا دەفەرموێت: ﴿وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ﴾ (التكوير:٢٩) و پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: «اعْمَلُوا فَكُلٌّ مُيَسَّرٌ لِمَا خُلِقَ لَهُ»(متفق عليه) واتە: کردەوە بکەن، هەرکەس یارمەتی دەدرێت بۆ ئەوەی کە بۆی دروست کراوە. خوای گەورەش عەقڵو چاوو گوێی پێ بەخشیوین بۆ ئەوەی چاكو خراپ جیا بکەینەوە، ئایا هیچ کەسێکی عاقڵ هەیە دزیی بکاتو بڵێ لە قەدەردا خوا لەسەری نووسیووم؟ ئەگەر واش بڵێت خەڵك پاساوی دزیی نازانن سزا دەدرێتو پێی دەڵێن: خوای گەورە سزاشی لەسەر نوسیوی، قەدەرکردن بە پاساوی خراپە جائیز نییەو بەدرۆخستنەوەی قورئانە، خودا دەفەرموێت: ﴿سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلَا آبَاؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَيْءٍ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ (الانعام:١٤٨) واتە: ئەوانەی کە هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن دەڵێن ئەگەر خودا ویستی لەسەر بوایە ئێمە هاوەڵمان بۆ دانەدەنا، هەروەها باب و باپیرانیشمان هاوەڵی دانەدەنا بۆ خودا...بەو شێوەیە ئەوانەی پێش ئەوانیش پێغەمبەرانیان بەدرۆخستەوە.

**٢٦ ئیحسان چییە؟** پێغەمبەر ﷺ لە وەڵامی ئەوەی لێیان پرسی ئیحسان چییە؟ فەرمووی: « أَنْ تَعبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنَّكَ إِنْ لا تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ »(مسلم) واتە: (خودا بپەرستی وەك ئەوەی کە دەیبینی، ئەگەر نەیبینی ئەو تۆ دەبینێت).

**٢٧ بەشەکانی یەکخوا پەرستی چەندن؟** بەشەکانی یەکخواپەرستی سێ بەشن:
١- یەکخواپەرستی لە پەروەردگارێتیدا ئەوەش باوەڕ بەوەی تەنها خودا دروستکەرو رۆزیدەرو مرێنەرو ژێنەرەو .. هتد، ئەم جۆرە کافرەکان پێش هاتنی پێغەمبەر ﷺ باوەڕیان پێی هەبوو. ٢- یەکخواپەرستی لەپەرستراوێتیدا: پەرستنی تەنها خوداو نوێژو رۆژوو و نەزر و خێر تەنها بۆ ئەو بێت....هتد، بۆ بەدیهێنانی ئەم خاڵە پێغەمبەران وکتێبەکانی نێردراون.٣- یەکخواپەرستی لەناو سیفەتەکانی خوادا: ئەوەش باوەڕبوونە بەوەی کە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی لەناو سیفات دیارییان کردووە بۆ خودا بەبێ گۆڕینی دەقەکانی و وازهێنان لە باوەڕبوون پێی، یان شوبهاندن لە سیفەتەکانیدا.

**٢٨ وەلیی کێیە؟** باوەڕداری چاکی بە تەقوایە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ﴾ (یونس:٦٢-٦٣) واتە: ئاگادار وهۆشیاربن کەدۆستەکانی خودا لەدوارۆژدا هیچ ترس وبیمێکیان لەسەر نیە ودڵ زویر وخەفەتباریش نابن، ئەوانە ئەو کەسانەن کە باوەڕی تەواویان هێناوە وخۆشیان دەپارێزن ( لەقەدەغەکراوەکانی خودا)، وەپێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « إِنَّمَا وَلِيِّيَ اللَّهُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ» (متفق عليه) واتە: (لایەنگرو پشتگیریی من خوای گەورەیەو پیاوچاکانی باوەڕدارانە).

**٢٩ چی لەسەر ئێمە پێویستە بەرامبەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ؟** ئەوەی لە سەرمانە خۆشمان بوێنو داوای ئەوە بکەین خودا لێیان رەزای بێت بە وتنی - رضي الله عنه - وتەو دەرونمان پاك بێت

بەرامبەریان، باسکردنی چاکەکانیان، باس نەکردنی ئەو فیتنانەی لە نێوان خۆیاندا روویداوە، قابیلی هەڵە بوون، بەڵام هەوڵیانداوە هەق بپێکن، ئەوانەی هەقیان پێکاوە دوو پاداشتیان هەبو ئەوانەی نەیان پێکاوە یەك پاداشتو هەڵەکەی خوا لێی خۆش دەبێت، ئەوەندە چاکەیان هەیە کە هەڵەکانیان بتوێنێتەوە، ئەوانیش چاکو چاکتریان هەیە، باشترینیان دە کەسەکەیە بەم شێوەیە ریز بوون: (ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، عەلی، تەڵحە، زوبێر، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص، سەعیدی کوڕی زەید، دوایی ئەبو عوبەیدەی جەڕڕاح، دوایی کۆچەریەکان ـ موهاجرین ـ بە گشتی، دوایی ئەوانەی بەشداری بەدریان کرد لە موهاجرینو ئەنسار دوایی ئەنسار، دوایی هاوەڵانی تر)، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « لا تَسُبُّوا أَصْحَابِي فَوَالذِي نَفسِيْ بِيَدِه لَوْ أن أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا أَدْرَكَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلا نَصِيْفَهُ »(متفق عليه) واتە: جوێن بە هاوەڵانم مەدەن، سوێند بە خوا ئەگەر یەکێ لە ئێوە بەقەد ئوحود ئاڵتون ببەخشێ بەقەد مشتێکی ئەوان، بەڵکو نیو مشتی ئەوان خێری ناگات، هەروەها دەفەرموێت:«مَنْ سَـبَّ أَصْحَابِي فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللهِ وَالْمَلائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِيْنَ »(الطبراني) واتە: هەرکەس جوێنی پێ دا بە هاوەڵانم نەفرەتی خوداو فریشتەکان و خەڵکی لێ بێت.

**٣٠ ئایا زیادەڕۆیی بکەین لە پیاهەڵدانی پێغەمبەر ﷺ لەو ئەندازەیە زیاتر کە خوا پێی بەخشیووە؟** گومانی تێدا نییە کە پێغەمبەر ﷺ بەڕێزترینو باشترین کەسە لە دونیادا، بەڵام ناتوانین زیادەڕۆیی بکەین لە وەسف کردنو پیاهەڵدانییدا وەك گاورەکان کردیان لە وەسفی پێغەمبەر عیسادا سەلامی خوای لێبێت، چونکە نەهی کردووە لەو کارە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « لا تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصارَى ابْنَ مَرْيَم فَإنَّمَا أَنَا عَبْدُهُ، فَقُولُوا : عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ »(بخاري) واتە: زیاد مەڕۆن لە وەسف کردنی مندا وەك گاورەکان کردیان دەربارەی عیسای کوڕی مەریەم، من بەندەی خوام ئێوەش بڵێن: بەندەو پێغەمبەری خودا .

**٣١ ئایا ئەهلی کیتاب ئیماندارن؟** گاورو جولەکەو شوێنکەوتوانی ئاینەکانی تر بێباوەڕن هەتا ئەگەر شوێن ئاینێك بکەون کە لە بنەڕەتدا راست بووە، هەرکەس واز لە ئاینەکەی خۆی نەهێنێت دوای هاتنی پێغەمبەر موحەممەد ﷺ و موسڵمان نەبێت، بێباوەڕە ﴿ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴾ (آل عمران: ٨٥) واتە: خوای گەورە جگە لە ئیسلام ئاینێکی تر لە کەس قەبوڵ ناکات، ئەگەر موسڵمان باوەڕی وانەبوو کە بێباوەڕن یان شکی هەبوو لەوەی ئایا ئەو دینەی ـ ئێستا ـ لەسەرینی بەتاڵە ئەوا لە ئیسلام دەردەچێت، چونکە رازیی نەبووە بەوەی کە خوداو پێغەمبەرەکەی بە بێباوەڕی داناون، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ مِنَ ٱلۡأَحۡزَابِ فَٱلنَّارُ مَوۡعِدُهُۥ﴾ (هود:١٧) واتە: هەرکەس باوەڕی پێ نەهێنا لەگروپەکان دەچێتە ئاگرەوە. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: "والذي نفس مُحَمَّد بِيَدِه لا يَسمَعُ بي أَحَدٌ مِن هذه الأُمَّة ولا يَهودي ولا نَصراني ثُمَّ يَموتُ ولم يُؤمن بي إلا كانَ مِن أَصحابِ النار"(مسلم) واتە: سوێند بەوەی نەفسی منی بەدەستە هەرکەسێك هاتنی من ببیستێت لەم ئوممەتەو جولەکەو گاورو باوەڕم پێنەهێنێت دەبێتە خەڵکی دۆزەخ.

**٣٢ ئـایا دروستـە ستـەم لـەبێبـاوەڕ بکرێت؟** دادگەری واجبە﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ ﴾ (النحل:٩٠) واتە: خوای گەورە فەرمان بە دادگەریو چاکەکردن دەکات. ستەمکردنیش حەرامە، لە فەرموودەی قودسیدا خوای گەورە دەفەرموێت: « إِنِّي حَرَّمْتُ

الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا فَلا تَظَالَمُوا » (مسلم) واتە: ستەمکردنم لەسەر خۆم حەرام کردووە و لە نێوان ئێوەشدا حەرامم کردووە، کەوابوو ستەم لە یەکتری مەکەن. ئەو کەسەی ستەمی لێدەکرێت هەقی خۆی وەردەگرێتەوە لە ستەمکار لە ڕۆژی دوایی، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « أَتَدْرُونَ مَنِ الْمُفْلِسُ » قَالُوا : الْمُفْلِسُ فِينَا مَنْ لاَ دِرْهَمَ لَهُ وَلاَ مَتَاعَ، فَقَالَ: «إِنَّ الْمُفْلِسَ مِنْ أُمَّتِي يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصَلاَةٍ وَصِيَامٍ وَزَكَاةٍ وَيَأْتِي قَدْ شَتَمَ هَذَا وَقَذَفَ هَذَا وَأَكَلَ مَالَ هَذَا وَسَفَكَ دَمَ هَذَا وَضَرَبَ هَذَا فَيُعْطَى هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ وَهَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ فَإِنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُهُ قَبْلَ أَنْ يُقْضَى مَا عَلَيْهِ أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ » (مسلم)، واتە: ئایا دەزانن موفلیس کێیە؟ وتیان: لەناو ئێمەدا موفلیس کەسێکی بێ پارەو شتومەکە، فەرمووی: موفلیسی ئوممەتی من ئەو کەسەیە لە ڕۆژی قیامەتدا نوێژو ڕۆژوو و زەکاتی پێیە، بەڵام جوێنی بەو داوە بوختانی بۆ ئەو کردووەوماڵی ئەمی خواردووە، ماڵی ئەوی خواردووەو ئەوی کوشتووەو لە یەکێ تری داوە، جا چاکەکانی بەسەر خاوەن هەقەکاندا دابەش دەکرێتو کاتێك چاکەی نەما پێش ئەوەی قەرزەکانی بداتەوە، لە گوناهی ئەوان دەخرێتە سەر ئەم، فڕێ دەدرێتە ئاگرەوە تۆڵە سەندنەوە لەناو ئاژەڵانیشدا هەیە.

**٣٣ بیدعە چییە؟** ئیبن ڕەجەب دەڵێت: ئەوەی لە دیندا دروست کراوە و زیادکراوەو هیچ بنەمایەکی نییە لە دیندا، بەڵام ئەگەر بنەمایەکی هەبێت بە بیدعە دانانرێت ئەگەرچی بە گوێرەی زمانەوانی بە بیدعە لەقەڵەم بدرێت.

**٣٤ ئایا بیدعەی حەسەنە لە ئایندا هەیە؟** قورئان فەرمووده زەمی بیدعە دەکەن بە مەفهومە شەرعییەکەی کە هەر شتێك لە ئایندا داب‌هێنرێت و بنەمایەکی لە ئایندا نییە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « وَمَنْ عَمِلَ عَمَلا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ » (متفق علیه) واتە: هەرکەس عیبادەتێکی کردو فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبوو وەرناگیرێت، هەروەها دەفەرموێت: « فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ » (ابوداود) واتە: هەموو داهێنراوێك بیدعەیەو هەموو بیدعەیەك گومڕاییە.

**ئیمامی مالیك لە واتای بیدعەدا دەڵێت:** هەرکەس لە دیندا داهێنراوێك دروست بکاتو پێی باش بێت ئەوا پێی وایە پێغەمبەر ﷺ خیانەتی کردووە لە گەیاندنی پەیامەکەی، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي ﴾ (المائدة:٣) واتە: ئەمڕۆ ئاینەکەی ئێوەم تەواو کردو نیعمەتی تەواوم پێبەخشین.

هەندێك فەرموودە هەن بە باشە باسی بیدعە دەکەن، بەڵام تەنها بە واتا زمانەوانییەکەی، ئەویش ئەو شتانەیە کە لە دیندا خۆیان هەن، بەڵام لەبیر کراونو پێغەمبەر ﷺ هانی خەڵکی داوە بە بیرهێنانەوەی و زیندووکردنەوەی وەك دەفەرموێت: : « مَنْ سَنَّ فِي الإِسْلامِ سُنَّةً حَسَنَةً فَلَهُ أَجْرُهَا وَأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا بَعْدَهُ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ » (مسلم) واتە: هەرکەس لە ئیسلامدا شتێکی باش داب‌هێنێت ئەوە پاداشت وەردەگرێتو پاداشت لە بەرامبەر کارپێکردنیدا لە لایەن خەڵکییەوە وەردەگرێت بەبێ ئەوەی لە پاداشتی هیچ لایەك کەم بێتەوە. هەر بەم واتایە کە خەلیفە عومەر لە بارەی تەراویحەوە دەڵێت: باشترین بیدعەیە، چونکە نوێژی تەراویح بە جەماعەت پێشتر دانرابوو، پێغەمبەر ﷺ هانی خەڵکی

دابوو بۆ کردنیو خۆشی سێ شەو بە جەماعەت کردیو دوایی وازی لێ هێنا لە ترسی ئەوەی فەرز بکرێت، دواتر خەلیفە عومەر خەڵکی کۆکردەوەو کردی بە سوننەت.

**٣٥ جۆرەکانی دووڕوویی چەندن؟** دوو جۆر: **١ـ** لەبیروباوەڕدا ( گەورە ): ئەوەش بەجۆرێکە کە بەئاشکرا خۆی بەموسڵمان نیشان بدات ولەناخەوە بێ بڕوا بێت، ئەمەش خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات، ئەگەر هەرکەس بەو شێوەیە بمرێت بە بێباوەڕی دەمرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ فِي ٱلدَّرۡكِ ٱلۡأَسۡفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ﴾ (النساء :١٤٥) واتە: دووڕووەکان لە چینی ژێرەوەی دۆزەخن.

**لەسیفەتەکانی دووڕووەکان:** دەیانەوێت خوای گەورە وئیمانداران بخەڵەتێنن، گاڵتە بەئیمانداران دەکەن، پشتگیریی بێباوەڕ دەکەن دژی موسڵمانان، چاکەکانی خۆیان بۆ بەرژەوەندیی دنیاییە.

**٢ـ** دووڕوویی لە کردەوەدا ( بچووک ): کە خاوەنەکەی باوەڕدارە، بەڵام ترسی ئەوەی لێ دەکرێت سەربکێشێت بۆ دووڕوویی گەورە، ئەگەر خاوەنەکەی تەوبە نەکات، خاوەنی ئەم جۆرەش چەند سیفەتێکی هەیە: درۆزنە، پەیمان شکێنە، زیادەڕەوی لەدووبەرەکیدا دەکات، پەیمان ناباتە سەر، خیانەت لە ئەمانەت دەکات، هەر بۆیە هاوەڵان ترسیان هەبوو لە دووڕوویەکی کردەیی، ئیبنو مولەیکە دەڵێ: ( ٣٠ ، سی ) هاوەڵی پێغەمبەرم ﷺ بینی کە هەموویان لە دووڕوویی لە نەفسی خۆیاندا دەترسان.

ئیبراهیمی تەیمی دەڵێت: هەرکات وتەکانم بەراورد دەکەم لەگەڵ کردەوەکانم ترسی دووڕوویی دەکەوێتە دڵم. حەسەنی بەسری دەڵێت: هەرکەس لە دووڕوویی بترسێت ئیمانداره و هەرکەس لێی بێ خەم بێت دووڕووە. ئیمامی عومەر لەحوزەیفەی پرسی (خوایان لێ ڕازی بێت): سوێندت دەدەم بە خوا ئایا پێغەمبەر ﷺ ناوی منی پێ نەوتی لە ناو ناوی دووڕووەکاندا؟ وتی: نەخێر، دوای تۆش ئەمە بە کەس ناڵێم.

**٣٦ گەورەترین گوناهـ چییە؟** هاوەڵ پەیداکردنە بۆ خودا، خودا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ﴾ (لقمان:١٣) واتە: هاوەڵ پەیداکردن ستەمێکی گەورەیە، کاتێك پێغەمبەر ﷺ لێیان پرسی چ تاوانێك زۆر گەورەیە؟ فەرمووی: ئەوەیە کەهاوشێوەیەك بۆ خودا دابنێیت کە ئەو تۆی دروست کردووە. (متفق علیه).

**٣٧ جۆرەکانی (الشرك) هاوەڵ دانان چەندن؟** دوانن:

**١ـ** گەورە: کە خاوەنەکەی لە ئیسلام پێی دەردەچێتو خودا لێی خۆش نابێت ـ هەتا تەوبە نەکات ـ چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ﴾ (النساء:٤٨) واتە: خوای گەورە لەوە خۆش نابێت هاوەڵی بۆ دابنرێت، بەڵام جگە لەوە لە هەموو شت خۆش دەبێت، **ئەو جۆرەش چوار بەشی هەیە: أـ** هاوەڵدانان لە دوعاکردنو داواکردندا. **ب ـ** هاوەڵدانان لە نیەتدا، وەك ئەوەی چاکە بۆ غەیری خودا بکەیت. **ج ـ** هاوەڵدانان لە گوێڕایەڵیدا، وەك بەقسەکردنی زانایەك لەحەڵاڵ کردنی ئەوەی خودا حەرامی کردووە ولەحەرامکردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی کردووە. **د ـ** هاوەڵدانان لە خۆشەویستییدا، وەك ئەوەی کەسێکت بە قەدەر خودا خۆشبوێت.

٢ـ بچووك: ئەمەش خاوەنەكەی لە ئیسلام دەرناچێت كە دوو بەشە: **یەكەم:** ئاشكرا: كە لەوتندا ڕوو دەدات وەك: سوێندخواردن بە غەیری خودا یان بڵێی ئەگەر خوداو تۆ حەز بكەن، یان بڵێ : ئەگەر خودا وفلاَن كەس نەبونایە، یان لەكردەوەدا وەك: لە دەست كردنی ئەڵقەو پەت بۆ پاراستن ولادانی بەلاَ وناڕەحەتیەكان، یان نوشتەو ناڵ هەڵواسین لە ترسی چاوپیس، بە شووم زانینی گیانلەبەرانو باڵندەو شوێنو ناوو.. هتد. **دووەم:** شاراوە: وەك لە نیەتدا روو دەدات، نموونەی ڕیا كردن.

**٣٨ جیاوازی نێوان هاوەڵدانانی گەورەو بچووك چییە؟** جیاوازییەكانیان: هاوەڵدانانی گەورە خاوەنەكەی بە كافر لە قەڵەم دەدەرێت و لە قیامەتدا بە هەتا هەتایی لە ئاگردا دەمێنێتەوە، بەڵام هاوڵدانانی بچووك خاوەنەكی موسڵمانەو بە هەتا هەتایی لە ئاگردا نامێنێتەوە، هەروەها هاوەڵدانانی گەورە هەموو كردەوە چاكەكان بەتاڵ دەكاتەوە، بەڵام بچووك تەنها ئەو كردەوەی لەگەڵیدا بووە، بەڵام جیاڕایی هەیە لە بارەی ئەوەی ئایا هاوەڵدانانی بچووك بەبێ تەوبە لێی خۆش دەبێت وەك گوناهە گەورەكان یان تەنها بە تەوبە وەك هاوەڵ دانانی گەورە لێی خۆش دەبێت، لە هەردوو حاڵەتەكەدا شتەكە زۆر ترسناكە.

**٣٩ ئایا ڕێگا هەیە بۆخۆپاراستن لە هاوەڵدانانی بچووك، یان كەفارەتی هەیە دوای ڕوودانی؟** بەڵێ، خۆپاراستن لە ڕیا كردن ئەوەیە كە نیەتت بۆ خودا بێت، بۆ شتێكی كەمیشی بە دوعا كردن، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا هَذَا الشِّرْكَ ، فَإِنَّهُ أَخْفَى مِنْ دَبِيبِ النَّمْلِ. فَقِيلَ لَهُ: وَكَيْفَ نَتَّقِيهِ وَهُوَ أَخْفَى مِنْ دَبِيبِ النَّمْلِ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: قُولُوا: اللَّهُمَّ إِنَّا نَعُوذُ بِكَ مِنْ أَنْ نُشْرِكَ بِكَ شَيْئًا نَعْلَمُهُ وَنَسْتَغْفِرُكَ لِمَا لا نَعْلَمُ »، (أحمد) واتە: هاوەڵدانانی بچووك ـ ڕیا ـ خۆتانی لێ بپارێزن، هەرچەندە لە تەپەی پێی مێرووله شاراوەترە، وتیان: ئەی چۆن خۆمانی لێ بپارێزین كە ئەوەندە شاراوەیە ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ؟ فەرمووی: "بڵێن: خودایە ئێمە پەنا دەگرین بە تۆ كە هاوەڵت بۆ پەیدا بكەین بە ئاگایی خۆمان، داوای لێخۆشبوونت لێدەكەین لەوەی كە ئاگادار نین، بەڵام بۆ كەفارەتی سوێند خواردن بە غەیری خودا، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : « مَنْ حَلَفَ بِاللَّاتِ وَالْعُزَّى فَلْيَقُلْ: لا إِلَهَ إِلا اللهُ » (متفق عليه) واتە: هەركەس سوێندی بە لاتو عوزا خوارد با بڵێت: (لا اله الا الله) هەروەها بۆ كەفارەتی بەشووم زانین، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « مَنْ رَدَّتْهُ الطِّيَرَةُ مِنْ حَاجَةٍ فَقَدْ أَشْرَكَ». قَالُوا: فَمَا كَفَّارَةُ ذَلِكَ ؟ قَالَ: «أَنْ تَقُولَ: اللَّهُمَّ لا خَيْرَ إِلا خَيْرُكَ، وَلا طَيْرَ إِلا طَيْرُكَ، وَلا إِلَهَ غَيْرُكَ » (أحمد). واتە: هەركەس بە هۆی بەشووم زانینی شتێكەوە وازی لە كارەكەی خۆی هێنا ئەوە هاوەڵی بۆ خودا پەیدا كردووە، وتیان: ئەی كەفارەتەكەی چییە؟ فەرموی: كەفارەتەكەی ئەوەیە بڵێت: خودایە هیچ خێرێك نییە جگە لە هی تۆ، هیچ خراپەیەك نییە جگە لەوەی تۆ قەراری بدەیت، هەروەها هیچ خودایەك نییە جگە لە تۆ.

**٤٠ جۆرەكانی بێباوەڕی چەندن؟** دوو جۆرە:

١ـ بێباوەڕی گەورە، لە ئیسلام خاوەنەكەی دەباتە دەرەوە كە پێنج جۆرە: أـ بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەران وكتێبەكانیان. ب ـ باوەڕنەكردن لەگەڵ ئەوەی لە دڵەوە بە راستی دەزانێت. ج ـ گومان هەبوون. دـ وەرنەگرتنی هەق. هـ ـ دووڕوویی.

٢ـ بێباوەڕی بچووك: ئەویش وەك گوناهە گەورەكانی وەك كوشتنی موسڵمان بە ناهەق، ئەم جۆرەش خاوەنەكی لە ئیسلام ناباتە دەرەوە.

**٤١ حوكمی نەزر چییە؟** پێغەمبەر ﷺ نەزری پێ باش نەبووە، دەفەرموێت: « إِنَّهُ لا يَأْتِي بِخَيْرٍ » (البخاري) واتە: هیچ خێرێكی بەدەست نایەت. ئەمە كاتێك نەزرەكە تەنها بۆ خودا بێت. جا ئەگەر نەزرەكە بۆ قەبرێك بوو، یان پیاوچاكێك ئەوە حەرامەو دروست نییە كەس ئەو نەزرە بباتە سەر.

**٤٢ حوكمی چوون بۆ لای فاڵچیو قاوەگرەوە چییە؟** حەرامە، ئەگەر چووە لایان بۆ ئەوەی سودمەند بێت، بەڵام باوەڕی پێ نەكردن ئەوا چل ڕۆژ نوێژی قەبوڵ ناكرێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلاةُ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً » (مسلم) واتە: هەركەس بچێتە لای فاڵچیو پرسیاری شتێكی لێ بكات چل ڕۆژ نوێژی لێوەرناگیرێت، بەڵام ئەگەر باوەڕی پێكردن بەوەی كە عیلمی غەیب دەزانن ئەوا بێباوەڕ دەبێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « مَنْ أَتَى عَرَّافًا أَوْ كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُول فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّد » (أبوداود) واتە: هەركەس چوو بۆ لای فاڵچیو قاوەگرەوەو باوەڕی پێ كردن بەوەی كە دەیڵێن، ئەوا بێباوەڕە بەوەی هاتۆتە خوارەوە بۆ موحەممەد ﷺ.

**٤٣ چ كاتێك داواكردنی باران لە ئەستێرەكان هاوەڵدانانی گەورە یان بچووكە؟** هەركەس بڕوای وابوو كە ئەستێرە بەبێ ویستی خوای گەورە كاریگەریی هەیەو بارانەكەی دایە پاڵ ئەستێرە وەك بڵێی بەبێ ویستی خوای گەورە ئەوە هاوەڵدانانی گەورەیە، بەڵام ئەگەر پێی وابوو ئەستێرە بە ویستی خوا كاریگەریی هەیە لەسەر بارانو خوای گەورە كردوویەتی بە هۆكاری باران بارین و لە كاتی دەركەوتنی فلان ئەستێرەدا باران دەبارێت، ئەوە هاوەڵدانانی بچووكە، چونكە ئەستێرەی كردووە بە هۆكار بەبێ بەڵگەیەكی شەرعی و ژیریی، بەڵام دانانی بە نیشانەی هاتنی وەرزەكان و نزیك بوونەوەی باران بارین جائیزە.

**٤٤ چ ئەركێك هەیە بەرامبەر كاربەدەستی موسڵمانان؟** واجبە گوێڕایەڵیان بینو بە قسەیان بكەین لە كاتی خۆشیو ناخۆشییدا، بەرەنگاربوونەوەشیان جائیز نییە ئەگەر ستەمیش بكەن، دوعایان لێ نەكەین، وازنەهێنین لە بە قسەكردنیان، دوعای باشبوونو لەش ساغیو هیدایەتیان بۆ بكەین، پێمان وابێت گوێڕایەڵییان بەشێكە لە گوێڕایەڵی خودای گەورە ئەگەر فەرمان بە خراپە نەكەن، گەر فەرمانیان بە خراپە كرد حەرامە بە قسەیان بكەین لەو فەرمانەدا، بەڵام لە فەرمانەكانی تردا واجبە بە قسەیان بكەین، هەرچەند لە تواناماندا هەبوو. **پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:** « تَسْمَعُ وَتُطِيعُ لِلأَمِيرِ وَإِنْ ضُرِبَ ظَهْرُكَ وَأُخِذَ مَالُكَ فَاسْمَعْ وَأَطِعْ» (مسلم)، واتە: گوێ دەگریت لە ئەمیرو فەرمانی بەجێ دەهێنیت هەتا ئەگەر پشتت بەر قامچی كەوتو ماڵت برا گوێڕایەڵ بەو فەرمان بەجێ بهێنە.

**٤٥ ئایا ڕەوایە پرسیار لە حیكمەتی خوا بكەین لە نەهی وفەرمانەكانیدا؟** بەڵێ بە مەرجێك باوەڕكردنو بەجێهێنانی فەرمانی لەسەر نەوەستابێت، بەڵكو تەنها بۆ زیاتر دڵنیا بوونو جێگیر بوون لەسەر هەق بێت، بەڵام ملكەچی تەواو و پرسیار نەكردن نیشانەی بەندایەتی ڕاستەقینە و باوەڕی تەواوە بە حیكمەتی خوای گەورە هەروەك هاوەڵان وابوون.

**٤٦ مەبەست لەم ئایەتە چییە** ﴿مَّآ أَصَابَكَ مِنۡ حَسَنَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٖ فَمِن نَّفۡسِكَۚ﴾ (النساء:٧٩)؟
واتای (حسنة) نیعمەتە، واتای (سیئة) بەڵاو ناخۆشییە و هەردووکیان هەر لای خوای گەورە بڕیاردراون، چاکەو نیعمەت دەدرێتە پاڵ خودا، چونکە داوێتی بە بەندەکەی، خوای گەورە خراپەشی لەبەر حیکمەتێك دروست کردووەو ئەو حیکمەتەش هەر چاکەیە، کەواتە کردەوەکانی خوای گەورە هەموو چاکن.
پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « وَالْخَيْرُ كُلُّهُ فِي يَدَيْكَ وَالشَّرُّ لَيْسَ إِلَيْكَ » (مسلم). واتە: خێر هەمووی لە نێوان هەردوو دەستی تۆدانو خراپەش لە تۆوە نییە، کردەوەکانی بەندە خودا دروستی کردوون، بەڵام لە هەمان کاتدا بەندەش دەیانکاتو لێی بەرپرسیارە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأَمَّا مَنۡ أَعۡطَىٰ وَٱتَّقَىٰ ٥ وَصَدَّقَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ ٦ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡيُسۡرَىٰ﴾ (الليل :٥-٧) واتە: هەرکەس خێر بکات وتەقوای خودا بکاتو باوەڕ بە ئیسلام بهێنێت، ئاسانکاریی بۆ دەکەین بۆ گرتنەبەری ڕێگای ڕاستو ئاسان.
**٤٧ ئایا دەبێت بڵێی فلانەکەس شەهیدە؟** دیاریکردنی کەسێك و ناونانی بە شەهید وەك حوکمدان وایە بەوەی کە دەچێتە بەهەشتەوە، ڕێڕەوی ئەهلی سوننەتیش وایە کە بە هیچ کەسێکی دیاریکراو نەڵێن بەهەشتییە یان جەهەننەمی، جگە لەوەی پێغەمبەر ﷺ فەرموبێتی کە ئەهلی بەهەشتە یان جەهەنەم، چونکە ڕاستیی شاراوەیەو ناتوانین بزانین کە مرۆڤــ لەسەرچی مردووەو کردەوەکانی پێش مردن حسێبن‌و نیەتیش تەنها خودا دەیزانێت، بەڵام هیواداری ئەوەین کە چاکەخواز بچێتە بەهەشتەوەو ترسی ئەوەمان هەیە خراپەکار بچێتە دۆزەخ.
**٤٨ ئایا دروستە بە موسڵمانێکی دیاریکراو بڵێی بێباوەڕە؟** دروست نییە حوکمدان بەسەر موسڵمانێکی دیاریکراودا بە بێباوەڕی و موشریك‌و دووڕوویی، ئەگەر بە ئاشکرا بەڵگەی ئەوانەی لەسەر نەبوو، ڕێگرەکانیشی تێدا نەبوو، شتە شاراوەکانیشی بۆ خودا واز لێدەهێنین.
**٤٩ ئایا دروستە بە دەوری غەیری کەعبەدا بسوڕێیتەوە؟** هیچ شوێنێك لەسەر زەویدا نییە کە جائیز بێت بەدەوریدا بسوڕێیتەوە وتەواف بکەیت جگە لەکەعبەی پیرۆز، هەروەها دروست نییە هیچ شوێنێکی تر بەوێنەی ئەو مامەڵە بکەی هەرچەند بەڕێزبێت، هەرکەس تەوافی بە دەوری شتێکی تردا کرد ئەوە تاوانبارە.

## کردەوەکانی دڵ

خوای گەورە دڵی وەك پادشا دروست کردووە و ئەندامەکانی تری لەش وەك سەربازی ئەو وان، جا هەرکات پادشا چاك بوو سەربازەکانیشی چاك دەبن، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:« وَإِنَّ فِي الجَسدِ مُضْغَةً إذا صَلَحتْ صَلَحَ الجسَدُ كُلهُ ، وَإذا فَسدَتْ فَسدَ الجَسدُ كُلُّهُ ألا وَهِيَ القَلْبُ»(متفق عليه).

له لەشدا پارچە گۆشتێك هەیە، هەرکات چاك بوو هەموو لەش چاك دەبێتو هەرکات خراپ بوو هەموو لەش خراپ دەبێت، ئەویش دڵە. چونکە دڵ جێگای باوەڕو تەقوایەو هەر ئەو جێگای بێباوەڕی وشیرك و دووڕوویيە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « التَّقْوَى هَاهُنَا ـ وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَلاثَ مَرَّاتٍ ـ » (مسلم) واته: تەقوا لێرە دایە... سێ جار ئاماژەی بە سینگی موبارەکی خۆی دەکرد .

◀ **ئیمانیش:** باوەڕهێنان وگوفتارو کردارە، باوەڕی دڵو گوفتاری زمان، هەروەها کرداری دڵو ئەندامەکان.

دڵ باوەڕ دەهێنێت و بڕوا دەکات، بەو هۆیەوە شەهادەت بەسەر زماندا دێت، دوای کردەوەکانی تری دڵ دروست دەبێت، وەك: خۆشەویستی، ترس، ڕەجا، زمان زیکر دەکاتو قورئان دەخوێنێتو ئەندامەکانی سوجدەو ڕوکوع دەبەنو هەر کردەوەیەکی تر کە لە خودا نزیکیان بکاتەوە، چونکە وەك وتمان ئەندامەکان شوێنکەوتووی دڵن، هەر شتێك لە دڵدا جێگیر بوو دەبێت نیشانەکانی لەسەر ئەندامەکانی تری لەش دەرکەوێت بەهەر شێوەیەك بێت لە شێوەکان.

◀ مەبەستمان لە کردەوەکانی دڵ ئەوانەیە کە سەرچاوەکەیان دڵە و پەیوەندییان بە دڵەوە هەیە، گەورەترینیشیان باوەڕهێنانە بە خودای گەورە کە لە دڵدایەو باوەڕهێنان ملکەچیو دان پێدانان بەشێکن لەو باوەڕە، ئەمە جگە لەم خۆشەویستیی خودا کە لە دڵی بەندەدا دروست دەبێت هەروەها ترسو ڕەجا، گەڕانەوەو پشت بەستن، ئارامگرتن ویەقین وخشوعوچەندەهای تر.

◀ هەموو کردەوەیەکی دڵ پێچەوانەکەی نەخۆشییەکی دڵە، بۆ نموونە: نیەتپاکی دژەکەی ریایە، یەقین دژەکەی گومانە، خۆشەویستی دژەکەی ڕق لێبوونەوەیەو بەو شێوەیە، جا ئەگەر چاك کردنی دڵی خۆمان پشتگوێ بخەین تاوان لەسەری کەڵەکە دەبێو لە ناوی دەبەن، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « إنَّ العَبْدَ إذا أخْطأَ خَطِيئَةً نُكِتَ فِي قَلْبِهِ نُكْتَةٌ فإنْ هُوَ نَزَعَ وَاستَغْفَرَ وَتَابَ صُقِلَتْ فإنْ عَادَ زِيْدَ فِيهَا وَإنْ عادَ زِيْدَ فِيهَا حَتَّى تَعْلو فِيْهِ فَهُوَ الرَّانُ الَّذِي ذكرَ الله : ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾ » (الترمذي) واته: بەندە کاتێك تاوان دەکات خاڵێکی ڕەش لەسەر دڵی دروست دەبێت، گەر تەوبەی کرد لا دەچێت، ئەگەر دووبارە و سێبارەی کردەوەو بەردەوام بوو، خاڵەکان زیاد دەبێت هەتا وەك پەردەیەکی ڕەشی لێ دێت و لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾ (المطففين: ١٤)، مەبەست لە (ران) داپۆشینی دڵە وەك پەردەیەك، هەروەها دەفەرموێت: « تُعْرَضُ الْفِتَنُ عَلَى الْقُلُوبِ كَالْحَصِيرِ عُودًا عُودًا فَأَيُّ قَلْبٍ أُشْرِبَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ وَأَيُّ قَلْبٍ أَنْكَرَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ بَيْضَاءُ حَتَّى تَصِيرَ عَلَى قَلْبَيْنِ عَلَى أَبْيَضَ مِثْلِ الصَّفَا فَلاَ تَضُرُّهُ فِتْنَةٌ مَا دَامَتِ السَّمَوَاتُ وَالأَرْضُ وَالآخَرُ أَسْوَدُ مُرْبَادًّا كَالْكُوزِ مُجَخِّيًا لاَ يَعْرِفُ مَعْرُوفًا وَلاَ يُنْكِرُ مُنْكَرًا إِلاَّ مَا أُشْرِبَ مِنْ هَوَاهُ » (مسلم)، واته: دڵەکان تووشی فیتنەی یەك لە دوای یەك دەبن، جا هەر دڵێك تووشی خراپە بوو خاڵێکی ڕەشی تێدا دروست دەبێت و هەر دڵێك ڕێگریی لەخراپە کرد خاڵێکی سپی تێدا دروست دەبێت، تا وای لێدێت دەبن بە دوو جۆر دڵ: سپی وەك بەردێکی سپی، کە هیچ فیتنەیەك کاری تێ

ناکات هەتا دنیا مابێت و ڕەشێك كە چاكەو خراپە لێك ناكاتەوە بەئارەزووی خۆی نەبێت.
◖ كردەوەكانی دڵ گرنگترن لە كردەوەكانی ئەندامەكانی تر، زانینیان گرنگترە لە كردەوەكانی تر، چونكە ئەصڵی كردەوە دڵەو كردەوەی ئەندامەكانی تر لقن وتەواوكەری كردەوەی دڵن. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « إنَّ الله لا يَنْظُرُ إلى صُوَرِكُمْ وَأمْوَالِكُمْ، وَلَكِنْ يَنظُرُ إلى قُلُوبِكُمْ وَأَعْمَالِكُمْ » (مسلم)، واتە: خوای گەورە سەیری بەژنو باڵاو ماڵو موڵكتان ناكات، بەڵكو سەیری دڵو كردەوەكانتان دەكات. چونكە دڵ جێگای زانیاریو وردبوونەوەو هزرە، هەر بۆیە پلەی بەرز لای خودا بە گوێرەی ئەو باوەڕو نیەت پاكیو یەقینەیە كە لە دڵدایە.
حەسەنی بەصری دەڵێت: سوێند بەخودا ئەبوبەكری صدیق بە نوێژو ڕۆژوو چاكتر نەبوو لە ئێوە، بەڵكو بەو ئیمانە گەورەیەی كە لە دڵیدا بوو.
◖ **كردەوەكانی دڵ فەزڵیان هەیە بەسەر كردەوەكانی ئەندامەكانی تردا لە چەند ڕوویەكەوە:** **١-** كەموكوڕیی لە كردەوەی دڵدا ڕەنگە كردەوەی ئەندامەكان بەتاڵ بكاتەوە، وەك ریاكردن. **٢-** كردەوەی دڵ بنچینەیەو هەر كردەوەو جوڵەیەكیش نیەتی دڵی لەگەڵدا نەبێت و بەبێ مەبەست بووبێت چاوپۆشی لێدەكرێت. **٣-** هۆكاری پلە بەرزەكانی بەهەشتە، وەك : زوهد. **٤-** گرانترو قورسترە بە بەراورد بە كردەوەی ئەندامەكانی تر، ئیبنو مونكەدیر دەڵێت: هەوڵمدا لەگەڵ نەفسی خۆمدا بۆ ماوەی (٤٠) ساڵ هەتا لەسەر ڕێگای ڕاست جێگیر بوو. **٥-** شوێنەواری باشتری دەبێت، وەك خۆشەویستی خودا. **٦-** پاداشتی زیاتر، ئەبودەردا دەڵێت: سەعاتێك بیركردنەوە باشترە لە شەونوێژی شەوێك. **٧-** بزوێنەری ئەندامەكانە. **٨-** بە هۆی دڵەوە پاداشتی ئەندامەكان كەم و زۆر دەكات، یان بەتاڵی دەكاتەوە، وەك خشوع لە نوێژدا. **٩-** ڕەنگە جێگای كردەوەی ئەندامەكانی پڕ بكاتەوە، وەك: نیەتی خێركردن لە كاتی بێ پارەییدا. **١٠-** پاداشتەكەی بێ سنوورە، وەك ئارامگرتن. **١١-** پاداشتەكەی بەردەوامە، هەرچەندە ئەندامەكان ڕادەوەستن لەكار یان نەتوانن. **١٢-** لە پێش كردەوەی ئەندامەكانەوە دەست پێ دەكات و لەگەڵ ئەوانیشدا بەردەوامە.
**دڵ بە چەند قۆناغێكدا تێدەپەڕێت پێش ئەوەی ئەندامەكانی بكەونە كار:** ١- (الهاجس) ئەوەی لە هزردا دروست دەبێت بۆ ئەوەی كاری تێ بكەیت. ٢- (الخاطرة) قۆناغی جێگیربوون. ٣- گفتوگۆی نەفس و دوودڵی لە كردنیو نەكردنی. ٤- (الهم) كردنی كارەكە لەپێشترە. ٥- (العزم) بە تەواوی دڵی جێگیر دەبێت لەسەر كردنی كارەكە.
سێ قۆناغی یەكەم پاداشتی لەسەر نییە كاتێك بۆ كارێكی خێر بێت، بەڵام سێیەم قۆناغی چاكەیەكی بۆ دەنووسرێت لەنیەتی چاكیداو خراپەی بۆ نانوسرێت لەخراپەدا، بەڵام قۆناغی سووربوون لەسەر كردەوەی چاك چاكەی بۆ دەنووسرێتو بە خراپیش خراپەی بۆ دەنووسرێت ئەگەرچی نەیكردبێت، چونكە كاتێك عەزم جەزم بوو لەسەر كردەوەو توانا هەبوو كردەوەكە دەكرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلۡفَٰحِشَةُ فِي ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (النور:١٩) ئەو كەسانەی پێیان خۆشە بەدڕەوشتی لەناو ئیمانداراندا بڵاوبێتەوە سزایەكی توندیان بۆ هەیە، هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «إذا التقى المسلمَان بسَيفَيهما فالقَاتِلُ والمقتُولُ في النَّار، فقلت: يا رسول الله، هذَا القاتلُ فمَا بَالُ المقتُول؟ قالَ: إنهُ كانَ حَرِيصًا على قتلِ صَاحِبِهِ » (البخاري)، واتە: كاتێك دوو موسڵمان بە شمشێرەوە بەرامبەر یەك دەگرن، كوژراو و بكوژ لە ئاگردایە، وتم ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ

ئەمەیان بکوژە، ئەی کوژراوەکە بۆ؟ فەرمووی: ئەویش سووربووە لە سەر کوشتنی براکەی.

**ئەگەر وازی لە تاوانەکە هێنا دوای ئەوەی سوور بوو لەسەر ئەنجامدانی، ئەوە لە چوار حاڵەت بەدەر نییە: ١- وازهێنانی لەبەر خودا، پاداشتی دەدرێتەوە. ٢- وازهێنانی لەبەر خەڵك، بەمەش گوناهبار دەبێت، چونکە وازهێنان لە گوناهـ عیبادەتەو دەبێت تەنها لەبەر خودا بکرێت. ٣- وازهێنان لەبەر نەتوانین بەبێ کردنی پێویستییەکانی ئەو تانەو بەمەش گوناهبار دەبێت، چونکە نیەتی تەواوی هەبووە. ٤- وازهێنان لەبەر نەتوانین، بەڵام هەموو کارێکی پێویستی کردووە بۆ ئەنجامدانی، بەڵام سەری نەگرتووە، ئەمەش گوناهبار دەبێت وەك ئەوەی تاوانەکە دەکات هەروەك لە فەرموودەکەدا دەردەکەوێت، هەرکات کردەوەکە نیەتی کردنی زیاتر بوو لەگەڵیدا تاوانبار دەبێت جا کردەوەکە لەگەڵ نیەتەکەدا بوو یان دواکەوت، هەرکەس تاوانێکی کردو سوور بوو لەسەر دووبارەکردنەوەی ئەوە بە بەردەوام لە قەڵەم دەدرێت ئەگەرچی دووبارەشی نەکردەوە.**

**هەندێك لە کردەوەکانی دڵ:**

◖ **نیەت:** بە واتای ویستو مەبەست دێت، هیچ کردەوەیەکیش بەبێ نیەت وەرناگیرێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « إِنَّمَا الأعْمَالُ بالنِّياتِ وإنَّمَا لِكُلِّ امْرِيءٍ مَا نَوَى » (متفق عليه) واتە: کردەوەکان بە نیەتەو هەرکەسەو بە نیەتی خۆی پاداشتی دەدرێتەوە.

عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك دەڵێت: ڕەنگە کردەوەیەکی کەم بەنیەت زیاد بکات وکردەوەیەکی زۆریش بە نیەت کەم بکات.

فوزەیلی کوڕی عیاز دەڵێت: خوای گەورە نیەتو ویستی لە تۆ دەوێت. جا هەر کات کردەوەکە بۆ خودا بێت ئەوە بە ئیخلاص و نیەتپاکیی ناو دەبرێتو ئەگەر بۆ خودا نەبوو ئەوە بە ریاو دووڕوویی دادەنرێت.

**سودێك (باسێکی گرنگ):** خەڵك عاقیبەتیان خراپە زانایان نەبن، زانایانیش هەروەها ئەوانە نەبێت کردەوە دەکەن، ئەوانەش کردەوە دەکەن تەنها نیەت پاکەکان نەجاتیان دەبێت، جا یەکەم شت کە لەسەر بەندە پێویستە فێربوونی نیەتە، دواتر بە کردەوە راستی دەکاتەوە دوای تێگەیشتنی نیەت پاکیو راستگۆیی، کردەوە بەبێ نیەت ماندووبونە، نیەتیش بۆ خودا نەبێت ریایە، نیەتپاکییش بەبێ شوێنکەوتنی سوننەت لە کردەوەدا ڕەنج بە فیڕۆچوونە.

**کردەوەکان سێ جۆرن: ١- تاوان:** نیەت پاکی لە تاواندا نایگۆڕێت بە چاکە، بەڵام لەگەڵ نیەتی خراپدا سزاکەی زیاتر دەبێت. **٢- چاکەکردن وعیبادەت:** ئەمەش پەیوەستە بەنیەتەوە لەڕووی قەبوڵ بوونو پاداشت زۆرتر بوون،[1] جا ئەگەر بۆ ریای بوو ئەوە دەبێتە تاوانو هاوەڵدانانی بچووكو هەندێك جار گەورەش، ئەمەش دەبێت بە سێ جۆرەوە:

---

[1] پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « فَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللَّهُ لَهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً ، فَإِنْ هُوَ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللَّهُ لَهُ عِنْدَهُ عَشْرَ حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِمِائَةِ ضِعْفٍ إِلَى أَضْعَافٍ كَثِيرَةٍ ، وَمَنْ هَمَّ بِسَيِّئَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللَّهُ لَهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً ، فَإِنْ هُوَ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللَّهُ لَهُ سَيِّئَةً وَاحِدَةً » (متفق عليه) واتە: هەرکەس نیەتی چاکەی هێناو نەیکرد، خوای گەورە چاکەیەکی بۆ دەنووسێت، ئەگەر نیەتی چاکەی هێناو کردی، خوای گەورە بە دە چاکە تا حەوت سەد و زیاتر دەینووسێت، ئەگەر نیەتی خراپەی هێناو نەیکرد، چاکەیەکی تەواوی بۆ دەنووسێت، ئەگەر کردەوە خراپەکەی کرد یەك خراپەی لەسەر دەنووسرێت.
هەروەها دەفەرموێت: « مَثَلُ هَذِهِ الأُمَّةِ كَمَثَلِ أَرْبَعَةِ نَفَرٍ : رَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ مَالاً وَعِلْمًا فَهُوَ يَعْمَلُ بِعِلْمِهِ فِي مَالِهِ يُنْفِقُهُ فِي حَقِّهِ ، وَرَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ عِلْمًا وَلَمْ يُؤْتِهِ مَالاً فَهُوَ يَقُولُ لَوْ كَانَ لِي مِثْلُ هَذَا عَمِلْتُ فِيهِ مِثْلَ الَّذِي يَعْمَلُ ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : **فَهُمَا فِي**

**یەکەم:** عیبادەتەکە بۆ ریا بێت لە بنەڕەتدا، ئەمەش هاوەڵدانانەو بەتاڵە.

**دووەم:** لە سەرەتادا نیەتی بۆ خودایەو دواتر نیەتی ریای تێکەڵ دەبێت، جا ئەگەر عیبادەتەکە ئاخیرەکەی پەیوەست نییە بە هەوەڵەکەیەوە وەك خێرکردن ئەوە هەوەڵەکەی قەبوڵەو ئاخیرەکەی بەتاڵە، بەڵام ئەگەر هەمووی پەیوەست بوون بە یەکەوە وەك نوێژ ئەوا دوو حاڵەتی هەیە: **أ ـ** بەرەنگاری نیەتی ڕیایەکە بکاتو عیبادەتەکە قەبوڵە. **ب ـ** نیەتی ڕیایەکەی یەکلابێتەوە، ئەوا هەموو عیبادەتەکە بەتاڵ دەبێتەوە.

**سێیەم:** نیەتی ریایەکە دوای تەواوبوونی کردەوەکە دروست بێت، کە ئەمەش وەسوەسەیەو کاریگەریی لەسەر کردەوەکە و بکەرەکەی نییە، بەڵام چەندەها جۆری ریای شاراوە هەیە کە دەبێت وریا بینو بیان ناسین.

**بەڵام ئەگەر نیەتەکەی لە چاکەدا بۆ بەرژەوەندی دنیایی بوو ئەوا بە گوێرەی نیەتەکەی پاداشتو سزا وەردەگرێت، ئەمەش سێ حاڵەتی هەیە: ١ـ** تەنها نیەتی لە کردەوە چاکەکە بەرژەوەندی دنیاییە، بەمەش پێی گوناهبار دەبێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «مَنْ تَعَلَّمَ عِلْمًا مِمَّا يُبْتَغَى بِهِ وَجْهُ اللَّهِ ﷻ لا يَتَعَلَّمُهُ إِلا لِيُصِيبَ بِهِ عَرَضًا مِنَ الدُّنْيَا لَمْ يَجِدْ عَرْفَ الْجَنَّةِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ » (أبوداود) واتە: هەرکەس زانستێك فێر بوو کەفێربوونی (ئەم زانستە)تەنها لەبەر خوا بێت، بەڵام ئەم کەسە بۆ ماڵی دونیا خۆی فێر دەکات بۆنی بەهەشت ناکات، نموونەی ئەم کەسە: یەکێك پێشنوێژیی بکات بۆ خەڵکی تەنها لەبەر پارە. **٢ـ** نیەتی لەبەر خودا بێتو بۆ دونیاشی لەگەڵدا بێت، ئەمەش باوەڕی کەموکوڕی تێدایە و نیەتی تەواو نییە، هەروەك ئەوەی دەچێت بۆ حەج و بۆ بازرگانیی، ئەمەش پاداشتەکەی بە گوێرەی نیەت پاکیەکەیەتی. **٣ـ** نیەتی تەنها خودایە، بەڵام کرێیەك وەردەگرێت بۆ ژیانی خۆی ئەمەیان پاداشتەکەی تەواوە، وەك ئەوەی چەند قوتابیەك فێری قورئان وزانستەکانی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مووچەیەکی مانگانەی بدەنێ، لەم بارەیەشەوە ئەم فەرموودەیە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « إِنَّ أَحَقَّ مَا أَخَذْتُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا كِتَابُ اللَّهِ » (البخاري) واتە: باشترین شت پارەی لەسەر وەرگرن قورئانە، ئەم فەرمودەیەش پاش ئەو ڕووداوە وتراوە، کە کۆمەڵێك لەهاوەڵە بەڕێزەکان ڕێگایان کەوتە لای هۆزێك و داوای میوانداری و خواردنیان لێکردن، هۆزەکە ڕازی نەبوون وخواردنیان پێ نەدان، ئەوانیش سەرەك هۆزەکەیان مار یان

---

**الْأَجْرِ سَوَاءٌ**، وَرَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ مَالاً وَلَمْ يُؤْتِهِ عِلْمًا فَهُوَ يَخْبِطُ فِي مَالِهِ يُنْفِقُهُ فِي غَيْرِ حَقِّهِ، وَرَجُلٌ لَمْ يُؤْتِهِ اللَّهُ عِلْمًا وَلا مَالاً فَهُوَ يَقُولُ: لَوْ كَانَ لِي مِثْلُ هَذَا عَمِلْتُ فِيهِ مِثْلَ الَّذِي يَعْمَلُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : **فَهُمَا فِي الْوِزْرِ سَوَاءٌ**» الترمذي، واتە: نموونەی ئوممەتی من وەك چوار کەس وان: کەسێك خوا پارەو زانستی داوەتێ، بە زانستەکەی پارەکەی بۆ چاکە سەرف دەکات. هەروەها کەسێك خوا زانستی داوەتێو پارەی نییە، دەڵێت گەر پارەم هەبوایە وەك فلاَن کەس لە چاکەدا سەرفم دەکرد، ئەم دوانە لە پاداشتدا وەك یەکن، کەسێك خوا پارەی داوەتێو زانستی نییە، پارەکەی لە خراپەدا سەرف دەکات، کەسێکی تر نە پارەی هەیەو نە زانست، دەڵێت: گەر پارەم هەبوایە وەك فلاَن کەس ـ کە لە خراپەدا سەرفی دەکات ـ سەرفم دەکرد، ئەم دوانەش لە سزادا وەك یەکن، وتەی دووەمو چوارەم لە فەرموودەکەدا، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوەی لە تواناییاندا بووە ـ کە نیەتی کردنەکەیە ـ کردوویانە، هەروەك دەڵێن: (گەر وەك فلاَن کەس هەمبوایە وەك ئەوم دەکرد)، هەر بۆیە حیسابی برادەرەکەی بۆ کراوە لە سزاو پاداشتدا. ئیبن رەجەب دەڵێت: فەرموودەکە کە دەڵێت: "هەردووکیان لە پاداشتدا وەك یەکن"، مەبەست پێی پاداشتی بنەڕەتییە بەبێ زیادکردنی چەند هەندە، چونکە زیادکردنی چەند هەندە، پەیوەستە بە کردنی کارەکە، نەك نیەتی کردنی بەبێ کردنی، چونکە گەر هەردووکیان لە هەموو ڕوویەکەوە وەك یەك بن، دەبێت ئەوەی نیەتی چاکەی هێنا بەبێ ئەنجامدانی دە چاکەی بۆ بنووسرێت، ئەمەش خیلافی دەقە.

دووپشك پێوەی دابوو، پرسیاریان كرد لەو كۆمەڵە هاوەڵە ئایا كەسێكتان تێدایە كە قورئان بخوێنێت بەسەریدا؟ ئەوانیش ووتیان نایخوێنین هەتاوەكو شتێك لەنێوانماندا نەبێت ( واتە : هەتاوەكو كرێیەكمان نەدەنێ )، ئەویش لەبەر ئەوەی كە ئەوان لەسەرەتاوە میواندارییان نەكردن ورێزیان لێ نەگرتن، جا كاتێك قورئانیان بەسەردا خوێند سەرەك هۆزەكە باش بوویەوە وبەپێی خۆی دەستی بەگەڕان كرد، ئەوانیش لەبەرامبەر ئەم كارەیاندا ڕانە مەڕێكیان دابە هاوەڵەكان، كەگەڕانەوە بۆ مەدینە بەسەرهاتەكەیان بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ گێڕایەوە و ئەویش ئەو فەرموودەیەی سەرەوەی فەرموو .

ئەمەش مانای ئەوە نیە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بكرێتە كاڵا وبازرگانی پێوە بكرێت، ئەمەیان لەدیندا جێگای نابێتەوە، وەك ئەوەی ئێستا كەسانێك پەیدا بوون كە ئیشیان بووە بەنووشتە وفاڵ وكتێب گرتنەوە وفرو فێڵ كردنە بەناوی دینەوە و خەڵكی فریوو دەدەن، بەڵكو ئەم جۆرە كارانە قەدەغەی لێكراوە وخوویەكی نەگریسی جولەكە و گاورەكان بووە وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا وَإِيَّٰىَ فَٱتَّقُونِ ﴾ (البقرة :٤١) واتە : ئایەتەكانم بە نرخێكی كەم مەگۆڕنەوە (لە پێناوی بەدەستهێنانی هەندێ مەرامی كەم نرخی دنیادا )، تەنها لــە من بترســن و خۆتان لە خەشمی من بپارێزن، یان دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ ٱللَّهِ وَأَيْمَٰنِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا أُو۟لَٰٓئِكَ لَا خَلَٰقَ لَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ وَلَا يَنظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ ( آل عمران : ٧٧) واتە : بەڕاستی ئەوانەی كە پەیمانی خواو سوێندەكانیان بەنرخێكی كەم دەفرۆشن (لە پلەو پایەی دنیایی، پارەوپول و سامان، ئەڵبەتە هەرچەندە بێت هەركەمە) ئەوانە لە دواڕۆژدا هیچ بەشێكیان نابێت (لە سۆزو میهرەبانی خوا)، هەروەها لە ڕۆژی قیامەتدا خوا نایاندوێنێت و تەماشایان ناكات (لە چڵك و پیسی گوناه) خاوێنیان ناكات و سزای پڕ ئێش و ئازاریش بۆیان ئامادەیە.

**٣- ڕێ پێدراوەكان (موباح):** هیچ كردارێك نییە بەبێ نیەت و شتی موباحیش بە نیەت دەبێت بە عیبادەت.

**ئەوەش بزانە كە پیاوچاكانی نیەت چاك لە كردەوەدا سێ پلەن: نزم:** ئەوانەن كە عیبادەت دەكەن لەبەر پاداشتو لە ترسی سزا. **مام ناوەند:** ئەوانەن عیبادەت دەكەن وەك سوپاسگوزاری خوداو گوێڕایەڵی كردنی. **بەرز:** ئەوانەن عیبادەت دەكەن لەبەر خۆشەویستیو بە گەورە دانانو لە ترسی خودا. ئەمەش پلەی ڕاستگۆیانە (الصدیقین).[١]

◖ **تەوبە:** بەردەوام واجبە، گوناه كردنیش لە سروشتی مرۆڤە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « كُلُّ ابْنِ آدَمَ خَطَّاءٌ وَخَيْرُ الْخَطَّائِينَ التَّوَّابُونَ » (الترمذي). واتە: هەموو كەس تاوان دەكاتو باشترین كەس ئەوەیە تەوبە دەكات، هەروەها دەفەرموێت: « لَوْ لَمْ تُذْنِبُوا لَذَهَبَ اللَّهُ بِكُمْ وَلَجَاءَ بِقَوْمٍ يُذْنِبُونَ فَيَسْتَغْفِرُونَ اللَّهَ فَيَغْفِرُ لَهُمْ » (مسلم). واتە: ئەگەر ئێوە تاوانتان

---

١ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَعَجِلْتُ إِلَيْكَ رَبِّ لِتَرْضَىٰ ﴾ (طه:٨٤). (موسا) عليه السلام فەرمووی : پەلەم كرد بۆ ڕۆشتن بۆ لای خودا بۆ ئەوەی خوای گەورە لێی ڕازی بێت نەك تەنها لەبەر ئەوەی فەرمان بەجێ بهێنێت، چاكە لەگەڵ دایكو باوك بە هەمان شێوە، ئەگەر لە ترسی سزاو دەستكەوتنی پاداشت بێت ئەو پلەی نزمە، ئەگەر وەك گوێڕایەڵی خوداو پاداشت دانەوەی دایكو باوك بێت لەسەر ئەوەی پەروەردەیان كردوویتو بوونەتە هۆی دروست بوونی تۆ ئەوە پلەی مام ناوەندە، بەڵام پلەی بەرز ئەوەیە كە لەبەر بە گەورەگرتنی فەرمانی خودا چاكەیان لەگەڵدا بكەیت.

نەکردایە، خوای گەورە ئێوەی لەناودەدا و خەڵکێکی تری دەهێنا کە تاوان بکەن‌و داوای لێخۆشبوون بکەن‌و خوای گەورەش لێیان خۆش دەبوو.

**دواخستنی تەوبە وبەردەوام بوون لەسەر تاوان هەڵەیە وگوناهە، شەیتانیش لە چەند بەربەستێکدا زەفەر بە مرۆڤـ دێنێت وگەر لە یەکێکدا سەرکەوتوو نەبوو دەچێتە ئەوی تر، کە ئەمانەن: ١ـ** هاوەڵ دانان و بێباوەڕی. **٢ـ** گەر نەیتوانی، هەوڵی بیدعە پێکردن و وازهێنانی سوننەت دەدات. **٣ـ** گەر نەیتوانی، هەوڵی کردنی تاوانە گەورەکان دەدات. **٤ـ** گەر نەیتوانی، هەوڵی پێ کردنی تاوانە بچووکەکان دەدات. **٥ـ** گەر نەیتوانی، هەوڵی زۆر پێ کردنی شەڕی ڕێگەپێدراوەکان (موباح) دەدات. **٦ـ** گەر نەیتوانی، هەوڵی ئەوەی پێدەدات کە مرۆڤـ ئەو عیبادەتانە بکەن کە خێریان کەمترە. **٧ـ** گەر نەیتوانی، شەیتانی جن‌و مرۆڤت تێ بەردەدا بۆ ئەوەی هەڵەت پێ بکەن‌و زاڵ بن بەسەرتدا.

**تاوانەکانیش چەند جۆرێکن: ١ـ گەورەکان:** ئەوانەن سزای حەددی لەسەرە لە دونیادا، یان هەڕەشەی سزایەکی قیامەتی توندی لەسەرە، یان لەعنەت‌و تووڕەیی خوداو نەبوونی ئیمانی لەسەرە. **٢ـ بچووکەکان:** ئەوانەن کە لە گەورەکان بچووکترن، بەڵام هۆکار هەن دیانگۆڕێت بۆ گەورە، لەوانە: بەردەوام بوون‌و دووبارەکردنەوە، بەکەم زانین، فەخرکردن بە تاوانەکە ـ کردنی ـ، بە ئاشکرا تاوانەکە بکەیت.

هەموو تاوانێك تەوبەی بۆ هەیەو تەوبەش دەمێنێت هەتا خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێت یان غەر غەرەی سەرەمەرگ.

پاداشتی تەوبەکاری ڕاستەقینەش گۆڕینی خراپەکانیتی بۆ چاکە، ئەگەر ئەوەندە زۆریش بن بگەنە کەشکەڵانی ئاسمان.

**وەرگرتنی تەوبەش چەند مەرجێکی هەیە:**

**١ـ** پەشیمان بوونەوە. **٢ـ** وازهێنان لە تاوانەکە. **٣ـ** سووربوون لەسەر دووبارەنەکردنەوەی، ئەگەر تاوانەکە مافی خەڵکی تێدا خورا بوو، دەبێت بدرێتەوە بە خاوەنەکەی[1].

**تەوبەکارانیش چوار جۆرن: ١ـ** لەسەر تەوبەکەی بەردەوام دەبێت تا کۆتایی ژیانی و نیەتی نییە بگەڕێتەوە سەر تاوان، تەنها تووشی هەڵەی بچووك دەبێت کە مرۆڤ هەر تووشی دەبێت، ئەمە بە جێگیر بوون لەسەر تەوبەو بەم کەسە دەڵێن: (سابق بالخيرات) و بەم جۆرە تەوبەیەش دەڵێن (نصوح) و خاوەنەکەشی (النفس المطمئنة)یە. **٢ـ** تەوبەکارێك بەردەوامە لەسەر عیبادەتەکان، بەڵام گوناهیش دەکات جار جارەو بە ئەنقەست نا، بەڵام تووشی دەبێت

---

(١) دەگێڕدرێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: « الدَّوَاوِينُ عِنْدَ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ ثَلاثَةٌ: دِيوَانٌ لاَ يَعْبَأُ اللَّهُ بِهِ شَيْئًا، وَدِيوَانٌ لاَ يَتْرُكُ اللَّهُ مِنْهُ شَيْئًا، وَدِيوَانٌ لا يَغْفِرُهُ اللَّهُ. فَأَمَّا الدِّيوَانُ الَّذِي لاَ يَغْفِرُهُ اللَّهُ، فَالشِّرْكُ بِاللَّهِ، قال اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ﴾، وَأَمَّا الدِّيوَانُ الَّذِي لاَ يَعْبَأُ اللَّهُ بِهِ شَيْئًا، فَظُلْمُ الْعَبْدِ نَفْسَهُ فِيمَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ رَبِّهِ... فَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يَغْفِرُ ذَلِكَ وَيَتَجَاوَزُ إِنْ شَاءَ، وَأَمَّا الدِّيوَانُ الَّذِي لاَ يَتْرُكُ اللَّهُ مِنْهُ شَيْئًا، فَظُلْمُ الْعِبَادِ بَعْضِهِمْ بَعْضًا، الْقِصَاصُ لاَ مَحَالَةَ » (أحمد وفيه ضعف)، واتە: تاوانەکان لای خودا چەند جۆرێکن: هەندێك لێیان خۆش نابێت وەك هاوەڵدانان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ﴾ (المائدة :٧٢) هەرکەس هاوەڵ پەیدا بکات بۆ خودا، خودا بەهەشتی لێ حەرام دەکات‌و دەیخاتە دۆزەخەوە، ئەو تاوانانەش کە گوێی پێنادات و لێیان خۆش دەبێت، ئەوانەن کە بەندەکان لە نێوان خۆیاندا ستەمیان کردووە، دەبێت تۆڵەیان لێ بسەندرێتەوە.

بۆ ئەوەی نیەتێکی پێشتری هەبێت و سووربێت لەسەر کردنی، هەر کات تاوانێك دەکات لۆمەی نەفسی خۆی دەکاتو پەشیمان دەبێتەوە و هەوڵی ئەوە دەدات خۆی لە هۆکاری تاوانەکە دووربخاتەوە، ئەمەش پێی دەڵێن (النفس اللوامة). ٣ـ تەوبە دەکاتو باش دەبێت بۆ ماوەیەك، بەڵام دواتر تووشی تاوان دەبێت و لە هەمان کاتدا بەردەوامە لەسەر عیبادەتەکان، هەندێك تاوان وازلێدێنێت، بەڵام شەهوەتی تاوان رای دەکێشێت و دەیخاتە تاوانەوە، لە دڵی خۆیدا بە تەمای تەوبەیەو دوای دەخات، بەم نەفسەش دەڵێن نەفسی بەرپرسیار، مەترسی ئەم جۆرە کەسانە لەوەدایە کە تەوبە دوادەخەن و دوورنییە بەبێ تەوبە وەفات بکەنو ئاخرشەڕ بن. ٤ـ تەوبە دەکات و بەردەوام دەبێت، بەڵام دەگەڕێتەوە سەر تاوانو سەرقاڵ دەبێت تیایدا، بەبێ ئەوەی نیەتی تەوبەی هەبێتو پێی ناخۆش بێت کە تاوان دەکات.

بەم جۆرەش دەڵێن نەفسی (الأمارة بالسوء) فەرماندەر بە خراپە، ئەم جۆرەش ترسی ئاخرشەڕی زۆر لێدەکرێت.

◖ **راستگۆیی:** بنچینەی کردەوەکانی دڵە و بە شەش واتا بەکار دەهێنرێت، راستگۆیی لە:١ـ قسەکردن.٢ـ ویست (نیەت).٣ـ عەزم (سووربوونو نیەتی تەواوی کارکردن).٤ـ وەفاداری. ٥ـ کردەوە: ئەمەش بە تەبایی نێوان ئاشکراو شاراوە، وەك خشوع لە نوێژدا. ٦ـ راستگۆیی لە بەجێهێنانی هەموو ئەرکە ئاینییەکاندا، ئەمەش بەرزترینی جۆرەکانیەتی، بۆ نموونە: راستگۆیی لە ترس، رەجا، بەگەورەزانین، زوهد، رازیی بوون، پشت بەستن، خۆشەویستیو هەموو کردەوەکانی تری دڵ، جا هەرکەس لەو شتانەی باسکرا راستگۆ بێت ئەوا لە (صدیقین) راستگۆیان دەژمێردرێت لە بەر زۆر راستگۆیی، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلَى الْبِرِّ وَإِنَّ الْبِرَّ يَهْدِي إِلَى الجَنَّةِ وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَصْدُقُ وَيَتَحَرَّى الصِّدْقَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللهِ صِدِّيقاً » (متفق علیه) واتە: راستگۆ بن، چونکە راستگۆیی بەرەو چاکەتان دەباتو چاکەش بەرەو بەهەشت، کەسێك بەردەوام ڕاست دەڵێت و بەدوای راستگۆییدا دەگەڕێت هەتا لای خودا بە راستگۆ (صدیق) دەنووسرێت، هەرکات کەسێك راستو ناراستی لێ تێکەڵ بوو، یەکێکیانی هەڵبژاردو نیەتی پاك بوو لەگەڵ خودا زۆر جار سەرکەوتوو دەبێتو گەر ناراستەکەشی هەڵبژاردبێت ئەوا لای خودا عوزری هەیە.

پێچەوانەی راستگۆیی درۆیە، سەرەتا لە دەروونەوە دەگوازرێتەوە بۆ زمان و خراپی دەکاتو دواتر دەگوزارێتەوە بۆ ئەندامەکانو ئەوانیش خراپ دەکات، خراپی زمان درۆزنییە لە گوفتارداو خراپی ئەندامیش خراپی کردەوەکانەو دواتر خراپە هەموو گیانی دادەگرێت.

◖ **خۆشەویستی:** بە خۆشەویستی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ شیرینی ئیمان بە دەست دێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيْهِ وَجَدَ بِهِنَّ حَلَاوَةَ الإِيْمَانِ: أَنْ يَكُوْنَ اللهُ وَرَسُوْلُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مما سِوَاهُمَا، وَأَنْ يحبَّ المَرْءَ لا يحبُّهُ إلا لله، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَرْجِعَ إِلَى الكُفْرِ بَعْدَ إِذ أَنْقَذَهُ اللهُ مِنْهُ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُلْقَى فِي النَّارِ » (متفق علیه)، واتە: سێ شت هەرکەس تیایدا بێت شیرینی ئیمان دەزانێت، خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی لە غەیری ئەوان خۆشتر بوێت، هەرکەسی خۆشویست لەبەر خوا بێت، پێی ناخۆش بێت بگەڕێتەوە بۆ بێباوەڕی دوای ئەوەی خودا رزگاری کردووە لێی، هەروەك چۆن پێی ناخۆشە بخرێتە ئاگرەوە، جا هەر کات داری خۆشەویستیت لە دڵتا چاندو بە ئاوی نیەتپاکی ئاوت داو رات هێنا لەسەر شوێنکەوتنی

پێغەمبەر ﷺ ئەو کاتە چەندە جۆر بەر دەگرێتو بەرەکەشی بەردەوام دەبێت کە چوار جۆرن: ١ـ خۆشویستنی خودا، کە بنەمای ئیمانە. ٢ـ خۆشویستنو رق لێبوونەوە لەبەر خودا کە واجبە[1]. ٣ـ بەشداریی کردنی غەیری خودا لە خۆشویستنی واجب دا، وەك خۆشویستنی موشریکەکان بۆ خوداکانیان کە بنەمای شیرکو هاوەڵدانانە. ٤ـ خۆشەویستی سروشتی، وەك خۆشەویستی دایكو باوكو منداڵو خواردن، ئەم جۆرەش جائیزە، جا ئەگەر دەتەوێت خودا خۆشیِ بوێیت هۆگری ماڵی دونیا مەبە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « ازْهَدْ فِي الدُّنْيَا يُحِبكَ الله » (ابن ماجه)، واتە: زۆر حەز لە دونیا مەکە و هۆگری مەبە، خودا خۆشی دەوێیت.

◖ **التوكل** (پشت بەستن): کاری دڵە لە پشت بەستن بە خودا لە دەستهێنانی پێویستییەکان و دوورخستنەوەی زەرەرە، لەگەڵ باوەڕبوون بە خودا و فەراهەم کردنی هۆکارەکانیش.

پشتنەبەستن بەخودا کەموکورییە لەیەکخواپەرستییداو وازهێنان لەدابینکردنی هۆکارەکانیش بێدەسەڵاتیو کەم عەقڵییە، کاتەکەشی پێشکەش کردووە کە بەروبومی یەقینە، جۆرەکانیشی سیانن:

١ـ **واجبە**: پشت بەستن بە خودا لەو کارانەی کە تەنها ئەو دەتوانێت، وەك شیفای نەخۆش.

٢ـ **حەرامە**، کە دوو جۆرە: أ ـ شیرکی گەورەیە: پشت بەستنی تەواو بە هۆکارەکانو باوەڕبوون بەوەی کە ئەنجامەکان بە هۆی هۆکارەکانەوەیە[2]. ب ـ شیرکی بچووك: وەك پشت بەستن بە کەسێك بۆ وەدەستهێنانی رزقو رۆزی زیاتر لەوەی کە هۆکارێکە بۆ ئەو شتە.

---

١ خەڵکی لە رووی رقو خۆشەویستییەوە (الولاء والبراء) چەند جۆرێکن: أ ـ کەسانێك پێویستە خۆشەویست بن بە پێی رق لێبوونەوە، ئەوانیش پێغەمبەرانو راستگۆیانن لە سەرووشیانەوە پێغەمبەری ئیسلامو خێزانەکانیو کچەکانیو هاوەڵەکانی. ب ـ ئەوانەی تەنها شایەنی رق لێبونەوەن کە بێباوەڕ و موشریك و مونافیقن. ج ـ کەسانێك لە لایەکەوە شایەنی خۆشویستنو لە لاکەی ترەوە شایەنی رق لێبوونە، ئەوانیش تاوانکارانی ئیمانداران، لەبەر ئیمانەکەی خۆشەویستنو لەبەر تاوانەکانی رقمان لێیانە، خۆشویستنی بێباوەڕانیش دوو جۆرە: ١ـ پشتگیری کردنی ئاینەکەیان هۆکاری دەرچوونە لە ئیسلام. ٢ـ خۆشویستنی شتی دنیایی بێباوەڕان یان پشتگیرییان بۆ مەبەستێکی دنیایی کە تاوانی گەورەیە و لەئیسلام پێی دەرناچێت، هەندێك جار تێکەڵییەك روو دەدات لە نێوان باش مامەڵەکردنی بێباوەڕانی شەڕنەکەر لەگەڵ رق لێبوونەوەیان و خۆبەری کردن لە ئاینەکەیان کە ئەمەش پێویستی بە روونکردنەوە هەیە. مامەڵەی دادپەروەرانەو بەزەیی هاتنەوە بەبێ دەسەڵاتیانو قسەی نەرم کردن لە روویاندا بەبێ خۆشویستن جائیزە. خودا دەفەرموێت: ﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَـٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَـٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴾ (الممتحنة: ٨) واتە: خوای گەورە رێگریتان لێ ناکات لە چاکەکردنو دادپەوەری بەرامبەر بەو بێباوەڕانەی شەڕیان لەگەڵ نەکردوونو لە شوێنی خۆتان دەریان نەکردوون. بەڵام رق لێبوونەوەیان شتێکی ترە، خـوای گەورە پێ کردووە لـە ئایەتی ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ عَدُوِّى وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَآءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ ﴾ (الممتحنة:١) واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، دوژمنی منو خۆتان مەکەن بە پشتو پەناو خۆشتان نەوێن، چونکە مامەڵەی دادپەوەرانەو رق لێبوونەوە دەکرێت کۆ بکرێتەوە، هەروەك پێغەمبەر ﷺ مامەڵەی لەگەڵ جولەکەی مەدینە کرد.

٢ ئایا دابینکردنی هۆکارەکان دژی تەوەکولە (پشت بەستن)؟ چەند روویەکی هەیە: ١ـ بەدەست هێنانی سوودێکی نەبوو، کە سێ حاڵەتی هەیە: أ ـ هۆکارێك بە دڵنیایی هۆکاری ئەو سوودەیە وەك ژن هێنان بۆ منداڵ، وازهێنان لە ژن هێنانو بە تەمای منداڵ بوون شێتییە و پشت بەستن نییە. ب ـ هۆکار کە دڵنیا نییە، بەڵام زۆربەی جار هۆکاری ئەو کارەن بێ ئەو روو نادەن، وەك سەفەرکردن بەبێ هەڵگرتنی خواردنو خواردنەوە لە سەحرادا، کە ئەمە هیچ پشت بەستن نییە، چونکە توێشوو هەڵگرتن فەرمانی پێکراوەو پێغەمبەر ﷺ کاتێك سەفەری کرد بۆ مەدینە توێشووی هەڵگرتووەو کەسێکی بۆ رێنیشاندان بە کرێ گرتووە. ج ـ هۆکار کە رەنگە کاریگەری هەبێت لەوەدیهینانی ئەو کارەدا، بەڵام دڵنیا نییە، بەڵام ئەم هۆکارانەش هەر پێویستنو کردنیان دژی پشت بەستن نییە، وەك پێداویستییەکانی کارکردنو بەدواداچوونی رزق، ئیمامی

**٣ـ جائیزە:** ئەمەش کردنی کەسێکی ترە بەوەکیلی خۆت بۆ ئەنجامدانی کارێك کە لە توانات‌دا هەیە وەك کڕین‌و فرۆشتن، بەڵام جائیز نییە بڵێین پشت بە خوا دەبەستم دواتر بە تۆ، بەڵکو بڵێت تۆم کردووە بە وەکیل.

◖ **شوکر (الشكر):** ئەمەش دەرکەوتنی نیعمەتەکانی خودایە لەسەر دڵی بەندە بەئیمان‌و لەسەر زمانی بە سوپاسکردنی‌و لەسەر ئەندامەکانی بە عیبادەت کردن، دیارە شوکرکردن بە دڵ‌و زمان‌و ئەندامەکان واتای ڕاستەقینەی شوکر ئەوەیە کە نیعمەتەکانی خودا لە گوێڕایەڵی خودا بەکاربهێنێت.

◖ **ئارامگرتن:** وازهێنان لە باسکردنی ناڕەحەتی‌و بەڵا بۆ خەڵکی و تەنها شەکوا لای خودا بکەیت، خودا دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجۡرَهُم بِغَيۡرِ حِسَابٖ﴾ (الزمر:١٠) اتە: بێگومان ئەوانەی ئارامدەگرن پاداشتی بێسنوریان هەیە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « وَمَنْ يَتَصَبَّرْ يُصبِّرهُ الله وَمَا أُعْطِيَ أَحَدٌ عَطَاءً خيرٌ وأوسعُ من الصَّبْر » (متفق عليه) واتە: هەرکەس هەوڵی ئەوە بدات کە ئارام بگرێت خوای گەورە پێی دەبەخشێت‌و هیچ کەس لەنیعمەتی ئارامگرتن شتێگی باشتری پێنەبەخشراوە.

ئیمامی عومەر ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت: "لەهەر بەڵایەکدا چوار نیعمەتی پێبەخشیوم کە لە دینەکەمدا نییە، کە گەورەتر نییە، کە مەنعی پیێ ڕازی بوونم لیێ نەکراوە، کە چاوەڕێی پاداشتم.

**ئارامگرتنیش پلە پلەیە: نزم:** وازهێنانە لە باسکردنی بەڵاو ناخۆشی، بەڵام لە دڵەوە پێی ناخۆشە کە باسی ناکات. **مام ناوەند:** وازهینانە لە باسکردنی ناخۆشی لەگەڵ ڕازی بوون پێی. **بەرز:** شوکر کردنە لە سەر ناخۆشی.

هەرکەس ستەمی لێکراو دوعای لە ستەمکارەکە کرد کەوابوو ئارامی نەگرتووە.

**ئارامگرتنیش دوو جۆری هەیە:** لاشەیی کە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە. دەروونی، ئارامگرتنی دەروونی لەسەر ئەو شتانەی کە نەفس‌و ئارەزوو داوای دەکەن.[١]

**هەموو ئەو شتانەی کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە لە دنیادا دوو جۆرن:**

**أ ـ** ئەوەی نەفس پێی خۆشەو پێویستی بە ئارامگرتن هەیە کە هەقی خودای تێدا ڕەچاو بکرێت و بۆ تاوان بەکار نەهێنرێت.

---

عومەر دەڵێت: پشت بەستنی ڕاستی بە خودا ئەوەیە کە تۆوەکەت بچێنی‌و دواتر پشت بە خوا ببەستیت. **٢ـ** پاراستنی شتێکی هەبوو: هەرکەس ماڵ‌و خواردنی هەبوو پاشەکەوت کردنی دژی پشت بەستان نییە، بەتایبەتی خێزاندار، پێغەمبەر ﷺ خواردنی ساڵێکی بۆ خێزانەکانی هەڵدەگرت. **٣ـ** ڕێگەگرتن لە زەرەرێك کە ڕووی نەداوە: لە مەرجەکانی پشت بەستن وازهێنان نییە لەو جۆرە هۆکارانە وەك: لەبەرکردنی زرێی شەڕو بەستنەوەی وشتر، بەڵام لەمانەشدا دەبێت پشت بە خودا ببەستیت، نەك بە هۆکارەکەو ڕازی بیت بە هەرشتێك ڕوو دەدات. **٤ـ** نەهێشتنی زەرەرێك کە ڕووی داوە: کە سیێ جۆرە: **أـ** دەبێت دڵنیا بیت لە زەرەرەکە لە حاڵەتی وازهێنان لە هۆکارەکە. وەك ئاو کە تینوێتی دەشکێنێت، کەواتە نەخواردنەوەی ئاو هیچی بەسەر تەوەکولەوە نییە. **ب ـ** دڵنیایی تێدا نییە وەك کەڵەشاخ گرتن، کەواتە گرتنی کەڵەشاخ پێچەوانەی پشت بەستن نییەو پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە تەداوی‌و دەرمان بەکارهێنان کردووە. **ج ـ** هۆکارەکە کە تەنها شتێکی وەهمی بێت، وەك داخکردنی دوای چاکبوونەوە بۆ ئەوەی تووشی نەبێتەوە، کە ئەوە نیشانەی نوقسانییە لە پشت بەستندا.

[١] ئەم جۆرەش گەر ئارامگرتن بێت لەسەر شەهوەتی فەرج‌و سك، پێی دەڵێن (عِفّة) و ئەگەر لە شەڕدا بێت پێی دەڵێن ئازایەتی، ئەگەر خواردنەوەی قین و توڕەیی بوو پێی دەڵێن (حِلم) ئەگەر شاردنەوەی نهێنی بێت پێی دەڵێن (كتمان السر)، ئەگەر لە زیادەکانی ژیاندا بێت پێی دەڵێن زوهد، ئەگەر ڕازی بوون بێت بە کەم لە ماڵ و خۆشی دونیا پێی دەڵێن (قناعه).

ب ـ ئەوەی لەگەڵ ئارەزووی مرۆڤدا ناکۆکن، کە سێ جۆرن: ١ـ ئارامگرتن لەسەر کردنی سوننەتەکان سوننەتە. ٢ـ ئارامگرتن لەسەر نەکردنی گوناھـ و تاوان واجبە و تەرك کردنی مەکروھیش سوننەتە. ٣ـ ئارامگرتن لەسەر بەڵاو نارِەحەتی کە بە ویستی خودا تووشی مرۆڤ دەبێت.

واجبە مرۆڤــ زمانی بپارێزێت لەشەکوا کردن ودڵیشی بپارێزێت لە نارازیی بوونو تورِەبوون بە هۆی بەڵاوە، هەروەها پاراستنی ئەندامەکان لەو شتانەی خودا پێی ناخۆشە وەك: هاوارکردنو جلوبەرگ دادرِینو لە خۆدان لە کاتی بەڵاو نارەحەتیدا، باشتر وایە مرۆڤــ بەدڵ رازی بێت بە بەشی خودا.

کامیان باشترە، فەقیری ئارامگر، یان دەوڵەمەندی سوپاسگوزار؟ ئەگەر دەوڵەمەند پارەکەی لەعیبادەتی خودا سەرف کرد یان هەڵی گرت بۆ ئەو مەبەستە، ئەوە باشترە لە فەقیرەکە، ئەگەر لە شتی ئاساییدا سەرفی دەکرد ئەوە فەقیرەکە باشترە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « الطَّاعِمُ الشَّاكِرُ بِمَنزلَةِ الصَّائِمِ الصَّابِرِ » (أحمد)، واتە: ئەوەی نان دەخوات وشوکری خودا دەکات وەك رۆژووگری ئارامگر وایە.

◀ **رازی بوون:** قەناعەت کردنە بە شتێك و هەوڵنەدانە بۆ زیاتر لەوە، کاتەکەشی پاش روودانی کارەکەیە، رازی بوون بەقەدەری خودا پلەیەکی بەرزی خواناسانەو بەروبومی خۆشەویستی و پشت بەستنە، دوعاکردن بۆ نەمانی ناخۆشییەك واتای رازی نەبوون نییە.

◀ **الخشوع:** ملکەچیەو بە گەورە زانینە، حوزەیفە دەڵێت: وریابن لە خشوعی دووڕوویی، وتیان: خشوعی دووڕوویی چییە؟ وتی: ببینی کە جەستە خشوعی هەیە و بەڵام دڵ نیەتی، هەروەها دەڵێت: یەکەم شت لە دەستان دەچێت لە دینەکەتاندا خشوعە. جا هەر عیبادەتێك خشوعی تێدا نەبێت، پاداشتەکەی بەقەدەد خشوعەکەیە، پێغەمبەر ﷺ لە بارەی خشوعی نوێژەوە دەفەرموێت: رەنگە پاداشتەکەی نیوە چواریەك بێت بە قەدەر خشوعەکەی، بەڵکو رەنگە پاداشتی نەبێت، چونکە خشوعی تێدا نەبووە.

◀ **الرجاء (رەجا):** بە هیوابوونی رەحمەت فراوانی خودایە، پێچەوانەکەشی بێ هیواییە، کردەوەش لەگەڵ بە هیوابوونو رەجادا باشترە لەگەڵ ترسدا، چونکە گومانی باش بردنە بە خودای گەورە. خوای گەورە لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت: « أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي» (مسلم)، واتە: من بەو شێوەیە دەبم کە بەندەکەم گومانم پێ دەبات ـ گەر هیوای بوو رەحمی پێ بکەم ـ رەجایش دوو پلەیە: **بەرز،** ئەو کەسەیە کە کردەوە دەکاتو بە هیوای پاداشتە، عائیشە دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ واتای ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ﴾ هو الذي يسرق ويزني ويشرب، وهو يخاف الله عزوجل؟ قال: لا يَا بِنْتَ الصِّدِّيقِ، وَلَكِنَّهُمْ الذَّيْنَ يُصَلُّوْنَ وَيَصُوْمُوْنَ وَيَتَصَدَّقُوْنَ، وَهُمْ يَخَافُوْنَ ألا يُقْبَلَ مِنْهُمْ، ﴿أُوْلَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ﴾. ئەوەیە کەسێك دزی و زیناو عارەق بخواتەوە، بەڵام لە خوا دەترسێت؟ فەرمووی: نەخێر ئەی کچی صددیق ئەو کەسانەن کە نوێژ و رۆژوو و خێر دەکەن، بەڵام دەترسن لێیان وەرنەگیرێت ﴿أُوْلَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ﴾ واتە: ئەوانە پێشبرِکێ لە خێردا دەکەن. (الترمذي).

**پلەی نزم:** گوناهباری تەوبەکار بە هیوای لێخۆشبوونی خودایە، بەڵام ئەو کەسەی بەردەوامە لەسەر تاوانو تەوبە ناکات و بە هیوای ئەوەیە کە خودا لێی خۆش بێت، ئەمە

تەنها ئاواتخواستنە بۆ لێخۆشبوون، ئەم جۆرەش خراپە، بەڵام دوو جۆری یەکەم چاکە، چونکە ئیماندار کردەوەی چاکەو ترس کۆکردوەتەوە، دووڕووش کردەوەی خراپەو بێ ترس کۆی کردووەتەوە.

◖ **ترس:** خەمێکە لە دڵدا دروست دەبێت لەبەر پێشبینی کردنی ناخۆشی، جا ئەگەر دڵنیا بوو لە تووشبوونی ناخۆشییەکە ئەوە پێی دەڵێن (خَشيَة)، ترس لە خودا دژی هیواو ڕەجا نییە، بەڵکو هۆکاری بەدەستهێنانی ڕەحمەتە لە ڕێگەی ترسەوە و ڕەجایش لە ڕێگەی بەهیوابوونەوە. هەر بۆیە پێویستە کە ترسو ڕەجاو خۆشەویستی خودا کۆ بکرێتەوە. ئیبن قەیم دەڵێت: دڵ لەبەرەوخوداچوونی وەك باڵندەیەك وایە خۆشەویستی سەریەتی، ترس و ڕەجایش دوو باڵەکەین.

**ترسی واجب:** ئەوەیە کە وا بکات فەرزەکان بەجێ بهێنرێت و واز لە حەرامەکان بهێنرێت، لەوەش زیاتر ترسێکە کە هانی چاکەت بداتو دوور بکەویتەوە لە مەکروهەکان.

**جۆرەکانی ترس:** ١ـ ترس لە شتی شاراوەو بەخودا زانین کە تەنها بۆ خودایە، هەر کەس ئەم جۆرە ترسەی هەبێت بەرامبەر غەیری خودا شیرکی گەورەیە، وەك ترسان لە بت کە زەرەر و زیانت پێدەگەیەنێت. ٢ـ ترسێکی حەرام: وەك تەرك کردنی واجبات لە ترسی خەڵکی. ٣ـ ترسی ئاسایی کە جائیزە: وەك ترسان لە گورگو شتی تر.

◖ **الزهد:** وەرگێڕانی حەزو ئارەزوو لە شتێکەوە بۆ شتێکی باشتر، زوهد کردن بەرامبەر بە دونیا مایەی ڕاحەتی دڵو جەستەیە، بە پێچەوانەوەی حەزکردن بە دونیا مایەی خەموخەفەتو خۆشەویستی دونیاش بنچینەی هەموو تاوانێکەو ڕق لێبوونەوەی دنیاش هۆکاری عیبادەتو گوێڕایەڵییە.

زوهد کردن لە دونیا ئەوەیە کە دنیات لە دڵدا دەرکەیت، نەك لە دەستی دەرکەیتو دڵت هەر لای بێت ـ کە ئەم جۆرە زوهدە زوهدی نەزانانە ـ پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « نِعْمَ الْمَالُ الصَّالِحُ لِلْمَرْءِ الصَّالِحِ » (أحمد). واتە: باشترین ماڵ ئەوەیە هی پیاوێکی چاك و ساڵح بێت. فەقیر و ماڵ پێکەوە چەند حاڵەتێکیان هەیە: ١ـ لەبەر شەرو مەشغەڵەتی ماڵ ڕقی لێیەتیو نایەوێت و لێی ڕا دەکات، بەم کەسە دەڵێن زاهید. ٢ـ دڵخۆش نییە بە بوونی و زۆریش ڕقی لێی نییە، بەم کەسە دەڵێت ڕازییە. ٣ـ بوونی ماڵی لە نەبوونی پێ خۆشترە، چونکە حەزی لە ماڵە، بەڵام حەزەکەی ئەوەندە نییە کە بە دوای ماڵدا بگەڕێت، بەڵام گەر هاتە دەستی بەبێ ئەزیەت پێی خۆشە، بەم کەسەش دەڵێن قانع. ٤ـ حەزی لێیەتی، بەڵام لەبەر بێدەسەڵاتی وازی لە بەدواگەڕانیدا هێناوە، هەرکات ماڵی دەستکەوێت بە ماندووبوونەوە دەستی دەهێنێت، بەم دەسە دەڵێن (حريص). ٥ـ ئەو پارەو خواردنەی بە دوایدا دەگەڕێت و دەیەوێت بەدەستی بێنێت لەبەر زەرورەتە وەك کەسێکی برسیو بێ جلو بەرگ، بەم کەسەش دەڵێن (مضطر) مەجبور.

# گفتوگۆیەکی هێمانە

کابرایەك ناوی عەبدوڵڵا بوو، گەیشت بە کابرایەکی تر ناوی عەبدولنەبی (بەندەی پێغەمبەر) بوو، عەبدوڵڵا ناوی کابرای بەلاوە خراپ بوو، چونکە واتاکەی ئەوە دەگەیەنێت کە بەندەی پێغەمبەرەو لە دڵی خۆیدا وتی: چۆن کەسێك جگە لە خودا یەکێکی تر دەپەرستێت؟ دواتر بە کابرای وت: تۆ غەیری خودا دەپەرستیت؟ وتی: نەخێر، من خودا دەپەرستمو موسڵمانم، غەیری خوداش ناپەرستم.

**عەبدوڵڵا وتی:** ئەی ئەم ناوە چییە کە لە ناوی مەسیحییەکان دەچێت کە ناوی دەنێن (عبد المسیح)، بەڵام بۆ ئەوان سەیر نییە، چونکە مەسیح دەپەرستن، بەڵام کەسێك ناوی تۆ دەبیستێت وا دێتە خەیاڵی کە تۆ پێغەمبەر ﷺ دەپەرستیت کە ئەمە بیروباوەڕی موسڵمان نییە بەرامبەر بە پێغەمبەرەکەی، بەڵام ئەوەی لەسەرمان واجبە باوەڕمان وابێت (موحەممەد) بەندەو پێغەمبەری خودایە.

**عبدالنبی وتی:** بەڵام (موحەممەد) باشترین کەسەو سەرداری پێغەمبەرانەو ئێمەش لەبەر بەرەکەتو خاتری ئەو ئەم ناوە لە خۆمان دەنێینو داوای شەفاعەتی لێ دەکەن، بە لاتەوە سەیر نەبێت، براکەم ناوی (عبدالحسین)ەو باوکیشم ناوی (عبدالرسول)ە، ئەم ناوانەش بڵاوەو هەر لە کۆنەوە بابو باپیرانمان بەکاریان هێناوەو توند مەبە لە مەسەلەکەداو ئاین ئاسانە.

**عەبدوڵڵا وتی:** ئەم کارە زۆر خراپە، لەوەی پێشتر خراپترە، ئەمەش داواکردنی شتێکە لە غەیری خودا کە لە توانایدا نییە، جا ئەو کەسەی داوای لێ دەکرێت پێغەمبەر ﷺ بێت یان هەر پیاوچاکێك بێت وەکو حوسەین (ڕەزای خوای لێبێت)، ئەم کارەش پێچەوانەی یەکتاپەرستییە کە ئێمە پێویستە پەیرەوی بکەین، هەر بۆیە ڕوونکردنەوەی واتای (لا اله الا الله) چەند پرسیارێکت لێ دەکەم بۆ ئەوەی گەورەیی ئەم شتەت بۆ دەرکەوێت و خراپی ناونان بەو ناوانەوە وهاوشێوەی ئەو ناوانەت بۆ دەرکەوێت، دیارە ئامانجی من لەم شتەدا تەنها ڕوونکردنەوەی ڕاستییەو شوێنکەوتنی و دەرخستنی ناڕاستییەو دوورکەوتنەوەیەو فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپەیە. خوداش پشتیوانەو هەموو شت هەر بە دەستی ئەوە، سەرەتا من ئەو دوو ئایەتەت بیر دەخەمەوە کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا﴾ (النور: ٥١) واتە: کاتێك ئیمانداران بانگ دەکرێن بۆ ئەوەی خوای گەورە وپێغەمبەر حوکم بکات لەنێوانیاندا دەڵێن: بیستمانو گوێڕایەڵ بووین هەروەها ﴿فَإِن تَنَٰزَعْتُمْ فِى شَىْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ (النساء:٥٩) واتە: ئەگەر جیاوازییتان کەوتە نێوانەوە لە شتێکدا بیگەڕێننەوە بۆ لای خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی ئەگەر باوەڕتان هەیە بە خوداو ڕۆژی دوایی.

**عەبدوڵڵا وتی:** تۆ وتت تەنها خودا دەپەرستیت ودەڵێیت: (لا اله الا الله)، دەکرێت واتاکەیم پێ بڵێیت؟

**عبدالنبی وتی:** یەکخواپەرستی ئەوەیە باوەڕت وابێت کە خودا هەیە وزەوی وئاسمانەکانی دروست کردوەو ژیان ومردن و کاری ئەم کەونە بەدەستی ئەوەو ڕۆزیدەرو زانیارو بەدەسەڵاتە.

**عەبدوڵڵا وتی:** ئەگەر ئەمە یەکخواپەرستی بوایە فیرعەونو قەومەکەی وئەبوجەهل وهاوشێوەی ئەوان یەکخواپەرست ئەبوون، چونکە ئەوەی تۆ دەیڵێیت دەیانزانی هەروەك زۆرێك لە موشریکەکان وفیرعەون هەرچەندە بانگەشەی خوایەتی دەکرد لەدڵەوە باوەڕی

هەبوو کە خودا هەیە و ئەم کەونە بەڕێوە دەبات، بەڵگەش ئەم ئایەتەیە ﴿ وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ﴾ (النمل:١٤)، واتە: لە دڵدا باوەڕیان هەبوو، بەڵام لەبەر خۆبەزلزانین وستەمو ئینکارییان کردو باوەڕیان نەکرد، لە کاتی غەرق بوونیدا ئەم باوەڕەی کە لە دڵیدا هەبوو دەرکەوت.

بەڵام لە ڕاستییدا ئەو یەکخواپەرستییەی پێغەمبەران بۆ گەیاندنی هاتوونو کتێبەکانی بۆ ڕوونکردنەوەی هاتوونو لە پێناویدا شەڕ لەگەڵ قورەیش کرا ئەوەیە کە: تەنها خودا بپەرستین.

واتای پەرستن: ناوێکە کە هەموو کردەوەو گوفتاری ئاشکراو شاراوە کە خودا پێی خۆشەو پێی ڕازی دەبێت دەگرێتە خۆ، واتای (إله) لە (لا اله الا الله)دا ئەوەیە.

ئەو پەرستراوەیە کە بە تەنها ئەو شایەتی پەرستنە و بۆ کەسێك و شتێکی تر پەرستن ڕەوا نییە.

**عەبدوڵڵا وتی:** ئەی دەزانیت خودا بۆ پێغەمبەرانی ناردووە کە یەکەمیان نووحە؟

**عبدالنبی وتی:** بۆ ئەوەی بانگی موشریکەکان بکەن بۆ پەرستنی تەنها (الله)، وازهێنان لە هەر شەریکێکی تر.

**عەبدوڵڵا وتی:** ئەی هۆکاری شیرکی قەومەکەی نوح چی بوو؟

**عبدالنبی وتی:** نازانم.

**عەبدوڵڵا وتی:** خوای گەورە کاتیك نوحی کردە پێغەمبەرو ناردی قەومەکەی کە زیادەڕەوییان کردبوو لە بە گەورەدانانی پیاواکاندا وەك: وەد، یەسوع، یەغوث، یەعوق، نەسر.

**عبدالنبی وتی:** یەعنی مەبەستت لەوەیە کە (ود) و (سواع) و ئەوانی تر ناوی کەسانی پیاوچاکنو بێباوەڕ و زاڵم نین؟

**عەبدوڵڵا وتی:** بەڵێ، ئەوانە پیاوچاك بوون و قەومی نوح کردویانن بە خوداو عەرەبیش لەوانەوە وەریان گرتووە، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو فەرموودەیەیە کە لە ئیبن عەبباسەوە دەگێڕیتەوەو دەڵێت: « صَارَتِ الأَوْثَانُ الَّتِي كَانَتْ فِي قَوْمِ نُوحٍ فِي الْعَرَبِ بَعْدُ، أَمَّا وَدٌّ فَكَانَتْ لِكَلْبٍ بِدُومَةِ الْجَنْدَلِ، وَأَمَّا سُوَاعٌ فَكَانَتْ لِهُذَيْلٍ، وَأَمَّا يَغُوثُ فَكَانَتْ لِمُرَادٍ ثُمَّ لِبَنِي غُطَيْفٍ بِالْجَوْفِ عِنْدَ سَبَأٍ، وَأَمَّا يَعُوقُ فَكَانَتْ لِهَمْدَانَ، وَأَمَّا نَسْرٌ فَكَانَتْ لِحِمْيَرَ لآلِ ذِي الْكَلاعِ؛ أَسْمَاءُ رِجَالٍ صَالِحِينَ مِنْ قَوْمِ نُوحٍ، فَلَمَّا هَلَكُوا أَوْحَى الشَّيْطَانُ إِلَى قَوْمِهِمْ أَنْ انْصِبُوا إِلَى مَجَالِسِهِمْ الَّتِي كَانُوا يَجْلِسُونَ أَنْصَابًا وَسَمُّوهَا بِأَسْمَائِهِمْ، فَفَعَلُوا فَلَمْ تُعْبَدْ، حَتَّى إِذَا هَلَكَ أُولَئِكَ وَتَنَسَّخَ الْعِلْمُ عُبِدَتْ » (البخاري). ئەو بتانەی لە قەومی نوحدا هەبوون دواتر لەناو خێڵەکانی عەرەبدا دەپەرستران، (ود) هی هۆزی (کلب) بوو لە (دومە الجندل)، (سواع) هی (هذیل) بوو، (یغوث) هی (مراد) بوو، دواتر بوو بە هی (بنی غطیف) لە (سبأ)، (یعوق) هی همدان بوو، (نسر) هی (حمیر) بوو، ئەمانە پیاوچاك بوون دوای ئەوەی وەفاتیان کرد شەیتان خستییە دڵی قەومەکەیانەوە کە لەو شوێنەی ئەم پیاوچاکانە دادەنیشن، هەیکەلیان بۆ بکەنو ناوی خۆیانی لێ بنێن، ئەوانیش ئەوەیان کردو هەتا ئەو خەڵکە مابوو نەپەرستران، بەڵام دوای ئەوەی ئەوان مردن و زانست لەناویاندا نەما دەیانپەرستن. (بخاري).

**عبدالنبی وتی:** ئەمە شتێکی سەیرە.

**عەبدوڵڵا وتی:** ئەی بۆ لەمە سەیرترت بۆ باس نەکەم؟ بزانە کە موحەمەد ﷺ کە خاتەمی پێغەمبەرانە خوای گەورە بۆ قەومێکی ناردووە، داوای لێخۆشبوون دەکەن، عیبادەت دەکەن، تەواف دەکەن، حەج دەکەن، خێریش دەکەن، بەڵام هەندێك لە دروستکراوەکانی خودایان خستۆتە بەینی خۆیانو خودا (وسائط) بۆ ئەوەی لە خودا نزیکیان بکەنەوەو شەفاعەتیان بۆ بکەن، وەك: فریشتەکان، و عیسا پێغەمبەر (عليه السلام) و هەروەها غەیری ئەمانیش. خوای گەورەش موحەممەدی نارد ﷺ کە ئاینەکەی باپیرەیان ئیبراهیم (عليه السلام) یان بۆ زیندوو بکاتەوە پێیان بڵێت: کە پەرستنی شتانێك بۆ نزیك بوونەوە لە خودا جائیز نییە، هەموو ئەو شتانەی بۆ بتەکانیان دەکەن تەنها شایەنی خودایە. ئەو دروستکەرەو تەنهایەو شەریکی نییەو ڕۆزیدەرە، بە تەنها زەویو ئاسمانەکان و ئەوەی نیشتەجێی زەویی ئاسمانەکانە هەموو بەندەی ئەونو لە ژێر دەسەڵاتی ئەودان، بەڵکو هەتا ئەو بتانەی کە دەیانپەرستن بێباوەڕەکان دەیانزانی لە ژێر دەسەڵاتی خودادان.

**عبدالنبی وتی:** ئەمە قسەگەلێکی سەیرترەو ترسناکە، هیچ بەڵگەت هەیە لەسەری؟

**عەبدوڵڵا وتی:** بەڵگە لەسەر ئەمانە زۆرن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴾ (یونس:٣١) واتە: پێیان بڵێ کێ لە ئاسمانەوە ـ بە هۆی بارانەوە ـ و لە زەوییەوە ـ بە هۆی خاکەوە ـ ڕۆزیتان دەدات، یان کێ بیستنو بینینی بەدەستە، ئەی کێ زیندوو لە مردو دەرهێنێتو مردووش لە زیندوو، یان کێ کارو فرمانەکان ـ ی ئەم بوونەوەرە ـ بەجێ دەهێنێت؟ بێگومان دەڵێن (الله)، تۆش پێیان بڵێ ئەی لە خودا ناترسن، ئەی ئەمانە مایەی ئەوە نییە لە خودا بترسن هەروەها دەفەرموێت ﴿ قُل لِّمَنِ الْأَرْضُ وَمَن فِيهَا إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٤﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٨٥﴾ قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ ﴿٨٦﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٨٧﴾ قُلْ مَن بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٨﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ ﴾ (المؤمنون:٨٤ ـ٨٩)، واتە: پێیان بڵێ زەویو ئەوانەیشی کە تێیدان موڵکی کێن ئەگەر زانیارن؟ ئەوانیش دەڵێن هی (الله)یە، تۆش پێیان بڵێ: ئەی بۆ بیر ناکەنەوە، پێیان بڵێ کێ پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکانو عەرشی گەورەیە، ئەو کاتە دەڵێن (الله)، تۆش پێیان بڵێ ئەی بۆ لە خودا ناترسن، ئەی ئەمە مایەی ئەوە نییە لە خودا بترسن، پێیان بڵێ کێ خاوەندارێتی هەموو شتێکی بەدەستەو پەنای خەڵك دەداتو کەس توانای ئەوەی نییە پەنای کەسێك بدات لە سزای خوا ئەگەر ئێوە دەزانن، ئەوانیش دەڵێن : هی (الله)یە تۆش بڵێ: ئەی چۆن گومڕا دەکرێن ودەخەڵەتێنرێن.

موشریکەکان لەکاتی حەجدا دەیانوت: (لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك، إلا شريكا هو لك، تملكه وما ملك). واتە: خودایە ئێمە گوێڕایەڵی تۆ دەکەینو شەریکت نییە مەگەر شەریکێك بە خۆیو موڵکەکەیەوە موڵکی تۆ بێت، دان پێدانانی موشریکەکانی قوڕەیش بەوەی کە تەنها خودا کاروباری بوونەوەری بە دەستە یان (توحيد الربوبية ـ یەکخواپەرستی پەروەردگارێتی) بە تەنها نەیانی کردووە بە موسڵمان، بەڵام پەرستن و داواکردن لە فریشتە و پێغەمبەر و پیاوچاکان بە مەبەستی شەفاعەت نزیکبوونەوە لە خودا

وای کردووە بە بێباوەڕ لەقەڵەم بدرێنو خوێنوماڵیان حەڵاڵ بێت، کەوابوو دوعاو نەزرو قوربانی ـ سەربڕین ـ داواکردنی یارمەتی هەموو جۆرێکی عیبادەت دەبێت تەنها بۆ خودا بێت.

**عبدالنبی وتی:** ئەی ئەگەر یەکخواپەرستی باوەڕهێنان نییە بە بوونی خواو خاوەنداریێتی بوونەوەر، وەك تۆ دەڵێیت، ئەی کامەیە؟

**عەبدوڵڵ وتی:** ئەو یەکخواپەرستییەی موشریکەکان رازی نەبوون دانی پێدابنێنو پێغەمبەران هاتوون بۆ گەیاندنی ئەوەیە کە: تەنها پەرستن بۆ خودا بکەیت، هیچ جۆرێکی عیبادەت بۆ غەیری ئەو ئەنجام نەدەیت، وەك: دوعاو نەزرو سەربڕینو داوای یارمەتیو فریاکەوتنو ئەوانی تر، هەر ئەم یەکخواپەرستییە واتەی (لا اله الا الله)یە کە هیچ خودایەکی بەهەق نییە جگە لە (الله)، بە لای موشریکەکانی قورەیشەوە (إله) واتە خودا، هەر شتێکە کە عیبادەتی بۆ بکرێت، جا ئەو شتە یان کەسە پادشا بێت، پێغەمبەر بێت، پیاوچاك بێت، دار بێت، قەبر بێت، جنۆکە بێت، مەبەستیان نەبووە لەو شتانەی بپەرستن لە غەیری خودا توانای دروست کردنو رۆزی دان و بەڕێوەبردنی کاروباری بوونەوەر هەبێت، بەڵکو دەیانزانی ئەو شتانە تەنها لە دەسەڵاتی پەروەردگاردایە.

هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ هاتو بانگی کردن بۆ وتەی (لا اله الا الله) و پەیڕەوکردنی واتاکەی نەك تەنها وتنی بە زمان.

**عبدالنبی وتی:** هەروەك بتەوێ کە بڵێیت: موشریکەکانی قورەیش لە واتای (لا اله الا الله) لە زۆر موسڵمانی ئەمڕۆ باشتر گەیشتبوون؟

**عەبدوڵڵ وتی:** بەڵێ، ئەوەش واقیعێکی دڵ ناخۆشکەرە، چونکە بێباوەڕەکان دەیانزانی مەبەستی پێغەمبەر ﷺ بەو وشەیە: پەرستنی خودای تاكو تەنهاو بەری بوونە لە هەر شتێکی تر جگە لە خودا بپەرسترێت، چونکە کاتێك پێغەمبەر ﷺ پێی وتن: بڵێن (لا اله الا الله)، بێباوەڕەکان وتیان: چۆن هەموو خوداکانی کردووە یەك، ئەمە شتێکی سەیرە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەیانزانی کە خودای گەورە بەڕێوەبەری ئەم کەونەیە، جا ئەگەر بێباوەڕەکان ئەوەندە لە واتای ئەو وشەیە گەشتبێتن، سەیر ئەوەیە کە خەڵکێك خۆی بە موسڵمان دەزانێت، بەڵام ئەوەندەی بێباوەڕەکان لەو وشەیە نەگەیشتووە: بە بڕاوی ئەوان تەنها گوزارشتی ئەو وشەیە بەزمان بەبێ ئەوەی دڵ کردەوەی هەبێت لەو وتەیەدا، ئەوەشی کە زۆر زیرەکە پێی وایە کە واتای وشەکە ئەوەیە کە تەنها خودا رۆزیدەرەوو دروستکەرەو بەڕێوەبەری کەونە، کەوابوو هیچ خێرێك هەیە لە کەسانێك بانگەشەی موسڵمانیەتی دەکەن، بەڵام ئەوەندەی بێباوەڕەکان لە واتای ئەو وشەیە نەزانن.

**عبدالنبی وتی:** بەڵام ئەم ئایەتە لەسەر بێباوەڕە بت پەرستەکان هاتۆتە خوارەوە، چۆن پیاوچاکان و پێغەمبەران و بتەکان وەك یەك حسێب دەکرێت؟

**عەبدوڵڵ وتی:** وەك پێشتر باسمان کرد هەندێك لە بتەکان بە ناوی پیاوچاکانەوە ناونراون وەك کاتی نوح (عليه السلام)، بێباوەڕەکانیش مەبەستیان نزیکبوونەوە بووە لە خودا، بەڵگەش ئەم ئایەتەیە ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ (الزمر:٣) ئەوانەی کە جگە لەخوا پشتیان بەشتی تر بەستووە وبەخوایان هەڵبژاردوە دەیانوت تەنها بۆ نزیکبوونەوە لە خودا دەیانپەرستین.

ئەمجا ئەوەی کە دەڵێیت چۆن پێغەمبەرو پیاوچاکان وبتەکان وەك یەك حسێب دەکەن؟
لەوەڵامدا دەڵێم: بێباوەڕان هەندێك پیاوچاکیان کردبوو بەخودا ولێی دەپاڕانەوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ ۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا ﴾ (الإسراء:٥٧) واتە : ئەوانەی کەئەوان هانا وهاواریان بۆ دەبەن، کامیان لەخوا نزیکترە؟ لەکاتێکدا کە ئەوان خۆیان هاوار لەخوا دەکەن وڕێگەی نزیك بوونەوە لەخوا دەگرنەبەر، و چاوەڕوانی ڕەحمەتی دەکەن، ولەسزا وتۆڵەشی دەترسن، بەڕاستی سزای پەروەردگارت وەها سەختە کەدەبێت هەموو کەس خۆی لێبپارێزێت، وەهەندێکی تر عیسی پێغەمبەر ( عليه السلام ) ودایکیان کردوە بەخودا ولێیان دەپاڕێنەوە وەك خــودا دەفــەرموێت :﴿ وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَّهِ ﴾ (المائدة:١١٧) واتە : وەبیر خەڵکی بهێنەرەوە کاتێك کە خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دەفەرموێت : ئەی عیسای کوڕی مەریەم ئایا تۆ بەو خەڵکەت ووت کە من و دایکم بکەن بە دوو خودا جگە لە ( الله ) ؟
هەندێکی تریان فریشتەکان دەپەرستن وهانا وهاواریان بۆ دەبەن وەك دەفەرموێت : ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَائِكَةِ أَهَٰؤُلَاءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا يَعْبُدُونَ ﴾. (سبأ:٤٠) واتە : ڕۆژێك دادێت کە خوای گەورە تەواوی ( پەرستراو ئەو کەسانەشی دەیانپەرستن ) کۆ دەکاتەوە وئەمجا بۆ لۆمەیەیان خوای گەورە بەفریشتەکان دەفەرموێت : ئایا ئائەمانە بوون کە ئێوەیان دەپەرست ؟
چاك بیر لەم ئایەتە پیرۆزانە بکەرەوە کەچۆن خوای گەورە ئەو کەسانەی بە بێباوەڕ داناوە کە بتەکانیان پەرستوە، دیسان بەهەمان شێوە و بەبێ جیاوازی ئەو کەسانەشی بەبێباوەڕ داناوە کە پیاوچاکەکان و پێغەمبەرانیشیان بەخوا زانیوە، پێغەمبەریش ﷺ شەڕی لەگەڵ هەموویان کردووەو بەبێ جیاوازی.
**عبدالنبی وتی:** بەڵام بێباوەڕەکان داوای شتیان لێ دەکەن، بەڵام من دەزانم کە تەنها خودا توانای سوودگەیاندن وزەرەر گەیاندنی هەیەو تەنها لەخودا ئەوە داوا دەکەمو پیاوچاکان توانای ئەوەیان نییە، بەڵام تەنها شەفاعەتی ئەوانم دەوێت.
**عەبــدوڵڵ وتــی:** ئــەم قســەیــەت ڕێك وەك قســـەی بێبـــاوەڕەکانــە، بـــەڵگــەش ئەم ئـایەتــەیـە﴿ وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ ﴾ (يونس:١٨) ئەو شتانەی توانای گەیاندنی سوودو زەرەری نییە دەیانپەرستنو دەڵێن ئەمانە شەفاعەتمان بۆ دەکەن لای خودا.
**عبدالنبی وتی:** بەڵام من غەیری خودا ناپەرستم، داواکردنو پەنابردنە بەر ئەوان عیبادەت نییە.
**عەبدوڵڵ وتی:** بەڵام داوات لێ دەکەم دان بەوەدا بنێیت کە خودا فەرزی کردووە ئیخلاصیو نیەتپاکیت هەبێت لە عیبادەتدا بۆ خوداو تەنها ئەو بپەرستیت، هەروەك لە قورئاندا دەفەرموێت ﴿ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ ﴾ (البينة: ٥) واتە: فەرمانیان پێ کراوە تەنها خودا بپەرستن وبەپاکی ودڵسۆزی وملکەچی فەرمانبەرداری ئاین و بەرنامەکەی بن و لابدەن لەهەموو ئاین وبەرنامەیەکی تر جگە لەئیسلام.
**عبدالنبی وتی:** بەڵێ ئەوەی فەرزە لەسەرم.
**عەبدوڵڵ وتی:** باشە ئەوەی خوا فەرزی کردووە لە سەرت چییە؟ ڕوونی بکەوە، پەرستنی خودا بەتەنها؟

**عبدالنبی وتی:** بەڵێ ئەزانم مەبەستت چییە بەو پرسیارە، فەرموو روونی بکەوە.
**عەبدوڵڵا وتی:** گوێم لێ بگرە تا بۆت روون بکەمەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةًۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴾ (الأعراف:٥٥) واتە: دوعا بکەن بە ملکەچیو شاراوە خوای گەورە زیادەڕەوی خۆش ناوێت، ئایا دوعا عیبادەتە یان نا؟
**عبدالنبی وتی:** بەڵێ بنچینەی عیبادەتە وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت « الدُّعَاءُ هُوَ الْعِبَادَةُ »، (أبوداود) واتە: دوعا عیبادەت وپەرستنە.
**عەبدوڵڵا وتی:** کەوابوو دانت نا بەوەی دوعا عیبادەتە، کاتێك بە شەوو ڕۆژ دوعا دەکەیت کاتێك پێویستییەکت هەیەو داوا لە خودا دەکەیت، لە هەمان کاتدا داوا لە پێغەمبەرێك یان پیاوچاکێك لە قەبرەکەیدا بکات، ئایا شیرکی قەرار نەداوە لەو عیبادەتەدا؟
**عبدالنبی وتی:** بەڵێ ڕاستە ئەوە شەریك قەراردانەو ئەمە شتێکی روونە.
**عەبدوڵڵا وتی:** نموونەیەکی تر: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنۡحَرۡ ﴾ (الكوثر:٢) واتە: نوێژو سەربڕین بۆ خودا بکە، کاتێك تۆ گوێڕایەڵی خودا دەکەیتو قوربانی بۆ خودا دەکەیت، ئایا عیبادەتە یان نا؟
**عبدالنبی وتی:** بەڵێ ئەوە عیبادەتە.
**عەبدوڵڵا وتی:** ئەی ئەگەر بۆ کەسێکی تر قوربانیت کرد جنۆکە بێت یان مرۆڤ، ئایا شەریکت بۆ خودا داناوە یان نا؟
**عبدالنبی وتی:** بەڵێ ئەوە شەریك دانانە بەبێ گومان.
**عەبدوڵڵا وتی:** من دوو نموونەم هێنایەوە لەسەر دوعا کە عیبادەتێکی گوزارشتەو سەربڕین کە کردەوەیە، عیبادەتیش تەنها ئەو دووانە نین‌و فراوانترە لەو دووانە، نەزرو سوێند خواردن‌و پەناگرتن‌و داوای یارمەتی کردن هەمووی عیبادەتە. بەڵام موشریکەکان کە قورئان لە کاتیاندا هاتە خوارەوە فریشتەو پیاوچاکان‌و لاتو عوززایان دەپەرست.
**عەبدوڵڵا وتی:** بەڵێ دەیانپەرست.
**عبدالنبی وتی:** ئەی عیبادەتەکەیان بۆ ئەوانە تەنها لە دوعاو سەربڕین‌و پەناگرتن و داوای یارمەتی نەبوو؟ ئەگینا ئەوان دەزانن کە بەندەی خودان‌و لە ژێر دەسەڵاتی ئەودان‌و هەر ئەو کاروباری بوونەوەر هەڵدەسوڕێنێت، بەڵام پەنایان بردە بەر ئەوانە بۆ شەفاعەت و نزیکبوونەوە لە خودایە، ئەمەش زۆر ئاشکرایە.
**عبدالنبی وتی:** ئەی عەبدوڵڵا، ئایا تۆ شەفاعەتی موحەممەد ﷺ ئینکاری دەکەیت و خۆتی لێ بەری دەکەیت؟
**عەبدوڵڵا وتی:** نەخێر من ئینکاری ناکەم‌و خۆمی لێ بەری ناکەم، بەڵکو پێغەمبەر ﷺ دایك‌و باوکم بە قوربانی بێت شەفاعەت دەکات‌و شەفاعەتی لێوەردەگیرێت، من هیوام وایە بەر شەفاعەتی ئەو بکەوم، بەڵام شەفاعەت هەمووی هی خودایە وەك دەفەرموێت: ﴿ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗا ﴾ (الزمر:٤٤) بەبێ مۆڵەتی ئەو شەفاعەت ناکرێت، وەك دەفەرموێت: ﴿ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦ ﴾ (البقرة :٢٥٥) واتە: کێ دەتوانێت شەفاعەت بکات بەبێ مۆڵەتی ئەو ـ خودا ـ هەرکەس خودا نەیەوێت شەفاعەتی بۆ ناکرێت، وەك دەفەرموێت: ﴿ وَلَا يَشۡفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ ﴾ (الأنبياء: ٢٨) دیارە خودا تەنها بە یەکخواپەرست ڕازی

دەبێت، وەك دەفەرموێت : ﴿وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ﴾(آل عمران:٨٥) واتە: هەركەس جگە لە ئیسلام دینێكی تری هەبێت لێی وەرناگیرێتو لە دوارۆژدا خەسارەتمەندە. جا هەركات شەفاعەت هەمووی هی خودا بوو، بە مۆڵەتی ئەو بوو، مۆڵەتی كەسەكانیش هەر هی ئەو بوو، مۆڵەتی تەنها یەكخواپەرستیش دەدات من داوای شەفاعەت لە خودا دەكەمو دەڵێم: خوایە بەر شەفاعەتی پێغەمبەرم بخەیت.

**عبدالنبی وتی:** رێكەوتین لەسەر ئەوەی كە ناتوانین داوای شتێك لە یەكێك بكەین كە نیەتی، بەڵام پێغەمبەر ﷺ شەفاعەتی دراوە پێی، كەوابوو مولكی خۆیەتی، بەو شێوەش رەوایە داوای شتێكی لێ بكەم كە هەیەتیو شیرك نییە؟

**عەبدوڵڵ وتی:** بەڵێ ئەمە راستە ئەگەر خودای گەورە خۆی نەهی نەكردبایە لە داواكردن لە غەیری خۆی وەك دەفەرموێت: ﴿فَلَا تَدۡعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدٗا﴾ (الجن: ١٨)، واتە: لەگەڵ خوا داوا لە كەسی تر مەكەن. داواكردنی شەفاعەتیش دوعایە، جا ئەو كەسەی شەفاعەتی داوە بە پێغەمبەر ﷺ هەر خودایە، ئەوەشی رێگری لێ كردووە لە داواكردنی لە غەیری خودا هەر خودایە.

شەفاعەت كردنیش تەنها بۆ پێغەمبەر ﷺ نییە، بەڵكو فریشتەو منداڵی نابالغو پیاوچاكان شەفاعەت دەكەن، ئایا دەبێت بڵێین خودا شەفاعەتی داوە بەوانو منیش داوایان لێ دەكەم؟

ئەگەر بڵێی وا دەكەم دەگەڕێیتەوە بۆ عیبادەتی پیاوچاكان كە لە قورئاندا باس كراوە، ئەگەر بڵێی نەخێر ئەوا ئەو وتەیەت كە دەڵێیت: شەفاعەت دراوە پێی و منیش داوای لێ دەكەم بەتاڵ دەبێتەوە.

**عبدالنبی وتی:** بەڵام من عیبادەتی غەیری خودا ناكەمو شەریكی بۆ قەرار نادەم، پەنابردنە بەر پیاوچاكانیش شیرك نییە؟

**عەبدوڵڵ وتی:** دان دەنێیت بەوەدا كە خودا شیركی حەرام كردووە زیاتر لە زیناو لێی خۆش نابێت؟

**عبدالنبی وتی:** بەڵێ دانی پێدا دەنێم، ئەوە شتێكی ئاشكرایە لە قورئاندا.

**عەبدوڵڵ وتی:** ئێستا دەڵێیت من موشریك نیم دەی ئێستا بۆم روون بكەوە ئەو شیركەی كە تۆ تووشی نەبووی كامەیە؟

**عبدالنبی وتی:** شیركی عیبادەتی بتەكانە، داوا لێ كردنو روو تێ كردنە.

**عەبدوڵڵ وتی:** ئەی واتای عیبادەتی بتەكان چییە؟ تۆ پێت وایە كافرەكانی قورەیش باوەڕیان وابوو كە ئەو دار و بەردانە خەڵك دروست دەكەنو رۆزییان دەدەنو كاروباری بوونەوەریان بە دەستە؟ ئەوان باوەڕیان وانەبووە؟

**عبدالنبی وتی:** منیش باوەڕم وانییە، بەڵكو ئەوانەی روو دەكەنە دار و بەرد و قەبر، داوایان لێ دەكەن وسەربڕینیان بۆ دەكەنو دەڵێن: ئەمانە لە خودامان نزیك دەكەنەوە و خوداش بە بەرەكەتی ئەمانە پارێزگاریمان لێ دەكات، من مەبەستم لە عیبادەتی بتەكان ئەمەیە.

**عەبدوڵڵ وتی:** راست دەكەیت ئەو شتانەی لای بتو قەبرو هاوشێوەكانی دەكرێت، هەروەها دەڵێیت: شیرك عیبادەتی بتەكانە، ئایا مەبەستت ئەوەیە ئەمە تایبەتە بەوانەی كە ئەو شتانە دەكەن؟ واتە پەنابردنە بەر پیاوچاكان ـ مردوو ـ داوا كردن لێیان شیرك نییە؟

**عبدالنبی وتی:** بەڵێ مەبەستم لەوەیە.
**عەبدوڵڵا وتی:** ئەو هەموو ئایەتەی بۆم باس کردیت کە داواکردن لە پیاوچاکان و فریشتەکان بە شیرك لە قەڵەم دەدات چی لێهات.
**عبدالنبی وتی:** بەڵام ئەوانەی داوایان لە فریشتەو پێغەمبەران کردووە لەبەر ئەوە کافر نەبوون، بەڵکو کافر بوون لەبەر ئەوەی وتوویانە فریشتە کچی خودان و مەسیح کوڕی خودایە، بەڵام ئێمە ناڵێین: عەبدولقادر کوڕی خودایە، یان زەینەب کچی خودایە.
**عەبدوڵڵا وتی:** دانانی کوڕ بۆ خوای گەورە خۆی بۆ خۆی کوفرێکی سەربەخۆیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ﴾(الإخلاص: ١-٣) واتە: پێیان بڵێ خودا تاکە وهەموان پێویستیان بەوە، لە کەس نەبووە وکەسی لێ نەبووە. لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت: ﴿مَا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنْ إِلَٰهٍ ۚ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍۭ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ (المؤمنون:٩١) واتە: خوای گەورە کوڕی نییەو شەریکیشی نییە. لێرەدا شیرکو هاوەڵدانانی بە جیا لە دانانی کوڕ باس کردووە، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوانەی عیبادەتی لاتیان دەکرد نەیان دەوت کوڕی خوایە، بەڵام بێباوەڕبوون، هەروەها عیبادەتی جنۆکە، هەر چوار مەزهەبەکەش دەڵێن: هەر موسڵمانێك باوەڕی وابوو خودا کوڕی هەیە، لە دین دەردەچێتو مورتەدە، هەروەها کەسێکیش شەریك بۆ خودا قەرار بدات، واتا جیاوازی دەکەن لەو دوو شتەدا.
**عبدالنبی وتی:** بەڵام، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ ( یونس:٦٢) ، واتە: بە دڵنیاییەوە ئەولیاکانی خودا لە ڕۆژی دواییدا هیچ ترسو خەم وخەفەتیان نییە.
**عەبدوڵڵا وتی:** ئێمەش باوەڕمان بەوە هەیە، بەڵام نەك بپەرسترێن، ئێمە تەنها ئینکاری عیبادەتکردنیان دەکەینو بکرێن بە شەریکی خودا، ئەگینا واجبە خۆشت بوێن و شوێنیان بکەویت ودان بنێیت بە کەرامەتەکانیاندا. ئەوەشی ئینکاری لە کەرامەتەکانیان دەکات بیدعەچییەکانن، ئاینی خوداش ناوەندگیرە لە نێوان دوو لادا، هیدایەتە لە نێوان دوو گومڕاییدا، هەقێکە لە نێوان دوو باتڵدا.
**عبدالنبی وتی:** ئەوانەی قورئانیان لەسەر هاتۆتە خوارەوە شایەتومان ناهێنن و ناڵێن خودا تاکەو پێغەمبەر ﷺ بەدرۆ دەخەنەوە، ئینکاری لە زیندووبوونەوە دەکەنو قورئان بە درۆ دەخەنەوەو دەڵێن سیحرە، بەڵام ئێمە شایەتی دەدەین کە خودا تاکەو موحەممەد پێغەمبەری ئەوەو باوەڕ بە قورئان دەکەینو باوەڕ بەزیندووبوونەوە دەکەین، نوێژ دەکەینو ڕۆژوو دەگرین، چۆن وەك ئەوان لە قەڵەممان دەدەن؟
**عەبدوڵڵا وتی:** بەڵام زانایان یەکڕان لەسەر ئەوەی ئەگەر کەسێك باوەڕی بە پێغەمبەر ﷺ کرد لە هەندێ شتداو بە درۆی خستەوە لە هەندێکی تردا بێباوەڕە و موسڵمان نییە، بەهەمان شێوە کەسێك باوەڕی بەشتێك لەقورئان هەبێتو باوەڕی بەوەی تری نەبێت، وەك کەسێك وایە دان بنێت بە تەنهایی خوداداو باوەڕی بە نوێژ نەبێت یان باوەڕی بە تەنهاییو نوێژ هەبێت و باوەڕی بە ڕۆژوو نەبێت، یان باوەڕی بەوانە هەبێت بەڵام باوەڕی بە زەکات نەبێت، یان باوەڕی بەوانە هەموو هەبێت و باوەڕی بە حەج نەبێت، چونکە کاتێك خەڵکێك

پابەندی حەج کردن نەبوون، لـــە کاتـــی پێغەمبەردا ﷺ خوای گەورە ئەم ئایەتەی لەسەر ناردنە خوارەوە ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ (آل عمران:٩٧) واتە: خوای گەورە حەجی لەسەر خەڵك فەرز کردووە ئەگەر توانایان هەبێت، هەر کەس باوەڕی نەبێت خوای گەورە بێباكو دەوڵەمەندەو پێویستی بە کەس نییە. بەهەمان شێوە هەرکەس باوەڕی بە زیندووکردنەوە نەبێت بێباوەڕە، هەر بۆیە خوای گەورە بە ئاشکرا لە قورئاندا دەفەرموێت ئەو کەسەی باوەڕی بە هەندێك لە قورئان هەبێتو باوەڕی بە هەندێکی تر نەبێت بێباوەڕە، بۆیە فەرمانی کردووە ئیسلام بە گشتی قەبوڵ بکرێت، ئایا ئێستا دان بەوەدا دەنێیت کە ئەگەر کەسێك باوەڕی بە هەندێك بیروباوەڕی ئیسلام هەبێت و بە هەندێکی تری نەبوو بێباوەڕە؟

**عبدالنبی وتی:** بەڵێ دان بەمەدا دەنێم، ئەمەش شتێکی ئاشکرایە لە قورئاندا.

**عەبدوڵڵا وتی:** کەواتە دان دەنێیت بەوەدا ئەگەر کەسێك باوەڕی بە هەموو شتێك کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی هێناو باوەڕی بە نوێژ نەبوو یان زیندووبوونەوە، ئەوە بێباوەڕە بە یەکڕایی زانایان، قورئانیش باسی لەمە کردووە، کەوابوو بزانە یەکخواپەرستی گەورەترین فەرزێکە کە پێغەمبەر ﷺ هیناویەتیو گەورەترە لە نوێژو ڕۆژوو و زەکات و حەج، ئەی چۆن کەسێك باوەڕی بە یەکخواپەرستی نەبێت کە ئاینی هەموو پێغەمبەرانە بێباوەڕ نابێت، (سبحان الله) ئەم نەزانینە چییە؟

بەهەمان شێوە سەیری هاوەڵان بکە چۆن شەڕیان کرد لەگەڵ بەنی حەنیفەدا لە یەمامەدا، هەرچەندە موسڵمان بوونو شەهادەتیان دەدا کە خوا یەکەو موحەممەد پێغەمبەری ئەوە، نوێژ و بانگیان بەجێ دەهێنا.

**عبدالنبی وتی:** بەڵام ئەوان باوەڕیان وابوو کە موسەیلەمە پێغەمبەرە، ئێمەش دەڵێین دوای موحەممەد کەس نابێتە پێغەمبەر.

**عەبدوڵڵا وتی:** بەڵام ئێوە هەندێك لە پیاوچاکان و فریشتەکان و پێغەمبەران و هاوەڵان بەرز دەکەنەوە بۆ ڕیزی خودای ئاسمانو زەوی، ئەی کەسێك کەسێکی تر بەرز کاتەوە بۆ پلەی پێغەمبەرایەتی بێباوەڕ بێتو خوێنو ماڵی حەلاڵ بێت و شەهادەت و نوێژ فریای ناکەوێت، بە دڵنیاییەوە گەر بەرزی بکاتەوە بۆ پلەی خودا بێباوەڕ دەبێت. هەروەها ئەوانەی عەلی سوتاندنی بە ئاگر، کەسانێك بوون دەیانوت موسڵمانینو زانستیان لەسەر دەستی هاوەڵان وەرگرتبوو، بەڵام باوەڕیان بەرامبەروابوو کە عەلی خودایە و زیان و سوودی بەدەستە، ئەی چۆن هاوەڵان یەکڕا بوون لەسەر بێباوەڕبوون و کوشتنیان؟ بەهەمان شێوەیەی کەسانێك هەن باوەڕیان بە (شێخ عبدالقادری گەیلانی) وکەسانی وەك ئەوە کە هانا وهاواریان بۆ دەبەن و لێیان دەپاڕێنەوە وداوای ڕزق و ڕۆزی ومناڵ یێ بەخشینی لێ دەکەن، کە هەموو ئەمانە هیچیان لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ڕێگایان پێ نەدراوە وخاوەنەکەیان لە دین دەخاتە دەرەوە، ئایا تۆ پێت وایە هاوەڵان بەبێ هیچ هۆیەك موسڵمان بە بێباوەڕ دابنێن؟ یان پێت وایە هەر چۆن باوەڕت هەبێت بەرامبەر بە شێخ ئاساییە، بەڵام بەرامبەر عەلی ئەو بڕوایەت هەبێت بێباوەڕ دەبێت؟

**هەروەها دەوترێت:** ئەگەر ئەوانە بێباوەڕ نەبوون، بەڵام موشریك بوونو قورئانو پێغەمبەریان بەدرۆ خستۆتەوەو باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نەبووە، ئەی بۆ زانایان لە کتێبە فیقهییەکاندا لە هەموو مەزهەبەکاندا بەشێکی تێدایە بە ناوی (حوکمی مورتەد)، واتە ئەو موسڵمانەی بێباوەڕ دەبێت دوای هاتنە ناو ئیسلامەوە، دواتر هەندێك شت باس دەکەن موسڵمان بە ئەنجامدانی لە ئیسلام دەردەچێت، هەتا شتی زۆر کە سادەی وەك: وشەیەك کە خودا رقی لێ بێت یان گاڵتەکردنی تێدابێت بە ئیسلام وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمۡ تَسۡتَهۡزِءُونَ ٦٥ لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡۚ ﴾ (التوبة:٦٥-٦٦)واتە: پێیان بڵێ: (ئەی موحەممەد)، ئایا بە خوداو ئایەتەکانی وپێغەمبەرەکەی گاڵتەتان دەکرد، پێویست بە پاساو هێنانەوە ناکات دوای ئەوەی ئیمانتان هێنا بێباوەڕ بوونەوە، ئەمانە کە قورئان بە بێباوەڕیان دەزانێت، کەسانێك بوون لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ لە غەزای تەبوکدا شتێکیان وتبوو بەحسابی خۆیان بەگاڵتەوە وتبوویان، هەروەها دەوترێت خوای گەورە کە باسی بەنی ئیسرائیل دەکات ـ کۆمەڵێکیان ـ چەند باش بوون، بەڵام بە موسایان وت: بتێکمان بۆ بکە بە خودا، هەروەها کەسانێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دارێکمان بۆ دیاری بکە با شتەکانمانی پێدا هەڵبواسین بۆ تەبەڕوك (ذات أنواط)، پێغەمبەر ﷺ سوێندی خوارد ئەمە رێك قسەی بەنی ئیسرائیلییەکانە کە وتیان: ﴿ ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰهٗا كَمَا لَهُمۡ ءَالِهَةٞۚ ﴾ (الأعراف:١٣٨) واتە : ئەی موسا وەك ئەوەی ئەوان خودایان هەیە تۆش خودایەك بۆ ئێمە دابنێ — کەمەبست ئەوە بوو بتێکیان بۆ دابنێت — .

**عبدالنبی وتی:** بەڵام بەنی ئیسرائیل و هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بەو وتانە بێباوەڕنەبوون.

**عەبدوڵڵا وتی:** وەڵامەکەی: بەنی ئیسرائیل وئەوانەی داواکەیان کرد لە پێغەمبەرەکەیان، نەیان کرد وئەگەر داواکەیان بەجێ بهێنایە بێباوەڕدەبوون، هاوەڵانی موحەممەد ﷺ ئەگەر (ذات أنواط)یان بۆ خۆیان دانایە دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ نەهی لێ کردن بێباوەڕ دەبوون.

**عبدالنبی وتی:** ئیشکالێکی ترم هەیە، ئەویش بەسەرهاتی ئوسامەی کوڕی زەیدە، کاتێك لە شەڕدا دوژمنەکەی کوشت دوای ئەوەی وتی (لا الە الا اللە) و دواتر پێغەمبەر ﷺ سەرکۆنەی کردو فەرمووی: کوشتت دوای ئەوەی وتی (لا الە الا اللە) (البخاری)، هەروەها فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ « أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ» (مسلم)، واتە: فەرمانم پێکراوە شەڕ لەگەڵ خەڵك بکەم هەتا دەڵێن (لا الە الا اللە) چۆن تەبایی نێوان ئەم دوو فەرموودەو وتەکانی تۆ بکەم؟

**عەبدوڵڵا وتی:** ئەوەی ئاشکرایە پێغەمبەر ﷺ شەڕی لەگەڵ جولەکە کردووە وتاڵانی کردوون ودەشیان وت (لا الە الا اللە)، هەروەها هاوەڵانی شەڕیان کرد لەگەڵ بەنی حەنیفەدا لە کاتێکدا شەهادەتیان دەدا کە خودا تەنهایە وموحەممەد پێغەمبەری ئەوەو نوێژیان دەکرد، هەروەها عەلی کۆمەڵێکی سوتاند، ئەمجا تۆ دەڵێیت کەسێك ئینکاری زیندووبوونەوە بکات بێباوەڕە وکوشتنی ڕەوایە، ئەگەرچی بڵێت (لا الە الا اللە)، هەروەها کەسێك یەکێك لە رووکنەکانی ئیسلام ئینکاری بکات بێباوەڕە وکوشتنی حەڵاڵەو هەتا شەهادەتیش بدات، ئەی چۆن (لا الە الا اللە) سوودی نییە بۆ کەسانێك تەنها ئینکاری لقێکیان کردووە و سوودی هەیە بۆ کەسانێك ئینکاری یەکخواپەرستی بکەن کە بنچینەی ئاینە؟!

رەنگە تۆ مانای ئەم فەرموودانە تێنەگەیشتبیت، فەرموودەکەی ئوسامە: ئوسامە کەسێکی کوشت کە خۆی بەموسڵمان دەزانی و موسڵمان بوو، بەڵام ئوسامە وای زانی تەنها لە ترسی شمشێردا وتوویەتی، بەڵام ئەو کەسەی خۆی بە موسڵمان پیشان دەدات دەبێت وازی لێ بهێنی هەتا دەردەکەوێت کە وانییە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ ﴾ (النساء:٩٤) واتە: هەرکات چوون بۆ جیهاد لە ڕێی خوادا دڵنیا بن لەوانەی کە دەیانکوژن شایەنی کوشتنن. کەوابوو دەبێت واز لە کەسانێك بهێنرێت کە حاڵەتەکەی گومانی تێدایە هەتا دەردەکەوێت کە موسڵمان نییە، ئەوکات کوشتنی ڕەوایە بە بەڵگەی ﴿ فَتَبَيَّنُواْ ﴾ واتە دڵنیابن.

**فەرموودەکەی تر:** واتاکەی ئەوەیە کەهەرکەس موسڵمانیەتی ویەکخواپەرستی خۆی نیشان دا دەبێت وازی لێ بهێنرێت هەتا پێچەوانەکەی دەردەکەوێت، بەڵگەش لەسەر ئەمە هەر ئەو پێغەمبەرەی ﷺ کە ئەو دوو فەرموودەی فەرمووە، لە بارەی خەواریجەوە دەفەرموێت: (لە هەرکوێ بینیتان بیانکوژن) (البخاري) لەگەڵ ئەوەدا خەواریج عیبادەتیان زۆر بووە، هەتا هاوەڵان عیبادەتی خۆیان بە کەم دەزانی لەچاو هی ئەوان، لە هــاوەڵانەوە فێری زانست بوون، (لا اله الا الله) و زۆری عیبادەت و پیشاندانی موسڵمانێتی ڕزگاری نەکردن لە کوشتن کاتێك لە ئیسلام لایان دا.

**عبدالنبی وتی:** ئەی دەڵێیت چی لە بارەی ئەو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی قیامەتدا خەڵکی هاوار دەبەن بۆ ئادەم، دوایی بۆ نوح، دوایی بۆ ئیبراهیم، دوایی بۆ موسا، دوایی بۆ عیسا، بەڵام عوزر دەهێننەوە هەتا دەگاتە لای موحەممەد ﷺ، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هاوار بردنە لای غەیری خودا شیرك نییە.

**عەبدوڵڵا وتی:** ئەویش تێکەڵ کردنی ڕاستییە لە لایەن تۆوە، هاواربردن‌و داوای فریاکەوتن لە کەسێکی زیندوو بۆ شتێك لە توانادا بێت هیچی تێدا نییە، هەروەك قورئان دەفەرموێت: ﴿ فَٱسْتَغَـٰثَهُ ٱلَّذِى مِن شِيعَتِهِۦ عَلَى ٱلَّذِى مِنْ عَدُوِّهِۦ ﴾ (القصص: ١٥) واتە: هاواری فریاکەوتنی کرد لە خزمەکەی خۆی لەدژی دوژمنەکەی، یان هەروەك هاوەڵان لە شەڕدا داوای یارمەتی لە یەکتری دەکەن، بەڵام ئەوەی ئێمە ڕەوای نازانین هاوارکردنە لە گۆڕی پیاوچاکان یان لە کەسانێك کە حازر نین وداوای شتانێك دەکەن کە لەتوانایاندا نییە وتەنها خودا دەتوانێت جێ بەجێیان بکات، لە قیامەتیشدا خەڵکی داوای ئەوە لە پێغەمبەران دەکەن کە دوعا بکەن بۆ ئەوەی لێپرسینەوە دەست پێ بکات وبەهەشتییەکان لە ناخۆشی ئەو ڕۆژە نەجاتیان بێت، ئەم کارەش لە دونیاو قیامەتدا ڕەوایە بچیتە لای کەسێك‌و لە لایدا دانیشیت‌و گوێی لە قسەت بێت‌و پێی بڵێیت کە دوعام بۆ بکە، هەروەك چۆن هاوەڵان داوایان لە پێغەمبەر ﷺ کرد دوعایان بۆ بکات کاتێك لە ژیاندا بوو، بەڵام دوای مردنی نەخێر، قەت داوایان نەکردووە لە گۆڕەکەیدا، بەڵکو بەشتێکی باشیان نەزانیوە کەسێك لای گۆڕێکدا داوا لە خودایش بکات.

**عبدالنبی وتی:** ئەی لە بارەی بەسەرهاتی ئیبراهیم پێغەمبەرەوە (عليه السلام) چی دەڵێیت کاتێك فڕێیان دایە ناو ئاگرەکەوە جوبرئەیل چوو بۆ لای و پێی وت: هیچ پێداویستییەکت

هەیە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: بە تۆ نا، جا ئەگەر هاوار بردن بۆ لای جوبرەئیل شیرك بوایە خوای گەورە نەی دەنارد بۆ لای ئیبراهیم.

**عەبدوڵڵا وتی:** ئەمەش شوبهەیەکی ترە وەك ئەوەی پێشوو، فەرمووودەکەش ڕاست وسەحیح نییە، ئەگەر گریمان ڕاست وسەحیحیش بێت جوبرەئیل یارمەتی خۆی پێشکەشی ئیبراهیم (عليه السلام) دەکات بە گوێرەی توانای خۆی، چونکە توانای زۆر بوو هەر وەك قورئان باسی دەکات ﴿عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلۡقُوَىٰ﴾ (النجم:٥) واتە: جوبرەئیل کە توانای زۆر بەهێزی هەیە قورئانی فێری پێغەمبەر ﷺ کردووە، کەوابوو ئەگەر خوای گەورە مۆڵەتی بدایە جوبرەئیل دەیتوانی ئاگرەکە وشاخو کێوی چواردەوریشی ببردایە لە ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا فڕێیدایە، هەروەك چۆن کەسێکی دەوڵەمەند یارمەتی پارە پێشکەش بەهەژارێك بکات بۆ ئەوەی کەموکوڕی خۆی پێ چاك بکات، بەڵام یارمەتییەکە وەرناگرێت و ئارام دەگرێت هەتا خوای گەورە رزق و ڕۆزی بێ منەتی بۆ دەنێرێت، کوا ئەوە هاوشێوەی ئەو عیبادەتو شیرکەیە کە تۆ دەیکەیت ئێستا؟ ئەوەش بزانە براکەم ئەوانەی پێغەمبەریان ﷺ بۆ هات شیرکەکەیان ئەهوەنتر بوو لە هی خەڵکی ئەم سەردەمەی خۆمان لەبەر سێ شت:

یەکەم: ئەوانە تەنها لە کاتی خۆشییدا هاوەڵیان بۆ خوا دادەنا، بەڵام لە کاتی ناخۆشییدا تەنها خودایان دەپەرست بە بەڵگەی ئایەتی ﴿فَإِذَا رَكِبُواْ فِي ٱلۡفُلۡكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ إِذَا هُمۡ يُشۡرِكُونَ﴾ (العنكبوت:٦٥)، هەروەها ﴿وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوۡجٞ كَٱلظُّلَلِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ فَمِنۡهُم مُّقۡتَصِدٞۚ وَمَا يَجۡحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا كُلُّ خَتَّارٖ كَفُورٖ﴾ (لقمان:٣٢)، واتە: کاتێك لەناو کەشتییدا تووشی مەترسی خنکان دەبوون تەنها بانگی خودایان دەکردو داوای یارمەتییان بە تەنها لەو دەکرد، بەڵام کە خوا رزگاری دەکردن و دەهاتنە سەر وشکایی شەریکیان بۆ قەرار دەدا، موشریکەکان کە پێغەمبەر ﷺ شەڕی لەگەڵ کردن تەنها لە کاتی خۆشییدا شەریکیان بۆ خودا قەرار دەداو لە کاتی ناخۆشییدا تەنها داوایان لە خودا دەکردو ئەوانی تریان لەبیر دەچوو، بەڵام موشریکەکانی سەردەمی ئێستا هاوار دەبەنە لای خوداو غەیری خودا لە خۆشی و ناخۆشییدا، هەرکات یەکێکیان لە ناخۆشییدا بێت هاوار دەکات یا الله یا حسین یان هەر ناوێکی تر، بەڵام لە کوێیە ئەوەی لەمە تێدەگات؟

دووەم: ئەوانەی پێشوو لەگەڵ خودا هاواری کەسانێکیان دەکرد کە لە خوداوە نزیك بوون وەك پێغەمبەران، پیاوچاکان، فریشتەکان یان بەردو دار کە تاوان ناکەن، بەڵکو عیبادەتی خودا دەکەن، بەڵام خەڵکی ئەم سەردەمە هاوار دەکەنە کەسانێك کە فاسقترینی خەڵکی ئەم سەردەمەن، دیارە گومانی باش بردن بە پیاوچاك یان بەردو دار کە تاوانیان نییە باشترە لەوەی بە ئاشکرا تاوانی لێدەبینرێتو خراپەو دەکات.

سێیەم: هەموو شیرکی سەردەمی پێغەمبەر کە موشریکەکان دەیانکرد لە یەکخواپەرستی خوایەتییدا بوو، نەك لە پەروەردگارێتی (الربوبية)، بەڵام شیرکی ئەم سەردەمە زۆربەی لە پەروەردگارێتییدایە. بەهەمان شێوە لە (ألوهية) پەرستشدا، هەندێکیان دەڵێن سروشت هەڵسوڕێنەری کاروباری ئەم کەونەیە لە ژیاندنو مراندنو ڕزق وڕۆزی و ... هتد.

براکەم کۆتایی قسەکانم بە خاڵێکی زۆر گرنگ دێنم کە ڕەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی لەمەوپێش باسمان کرد لێی تێبگەیت، ئەویش ئەوەیە کە گومانی تێدا نییە بۆ بەجێهێنانی

یەکخواپەرستی دەبێت بە دڵ باوەڕت هەبێتو بە زمان گوزارشت بکەیتو بە ئەندامەکانیش کردەوەی پێ بکەیت، کاتێك یەکێك لەم سیانە خەلەلی تێدەکەوێت خاوەنەکەی موسڵمان نییە، چونکە ئەگەر یەکخواپەرستی ناسی، بەڵام کاری پێنەکرد ئەوە بێباوەڕێکی بەرهەڵستکارە (معاند)ە وەك فیرعەونو شەیتان، ئەم خاڵەش زۆر کەس هەڵەی تێدا دەکات و دەڵێن: ئەمە راستە، بەڵام بە ئێمە ناکرێتو خەڵکی وڵاتی ئێمە یان شارەکەی ئێمە پێی قەبوڵ نییەو دەبێت وەك ئەوان وابێت بۆ ئەوەی لە شەڕیان پارێزراو بێت، بەڵام ئەم قوڕ بەسەرە نازانێت کە زۆربەی سەرانی بێباوەڕان هەقیان ناسیوە، بەڵام لەبەر عوزرێك ـ بە حسابی خۆیان ـ وازیان لێهێناوە وەك لە قورئاندا هاتووە ﴿ٱشۡتَرَوۡاْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ثَمَنٗا قَلِيلٗا فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِهِۦٓۚ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ (التوبة:٩)، واتە: لەبەر ماڵ وموڵکی دنیا ئایەتەکانی خوایان واز لێهێناو گۆڕییانەوە بە بەرژەوەندی دنیاییو پشتیان هەڵکرد لە هەقو راستیو رێگریشیان لەخەڵك دەکرد تا راستیی بدۆزنەوە، ئەوانە کارێکی زۆر ناپەسەندیان دەکرد، هەر کەس کار بە یەکخواپەرستی بکات بەبێ ئەوەی لە دڵەوە باوەڕی پێی هەبێت ئەوە دووڕووەو مونافیقەو خراپترە لە بێباوەڕی تەواو، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ فِي ٱلدَّرۡكِ ٱلۡأَسۡفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ﴾ (النساء:١٤٥) واتە: مونافیقەکان لە چینی ژێرەوەی دۆزەخن.

ئەم مەسەلەیەش ئەگەر بە وردی سەیری بکەیت بە ئاشکرا لە گوفتاریاندا دەردەکەوێت کە هەق دەناسێت، بەڵام کاری پێ ناکەن لە ترسی لەدەستچوونی ماڵی دنیا وەك قارون یان پلەو پایەی وەك هامان یان دەسەڵاتو پاشایەتی وەك فیرعەون. هەندێکیش کاری پێدەکات تەنها بە ئاشکرا، بەڵام نەك لە دڵەوە، وەك مونافیقەکان، هەرکات لێی بپرسی لە دڵیدا چۆن باوەڕی هەیە نازانێت.

ئەوەی لەسەرت پێویستە ئەمەیە کە لە دوو ئایەتی قورئان بگەیت:

**ئایەتی یەکەم:** هەر ئەو ئایەتەی پێشتر ﴿لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡۚ﴾ (التوبة: ٦٦)، جا کە ئەوەت زانی کەسانێك لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ لە غەزادا بوون دژی رۆم بێاوەڕ بوون بەهۆی وتەیەك کە بەگاڵتەوە وتیان، بۆت روون دەبێتەوە کە ئەوەی بە زمانی بێباوەڕی دەکات یان بەکردەوە لە ترسی ئەوەی پارەکەی کەم بکات، یان لەبەر پلەو پایەیان دڵڕاگرتنی کەسێك گەورەترە لەو کەسەی کە بۆ گاڵتە دەیڵێت، چونکە ئەوەی بە گاڵتە شتێك دەڵێت عادەتەن لە دڵەوە نییەو بۆ پێکەنینی خەڵکە، بەڵام ئەوەی کە گوفتار یان کردەوەیەکی بێباوەڕ بوون دەکات لە ترسی خەڵك یان بۆ بەرژەوەندی، ئەوە وەڵامی پەیمانی شەیتانی داوەتەوە وەك لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿ٱلشَّيۡطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلۡفَقۡرَ وَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡفَحۡشَآءِ﴾ (البقرة:٢٦٨) واتە: شەیتان هەڕەشەی هەژاریتان لێ دەکات وفەرمانتان پێ دەکات خراپە بکەن. لە هەڕەشەی شەیتان ترساوە ﴿إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوۡلِيَآءَهُۥ﴾ واتە: ئەوە تەنها ترساندنی شەیتانە بۆ لایەنگرانی خۆی، بە پەیمانی خودا باوەڕی نەکردووە ﴿وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغۡفِرَةٗ مِّنۡهُ وَفَضۡلٗاۗ﴾ (البقرة:٢٦٨) واتە: خوای گەورە پەیمانی لێخۆشبوونو خێروبێرتـــان دەداتـــێ، وە لـــە هەڕەشەی خودا نەترساوە ﴿فَلَا تَخَافُوهُمۡ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾ (آل عمران:١٧٥)، واتە: لەوانە مەترسن و لە من (خودا) بترسن ئەگەر ئیمانداران. جا

ئەگەر کەسێك ئەوە حاڵی بێت شایەنی ئەوەیە لە ئەولیاکانی خودا بێت یان لەئەولیاکانی شەیتان؟!

**ئایەتی دووەم:** ﴿مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ﴾ (النحل:١٠٦) واتە: ئەو کەسەی دوای ئیمان هێنانی بێباوەڕ ببێتەوەو بەبێ زۆر لێکردن و بێباوەڕی تێدا بچەسپێت غەزەبی خودایان لە سەرەو سزای گەورەشیان هەیە، بەڵام ئەگەر بە هۆی زۆر لێکردنەوە بوو ئیمان لە دڵیدا مابوو ئەو ئیماندارە.

تەنها ئەو کەسەی زۆری لێکراوە بە دیارەکی بێباوەڕ بووە وئیمان لە دڵیدا وەك خۆی وایە، خوای گەورە بە عوزر بۆی دادەنێت، بەڵام بێباوەڕ بوون لەبەر ترس، بەرژەوەندی، دڵ راگرتن، لەبەر کەسو کار وعەشرەت وخاك وماڵ، یان بەگاڵتەوە، یان لەبەر هەر هۆیەکی تر بێت جگە لە زۆرلێکردن هیچ پاساویکی نییە، چونکە ئایەتەکە دەری دەخات کە ئیمان لە دڵدا کەس توانای بەسەریدا نییەو تەنها لە کارو گوفتار دەتوانرێت زۆر لە مرۆڤ بکرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ (النحل:١٠٧)، واتە: ئەمەش بە هۆی ئەوەوە کە فەزڵی ژیانی دنیایان دا بەسەر ژیانی ئاخیرەتداو خوای گەورەش هیدایەتی بێباوەڕان نادات. ئایەتەکە ئەوە نیشان دەدات کە سزاکەیان بە هۆی باوەڕ نەزانیو ڕق لە دین وخۆشەویستی بێباوەڕی نەبووە، بەڵکو هەڵبژاردنی بەرژەوەندی دونیا وفەزڵ دانی بەسەر ئاخیرەتدا، خوای گەورەش زاناترە.

دوای ئەمە هەمووی خوای گەورە هیدایەتت بدات ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە تەوبە بکەیت وبگەڕێیتەوە بۆ لای خوداو واز لەو شتانە بهێنیت کە لە سەریت، چونکە مەسەلەکە زۆر گرنگە وترسناکە.

**عبدالنبی وتی:** داوای لێخۆشبون لەخودا دەکەمو شایەتی دەدەم بەتەنهایی خوداو پێغەمبەری موحەممەد ﷺ وەبێباوەڕم بەو شتانەی پێشتر دەمپەرست لە غەیری خودا، هیوام وایە خوای گەورە لێم نەگرێتو لێم خۆش بێتو بە لوتفو رەحمەتی خۆی مامەڵەم لەگەڵ بکات، هەروەها داواکارم لەسەر یەکخواپەرستی جێگیرم بکات هەتا دەمرم، داواکارم لە خودا پاداشتی تۆش ئەی براکەم (**عەبدوڵڵا**) بداتەوە لەسەر ئەم ئامۆژگارییە جوانانە، چونکە بەڕاستی ئاین بریتی یە لەئامۆژگاری ، وە لەسەر ئەوەی کە ووریات کردمەوە لەبارەی ناوەکەمەوە ( عبد النبي ) وە ئاگادارت دەکەم کە ئەوە ناوەکەم گۆڕی بۆ ( عبد الرحمن ) وە لەسەر ڕێگرتنت لێم لەهەموو ئەو خراپە شاراوانەی من لەسەری بوومو گەر بەو شێوە بچوومایەتەوە لای خودا رزگارم نەدەبوو، بەڵام داواکارییەکی ترم هەیە لە کۆتاییدا ئەویش پێم خۆشە هەندێك لەو شتانەی کە خەڵکیی بە زۆری هەڵەی تێدا دەکەن بۆم باس بکەی.

**عەبدوڵڵا وتی:** باشە، کەوزابوو گوێم لێ بگرە.

✸ وریابە قەت دروشمت نەبێتە ئەو شتانەی لە قورئانو سوننەتدا جێگای راجیایین بۆ ئەوەی ببێتە هۆی دروست کردنی فیتنەو تەئویل کردن، لە راستییدا واتای ئەو ئایەتو فەرمودانە تەنها خودا دەیزانێت، با تۆش وەك زانایان دروشمت ئەوە بێت کە دەڵێن لە بارەی (موتەشابیهەوە) لە یەکچووەکان ﴿ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ﴾ (آل عمران: ٧)، باوەڕمان

پێی هەیەو هەمووی لای خوداوەیە، هەر لەو شتانەی را جیایی تێدایە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمـوێت: «فَمَنِ اتَّقَى الشُّبُهَاتِ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ وَعِرْضِهِ، وَمَنْ وَقَعَ فِي الشُّبُهَاتِ وَقَعَ فِي الْحَرَامِ »(متفق عليه) واتە: ئەوەی خۆی لە شوبهە بپارێزێ ئەوا دین و ناموسی خۆی پاراستووە، ئەمەش بکەوێتە شوبهەوە ئەوا کەوتۆتە حەرامەوە، هەروەها فەرمویەتی: « وَالإِثْمُ مَا حَاكَ فِي صَدْرِكَ وَكَرِهْتَ أَنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ »(مسلم) واتە گوناه ئەوەیە کە دڵت بێتاقەت دەکات‌و حەزناکەیت خەڵکی پێی بزانن هەروەها فەرمویەتی: « اسْتَفْتِ قَلْبَكَ وَاسْتَفْتِ نَفْسَكَ ـ ثلاث مَرَّاتٍ ـ الْبِرُّ مَا اطْمَأَنَّتْ إِلَيْهِ النَّفْسُ وَالإِثْمُ مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ وَتَرَدَّدَ فِي الصَّدْرِ وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ وَأَفْتَوْكَ »(أحمد) واتە: دڵو نەفسی خۆت بکە بە حەکەم ـ سێ جار ـ چاکە ئەوەیە دڵت لەسەری جێگیرەو پێی خۆشە گوناهیش ئەوەیە دڵت پێی ناخۆشەو دوودڵیت تێیدا، هەرچەندە خەڵکی بڵێت باشەو فەتوات بۆ بدەن.

✸وریابە شوێنی ئارەزوو نەکەویت، چونکە خودا ئاگاداریی داوە لەوە وەك خوا دەفەرموێت: ﴿أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ﴾ (الجاثية:٢٣) دەبینیت کەسانێك ئارەزویان کردووە بە خودا.

✸وریابە دەمارگیر نەبیت بۆ رای کەسان‌و عادەتی باب‌و باپیرانت، چونکە دورت دەخاتەوە لە هەق، هەقیش لەهەر کوێ بێت ئیماندار دەبێت وەری بگرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۗ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ﴾ (البقرة:١٧٠). واتە: ئەگەر پێیان بڵێیت شوێنی ئەوە بکەون کە خودا ناردوویەتەییە خوارەوە، دەڵێن: شوێنی ئەوە دەکەوین کە باب‌و باپیرانمانی لەسەرە، ئەی ئەگەر باب‌و باپیرانیان تێنەگەیشتوو بێ هیدایەت بوون هەر شوێنیان دەکەون؟!

✸وریابە لاسایی کافران نەکەیتەوە، چونکە هۆکاری زۆر خراپەیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ » (أبوداود). واتە: هەرکەس لاسایی قەومێك بکاتەوە ئەوە لەوانە.

✸وریابە پشت بە غەیری خوا نەبەستیت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ﴾ ( الطلاق:٣) واتە: ئەوەی پشت بە خودا ببەستێت بەسیەتی.

✸ گوێڕایەڵیی کەس مەبە لە تاواندا، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « لاَ طَاعَةَ لِمَخْلُوقٍ فِي مَعْصِيَةِ الخَالِقْ » (الترمذي) واتە: (گوێڕایەڵی هیچ کەس واجب نییە لە لادان لە فەرمانی خودا)،

✸ وریابە گومانت خراپ نەبێت بەرامبەر بە خودا، چونکە لە فەرمودەیەکی قوودسیدا دەفەرموێت: «أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي» (متفق عليه) واتە: (من لەگەڵ گومانی بەندەکانمدام) .

✸ وریابە ئەڵقەو پەتو هاوشێوەکانی بەکارنەهێنی بۆ دوورخستنەوەی بەڵا یان بۆ هەڵگرتنی دوای روودان.

✸ وریابە هیچ شتێك (تمائم) هەڵنەواسیت بۆ چاوەزار، چونکە شیرکە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « مَنْ تَعَلَّقَ شَيْئًا وُكِلَ إِلَيْهِ » (الترمذي) واتە: (هەرکەس شتێکی هەڵواسی دەدرێتە دەست ئەو شتە) .

✸ وریابە بەردو دار و شوێنەوار بە تەبروك نەزانی، چونکە شیرکە.

✸ وریابە هیچ شتێك بەشووم نەزانی، چونکە شیرکە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « الطِّيَرَةُ شِرْكٌ، الطِّيَرَةُ شِرْكٌ ثَلاثًا » ( أبوداود) واتە: (بە شووم زانین شیرکە، سێ جار) .

✸ وریابە باوەڕ بە ساحیرو فاڵچیو قاوەگرەوە و بورجەکان کە ئاسودەییو ناخۆشی ژیانی کەسێك دیاری دەکەن نەکەیت، چونکە شیرکەو جگە لە خودا کەس غەیب نازانێت.

✸ ووریابە بارینی باران نەدەیتە پاڵ ئەستێرە و وەرزەکان، چونکە دەچێتە خانەی هاوەڵ بریاردانەوە بۆ خودا، بەڵکو بارینی باران بدرێتە پاڵ خوای گەورەی بەدەسەلاَت .

✸ وریابە سوێند بەغەیری خودا نەخۆیت، جا ئەوەی سوێندی پێ دەخۆیت هەر کەس بێت، لە فەرموودەدا هاتووە: « مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللَّهِ فَقَدْ كَفَرَ أَوْ أَشْرَكَ » (أحمد) واتە: (هەرکەس سوێند بە غەیری خودا بخوات بێباوەڕ دەبێت یان موشریك دەبێت)، وەك سوێند خواردن بە پێغەمبەر ﷺ، بەئەمانەت، بەناموس، بەژیان، بەسەری باوك یا بەهەرکەسی تر.

✸ وریابە جنێودان بە رۆژگار، بەهەوا، بەخۆر، بەسەرما، بەگەرما نەدەیت، چونکە ئەوە قسە وتنە بە دروستکەرەکەی کە خودایە.

✸وریابە وشەی (ئەگەر وانەبوایە یا وابوایە) دوای تووش بوون بە ناخۆشی بەکارمەهێنە، چونکە دەرگا لە شەیتان دەکاتەوەو رازی نەبوونە بە قەدەری خودا، بەڵکو بڵێ: قەدەری خوا وابوو.

✸ وریابە لە قەبرستانو نزیك قەبر نوێژ مەکە، چونکە ئەگەر مزگەوتێك قەبری تێدا بێت نوێژ تێیدا دروست نییە، عائیشە رەزای خوای لێبێت دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ لەسەرەمەرگدا فەرمووی: "نەفرەتی خودا لە جولەکەو گاور قەبری پێغەمبەرەکانیان کردە شوێن نوێژ، ئاگاداری دەدا لەوەی کە کردویانە، ئەگەر وای نەفەرمواية گۆڕەکەی ئەویش بەرز دەکرایەوە (نوێژی لە نزیك دەکرا)، هەروەها دەفەرموێت: ئەوانەی پێش ئەوەی گۆڕی پێغەمبەرانو پیاوچاکانیان دەکردە شوێنی نوێژ، ئێوە گۆڕستان مەکەنە شوێنی نوێژ لەوە نەهیتان لێ دەکەم".

✸ وریابە باوەڕ بەو قسانە مەکەن کە درۆزنان بە دەم پێغەمبەرەوە ﷺ هەڵدەبەستنو بە خەڵکی دەڵێن فەرمودەیە لە بارەی (توسل) پەنابردنو داوای یارمەتی کردن لە خودا بە حورمەتی خۆی یان پیاوچاکانی ئوممەتەکەی لەوانە (داوا لە خودا بکەن بە حورمەتی من، حورمەتی من لای خوای گەورەیە) یان (ئەگەر شتتان لێ عاسی بوو برۆن بۆ لای مردووەکان)، یان (خوای گەورە لای هەموو گۆڕێکی پیاوچاك فریشتەیەکی داناوە پێویستی خەڵك بەجێ دەهێنن)، یان (ئەگەر یەکێك گومانی باشی بە بەردێك بێت سودی لێ دەبینێت)، ئەمانەو هاوشێوەی ئەمانە درۆن بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ هەڵبەستراون.

✸ وریابە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەکانی لە دایکبوونی پێغەمبەر، ئیسراو میعراج بە ناوی ئاهەنگی دینیەوە داهێنراونو بەڵگەی لەسەر نییە لە فەرموودەو ووتەی هاوەڵان کە پێغەمبەریان ﷺ لە ئێمە زیاتر خۆش دەویستو سورن لەسەر چاکەو لە ئێمە زیاتر، ئەگەر خێری تێدا بوایە، دەیان کرد.

## شەهادەت دان بە: هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لە (اللّٰه)

لە فەرمودەدا هاتووە کە کلیلی بەهەشت (لا اله الا الله)یە، بەڵام ئایا هەرکەس وتی: (لا اله الا الله) شایەنی ئەوەیە کە دەرگای بەهەشتی بۆ بکرێتەوە؟ بە (ابن منبه)یانووت: ئایا (لا اله الا الله) کلیلی بەهەشت نییە؟ وتی: بەڵێ، بەڵام هەموو کلیلێك دانی هەیە، جا ئەگەر کلیلێکت هێنا دانەکانی پێوە بوو بۆت دەکرێتەوە، ئەگەرنا، ناکرێتەوە.

لە پێغەمبەرەوە ﷺ چەندەها فەرموودەمان بۆ دەگێڕنەوە کە هەموو ددانەکانی ئەو کلیلە دیاری دەکات، وەك دەفەرموێت: هەرکەس بڵێت (لا اله الا الله) ـ لە دڵەوە بە ئیخلاسەوە، یەقینی هەبێت پێی، بە راست لە دڵی دەرچێت، چەندەهای تر، ئەم فەرموودانەش چۆن بەهەشتی بەستۆتەوەو بەزانینی واتا وماناکەی، و مانەوە لەسەری هەتا مردن، و ملکەچ بوون وگوێڕایەڵی بۆی، وچەند شتی تریش.

زانایان لەبەر رۆشنایی گشت ئەو فەرمودانە چەند مەرجێکیان داناوە، لەگەڵ نەبوونی رێگرەکانیش بۆ ئەوەی (لا اله الا الله) ببێت بەکلیلی بەهەشتو سوودی بۆ خاوەنەکی هەبێت و ئەم مەرجانەی خوارەوەش دانی ئەو کلیلەن:

1 **زانست:** هەموو وشەیەك واتای هەیە کەوابوو دەبێت واتای (لا اله الا الله) بزانیت بەبێ ئەوەی لە واتاکەیدا نەزانیت هەبێت، ئەو وشەیە خوایەتی دەدات بە خوداو نەفی دەکات لە غەیری ئەو، واتا: هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە بپەرسترێت جگە لە (اللّٰه)، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِلَّا مَن شَهِدَ بِٱلۡحَقِّ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ﴾ (الزخرف:٨٦) واتە: (مەگەر کەسانێك شەهادەت دەهێنن بەهەق وزانیاریشیان هەیە – بەمانا ومەبەست وپێویستیەکانی – ). پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: « مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَعْلَمُ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ » (مسلم) واتە: هەرکەس مرد و زانی کە هیچ خوایەك نییە جگە لە (اللّٰه) دەچێتە بەهەشتەوە.

2 **یەقین**: واتە: یەقینی تەواوت هەبێت بە ئەوەی ئەو وشەیە چی دەگەیەنێت بەبێ هیچ گومانو دوودڵییەك، خوای گەورەش وەسفی ئیمانداران دەکاتو دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمۡ يَرۡتَابُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ﴾ (الحجرات: ١٥)، واتە: ئیمانداران ئەوانەن کە ئیمانیان بە خوداو پێغەمبەر هێنا بەبێ دوودڵیو بە ماڵو نەفسی خۆیان جیهادیان لە پێناو خودا کرد، ئەوانە بە راستی راستگۆن، چونکە گوزارشتی زمان بە تەنها بەس نییە، بەڵکو دەبێت یەقینی دڵی لەگەڵدا بێت، ئەگەر وانەبوو ئەوە نیفاقە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ لا يَلْقَى اللَّهَ بِهِمَا عَبْدٌ غَيْرَ شَاكٍّ فِيهِمَا إِلا دَخَلَ الْجَنَّةَ » (مسلم)، واتە: شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لە (اللّٰه) و من پێغەمبەری خودام، هەرکەسەو بەمەوە بچێتەوە لای خودا و گومانی تێدا نەبێت دەچێتە بەهەشتەوە.

3 **قەبوڵ کردن**: دوای زانستو یەقین دەبێت ئەو زانستە یەقینیە شوێنەواری خۆی هەبێت بەوەی کە هەر شتێك ئەو وشەی دەیخوازێت قەبوڵ بکرێت بە زمانو دڵ، کەوابوو هەرکەس بانگەوازی یەکخواپەرستی رەت کردەوە لەبەر هەر هۆکارێکی وەك: خۆبەزلزانینو ئینکاریو حەسودی بێباوەڕ دەبێت، خوای گەورەش باسی ئەو بێباوەڕانە دەکات

کــەبانگــــەوازیـــان ڕەت کردۆتەوە بەهـــــۆی خۆبــــەزلزانینەوە، وەك دەفـــــەرموێت:
﴿ إِنَّهُمْ كَانُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ ﴾ (الصافات:٣٥). واتە: بێگومان هەرکات پێیان بوترایە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نیە جگە لە (اللە)، لەخۆبەزلزانیندا قەبوڵیان نەدەکرد.

4 **پابەندبوون**: پابەندبوون بە یەکخواپەرستییەوە سەنگی مەحەکەو سەلماندنی ئیمانە بە عەمەلی، ئەمەش بە شوێنکەوتنی حەلاڵ وازهێنان لە حەرام، خوای گەورە دەفەرموێت:
﴿وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ وَإِلَى ٱللَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ ﴾ (لقمان:٢٢)، واتە: هەرکەس ڕووی تەسلیمی خوا بکات بەنیەتپاکی و چاکەکار بێت، ئەوا دەستی گرتووە بەو پەیمانە مەحکەمەی کە ناشکێت، هەموو شتێکیش بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە، ئەمەش پابەندبوونی تەواوە.

5 **ڕاستگۆیی**: ڕاستگۆ بێت لە ووتنو کردەوەی دا بە شێوەیەك گومانی تێدا نەبێت، چونکە هەر بەزمان باوەڕهێنان و بەدڵ باوەڕنەهێنان نیفاقــە، خوای گەورە دەفەرموێت:
﴿يَقُولُونَ بِأَلْسِنَتِهِم مَّا لَيْسَ فِى قُلُوبِهِمْ ﴾ (الفتح : ١١) واتە: مونافیقەکان بە زمــان شتێـــك دەڵێن ( دەڵێن : باوەڕدارین کەچی ئەو باوەڕە ) لەدڵیاندا نییە.

6 **خۆشویستن**: موسڵمان ئەو ووشە(لا اله الا الله) ی خۆش دەوێت، پێی خۆشە کار بەواتاکەی بکاتو ئەوانەی کاری پێدەکەن خۆشی دەوێن، نیشانەی خۆشویستنی بەندە بۆ خودا خۆشویستنی ئەو شتانەیە کە خودا خۆشی دەوێن ئەگەر لەگەڵ ئارەزووی خۆشییدا نەگونجێت، هەروەها پشتیوانی ولایەنگیریی کەسانێك دەکات کەپشتیوان ولایەنگیریی خوداو پێغەمبەریان کردووە، وە دوژمن ودژایەتی ئەو کەسانەش دەکات کە دوژمنی خودان، وە شوێن پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکەوێت وشوێن پێیشی هەڵدەگرێت وهیدایەتەکەشی وەردەگرێت .

7 **نیەت پاکی**: بەوەی نیەت ومەبەستی لەم ووشەیە تەنها ڕەزامەندی خودا بێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُواْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ ﴾ ( البينة: ٥) واتە: فەرمانی ئەوەیان پێکراوە کە عیبادەتی خودا بکەن بە نیەت پاکیو پێغەمبەریش ﷺ دەفــەرمــوێت: « فَــإِنَّ اللَّــهَ قَــدْ حَــرَّمَ عَـلَى النَّــارِ مَـنْ قَــالَ لا إِلَــهَ إلا اللَّـهُ يَبْتَـغِي بِـذَلِكَ وَجْـهَ اللَّـهِ »(البخاري). واتە: خوای گەورە کەسێکی حەرام کردووە لە ئاگر کە بڵێت : (لا اله الا الله) لەمەشدا تەنها نیەتی خوای گەورە بێت.

**کاتێك ئەم مەرجانە هەمووی کۆبوویەوە دەبێت لەسەری بەردەوام بین هەتا مردن.**

## شەھادەت دان بە: موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خودایە

مردوو لەگۆڕەکەیدا سێ پرسیاری لێدەکرێت، ئەگەر جوابی بداتەوە رزگاری دەبێت، ئەگەرنا تیادەچێت، لەو پرسیارانە: کێ پێغەمبەرتە؟ کەس ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە مەگەر خوای گەورە لە دونیادا یارمەتی بدات بۆ بەجێهێنانی مەرجەکانی، لە گۆڕدا زمانی جێگیری بکات لەسەر ھەق وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، جا ئەگەر وابوو ئەو کات لەداوڕۆژیدا سوودی لێ دەبینێت، لەڕۆژێکدا کە ماڵو منداڵ ھیچ سوودێکی نامێنێت جگە لەو کەسە نەبێت کە بەدڵێکی ساغ وسەلیم وپڕ لەباوەڕەوە دەگات بەپەروەردگاری، ئەو مەرجانەش ئەمانەن:

❶ **گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پێغەمبەر ﷺ**: خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات کە گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بین، ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ﴾ (النساء:٨٠) واتە: ھەر کەس گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکات ئەوە گوێڕایەڵی خودای کردووە، ھەروەھا ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ﴾، واتە: پێیان بڵێ ئەگەر خوداتان خۆش دەوێت شوێنی من (موحەممەد) بکەون، خوداش ئێوەی خۆش دەوێت، چوونە بەھەشتیش پەیوەستە بە گوێڕایەڵی (موحەممەد) ﷺ،وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « كُلُّ أُمَّتِي يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ إِلا مَنْ أَبَى. قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ: وَمَنْ يَأْبَى؟ قَالَ: مَنْ أَطَاعَنِي دَخَلَ الْجَنَّةَ وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ أَبَى » (البخاري) واتە: ھەموو ئوممەتەکەم دەچنە بەھەشتەوە مەگەر یەکێك نەیەوێت، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا جا کێ نایەوێت؟ فەرمووی: ھەرکەس گوێڕایەڵی من بکات دەچێتە بەھەشتەوە، ھەرکەسیش بێفەرمانی من بکات ئەوە نایەوێت.. جا ھەر کەس پێغەمبەری ﷺ خۆش دەوێت دەبێت بە گوێی بکات، چونکە گوێڕایەڵی بەروبوومی خۆشەویستییە.

❷ **باوەڕ بوون بەو شتانەی کە ھەواڵی پێ داوە**: ھەرکەس لەبەر شەھوەت یان ئارەزووی خۆی شتێك بەدرۆ بزانێت کەلەپێغەمبەر ﷺ وە بەڕاستی وسەحیحی جێگیر بووبێت، ئەوە خوداو پێغەمبەری بە درۆ زانیوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ پارێزراوە لە ھەڵەو مەعسومە و درۆ ناکات، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ﴾ (النجم:٣) واتە: پێغەمبەر ﷺ لە ئارەزووەوە قسە ناکات.

❸ **دوورکەوتنەوە لەوەی نەھی لێ کردووە**: سەرەتا دوورکەوتنەوە لە شیرك کە گەورەترین تاوان وگوناھە لای خودا، پاشان دوور کەوتنەوە لەگوناھە گەورەکان تا دەگاتە گوناھە بچووك وشتە مەکروھەکان، بە ئەندازەی خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ موسڵمان ئیمانی زیاد دەکات، و ھەر کاتێکیش ئیمانی زیاد بوو چاکەی خۆش دەوێت و رقی لە بێباوەڕی و خراپە دەبێتەوە.

❹ **پەرستنی خودا تەنھا بەو شێوەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێداوە**: ئەسڵ وبنەما لەعیبادەتدا قەدەغە ونەکردنیەتی جگە لەوە نەبێت کە لە پێغەمبەر ﷺ وە پێمان گەشتوە و بۆمان ڕۆشن کراوەتەوە، واتە تەنھا بەشتێك و شێوازێك پەرستن دەکرێت کە لە شەرعدا ھاتووە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:« مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ »(مسلم) ھەر کەس عیبادەتێك بکات کە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت لێی وەرناگیرێت.

**خاڵێكی گرنگ:** ئەوە بزانە كە خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ و هەموو شتێك كە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی واجبە و هەر كەس رقی لە شتێك بێت كە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی ئەگەر كاریشی پێ بكات بێباوەڕ دەبێت، خۆشویستنی تەنهاش بەس نییە، بەڵكو دەبێت پێغەمبەرت لە خۆت خۆشتر بوێت، بۆیە هەركەس شتێكی خۆش بوێت پێش خۆی دەخات، جا هەر كەس راستگۆ بێت لە خۆشویستنی پێغەمبەردا ﷺ نیشانەكانی لەسەر دەردەكەوێت وەك: شوێنكەوتنی سوننەتی ئەو بە كردەوەو زمان، دووركەوتنەوە لەو شتانەی قەدەغەی كردوون، هەروەها لە خوو گرتن بە خووڕەوشتەكانی ئەو لە خۆشیو ناخۆشییدا، چونكە وەك وتمان گوێڕایەڵی بەروبومی خۆشەویستییە.

**خۆشویستنی پێغەمبەریش ﷺ چەند نیشانەیەكی زۆری هەیە لەوانە:** زۆر باسكردنو سەڵاوات دان لەسەری، حەزكردن بە بینینی، بە گەورەگرتنی لە كاتی باسكردنییدا، ئیسحاق ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت: هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ كاتێك باسی پێغەمبەریان دەكرد خشوعیان هەبوو تەزو بە لەشیاندا دەهاتو دەگریان، هەروەها لە نیشانەكانی: رق لێبوونەوە لە كەسانێك ئەو رقی لێبوون و دژایەتی ئەوانەی ئەو دژایەتی كردوون، دووركەوتنەوە لەوانەی دوورن لەسوونەتی ئەوەوە و بیدعەیان كردووەو مونافیقن، هەروەها خۆشویستنی ئەوانەی پێغەمبەر ﷺ خۆشی ویستوون لە كەسوكاری و خێزانەكانی و موهاجیرین وئەنصار، دژایەتی كردنی ئەوانەی خۆشەویستەكانی پێغەمبەر ﷺ دژایەتیان كردووە، ورق لێبوونەوەی ئەوانەی رقیان لێیانەو جنێویان پێ ئەدەن، هەروەها شوێنكەوتنی لە خووڕەوشتە جوانەكانیدا و لە سەخاوەتیدا، عائیشە رەزای خوای لێبێت دەڵێت: رەوشتی پێغەمبەر قورئان بوو، واتە: تەنها ئەو شتانەی كردووە كە قورئان فەرمانی پێكردووە.

سیفەتەكانی پێغەمبەر ﷺ: ئازاترین كەس بووە، بە تایبەتی لە گەرمەی شەڕدا، لەهەموو كەس بەخشندەتر بووە بە تایبەتی لە رەمەزاندا، لەهەموو كەس زیاتر ئامۆژگاری خەڵكی كردووە وبەرژوەندی ئەوانی ویستووە، وە بەسەبرترین كەس بووە، وەهەرگیز تۆڵەی لەبەر خۆی نەكردۆتەوە لەكەسانی تر، وەلە بەر ڕەزامەندی خوای گەورە لە هەموان زیاتر زەحمەت و ئازاری كێشاوە، وە لەهەموو كەس زیاتر خۆ بەكەمزان وموتەوازیع بووە لە ڕەوشتیدا، لەهەموو كەس شەرمنتر بووە، زۆر چاك بووە وە باشترین كەس بوە بۆ چاكە كردن لەگەڵ خێزانەكانیدا، وە لەهەموو كەس بە سۆز و بە بەزەیی ومیهرەبانتر بووە بەرامبەر بە خەڵكی، چەندەهای شتی تریش كە پێغەمبەری خودا ﷺ لەهەموو بوارەكاندا سەرمەشق وپێشەوا بووە تێیاندا....

# تەهارەت ـ خۆپاكڕاگرتن

نوێژ كە پایەی دووەمی ئیسلامە بەبێ تەهارەت نابێت، تەهارەتیش بە ئاو یان بە خۆڵ دەكرێت.

**جۆرەكانی ئاو:** **١ـ پاك:** ئاوێكی پاك و پاككەرەوەیە، بێدەست نوێژیی و لەشگرانی لادەبات و پیسی پاك دەكاتەوە. **٢ـ پیس:** ئاوێكی كەمە كە پیسی بەركەوتبێت، یان ئاوێكی زۆر كە تام و ڕەنگ و بۆنی گۆڕیبێت .

**ئاگاداری:** ئاو زۆر بێت پیس نابێت، مەگەر پیسیی یەكێك لە سیفەتەكانی تام، ڕەنگ و بۆنی بگۆڕێت، ئاوی كەم پیس دەبێت بە بەركەوتنی پیسی. ئاوی زۆر ئەوەیە كە لە قولەتەین زیاتر بێت، كە نزیكەی (٢١٠) لیترە.

**قاپ وقاچاخ:** هەموو قاپ و قاچاخێك دەكرێت بەكاربهێنرێت لە ئاڵتون و زیو نەبێت، لەو دووانەشدا گەر ئاویان تێدا بێت ئاوەكەی بۆ تەهارەت بەكاردێت، بەڵام تاوانە، قاپ و قاچاخی كافران بەكار دەهێنرێت مەگەر بزانین كە پیسە.

پێستی مردارەوەبوو: هەمووی پیسە.

**مردارەوەبوویش دوو جۆرە:** **١ـ** ئەوەی گۆشتی ناخورێت. **٢ـ** گۆشتی دەخورێت بەس سەر نەبڕاوە، ئەم جۆرەیان گەر خۆشە بكرێت بەكارهێنانی جائیزە لە شتی وشكدا نەك تەڕ.

**خۆپاككردنەوە:** پاككردنەوەی ئەوەی لە پێش و پاش دەردەچێت، ئەگەر بە ئاو بوو پێی دەڵێین (إستنجا)، ئەگەر بە بەرد بوو (إستجمار).

**مەرجەكانی خۆپاككردنەوە بە بەرد یان هاوشێوەكانی:** دەبێت پاك بێت، موباح بێت، خواردن نەبێت، سێ یان زیاتر بێت، خۆپاككردنەوە دوای هاتنەدەرەوەی شت لە پاش و پێش واجبە، دوای سەرئاوكردن مانەوە بێ خۆپاك كردنەوە زیاد لە كاتی پێویست حەرامە.

**سەرئاوكردن و پیسایی و میزكردن حەرامە لە:** سەرچاوەی ئاو، سەرە ڕێگا، سێبەری بەكارهاتوو، لە ژێر درەختی بەردار، ڕووكردنە قیبلە لە دەشت دا، چوونە سەرئاو بە شتێكەوە كە ناوی خودای تێدا بێت مەكروهە، هەروەها قسەكردن لە سەرئاو، میزكردنە كونەوە، دەست لێدانی فەرج بە دەستی ڕاست، ڕووكردنە قیبلە لەناو خانوودا، ئەمانە لە كاتی پێویستدا جائیزە. موستەحەبە شۆردن و بەردەكان تاك بن و ئاو و بەرد بەیەكەوە بەكاربێت.

**سیواك:** سونەتە بە دارێكی نەرمی تەڕ وەك (اراك) ـ دار سیواك ـ لەم كاتانەدا بەكارهێنانی باشترە: كاتی نوێژ، قورئان خوێندن، دەستنوێژ پێش ئاوڕادان لە دەم، لەخەو هەستان، چوونە ناو مزگەوت و خانوو، گۆڕانی بۆنی دەم و هاوشێوەكانی.

**دەستنوێژ:** پایەكانی: **١ـ** دەم و چاو شۆردن و ئاوڕادان لە دەم و هەڵمژین بە لووت. **٢ـ** دەست شۆردن لە پەنجەكانەوە تا ئەنیشك. **٣ـ** مەسحی هەموو سەر و گوێ. **٤ـ** پێ شۆردن بە قولەقاپەوە. **٥ـ** ڕیزبەندیی بەو جۆرە. **٦ـ** دوابەدوای یەك.

**واجبەكانی:** (بسم الله) كردن، دەست شۆردن پێش خستنە ناو ئاو سێ جار گەر لە خەو هەستابێت.

**سوننەتەكانی دەست نوێژ:** سیواك كردن، دەست شۆرین لە سەرەتادا، پێشخستنی ئاوڕادان لە دەم و هەڵمژینی بە لووت پێش شۆرینی دەم و چاو، زیادەڕۆیی كردن لە ئاوڕادان لە دەم و هەڵمژین بە لووت گەر بەڕۆژوو نەبوو، دەست لە ڕیشی پڕ وەردان، دەست خستنە

بەینی پەنجەکان و دەستپێکردنی لە ڕاستەوە، شۆردنی ئەندامەکان دووبارە و سێ بارە، هەڵمژین بە لای ڕاست و مشکردن بە لای چەپ، دەست پێداهێنانی ئەندامەکان، کردنی ئەو کارانە بە ڕێکوپێکی، دوعاکردن دوای تەواو بوون.

**ئەوەی کردنی باش نییە:** دەستنوێژ بە ئاوی سارد یان گەرم، شۆردنی ئەندامێك لە سێ جار زیاتر، لابردنی ئاوی دەستنوێژ بە ئەندامەکانەوە، شۆردنی ناوچاو، وشککردنەوەی ئەندامەکان جائیزە.

**ئاگاداری:** (مضمضة) دەبێت ئاو لەناو دەمدا بجوڵێنرێت، (إستنشاق)یش دەبێت ئاو بە لووت هەڵبمژرێت نەك تەنها ئاوکردنە لووتەوە، بەو شێوەش نەبێت نابێت.

**چۆنیەتی دەستنوێژ:** نیەتهێنان بە دڵ، دواتر (بسم الله) کردن و دەست شۆرین، دواتر ئاوڕادان لە دەم و هەڵمژینی بە لووت و دواتر دەم و چاوی دەشوات (سنورەکەشی: لە سەرەتای شوێنی قژ ڕوان هەتا چەناگە بە درێژیی لە گوێچکەوە بۆ گوێچکە بە پانی)، دواتر دەست و باڵی دەشوات هەتا ئانیشکەکان و بە ئانیشکەوە، دواتر مەسحی هەموو سەری دەکات بە سەر گوێچکەکانییەوە، هەردوو پەنجەی شایەتمان و هاوشێوەکەی لە دەستە چەپی دەخاتە کونە گوێکانی و پەنجەکەڵەکانی دەهێنێت بەسەر گوێکانیدا، دواتر پێیەکانی بە قولەپاکانیەوە دەشوات.

**ئاگاداری:** ڕیش ئەگەر تەنك بوو واجبە پێستی ژێری بشۆردرێت، ئەگەر پڕ بوو تەنها ڕووکەشەکەی.

**مەسحی خوف:** خوف بەرگی پێیە، پێستە بێت یان شتی تر، ئەگەر صوف و هاوشێوەی بێت پێی دەوترێت گۆرەویی، مەسح کردن لە سەریان ڕەوایە بۆ دەستنوێژ نەك بۆ لەشگرانی.

**مەسح کردن جائیزە بە چەند مەرجێك:** ١ـ لەپێکردنی خوف لە کاتی هەبوونی دەست نوێژدا. ٢ـ دەستنوێژەکەی بە ئاو بووبێت. ٣ـ شوێنی فەرزەکە ـ ئەوەی شۆردنی واجبە- داپۆشێت. ٤ـ خوفەکە حەڵاڵ بێت. ٥ـ پاك بن.

**عەمامە:** مەسح کردنی بە چەند مەرجێك دەبێت: ١ـ لەسەر پیاودا بێت. ٢ـ شوێنی عادەتی سەر داپۆشێت. ٣ـ بۆ دەستنوێژ بێت. ٤ـ ئاو بەکار بێت بۆ دەستنوێژ.

**سەرپۆش:** دەبێت بە چەند مەرجێك: ١ـ لەسەر ئافرەت بێت. ٢ـ بسوڕێتەوە بە ژێر چەناگەدا. ٣ـ بۆ دەستنوێژ بێت. ٤ـ ئاو بەکار بێت بۆ دەستنوێژ. ٥ـ شوێنی عادەتی سەر داپۆشێت.

**کاتی مەسح:** بۆ موقیم شەو و ڕۆژێك و بۆ موسافیر ـ مەسافەی قصر ٨٥ کم ـ سێ شەو و سێ ڕۆژ.

**سەرەتای دەستپێکردن:** دوای لەپێ کردن لە کاتی دەستنوێژ نەمانەوە تا ئەو کاتە لە ڕۆژی دوایی (٢٤ سەعات) بۆ موقیم.

**ئەندازەی مەسح:** زۆربەی لاسەرووی خوف لە پەنجەکانەوە تا قاچ، بە پەنجەی کراوە مەسح دەکرێت.

**سودێك:** ئەوەی مەسحی کرد لە سەفەردا دوایی گەڕایەوە ماڵەوە، یان لە ماڵەوە بوو دوایی سەفەری کرد یان شکی هەبوو هەر لە سەرەتای مەسحەوە حوکمی موقیمی هەیە.

**جەبیرە:** وەك گرتنە گەچ و گرتنەوەی شوێنی شکاوی، مەسح کردن لەسەری ڕەوایە بە سێ مەرج:١ـ پێویست بێت. ٢ـ لە شوێنی پێویست زیاتر نەبێت. ٣ـ لە دوای شۆردنی

ئەندامەکانی پێش خۆی یەکسەر مەسح بکرێت، ئەگەر گەچەکە زیاد لە پێویستی داپۆشیبوو دەبێت لابرێت مەگەر مەترسی زەرەریی لێ بکرێت ئەو کاتە مەسح بەسە.

**چەند سودێک:** ✸باشتر وایە هەردوو خوف بەیەکەوە مەسح بکرێت و لای ڕاست پێش نەخرێت. ✸لای ژێرەوەی خوف و پاژنەکەی مەسح ناکرێت. ✸باش نییە خوف بشۆردرێت لە باتی مەسح، یان مەسح دووبارە بکرێتەوە. ✸عەمامە و سەرپۆش دەبێت زۆربەی مەسح بکرێت.

**ئەو شتانەی دەستنوێژ دەشکێنن:** ١ـ ئەوەی لە پاش و پێشەوە دەردەچێت، وەك میز و پیسایی و (با) و مەنی و مەزی. ٢ـ لاچونی ئەقڵ بە خەو یان لەهۆشچوون، خەوی کەم بە دانیشتنەوە یان بە پێوە دەستنوێژ ناشکێت. ٣ـ هاتنە دەرەوەی میز و پیسایی لە شوێنێکی تری جەستەوە. ٤ـ هاتنە دەرەوەی شتێکی پیس جگە لە (میز و پیسایی) گەر زۆربوو وەك خوێن. ٥ـ خواردنی گۆشتی وشتر. ٦ـ دەست لێدانی فەرج بەبێ بەربەست. ٧ـ دەست لێدانی زەکەر لە لایەن مێینەوە یان بە پێچەوانەوە بە شەهوەتەوە بەبێ بەربەست. ٨ـ هەڵگەڕانەوە لە دین.

**هەر کەس دڵنیا بوو کە دەستنوێژی هەیە، دوایی کەوتە شکەوە یان بە پێچەوانەوە حیساب بۆ یەقینەکەی دەکرێت.**

**غوسڵ:** واجب دەبێت بە: ١ـ هاتنە دەرەوەی مەنی بە خۆشییەوە بۆ هۆشیار، بۆ نوستو بە خۆشییەوە بێت یان نا. ٢ـ بردنە ناوەوەی زەکەر لە فەرجدا، ئەگەر ئاویش نەیەتەوە. ٣ـ موسوڵمانبوونی کافر و هەڵگەراوە. ٤ـ بینینی خوێنی مانگانە ـ حەیز. ٥ـ هاتنەدەرەوەی خوێنی منداڵبوون. ٦ـ مردنی موسوڵمان.

**فەرزەکانی:** ئاو بە هەموو لەشدا کردن بە نیەتی غوسڵ، بە ناو دەم و لوتەوە.

**بەتۆ شت خۆشتن ـ غوسڵ ـ کامل دەکرێت:** ١ـ نیەت. ٢ـ بسم الله کردن. ٣ـ شۆردنی دەست پێش خستنە ناو ئاوەوە. ٤ـ شۆردنی فەرج. ٥ـ دەستنوێژ هەڵگرتن. ٦ـ سێ جار ئاو بە سەریدا بکات. ٧ـ ئاو بە لەشیدا بکات. ٨ـ دەست بە لەشیدا بهێنێت. ٩ـ بەلای ڕاست دەست پێ بکات.

**ئەوەی بێ دەستنوێژ بێت حەرامە:** ١ـ دەست لە قورئان بدات. ٢ـ نوێژ بکات. ٣ـ تەواف بکات. ئەگەر لەشی گران بێت، ئەوانی پێشووی لەسەر حەرامە و هەروەها. ٤ـ قورئان خوێندن. مانەوە لە مزگەوت بەبێ دەستنوێژ، هەروەها کەراهەتی هەیە خەوتن بەبێ دەستنوێژ و سەرفکردنی ئاوی زۆر بۆ غوسل.

**تەیموم:**

**مەرجەکانی:** ١ـ نەبوونی ئاو. ٢ـ بە خۆڵێکی: پاك، حەلاڵ، تۆزی هەبێت، سوتاو نەبێت.

**ڕوکنەکانی:** مەسحی هەموو دەم و چاو، دواتر دەستەکان هەتا مەچەك، ڕیزبەندیی، لەدوای یەکتری.

**ئەوی بەتاڵی دەکاتەوە:** ١ـ ئەو شتانەی دەستنوێژ بەتاڵ دەکەنەوە. ٢ـ هەبوونی ئاو گەر تەیموم لەبەر بێ ئاویی کرابێت. ٣ـ نەمانی عوزری تەیموم وەك ئەوەی لەبەر نەخۆشی تەیمومی کردبێت.

**سونەتەکانی:** ١ـ ڕیزبەندیی و دوابەدوای یەك. ٢ـ دواخستنی تا کۆتایی نوێژ. ٣ـ زیکری دوای دەستنوێژ خوێندن دوای.

**ئەوەی مەکروهە تیایدا:** چەند بارەکردنەوەی دەست دان بە زەوییدا.

**چۆنیەتی:** نیەت بهێنێت و بسم الله بکات و دەست بدات بە زەوییدا یەك جار، دواتر دەست بهێنێت بە دەم و چاویشیدا، دواتر پشتی دەستی ڕاستی بە چەپی مەسح بکات و بە پێچەوانەوە.

**لابردنی پیسی:** پیسی دوو جۆرە: ١ـ بە شۆردن پاك نابێتەوە، وەك بەراز كە هەرچەند بشۆردرێت پاك نابێتەوە. ٢ـ حوکمی پیسییەکی دروست بووە لەسەر شوێنێکی پاك وەك جلوبەرگ و زەوی.

**پیسییەکان بەم شێوەیەی خوارەوەن:**

| شتەکان | | حوکمەکەیان |
|---|---|---|
| ئاژەڵ | پیس | سەگ و بەراز یان هەر شتێك كە گۆشتی ناخورێت لە باڵندە و ئاژەڵ كە قەبارەیان لە پشیلە گەورەترە، خۆیان و پاشەڕۆیان پیسن وەك: میز، پیسایی، تف، ئارەق، مەنی، ڕشانەوە (هەر شتێك لە دەمیان دەربچێت). |
| | پاک | ١ـ مرۆڤــ : هەموو پاشەڕۆکانی پاکە وەك: مەنی، ئارەق، تف، شیر، بەڵغەم، تەڕیی فەرجی مێینە، تەنها میز و پیسایی و مەزی وەدی و خوێن نەبێت کە پیسن. |
| | | ٢ـ ئەوەی گۆشتی دەخورێت: هەموو پاشەڕۆکانی وەك میز، پیسایی، مەنی، ئارەق، لیك، ڕشانەوە مەزی پاکن. |
| | | ٣ـ ئەوەی زەحمەتە خۆتی لێ بپارێزی: گوێدرێژ و پشیلە و ئەوەی بچوکترە لەو وەك مشك: لیك و ئارەقیان پاکە. |
| مردوو | | هەمووی پیسە تەنها مرۆڤ نەبێت، هەروەها ماسی و کوللە و ئەو شتانەی خوێنی نییە وەك دووپشك و مێش و مێشولە پاکن. |
| بێ گیان | | زەوی و بەرد و هاوشێوەیان پاکن (جگە لەو شتانەی لەمەوپێش باس کران). |

**چەند سوودێك:** ✸ خوێن و کێم پیسن، گەر کەم بوو قەیناکە، گەر هی ئاژەڵێکی پاك بوون. ✸ خوێن پاکە لە دوو کاتدا: ١ـ هی ماسی. ٢ـ ئەوەی لە دەماری ئاژەڵی سەربڕاودا دەمێنێتەوە. ✸ ئەوەی لە ئاژەڵێکی گۆشت خوراو بە زیندویی لێبکرێتەوە پیسە لەگەڵ (علقة، مضغة)دا. ✸ لابردنی پیسی پێویستی بە نیەت نییە، گەر بە باران لاچوو پاکە. ✸پیسیی پاك دەبێتەوە بە چەند مەرجێك: ١ـ بە ئاوی پاك بشۆرێت. ٢ـ بگوشرێتە دەرەوی ئاوەکە گەر بگوشرێت (وەك کەلوپەل). ٣ـ بە کڕاندن لابرێت، گەر شۆردن بەس نەبوو. ٤ـ گەر پیسی لە سەگەوەبوو، حەوت جار بە ئاو، هەشتەم جار بە خۆڵ یان سابوون بشۆرێت.

**ئاگاداری:** ✸ پیسی لە سەر زەوی گەر شل بوو وەك میز، دەبێت ئاوی پێدا بکرێت تا ڕەنگ و بۆنی نامێنێت، گەر قەبارەی هەبوو وەك پیسایی، دەبێت پیساییەکە و شوێنەواری لابرێت. ✸ گەر پیسییەکە تەنها بە ئاو لادەچوو دەبێت بشۆرێت. ✸ گەر شوێنی پیساییەکە دیار نەبوو شوێنەکە هەمووی دەشۆرێت تا دڵنیا دەبین لە لاچوونی. ✸ ئەوەی دەستنوێژی گرت بۆ سوونەت جائیزە فەرزی پێوە بکات. ✸ ئەوەی دەخەوێت یان (با)ی لێ دەربچێت واجب نییە خۆی پاك بکاتەوە ـ سەرئاو بکات ـ تەنها دەتوانێت دەستنوێژ بگرێت کاتێك ویستی نوێژ بکات.

# حوکمەکانی تایبەت بەئافرەتان

## (حوکمی خوێنە سروشتیەکانی ئافرەتان ) یەکەم : خوێنی حەیز و ئیستحاضة

| حوکمەکەی | مەسەلەکە |
| --- | --- |
| کەمترین و زۆرترین تەمەن کە ئافرەت تێیدا بکەوێتە حەیزەوە | لای کەمی (٩) ساڵە، ئەگەر زووتر خوێنی بینی ئەوە ئیستیحازەیە، سنوریش بۆ لای ژووروو نییە. |
| کەمترین کاتی حەیز | شەو و ڕۆژێك (٢٤) سەعات، لەوە کەمتر ئیستیحازەیە. |
| پاکیی نیوان دوو حەیز | (١٣) ڕۆژە، ئەگەر پێش تەواو بوونی خوێن هات ئەوە ئیستیحازەیە[1]. |
| زۆربەی ئافرەتان حەیزیان | شەش یان حەوت ڕۆژە. |
| ئایا خوێنی کاتی سکپڕیی حەیزە؟ | ئەوەی لە ئافرەت دەرچێت لە خوێن، کیدرە[2]، زەردایی[3] ئیستیحازەیە. |
| پاکیی لای زۆرینەی ئافرەتان | بیست و سێ یان بیست و چوار ڕۆژە. |
| چ کاتێك ئافرەت دەزانێت پاك بۆتەوە | ئافرەتان دوو جۆرن ١ـ بە بینینی لینجاوێکی سپی[4]. ٢ـ بە وشك بوونەوەی فەرج لە خوێن و کیدرە و زەردایی، گەر لەوانە بێت کە لینجاوی سپی نابینێت. |
| خوێنی تەڵخ و زەردایی کە لە فەرج دێت | گەر لەپێش یان پاش حەیز بێت بێ ئەوەی بەینی هەبێت حەیزە، ئەگەر بەینی هەبوو ئیستیحازەیە. |
| ئەو ئاوانەی کە لە کاتی پاکیێتی لە فەرجی ئافرەت دەردەچێت | گەر ڕوون بوو یان سپی لینجی بوو پاکە، گەر کیدرە و خوێن و زەردیی بوو پیسە، هەمووشیان دەستنوێژ دەشکێنن، گەر بەردەوام بوو ئیستیحازەیە. |
| گەر کەسێك چەند ڕۆژێکی هەبوو بۆ حەیز لە هەموو مانگێکدا و پێش تەواو بوونی پاك بوویەوە | حوکمی پاکی هەیە، گەر پاك بوویەوە ئەگەرچی ڕۆژەکانی کە زوتر خوێنی تێدا دەبینی تەواو نەکرد. |
| پاش و پێش کەوتنی حەیز لە کاتی خۆی | ئەوەی سیفاتی حەیزی تێدابێت حەیزە، بە مەرجێك لە نێوان دوو خوێن بینیندا (١٣) ڕۆژ پاکیی هەبێت (لای کەمی پاکێتی) ئەگەرنا ئیسیحازەیە. |
| ئەگەر حەیز زیاد و کەمی کرد لە ڕۆژەکانی ئاسایی خۆی | حوکمی حەیزی هەیە بە مەرجێك لە لای زۆری حەیز زیاتر نەبێت (١٥ڕۆژە). |
| ئەگەر بۆ ماوەی مانگێك بە تەواویی ئافرەت خوێنی بینی یان زیاتر لەوە | چەند حاڵەتێکی هەیە: ١ـ ئەوەی کاتی حەیزی خۆی لە مانگەکەدا زانی، ژمارەی ڕۆژەکانیشی ئەوە بە گوێرەی ژمارەی ڕۆژەکانی لە کاتی خۆیدا حەیزە، خوێنەکەی جیاواز بێت یان نا. ٢ـ ئەوەی کاتی حەیزی دەزانێت، بەڵام ڕۆژەکانی نازانێت، شەش یان حەوت ڕۆژ لە کاتی حەیزی خۆیدا بە حەیز دادەنێت. ٣ـ ئەوەی ژمارەی ڕۆژەکانی حەیزی دەزانێت، بەڵام کاتەکەی نازانێت ئەوە لە سەرەتای مانگێکی هیجریەوە بەقەدەر ڕۆژەکانی لە حەیزدا دەبێت. |

---

١ **حەیز**: خوێنێکی ئاساییە بە بێ نەخۆشی و منداڵبوون دەبینرێت.
**ئیستیحازە**: بینینی خوێن لە غەیری کاتی خۆی بە هۆی نەخۆشی و تێك چوونەوە.
**جیاوازیی نێوان حەیز و ئیستیحازە**: ١ـ خوێنی حەیز خوێنێکی سوری تاریکە بە لای ڕەشدا دەچێت، خوێنی ئیستیحازە سووری کراوەیە، وەك خوێنێك کە لە لووت دێت. ٢ـ خوێنی حەیز خەستە و هەندێك جار کڵۆی تێدایە، خوێنی ئیستیحازە ڕوونە وەك خوێنی برین وایە. ٣ـ خوێنی حەیز بۆنی ناخۆشە، زۆر جار بۆگەنە، خوێنی ئیستیحازە بۆنی وەك خوێنی ئاسایی وایە.

٢ **خوێنی تەڵخ**: خوێنێکە لە فەرج دەردەچێت، ڕەنگی قاوەیی تۆخە.

٣ **زەردایی**: خوێنێکە لە فەرج دەردەچێت، ڕەنگی بە لای زەردا دەڕوانێت.

٤ لینجاوی سپی: ئاوێکی سپییە، لە کاتی پاك بوونەوە لە فەرج دەردەچێت، پاکە، بەڵام دەستنوێژ دەشکێنێت.

## دووەم: زەیسانی ـ خوێنی منداڵبوون

| مەسەلە | حوکمەکەی |
|---|---|
| ئەگەر منداڵی بوو خوێنی نەبینی | ئەو کاتە حوکمی زەیسانی نییە، خۆشۆردنی لەسەر نییە، ڕۆژووەکەشی ناشکێت |
| بینینی نیشانەکانی منداڵ بوون | خوێن و ئاو و ئازاری پێش منداڵ بوون حوکمی زەیسانی نییە، بەڵکو ئیستیحازەیە |
| ئەو خوێنەی لە کاتی منداڵ بووندا دێتە دەرەوە | ئەوە خوێنی زەیسانە، هەتا ئەگەر منداڵەکە نەهاتە دەرەوە یان نیوەی هاتە دەرەوە. هەر نوێژێکیش کەوتە ئەو کاتەوە لەسەری نییە و گێڕانەوەشی نییە. |
| کەی ڕۆژەکانی زەیسان دەست پێ دەکات | لەو کاتەوە بە تەواویی منداڵەکە لە سکی دایکی دێتە دەرەوە بۆ سەر زەوی. |
| لای کەمی زەیسان | لای کەمی نییە، دوای منداڵ بوون یەکسەر خوێنی نەما، خۆی دەشوات نوێژ دەکات و چاوەڕێی تەواو کردنی (٤٠) ڕۆژ ناکات |
| لای زۆری زەیسان | لای زۆری (٤٠) ڕۆژە، لەوە زیاتر حسابی بۆ ناکرێت و دەبێت خۆی بشوات و نوێژ بکات، مەگەر بکەوێتە کاتی حەیزی خۆیەوە (لە پێش سکپڕیی) ئەو کاتە بە حەیز حسێب دەکرێت |
| ئەگەر دووانەی بوو | ڕۆژەکانی زەیسان لە لەدایك بوونی منداڵی یەکەمەوە دەست پێ دەکات |
| خوێن دوای لەبارچوون | ئەگەر تەمەنی (٨٠) ڕۆژ یان کەمتر بوو، خوێنەکەی دوای ئەوە بە ئیستیحازە حسێبە، ئەگەر دوای (٩٠) ڕۆژ بوو زەیسانە، ئەگەر لە نێوان (٨٠) و(٩٠) دابوو، ئەوە ئەگەر شکڵی ئادەمی تێدابوو ئەوە زەیسانە، ئەگەر نا ئیستیحازەیە |
| ئەگەر لە کاتی (٤٠) ڕۆژەدا پاك بوویەوە، دواتر خوێنی بینی دوای تەواوبوونی (٤٠) ڕۆژەکە | ئەگەر ئافرەت پاك بوویەوە لەو (٤٠) ڕۆژەدا، ئەوا خۆی دەشوات و نوێژ دەکات ئەگەر پێش تەواوبوونی (٤٠) ڕۆژەکە جارێکی تر خوێنی بینییەوە، ئەوە زەیسانە، بەم شێوەیە هەتا تەواو بوونی (٤٠) ڕۆژ. |

**چەند ئاگادارییەك:** ✸ ئەوەی ئیستیحازە بوو نوێژی لە سەری واجبە، بەڵام بۆ هەموو نوێژێك دەستنوێژ گرتنەوەی دەوێت. ✸ ئەگەر ئافرەت پێش خۆر ئاوابوون لە حەیز و زەیسانی پاك بوویەوە: ئەوە نوێژی نیوەڕۆ و عەسریشی لەسەرە، ئەگەر پێش نوێژی بەیانی پاك بوویەوە، ئەوە نوێژی مەغریب و عیشای ئەو شەوەی لەسەرە. ✸ ئەگەر کاتی نوێژ هاتبوو دواتر کەوتە حەیز یان زەیسانییەوە دوای پاك بوونەوە ئەو نوێژەی لەسەر نییە. ✸ لەسەر ئافرەت واجبە قژی بکاتەوە بۆ غوسڵی حەیز و زەیسانی، بەڵام بۆ جەنابەت پێویست ناکات. ✸ جیماع کردن لە کاتی ئیستیحازەدا مەکروهە، بەڵام ئەگەر مێرد پێویست بوو ئەوا جائیزە. ✸ لەسەر ئافرەت واجبە بۆ هەر نوێژێك دەستنوێژ بگرێت لە کاتی ئیستیحازەدا، هەتا خوێنی نامێنێت. ✸ دەکرێت ئافرەت دەرمان بخوات بۆ دواخستنی یان کۆتایی هێنانی حەیز بە مەبەستی بەجێهێنانی ئەرکەکانی حەج یان ڕۆژووگرتی ڕەمەزان، بە مەرجێك دەرمانەکە زەرەری نەبێت.

**ئافرەت لەئیسلام دا:** ئافرەت وەك پیاوە لە پاداشت و ڕێزدا و بە گوێرەی کردار و ئیمان: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت « إنما النِّساءُ شَقائِقُ الرِّجالِ » (أبوداود) واتە: (ئافرەتان نیوەکەی تری پیاوانن) ، دەتوانێت داوای مافی خۆی بکات، یان نەهێشتنی زوڵم و ستەم لەسەری. خوای گەورە ڕووی فەرمانەکانی دەکاتە ئافرەت و پیاو بەیەکەوە، مەگەر لە هەندێك شوێنی تایبەتدا کە زۆر کەمن بە بەراورد بەوانی تر. شەرعیش تایبەتمەندێتی

ئافرەت و پیاو ڕەچاو دەكات لە ڕووی جەستە و تواناكانەوە، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿أَلَا يَعۡلَمُ مَنۡ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ﴾ (الملك:١٤) واتە: ئایا ئەو كەسەی خەلقی كردون شارەزا نییە بە حاڵی دروستكراوەكان، خودا لەتیف و زانایە.

ئافرەت كاری تایبەتی خۆی هەیە و پیاویش هەروەها، تێكەڵكردنی كارەكان هاوسەنگی ژیان تێك دەدات، هەتا ئافرەت بەقەد پاداشتی پیاو وەر دەگرێت كاتێك كە لە ماڵەوە دانیشتوە. لە فەرموودەدا هاتووە كە ئەسمائی كچی یەزید دەچێت بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و دەڵێت دایك و باوكم بەقوربانت بێت من نوێنەری ئافرەتانم، چونكە دەزانم هەر ئافرەتێك لە ڕۆژهەڵات بێت یان لە ڕۆژئاوا هەمان ڕای منی هەیە، خوای گەورە تۆی بە هەق ناردووە بۆ پیاوان و ژنان، ئێمەش باوەڕمان بە تۆ هێنا و بەو خوایەی تۆی ناردووە، بەڵام ئێمەی ئافرەتان زۆر بوارمان نییە، لە ماڵەوەین، شەهوەتی ئێوە تێر دەكەین، منداڵتان بۆ هەڵدەگرین، ئێوەی پیاو خوای گەورە فەزڵی داون بە سەر ئێمەدا بە جومعە و جەماعەت و سەردانی نەخۆش، شوێنكەوتنی مردوو، حەج لە دوای حەج، لە هەموان گەورەتر جیهاد كردن لە پێناوی خوادا و كاتێك یەكێك لە ئێوە دەچێت بۆ حەج و عومرە و جیهاد، ئێمە ماڵەكەی بۆ دەپارێزین، جلی بۆ دەچنین، منداڵەكانی بۆ بەخێو دەكەین، ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە چەندێك لەو پاداشتانەدا بەشدارین؟ پێغەمبەر ﷺ ڕووی وەرگێڕا بە لای هاوەڵەكانیدا و فەرمووی « هَلْ سَمِعْتُمْ مَقَالَةَ امْرَأَةٍ قَطُّ أَحْسَنَ مِنْ مَسْأَلَتِهَا فِي أُمْرِ دِيْنِهَا مِنْ هَذِهْ؟ » واتە: (ئایا ئێوە گوفتاری لەوە باشترتان بیستووە لە پرسیاری ئەم ئافرەتە لە بارەی دینەكەیەوە؟ وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ گومانمان نەدەبرد ئافرەتێك ڕێی بكەوێتە ئاوەها پرسیارێك، دواتر پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووی كردە ئافرەتەكە و فەرمووی « انْصَرِفِي أَيَّتُهَا الْمَرْأَةُ، وَأَعْلِمِي مَنْ خَلْفَكِ مِنَ النِّسَاءِ أَنَّ حُسْنَ تَبَعُّلِ إِحْدَاكُنَّ لِزَوْجِهَا، وَطَلَبَهَا مَرْضَاتَهُ، وَإِتْبَاعَهَا مُوَافَقَتَهُ تَعْدِلُ ذَلِكَ كُلَّهُ » (رواه البيهقي في شعب الإيمان) واتە: (بڕۆ بە ئافرەتانی دوای خۆیشت بگەیەنە كە هەر ئافرەتێك لەگەڵ مێردەكەیدا باش بێت، بەدوای ڕەزامەندیی ئەودا بگەڕێت، بە قسەی بكات، ئەوا پاداشتی بەئەندازەی ئەو هەموو شتانەی كە تۆ وتت دەبێت، دواتر ئافرەتەكە لە خۆشییدا ، بە دەم (لا إلـه إلاالله) و (الله أكبر) كردنەوە گەڕایەوە.

لەفەرموودەیەكی تردا هاتووە كە (هەندێك ئافرەت هاتن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوان پاداشتی زیاتریان هەیە بە جیهاد كردن لە پێناوی خوادا، ئایا هیچ كارێك هەیە كە ئێمە بیكەین و بە قەد ئەوان خێرمان بگات؟ فەرمووی « مِهْنَةُ إِحْدَاكُنَّ فِي بَيْتِهَا تُدْرِكُ عَمَلَ الْمُجَاهِدِيْنَ فِي سَبِيْلِ اللهِ » ( البيهقي ) واتە: ئیش و كاری ماڵەوەتان بە قەد جیهاد لەپێناوی خوادا خێری هەیە.

بەڵكو چاكەكردن لەگەڵ كەس و كار كە ئافرەت بێت بە خێرێكی زۆر گەورەی داناوە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت « مَنْ أَنْفَقَ عَلَى ابْنَتَيْنِ أَوْ أُخْتَيْنِ أَوْ ذَوَاتَي قَرَابَةٍ يَحْتَسِبُ النَّفَقَةَ عَلَيْهِمَا حَتَّى يَكْفِيَهُمَا اللَّهُ أَوْ يُغْنِيَهُمَا مِنْ فَضْلِهِ كَانَتَا لَهُ سِتْرًا مِنَ النَّارِ » (أحمد و الطبراني) واتە: (هەركەس خەرجیی دوو كچ یان دوو خوشك یان دوو ئافرەتی خزمی كرد لەبەر خودا هەتا خوا ڕزقیان دەدات یان دەوڵەمەند دەبن، ئەو دووانە دەبنە بەربەستی ئاگر بۆی ).

## هەندێک حوکمی پەیوەست بە ئافرەتانەوە

✸ حەرامە پیاو خەڵوەت بکات لەگەڵ ئافرەتێك ئەگەر مەحرەمی لەگەڵدا نەبێت[1]. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویێت « لَا يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ إِلاَّ مَعَ ذِي مَحْرَمٍ » (متفق عليه) واتە: (هیچ پیاوێك بە تەنها لەگەڵ ئافرەت نەبێت ئەگەر مەحرەمیان لەگەڵ نەبێت).

✸ بۆ ئافرەت هەیە نوێژ لە مزگەوت بکات ئەگەر ترسی فەسادی نەبوو، ئەگەرنا کەراهەتی هەیە، عائیشە دەڵێت: ئەگەر پێغەمبەر ئەو شتانەی ئەمڕۆی ئافرەتانی دەبینی مەنعی مزگەوتی لێ دەکردن هەروەك چۆن ئافرەتانی بەنی ئیسرائیل مەنع کران. (متفق عليه)..

✸ هەروەك چۆن نوێژی پیاو لە مزگەوت خێری چەند بارە هەیە نوێژی ئافرەتیش لەماڵدا خێری زیاترە، لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە، ئافرەتێك دێتە لای پێغەمبەر ﷺ و پێی دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا من حەز دەکەم لە مزگەوت لەگەڵ تۆ نوێژ بکەم، ئەویش دەفەرموویێت: « قَدْ عَلِمْتُ أَنَّكِ تُحِبِّينَ الصَّلاَةَ مَعِي، وَصَلاَتُكِ فِي بَيْتِكِ خَيْرٌ مِنْ صَلاَتِكِ فِي حُجْرَتِكِ، وَصَلاَتُكِ فِي حُجْرَتِكِ خَيْرٌ مِنْ صَلاَتِكِ فِي دَارِكِ، وَصَلاَتُكِ فِي دَارِكِ خَيْرٌ لَكِ مِنْ صَلاَتِكِ فِي مَسْجِدِ قَوْمِكِ، وَصَلاَتُكِ فِي مَسْجِدِ قَوْمِكِ خَيْرٌ لَكِ مِنْ صَلاَتِكِ فِي مَسْجِدِي » (أحمد.) واتە: نوێژی ئافرەت لە ماڵی خۆی خێری زیاترە لە مزگەوت، لە مزگەوتی نزیك خێری زیاترە لە هی دوور، ئەگەر مزگەوتی پێغەمبەریش بێت ﷺ، لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموویێت «خَيْرُ مَسَاجِدِ النِّسَاءِ بُيُوتُهُنَّ» (أحمد) واتە: (باشترین مزگەوتی ژنان ماڵەکانیانە).

✸ ئافرەت ئەگەر مەحرەمی نەبوو لەگەڵیدا بچێت بۆ حەج، حەج و عەمرەی لەسەر واجب نییە و سەفەر کردنیشی بەبێ مەحرەم جائیز نییە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویێت « لاَ تُسَافِرِ امْرَأَةٌ فَوْقَ ثَلاثِ لَيَالٍ إِلا مَعَ ذِي مَحْرَمٍ » (متفق عليه) واتە: (ئافرەت سەفەری سێ ڕۆژ زیاتر نابێت بکات ئەگەر مەحرەمی لەگەڵ نەبوو).

✸ حەرامە ئافرەت زیارەتی قەبرستان بکات و شوێنی جەنازە بکەوێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویێت « لَعَنَ اللَّهُ زَوَّارَاتِ الْقُبُورِ » (الترمذي) واتە: (لەعنەتی خودا لەو ئافرەتانەی سەردانی گۆڕەکان دەکەن). دایکی عەتیە دەڵێت (قەدەغەمان لێکراوە کە شوێنی جەنازە بکەوین، بەڵام جەختمان لەسەر نەکراوەتەوە) (مسلم) .

✸ بۆ ئافرەت هەیە قژی ڕەنگ بکات بەهەر ڕەنگێك تەنها کەراهەتی هەیە بە ڕەش، بە مەرجێك خەڵەتاندنی داواکاری تێدا نەبێت.

✸ واجبە میراتی ئافرەت بدرێت و نەدانی حەرامە، لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕنەوە « مَنْ قَطَعَ مِيراثَ وَارِثِهِ ؛ قَطَعَ اللهُ مِيراثَهُ مِنَ الجَنَّةِ يومَ القِيامَةِ » (ابن ماجه) واتە: (هەر کەس میراتی لە خاوەنەکەی گرتەوە، خوای گەورە لە بەهەشت بێ بەشی دەکات) .

✸ واجبە لەسەر مێرد نەفەقەی ژنەکەی بکات ئەویش شتانێکن کە ئافرەت بەبێ ئەو شتانە نایکرێت وەك، خواردن، جلوبەرگ، خانوو بە گوێرەی توانا.

---

[1] مەحرەم ئەوانەن کە بە هەتاهەتایی جائیز نییە شویان پێ بکات وەك: باوك، باپیر، بەرەوژوور، کوڕ، کوڕەزا، بەرەوخوار، برا، کوڕەکانی، کوڕانی خوشك، مام، خاڵ، باوکی مێرد، بەرەوژوور، کوڕی مێرد، بەرەوخوار، باوك و برا و کوڕ لە شیرەوە، مێردی کچ، مێردی دایك.

ج‌خـــوای گـــەورە دەفـــەرمـــوێت ﴿ لِيُنفِقۡ ذُو سَعَةٖ مِّن سَعَتِهِۦۖ وَمَن قُدِرَ عَلَيۡهِ رِزۡقُهُۥ فَلۡيُنفِقۡ مِمَّآ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ﴾ (الطلاق:٧) واتە: با ئەوانەی دەوڵەمەندن بە گوێرەی تواناییان نەفەقە بکەن و ئەوانەشی هەژارن بە گوێرەی تواناییان ئەگەر مێردی نەبوو نەفەقەی واجبە لەسەر باوکی، برای، کوڕی، ئەگەر خزمی نەبوو خەڵکیی نەفەقەی بکێشن خێرە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت «السَّاعِي عَلَى الأَرْمَلَةِ وَالمِسْكِينِ كَالمُجَاهِدِ فِي سَبِيلِ اللهِ أَوْ كَالذي يَقُومُ اللَّيْلَ ويصومُ النَّهَارَ » (متفق عليه) واتە: (ئەوەی یارمەتی بێوەژن و هەژار دەدات بە بەردەوامیی وەك ئەو کەسە وایە لە پێناو خوای گەورەدا تێدەکۆشێت، یان وەك ئەو کەسە وایە کە بەشەو شەو نوێژ دەکات و بەڕۆژ بەڕۆژوو دەبێت) .

✸ ئافرەتان زیاتر هەقی بەخێوکردنی منداڵەکەیان هەیە، ئەگەر شوو نەکاتەوە نەفەقەکەی لەسەر باوکی منداڵەکەیە.

✸ باش نییە سەلام کردن لە ئافرەت بە تایبەتی گەر گەنج بوو یان ترسی فەسادی لێ دەکرا.

✸ سونەتە تاشینی توکی بەر، هەڵکێشانی توکی بن باڵ، قرتاندنی نینۆك لە هەموو هەینییەکدا، باش نییە لە چل ڕۆژ زیاتر وازی لێ بهێنرێ.

✸ هەڵکێشانی مووی دەموچاو حەرامە بە بڕۆکانیشەوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت « لَعَنَ اللهُ النَّامِصَةَ والمُتَنَمِّصَةَ » (أبوداود) واتە: (لەعنەتی خودا لەو کەسەی مووی دەموچاوی هەڵدەکێشێت و لەو کەسەش کە بۆی دەکات) .

✸ تازێ گرتنەوە: حەرامە ئافرەت تازێ بار بێت لە سێ ڕۆژ زیاتر ئەگەر بۆ مێردەکەی نەبێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت « لا يَحِلُّ لامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ باللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ أَنْ تُحِدَّ عَلَى مَيِّتٍ فَوْقَ ثَلاثٍ إِلا عَلَى زَوْجها » (مسلم) واتە: (جائیز نییە بۆ ئافرەتێك کە بڕوای بە خودا و ڕۆژی دوایی هەبێت خۆی تازێ بار بکات لە سێ ڕۆژ زیاتر مەگەر بۆ مێردەکەی نەبێت) .

بۆ مێرد واجبە چوار مانگ و دە ڕۆژ تازێ بار بێت، لەو ماوەشدا جلی ڕەنگا و ڕەنگ لەبەر نەکات، هەروەها بەکارهێنانی خەنە، میکیاج، کل، ڕۆن، بەڵام بۆی هەیە نینۆکی بکات و مووی هەڵکێشێت و خۆی بشوات، لەبەرکردنی یەك ڕەنگ وەك ڕەش واجب نییە، ئەو ماوەیەش دەبێت لەو ماڵەدا بێت کە تێیدا بوون کاتێك مێردەکەی مردووە، نابێت بگوازێتەوە، نابێت لە ماڵ دەربچێت بۆ کاری پێویست نەبێت.

✸ حەرامە ئافرەت قژی بتاشێت گەر پێویست نەبوو، کورتکردنەوەی جائیزە بە مەرجێك وەك پیاوی لێنەکات، پێغەمبەر ﷺ (لەعنەتی خودا لەو ئافرەتانەی خۆیان وەك پیاو لێدەکەن) « لَعَنَ رَسُولُ اللَّه ﷺ الْمُتَشَبِّهَاتِ بالرِّجَالِ مِنْ النِّسَاءِ » (الترمذي) یان وەك ئافرەتی بێباوەڕ، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت « ومَنْ تَشَبَّهَ بقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ » (أبوداود) واتە: (ئەوەی خۆی چواند بە قەومێك لەوانە).

✸ ئافرەت کاتێك لە ماڵ دەردەچێت دەبێت بە بەرگێك خۆی داپۆشێت کە ئەم مەرجانەی تێدا بێت: ١ـ هەموو بەدەن داپۆشێت. ٢ـ نابێت جوانکاریی بێت لە خۆیدا. ٣ـ ئەستوور بێت. ٤ـ فراوان بێت، تەسك نەبێت. ٥ـ عەتری پێوە نەبێت. ٦ـ لە بەرگی پیاوان نەچێت. ٧ـ لە بەرگی بێباوەڕان نەچێت. ٨ـ زۆر زەق نەبێت بە شێوەیەك هەموو کەس سەرنجی بدات (ثوب شهرة).

حەرامە بەرگێك لەبەر بكرێت كە وێنەی ئادەمی یان گیاندارانی تێدا بێت، هەڵواسینی، داپۆشینی دیوار پێی، فرۆشتنی جائیز نییە، عەورەتی ئافرەت لەگەڵ كەسانی تردا سێ جۆرە: ١- مێرد: دەتوانێت هەموو گیانی ببینێت. ٢- ئافرەت و پیاوانی مەحرەمی: دەتوانن ئەوەی بە ئاسایی دەردەكەوێت ببینن وەك: دەم و چاو، قژ، مل، دەست، قاچ. ٣- پیاوانی تر: نابێت هیچ كوێی ببینن بۆ پێویستیی نەبێت وەك: داخوازیی، چارەسەر، یان هەر شتێكی تری پێویست، چونكە فیتنەی ئافرەت لە دەم و چاویدایە، فاتیمەی كچی مونزیر دەڵێت: (دەم و چاومان دادەپۆشی، ئەگەر پیاوی لێبوایە) الحاكم. عائیشە خوا لێی رازی بێت دەڵێت: (كاتێك دەچوین بۆ حەج لە رێگە كە پیاوانمان پێ دەگەیشت دەموچاومان دادەپۆشی و كە ڕەت دەبوون هەڵمان دەدایەوە) (أبوداود).

✸ عیددە: چەند جۆرێكن: ١ـ حامیلە: عیددەی تەڵاق و مردن دانانی منداڵەكەیەتی. ٢ـ مێرد مردوو: عیددەكەی چوار مانگ و دە رۆژە. ٣ـ تەڵاقدراو كە هێشتا حەیزی هەیە: عیددەكەی سێ حەیزە، عیددەكەشی بە پاكبوونەوە لە حەیزی سێیەم تەواو دەبێت. ٤ـ ئەوەی لە حەیز وەستاوە: عیددەكەی سێ مانگە، عیددەی تەڵاقدراو بە تەڵاقی ڕەجعی، دەتوانێت لەگەڵ مێردەكەی بمێنێتەوە هەتا عیددەكەی تەواو دەبێت. ڕەنگە خوای گەورە پێكیان بهێنێتەوە، لەو ماوەشدا جائیزە مێرد هەر شوێنێكی ببینێت و لەماڵێكدا بە تەنها بن، گەڕاندنەوەكەی ڕازیبوونی ژنەكەی پێویست نییە، ڕەجعەكەش بە وشەی (راجعتك) یان بە جیماع دەبێت و دەكرێت.

✸ ئافرەت ناتوانێت خۆی بە شوو بدات، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت « أَيُّمَا امْرَأَةٍ نَكَحَتْ بِغَيْرِ إِذْنِ وَلِيِّهَا فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ » (أبوداود) واتە: (هەر ئافرەتێك بەبێ ئیزنی وەلی شووی كرد ئەوە شووكردنەكەی بەتاڵە)

✸ حەرامە ئافرەت قژی دەستكرد بكاتە سەری یان خاڵ بكوتێت، ئەمانەش گوناهی گەورەن، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت « لَعَنَ اللَّهُ الْوَاصِلَةَ وَالْمُسْتَوْصِلَةَ ، وَالْوَاشِمَةَ وَالْمُسْتَوْشِمَةَ » (متفق عليه) واتە: (لەعنەت لەو ئافرەتەی پرچ دەداتە یەكێكی تر، لەوەش لەسەری دەكات، لەوەی خاڵ دەكوتێ لەوەی بۆی دەكوتن) .

✸ حەرامە ئافرەت داوای تەڵاق بكات بەبێ هۆ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت « أَيُّمَا امْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا الطَّلاقَ مِنْ غَيْرِ مَا بَأْسٍ فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةُ الْجَنَّةِ » (أبوداود) واتە: (هەر ئافرەتێك داوای تەڵاقی لە مێردەكەی كرد بەبێ ئەوەی خراپ بێت، بۆنی بەهەشتی لێ حەرامە) .

✸ لەسەر ئافرەت واجبە گوێڕایەڵی پیاو بكات بە گوێرەی توانا، بەتایبەتی بۆ كاری سەرجێیی، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت « إِذَا دَعَا الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهِ فَأَبَتْ أَنْ تَجِيءَ ، فَبَاتَ غَضْبَانَ ؛ لَعَنَتْهَا الْمَلائِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ » (متفق عليه) واتە: (ئەگەر ئافرەت مێردەكەی بانگی كرد بۆ سەرجێیی و بە قسەی نەكرد و مێردەكەی بە ڕقهەستاوی خەوت، فریشتەی خوا لەعنەت لەو ئافرەتە دەكەن تا بەیانی دەبێتەوە) .

✸ حەرامە ئافرەت عەتر لە خۆی بدات ئەگەر زانی لە كاتی چوونە دەرەوەی پیاو دێتە رێگای، چونكە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: « إِنَّ الْمَرْأَةَ إِذَا اسْتَعْطَرَتْ ، فَمَرَّتْ عَلَى الْقَوْمِ لِيَجِدُوا رِيحَهَا ، فَهِيَ كَذَا وَكَذَا ؛ يَعْنِي زَانِيَةً » (أبوداود) واتە: (ئەگەر ئافرەت عەتری لە خۆی دا و بە لای پیاودا ڕۆیشت بۆ ئەوەی بۆنی بكەن ئەوە وایە و وایە، واتە زیناكەرە) .

# نوێژ

نوێژ و بانگ و قامەت فەرزی کیفایەیە لەسەر پیاوان لە شاردا، سوننەتە بۆ تاکی ڕێبوار، کەراهەتی هەیە بۆ ئافرەت، پێش کاتەکەی جائیز نییە، جگە لە نوێژی بەیانی کە دوای نیوەی شەو جائیزە بانگی یەکەمی بدرێت.

**مەرجەکانی نوێژ:** ١- موسوڵمانێتی. ٢- عاقڵ. ٣- تەمیز. ٤- دەستنوێژ و توانایی. ٥- کاتی هاتبێت: کاتی نوێژی نیوەڕۆ دەست پێدەکات کاتێك خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لادەدات (زوال) هەتا سێبەری شتەکان بەقەد خۆیانی لێ دێت، دوای ئەوە کاتی نوێژی عەسرە، باشترین کاتیشی تا سێبەری شتەکان دوو هێندەی خۆیانی لێ دێت و هەتا خۆر ئاوابوونیش کاتی دەبێت: دواتر کاتی نوێژی مەغریبە تا سوراییی خۆر نامێنێت، دوایی کاتی عیشا دێت، باشترین کاتی تا نیوەی شەو هەتا شەبەق دەدات، دوایی کاتی بەیانییە تا خۆر کەوتن.
٦- عەورەت داپۆشین[1]. ٧- پاکی بەدەن و جل و بەرگ، شوێنەکە بە گوێرەی توانا.
٨- ڕووکردنە قیبلە بە گوێرەی توانا. ٩- نیەت.

**ڕوکنەکانی نوێژ:** چوارده ڕوکنە: ١- وەستان لە فەرزدا لەگەڵ تواناداا. ٢- تەکبیرەی ئیحرام. ٣- خوێندنی فاتیحا. ٤- ڕکوع لەهەر ڕکاتێکدا. ٥- هەڵسانەوە لە ڕکوع. ٦- ڕاست بوونەوە، وەستان دوای ڕکوع. ٧- سوجدە بردن لەسەر حەوت ئەندام. ٨- دانیشتنی نێوان سوجدەکان. ٩- تەحیاتی دووەم ١٠- دانیشتنی تەحیات. ١١- سەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ لە تەحیاتی دووەم. ١٢- سەلامدانەوەی یەکەم. ١٣- وەستان لە جوڵە دوای هەموو ڕوکنێك. ١٤- تەرتیبی ئەم ڕوکنانە، **ئەم ڕوکنانەش دەبێت لە نوێژدا هەموو هەبن، هەر دانەیەکی نوقسان بێت ئەو ڕکاتە بەتاڵ دەبێتەوە بە هەڵە بێت یان ئەنقەست.**

**واجبەکانی نوێژ:** هەشتن: ١- هەموو (الله أکبر)ەکان جگە لە هی ئیحرام. ٢- وتنی: (سمع الله لمن حمده) بۆ ئیمام و بە تەنها. ٣- وتنی (ربنا ولك الحمد)، لە کاتی هەستانەوە لە ڕکوع. ٤- وتنی (سبحان ربي العظيم)، لە ڕکوعدا جارێك. ٥- وتنی: (سبحان ربي أعلى)، لە سوجدەدا جارێك. ٦- وتنی: (رب اغفرلي) لە نێوان دوو سوجدەدا. ٧- تەحیاتی یەکەم. ٨- دانیشتنەکەی (تەحیات). **ئەم واجبانە گەر بە ئەنقەست تەرك بکرێن نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە، ئەگەر بە هەڵە بوو سوجدەی سەهوو دەبرێت.**

**سوننەتەکانی نوێژ:** کردار و گوفتاری هەیە، بە نەکردنی هەر شتێك لەوانە نوێژ بەتاڵ نابێتەوە ، ئەگەر بە ئەنقەستیش بێت .

**سونەتە گوفتاریەکان:** دوعای (استفتاح ، کردنەوەی نوێژ )، وتنی (أعوذ بالله من شيطان الرجيم) (بسم الله) کردن، وتنی (ئامین) پاش تەواو کردنی خوێندنی سورەتی( الفاتحە )، دەنگ هەڵبڕین لەو نوێژانەی کە قورئانی بەدەنگی بەرز تێدا دەخوێنرێت، خوێندنی قورئان دوای (الحمد)، دەنگ هەڵبڕینی ئیمام بۆ (مأموم) نابێت، بە تاکیش کەیفی خۆیەتی. وتنی: **حمداً کثراً طيباً مبارکًا فيه ملء السموات والآرض وملء ما بينهما وملء ما شئت من شيء**

---

[1] **عەورەت:** ئەندامی زاوزێ و ئەو شوێنانەی شەرمی لێ دەکرێ، هی حەوت ساڵانی کوڕ تەنها پێش و پاشە، دە ساڵان نێوان ئەژنۆ و ناوکە، ئافرەتی ئازادی باڵغ هەموو بەدەنیەتی دەم و چاوی نەبێت، لە نوێژدا داپۆشینی باش نییە، گەر لای پیاودا بوو دەبێت دەم و چاویشی داپۆشێت، ئەگەر نوێژی کرد و تەوافی کرد شوێنێکی بە دەرەوە بوو وەك باڵی، عیبادەتەکەی بەتاڵە، پاش و پێش لە هەموو کاتێکدا دەبێت داپۆشراو بێت تەنانەت لە کاتی تەنهایی و تاریکییدا کەراهەتی هەیە دانەپۆشراو بێت تەنها بۆ کاتی پێویست جائیزە دانەپۆشراو بێت.

بعد پاش ووتنی (ربنا ولك حمد)، وتنی جارێك زیاتر لە خوێندنی زیکرەکانی ڕکوع و سوجدەدا ، وە ووتنی (رب اغفرلی) و دوعا کردن پێش سەلامدانەوە.

**سوننەتە کردارییەکان:** دەست بەرز کردنەوە لە کاتی: (الله أکبر)ی ئیحرام، هەستانەوە لە ڕکوع و چوون بۆ ڕکوع، هەستانەوە لە تەحیاتی یەکەم، دەستی ڕاست خستنە سەر دەستی چەپ لەژێر سنگدا لە کاتی وەستاندا، سەیرکردنی شوێنی سوجدە، قاچ بڵاو کردنەوە، لە کاتی چوون بۆ سوجدە لە پێشا ئەژنۆ دانان، دوایی دەستەکان، دوایی ناوچەوان و لوت، هەبوونی بەین لە کاتی سوجدەدا لە نێوان، باڵ و لاکەلە، سك و ڕان، ڕان و قاچ، هەردوو ئەژنۆ لەیەك جودابێت، هەروەها هەردوو پێ و پەنجەکانی بە زەوییەوە بن، دانانی دەست لە پاڵ شاندا بە کراوەیی و پەنجەکان بەیەکەوە: لە کاتی هەستان سەر سنگی پێی و ئەژنۆ و دەستەکان، لە تەحیاتی یەکەمدا پێیەکی ڕابخات و لەسەری دابنیشێت و پێیەکەی تری ڕێك لەسەر سنگی پێ ڕابگرێت (مفترشا)، لە دووەمدا پێی ڕاستی ڕابگرێت و چەپی بخاتە بۆشایی بەینی پێی ڕاستی و قاچییەوە (تورکا)، دانانی هەردوو دەست لەسەر ڕانەکانی بە کراوەیی و پەنجە بەیەکەوە بوو لە نێوان دوو سوجدەکەدا، هەروەها لە کاتی تەحیاتدا، بەڵام لای ڕاست لە کاتی تەحیاتدا پەنجەکانی دەنوقێنی تەنها پەنجەی شایەتمان نەبێت لە کاتی زیکر و دوعادا ئیشارەتی پێدەکات وەك ئاماژە بە تەنهایی خودا، لاکردنەوە بە لای ڕاست و چەپدا بۆ سەلام دانەوە و سەلام دانەوەی لای ڕاست لەپێشدا.

**سوجدەی سەهو:** سوننەتە گەر گوفتارێکی لە جێگای خۆیدا نەوت، وەك خوێندنی قورئان لە سوجدەدا، هەروەها کردنی ئاساییە گەر سوننەتێکی تەرك کرد، واجبە، گەر ڕکوعی زیادەی برد، یان سوجدە، یان وەستان یان دانیشتن، یان سەلامی دایەوە پێش تەواو بوون، یان قورئانەکەی بە هەڵە خوێندەوە بەجۆرێك واتاکەی دەگۆڕێ یان واجبێکی تەرك کرد، یان گومانی هەبوو کە کردارێکی زیاد کردووە لە کاتی کردنەکەی دا.

نوێژ بەتاڵ دەبێتەوە گەر سوجدەی سەهوی واجب بە ئەنقەست واز لێ بهێنێت، دەتوانێت دوو سوجدەی سەهو لەپێش یان لەپاش سەلام ئەنجام بدات، گەر بیری چوو کاتی زۆری بەین بوو پێویست ناکات.

**چۆنێتی نوێژ:** لە کاتی هەستان بۆ نوێژ ڕوو دەکەیتە قیبلە و دەڵێیت (الله أکبر) ئیمام بە دەنگی بەرز دەیڵێت لەگەڵ (الله أکبر)ەکانی تردا بۆ ئەوەی ئەوانەی دوای گوێیان لێ بێت و ئەوانی تر بە دەنگی نزم (الله أکبر) دەکەن، لە کاتی (الله أکبر)دا دەستەکانی تا نزیك شانی بەرز دەکاتەوە و دوایی دایان دەگرێت و بە دەستی ڕاست دەستی چەپ دەگرێت و لەژێر سنگیدا دایان دەنێت، سەیری شوێنی سوجدە دەکات، دەست پێدەکات بەوەی لە سوننەتدا هاتووە وەك: **سبحانك الهم وبحمدك وتبارك إسمك وتعالى جدك ولاإله غيرك**، دوایی (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) دەکات، دوایی بسم الله، دوایی (الحمد) دەخوێنێت، بۆ مأموم باشتر وایە لە کاتی بێدەنگیی ئیمامدا بیخوێنێت ئەگەر نوێژی جەهری بوو، واجبە خوێندنی لە نوێژی نهێنییدا، دوایی هەندێك قورئان دەخوێنێت، لە بەیانیدا سوننەتە سورەتی درێژ بخوێنیت، لە مەغریبدا سورەتی کورت، لە نوێژەکانی تردا مامناوەند، سورەتی درێژ وەك سورەتی (ق) هەتا (عم)، مامناوەند (عم) هەتا (الضّحى)، کورت (الضّحى) هەتا (الناس).

لە نوێژی بەیانی و دوو ڕکاتی یەکەمی مەغریب و عیشا ئیمام بە دەنگی بەرز قورئان دەخوێنێت، لەوانی تردا بە شاراوەیی دەیخوێنێت، دوایی (الله أكبر) دەکات و دەچێتە ڕکوع

و دەستەکانی دەخاتە سەر ئەژنۆکانی و پەنجەکانی بڵاو دەکاتەوە و پشتی ڕێك ڕادەگرێت لەگەڵ سەریدا، دوایی دەڵێت (سبحان ربي العظيم) سێ جار دوایی سەر بەرز دەکاتەوە و دەڵێت (سمع الله لمن حمده)، کاتێك ڕاست بووەوە بە پێوە دەڵێت: ربنا ولك الحمد، حمداً كثيراً طيباً مباركاً فيه ملء السموات و ملء ألأرض وملء ماشئت من شئ بعد، دوایی (الله أكبر) دەکات و دەچێتە سوجدە، باڵی جیا دەکاتەوە لە لاکەلەی سکی لە ڕانەکانی، دەستی لای شانیەوە دادەنێت، ڕووی پەنجەی قاچی و دەستی دەکاتە قیبلە، دوایی دەڵێت (سبحان ربي الأعلى)، سێ جار، دەتوانێ هەندێ دوعای تری سوننەت بکات یان هەر دوعایەك خۆی حەز بکات، سەر بەرز دەکاتەوە و (الله أكبر) دەکات، پێی چەپی ڕادەخات و لەسەری دادەنیشێت، پێی ڕاستی ڕادەگرێت و ڕووی پەنجەکانی دەکاتە قیبلە، یان هەردوو پێی ڕێك ڕادەگرێت و پەنجەکانی ڕوو دەکاتە قیبلە و بە سەر پاژنەکانی دادەنیشێت و دەڵێت: (رب اغفرلي) دووجار، دەتوانێت ئەم زیادەشی بخاتە سەری: وارحمني واجبرني وارفعني وارزقني وانصرني واهدني وعافني، دوایی سوجدەی دووەم دەبات وەك یەکەم، دوایی هەڵدەستێتەوە و ڕکاتی دووەم هەر بە شێوەی یەکەم دەکات کە تەواو بوو بۆ تەحیاتی یەکەم دادەنیشێت (مفترشا) و دەستی چەپ دەخاتە سەر ڕانی چەپ و ڕاستی لەسەر ڕاست دادەنێت و دەستی دەنوقێنێت تەنها پەنجەی شایەتومانی نەبێت کە ئیشارەتی پێدەکات، دوایی دەڵێت: التحيات لله والصلوات والطيبات، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله و بركاته السلام علينا وعلى عبادالله الصالحين، أشهد ان لا إله إلا الله و أشهد أن محمداً عبده و رسوله. دوایی (الله أكبر) دەکات و هەڵدەستێتەوە بۆ ڕکاتی سێهەم و ئینجا چوارەم، بەڵام دەنگ بەرز ناکاتەوە تیایاندا و تەنها فاتیحە (الحمد) دەخوێنێت و دوایی بۆ تەحیاتی دووەم دادەنیشێت بە (تورك) دوایی تەحیات دەخوێنێت وەك یەکەم و ئەمەش زیاد دەکات (أللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد، و بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم و على آل إبراهيم إنك حميد مجيد) سونەتە دوایی ئەوە بڵێت (أعوذ بالله من عذاب النار و عذاب القبر و فتنة المحيا والممات وفتنة المسيح الدجال) یان هەر دوعایەکی تر لە فەرموودەدا هاتبێت، دوایی سەلام دەداتەوە بە لای ڕاستدا و دەڵێت: السلام عليكم ورحمة الله، دوایی بە لای چەپدا، دواتر سوننەتە ئەم دوعا و زیکرانە بخوێنێت[١].

**نوێژی نەخۆش:** ئەگەر وەستان نەخۆشییەکەی زیاد دەکرد یان نەیدەتوانی، بە دانیشتنەوە نوێژ بکات، ئەگەر نەیتوانی لەسەر لا بە ڕاکشانەوە، ئەگەر زەحمەت بوو لەسەر پشت، ئەگەر نەیتوانی ڕکوع و سجود بەرێت، تەنها تۆزێك خۆی دەجوڵێنێت، ئەو نوێژانەشی لە دەستی چووە

---

[١] **سێ جار بڵێ أستغفرالله، ئەمجا** (أللهم أنت السلام ومنك السلام تباركت يا ذالجلال والإكرام، لاإله إلا الله وحده لاشريك له، له الملك و له الحمد، وهو على كلى شئ قدير، لاحول ولاقوة إلا بالله، لاإله إلا الله ولا نعبد إلا إياه له النعمة وله الفضل وله الثناء الحسن، لاإله إلا إلله مخلصين له الدين ولو كره الكافرون، أللهم لامانع لما أعطيت، ولا معطي لما منعت، ولا ينفع ذالجد منك الجد). دوای نوێژی بەیانی و ئێوارە( مغرب ) ئەمەش زیاد دەکات (لاإله إلا الله وحده لاشريك له، له الملك وله الحمد، يحيي ويميت، وهو على كل شيء قدير) دە جار، دوای ئەوە (سبحان الله) سی و سێ جار (الحمد لله) سی و سێ جار (الله أكبر) سی و سێ جار، دوایی لە سەدهەمدا دەڵێت (لاإله إلا الله وحده لاشريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شئ قدير)، دوایی ئایەتی (الكرسي) دەخوێنێت و دوایی (قل هوالله احد) و (قل أعوذ برب الفلق) و (قل أعوذ برب الناس) سێ جار دەیانخوێنێت لە بەیانی و ئێوارە( مغرب ) دا.

دەیگێڕێتەوە، ئەگەر زەحمەت بوو نوێژەکان لە کاتی خۆیدا بکات، دەتوانێت نوێژی نیوەڕۆ و عەسر پێکەوە کۆ بکاتەوە، هەروەها ئێوارە و خەوتنانیش، لە کاتی یەکێك لە نوێژەکاندا.

**نوێژی گەشتیار:** ئەگەر گەشتەکەی لە (٨٥) کیلۆمەتر زیاتر بوو، گەشتێکی حەرام نەبوو، بۆی هەیە نوێژی چوار ڕکاتی بکاتە دوو ڕکات، ئەگەر نیەتی هەبوو زیاتر لە چوار ڕۆژ لە شوێنێکدا نیشتەجێ بێت ئەوا هەر لە ئەوەڵەوە نوێژەکان وەك خۆی دەکات، ئەگەر گەشتیار لە دوای نیشتەجێ بووەوە نوێژی کرد دەبێت وەك نیشتەجێ بووەکە نوێژەکەی بکات لە هەموویان دا، گەشتیار دەتوانێت نوێژەکانی وەك خۆی بکات، بەڵام کورت کردنەوە خێری زیاترە.

**نوێژی جومعە (هەینی)** لە نوێژی نیوەڕۆ خێرترە، نوێژێکی سەربەخۆیە و نیوەڕۆیەکی کورتکراوە نییە نابێت بە چوار ڕکاتی بکرێت و بە نیەتی نیوەڕۆ دانامەزرێت و ناکرێت بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ عەسردا کۆ بکرێتەوە، ئەگەر هۆی کۆکردنەوەش هەبوو.

**وەتر:** سوننەتە، کاتەکەی لە عیشادا بۆ بەیانی، لای کەمی ڕکاتێکە، لای زۆری (١١) ڕکاتە: دوایی هەر دوو ڕکاتێك سەلام دەداتەوە، ئەمە خێرترە، لای کەمی کە بە باشی بکرێت سێ ڕکاتە بە دوو سەلام دانەوە، سوننەتە خوێندنی، سورەتی (ألأعلى) لە ڕکاتی یەکەمدا، (الكافرون) لە دووەمدا، (ألإخلاص) — قل هو الله أحد لە سێیەمدا، سوننەتە قنوت بخوێنرێت لە دوای ڕکوع و دەست بەرز دەکاتەوە بە دەنگی بەرز دوعا دەکات ئەگەر بە تەنهاش بێت.

**جەنازە:** شۆردنی مردووی موسوڵمان، کفن کردنی، نوێژ لەسەر کردن، بردن بۆ قەبرستان و ناشتنی فەرزی کیفایەیە، تەنها شەهیدی جەنگ نەبێت کە ناشۆردرێت، کفن ناکرێت، بەڵام جائیزە نوێژی لەسەر بکرێت، بەو شێوەی مردوو دەنێژرێت، پیاو لە سێ بەرگی سپیدا دەنێژرێت، ئافرەتیش لە پێنج: بەرگی خواروو، سەروو، سەرپۆش و دووبەرگ هەموو گیان دادەپۆشێت: سوننەتە ئیمام یان کەسێك بە تاك نوێژی مردوو بکات لای سنگی پیاوەوە بوەستێت و لە ناوەڕاستی ئافرەتەوە بوەستێت، چوار (الله أكبر) دەکات، دەست بەرز دەکاتەوە لە هەموویاندا، بە یەکەم دەست پێ دەکات و (أعوذ بالله من الشيطان رجيم) دەکات و دوایی بسم الله و (الحمد) دەخوێنێت و دەنگ بەرز ناکاتەوە، دوایی (الله أكبر)ی دووەم دەکات و سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ دەدات: دواتر (الله أكبر)ی سێیەم دەکات و دوعا بۆ مردووەکە دەکات، دواتر (الله أكبر )ی چوارەم دەکات و تۆزێك ڕادەوەستێت و سەلام دەداتەوە.

حەرامە قەبر لە بستێك زیاتر بەرز بکرێتەوە، یان هەڵبەستنی یان ماچ کردنی، بۆنخۆشکردن و تەواف کردن بە دەوریدا، مزگەوت دروست کردن لەسەری، یان ناشتنی مردوو لە مزگەوت حەرامە، واجبە ئەو گومەزانەی بەسەر قەبرەوەن بڕوخێنرێن.

✸ لە چۆنێتی سەرەخۆشی کردندا قەدەغەی تێدا نییە: لەو وشانەی کە دەکرێت بوترێت: أعظم الله أجرك وأحسن عزاءك وغفر لميتك. واتا: خودا پاداشتت زۆر کات و سەبووریت بدات و لە مردووەکەت خۆش بێت، گەر موسوڵمان کەسێکی کافری مرد، دەکرێت پێی بڵێیت: أعظم الله أجرك وأحسن عزاءك، بەڵام سەرەخۆشی لە کافر ناکرێت ئەگەر کەسی موسوڵمانیشی مردبێت.

✸ ئەو کەسەی دەزانێت شینی بۆ دەکەن واجبە وەسیەت بکات بۆ ئەوەی نەیکەن، ئەگەر نا سزای دەدرێت لەسەری.

✸ ئیمامی شافیعی دەڵێت: مەکروهە دانیشتن بۆ تەعزێ، واتە لە شوێنێك دانیشن بۆ ئەوەی خەڵك بچێت بۆ سەرەخۆشی کردن، بەڵکو دەبێت بچنە سەر کاری خۆیان پیاو بن یان ئافرەت.

✸ سوننەتە خواردن بۆ خاوەن تەعزیە دروست بکرێت، مەکروهە لە خواردنی ئەوان بخورێت یان دروست کردنی خواردن بۆ ئەوانەی لە تەعزێ دەمێننەوە.

✸ سوننەتە سەردانی گۆڕی موسوڵمانان بەبێ سەفەر کردن، سەردانی گۆڕی کافریش جائیزە، کافر لە سەردانی گۆڕی موسوڵمان قەدەغە ناکرێت.

✸ سوننەتە ئەوەی دەچێتە گۆڕستان بڵێت: السلام عليكم دار قوم مؤمنين أو أهل الديار من المؤمنين، يرحم الله المستقدمين منا والمستأخرين، نسأل الله لنا ولكم العافية، اللهم لا تحرمنا أجرهم ولا تفتنا بعدهم واغفر لنا ولهم.

**نوێژی جەژنەکان:** فەرزی کیفایەیە و کاتەکەی وەك نوێژی (ضحى) وایە، ئەگەر دوای زەوال زانرا کە جەژنە لە ڕۆژی دواتر بە قەزا دەکرێت، مەرجەکانی وەك نوێژی هەینی وایە جگە لە دوو وتارەکە، مەکروهە نوێژی سوننەت لە پێش و لە دوای نوێژی جەژن لە شوێنی نوێژەکە بکرێت،

**چۆنیێتی:** دوو ڕکاتە: دوای (الله أكبر)ی (إحرام) پێش (تعوذ) لە ڕکاتی یەکەمدا (٦) جار (الله أكبر) دەکات و لە دووەمدا پێش (ألحمد) خوێندن (٥) جار (الله أكبر) دەکات، لەگەڵ هەموو (الله أكبر) ێك دەستی بەرز دەکاتەوە دوای ئەوە ( أعوذ بالله من الشيطان الرجيم ) دەکات، دوایی (الحمد) دەخوێنێت بە دەنگی بەرز، دوایی (الأعلى) لە یەکەم دا و (الغاشية) لە دووەمدا دەخوێنێت، کاتێ سەلامی دایەوە وەك جومعە دوو وتار دەدات، بەڵام سوننەتە (الله أكبر)ی زۆر تێدابێت، ئەگەر نوێژی جەژنی وەك نوێژی ئاسایی کرد ئەوا جائیزە چونکە (الله أكبر)ە زیادەکان سوننەتن.

**نوێژی خۆر و مانگگیران:** سوننەتە، کاتەکەشی لە سەرەتای گیرانی مانگ یان خۆرەوەیە هەتا تەواو دەبێت ئەگەر لەو کاتەدا نەکرا ناگێڕدرێتەوە، دوو ڕکاتە، لە یەکەمدا سورەتی (الحمد) و سورەتێکی تری درێژ بە دەنگی بەرز دەخوێنرێت، دوایی ڕکوع دەبات و درێژی دەکاتەوە، دوایی هەڵدەستێتەوە و (سمع الله لمن حمد) دەکات و (ربنا ولك الحمد) دەڵێت و سوجدە نابات، (الحمد) دەخوێنێت و سورەتێکی درێژ، دوایی ڕکوع دەبات و درێژی دەکاتەوە، دوایی هەڵدەستێتەوە، دوایی سوجدە دەبات و درێژی دەکاتەوە، دواتر ڕکاتی دووەم وەك یەکەم دەکات، دوایی تەحیات دەخوێنێت و سەلام دەداتەوە، ئەگەر هات بۆ نوێژ و فریای ڕکوعی یەکەم نەکەوت ئەوا ئەو ڕکاتەی لەدەست چووە.

**نوێژەبارانە:** سوننەتە کاتێك باران کەم دەبێتەوە، کات و چۆنیێتی و حوکمەکانی وەك نوێژی جەژن وایە، بەڵام یەك وتاری تێدایە، سوننەتە جلوبەرگ هەڵبگێڕدرێتەوە بەڵکو خوای گەورە بارودۆخ بگۆڕێت.

**نوێژی سوننەت:** کات بووە کە پێغەمبەر ﷺ جگە لە فەرز دوازدە ڕکات نوێژی کردووە ! دوو ڕکات پێش نوێژی بەیانی، چوار پێش نیوەڕۆ، دوان لە دواییدا، دوان دوای مەغریب، دوان دوای عیشا. لە فەرموودەدا هاتووە کە جگە لەوانە سوننەتی تری کردووە.

**ئەو کاتانە نوێژی سوننەت تێیدا نەهی لێکراوە:** ١ـ دوای نوێژی بەیانی هەتا خۆر هەڵهاتن و بەرزبوونەوەی بەقەد ڕمێك. ٢ـ کاتێ خۆر لە ناوەڕاستی ئاسماندایە هەتا لا دەدات. ٣ـ دوای نوێژی عەسر هەتا خۆرئاوا بوون، بەڵام ئەوانەی هۆکاریان هەیە جائیزە وەك: تەحیەتولمەسجید ( نوێژی هاتنە ناو مزگەوتەوە)، دوو ڕکاتی تەواف، نوێژی جەنازە، دوو ڕکاتی دەستنوێژ، سوجدەی تیلاوە و شوکر.

# زەكات

**جۆرەكانی زەكات:** لە چوار جۆر زەكات دەكەوێت ١ـ مەڕومالاَت كە بلەوەڕێت. ٢ـ كشتوكاڵ. ٣ـ پارە. ٤ـ شتومەكی بازرگانی.

**مەرجەكانی واجب بوون:** پێنج مەرجی هەیە ١ـ موسوڵمان بێت. ٢ـ ئازاد بێت. ٣ـ گەیشتن بە نیصاب. ٤ـ خاوەنداریێتی. ٥ـ یەك ساڵ بە سەریدا تێپەڕ بێت، تەنها كشتوكاڵ نەبێت.

**زەكاتی مەڕ و ماڵاَت:** سێ جۆرن: حوشتر، مانگا، مەڕ و بزن، مەرجەكانی واجب بوونی زەكات دوون: ١ـ بلەوەڕێت هەموو یان زۆربەی ساڵەكە. ٢ـ بۆ شیر و زاوزێ بێت نەك ئیش، ئەگەر بۆ بازرگانی بوو وەك شتومەكی بازرگانی زەكاتی دەكەوێت.

## زەكاتی حوشتر

| ژمارە | ١ - ٤ | ٥-٩ | ١٠- ١٤ | ١٥- ١٩ | ٢٠- ٢٤ | ٢٥- ٣٥ | ٣٦- ٤٥ | ٤٦-٦٠ | ٦١- ٧٥ | ٧٦ -٩٠ | ٩١- ١٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زەكاتەكەی | زەكاتی نییە | مەڕێك | دوو مەڕ | سێ مەڕ | چوار مەڕ | مێیەی ١ساڵ | مێیەی ٢ساڵ | مێیەی ٣ساڵ | مێیەی ٤ساڵ | ٢مێیەی ٢ساڵ | ٢مێیەی ٣ساڵ |
| ئەگەر لە ١٢٠ زیادی كرد لە هەر (٥٠) دانە مێیەیەكی (٣) ساڵ و لە هەر (٤٠) دانە مێیەیەكی (٢) ساڵ. | | | | | | | | | | | |

## زەكاتی مانگا

| ژمارە | ١-٢٩ | ٣٠-٣٩ | ٤٠- ٥٩ |
|---|---|---|---|
| زەكاتەكەی | زەكاتی نییە | یەك ساڵەی مێیە یان نێرە | دوو ساڵەی مێیە یان نێرە |
| ئەگەر لە (٦٠) زیادی كرد لە هەر (٣٠) دانەیەك (١) ساڵەیەك و لە هەر (٤٠) دانەیەك (٢) ساڵەیەك. | | | |

## زەكاتی مەڕ و بزن

| ژمارە | ١-٣٩ | ٤٠-١٢٠ | ١٢١-٢٠٠ | ٢٠١-٣٩٩ |
|---|---|---|---|---|
| زەكاتەكەی | زەكاتی نییە | ١ دانە | ٢ دانەی | ٣ دانە |
| كە گەیشتە (٤٠٠) دانە و زیاتر، لە هەر (١٠٠) دانەیەك، (١) دانە (نێرەی كەڵدان)، كوێر، پیر، ئەوەی بەچكە بەخێو دەكات، ئاوس، زۆر بە نرخ بۆ زەكات وەرناگیرێت. | | | | |

**زەكاتی كشتوكاڵ:** واجب دەبێت لە دانەوێڵە و بەروبوومدا، بە چەند مەرجێك:

١ـ دەبێت لەو شتانە بێت كە دەپێورێت و هەڵدەگیرێت، وەك: گەنم و جۆ و دانەوێڵە، ترێ و خورما لە بەروبووم، بەڵام ئەوەی ناپێورێت و هەڵناگیرێت وەك سەوزە و (بقولیات) - فستق و هاوشێوەكانی - ئەوە زەكاتی نییە.

٢ـ گەیشتن بە نیصاب: كە ٦٥٣ كیلۆ و بەرەوژوورە.

٣ـ دەبێت لە كاتی واجب بوونی زەكات موڵكی ئەو كەسە بێت، كاتی واجب بوونیش كاتی پێگەیشتنە، كاتی پێگەیشتنی میوە سوور بوون و زەرد بوونە، دانەوێڵەش كاتێك پتەو دەبێت و وشك دەبێت (١٠٪) لەسەدا دە زەكاتی دەكەوێت لەوەی بەبێ زەحمەت ئاو دراوە، ئەوەی بەزەحمەت ئاو دراوە (٥٪) لە سەدا پێنجی وەك ئاودانی لە بیر و خەرج كردنی ماڵ تێیدا، ئەگەر هەندێك ڕۆژ بە زەحمەت ئاودراو ڕۆژەكانی تر وانەبوو ئەوا بە گوێرەی زۆرینەی ڕۆژەكان بە چ شێوەیەك ئاو دراوە.

**پارە:** لە كۆندا پارە ئاڵتون و زیو بووە، بۆیە پێیان دەڵێن (اثمان) واتە (بەها)، لە ئاڵتوندا زەكات ناكەوێت هەتا دەگاتە (٨٥) گرام، لە زیو هەتا دەگاتە (٥٩٥) گرام، لە پارە زەكاتی ناكەوێت هەتا دەگاتە بەهای (٨٥) گرام ئاڵتون، یان (٥٩٥) گرام زیو، زەكاتی ئەمانەش چل یەكە، یاخود لە (٢,٥٪) ئەو ئاڵتونەی بۆ خۆڕازاندنەوە بەكاردێت زەكاتی نییە، ئەوەی بۆ بە كرێ دان و هەڵگرتنە زەكاتی هەیە.

بۆ ئافرەت جائیزە بەکارهێنانی ئاڵتون و زیو بە گوێرەی عادەت، دەکرێت ئەندازەیەکی کەمی زیو بدرێت لە قاپ و قاچاخ، بۆ پیاویش جائیزە بەکارهێنانی بە کەمی وەك ئەنگوستیلە و عەینەك و شتی لەو جۆرە.
ئاڵتون جائیز نییە بدرێت لە قاپ و قاچاخ، بۆ پیاویش گەر زۆر کەم بوو و بە شتێکی ترەوە بوو وەك قۆپچە یان تەلی ددان بەنکردن جائیزە بە بێ خۆشوبهاندن بە ئافرەت.
ئەگەر کەسێك ماڵی هەبوو زیاد و کەمی دەکرد، زەحمەت بوو زەکاتی دەرکات لە کاتی خۆیدا، ڕۆژێك لە ساڵەکەدا دیاری دەکات و هەرچەندە ماڵی هەبوو لە سەدا دوو نیو لێی دەردەکات بەوانەشەوە کە ساڵی بەسەر نەچووە.
ئەگەر کەسێك موچەی هەبوو یان خانوو یان زەوی هەبوو دەیدا بە کرێ زەکاتی ناکەوێت ئەگەر لێی پاشەکەوت نەکات، ئەگەر کردی و ساڵی بەسەردا ڕۆیشت زەکاتی دەکەوێت، ئەگەر زەحمەت بوو ڕۆژێك لە ساڵەکەدا دیاریی دەکات بۆ زەکات دان.
**زەکاتی قەرز:** ئەوەی قەرزی لای دەوڵەمەند بوو، یان پارەی هەبوو دەستی دەکەوتەوە ئەوە زەکاتی دەکەوێت و واجبە ئەو کاتەی کە دەستی دەکەوێتەوە زەکاتی ساڵەکانی پێشووتری لێ بدات هەرچەند زۆر بێت، ئەگەر قەرزەکە بە تەمای نەمابوو، وەك قەرز لای کەسێکی موفلیس ئەوە زەکاتی ناکەوێت، چونکە ناتوانێت تەسەڕوفی تێدا بکات.
**زەکاتی شتومەکی بازرگانی:** زەکاتی تێدا نییە گەر چوار مەرجی تێدا نەبێت:
**١ـ** ماڵی خۆی بێت. **٢ـ** بۆ بازرگانی بێت. **٣ـ** بەهاکەی بگاتە نیصابی ئاڵتون و زیو. **٤ـ** ساڵی بەسەردا بڕوات ئەگەر ئەم مەرجانەی تێدابوو زەکاتی لە نرخەکەی دەر دەکات، ئەگەر پارە و زیو و ئاڵتونی هەبوو دەیخاتە پاڵی بۆ ئەوەی نیصاب تەواو بکات، ئەگەر نیەتی بەکارهێنانی شتومەکەکە بوو زەکاتی لێ ناکەوێت وەك جل و بەرگ و سەیارە و شتی تر، ئەگەر نیەتی بازرگانی لێ هێنایەوە سەرەتایەکی نوێ دادەنێت بۆ تەواو کردنی ساڵێك[١].
**زەکاتی سەرفیترە:** واجبە لەسەر هەموو موسوڵمانێك کە ماڵی زیاتری هەبێت لەوەی بەشی خۆی و ماڵ و منداڵ دەکات لە شەو و ڕۆژی جەژن، ئەندازەکەشی دوو کیلۆ و ڕوبعێکە لە خواردنی عادەتی خەڵکی شارەکە، بۆ هەر نەفەرێك نێر بێت یان مێ: ئەوەی لەسەری واجب بوو، واجبە بۆ ئەو کەسانەی کە نەفەقەی لە سەریەتی سەرفیترە بدات ئەگەر پارەی هەبوو، باشتر وایە ڕۆژی جەژن پێش نوێژ زەکاتەکە بدات و جائیز نییە بیخاتە دوای نوێژ، ئەگەر ڕۆژێك دوو ڕۆژ پێش جەژن بیدات دەبێت، دەکرێت سەرفیترەی چەند کەسێك بە یەك کەس و هی یەك کەس دابەش بکرێت بە سەر چەند کەسێکدا.
**دەرکردنی زەکات:** دوای واجب بوونی یەکسەر دەبێت دەر بکرێت و بیدات بە هەژاران، شێت ومنداڵ واجبە بەرپرسەکانیان زەکاتیان بۆ دەربکات، سوننەتە بە ئاشکرا دەریکات و خۆی بە سەر هەژاراندا دابەشی بکات، مەرجە خاوەن زەکات لە کاتی پێدانی زەکاتەکە نیەتی زەکات دانی هەبێت، جائیز نییە نیەتی خێری لێ بهێنێت ئەگەر هەموو ماڵەکەشی

---

[١] نیصابی شتومەکی بازرگانی = بەهای ٨٥ گرام ئاڵتون، یان بەهای (٥٩٥) گرام زیو، دەتوانێت کامیان بەهاکەی کەمتری دەکرد کاتی زەکاتدان بەوەیان حسابی بکات.

بكات به خێر، باشتر وایه زەکاتی شارێك به سەر هەژاری ئەو شارەدا دابەش بکرێت، بەڵام جائیزیشه بگوازرێتەوە بۆ شارێکی تر بۆ پێویستی، هەروەها جائیزه زەکاتی دوو ساڵ بدات ئەگەر نیصابی تەواو کردبوو.

---

**ئەو کەسانەی زەکاتیان پێ دەشێت:** هەشتن: ١ـ فەقیر. ٢ـ مسکین. ٣ـ کاربەدەستانی زەکات.٤ـ دڵ ڕاگیراوەکان. ٥ـ ئازاد کردنی بەندە. ٦ـ قەرزاران. ٧ـ لە ڕێی خودا. ٨ـڕێبوار.

هەمووان بە گوێرەی پێویستیی زەکاتیان پێ دەدرێت، کاربەدەستانی زەکات نەبێت بە گوێرەی کرێکەی دەیدرێتێ، ئەگەر دەوڵەمەندیش بێت، زەکاتی لەسەر لا دەچێت کەسێك بیداتە کۆمەڵێك کە دەستیان بەسەر شاردا گرتووە، هەروەها ئەگەر کاربەدەست بە زۆر لێی بسێنێت، بە دادپەروەرانە دابەشی بکات یان نا.

نابێت زەکات بدرێت بە بێباوەڕ، و بەندە، و دەوڵەمەند، و ئەوەی نەفەقەی لەسەریەتی، وبەنی هاشم، ئەگەر دای بە کەسانێك شایەنی نەبوون بە نەزانی دوایی بۆی دەرکەوت، لەسەری لاناچێت، بەڵام ئەگەر دای بە کەسێك وای ئەزانی فەقیرە دوایی بۆی دەرکەوت دەوڵەمەندە لەسەری لا دەچێت.

**خێرکردن:** پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت « إِنَّ مِمَّا يَلْحَقُ الْمُؤْمِنَ مِنْ عَمَلِهِ وَحَسَنَاتِهِ بَعْدَ مَوْتِهِ عِلْمًا عَلَّمَهُ وَنَشَرَهُ، وَوَلَدًا صَالِحًا تَرَكَهُ، وَمُصْحَفًا وَرَّثَهُ، أَوْ مَسْجِدًا بَنَاهُ، أَوْ بَيْتًا لابْنِ السَّبِيلِ بَنَاهُ، أَوْ نَهْرًا أَجْرَاهُ، أَوْ صَدَقَةً أَخْرَجَهَا مِنْ مَالِهِ فِي صِحَّتِهِ وَحَيَاتِهِ يَلْحَقُهُ مِنْ بَعْدِ مَوْتِهِ » إبن ماجة.

واتە: ئەوەی دوای مردنی ئیماندار سودی لێ دەبینێت زانستێکی بڵاو کردبێتەوە، منداڵێکی صاڵحی بەجێ هێشتبێت، قورئانێکی بە میراتی جێهێشتبێت، مزگەوتێکی دروست کردبێت، خانویەکی بۆ ڕێبواران دروست کردبێت، ڕوبارێکی ڕاکێشابێت یان خێرێکی کردبێت لە کاتی لەشساغی و پێش مردنی، دوای دەکەوێت لە دوای مردنی.

# ڕۆژوو

ڕۆژوی ڕمەزان واجبە لەسەر: موسوڵمانی، ئاقڵی، باڵغی، توانای ڕۆژوی هەبێت، لە حەیز و زەیساندا نەبێت، منداڵیش فەرمانی ڕۆژووی پێ دەکرێت بۆ ئەوەی ڕابێت لەسەری، هاتنی ڕمەزان بە دوو شت دەزانرێت: ١ـ بینینی مانگ لە لایەن موسوڵمانێکی باڵغی سەرڕاست، ژن بێت یان پیاو. ٢ـ تەواوبونی (٣٠) ڕۆژی شەعبان ـ مانگی پێش ڕمەزان ـ.

سەرەتای ڕۆژ لە شەبەقەوەیە هەتا خۆرئاوابوون. لە ڕۆژی فەرزدا دەبێت پێش شەبەق نییەتی هەبێت.

**ئەوەی ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە:**

١ـ جیماع کردن: واجبە بیگێڕێتەوە کەفارەتیش بدات کە: ئازاد کردنی بەندەیەکە، ئەگەر توانای ئەوەی نەبوو، دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت، ئەگەر توانای نەبوو، خواردنی شەست فەقیر بدات ئەگەر نەی بوو هیچی لەسەر نییە.

٢ـ ئاو هاتنەوە: بە هۆی ماچ کردن و دەست لێ دان و هێنانەوەی بەدەست، شەیتانیی بوون هیچی لەسەر نییە و بەتاڵی ناکاتەوە.

٣ـ خواردن و خواردنەوەی بەئەنقەست، گەر لەبیری چووبوو ئەوە ڕۆژووەکەی تەواوە.

٤ـ خوێن دەرهێنان بە هۆی کەڵەشاخ یان خوێندان، بەڵام کەمێك بۆ فەحس یان بەبێ ویستی خۆی بە هۆی برین و خوێنی لووت بەتاڵی ناکاتەوە.

٥ـ خۆ ڕشاندنەوە .

ئەگەر تۆز چووە ناو قورگییەوە، یان لە کاتی ئاو ڕادان لە دەم و لووت ئاو گەیشتە قورگی، یان بە هۆی بیر کردنەوەوە ئاوی هاتەوە، یان شەیتانی بوو، یان بەبێ ویستی خۆی خوێنی لێ هاتە دەرەوە یان ڕشایەوە، ڕۆژووەکەی بەتاڵ نابێتەوە، ئەگەر خواردنی خوارد وایزانی شەوە دوایی دەرکەوت ڕۆژ بوو، یان خواردنی خوارد بە ڕۆژ وای زانی خۆر ئاوا بووە، بەڵام ئاوا نەبووبوو دەبێت ڕۆژووەکەی بگرێتەوە، بەڵام ئەگەر لە شەو خواردنی خوارد و دڵنیا نەبوو شەبەقی داوە. ئەوا هیچی لەسەر نییە.

**حوکمەکانی ڕۆژووەوان:** حەرامە بەبێ عوزر ڕۆژووی ڕەمەزان بشکێنرێت، واجبە لەسەر حەیزدار و ئەوەی لە زەیسانیدایە و کەسێك پێویستی بێت بیشکێنێت بۆ ڕزگارکردنی ژیانی کەسێك بیشکێنێت. سوننەتە گەشتیار ئەگەر لەسەری زەحمەت بوو بیشکێنێت لە سەفەرێکدا نوێژی تێدا کورت بکرێتەوە، یان نەخۆشێك ترسی هەبێت زەرەری پێبگات، هەروەها کەسێك لە ڕۆژدا گەشتی کرد، یان سکپڕ و شیردەر ئەگەر ترسیان هەبوو خۆیان یان منداڵەکەیان زەرەر بهێنن بۆیان هەیە بیشکێنن، لەسەر هەموشیان واجبە بیگرنەوە، تەنها سکپڕ و شیردەر ئەگەر لەبەر منداڵەکانیان بوو بۆ هەر ڕۆژێك نانی فەقیرێك دەدەن.

ئەوەی توانای ڕۆژووی نەبوو لەبەر پیریی یان نەخۆشییەك کە چاك بوونەوەی نییە بۆ هەر ڕۆژێك نانی فەقیرێك دەدەن و گرتنەوەی نییە. ئەگەر گرتنەوەی دواخست تا ڕەمەزانێکی بەسەردا تێپەڕی لەبەر عوزر تەنها دەیگرێتەوە، ئەگەر بەبێ عوزر بوو لەگەڵ گرتنەوەیدا بۆ هەر ڕۆژێك نانی فەقیرێك دەدات.

ئەگەر بە هۆی عوزرەوە نەیگرتەوە و مرد هیچی لەسەر نییە، ئەگەر بێ عوزر بوو دەبێت بۆ هەر ڕۆژێك نانی فەقیرێك بدرێت لە جیاتی ئەو، سوننەتە خزمە نزیکەکانی ڕۆژووی بۆ

بگرنەوە ئەگەر خەمساردیی تێدا کردبوو، یان نەزری کردبوو، یان هەر عیبادەتێکی نەزر کردبوو سوننەتە لە باتی ئەو بۆی بکەن. ئەوەی بە هۆی عوزرێکەوە ڕۆژوو دەشکێنێت و عوزرەکە لە کاتی ڕۆژدا نامێنێت دەبێت واز لە خواردن و خواردنەوە بهێنێت. ئەگەر لە کاتی ڕۆژووی ڕەمەزاندا بێباوەڕ موسوڵمان بوو، حەیزدار پاك بوویەوە، نەخۆش چاك بوویەوە، موسافیر گەڕایەوە، منداڵ باڵغ بوو، شێت چاك بۆیەوە و بەڕۆژوو نەبوون، واجبە بیگرنەوە ئەگەر تا ئێوارەش واز لە خواردن بێنن. ئەوەی بە هۆی عوزرەوە ڕۆژووی ڕەمەزان ناگرێت، بۆی نییە ڕۆژووی تری تێدا بگرێت.

**ڕۆژوی سوننەت:** خێرترینیان بەڕۆژوو بوونی ڕۆژنارۆژێکە، دوای ئەو دووشەممە و پێنجشەممە، دوای سێ ڕۆژ لە مانگێکدا باشترینیش ڕۆژی (١٣،١٥،١٤)ی مانگی هیجریە. سوننەتە زۆربەی ڕۆژەکانی مانگی موحەڕەم و شەعبان بگرێت، هەروەها ڕۆژی عاشورا، ڕۆژی عەرەفە، شەشەڵان. مەکروهە ڕەجەب بە تەنها بەڕۆژووو بیت، هەروەها ڕۆژی جومعە و شەمە، ئەگەر بەر ڕۆژەکانی تر یان ڕۆژنارۆژ نەکەوێت، هەروەها مەکروهە ڕۆژی شك (یوم الشك) ڕۆژی (٣٠) هەمی شەعبان ئەگەر ساف بوو، حەرامە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان بەڕۆژوو بیت، بۆ حاجی نەبێت ئەگەر ڕۆژووی کەفارەتی هەبێت جائیزە جگە لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بەڕۆژوو بێت.

**چەند ڕون کردنەوەیەک:**

✸ ئەوەی غوسڵی لەسەرە وەك لەشگران یان حەیز و ئافرتێ لە زەیسانیدا بێت پاك ببنەوە پێش نوێژی بەیانی، دەتوانن غوسڵەکە دوا بخەن بۆ دوای نوێژی بەیانی و پارشێو بکەن و ڕۆژووەکەیان دروستە.

✸ جائیزە ئافرەت دەرمان بخوات ئەگەر زەرەری نەبوو بۆ دوا خستنی حەیز بە مەبەستی عیبادەتکردن لەگەڵ موسوڵماناندا.

✸ جائیزە ڕۆژووەوان تف قوت بدات و بەڵغەمیش ئەگەر لەناو دەمدا نەبوو.

✸ پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت « لا تَـزَالُ أُمَّتِي بِخَيْرٍ مَا عَجَّلُوا الإِفْطَارَ وَأَخَّرُوا السُّحُورَ » (أحمد) واتە: ئوممەتی من باش دەبن هەتا پارشێو درەنگ بکەن و بەربانگ زوو بکەنەوە، هەروەها دەفەرموێت « لا يَزَالُ الدِّينُ ظَاهِرًا مَا عَجَّلَ النَّاسُ الْفِطْرَ لأَنَّ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى يُؤَخِّرُونَ » (أبوداود وابن ماجة والنسائي) واتە ئەم دینە هەر بە پێشەنگیی دەمێنێتەوە هەتا خەڵکی بەربانگ زوو بکەنەوە، چونکە گاور و جولەکە درەنگیان دەخست.

✸ سوننەتە لە کاتی بەربانگدا دوعا بکرێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت « إِنَّ لِلصَّائِمِ عِنْدَ فِطْرِهِ دَعْوَةً لا تُرَدُّ » (ابن ماجة و البيهقي) واتە: ڕۆژووەوان لە کاتی بەربانگدا داوایەکی هەیە ڕەت ناکرێتەوە، سوننەتە ئەم دوعایە بکرێت « ذَهَبَ الظَّمَأُ وَابْتَلَّتْ الْعُرُوقُ وَثَبَتَ الأَجْرُ إِنْ شَاءَ اللَّهُ» (ابو داود) واتە : تینوێەتی ڕۆشت ودەمار و ڕەگەکان تەڕ بوونەوە وپاداشتەکەش جێگیر بوو ئەگەر خوای گەورە بیەوێت .

✸ سوننەتە ڕۆژوو بە (رطب) خورمای شل بشکێنرێت، ئەگەر نەبوو بە خورمای ئاسایی، ئەگەر نەبوو بە ئاو.

✸ باشترە ڕۆژووەوان واز لە کل لەچاو کردن و قەترە کردنە گوێ و چاوەوە بهێنن لە کاتی ڕۆژوودا، ئەگەر بۆ عیلاج بوو قەی ناکات، ئەگەر تامیشی هاتە قورگییەوە ڕۆژووەکەی دروستە.

✸ سیواك کردن بۆ ڕۆژووەوان سوننەتە لە هەموو کاتێکدا بەبێ کەراهەت لەسەر ڕای ڕاستتر.

✸ واجبە ڕۆژووەوان واز لە غەیبەت و درۆ و فیتنەیی و هاوشێوەکانی بهێنێت، ئەگەر کەسێك جنێوی پێدا با بڵێت: من بەڕۆژووم، بە پارێگاری کردنی ئەندامەکانی لە گوناهـ ڕۆژووەکەی دەپارێزێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت «مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّورِ وَالْعَمَلَ بِهِ فَلَيْسَ لِلَّهِ حَاجَةٌ فِي أَنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ » (البخاري) واتە: ئەو ڕۆژووەوانەی واز لە درۆ و کردەوە پێ کردنی ناهێنێت خوای گەورە پێویستی بەوە نییە واز لە خواردن و خواردنەوە بهێنێت.

✸ سوننەتە ئەگەر ڕۆژووەوان بانگ کرا بۆ خواردن دوعا بکات بۆ خاوەن خواردنەکە، ئەگەر بەڕۆژوو نەبوو سوننەتە نان بخوات.

✸ شەوی (قەدر) ـ شەوی قەدر باشترین شەوی ساڵەکەیە و لە دە ڕۆژی ڕەمەزاندایە، نزیکترین شەویش شەوی بیست و حەوتە، خێر کردن تێیدا لە هەزار مانگ خێرترە، لە نیشانەکانی هەڵهاتنی خۆری بەیانییەکەی بە شەوقی کەمەوە، هەوا مامناوەندە، ڕەنگە موسوڵمان عیبادەتی تێدا بکات، بەڵام نەزانێت ئەو شەوەیە، ئەوەی لەسەر موسوڵمانە هەوڵدانە و عیبادەت کردنی زۆرە لە ڕەمەزاندا و لە دەی کۆتاییدا بە تایبەتی و هیچ شەوێك بەبێ شەونوێژ بەڕێ نەکات، ئەگەر تەراویحیشی کرد با تەواوی بکات لەگەڵ ئیمامدا بۆ ئەوەی خێری شەونوێژی شەوەکەی بۆ بنوسرێت.

✸ ئەگەر کەسێك بەڕۆژووی سوننەت بوو، سوننەتە نەی شکێنێت، بەڵام واجب نییە، ئەگەر شکاندی بە ئەنقەست گوناهـ نییە و قەزای لەسەر نییە.

**ئیعتیکاف:** واتە مانەوەی موسوڵمانێکی ئاقڵ لە مزگەوتدا، دەبێت موسوڵمان پاك بێت و لەشگران نەبێت ـ واتە غوسڵی لەسەر نەبێت ـ لە مزگەوت نەیەتە دەرەوە بۆ کاری پێویست نەبێت، وەك خواردن و سەرئاو کردن و غوسڵ کردن بۆ نمونە، ئیعتیکاف بەتاڵ دەبێتەوە بە چوونەدەرەوە بەبێ پێویستی، هەروەها بە جیماع، لە هەموو کاتێکدا سوننەتە، لە ڕەمەزاندا بەتایبەتی و بە تایبەتی تر لە دەی ئەخیردا، لای کەمی ماوەیەکە و باشتر وایە لە شەو و ڕۆژێك کەمتر نەبێت، ئافرەت بەبێ ئیزنی مێردی جائیز نییە ئیعتیکاف بکات، سوننەتە ئەوەی ئیعتیکاف دەکات خۆی بە عیبادەتەوە خەریك بکات و واز لە زۆر شتی حەڵاڵ وموباحی بێ سود ـ بهێنێت و دوور بکەوێتەوە لەوەی پەیوەندیی بەوەوە نییە.

## حەج و عومرە

حەج و عومرە واجبە لە ژیاندا یەك جار.

**مەرجەکانی واجب بونیان:** ١ـ موسوڵمانێتی. ٢ـ عاقڵی. ٣ـ باڵغی. ٤ـ ئازاد بێت واتە : بەندە نەبێت . ٥ـ توانا، تواناش خواردن و شتێکە پێی بچێتە ئەوێ. ئەوەی حەجی نەکرد هەتا مرد، بەڵام توانای هەبوو، دوای مردنی لە پارەکەی بۆی دەکرێت، شێت و بێباوەڕ حەجیان دروست نییە، منداڵ و بەندە حەجیان دروستە، بەڵام جێگای فەرزەکە ناگرێتەوە، ئەوەی توانای نییە وەك فەقیر ئەگەر قەرز بکات و حەج بکات حەجەکەی دروستە. ئەوەی حەجی نەکردبێت و حەج بۆ یەکێکی تر بکات ئەوە بۆ خۆی حسێبە.

**ئیحرام:** ئەوەی دەیەوێت ئیحرام بکات، سوننەتە خۆی بشوات و خۆی پاك بکاتەوە، عەتر بدات لە خۆی هەرچی جلی دوراو هەیە لای بدات و دوو پارچەی سپی (سەر و خوار) پاك لەبەر بکات و ئیحرام بکات و بە وتنی: (لبيك اللهم عمرة)، یان (حجا وعمرة)، ئەگەر ترسی هەبوو کە نەگاتە جێ دەتوانێت بڵێت (فإن حبسني حابس فمحلي حيث حبسني) واتە: ئەگەر ڕێگرێك هەبوو ئەوا شوێنەکەم ئەوێیە کە ڕێم تێدا لێ گیراوە.

ئەو کەسەی حەز دەکات بۆی هەیە بە سێ شێوە بیکات: (تمتع) (الإفراد) (القران) باشترینیان (تمتع)ە، ئەویش: عومرەکردنە لە مانگەکانی حەجدا و تەواو کردنیەتی، دواتر حەج بکات لە هەمان ساڵدا، (الإفراد): تەنها نیەتی حەج بهێنێت، القرآن: ئیحرام بکات بە کردنی هەردووکیان، یان تەنها بە عومرە و دواتر حەج بخاتە پاڵی پێش دەست پێ کردنی تەوافەکەی، هەرکات حاجی چووە سەر وڵاخەکەی تەلبیە دەکات و دەڵێت: لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك إن الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك، سوننەتە زۆر دووبارەی بکەیتەوە هەروەها بە دەنگی بەرز بووترێت بۆ ئافرەت نەبێت.

**ئەوانەی لە کاتی ئیحرامدا قەدەغەیە:** ١ـ موو تاشین. ٢ـ نینۆك کردن. ٣ـ جلی دووراو بۆ پیاوان مەگەر جلی سەرەوەی نەبێت، شەرواڵ لەبەر دەکات، یان نەعلی نەبوو خوف لە پێ دەکات ئەوەی لە سەرووی قولەقاپیەوە دەبڕێت بۆ ئەوەی بکەوێتە خوار قولەقاپیەوە، فیدیەشی لەسەر نییە. ٤ـ سەر داپۆشین بۆ پیاو. ٥ـ بۆن لەخۆدان (جل و بەدەن). ٦ـ ڕاو کردن. ٧ـ ژن مارە کردن: حەرامە بەڵام فیدیەی نییە. ٨ـ دەست لێ دان و بەرکەوتنی بە شەهوتەوە جگە لە فەرج، فیدیەکەشی حەیوانێکە، یان سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بوون یان نانی شەش فەقیر بدەیت. ٩ـ جیماع کردن: ئەگەر پێش تەحەلولی یەکەم بوو ئەوا حەجەکەی بەتاڵە، بەڵام واجبە تەواوی بکات و لە ساڵی داهاتوو قەزای بکاتەوە، هەروەها حوشترێك سەر ببڕێت و بە سەر فەقیری مەکەدا دابەشی بکات، ئەگەر دوای تەحەلولی یەکەم بوو حەجەکە بەتاڵ نابێتەوە (بدنة)یەکەی لەسەر واجب دەبێت، ئەگەر لە عەمرەدا جیماعی کرد بەتاڵ دەبێتەوە و حەیوانێکی لەسەرە و دەبێت قەزای بکاتەوە، حەج و عەمرە جگە لە جیماع بە هیچی دیکە بەتاڵ نابنەوە، ئافرەتیش وەك پیاو وایە تەنها جلی دووراو لەبەر دەکات، پەچە و دەستکێش نابێت لە دەست بکات.

**فیدیە: دوو جۆرە: ١ـ ویستی خۆی:** وەك فیدیەی مووتاشین، بۆن لەخۆدان، نینۆك کردن، سەر داپۆشین یان جلی دووراو لەبەرکردن، دەتوانێت یەکێك لەم شتانە بکات: سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بوون، دانی نانی شەش فەقیر، بۆ هەر فەقیرێك نیو ساع (کیلۆ و نیوێك)، یان

سەربڕینی حەیوانێك، فیدیەی ڕاویش هەرشتێکی کوشتبوو یەکێکی هاوشێوەی بکاتە قوربانی ئەگەر دەست نەکەوت پارەی قیمەتەکەی دەکاتە خێر.

**٢- بە تەرتیب:** وەك فیدیەی (تمتع) و (قارن) حەیوانێکە، یان فیدیەی جیماع، (بدنة)یەکە، ئەگەر نەیبوو سێ ڕۆژ ڕۆژوو لە حەج و حەوتی لە ماڵەوە، قوربانی و ناندان تەنها بۆ فەقیری حەرەم دەبێت.

**چوونە ناو مەککە:** حاجی لە کاتی چونە ناو مزگەوتی حەرامەوە ئەو زیکرە دەخوێنێت کە لە کاتی چوونە ژورەوە بۆ مزگەوت دەخوێنرێت، دواتر تەوافی عەمرە دەکات ئەگەر (متمتع) بوو، یان تەوافی (قدوم) ئەگەر (مفرد) و (قارن) بوو، پۆشاکەکەی - پارچەی سەرەوە - دەخاتە ژێر باڵی ڕاستیەوە و لاکانی دەداتەوە بەسەر شانی چەپیدا، بە بەردەڕەشەکە دەست پێدەکات و دەستی لێ دەدات و ماچی دەکات یان ئیشارەتی بۆ دەکات و دەڵێت: بسم الله، الله أکبر. لە هەموو سوڕانەوەیەکدا ئەمە دەکات، دواتر ماڵی بەیت دەخاتە لای چەپیەوە و حەوت جار تەواف دەکات، لە سێی یەکەمدا بە هەنگاوی ورد بەپەلە دەڕوات بە گوێرەی توانا و لە چوارەکەی تردا بە ئاسایی دەڕوات، هەر کات گەیشتە ڕوکنی یەمانی دەستی لێ دەدات و ئەگەر توانی، لە بەینی ئەو دوو ڕوکنەدا دەڵێت: ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي ٱلْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴾ (البقرة: ٢٠١) لە باقی سوڕانەوەکەدا دوعا دەکات، هەر دوعایەك خۆی پێی خۆش بوو، دوای تەواف ئەگەر توانی لە پشتی مەقامەوە دوو ڕکات نوێژی سوننەت دەکات و هەردوو سورەتی (الکافرون) و (قل هو الله)یان تێدا دەخوێنێت، دواتر لە ئاوی زەمزەم دەخواتەوە، باشترە زۆر بخواتەوە، دواتر دەگەڕێتەوە و دەست لە بەردە ڕەشەکە دەدات، دواتر لە (الملتزم)دا لە نێوان دەرگاکە و بەردە ڕەشەکە دوعا دەکات، دواتر دەچێتە سەر صەفا و دەڵێت: دەست پێدەکەم بەوەی خودا دەستی پێکردووە، ئەم ئایەتە دەخوێنێتەوە ﴿ إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ فَمَنْ حَجَّ ٱلْبَيْتَ أَوِ ٱعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ ﴾ ( البقرة: ١٥٨) ألله أکبر دەکات و لااله الا الله دەکات و ڕوو دەکاتە کەعبە و دەستی بەرز دەکاتەوە و دوعا دەکات، دوایی دادەبەزێت و بەرەو ئاڵا سەوزەکە دەچێت و لە ئاڵا سەوزەکەوە بەپەلە دەڕوات تا ئاڵاکەی تر، دواتر بە ئاسایی دەڕوات هەتا دەگاتە مەڕوە و لەسەر صەفا چی کرد لەوێش هەمان شت دووبارە دەکاتەوە، جگە لە خوێندنی ئایەتەکە، بەڵام دواتر دادەبەزێت و بەرەو صەفا دەگەڕێتەوە لە نێوان دوو ئاڵاکەدا پەلە دەکات و بەم شێوەیە حەوت جار ئەمسەر و ئەوسەر دەکات، لە صەفاوە بۆ مەروە جارێك و لە مەروەوە بۆ صەفاش جارێك، دواتر قژی کورت دەکاتەوە یان دەیتاشێت کە باشترە تەنها بۆ کاتی عومرەی (متمتع)دا نەبێت کە حەجی بەدوادا دێت، بەڵام (موفرید) و (قارن) سەرتاشین و هەندێ شتی تریان بۆ حەڵاڵ نابێت (تحلل) هەتا دوای ڕەجمی ڕۆژی یەکەمی جەژن (جمرة العقبة)، ئافرەتیش وەك پیاوە تەنها بە پەلە ناڕوات لە تەواف و سەعی دا.

**چۆنیەتی حەج:** لە ڕۆژی (الترویة)دا کە ڕۆژی هەشتەمە ئیحرام دەکات ئەگەر (تحلل)ی کردبوو لە شوێنی خۆی لە مەکەدا و دەچێت بۆ (مینا) بۆ ئەوەی شەوی ڕۆژی نۆهەم لەوێ بمێنێتەوە، کە ڕۆژ هەڵهات بەرەو عەرەفات دەکەوێتە ڕێ، کاتێك کاتی نوێژی نیوەڕۆ هات

نوێژی نیوەڕۆ و عەسر بە قەصر و جەمع دەكات، عەرەفات هەمووی شوێنی وەستانە تەنها دۆڵی (عرنة) نەبێت، بە زۆری زیكری (لااله الاألله وحده لاشريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير) زۆر دوعا دەكات و تەوبە دەكات، كە ڕۆژ ئاوا بوو بەرەو (مزدلفه) دەچێت بە دەم زیكر و تەلبیەوە ـ لبيك أللهم لبيك ـ بە لەسەرخۆ و ویقارەوە، كە گەیشتە (مزدلفه) نوێژی مەغریب و عیشا دەكات بە قەصر و جەمع و لەوێ شەو دەمێنێتەوە و نوێژی بەیانی دەكات لە سەرەتای كاتەكەیدا و دوعا دەكات هەتا دونیا ڕوناك دەبێتەوە، بەڵام پێش خۆر هەڵهاتن بەڕێ دەكەوێت كە گەیشتە دۆڵی (محسر) زۆر پەلە دەكات، ئەگەر توانی هەتا دەگاتە (مینا) لەوێ دەست دەكات بە ڕەجم كردنی (جمرة العقبة) حەوت بەرد دەهاوێژێت ـ لە نۆك گەورەتر و لە بندوق بچوكتر ـ لەگەڵ هەر بەردێكدا الله أكبر دەكات و دەست بەرز دەكاتەوە لە كاتی هاویشتندا، دەبێت بەردەكە بكەوێتە حەوزەكەوە، بەڵام شەرت نییە بدات بە پایە بەرزەكەدا لە كاتی هاویشتندا تەلبیە ناكات، دواتر قوربانیەكەی دەكات و سەرتاشین و هەموو شتێكی بۆ حەڵاڵ دەبێت ئافرەت نەبێت، ئەمەش تەحەللولی یەكەمە، دوای ئەوە دەچێت بۆ مەكە و تەوافی (افاضة) دەكات كە واجبە و حەج تەواو دەكات دوایی سەعی بەینی صەفا و مەروە دەكات ئەگەر (تمتع) بوو، یان لەگەڵ تەوافی (قدوم) سەعی نەكردبوو، ئەگەر ئەوەی كرد ئەوا هەموو شتێكی بۆ حەڵاڵ دەبێت بە ئافرەتیشەوە، ئەمەش (تحلل)ی دووەمە، دوایی دەگەڕێتەوە بۆ مینا، شەوەكانی لەوێ دەمێنێتەوە و واجبە لەوێ بمێنێتەوە، دوای تەواوبوونی و دوای كاتی نیوەڕۆ ڕەجم كردن دەست پێدەكات، هەر دانەیەك حەوت بەرد، بە (جمرة الأولى) جمرەی یەكەم دەست پێدەكات و حەوت بەرد دەهاوێژێت، دوایی دەچێتە پێشەوە و ڕادەوەستێت و دوعا دەكات، دوایی دەچێتە جمرەی ناوەڕاست و حەوت بەردی ئەویش دەهاوێژێت و دوای ئەوە دوعا دەكات، دوای ئەوە (جمرة العقبة) دەهاوێژێت و ڕاناوەستێت لایدا، دواتر لە ڕۆژی دووەمدا هەمان شت دوبارە دەكاتەوە، ئەگەر حەزی كرد پەلە بكات پێش مەغریب دەڕوات. ئەگەر خۆر ئاوا بوو لە ڕۆژی دوانزەهەمدا و هەر لە (مینا)دا بوو، ئەوا دەبێت هەر لەوێ بمێنێتەوە و ڕەجم بكات، بەڵام ئەگەر نیەتی دەرچونی هێنابوو بە هۆی قەرەباڵغییەوە نەیتوانی بەجێی بهێڵێت ئەوە دوای مەغریبیش دەتوانێت بەجێی بهێڵێت ئەوە حەجەكەی بە (قران) كردبێت هەروەك موفرەد وایە، بەڵام قوربانییەكەی لەسەرە وەك (متمتع)، ئەگەر ویستی بگەڕێتەوە تەواف بكات بۆ ئەوەی دواهەمین شت بێت كە لە حەجدا دەیكات، بەڵام حەیزدار و ئافرەتی زەیستان تەوافی ماڵئاواییان لەسەر نییە، ئەگەر مایەوە و بە بازگانییەوە خەریك بوو دووبارەی دەكاتەوە، ئەگەر بە بێ تەوافی ماڵئاوایی ڕۆیشت: ئەگەر نزیك بوو دەگەڕێتەوە و ئەگەر دوور بوو قوربانییەكی لەسەرە.

**ڕوكنەكانی حەج:** چوارن ١ـ ئیحرام: نیەتی دەست پێ كردنی عیبادەتەكەیە. ٢ـ وەستان لە عەرەفە. ٣ـ تەوافی (إفاضة). ٤ـ سەعی صەفا و مەروا.

**واجباتەكانی هەشتن:** ١ـ ئیحرام كردن لە میقاتەوە. ٢ـ وەستان لە عەرەفە هەتا شەو. ٣ـمانەوە لە (موزدەلیفە) هەتا دوای نیوەی شەو. ٤ـ مانەوە لە (مینا) شەوەكانی دووەم و سێیەم و چوارەمی جەژن (أيام التشريق). ٥ـ ڕەجم كردن. ٦ـ سەرتاشین یان كورت كردنەوەی. ٧ـ تەوافی ماڵئاوایی. ٨ـ قوربانی بۆ (متمتع) و (قارن).

**ڕوکنەکانی عەمرە سیانن:** ١ـ ئیحرام. ٢ـ تەواف. ٣ـ سەعی.

**واجبەکانیش دوانن:** ١ـ ئیحرام لە میقاتەوە. ٢ـ سەرتاشین یان کورتکردنەوەی.

✸ ئەوەی ڕوکنێکی واز لێ هینا حەجەکەی یان عومرەکەی بەتاڵە، ئەوەی واجبێکی واز لێ هینا بە قوربانییەك پڕ دەکرێتەوە، ئەوەی سوننەتێکی واز لێ هینا هیچی لەسەر نییە.

**مەرجەکانی دروستیی تەوافی کەعبە سیانزەن:** ١ـ موسوڵمانێتی. ٢ـ ئاقڵی. ٣ـ نیەتی دیاریکراو. ٤ـ کاتی تەواف هاتبێت. ٥ـ عەورەت داپۆشین. ٦ـ دەست نوێژی هەبێت، بەڵام بۆ منداڵ نا. ٧ـ حەوت جار بێت بە یەقین. ٨ـ کەعبە لای چەپەوە بێت و ئەوەی هەڵەی کردبێت تێیدا دەبێت دووبارەی بکاتەوە. ٩ـ نەگەڕانەوە. ١٠ـ بە پێ ڕۆیشتن بۆ ئەوەی توانای هەیە. ١١ـ سوڕەکان بە دوای یەکدا بێت. ١٢ـ لەناو مزگەوتەکەدا بێت. ١٣ـسەرەتاکەی لە بەردە ڕەشەکەوە بێت.

**سوننەتەکانی تەواف:** دەستلێدانی بەردە ڕەشەکە و ماچکردنی و ألله أكبر کردن لەو کاتەدا، دەستلێدانی ڕوکنی یەمانی، پەلە ڕۆیشتن و ڕۆیشتنی ئاسایی لە شوێنەکانی خۆیاندا، دوعا کردن و زیکر کردن لە کاتی تەوافدا، نزیك بوونەوە لە ماڵی بەیت، دوو ڕکات لە پشتی مەقامەوە کردن لە دوای تەواف.

**مەرجەکانی سەعی نۆن:** ١ـ موسوڵمانێتی. ٢ـ عاقڵی. ٣ـ نیەت. ٤ـ بە دوای یەکدا. ٥ـ ڕۆیشتن بە پێ بۆ بە توانا. ٦ـ تەواو کردنی حەوت جار. ٧ـ گەیشتنە ئەم سەر و ئەو سەری شوێنەکە. ٨ـ لە دوای تەوافێکی دروست بێت. ٩ـ سەرەتاکەی لە صەفاوە بێت.

**سوننەتەکانی سەعی:** دەستنوێژ، پاکی جل و بەرگ و بەدەن، عەورەتی داپۆشرابێت، دوعا و زیکرکردن لە کاتی ئەنجامدانیدا، بەپەلە ڕۆیشتن و ڕۆشتنی ئاسایی لە شوێنە دیاریکراوەکاندا، سەرکەوتنە سەر صەفا و مەڕوە، دوابەدوای تەواف بێت.

**ئاگاداری:** باشتر وایە لە هەمان ڕۆژدا ڕەجم بکات، بەڵام ئەگەر ڕەجمی ڕۆژێکی خستە بەیانی یان هەمووی دواخست بۆ دواهەمین ڕۆژی جەژن دەبێت.

**قوربانی:** سوننەتی موئەکەدەیە، ئەگەر نیەتی قوربانی بێنێت حەرامە لە دە ڕۆژی (ذي الحجة)دا دەستکاری مووی لەشی و نینۆکی بکات هەتا قوربانی دەکات.

**عەقیقە (حەوتم):** بۆ کوڕ دوو حەیوان و بۆ کچ حەیوانێك لە ڕۆژی حەوتەم دا، لەو ڕۆژەدا سوننەتە مووی سەری منداڵەکە بتاشرێت و بەقەد کێشی ئەو مووە زیو بکرێت بە خێر، سوننەتە لەو ڕۆژەدا ناو بنرێت و خۆشترین ناو لای خودا (عبدالله، عبدالرحمن)، حەرامە ناونان بە (عبد)ی غەیری خودا، وەك عبدالنبي، عبدالرسول، ئەگەر عەقیقە کەوتە کاتی قوربانییەوە ئەوە یەکێکیان جێگای هەردووکیان دەگرێتەوە.

**سودێک:** ئەوەی دەچێتە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ بە دوو ڕکاتی تەحیەتولمەسجید دەست پێ دەکات، دوایی دەچێتە لای گۆڕەکە و ڕوو دەکاتە پێغەمبەر و پشت دەکاتە قیبلە و بە هەیبەتەوە وەك ئەوەی بیبینێت و دەڵێت: السلام عليك يا رسول الله، گەر زیاتری وت باشە، پاشان بەئەندازەی باڵێك بۆ لای ڕاست دەجوڵێت و دەڵێت: السلام عليك يا أبا بكر الصديق، السلام عليك يا عمر الفاروق. اللهم اجزهما عن نبيهما و الاسلام خيرا، دوایی ڕوو دەکاتە قیبلە و حوجرە دەکەوێتە لای چەپی و دوعا دەکات.

✸ **گوناهو تاوان:** لاچوون و ڕەشبوونەوەی بە چەند شتێك ئەبێت، لەوانە: تەوبەی ڕاستەقینە، داوای لێخۆش بوون، کرداری چاکە، تووش بوونی بەڵا و نارەحەتی، خێر و صەدەقە، پاڕانەوەی خەڵکی تر، ئەگەر هێشتا مابوو خوای گەورە لێی خۆش نەبوو، ئەوا سزای ئەدرێت لە قەبردا، یان لە ڕۆژی دوایدا، یان لە دۆزەخدا تاوەکو پاك ئەبێتەوە لە گوناهەکانی، پاشان ئەچێتە بەهەشت ئەگەر بە یەکخواپەرستی یەوە مردبێت، بەڵام ئەگەر بەبێباوەڕی یان هاوەڵ پەیداکردن یان دوورویی مردبێت ئەوا بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا ئەمێنێتەوە. گوناه و تاوان شوێنەواری زۆر لەسەر مرۆڤ جێدەهێڵێت.
شوێنەواری لەسەر دڵ و دەروون: دەبێتە هۆی بێ تاقەتی و تاریکی و سەرشۆڕی و نەخۆشی و پەردە لە نێوان خواو بەندەدا، شوێنەواری لەسەر دین بریتییە: لە هێنانی گوناهی تر و بێ بەش بوون لەگوێڕایەڵی و دوعای پێغەمبەر ﷺ و دوعای فریشتەکان و موسوڵمانان.
شوێنەواری لەسەر رزق و ڕۆزی: نەمانی ئەو ڕۆزیە و لاچوونی نیعمەتەکانەو نەمانی پیت وبەرەکەتی ماڵە، شوێنەواری لەسەر تاك: نەمانی بەرەکەتی تەمەنە و هێنانی ژیانی تەنگ ونارەحەتە و گران بوونی کاروبارە. شوێنەواری گوناه لەسەر کردەوەکان: وەرنەگرتنیانە لە لای پەروەردگار، شوێنەواری لەسەر کۆمەڵگا: ئەبێتە هۆی دوژمنداری و نەبارانی باران و شتی تریش.
✸ **خەم و خەفەت:** دڵ ئاسوودەیی و بەختەوەری و دڵ شادی ئاواتی هەموو کەسێکە و بەهۆی بەختەوەرییەوە ژیانی ئاسودە بەرهەم دێت، بۆ دەستکەوتنی بەختەوەری چەند هۆکاری دینی و سروشتی و کرداری هەیە، کە کۆنابنەوە بۆ باوەڕدار نابێت، لەو هۆکارانە: ١- باوەڕ بە خوای گەورە.٢- جێبەجێ کردنی فەرزەکان و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکان. ٣- چاکەکردن لەگەڵ خەڵکی بە قسە و کردەوە و جۆرەها چاکە. ٤-خەریك بوون بە کار یان زانستی بەسوود لە دین یان دونیایدا. ٥- بیرکردنەوە لە داهاتوو یان رابردوو بەڵکو خەریك بوون بەکاری ڕۆژانەوە. ٦- زۆر یادی خوای گەورە کردن. ٧- لە بەرچاووبوونی بەخششە ئاشکراو شاراوەکانی پەروەردگار. ٨- ڕوانین بۆ کەسانێك کە لە ئێمە کەمتریان هەیە و نەوەك ئەوانەی ماڵی دونیایان زیاترە لە ئێمە. ٩- هەوڵدان بۆ لابردنی هۆکارەکانی خەم و خەفەت و بەدەستخستنی هۆکارەکانی بەختەوەری. ١٠- هانا بردن بۆ پەروەردگار بە دوعا و پاڕانەوە بۆ لابردنی خەم و خەفەت.
**سوودێك:** ئیبراهیمی خواص ـ رحمە الله ـ ئەڵێت: دەرمانی دڵەکان پێنج شتە: خوێندنی قورئان بە تێگەیشتنەوە، خاڵی بوونی گەدە، شەونوێژ کردن، پاڕانەوە لە بەرەبەیاندا، هاوڕێیەتی پیاوچاکان.
✸ **ژن هێنان:** سونەتە بۆ کەسێك کە ئارەزوی هەبێت و لە زینا نەترسێت، دروستە بۆ کەسێك کە ئارەزوی نەبێت، واجبە بۆ کەسێك کە بترسێ توشی زینا ببێت، پێش ئەخرێت بەسەر حەجی واجبدا، حەرامە ڕوانین بۆ ئافرەتی نامەحرەم هەروەها ڕوانین بە ئارەزووەوە بۆ ئافرەتی پیر و مێرمناڵی موولێنەهاتوو.
**مەرجەکانی نیکاح:** ١- دیاریکردنی بووك و زاواکە، کەواتە دروست نییە قسەی سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە: ئەوا لێم مارەکردی یەکێك لە کچەکانم، کاتێك زیاتر لە کچێکی هەبێت. ٢- ڕازیبوونی کوڕەکە ئەگەر باڵغ و ئاقڵ بێت، وە ڕازیبوونی کچی ئازادی ئاقـڵ، ٣- سەرپەرشتیار: دروست نییە ئافرەت خۆی مارە بکات لە کەسێکی تر، ئەوەش کە سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە نییە

دروست نییە مارەی بکات مەگەر سەرپەرشتیارەکەی ڕێگر بێت لە مارەکردنی لە هاوشانی ئافرەتەکە، شیاوترین کەس بە مارەبڕینی لە کەسێکی تر باوکێتی پاشان باپیری و بەرەو ژوور، پاشان کوری خۆی و نەوەی ئەو بەرەو خوار، پاشان برای دایك و باوکی پاشان برای باوکی..هتد. **٤- شاهید:** بوونی دوو شاهێدی پیاوی باڵغی ئاقڵی دادپەروەر پێویستە. **٥- نەبوونی ڕێگر** لە هەردوو لایانەوە بە شیر خواردن یان نەسەب یان خزمایەتی.

**ئەوانەی دروست نییە مارە بکرێن:** یەکەم: بۆ هەمیشەیی کە چەند بەشێکن.

**١-** بەهۆی ڕەچەڵەکەوە کە دایك و نەنك بەرەوژوور، کچ و کچی کوڕ هەرچەند بەرەو خواربن، خوشك بەرەهایی، کچی خوشك و کچی کوڕ و کچی کچی خوشك، کچی برا بە ڕەهایی و کچەکانیان و کچی کورەکانیان و کچی کچەکانیان هەرچەندە بەرەو خواربن، خوشکی باوك و دایك هەرچەندە بەروژووربن. **٢-** بەهۆی شیر خواردنەوە: حەرام بوونەکەی وەکو نەسەب وایە، تەنانەت لە ژن و ژن خوازیشدا. **٣-** بەهۆی خزمایەتیەوە (ژن و ژنخوازی) دایك ونەنکی ژن، هەروەها خێزانی باوانی نەسەبی و خۆی، کچی خێزانی هەرەچەندە بەرەوخواربێت.

**دووەم: بۆ ماوەیەکی کاتی: کە دوو جۆرن:** **١-** بەهۆی کۆکردنەوە لە یەك کاتدا، وەکو کۆکردنەوەی دوو خوشك، یان کۆکردنەوەی ئافرەتێك لەگەڵ پوریدا جا خوشکی باوکی ئەو ئافرەتە بێت یان خوشکی دایکی بێت . **٢-** بەهۆی ڕێگریەکی ترەوە کە لەوانەیە نەمێنێت وەك ئەوەی ئەو ئافرەتە خێزانی کەسێکی تر.

**سودێك:** بۆ دایك و باوك ڕەوانییە کە زۆر لە منداڵی خۆیان بکەن بۆ ژن هێنان لەو کەسەی کە خۆیان ئەیانەوێت، واجب نییە لەسەر پیاو کە بە گوێیان بکات و نابێتە کەسێکی سەرپێچی کار لە دایك و باوك بەم کردارە.

**✸ تەڵاق دان:** حەرامە تەڵاقدانی ئافرەت ئەگەر لە حەیزدا بێت، یان زەیستانی بێت، یان پاك بێت و لەگەڵی جووت بووبێت، لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا تەڵاقی ئەکەوێت. تەڵاقدان بە بێ پێویستی ناپەسندە، بەڵام لەبەر پێویستی دروستە، سونەتە بۆ کەسێ کە ژن هێنان زەرەری لێ بدات، واجب نییە بەگوێکردنی دایك و باوك لە تەڵاقداندا، هەرکەس بیەوێت لە خێزانەکەی جیاببێتەوە حەرامە لە یەك تەڵاق زیاتری بدات، پێویستە خێزانەکەی لە خاوێنی دا بێت و جیماعی لەگەڵ نەکردبێتو یەك تەڵاقی بدات، تەڵاقی تری نەدات تا ماوەی عیددەی بەسەر دەچێت، حەرامە بۆ ئافرەتێك کە تەڵاقەکەی رجعی بێت (واتە تەڵاقێ یان دوانی مابێت) لە ماڵی خۆی دەرچێتە دەرەوە، یان مێردەکەی دەری کات پێش تەواوبوونی ماوەکەی، تەڵاق کەوتن بە وتن ئەبێت نەك تەنها بە نییەت.

**✸ سوێند خواردن:** کەفارەتی سوێند بە چوار مەرج پێویست ئەبێت: **١-** مەبەستی سوێند خواردن بێت.  سوێند دانامەزرێت بەوەی تەنها بە زمان بڵێی بەبێ ئەوەی بەدڵ پەسندی بکات، ئەوە پێی دەوترێ سوێندی سەرزارەکی ( یمین اللغو )، وەك ئەوەی لەکاتی قسەکردندا بڵێ (نا وەڵڵا) یان (ئەرێ وەڵڵا).

**٢-** سوێند خواردنەکە لەسەر شتێ بێت کە لە داهاتوودا بێت و بکرێت، یان بە رابردوویەك کە نەیزانێت، یان گومانی هەبێت کە ڕاست دەکات، یان بزانێت و بە درۆ سوێند بخوات کە پێی دەوترێ (یمین الغموس) و لە گوناهە گەورەکانە، یان سوێند بخوات بۆ داهاتوو وابزانێ کە ڕاست دەکات بەڵام بە پێچەوانەوە دەرچێت.

٣- به ئارەزوی خۆی سوێند بخوات و زۆری لێ نەکرێت. ٤- سوێند بخوات بەوەی ئەو شتە بکات کە سوێندی خواردووە نەیکات یان بە پێچەوانەوە، ئەگەر سوێندی خواردوو (ان شاء الله)ی کرد ئەوا کەفارەتی لەسەر واجب نابێ بە دوو مەرج. ١- سوێندەکە و مەرجەکە بەیەکەوەبێت. ٢- مەبەستی راوەستانی سوێندەکەی بێت لەسەر ویستی خوای گەورە، وەك بڵێ: سوێند بە خوا (ان شاء الله).

هەر کەس سوێندی خوارد لەسەر شتێك و بۆی دەرکەوت بەرژەوەندی لە پێچەوانەکەیدایە ئەوا سوونەتە کەفارەتی سوێندەکەی بدات و کارە خێرەکە بکات.

**کەفارەتی سوێند:** بریتییە لە تێرکردنی دە هەژار بۆ هەموو هەژارێك نیو صاع خواردن بدات (دەکاتە کیلۆ و ربعێ) یان جلوبەرگیان بۆ بکات، یان بەندەیەك ئازاد بکات، ئەگەر نەیتوانی پێویستە سێ رۆژ لەسەر یەك بەرۆژو بێت، هەرکەس بەرۆژوو بێت لەگەڵ ئەوەدا ئەیتوانی خواردنی هەژاران یان بەرگیان بۆ بکات ئەوا بۆی بری ناکەوێت، دروستە کەفارەت پێش سوێند خستنەکە یان لە دواییی دا، هەر کەس زیاد لە جارێك بۆ شتێ سوێند بخوات یەك کەفارەت بۆی بری دەکەوێت، بەڵام ئەگەر شتەکان زۆر بوون کەفارەتەکانیش زۆر دەبن.

✸ **نەزر کردن:** جۆرەکانی: ١- نەزری رەها وەکو بڵێ (نەزرێکم لەسەر بێت ئەگەر چاك بوومەوە) و بێ دەنگ بێت و نەزرێکی دیاری کراوی مەبەست نەبێت، ئەوا کەفارەتی سوێندی ئەکەوێتە سەر ئەگەر چاك بۆوە. ٢- نەزەری توورەیی و رقەکاری: بریتییە لە گرێدانی نەزرەکەی بە مەرجێکەوە بە مەبەستی نەکردنی ئیشێك یان هاندان بۆ کردنی وەك ئەوەی بڵێ: (ئەگەر قسەم لەگەڵ کردی ساڵێك بەرۆژو بم) حوکمەکەی برتییە لەوەی کە سەرپشکە بەوەی کە ئەو کارەی لە ئەستۆی گرتووە بیکات یان کەفارەتی سوێندێك بدات لەکاتی قسەکردنیدا. ٣- نەزری موباح وەکو: بڵێ (نەزربێت جلەکانم لەبەر بکەم) حوکمەکەی: یان جلەکانی لەبەر بکات یان کەفارەتی سوێندێك بدات. ٤- نەزری ناپەسەند وەکو: (نەزربێت کە خێزانەکەم تەڵاق بدەم) حوکمەکەی: سوننەتە کەفارەتی سوێندێك بدات و نەزرەکە جێبەجێ نەکات ئەگەر کردی کەفارەتی لەسەر نییە. ٥- نەزری گوناهو تاوان (نەزربێت لەسەرم دزی بکەم) حوکمەکەی: حەرامە وەفای پێ بکات و ئەبێت کەفارەتی سوێندێك بدات، ئەگەر کردی ئەوا گوناهبارە و کەفارەتی لەسەر نییە. ٦- نەزری گوێڕایەڵی: وەکو (نەزربێت لەسەرم ئەوەندە نوێژ بکەم) بە مەبەستی نزیك بوونەوە لە خوای گەورە، ئەگەر مەرجی بۆ دانا وەك چابوونەوەی نەخۆشی ئەوە واجبە جێبەجێی بکات ئەگەر مەرجەکە هاتە جێ، بەڵام ئەگەر مەرجی دانەنابوو پێویستە نەزرەکەی بە رەهایی جێبەجێ بکات.

✸ **شیر پێدان:** ئەوەی کە بەهۆی نەسەبەوە حەرام دەبێت بەهۆی شیرخواردنیشەوە حەرام دەبێت، بە سێ مەرج: ١- شیری ئافرەتەکە لە منالّ بوونەوە پەیدابووبێت نەك شتی تر. ٢- شیر پێدانی منالّەکە لە دوو ساڵی یەکەمی تەمەنیدا بێت. ٣- ژمارەی شیر پێدانەکان پێنج جار زیاتر بن بە دڵنیایی، مەبەست بە شیر پێدانێك مژینی مەمکی ئافرەتەکەیە تا وازی لێ دێنێ نەك تێر خواردن، بەهۆی شیر پێدانەوە نەفەقە و مەسرەف و میراتی لێ بردن ناچەسپێ.

✸ **وەسیەتکردن:** کەسێك کە حەقێکی کەسێکی تری لە لابێت و بەڵگەش نەبێت لەسەری کە ئەو حەقە بدرێتەوە بە خاوەنەکەی لە دوای مردنی، واجبە وەسیەتی بکات بۆ دانەوەی حەقەکە، کەسێکیش کە ماڵی زۆری لەپاش بەجێدەمێنێت، سوننەتە وەسیەت

بکات بەصەدەقەکردنی پێنجیەکیماڵەکەی بۆ هەژارێکی خزم کە میراتگر نەبێت یان بۆ هەژارێکی تر و زانایەك و پیاوچاکێك، وەسیەت بۆ هەژارێك کە میراتگری هەبن نا پەسەندە، بەڵام ئەگەر دەوڵەمەند بن ئەوا دروستە، وەسیەتکردن بە زیاد لە سێ یەکی ماڵ بۆ کەسی بێگانە حەرامە، حەرامە بۆ میراتگر با کەمیش بێت مەگەر میراتگرەکانی تر ڕێگە بدەن دوای مردنی، وەسیەت بەتاڵ ئەبێتەوە بە قسەی میراتکەرەکە کە بڵێ: پەشیمان بوومەوە یان بەتاڵم کردەوە یان گۆڕیومە..هتد.

**پەسەند و چاکە کە لەسەرەتای وەسیەت نامەکەیدا بنوسێت:** بسم الله الرحمن الرحيم: ئەمە ئەو وەسیەتەیە کە فلانەکەس کردویەتی کە شاهیدی ئەدات هیچ خوایەك نییە بێجگە لە زاتی (الله) تاکەو هاوبەشی نییە، موحەممەد بەندەو پێغەمبەری خوایە ﷺ، بەهەشت حەقە و دۆزەخ حەقە و قیامەت دێت و گومانی نییە، خوای گەورە خەڵکانی ناو گۆڕەکان زیندوو دەکاتەوە، وەسیەت ئەکەم بۆ خزمانم کە لە خوا بترسن و چاکسازی بکەن لە نێوان خۆیاندا، گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکەن ئەگەر ئیماندارن، ئامۆژگاریان دەکەم بەو ئامۆژگاریانەی کە ئیبراهیم و یەعقوب کوڕەکانی خۆیان پێ ئامۆژگاری دەکرد ﴿يَـٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾ (البقرة : ١٣٢) واتە: ڕۆڵەکانم خوا ئەم ئایینەی بۆ ئێوە هەڵبژاردووە ئیتر ئێوەش هەوڵ بدەن بە موسوڵمانی نەبێت مەمرن.

✸ سوننەتە ئەگەر صەڵاواتی دا لەسەر پێغەمبەر ﷺ هەردوو ووشەی ـ الصلاة والسلام ـ بەیەکەوە بڵێت و تەنها یەکێکیان نەڵێت، بێجگە لە پێغەمبەران بە تەنها صلاواتیان لێ نادات بۆ نموونە ناڵێت ابوبەکر ﷺ یان ـ علیه السلام ـ ئەم جۆرە ناپەسەندە و تەنها باش نییە، بەڵام دروستە بە کۆی دەنگی زانایان کە غەیری پێغەمبەران لەگەڵ ئەوان بخات و بڵێت "اللهم صل على محمد و على آل محمد و اصحابه و ازواجه و ذريته"، سونەتە داوای ڕازی بوونی خوای گەورە و ڕەحمەت بکات بۆ هاوەڵان و تابعینی و ئەوانەی دوای ئەوان لە زانایان و خواپەرستان و سەرجەم چاکان بەم شێوەیە بڵێ: ابو حنیفە و مللك و شافعی ـ ڕەزای خوایان لێبێت ـ یان ڕەحمەتی خوایان لێ بێت.

✸ **سەربڕین:** پێویستە سەربڕینی ئاژەڵ تاوەکو بخورێت، ئەبێت ئاژەڵەکە **١ـ** خواردنی حەڵاڵو دروست بێت. **٢ـ** توانا هەبێت کە سەری ببڕێت. **٣ـ** ئاژەڵی وشاکانی بێت.

**سەربڕینی ئاژەڵ چەند مەرجی هەیە:** **١ـ** ئەبێت قەسابەکە ئاقڵ بێت. **٢ـ** پێویستە ئامێری سەربڕینەکە نینۆك و ددان نەبێت. **٣ـ** بڕینی بۆری هەناسە و خواردن و هەردوو شادەمارەکانی یان یەکێکیان. **٤ـ** وتنی بسم الله لەکاتی جووڵەی دەست بۆ سەربڕین، ئەگەر بیری چوو قەیناکە، ئەگەر بە غەیری عەرەبیش بیڵێت دەبێت، سوننەتە لەگەڵ (بسم الله) کەدا "الله اكبر" یش بکات.

✸ **ڕاووشکار:** بریتییە لە نێچیر گرتن، بەمەرج گیراوە ئەو ئاژەڵەی کە ڕاو دەکرێت:
١ـ خواردنی حەلاڵ بێت. ٢ـ کێوی بێت و دەستەمۆ نەبێت. ٣ـ دەسەڵاتی بەسەریدا نەبێت.
حوکمی ڕاوکردن: دروستە بۆ کەسێك مەبەستی بێت و ناپەسەندە بۆ گاڵتە و گەپ، ئەگەر بە شوێنکەوتنی نێچیرەکە خەڵکی ئازار ئەدا ئەوا حەرامە.

**بە چوار مەرج ڕاوکردن دروستە:** **١ـ** ڕاوچییەکە لەو کەسانە بێت کە سەربڕاوی دەستی حەڵاڵە. **٢ـ** ئەو ئامێرەی بەکاری دێنێ دروست بێ پێی سەربڕێت، بەو شێوەیەی تیژ بێت وەکو ڕم و تیر و وێنەی ئەوانە، ئەگەر ڕاوکردنەکە بە هۆی ئاژەڵی بریندارەکەوە بوو وەکو

هەڵۆ یان سەگەوە بوو پێویستە ڕاهێنراو بن. ٣- مەبەستی ڕاوکردنەکە بکات بەوەی ئامێری ڕاوکردنەکەی هەڵبدات بە مەبەستی ڕاوکردن، بەڵام ئەگەر هەروا هەڵیدا و بەر ئاژەڵێك کەوت دروست نییە بیخوات. ٤- وتنی - بسم الله - لەکاتی هاویشتنی ئامێرەکەدا و نابێ "بسم الله" لە بیر بچێت، ئەگەر لە بیری چوو خواردنی حەڵاڵ نابێت.

✸ **خواردن و خواردنەوە:** هەموو شتێکە کە بخورێت یان بخورێتەوە، بەڵگە لەسەری ئەوەیە کە خواردنی دروستە، خواردنی هەموو خۆراکێك بە سێ مەرج حەڵاڵە: ١- پاك بێت. ٢- زیانی نەبێت بۆ مرۆڤ. ٣- قێزەون نەبێت. هەموو خۆراکێکی پیسی وەك خوێن و مردارەوە بوو خواردنی حەرامە، هەروەها هەرشتێ کە زیانی هەبێت وەك ژەهر- یان قێزەون بێت وەك شیاکە و میز و کێچ و ئەسپێ. لە ئاژەڵی وشکانی کەری ماڵی و هەر ئاژەڵێ کە ڕاوبکات بە کەڵبەکانی وەکو شێر و پڵنگ و گورگ و وێز( فهد) و سەگ و بەراز و مەیمون و پشیلە هەرچەندە ماڵیش بێت خواردنی حەرامە، هەروەها ڕێوی و سمۆرە بێجگە لە کەمتیار، لە باڵندەکاندا ئەوەی کە ڕاوبکات بە نینۆکی وەکو هەڵۆ و باز و واشە و شاهین و کۆلارە و کوندەپەپوو خواردنی حەرامە، هەر باڵندەیەك کە لاکە تۆپیو بخوات وەکو هەڵۆ و سەرگەڕ و لەقلەق خواردنی حەرامە، گۆشتی هەر ئاژەڵێك کە عەرەب بە پیسی دابنێ حەرامە وەکو شەمشەمەکوێرە و مشك و شەنگە سوورە(زەردەواڵە) و هەنگ و مێش و پەپولە وپەپوسلێمانە و ژوژو و مار، هەروەها حەشەرات وەك و کرم و جرج و قالۆنجە ومارمێلکە، هەر ئاژەڵێ کە شەرع فەرمانی بە کوشتنی کردووە وەکو دووپشك یان فەرمانی کردووە بە نەکوشتنی وەك مێرووله ئەوا خواردنی حەرامە، هەر ئاژەڵێ لە گۆشت خوراوێك وگۆشت نەخوراوێك لەدایك بووبێت خواردنی حەرامە وەکو (سیخ) کە لە کەمتیار و گورگ لەدایك دەبێت، بەڵام ئاژەڵێك لە دوو ئاژەڵی حەڵاڵ دروست ببێ حەرام نییە وەکو ئێستر کە لە کەرەکێوی و ئەسپ پەیدا ببێت، جگە لە ئەمانەی باسمانکردن خواردنی گۆشتی ئاژەڵەکانی تر حەڵاڵە، لەوانە ڕەشەوڵاخ و ئەسپ و ئاژەڵی کێوی وەك زەڕافە و کەروێشك و وورچ و گۆڕهەڵکەنە وبزنە مژە و ئاسك و باڵندەکان وەکو نەعامە و مریشك و تاوس و توتی و کۆتر و چۆلەکە و مراوی وقاز و باڵندەی ئاوی هەموانیان، ئاژەڵی ئاوی بێجگە لە بۆق و مار و تیمساح، هەر ڕوەکێ کە ئاو بدرێت یان پەین بکرێت بە پیسی ئەوە دروستە بەروبومەکەی بخورێت بە مەرجێ تام و بۆنی پیسیەکەی دەرنەکەوێت تێیدا، ئەگەرنا حەرام دەبێت، خواردنی خەڵوز و قوڕ و گڵ ناپەسەندە، خواردنی پیاز و سیر مەگەر دوای کوڵاندنی، ئەگەر مرۆڤ ناچاربوو و برسی بوو دروستە ئەوەندە بخوات (لەو خواردنانەی کە حەرامن) کە لە مەرگ پێی ڕزگاری ببێت بەس.

✸ حەرامە پیرۆزبایی کردن لەبێباوەڕان بەبۆنەی جەژنەکانیانەوە یان ئامادەبوون لەگەڵیاندا، یان دەستپێشخەری لەسەلام لێ کردنیان، وەهەرکاتێکیش سەلامیان کرد پێویستە لەوەڵامیاندا بووترێت ( وعلیكم )، وە دیسان حەرامە هەستانەوە لەبەر کەسی بێباوەڕ یان لەبەر کەسی ( مبتدع ) ئەو کەسەی هەمیشە سەرگەرمی بدعە و خورافیاتە کە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا دایبهێنێت، وە ( مکروه ) باشیش نیە تەوقەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام بەنسبەت تەعزیە لێکردن و ڕۆشتن بۆلایان قەدەغە و حەرامە تەنها لەبەر بەرژەوەندیەکی باڵای شەرعی پیرۆزی ئیسلام نەبێت .

# نوشتەی شەرعی

بەراستی بە بیرکردنەوە لە یاساکانی خوای گەورە بۆمان دەردەکەوێت کە بەڵا و ناخۆشی یەکێکە لە یاساکانی بونەوەر کە بڕیاری داوە، خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ ۗ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ ﴾ (البقره:١٥٥) واتە: سوێند بەخوا تاقیتان دەکەینەوە بەکەمێك لە ترس وبیم و برسێتی وکەم بوونی ماڵ و سامان ومردنی کەس و کار وتیاچوونی بەروبوومی کشتوکاڵ، جا مژدەبدە بەو کەسانەی خۆگر وئارامگرن.

کەسێك وابزانێت کە پیاوچاکان دوورن لە نارەحەتی و بەڵا ئەوە بە هەڵەدا چووە، بەڵکو تووش بوونی بەڵا و نارەحەتی بەڵگەی ئیمانە، لەم بارەیەشەوە سەعدی کوڕ ئەبی وەقاص ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە پرسیاری کردوە لە پێغەمبەری خودا ﷺ پێی ووتوە : « يا رسول الله أي الناس أشد بلاء قال : الأنبياء ثم الصالحون ثم الأمثل فالأمثل من الناس يبتلى الرجل على حسب دينه فإن كان في دينه صلابة زيد في بلائه وإن كان في دينه رقة خفف عنه وما يزال البلاء بالعبد حتى يمشي على ظهر الأرض ليس عليه خطيئة» (ابن ماجة ) واتە: ئەی پێغەمبەری خودا چ کەسێك زۆر تووشی بەڵاو نارەحەتی دەبێت؟ فەرمووی "پێغەمبەران پاشان پیاوچاکان پاشان بەپێی پلەو پایەبەرزی خەڵکی لای خودا، پیاو بەئەندازەی دینەکەی تاقیکردنەوەی بەسەردا دێت، جا ئەگەر دینەکەی قایم بێت بەڵاکەی زیاد دەکات، خۆ ئەگەر دینەکەی لاواز بوو ئەوا بۆی ئاسان ئەکرێت، بەردەوام بەڵا ونەهامەتیەکان لەگەڵ بەندەدا دەبێت هەتاوەکو وای لێ دێت کە بەسەر زەویدا دەگەڕێت بەبێ ئەوەی تاوانی بەسەرەوە مابێت " .

بەڵاو نارەحەتی نیشانەی خۆشەویستی خوای گەورەیە بۆ بەندەکانی، پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێت: « وَإِنَّ اللَّهَ إِذَا أَحَبَّ قَوْمًا ابْتَلاهُمْ » (أحمد) واتە: ئەگەر خوای گەورە گەلێکی خۆش بوێت ئەوا تاقیان دەکاتەوە، بەڵاو ناخۆشی نیشانەی ویستی چاکی خوای گەورەیە بەبەندەکەی، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی « إِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِعَبْدِهِ الْخَيْرَ عَجَّلَ لَهُ الْعُقُوبَةَ فِي الدُّنْيَا ، وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِعَبْدِهِ الشَّرَّ أَمْسَكَ عَنْهُ بِذَنْبِهِ حَتَّى يُوَافِيَ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ »(الترمذی) واتە: ئەگەر خوای گەورە خێری بوێت بۆ بەندەکەی ئەوا سزای بۆ پێش ئەخات لە دونیادا، ئەگەر خوای گەورە ویستی چاکە لەگەڵ بەندەکەی نەکات ئەوا سزای نادات بە گوناهەکانی لە دونیادا هەتا دێتەوە لای لە ڕۆژی دوایدا.

هەروەها بەڵاو نارەحەتی کە فارەتی گوناهـ و تاوانە هەرچەند کەمیش بێت، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی :«مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُصِيبُهُ أَذًى شَوْكَةٌ فَمَا فَوْقَهَا إلا كَفرَ اللَّهُ بِهَا سَيِّئَاتِهِ كَمَا تَحطُ الشَّجَرَةُ وَرَقَهَا » (متفق علیه) واتە: موسوڵمان تووشی هەر نارەحەتیەك ببێ دڕکێك یان زوورتر لەدڕکێك ئەوا خوای گەورە ئەیکاتە کەفارەتی گوناهەکانی هەروەك چـۆن گـەڵای دارەکـان ئەوەرن( ئاباەو شێوەیەش ناڕەحەتیەکان گوناهەکان هەڵدەوەرێنن).

لەبەر ئەوە موسوڵمان خاوەن بەڵاو نارەحەتی ئەگەر بۆ خۆی چاك بێت ئەوا نارەحەتییەکان ئەبنە کەفارەتی گوناهەکانی پێشووی، یان پلە و پایەی بەرز ئەکەنەوە، ئەگەر ئێستاش سەرپێچی کار بێت ئەوا دەبنە هۆی سڕینەوەی گوناهەکانی و یاد خەرەوەی مەترسی گوناهەکانی، خوای گەورە فەرمویەتی ﴿ ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴾ (الروم:٤١) واتە: تاوان و خراپە دەرکەوتووە و سەرزەوی و دەریاکانیشی گرتۆتەوە،

بەهۆی ئەو تاوان و گوناهانەوە کە خەڵکی دەستیان داوەتیٚ، سەرئەنجام دەبێت تاڵاوی هەندێك لە کردەوەکانیان بچێژن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕێبازی پاکی و خواناسی.

**جۆرەکانی بەڵا و نارەحەتی:** تاقیکردنەوە بە خۆشی وەکو ماڵ و سامانی زۆر، تاقیکردنەوە بە ناخۆشی وەکو ترس و برسێتی و کەمی ماڵ و سامان، خوای گەورە ئەفەرموێت ﴿وَنَبۡلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلۡخَيۡرِ فِتۡنَةً﴾ (الأنبياء :٣٥) واتە: تاقیتان دەکەینەوە بە ناخۆشی و بە خۆشی، هەر لە تاقیکردنەوەی خودایی: وەك نەخۆشی و مردن، زۆربەی هۆکارەکانی نەخۆشی ومردنیش چاوپیسی و جادووە کە لە حەسادەتەوە پەیدا دەبن، پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: « أَكْثَرُ مَنْ يَمُوتُ مِنْ أُمَّتِي بَعْدَ قَضَاءِ اللهِ وقَدَرِهِ بالعَيْن » (الطيالسي) واتە:زۆربەی ئومەتەکەم لە دوای قەزاو قەدەری خوا بە چاو پیسی دەمرن.

**خۆپاراستن لە چاوپیسی و جادوو:** خۆپاراستن چاکترە لە چارەسەرکردن، پێویستە زۆر هەوڵی بۆ بدەین و لەگرنگترین خاڵەکانی خۆپاراستن: ✸ بەهێزکردنی دڵ و دەروون بە یەکخواپەرستی و بیروباوەڕی دامەزراو کە بزانین خاوەن هەڵسوکەوتی تەواو لە بونەوەردا پەروەردگارە و هەوڵی چاکە کاری بدەین. ✸ گومانی چاك بردن بە پەروەردگار و پشت بەستن بە ئەو، گومان و ترسی نەخۆشی و چاوپیسی نەبەین بە هەرچییەك دێتە ڕێمان، چونکە گومان و لاوازی بۆخۆی نەخۆشییە. ✸ ئەگەر کەسێك بە چاوپیس یان جادوگەر ناسرا خۆی لێ بپارێزرێت، ئەمەش لەچوارچێوەی خۆپاراستن وگرتنەبەری هۆکار وئەسبابەکان نەك لە ترساندا. ✸ ناوی خوای گەورە بردن و دوعا بۆ کردن لە هەرشتیٚ کە دەیبینیت و بەلاتەوە جوان وسەرسوڕهێنەرە، پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێت: «اذا رأى احدكم من نفسه أو ماله او اخيه ما يحب فليبرك فأن العين حق» (الحاكم) واتە: ئەگەر کەسێك لە ئێوە شتێکی بینی لە خۆی یان ماڵەکەی یان براکەی کە پێی خۆش بوو با دوعای بەرەکەتی بۆ بکات یانی بڵێ "بارك الله لك" یانی خوای گەورە بەرکەت بخاتە ئەو کارەتەوە، بەراستی تووش بوون بە چاو حەق و ڕاستە. ✸ بەیانی کردنەوە بەخواردنی حەوت خورمای (عجوه)ی مەدینە. ✸ هانا بردن بۆ لای خوای گەورە و پشت پێ بەستنی و گومانی چاك بردن بەخوا وخۆ پەنادان لە چاو و جادوو، پارێزگاری کردن لەزیکرەکان لە بەیانیان وئێوارادا کە ئەم زیکر و دوعایانە کاریگەریان ئەبێت کەم و زیاد دەکات بە پشتیوانی خوای گەورە لەبەر دوو هۆ: ١- بیروباوەڕ بەوەی کە لەو زیکرو دوعایانەدا هاتووە ڕاستەو حەقە و سوودبەخشە بە فەرمانی خودا. ٢- زیکردو دوعاکان بڵێ بە زمان و گوێ و دڵیشی ئاگاداربێت لێی چونکە پاڕانەوە لە دڵی غافڵ و بێ ئاگا قبوڵ نابێت هەروەکو لە فەرمودە صحیحەکاندا هاتووە.

**کاتی زیکر و دووعاکان:** زیکری بەیانیان لە دوای نوێژی بەیانی ئەوترێت و زیکری ئێواران لەدوای نوێژی عەسرەوە ئەوترێت، هەرکاتێك موسوڵمان بیری چوو با لەوکاتەی بیری کەوتەوە بیانڵێ.

**نیشانەکانی تووش بوون بە چاوو شتی تر:** هیچ دژایەتییەك نییە لە نێوان زانستی پزیشکی و دوعا وپاڕانەوە شەرعییەکاندا، قورئانی پیرۆز شیفاو رەحمەتە. بۆ نەخۆشی جەستە و دڵ و دەروون، جا ئەگەر ئادەمیزاد سەلامەت بوو بە نەخۆشی لەشی ئەوا جاروبار نیشانەکان بە زۆری بە شێوەی سەریەشە ئەبێت، زەرد هەڵگەڕانی دەم و چاوو زۆر ئارەق کردنەوە و میز

کردن، بێ ئیشتهایی، بێزاری و تا لێ هاتن و لەرز و مێروله کردنی ئەندامەکانی، دڵە کوتێ، ئازاری جارە جارە لە ژێر پشت و شانەکان بێ تاقەتی و خەفەت لە دڵ و دەروونداا، بێ خەوی لە شەودا، زوو هەڵچون لە ترس و تووڕە بوونی نا ئاسایی، قڕقێنەدانی زۆرو ئاهـ هەڵکێشان، حەز کردن بەتەنهایی، وەڕسی و تەمەڵی، حەز کردن بە خەوتن، هەندێ گێروگرفتی تەندروستی کە هۆکاری پزیشکی نییە جاری وا ئەبێت ئەم نیشانانە یان هەندێکیان دەرئەکەون بەپێی بەهێزی و لاوازی نەخۆشیەکە، پێویستە موسوڵمان ئیمان دامەزراو دڵ قایم بێت، کە وەسوەسە و ختورەی شەیتان نەچێتە ناو دڵی، وا هەست نەکات کە نەخۆشە کە ئەگەر یەکێك لەو هۆکارانەی بینی، چونکە گومان (الوهم) چارەسەرکردنی زۆر گرانە، لەبەرئەوە لەوانەیە هەندێك لەم نیشانانەی باسمانکردن کە لە کەسێکدا هەبێت و نەخۆشیش نەبێت، یان ئەم نیشانانە هەبن بەڵام بەهۆی نەخۆش کەوتنی جەستەوە بن، جاری واش ئەبێت بە هۆی لاوازی ئیمانەوە ئەبێت وەکو دڵتەنگی و خەفەت و بێ تاقەتی، لەم کاتەدا پێویستە پیاچوونەوەیەك بە پەیوەندی خۆی لەگەڵ خوای گەورەدا بکات .

**ئەگەر نەخۆشی بەهۆی چاوەوە بوو ئەوا چارەسەری بە ویستی خودا بەم دوو ڕێگەیە دەبێت:** **١ـ** ئەگەر چاو پیسەکە ئەزانرا: ئەوا پێی ئەوترێت خۆی بشۆرێت و ئەم ئاوەی یان پاشماوەی ئاوەکەی خۆی پێ بشۆرێت و بخورێتەوە. **٢ـ** ئەگەر چاوپیسەکە نەزانرا: ئەوا چاك بوونەوەی بەهۆی دوعاو پاڕانەوە و کەڵەشاخەوە ئەبێ.

**ئەگەر نەخۆشیەکە بەهۆی جادووەوە بوو ئەوا چارەسەری بە یەکێك لەم ڕێگایانە ئەبێت بەفەرمانی خوا:** **١ـ** ئەگەر شوێنی جادوەکەی ئەزانی: ئەگەر بینیەوە ئەوا گرێکانی بکاتەوە لەکاتی خوێندنی سورەتی (الفلق و الناس) دا و پاشان بیسوتێنێ. **٢ـ** دوعای شەرعی بە ئایەتەکانی قورئان و بەتایبەتی سورەتی (الفلق و الناس) و (البقرة) و دوعاکانی تر وەك باسیان ئەکەین. **٣ـ** بەتاڵکردنەوەی جادوەکە کە دوو جۆرە: **یەکەم:** بەتاڵکردنەوەی بە جادوو ڕۆشتنی بۆلای فاڵچیەکان بۆ بەتاڵکردنەوەی کە ئەمەیان حەرامە. **دووەم:** جائیز ودروست: کە بریتییە لە کوتانی حەوت گەڵای (سدر) و پاشان خوێندنی سورەتەکانی (الكافرون) (الاخلاص) (الفلق) (الناس) لەسەری (٣) جار و پاشان تێکەڵکردنی لەگەڵ ئاودا و لێ خواردنەوەی و خۆ پێ شۆردنی وە ئەم شێوازە دووبارە بکاتەوە تا چاك ئەبێتەوە ان شاء الله. (رواه عبدالرزاق في مصنفه) **٤ـ** دەرکردن و فڕێدانی جادو بە خاڵیکردنەوە وبەتاڵکردنەوەی بەهۆی دەرمانی سکچوون وڕەوان کردنەوە ئەگەر لە سکدا بوو، وە بە کەڵەشاخ گرتن ئەگەر لە شوێنی تردا بوو.

**دوعای شەرعی:** مەرجەکانی: **١ـ** ئەبێت بە ئایەتەکانی قورئان و دوعا ڕێگاپێدراو و ڕەواکان بن.**٢ـ** بە زمانی عەرەبی بن بەڵام دوعاکان ئەکرێت بە زمانی تریش بن. **٣ـ** باوەڕی وابێت کە دوعاکان بۆ خۆیان کارناکەن بەڵکو شیفا بە دەستی خوای گەورەیە.

بۆ ئەوەی زیاتر کاریگەری هەبێت پێویستە قورئانەکە بە نیەتی شیفاو هیدایەت بخوێنرێت، بۆ ئادەمیزاد و جنۆکە، چونکە قورئان هاتۆتە خوارەوە بە هیدایەتدەرو شیفابەخش، قورئان بە نیەتی کوشتنی جنۆکەکە نەخوێنرێت مەگەر هاتنە دەرەوەی زەحمەت بێت بەو شێوەیەی پێشوو.

**مەرجەکانی دوعاخوێن:** ١- پێویستە موسوڵمان و چاك و لەخواترس بێت، چەندێ زیاتر لەخواترس بێت ئەوەندە زیاتر کاریگەری دەبێت. ٢- بەراستی و دڵسۆزی روو لە خودا بکات لەکاتی خوێندنی دوعاکاندا، چاکتروایە ئەو نەخۆشە بۆ خۆی دوعا بخوێنێت، چونکە خەڵکی تر بەزۆری دڵیان مەشغوڵە، لەبەر ئەوەی هیچ کەس وەك خۆی هەست بە ئێش وئازار و پێویستیەکانی ناکات، ئەوکەسانەی کە ناچار وخاوەن پێویستی زۆرن خوای گەورە بەڵێنی داوە کە وەڵامیان بداتەوە.

**مەرجەکانی دوعابۆکراو:** ١- چاك وایە باوەڕدارو موسوڵمانێکی صالح وچاك بێت و بەئەندازەی بەهێزی باوەڕەکەی کاریگەریەکە زیاتر دەبێت، خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴾ (الإسراء:٨٢) واتە: ئێمە لە قورئان ئایەت وسورەتێك دادەبەزێنین کە ببێتە هۆی شیفا و چارەسەر بۆ نەخۆشیە دەروونی و جەستەییەکان، هەروەها رەحمەت و میهرەبانیش بۆ ئیمانداران، بۆ ستەمکار و خوانەناسیش تەنها زیادکردنی زەرەر و زیان نەبێت هیچی تر نییە وهیچ بەهرە و سودێکی لێ نابەن. ٢- رووکردنە خوای گەورە بەراستی وپاکی بۆ ئەوەی شیفای بدات. ٣- پەلە نەکات لە چاك بوونەوەدا، چونکە ئەم دوعا بۆ خوێندنە پاڕانەوەیە ئەگەر پەلە بکات لە وانەیە وەڵامی نەدرێتەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: « يُسْتَجَابُ لأَحَدِكُمْ مَا لَمْ يَعْجَلْ يَقُولُ: دَعَوْتُ فَلَمْ يُسْتَجَبْ لِي » (متفق عليه) واتە: هەر کەس لەئێوە وەڵامی دەدرێتەوە(لەلایەن خوای گەورەوە) بەو مەرجەی پەلەی نەکردبێت وبڵێت: پاڕامەوە و خوا دوعای لێ وەرنەگرتم.

**دوعابۆکردن چەند شێوەیەکی هەیە:** ١- خوێندنی دوعا کە لەگەڵ فودا "تفێکی کەم". ٢- خوێندنی دوعا بە بێ فووکردن. ٣- وەرگرتنی تف بە پەنجەکان و تێکەڵکردنی لەگەڵ خۆڵ و مەسح کردنی شوێنی ئازارەکە پێی. ٤- خوێندی دوعاکان و مەسح کردنی شوێنی ئازارەکە.

**ئەو ئایەت و فەرموودانەی کە بەدوعا دەخوێنرێت بۆ نەخۆش:** ئایەتەکان: سورەتی "الفاتحة" "آية الكرسي"، دوو ئایەتی کۆتایی "البقرة"، سورەتەکانی "الكافرون" و"الإخلاص" و "الفلق" و"الناس" لەگەڵ ئەم ئایەتانەی لای خوارەوە :

﴿ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾ (البقرة: ١٣٧) واتە: ( بەڵام دڵنیابە ئەی محمد ﷺ ، ئەی ئیماندار ) خوا تۆ دەپارێزێت لە پیلان و تەڵەکەیان چونکە ئەو خوایە زۆر بیسەر و زانایە.

﴿ يَٰقَوْمَنَآ أَجِيبُواْ دَاعِيَ ٱللَّهِ وَءَامِنُواْ بِهِۦ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾ ( الأحقاف : ٣١)
واتە : ئەی گەلەکەمان وەڵامی بانگخوازەکەی خوا بدەنەوە( کەمەبەست پێی پێغەمبەرە ﷺ) و باوەڕی پێ بێنن (خوا) لە تاوانەکانتان خۆش دەبێ و دەیسرێتەوە وە لە سزای سەخت دەتان پارێزێت.

﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴾ (الإسراء: ٨٢)واتە: ئێمەلەم قورئانەدا بۆتۆمان ناردووە ئەی موحەممەد! ﷺگەلێ ئایەت و سوورەت دادەبەزێنین کەمایەی شیفاو چاکبوونەوەیە لەنەخۆشییە دەروونی و جەستەییەکان وڕەحمەت و بەزەیی و میهرەبانیشە بۆ خەڵکانی بڕوادار، لەگەڵ ئەمەیشدا بۆستەمکاران و خوانەناسانیش تەنها زیادکردنی زەرەرو زیانە، چونکە هیچ سوودێکی لێ نابینن .

﴿أَمۡ يَحۡسُدُونَ ٱلنَّاسَ عَلَىٰ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦ﴾(النساء: ٥٤) واته : یان هەر ئەوەیە کە حەسادەت و بەخیلی بەخەڵکی (ئیماندار) دەبەن لەسەر ئەوەی خوا لە فەزڵ و بەخششی خۆی بەشی داون و (پێغەمبەری لەناویاندا هەڵبژاردووە) .

﴿وَإِذَا مَرِضۡتُ فَهُوَ يَشۡفِينِ﴾(الشعراء: ٨٠) واته :وە ئەگەر هەر کاتێکیش نەخۆش بکەوم هەر ئەو شیفام دەدات و چاکم دەکاتەوە .

﴿وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ﴾ (التوبة: ١٤) واته : (خوای گەورە) سینەو دڵی کۆمەڵی بڕوادار خۆش دەکات.

﴿قُلۡ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ هُدٗى وَشِفَآءٞۚ﴾(فصلت: ٤٤) واته: ئەی پێغەمبەر ﷺپێیان بڵێ : ئەم قورئانە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە هیدایەت و ڕێنموونی و شیفایە وچارەسەی هەموو دەرد ونەخۆشیەکان دەکات .

﴿لَوۡ أَنزَلۡنَا هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ عَلَىٰ جَبَلٖ لَّرَأَيۡتَهُۥ خَٰشِعٗا مُّتَصَدِّعٗا مِّنۡ خَشۡيَةِ ٱللَّهِۚ﴾ (الحشر: ٢١) واته : ئەگەر بهاتبایە ئەم قورئانە دابەزیایەتە سەر کێو شاخەکان، ئەوە بەملکەچی دەتبینین ولەترسی خوای گەورە وورد و خاش دەبوون.

﴿فَٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ هَلۡ تَرَىٰ مِن فُطُورٖ﴾ (الملك: ٣) واته : چاو بگێڕە و ببینە بزانە هیچ ناتەواوی و ناڕێکیەك دەبینیت.

﴿وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَيُزۡلِقُونَكَ بِأَبۡصَٰرِهِمۡ لَمَّا سَمِعُواْ ٱلذِّكۡرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُۥ لَمَجۡنُونٞ﴾(القلم: ٥١) واته : ئەی پێغەمبەر ﷺبەڕاستی ئەوانەی بێباوەڕ بوون کاتێك کە گوێیان لە قورئانەکە بوو نزیکە بەچاویان هەڵتدێرن ودەڵێن : ئەم پێغەمبەرە شێتە .

﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَلۡقِ عَصَاكَۖ فَإِذَا هِيَ تَلۡقَفُ مَا يَأۡفِكُونَ ١١٧ فَوَقَعَ ٱلۡحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١١٨ فَغُلِبُواْ هُنَالِكَ وَٱنقَلَبُواْ صَٰغِرِينَ﴾ (الأعراف: ١١٧- ١١٩) واته : نیگامان کرد بۆ موسی (علیه‌السلام) کە گۆچانەکەت فڕێ بدە، جا دەستبەجێ ( کە فڕێی دا ) ئەو فروفێڵەی کە کردیان هەر هەمووی هەڵلوشی(١١٧) ئەوسا ئیتر هەق چەسپاو و دەرکەوت و ئەوەشی ئەوان دەیانکرد پووچ و بەتاڵ بوویەوە(١١٨)هەر لەوێشدا فیرعون ودارودەستەکەی ژێر کەوتن وتێکشکێنران وبەسەر شۆڕ ی و تێکشکاوی گەڕانەوە(١١٩) .

﴿قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلۡقِيَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَلۡقَىٰ ٦٥ قَالَ بَلۡ أَلۡقُواْۖ فَإِذَا حِبَالُهُمۡ وَعِصِيُّهُمۡ يُخَيَّلُ إِلَيۡهِ مِن سِحۡرِهِمۡ أَنَّهَا تَسۡعَىٰ ٦٦ فَأَوۡجَسَ فِي نَفۡسِهِۦ خِيفَةٗ مُّوسَىٰ ٦٧ قُلۡنَا لَا تَخَفۡ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡأَعۡلَىٰ ٦٨ وَأَلۡقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلۡقَفۡ مَا صَنَعُوٓاْۖ إِنَّمَا صَنَعُواْ كَيۡدُ سَٰحِرٖۖ وَلَا يُفۡلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيۡثُ أَتَىٰ﴾(طه: ٦٥- ٦٩) واته : ( جادووگەرەکان ووتیان : ئەی موسی یان تۆ یان تۆ دار گۆچانەکەت فڕێ بدە، یان ئێمە دەست پێ دەکەین و فڕێی دەدەین(٦٥) موسی ( علیه السلام ) ووتی : بەڵکو ئێوە لەپێشەوە فڕێی بدەن، جا کە دەستیان پێکرد بەهۆی جادووەکەیانەوە پەت وگوریس و دارو چێوەکانیان وا دەهێنرانە پێش چاوی کە بێگومان وەك مار بەخێرایی دەڕۆن(٦٦)ئەوسا موسی ( علیه السلام) لە دڵ ودەروونیدا هەستی بەترسێك کرد(٦٧) ئێمەش نیگامان بۆ کرد و ووتمان : هیچ مەترسە بێگومان هەر تۆ بەرز و بڵندتر وسەرکەوتویت(٦٨)ئەوەیشی کە لەدەستی ڕاستدایە کە ( گۆچانەکەتە) فڕێی بدە، هەرچی ئەوەی کە ئەوان کردوویانە هەڵی دەلوشێت و

دەیانماشێتەوە، چونكە بێگومان ئەوەی كردوویانە فێڵ و تەڵەكەی جادووگەرە، جادووگەریش بۆ هەركوێ بچێت و هەرچی بكات هەر سەركەوتوو نابێت(٦٩) .

﴿ ثُمَّ أَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾( التوبة: ٢٦) واتە : پاشان خوای گەورە ئارامی و ئاسوودەیی دابەزاندە سەر پێغەمبەرەكەی و سەر باوەڕداران.

﴿ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا ﴾( التوبة: ٤٠) واتە : ئەوسا ئیتر خوای گەورە ئاسوودەیی و ئارامی خۆی دابەزاندە سەر پێغەمبەر و پشتگیری و بەهێزی كرد بەسەربازانێك كە ئێوە نەتاندەبینین .

﴿ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ ٱلتَّقْوَىٰ ﴾(الفتح: ٢٦) واتە : ئەوسا خوای گەورە ئاسوودەیی و ئارامی دابەزاندە سەر پێغەمبەرەكەی و سەر باوەڕداران ودامەزراو پابەندی كردن لەسەر تەقواو خاوپەرستی و ( لاإله إلا إلا الله ) .

﴿ لَّقَدْ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِى قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴾( الفتح: ١٨) واتە : ( ئەی موحەمەد ) بێگومان خوای گەورە ڕازی بوو لەباوەڕداران كاتێك لەژێر درەختەكەدا ( شجرة الرضوان ) پەیمانیان لەگەڵ دەبەستیت، جا خوای گەورە ئاگادر بوو بەو وەفا و ڕاستیەی كە لەدڵنیادا بوو، بۆیە پەروەردگار ئاسوودەیی و دڵ ئارامی دابەزاندە سەریان وپاداشتی بە موژدەی سەركەوتێكی نزیك دانەوە .

﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ فِى قُلُوبِ ٱلْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوٓا۟ إِيمَٰنًا مَّعَ إِيمَٰنِهِمْ ﴾(الفتح: ٤) واتە : هەر ئەو خوایە خۆی ئارامی وئاسوودەیی دابەزاندۆتە سەر دڵی باوەڕداران، بۆ ئەوەی باوەڕیان دامەزراوتر و بتەوتر بكات، بۆ ئەوەی لەگەڵ باوەڕەكەی خۆیاندا باوەڕیان زیاتر بكات.

**فەرموودەكان:**

"أَسْأَلُ اللهَ العَظِيْمَ رَبَّ العَرْشِ العَظِيْمِ أَنْ يَشْفِيَكَ " (٧جار) واتە : داوا لەخوای گەورە، كە پەروەردگاری تەختی عەرشی بەرز وبلّندە كە شیفات بدات .

" أُعِيْذُكَ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَةِ مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لامَّةٍ " (٣جار) واتە : پەنا دەگرم بۆت بە ووشە تەواوەكانی خوای گەورە لە هەموو شەیتانێك ولەهەموو خشۆكێكی ژەهردار وە لەهەموو چاوێكی زیانبەخش .

" اللَّهُمَّ رَبَّ النَّاسِ أَذْهِبِ البَأسِ اِشْفِ أَنْتَ الشَّافِيْ لا شِفَاءَ إِلا شِفَاؤُكَ شِفَاءً لايُغَادِرُ سَقَمًا " (٣جار) واتە : ئەی پەروەردگاری هەموو خەڵكی ئەو نەخۆشیە لابە وهەڵیگرە وشیفای بدە چونكە هەر تۆی شیفادەر، وەشیفا نیە شیفای تۆ نەبێت، شیفایەكە هیچ نەخۆشیەك ناهێڵێتەوە كە شیفای نەدات .

" اللَّهُمَّ أَذْهِبْ عَنْهُ حَرَّهَا وَبَرْدَهَا وَوَصَبَهَا " (١ جار) واتە : ئەی خوای گەورە هەرچی تاو لەرز ونەخۆشیە هەیە لەسەری لاببەیت .

" حَسْبِيَ اللهُ لا إِلَهَ إِلا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ العَرْشِ العَظِيْمِ " (٧ جار) واتە : پشت وپەنانم ئەو خوادایەیە كە هیچ پەرستراوێكی تری بەهەق نیە جگە لەئەو، هەر پشت بەئەو دەبەستم، كە پەروەردگاری تەختی عەرشی گەورەیە .

" بِسْـمِ اللهِ أَرْقِيْـكَ مِنْ كُلِ دَاءٍ يُؤْذِيْكَ وَمِنْ شَـرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِدٍ، اللهُ يَشْفِيْكَ بِسْمِ اللهِ أَرْقِيْكَ " (٣جار) واتە : بەناوی خودا نوشتەت بۆ دەكەم لەگشت نەخۆشیەك كە ئازارت

بدات، وه له خراپەی هەموو دەروونێك یان خراپەی هەموو چاوێكی حەسوود وبەخیل، خوای گەوره شیفات بدات، بەناوی خودا نوشتەت بۆ دەكەم .
دەست دەخەیته سەر شوێنی ئازارەكه و دەڵێی "بسم الله" واته : بەنـــاوی خـــوا (٣جـار) "أَعُوْذُ بِعِزَّةِ اللهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ" (٧جار) واته : پەنا دەگرم بەگەورەیی وعیزەتی خودا ودەسەلاَتی گەورەی لەهەموو خراپەیەك كه هەستی پێ دەكەم ولێی دەترسم .

**تێبینی:**

١ـ دروست نییه ئەو خورافاتانەی كه دەربارەی چاوپیس دەوترێن بەراست بزانێت، وەكو: خواردنەوەی میزەكەی، یاخود دەڵێن كاریگەری نابێت ئەگەر چاوپیسەكه بزانێت .

٢ـ دروست نییه پێسته و بازنگ و ملوانكه بۆ چاوەزار هەڵواسرێت، له فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ هاتووه: « مَنْ تَعَلَّقَ شَيْئًا وُكِلَ إِلَيْهِ » (الترمذی) واته: هەركەس شتێك هەڵبواسێ ئەوه بەو شته دەسپێرێت، بەلاَم ئەگەر قورئان بوو ئەوا ڕای جیاوازی لەسەرەو ونەكرێت و وازی لێبهێنرێت باشتره.

٣ـ نووسینی (ماشاء الله، تبارك الله) یان وێنەی شمشێر یان خەنجەر یان چاو یان دانانی قورئان لەناو ئۆتۆمبێلدا یان هەڵواسینی هەندێ ئایەت له ماڵەكاندا ئەمانه چاو پیسی ناگرێتەوه، بەڵكو لەوانەیه له نوشته حەرامەكان بن.

٤ـ پێویسته نەخۆش متمانەی تەواوی به گیرابوونی دوعاكان هەبێت و پەلەنەكات له شیفادا، چونكه ئەگەر پێی بوترێ كه چارەسەری نەخۆشیەك بەوەرگرتنی دەرمانێكه تاوەكو مردن بێ تاقەت نابێت، بەلاَم ئەگەر دوعاكان گیرا نەبوون بێزار ئەبێت، لەگەڵ ئەوەی به هەموو پیتێك چاكەیەكی دەست دەكەوێت و چاكەش یەك بەدەیه، پێویسته دوعا و پاڕانەوه زیاد بكات و داوای لێ خۆشبوون بكات و زۆر خێر بكات كه هۆكاری شیفا بەخشن.

٥ـ خوێندنی قورئان بەكۆمەڵ پێچەوانەی سوننەته وفەرمودەكه لاوازه، هەروەها بەكارهێنانی تەسجیل بەتەنها چونكه نیەتی لەگەڵدانییه كەمەرجێكه لەدوعاخوێندا پێویسته هەبێت، هەرچەنده گوێ لێگرتنی خەیره، سوننەته تاوەكو نەخۆشەكه چاك دەبێتەوه دوعاكان دووبارەبكرێنەوه، مەگەر هیلاكی دەكرد ئەوكات كەم بخوێنرێت تاوەكو بێزار نەبێت، بەلاَم دووبارەكردنەوەی یەك ئایەت و یان دوعاكان به ژمارەیەكی دیاریكراو دروست نییه مەگەر بەڵگەی لەسەر بێت.

٦ـ هەندێك نیشانه هەیه كه ئەكرێت به بەڵگه هەمووی یان هەندێكی كه دوعا خوێنەكه جادوو ئەكات و بەقورئان چارەسەری ناكات، نابێت مرۆڤـ بەكەمێ دین بخڵەتێ چونكه لەوانەیه دوعاكان بەقورئان دەست پێ بكات بەلاَم خێرا بگۆڕێت، لەوانەشه لەو كەسانه بێت كه هاموشۆی مزگەوت بكات بۆ خەڵك له خشته بردن، یان لەوانەیه زۆر زیكر بكات له بەرچاوی تۆدا، بەمانه مەخەڵەتێ و وریابه.

نیشانەكانی جادوو جادووگەرەكان: پرسیاركردن له نەخۆش دەربارەی ناوی خۆی و ناوی دایكی كه زانینی ئەو شتانه هیچ شتێ له چارەسەرەكه ناگۆڕێت، داوای پارچه جلێكی نەخۆشەكه بكات وەكو كراس یان بلوز لەوانەیه جاری وا هەیه داوای ئاژەڵێك بكات

بەشێوەیەکی تایبەتی تاوەکو بۆ جنۆکە سەری ببڕێت یان خوێنەکەی لەنەخۆشەکە بدات..نووسین یان خوێندنەوەی هەڵیتو پەڵێت کە لێی تێناگەین و مانای نییە، پێدانی لاپەڕەیەك بە نەخۆشەکە کە چوارگۆشەی تێدایە و هەندێ پیت لەو چوارگۆشانە دایە و پێی ئەوترێت "الحجاب"، داواکردن لە نەخۆش کە ماوەیەك لە ژورێکی تاریکدا بمێنێتەوە کە پێی دەوترێت "الحجبة" خەڵوەت.

داواکردن لە نەخۆش کە ماوەیەك ئاو بەکار نەهێنێ ، پێدانی شتێك بە نەخۆشەکە تاوەکو لە ژێرزەویدا بیشارێتەوە یان لاپەڕەیەك بسوتێنێ و بۆنی بکات، هەواڵ بدات بە نەخۆشەکە بە هەندێك تایبەتمەندی خۆی کە کەسی تر نایزانێت، یان ناوەکەی یان وڵاتەکەی یان نەخۆشییەکەی پێش ئەوەی قسەبکات، دیاریکردنی حاڵەتی نەخۆشەکە بە تەنها بە چوونە ژوورەوە یان بە تەلەفۆن یان بە نامە.

٧ـ بیروباروەڕی ئەهلی سوننەت ئەوەیە کە جنۆکە دەچێتە لەشی مرۆڤـــەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەم فەرموودەی خوای گەورە: ﴿ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِي يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّۚ ﴾(البقرة:٢٧٥) واتە: ئەوانەی سوو دەخۆن راست نابنەوە (لەگۆڕدا) وەك ئەوانە نەبێت کە شەیتان دەستی لێ وەشاندوون. توێژەرەوانی قورئان یەکدەنگن کە مەبەست بە (مس) لە ئایەتەکەدا شێتیەکی شەیتانیە کە مرۆڤــ تووش دەبێت بەهۆی وابەستەبوونی جنۆکەکان پێیەوە.

**تەواوکارییەك:** جادوو هـــەیـــە وکـــاریگـــەری هـــەیـــە بـە بەڵگەی قورئان وفەرموودە، ئەنجامدانیشی حەرامە و گوناهی گەورەیە لەبەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ «اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا هُنَّ؟ قَالَ: الشِّرْكُ بِاللَّهِ، وَالسِّحْرُ... »(متفق عليه) واتە: دوورکەونەوە لەحەوت گوناهە گەورە و بەهیلاك بەرەکان وتیان : ئەوانە کامەن؟ فەرمووی: هاوبەش پەیداکردن بۆ خوای گەورە، جادوکردن لە خەڵکی......"، هەروەها فەرموودەی خوای گەورە: ﴿وَلَقَدۡ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشۡتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنۡ خَلَٰقٖ ﴾ (البقرة:١٠٢) واتە: بێگومان دەشزانن ئەوەی کاڵای وای کڕیبێتو شتی وا فێر ببێت لەو دواڕۆژدا هیچ بەشێکی دەست ناکەوێت.

جادوو دوو جۆرە: ١ـ چەند گرێ و پەیت و وتەیەکن کە کابرا بە هۆیانەوە ئەگاتە بەکارهێنانی شەیتانەکان لەو شتانە کە ئەیەوێت زیانی پێ بدات لە جادوولێکراوەکە.

٢ـ جۆرێك دەرمانە کە کاریگەری هەیە لە لاشەی جادوولێکراوەکە و ئەقڵی و ویست و حەزەکانی، پێی دەوترێت " الصرف والعطف" وا ئەخاتە خەیاڵ و بیری جادولێکراوەکەوە کە ئەوشتە پێچەوانەیە یان فلان شت ئەجولێت یان ئەڕوات...هتد. جۆری یەکەمیان هاوبەش پەیداکردنە بۆ خوای گەورە، چونکە شەیتانەکان خزمەتی جادوگەرەکە ناکەن بەوە نەبێت بێ باوەڕ بێت بەخوای گەورە. جۆری دووەمیشیان گوناهێکی گەورەیە، هەموو ئەم کاریگەریانە بە وسیتی خوای گەورە روو ئەدەن.

# دوعاو پاڕانەوە

دروستكراوەكانی خوای گەورە هەموویان ئاتاج و هەژاری رەحمەتی خودان وپێویستیان بەئەوە، خوای گەورەش بیّ نیازە لەوان و پێویستی پێیان نییە، پەروەردگار پێویستی كردووە لەسەر بەندەكانی كە لێی بپاڕێنەوەو فەرموویەتی ﴿ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ (غافر:٦٠) واتە: لەمن بپاڕێنەوە دوعاكانتان گیرا ئەكەم، ئەو كەسانەی خۆیان بەگەورە ئەگرن لە بەندایەتیكردنم ئەوا بەسەر شۆڕیەوە ئەچنە دۆزەخەوە. لە فەرموودەدا هاتووە: « مَنْ لَمْ يَسْأَلِ اللَّهَ يَغْضَبْ عَلَيْهِ » (ابن ماجه) واتە: هەركەس لە خودا نەپاڕێتەوە ئەوا خوا لێی تورە ئەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە داواكردنی بەندەكای پیّ خۆشە و ئەو كەسانەشی خۆش ئەوێت كە پێداگری دەكەن لە پاڕانەوە و لە خۆیان نزیك دەكاتەوە.

بەراستی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ هەستیان بەم راستییە كردبوو، بۆیە هەریەكێكیان بەكەمی نەدەزانی كە بۆ شتی كەمیش داوا لە خودا بكات، بۆ جێبەجێبوونی خواست وداواكانیان هانایان بۆ دروستكراوەكان نەدەبرد، لەبەر ئەوەی زۆر پەیوەست بوون بە پەروەردگاریانەوە و نزیك بوون لەخوای گەورە وخوا نزیك بوو لە ئەمانەوە، ئەوان جێبەجێكاری ئەم ئایەتە بوون: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ﴾ (البقرة:١٨٦) واتە: ئەگەر بەندەكان پرسیاری من بكەن و داوا لە من بكەن بەراستی من لێیان نزیكم.

پاڕانەوە پلەیەكی گەورەی هەیە لای پەروەردگار و رێزی تایبەتی هەیە و قەزاو قەدەر دەگێڕێتەوە، هەر كەسێك لە خودا بپاڕێتەوە بەمەرجێك هۆكارەكانی قبوڵ بوون و رێگرەكانی رەتكردنەوە نەبن ئەوا دوعاكەی قبوڵ ئەبێت، مرۆڤی دوعاكار یەكێك لەم سیّ شتەی چنگ دەكەوێت وەكو لەم فەرموودەیەدا هاتووە: « مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَدْعُو بِدَعْوَةٍ لَيْسَ فِيهَا إِثْمٌ وَلا قَطِيعَةُ رَحِمٍ إِلا أَعْطَاهُ اللَّهُ بِهَا إِحْدَى ثَلاثٍ: إِمَّا أَنْ تُعَجَّلَ لَهُ دَعْوَتُهُ، وَإِمَّا أَنْ يَدَّخِرَهَا لَهُ فِي الآخِرَةِ، وَإِمَّا أَنْ يَصْرِفَ عَنْهُ مِنْ السُّوءِ مِثْلَهَا. قَالُوا إِذًا نُكْثِرُ؟ قَالَ: اللَّهُ أَكْثَرُ »، (احمد) واتە: هیچ موسوڵمانێك نییە دووعا بكات بەمەرجیّ گوناهـ و پچڕاندنی خزمایەتی تێدا نەبێت، خوای گەورە یەكێك لەم سیّ شتەی پیّ دەبەخشێت، یان دوعاكەی قبوڵ دەكات – واتە لە دونیادا)، یان خوای گەورە بۆی هەڵدەگرێت بۆ قیامەت، یان بەئەندازەی ئەو دوعایە خراپەی لیّ لادەبات، ووتیان: كەواتە زۆر داوا دەكەین؟ فەرمووی: خوای گەورە زیاتری لە لایە.

**جۆرەكانی دوعا و پاڕانەوە دوو جۆرە:**

١- پاڕانەوەی پەرستشەكان (وەكو نوێژ و رۆژوو). ٢- پاڕانەوی داواكردن لە پەروەردگار.

**پلەو پایەو كردەوەكان:** ئایا قورئان خوێندن چاكترە یان یادی خوا یان دوعا و پاڕانەوە؟ قورئان خوێندن چاكترە بەرەهایی، پاشان زیكر و یادی خودا، پاشان دوعا و پاڕانەوە، دیارە بەشێوەیەكی گشتی، بەڵام لەوانەیە حاڵەتێكی وا پەیدا بێت كە چاكەكە بكات چاكتر وەكو دوعا و پاڕانەوە لە رۆژی عەرەفەدا كە چاكترە لە قورئان خوێندن، یاخود خەریك بوون بەزیكردەكان كە هاتوون لە دوای نوێژە فەرزەكانەوە چاكترە لە قورئان خوێندن.

**هۆكارەكانی گیرابوونی دوعا: چەند هۆكاری ئاشكرا و پەنهان هەن:**

**١ـ هۆکاره ئاشکراکان:** پێشخستنی کردەوە چاکەکان وەکو خێرکردن و دەستنوێژ گرتن و نوێژ کردن و رووکردنە قیبلەو دەست بەرزکردنەوە و سوپاس کردنی پەروەردگار بە شیاوی، داواکردن بەو ناوە پیرۆز و سیفەتە بەرزانەی کە گونجاوە لەگەڵ دوعای کەسەکەدا، کە ئەگەر دوعا کردنەکە داوای بەهەشت بێ پاڕانەوەش بە فەزل و رەحمەتی خوای گەورە ئەبێت، ئەگەر دوعا کردن بێت لە ستەمکارێك نابێت ناوی الرحمن یان الكريم بەکاربهێنێ، بەڵکو بەناوی "الجبار و القهار" لە خوا بپاڕێتەوە، هەروەها لە هۆکارەکانی قبوڵ بوونی دوعا سەڵاواتدانە لە سەر پێغەمبەر ﷺ لە سەرەتاو ناوەراست و کۆتایی دوعاکەیەوە، هەروەها داننان بە گوناهـ و تاوانباری خۆیدا، سوپاسکردنی پەروەردگار لەسەر نیعمەتەکانی، هەڵبژاردنی کاتە چاکەکان کە بەڵگەیان لەسەرە کە گومانی قبوڵ بوونی دوعایان تێدا زیاترە، وەکو سێیەکی کۆتایی شەو کە پەروەردگار دێتە ئاسمانی دونیا، لە نێوان بانگ و قامەتدا و لە دوای دەستنوێژ گرتن و لە سوژدەدا و پێش سەلامدانەوەی نوێژ و دوای نوێژە فەرزەکان و لە کاتی خەتمکردنی قورئان و کەڵەشێر خوێندن و لە سەفەردا و دوعای ستەملێکراو و ناچار و بێچارە و دوعای باوك بۆ کوڕی خۆی، موسوڵمان بۆ موسوڵمانی برای بە پەنهانی و لەکاتی تێکڕژانی بێباوەڕان و موسوڵمانان لەغەزادا (ئەمانە هەمووی لە شەو و رۆژدان)، بەڵام لە هەفتەدا رۆژی هەینی و بەتایبەتی سەعاتی کۆتایی رۆژەکە، لە مانگەکاندا: مانگی رەمەزان لە کاتی پارشێو و بەربانگدا و لەکاتی بەرەبەیاندا و شەوی قەدرو رۆژی عەرەفە.

**لە جێگە پیرۆزەکاندا:** بەگشتی لە مزگەوتەکاندا و لە لای کەعبەی پیرۆزدا و بە تایبەتی لە (الملتزم)دا و کاتی نزیکبوونەوە لە کەعبە و لەمەقامی ئیبراهیم ـ عليه سلام ـ و لەصەفاو مەروە و لەکێوی عەرەفات وموزدەلیفە ومینا و لەکاتی حەجکرندا، لەکاتی خواردنەوەی ئاوی زمزمدا و جگە ئەوانیش.

**٢ـ هۆکارە پەنهانییەکان:** لە پێش دوعاکردنەکەدا، تەوبەیەکی راست و پاك و گەڕاندنەوەی حەق بۆ ستەملێکراوان و هەوڵدان بۆ خواردن و خواردنەوە و بەرگ و پۆشاك و جێگەی مانەوەی لە پارەی حەڵاڵ، زۆری بەندایەتیکردن بۆ خوای گەورە و دوورکەوتنەوە لە گوناهەکان و خۆبەدوورگرتن لە شتی گوماناوی ئارەزووبازیی، ئامادەبوونی دڵ و دەروون و متمانەی تەواو بە خوای گەوەرە لەکاتی دوعادا و ئومێدی تەواو بە خوای گەورە و هانا بردن بۆ لای ئەو و پێداگری لە دوعاکاندا و سپاردنی کاروبار بە خوای گەورە و بێ نیاز بوون لە خەڵکی تر و متمانە بە قبوڵ بوونی دوعاکانمان.

**رێگرەکانی قبوڵ بوونی دوعا:** لەوانەیە ئادەمیزاد دوعا بکات بەڵام خوای گەورە لێی قبوڵ نەکات یان درەنگ لێی وەرگرێت لەبەر زۆر هۆکار، لەوانە: ✸ هاوارکردن و دوعاکردنی غەیری خوا لەگەڵ خوای گەورەدا، ✸ هەروەها وردەکاری زۆر لە پاڕانەوەدا وەك: پەنهانگرتن بە خوای گەورە لە گەرمی دۆزەخ وتەنگی وتاریکی و ..هتد، کە تەنها پەنا بردنە بەر خوای گەورە لە سزای دۆزەخ بەسە، ✸ هەروەها لە هۆکارەکان دوعا کردنە لە خۆی یان لە کەسێکی تر بە زوڵم و ستەم، هەروەها دوعای گوناهبارانە وپچڕاندنی خزمایەتی، ✸ هەروەها راگرتنی دوعا بە ویستی خوای گەورە وەکو بڵێ: خوایە ئەگەر حەز دەکەی لێم خۆش بە و وێنەی ئەوانە، ✸ هەروەها پەلەکردن لە قبوڵ بوون بەو

شێوەیەی بڵێ: دوعام کردووە لێم وەرنەگیرا، ✸ بێزار بوون وماندوو بوون لە دوعا کردندا، ✸ پاڕانەوە بەدڵێکی بێ ئاگاوە، ✸ بەکار نەهێنانی ئەدەبی تەواو لە حزووری خوادا، پێغەمبەرﷺ گوێی لە پیاوێك بوو لە نوێژەکەیدا ئەپاڕایەوە و صەڵاواتی نەئەدا لە پێغەمبەرﷺ ئەمیش فەرمووی " عَجِلَ هَذَا"، واتە: پەلەی کرد، پاشان بانگی کرد و پێی فەرموو یان بەکەسانی تری فەرموو:" إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ فَلْيَبْدَأْ بِتَحْمِيدِ اللَّهِ وَالثَّنَاءِ عَلَيْهِ، ثُمَّ لْيُصَلِّ عَلَى النَّبِيِّ ص ثُمَّ لِيَدْعُ بَعْدُ بِمَا شَاءَ " الترمذی، واتە: ئەگەر کەسێکتان نوێژی کرد با بەسوپاس وستایشی پەروەردگار دەست پێ بکات پاشان صەڵاوات لەسەر پێغەمبەرﷺ بدات، پاشان ئەوەی مەبەستێتی دوعا بکات و بپاڕێتەوە.. ✸ دوعا کردن بۆ شتێك کە نایەتەدی وبڕاوەتەوە، وەك ئەوەی دوعا بکات کە نەمرێت وهەمیشە بمێنێتەوە لەدونیادا ✸ هەروەها زۆر لە خۆکردن بۆ ڕێکخستنی دوعا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةًۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴾، واتە: هاناو هاوار بکەن لە پەروەردگارتان بە کوڵ وبەنهێنی چونکە بە ڕاستی ئەو زاتە دەستدرێژکارانی خۆش ناوێت.

**هەروەها ئیبن عەبباس خوا لێی ڕازی بێت فەرموویەتی:** لە دوعاکردندا خۆتان لە سەجع (مەبەست زۆر لەخۆکردنە بەمەبەستی ڕێکخستنی دوعاکان لەڕووی وشەسازیو وەزنو قافیەوە) بپارێزن، لەسەردەمی پێغەمبەرو هاوەڵاندا ژیاوم ئەوەیان نەدەکرد، واتە خۆیان لێ بەدوور دەگرت.

✸ **هەروەها زۆر دەنگ هەڵبڕین لە دوعاو پاڕانەوەدا، خوای گەورە فەرموویەتی:** ﴿ وَلَا تَجۡهَرۡ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتۡ بِهَا وَٱبۡتَغِ بَيۡنَ ذَٰلِكَ سَبِيلٗا ﴾، واتە: (ئەی پێغەمبەر) لە نوێژو دوعاکاندا زۆر دەنگ بەرز مەکەرەوەو بابێ دەنگیش نەبێت و لەو نێوانەدا بێت.

عائیشە ـ ڕەزای خوای لێبێت ـ ئەفەرمووێت ئەم ئایەتە دەربارەی دوعا هاتۆتە خوارێ.

**چاکوایە موسوڵمانان بەم شێوەیە دوعا وپاڕانەوەکانی ڕێک بخات:**

**یەکەم:** سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگار بکات. **دووەم:** صڵاوات لێ بدات. **سێیەم:** تەوبەو پەشیمان بوونەوە و دانان بە گوناهەکانیدا، پاشان سوپاسی خوای گەورە لەسەر نیعمەتەکانی. **پێنجەم:** دەستکردن بە پاڕانەوە و سوور بوون لەسەر دوعا گشتگیرەکان و ئەوانەی لە پێغەمبەرﷺ و پێشنیانی چاکەوە هاتوون. **شەشەم:** کۆتایهێنان بە صڵاواتدان لەسەر پێغەمبەرﷺ .

## چەند دوعاو پاڕانەوەیەکی گرنگ کە پێویستە لەبەربکرێت و بوترێت

| هـۆی ووتنی دوعـاکـە | ئەو دوعاوپاڕانەوەی کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی |
|---|---|
| پێش نوستن | " بِاسْمِكَ اللَّهُمَّ أَمُوتُ وَأَحْيَا "، خوایەگیان بەناوی تۆوە ئەژیم و ئەمرم. لەکاتی لەخەو هەستان: " الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَحْيَانَا بَعْدَمَا أَمَاتَنَا وَإِلَيْهِ النُّشُورُ "، واتە: سوپاس بۆ خوای گەورە کە ژیانی پێ بەخشینەوە دوای مردنمان و گەڕانەوە هەر بۆ لای ئەوە. |
| کەسێك کە لە خەویا بترسێت | " أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ غَضَبِهِ وَعِقَابِهِ، وَمِنْ شَرِّ عِبَادِهِ، وَمِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ، وَأَنْ يَحْضُرُونِ "، واتە: پەنا ئەگرم بە وشە تەواوەکانی پەروەردگار لە توڕەیی و سزای خوا و شەڕی بەندەکانی. |

| | |
|---|---|
| ئەگەر خەونیی بینی | پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ئەگەر کەسێکیان خەونی خۆشی بینی ئەوە لە لایەن خواوەیە با سوپاسی خوا بکات و باسی بکات، ئەگەر خەونی ناخۆشی بینی کە پێی نارەحەت بوو ئەوە لە لایەن شەیتانەوەیە پەنا بە خوای گەورە بەرێ لە شەڕی شەیتان و لای کەس باسی نەکات توشی زیان نابێت. |
| دەرچوون لە ماڵ | " اللَّهُمَّ إِنِي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَضِلَّ أَوْ أُضَلَّ، أَوْ أَزِلَّ أَوْ أُزَلَّ، أَوْ أَظْلِمَ أَوْ أُظْلَمَ، أَوْ أَجْهَلَ أَوْ يُجْهَلَ عَلَيَّ "، " بِسْمِ اللهِ تَوَكَّلْتُ عَلَى اللهِ لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلا بِاللهِ "، واتە: خوایە پەنا بەتۆ ئەگرم لەوەی گومڕا بم یان گومڕا بکرێم، یان لابدەم لە حەق، یان لابدرێم، یان ستەمم لێ بکرێ، یان نەزان بم یان نەزانینم بەرامبەر بکرێت، بەناوی خوا و پشتیوان بە خوا هیچ هێز و توانایەك نییە یارمەتی خودا نەبێت. |
| چوونە ناو مزگەوت | ئەگەر چوونە ناو مزگەوت قاچی ڕاست پێش دەخەین و دەڵێن: " بِسْمِ اللهِ وَالسَّلامُ عَلَى رَسُولِ اللهِ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذُنُوبِي وَافْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ"، واتە: بەناوی خوای گەورە سەلام لەسەر پێغەمبەریﷺ خوا بێت، خوایە لە گوناهەکانم خۆشبەو دەرگای ڕەحمەتم لێ بکەرەوە. |
| دەرچوون لە مزگەوت | ئەگەر دەرچووین لە مزگەوت قاچی چەپ پێش ئەخرێت و دەڵێن: " بِسْمِ اللهِ وَالسَّلامُ عَلَى رَسُولِ اللهِ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذُنُوبِي وَافْتَحْ لِي أَبْوَابَ فَضْلِكَ "، واتە: بەناوی خوای گەورە و سەلام لە سەر پێغەمبەریﷺ خوا خوایە لە گوناهەکانم خۆش بەو دەرگای بەخششم لێ بکەرەوە. |
| دوعاکردن بۆ کەسێ تازە زەماوەندی کردبێ | " بَارَكَ اللهُ لَكَ، وَبَارَكَ عَلَيْكَ، وَجَمَعَ بَيْنَكُمَا فِي خَيْرٍ "، واتە: خوای گەورە کارەکەت بۆ پیرۆز بکات و لەسەریشت پیرۆز بکات و بە چاکە کۆتان بکاتەوە. |
| بیستنی دەنگی کەڵەشێر و گوێدرێژ | ئەگەر گوێتان لە زەڕینی کەر بوو ئەوا پەنا بگرن بە خوا لە شەڕ و خراپەی واتە بڵێن: "اعوذ بالله من الشيطان الرجيم"، چونکە شەیتان ئەبینێ. ئەگەر گوێتان لە خوێندنی کەڵەشێر بوو ئەوا داوای بەخششی خوا بکەن، چونکە فریشتەی بینیوە واتە بڵێن: "اللهم إنى أسالك من فضلك"، ئەگەر وەڕینی سەگ یان زەڕینی گوێدرێژتان بەشەو گوێ لێ بوو پەنا بە خوا بگرن. |
| ئەگەر کەسێ پێی وتی لەبەر خوا خۆشی دەوێی | ئەنەس ڕەزای خوای لێبێت ئەڵێت پیاوێ لای پێغەمبەرﷺ بوو پاوێکی تر تێپەڕی. ئەم پیاوە کە لای بوو وتی ئەی پێغەمبەریﷺ خوا من ئەم پیاوەم خۆش ئەوێت. فەرمووی: پێت وتوە؟ وتی: نە ، فەرمووی پێی بڵێ، شوێنی کەوت و پێی وت: تۆم لەبەر خوا خۆش دەوێ. ئەویش وتی: خوای گەورە تۆی خۆش بوێ کە تۆ منت لە بەر ئەو خۆش ئەوێ"واتە خۆشەویستی خوا بێت". |
| لەکاتی پژمیندا | ئەگەر کەسێکتان پژمی بڵێ: "الحمد لله" براکەی یان هاوڕێکەی پێی بڵێ "يرحمك الله" ئەمیش لە وەڵامدا بڵێ: "يهديكم الله و يصلح بالكم"، ئەگەر کافر پژمی وتی "الحمد لله" پێی بڵێ "يهديك الله" و مەڵێن "يرحمك الله". |
| دوعای تەنگانە | " لا إِلَهَ إِلا اللهُ الْعَظِيمُ الْحَلِيمُ، لا إِلَهَ إِلا اللهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ، لا إِلَهَ إِلا اللهُ رَبُّ السَّمَوَاتِ وَرَبُّ الأَرْضِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ "، " اللَّهُ اللَّهُ رَبِّي، لا أُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا "، " يَاحَيُّ يا قَيُّومُ بِرحمتكَ أَسْتَغِيثُ "، " سبحَانَ اللهِ العَظِيمِ"، واتە: هیچ پەرستراوێکی بەحەق و ڕاستەقینە نییە زاتی "الله" نەبێت گەورەیە و خاوەنی حیلم و حەوصەڵەیە و خاوەنی عەرشی گەورەو ئاسمانەکان و زەوی و عەرشی گەورەیە، تەنها " الله" خوامە و هیچ هاوبەشی نییە، ئەی زاتی هەمیشە زیندوو چاودێر بە میهرەبانی و ڕەحمەتی تۆ هانا دێنم، پاك و بێ گەردی بۆ خوای گەورە و بەدەسەڵات |
| دوعاکردن لە دوژمنان | " اللَّهُمَّ مُنْزِلَ الْكِتَابِ ومُجْرِيَ السَّحَابِ سَرِيعَ الْحِسَابِ اهْزِمْ الأَحْزَابَ، اللَّهُمَّ اهْزِمْهُمْ وَزَلْزِلْهُمْ ". واتە: پەروەردگار ئەی نێرەری قورئان و پاڵنەری هەورەکان و لێپرسەرەوەی خێرا گروپ و دەستەکان تێك و پێك بشکێنە ئەی خوایە بیانشکێنە و زەوی بە لەرزین بێنە لە ژێر پێیاندا. |
| بەخەبەر هاتنەوەی شەوان | ئەرکەسێك خەوی لێ زڕا بە شەو بڵێ: "لا اله الا الله وحده لا شريك له، له الملك و له الحمد وهو على كل شيء قدير، الحمد لله و سبحان الله ولا اله الا الله والله أكبر ولا حول ولا قوة الا بألله"، ثم قال: "اللهم اغفرلى ". واتە: هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق بێجگە لە "الله" تاکە و هاوبەشی نییە، |

| | |
|---|---|
| | ملك و دەسەلاتی هەم سوپاس و ستایش هی ئەوە و بەسەر هەموو شتێکدا بالادەستە، سوپاس بۆ خوا و پاك و بێ گەردی بۆ خوا، هیچ پەرستراوێك نییە الله نەبێت هەر خوا گەورە و بالادەستە هیچ هێز و توانایەك نییە یارمەتی خودا نەبێت، پاشان بڵێ: خوایە لێم خۆش ببە. ئەگەر دوعای کرد گیرا دەبێت، ئەگەر دەسنوێژی گرت و نوێژی کرد نوێژەکەی قبول دەبێت. |
| **ئەگەر کاروبارێکی لێ گران بوو** | " اللهمَّ لا سَهْلَ إلا مَا جَعَلْتَهُ سَهْلا وَأَنتَ تَجْعلُ الحزن إذا شئْتَ سَهْلا " واتە: ئەی خوای گەورە هیچ کارێك ئاسان نابێت مەگەر تۆ ئاسانی بکەین و ئەگەر بتەوێت خەم و خەفەتیش ئاسان دەکەیت. دوعای قەرزداری: " اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ، وَالْعَجْزِ وَالْكَسَلِ، وَالْجُبْنِ وَالْبُخْلِ، وَضَلَعِ الدَّيْنِ، وَغَلَبَةِ الرِّجَالِ "، واتە: پەروەردگارە بە تۆ پەنا ئەگرم لە خەفەت و دڵتەنگی و لە بێ دەسەلاتی و تەمەڵی و لە ترسنۆکی و ڕەزیلی و لە کەڵەکەبوونی قەرز و تووڕەبوونی پیاوان. |
| **دوعای چوونە سەرئاو** | " اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْخُبُثِ وَالْخَبَائِثِ ". واتە: خوایە پەنا بە تۆ ئەگرم لە شەیتانی نێر و مێ. لە کاتی هاتنەدەرەوە ئەوترێت "غفرانك"، واتە: داوای لێ خۆشبوون ئەکەم لە تۆ ئەی خوایە. |
| **دوعای وەسوەسەی ناو نوێژ** | شەیتانێکە پێی ئەوترێت "خنزب" ئەگەر هەستت پێ کرد لەناو نوێژدا پەنا بە خوای گەورە بگرە لێ و بەلای چەپدا سێ جار تف بکە. |
| **دوعای کاتی سوژدە بردن** | " اللَّهُمَّ اغفرْ لِي ذَنْبِي كلَّهُ دِقَّهُ وَجِلَّهُ وَأَوَّلَهُ وَآخِرَهُ وَعَلانِيَتَهُ وَسِرَّهُ "، واتە: خوایە لە هەموو گوناهەکانم خۆشبە بە بچوك و گەورەی سەرەتا و کۆتایی ئاشکراو نادیاری. " سُبْحَانَكَ رَبِّي وَبِحَمْدِكَ اللَّهُمَّ اغفرْ لِي "، واتە: پاك و بێ گەردی بۆ تۆیە پەروەردگارم، ئەی خوایە لێم خۆش ببە. " اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ برِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ وبِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ لا أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ "، واتە: خوایە پەنا ئەگرم بە ڕازیبوونی تۆ لە تووڕە بوونت و بە لێخۆشبوونت لە سزادانت، پەنا ئەگرم بە تۆ لە زاتی خۆت، ناتوانم سوپاست بکەم بە تەواوی و وەصفت بکەم وەکو خۆت وەصفی خۆتت کردووە. |
| **سەجدەی تیلاوە** | " اللَّهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ وَبِكَ آمَنْتُ وَلَكَ أَسْلَمْتُ سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ وَصَوَّرَهُ وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ تَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ "، واتە: ئەی پەروەردگارم بۆ تۆ سەجدە دەبەم و ئیمانم بە تۆ هێناوە و تەسلیمی فەرمانەکانتم، ڕووم سەجدە دەبات بۆ زاتی تۆ کە دروستت کردووم و وێنەت کێشاوم گوێ و چاوت پێ بەخشیوم، پاك و بێگەردی و گەورەیی بۆ خوای گەورە کە جوانترین دروستکەرە. |
| **دوعای سەرەتای نوێژ** | " اللَّهُمَّ بَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدتَّ بَيْنَ الْمَشْرِقِ والمغْرِب، اللَّهُمَّ نَقِّنِي مِنْ خَطَايَايَ كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ، اللَّهُمَّ اغْسِلْنِي بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ "، واتە: ئەی پەروەردگار نێوانی من و تاوانەکانم دووربخەرەوە هەروەك چۆن نێوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوات دووربخستۆتەوە، خوایە لە گوناهەکانم پاکم بکەرەوە چۆن جلی سپی لە چڵك پاك دەبێتەوە، خودایە بە ئاو و بەفر و تەرزە پاکم بکەرەوە. |
| **کۆتایی نوێژ** | " اللَّهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمًا كَثِيرًا وَلا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلا أَنْتَ فَاغْفِرْ لِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ وَارْحَمْنِي إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ "، واتە: خوایە گیان ستەمێکی زۆرم لە خۆم کردووە کەسیش ناتوانێ لە تاوانەکانم ببورێ تۆ نەبێت، لە لایەنی خۆتەوە لێم خۆشبە و بەزەیت پێما بێت بەڕاستی تۆ لێخۆشبوو بە بەزەیت. |
| **دوعای دوای نوێژ** | " اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ"، واتە: خوایە گیان یارمەتیم بدە بۆ یادکردنەوە وسوپاسکردن و جوان خواپەرستیکردن. " اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْكُفْرِ وَالْفَقْرِ وَعَذَابِ الْقَبْرِ"، واتە: خوایە بە تۆ پەنا دەگرم لە بێباوەڕی و هەژاری و سزای گۆڕ. |
| **هەرکەس چاکەی لەگەڵ کردی** | هەرکەسێ چاکەی لەگەڵ کردی بە بکەرەکەی بڵێ: "جزاك الله خيرا"، واتە: خوا پاداشتی خێرت بداتەوە. ئەوا چاك وەلامی داوەتەوە. با کەسەکەی تریش بڵێ: وجزاك یان وإياك، واتە: پاداشتی تۆش. |
| **کاتی باران بارین** | " اللَّهُمَّ صَيِّبًا نَافِعًا" دووجار یان سێ جار، واتە: خوایە گیان بارانێکی بەسوود بێت، " مُطِرْنَا بِفَضْلِ الله وَرَحْمَتِه"، واتە: بەرەحمەت و بەخششی خوا بارانمان بۆ باری. هەروەها دوعای تر بکات چونکە پاڕانەوە گیرایە لە کاتی باران باریندا، ان شا الله. |

| | |
|---|---|
| کاتی (با) واتە هەڵکردنی ڕەشەبا | " اللهمَّ إني أسألك خَيْرَهَا وخير مَا فيْها وخير ما أرسلت به، وأعوذُ بكَ منْ شرِّهَا وَشرِّ مَا فيها وشَرِّ ما أُرسلت به"، واتە: ئەی خوایە داوای خێر و چاکەی ئەم بایەت لێ ئەکەم و داوای ئەو خێرەش کە تێیدایە، خێرێکیش کە ئەم بایەی بۆ نێردراوە، پەنا بۆ تۆ دێنم لە شەڕی ئەم بایە و ئەو شەڕەش کە تێیدایە و ئەو خراپەیەش کە ئەم بایەی بۆ نێردراوە. |
| ئەگەر مانگی یەکشەوی دیت | " اللهمَّ أهلّه علَيْنَا باليمن والإيمان والسَّلامَة وَالإسْلام، هلالُ خيْر ورُشدٍ، رَبي وَربُّكَ اللّه"، واتە: خوایە گیان ئەم مانگە بەسەرمانابێتەوە بە پیرۆز و ئیمان و سەلامەتی و موسڵمانیەتی، مانگی خێر و چاکە بێت پەروەردگاری من و تۆ "الله" یە. |
| خواحافیزی کردن | " أسْتَوْدعُ اللهَ دينَكَ وَأمَانَتَكَ وَخَواتيمَ عمَلكَ"، واتە: دین و سەلامەتی و کۆتایی کردەوەکانت بە خوا دەسپێرم. کابرای گەشتیاریش بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە: " أسْتَوْدعُكُمُ اللهَ الَّذيْ لا تَضيعُ وَدَائعُهُ"، واتە: بەو خوایەم سپاردن کە ئەمانەت نافەوتێنێ. |
| ئەگەر شتێکی بینی کە پێی خۆش بوو یان پێی ناخۆش بوو | پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر شتێکی بدیایە کە پێی خۆش بایە دەیفەرموو: "الحمد الله الذى بنعمته تتم الصالحات"، واتە: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بە بەخششەکانی ئەو هەموو چاکەکان تەواو ئەبن. ئەگەر شتێکی ببینیایە کە پێی ناخۆش بوایە ئەیفەرموو: "الحمد الله على كل حال"، واتە: سوپاس بۆ خوا لە هەموو حاڵێکدا. |
| دوعای سەفەر | "اللهُ أكبَر، اللهُ أكبَر، اللهُ أكبَر ﴿ سُبْحانَ الَّذي سَخَّرَ لَنَا هَذَا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرنينَ ✹ وَإنَّا إلَى رَبِّنَا لَمُنقَلبُونَ ﴾ اللَّهُمَّ إنَّا نَسْألُكَ في سَفَرنَا هَذَا الْبرَّ وَالتَّقْوَى، وَمنْ الْعَمَل مَا تَرْضَى، اللَّهُمَّ هَوِّنْ عَلَيْنَا سَفَرَنَا هَذَا وَاطْو عَنَّا بُعْدَهُ، اللَّهُمَّ أنْتَ الصَّاحبُ في السَّفَر وَالْخَليفَةُ في الأهْل، اللَّهُمَّ إنِّي أعُوذُ بكَ منْ وَعْثَاء السَّفَر وَكَآبَة الْمَنْظَر وَسُوء الْمُنْقَلَب في الْمَال وَالأهْل" کە گەڕایەوە ئەم ڕستەیە زیاد دەکات " آيبُونَ تَائبُونَ عَابدُونَ لربِّنَا حَامدُونَ"، واتە: پەروەردگارم لە هەموو شتێك گەورەتر و بەرزترە (٣جار) پاك و بێگەردی بۆ خوا کە ئەم شتەی بۆ رام کردین و رەخساندی بۆمان کە خۆمان نەماندەتوانی رامیان بهێنین و ئێمە بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێنەوە، خوای گەورە لەم سەفەرەماندا داوای چاکەو پارێزگاریت لێ دەکەین، داوای کردەوەیەك دەکەین کە لێی رازی، خوایە سەفەرەکەمان بۆ ئاسان بکە و دوریەکەمان بۆ نزیك بخەرەوە، خوایە خۆت هاوڕێی لە سەفەردا و جێنشین و چاودێری کەسوکاری، خوایە پەنات پێ دەگرم لە ناخۆشییەکانی سەفەر و دیمەنە بێ ئومێدبەخشەکانی و خراپی روودان لە ماڵ و منداڵدا. کە گەڕایەوە لەسەفەر ئەم دوعایە دەخوێنێ و ئەم رستەیەش زیاد دەکات: "گەڕاوەین بۆ لای خواو تەوبە کارین و بەندایەتی خوا ئەکەین و سوپاس گوزاری ئەوین. |
| دوعای کاتی نوستن | " اللَّهُمَّ أسْلَمْتُ نَفْسي إلَيْكَ وَفَوَّضْتُ أمْري إلَيْكَ وَألْجَأتُ ظَهْري إلَيْكَ رَهْبَةً وَرَغْبَةً إلَيْكَ لا مَلْجَأ وَلا مَنْجَا منْكَ إلا إلَيْكَ آمَنْتُ بكتَابكَ الَّذي أنْزَلْتَ وَبنَبيِّكَ الَّذي أرْسَلْتَ"، " الحَمْدُ للّه الَّذي أطْعَمَنَا وَسَقَانَا وَكَفَانَا وَآوَانَا فَكَمْ ممَّنْ لا كَافيَ لَهُ وَلا مُؤْويَ"، " اللَّهُمَّ قني عَذَابك يَوْمَ تَبْعَثُ عبَادكَ"، " سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبِّي بكَ وَضَعْتُ جَنْبي وَبكَ أرْفَعُهُ إنْ أمْسَكْتَ نَفْسي فَاغْفرْ لَهَا وَإنْ أرْسَلْتَهَا فَاحْفَظْهَا بمَا تَحْفَظ به عبَادكَ الصَّالحينَ". واتە: خوایە گیان خۆم تەسلیمی تۆ کرد و کاروبارەکانم بە تۆ سپارد، پشتم بە تۆ بەست بە ئومێدو ترسەوە، هیچ پشت و پەنایەك نییە لای تۆ نەبێ، باوەڕم هەیە بەو کتێبەی ناردووتەتە خوارەوە و ئەو پێغەمبەرەی رەوانەت کردووە، سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە نان و ئاوو جێگەی پێ بەخشین، زۆرن ئەوانەی کە جێگە و سەرپەرشتیاریان نییە، خوایە لە سزای خۆت بمپارێزە ئەو رۆژەی بەندەکانت زیندوو دەکەیتەوە، پاك و بێگەردی بۆ تۆیە خودایە، بەهۆی تۆوەیە ئەتوانم بخەوم و هەستمەوە، ئەگەر گیانت کێشام لێم خۆش ببە، ئەگەریش گیانت نەکێشام وەکو بەندە چاکەکانی خۆت بمپارێزە. هەردوو سورەتی مەعوزەتەین (الفلق، الناس)ی دەخوێندو فوی دەکرد بە دەستیداو بەلەشیدا دەهێنا، هیچ شەوێك نەدەخەوت تا سورەتی سەجدەو تەبارەکی نەخوێندایە. |

| | |
|---|---|
| دەرچوون بۆ نوێژ | "اللّهُمَّ اجْعَلْ فِي قَلْبِي نُورًا، وَفِي لِسَانِيْ نُورًا، وَفِي سَمْعِي نُورًا، وَفِي بَصَرِي نُورًا، وَمِن فَوْقِي نُورًا، وَمِن تحتِي نُورًا، وَعَنْ يَمِينِي نُورًا، وَعَنْ شِمَالِيْ نُورًا، وَمِن أَمَامِي نُورًا، وَمِن خَلْفِي نُورًا، وَاجْعَلْ فِي نَفسِيْ نُورًا، وَأَعْظِمْ لِيْ نورًا، وَعَظِّم لِيْ نُوْرًا، وَاجْعَلْ لِيْ نورًا، وَاجْعَلْنِي نُوْرًا، اللّهُمَّ أَعْطِنِيْ نُوْرًا، وَاجْعَلْ فِيْ عَصَبِي نُورًا، وَفِيْ لَحْمِي نُوْرًا، وَفِيْ دَمِي نُورًا، وَفِي شَعَرِي نُوْرًا، وَفِيْ بَشَرِي نُوْرًا"، واتە: خودایە ڕووناکی بخە ناو دڵم، زوبانم، بینینم، بیستنم، ڕووم، ژێرم، لای ڕاستم، لای چەپم، بەردەمم، پشتەوەم، هەروەها نەفسم، خودایە ڕووناکی و نوری گەورەم پێ ببەخشە و بۆم گەورەتر کە و خۆشم بکە بە ڕووناکی و ڕووناکی بخە ناو دەمار و گۆشت و خوێن و موو، هەروەها پێستم. |
| دوعای ئیستخارە (هەڵبژاردنی کارێک) | ئەگەر کەسێکتان ویستی کارێك ئەنجام بدات (واتە چاکە و خراپەی زۆر ڕوون نەبوو لای) ئەوا با دوورکات نوێژ بکات بێجگە لە فەرزەکان پاشان بلّێ: "اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ، وَأَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ، وَأَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ، فَإِنَّكَ تَقْدِرُ وَلا أَقْدِرُ، وَتَعْلَمُ وَلا أَعْلَمُ، وَأَنْتَ عَلامُ الْغُيُوبِ، اللَّهُمَّ فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ هَذَا الأَمْرَ (ناوی کارەکەی ببات) خَيْرًا لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي ـ أو قال: عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ ـ فَاقْدُرْهُ لِي وَيَسِّرْهُ لِي ثُمَّ بَارِكْ لِي فِيهِ، وَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأمر شَرٌّ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي ـ أَوْ قَالَ فِي عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ ـ فَاصْرِفْهُ عني واصْرِفْنِي عَنْهُ وَاقْدُرْ لِي الْخَيْرَ حَيْثُ كَانَ ثُمَّ رَضِّنِي بِهِ"، واتە: خوایە داوای خێرت لێ دەکەم بە زانستی خۆت، داوای توانات لێ دەکەم بە توانای خۆت، لە بەخشش و فەزیلەت داوا ئەکەم تۆ بە توانای و من بێ توانام، تۆ ئەزانیت و من نازانم و تۆ زانای هەموو نهێنییەکانی، خوایەگیان ئەگەر ئەم کارەم (ناوی کارەکەی ببات) خێر و چاکەی تێدایە بۆ دین و دنیا و پاشەڕۆژم – یان بلّێ: ئێستاو داهاتووم– بۆم بڕیاربدە و بۆم ئاسان بکە و بەرەکەت بخەرە ناویەوە، ئەگەر دەزانیت ئەم کارە خراپە بۆ من، بۆ دین و دونیا و پاشەڕۆژم –یان بلّێ: ئێستا و داهاتووم– من لێی لابدە و ئەو لەمن لابدە و بڕیاری چاکم بۆ بدە لە هەرکوێدا هەبێت و بەوکارە ڕازیم بکە. |
| دوعا بۆ مردوو | " اللّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ وَارْحَمْهُ، وَعَافِهِ وَاعْفُ عَنْهُ، وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ، وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ، وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ، وَنَقِّهِ مِنْ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الأَبْيَضَ مِنْ الدَّنَسِ، وَأَبْدِلْهُ دَارًا خَيْرًا مِنْ دَارِهِ، وَأَهْلاً خَيْرًا مِنْ أَهْلِهِ، وَزَوْجًا خَيْرًا مِنْ زَوْجِهِ، وَأَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ، وَأَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ وَمِنْ عَذَابِ النَّارِ". |
| لاچوونی خەم وخەفەت | هەر کەسێ ئەم دوعایە بخوێنێ تووشی خەمو خەفەت نابێت " اللّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ وَابْنُ عَبْدِكَ وَابْنُ أَمَتِكَ نَاصِيَتِي بِيَدِكَ مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ أَوْ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي وَنُورَ صَدْرِي وَجَلاءَ حُزْنِي وَذَهَابَ هَمِّي". واتە: خوایە من بەندەی تۆم کوڕی بەندەی تۆم وکوڕی کەنیزەکی تۆم و فەرمانەکانم بە دەستی تۆن و بڕیاری تۆ بۆ من تێپەڕیووە، بڕیارەکانی تۆ بۆ من دادپەروەرانەیە، بە هەموو ئەو ناوانەت داوات لێ دەکەم کە ناوی خۆت پێ ناوناوە، یان کەسێکت فێر کردووە یان لە قورئاندا ڕەوانەت کردووە یان لە لای خۆت و جیهانی غەیبدا هێشتوتەتەوە کە قورئانی پیرۆز بکەیتە بەهاری دڵم و ڕووناکی سینەم و لابەری خەفەتم و نەمانی خەمەکانم. خوای گەورە هەموو خەمەکانی لا دەبات و لە جیاتی ئەوە دڵخۆشی دەداتێ. |
| | |

پەروەردگار فەزڵی ئادەمیزادی داوە بەسەر هەموو دروستکراوەکاندا و تایبەتی کردووە بە نیعمەتی قسەکردن، ئامێری ئەم قسەکردنەش زبانە کە بەخششێکی وایە کە لە چاکە و خراپەدا بەکاردێت، هەرکەس زووبانی لە چاکەدا بەکارهێنا ئەوە بەختەوەری دونیا و دوارۆژ دەبێت لە بەهەشت، هەرکەسێ لە خراپەدا زبانی بەکارهێنا ئەوا خۆی تووشی تیاچوونی هەردوو دونیا دەکات. جا چاکترین شت کە ئادەمیزاد کاتەکەی پێ سەرف بکات لە دوای قورئان خوێندن یادی خوای گەورەیە.

**فەزل وگەورەیی یادی خوا:** زۆر فەرمووده دەربارەی چاکی یادی خوای گەورە هاتوون، لەو فەرموودانە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : « أَلا أُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرِ أَعْمَالِكُمْ، وَأَزْكَاهَا عِنْدَ مَلِيكِكُمْ وَأَرْفَعِهَا فِي دَرَجَاتِكُمْ، وَخَيْرٍ لَكُمْ مِنْ إِنْفَاقِ الذَّهَبِ وَالوَرِقِ، وَخَيْرٍ لَكُمْ مِنْ أَنْ تَلْقَوْا عَدُوَّكُمْ فَتَضْرِبُوا أَعْنَاقَهُمْ وَيَضْرِبُوا أَعْنَاقَكُمْ؟ قَالُوا: بَلَى. قَالَ: ذِكْرُ اللَّهِ » الترمذی. واتە: هەواڵتان پێ بدەم بە چاکترین کردەوەتان و پاکترینتان لە لای خوای خۆتان و بەرزترینتان لە پلەو پایەدا و چاکتر بێت لە بەخشینی زێڕ و زیوو باشتر بێت لەوەی بە دوژمن بگەن کە بیانکوژن و بتانکوژن، وتیان: بەڵێ. فەرمووی: زیکر و یادی خوای گەورە. لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: « مَثَلُ الَّذِي يَذْكُرُ رَبَّهُ وَالَّذِي لا يَذْكُرُ رَبَّهُ مَثَلُ الْحَيِّ وَالْمَيِّتِ » متفق علیه. واتە: نموونەی ئەوەی یادی خوا ئەکات و ئەو کەسەی یادی خوا ناکات وەکو زیندوو مردوو وایە. لە فەرموودەیەکی قودسیدا هاتووە: « أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي، وَأَنَا مَعَهُ إِذَا ذَكَرَنِي فَإِنْ ذَكَرَنِي فِي نَفْسِهِ ذَكَرْتُهُ فِي نَفْسِي، وَإِنْ ذَكَرَنِي فِي مَلأٍ ذَكَرْتُهُ فِي مَلأٍ خَيْرٍ مِنْهُمْ، وَإِنْ تَقَرَّبَ إِلَيَّ بِشِبْرٍ تَقَرَّبْتُ إِلَيْهِ ذِرَاعًا » .البخاری. واتە: من وام لای گومانی بەندەکەم بەرامبەرم، من لەگەڵیدام کە یادم ئەکات، ئەگەر لە نەفسی خۆیدا یادی کردم منیش لە نەفسی خۆمدا یادی دەکەم، ئەگەر لای کۆمەڵێك یادی کردم ئەوا منیش لای کۆمەڵێك یادی ئەکەم لەوان چاکترین، ئەگەر یەك بست لێم نزیك بێتەوە ئەوا من یەك باڵ لێی نزیك دەبمەوە. فەرموودەی پێغەمبەرﷺ «سَبَقَ الْمُفَرِّدُونَ، قَالُوا: وَمَا الْمُفَرِّدُونَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: الذَّاكِرُونَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتُ » مسلم. واتە: تاکبووەکان پێشکەوتن. وتیان ئەوان کامانەن ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ئەو پیاوو ئافرەتانەی کە زۆر یادی خوا ئەکەن. ئامۆژگاری پێغەمبەرﷺ بۆ یەکێك لە هاوەڵانی " لا يَزَالُ لِسَانُكَ رَطْبًا مِنْ ذِكْرِ اللهِ" الترمذی. واتە: با بەردەوام زوبانتان پاراو بێت بە یادی خوا.

**چەند قاتبوونەوەی پاداشت:** پاداشتی کردەوە چاکەکان چەند بەرامبەر ئەبن، وەکو پاداشتی خوێندنی قورئان لەبەر دوو هۆ: ١- بە پێی ئەو ئیمانە ودڵسۆزی و خۆشەویستی خوایەی کە لە دڵ و دەروندایە. ٢- بە پێی بیرکردنەوە بە دڵ و خەریك بوون پێیەوە نەك تەنها بە زوبان یادی خوا بکات، ئەگەر یادی خوا بەم شێوە چاکەکرا، ئەوا ئەبێتە کەفارەتی گوناهەکانی و بەتەواوەتی پاداشتەکەی وەرئەگرێت، بەڵام ئەگەر کەموکورتی تێدا بوو ئەوا پاداشتەکەشی کەم دەکات بە پێی خۆی.

**سوودەكانی یادی خوا:** شێخی ئیسلام ئەڵێت: یادی خوای گەورە بۆ دڵان وەك ئاو وایە بۆ ماسیەكان، دەی كەواتە ئەبێت حاڵی ماسی چۆن بێت كە بێ ئاو بێت؟!

- ئەبێتە هۆی دروست بوونی خۆشەویستی پەروەردگار و نزیكی لێی و رازی بوونی و چاودێری كردنی و ترسان لێی و گەڕانەوە بۆ لایو یارمەتیدەرە بۆ گوێڕایەڵی پەروەردگار.
- لابەری خەم و خەفەت لە دڵ و دەروون و هێنەری شادیە، ژیان و هێزو پاكی دەداتە دڵ.
- كەلێنەكانی دڵ و دەروون پڕ نابنەوە بە یادی خوا نەبێت، دڵرەقی نەرم ئەكات و ئەیتوێنێتەوە.
- شیفا بەخشی دڵە ودەرمانیەتی و هێز و چالاكی و خۆشەویستی كە هیچ خۆشیەك هاوتای نییە كە بێئاگایی نەخۆشی دڵە.
- كەمی زیكر نیشانەی دووڕوویەو زۆری یادی خوا نیشانەی بەهێزی ئیمان و خۆشەویستی راستەقینەیە بۆ خوا، چونكە ئەگەر كەسێك شتێكی زۆر خۆش بوێت زۆر یادی ئەكات.
- بەندەی خوا ئەگەر لە كاتی خۆشیدا یادی خوا بكات خوای گەورە لە تەنگانەدا فریای دەكەوێت، بە تایبەتی لەكاتی مردن و گیانكێشان.
- هۆكاری ڕزگاربوونە لە سزای اوا و دابەزینی دڵئارامییە و گشتگیربوونی رەحمەت و داوای لێخۆشبوونی فریشتەكانە.
- پارێزەری زوبانە لە قسەی پڕوپوچ و غەیبەت و دووزوبانی و درۆ و جگە لە ئەوانیش لە حەرام وناپەسندەكان.
- بەندایەتییەكی ئاسانە و گەورەیە و چاكە و هۆی رواندنی دارەكانی بەهەشتە.
- مرۆڤی زیكرخوێن بەسام و هەبیەت و خۆشەویستە و روخساری جوانە، زیكر دەبێتە نوور و رووناكی لە دنیا و گۆڕ و دوارۆژدا.
- هۆكاری صەڵاواتی پەروەردگار و فریشتەكانە و خوای گەورە شانازیان پێوە دەكات بەسەر فریشتەكانەوە.
- چاكترین خاوەن كردەوەچاكەكان ئەوانەن كە زۆر یادی خوای تێدا دەكەن، باشترین رۆژوەوان ئەوانەن كە یادی خوا زۆر ئەكەن لە رۆژوەكەیاندا.
- گران ئاسان ئەكات ونارەحەتی سوك دەكات وكارەگرانەكان ئاسان دەكات ورۆزی دەهێنێت و لاشە بەهێز دەكات.
- شەیتان دەردەكات و سەركوتی دەكات و ریسوا و زەلیلی دەكات.

# دوعای ڕۆژانەی بە یانیان و ئێواران

| م | دوعای ڕۆژانە | ژمارە و کاتەکانی | چاکی و گەورەیی وشوێنەوارەکەی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئایەتە الكرسی[1] | بەیانیان و ئێواران، پێش خەوتن و دوای نوێژە فەرزەکان | نزیك نەکەوتنەوەی شەیتان و هۆکاری چوونە بەهەشت |
| ٢ | دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی البقرة[2] | ڕۆژی جارێك لە ماڵدا دەخوێنرێت لە هەر کاتێکدا بێت | بەسیەتی بۆ پارێزراو بوون لە هەموو خراپەیەك |
| ٣ | سورەتی (الاخلاص) و (الفلق) و (الناس) | ٣ جار بە یانیان و ئێوارن | بەسیەتی بۆ هەموو شتێك |
| ٤ | بسم الله الذي لا يضر مع اسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم | ٣ جار بەیانیان و ئێواران | پارێزراوە لە بەڵای کتوپڕ و هیچ شتێك زیانی لێ نادات. |
| ٥ | أعوذ بكلمات الله التامات من شر ما خلق. | ٣ جار بەیانیان و ئێوارن یان کاتی دابەزین لە جێگەیەك | پارێزراوە بۆ جێگەکان لە هەموو خراپەیەك |
| ٦ | حسبي الله لا إله إلا هو عليه توكلت وهو رب العرش العظيم. | ٧ جار بەیانیان و ئێواران | خوای گەورە بێ خەمی دەکات لە کاروباری دنیا و دوارۆژ |
| ٧ | رضيت بالله ربًا، وبالاسلام دينًا، وبمحمد ﷺ نبيًا. | ٣ جار بەیانیان و ئێوارن | خوای گەورە لەسەر خۆی پێویستکردووە کە ڕازی بکات |
| ٨ | **بەیانیان بڵێ:** اللّهُمَّ بك أصبحنا وبك أمسينا وبك نحيا وبك نموت وإليك النشور.<br>**لە ئێواراندا بڵێ:** اللّهُمَّ بك أمسينا وبك أصبحنا وبك نحيا وبك نموت وإليك المصير. | بەیانیان و ئێواران | هانی موسڵمانان دراوە بۆ خوێندنیان |
| ٩ | أصبحنا على فطرة الإسلام، وكلمة الإخلاص، ودين نبينا محمد ﷺ وملة أبينا إبراهيم عليه السلام حنيفًا مسلمًا وما كان من المشركين. | بەیانیان | پێغەمبەرﷺ ئەم دوعایانەی خوێندوە |
| ١٠ | **بەیانیان بڵێ:** اللَّهُمَّ مَا أَصْبَحَ بِي مِنْ نِعْمَةٍ أَو بِأَحَدٍ مِنْ خَلْقِكَ فَمِنْكَ وَحْدَكَ لا شَرِيكَ لَكَ فَلَكَ الْحَمْدُ وَلَكَ الشُّكْرُ.<br>**ئێواران بڵێ:** ما أمسى بي أو.... واتە لە جیاتی ما صبح بڵێ ما امسى و پاشماوەی زیکرەکە وەك خۆی بڵێتەوە. | بەیانیان و ئێوران | سوپاسگوزاری ئەو شەو و ڕۆژەی بەجێهێناوە |
| ١١ | **بەیانیان بڵێ:** اللهمّ إنّي أَصْبَحْتُ أُشْهِدُكَ وَأُشْهِدُ حَمَلَةَ عَرْشِكَ | بەیانیان ٤ جار | هەرکەس چوار جار بیڵێ خوای |

[1] ﴿ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ ۚ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ۚ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ۗ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِندَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ ۚ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ ۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ ۖ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ ﴾

[2] ﴿ آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ ۚ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ ﴿٢٨٥﴾ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ ۗ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ ۖ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا ۚ أَنتَ مَوْلَانَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ ﴾

| | | | |
|---|---|---|---|
| | وَمَلاَئِكَتِكَ وَأَنْبِيَائِكَ وَجَمِيْعِ خَلْقِكَ بِأَنّكَ أَنتَ اللهُ لاَ إِلهَ إِلاّ أَنتَ وَأَنّ مُحَمَّدًا عَبْدُكَ وَرَسُوْلُكَ. **ئێواران بڵێ:** إِنّي أَمْسَيْتُ .... | و ئێوران ٤ جار | گەورە لە ئاگری دۆزەخ رزگاری ئەكات |
| ١٢ | اللّهُمَّ فاطر السموات والأرض عالم الغيب والشهادة رب كل شيء ومليكه أشهد أن لا إله إلا أنت، أعوذ بك من شر نفسي ومن شر الشيطان وشركه وأن أقترف على نفسي سوءًا أو أجرَّه إلى مسلم. | بەیانیان و ئێواران و لەكاتی خەودا | پارێزراو ئەبێت لە وەسوەسەی شەیتان |
| ١٣ | اللّهُمَّ إني أعوذ بك من الهم والحزن وأعوذ بك من العجز والكسل وأعوذ بك من الجبن والبخل وأعوذ بك من غلبة الدين وقهر الرجال. | بەیانیان جارێك و ئێواران جارێك | خەم و خەفەتی نامێنێ و قەرزەكانی دەداتەوە |
| ١٤ | اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي فَإِنَّهُ لا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلا أَنْتَ. | بەیانیان و ئێواران | و بمرێت یان لەشەودا بیخوێنێت و بمرێت لە ئەهلی بەهەشت دەبێت |
| ١٥ | يا حي يا قيوم برحمتك أستغيث أصلح لي شأني كله ولا تكلني إلى نفسي طرفة عين. | بەیانیان و ئێواران | پێغەمبەری خواﷺ ئامۆژگاری فاتیمەی كچی دەكرد كە بیخوێنێ |
| ١٦ | اللّهُمَّ عافني في بدني، اللّهُمَّ عافني في سمعي، اللّهُمَّ عافني في بصري، اللّهُمَّ إني أعوذ بك من الكفر والفقر، اللّهُمَّ إني أعوذ بك من عذاب القبر لا إله إلا أنت. | بەیانیان ٣ جار و ئێوران ٣ جار | لە پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕاوەتەوە |
| ١٧ | اللهُمَّ إني أسألكَ العفو والعَافيَةَ في الدنيا والآخرة، اللهُمَّ إني أَسأَلكَ العَافيةَ في ديني ودنيايَ وأَهْلي ومالي، اللّهُمَّ اسْتُرْ عوْراتي وآمِنْ رَوْعاتي، اللهمَّ احْفظني مِنْ بين يديَّ ومن خَلْفي وعن يميني وعن شمالي ومنْ فوْقي وَأَعوذُ بعظمتك أن أُغتالَ منْ تَحْتي. | بەیانیان و ئێواران | پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم دوعایانەی واز لێ نەئەهێنا لەبەیانیان و ئێوراندا |
| ١٨ | سبحان الله وبحمده عدد خلقه، ورضا نفسه، وزنة عرشه، ومداد كلماته | ٣جار بەیانیان | چاكترە لە دانیشتن بۆ یادی خوا لە نوێژی بەیانیەوە تا نیوەڕۆ |

# چەند وتە و کردەوەیەک کە پاداشتی گەورەیان هەیە

| ژ | ووتە یان کردەوە باشەکە | پاداشت وخێری لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ |
|---|---|---|
| ١ | "لااله الا الله وحده لاشريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير". | پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: هەر کەسێ بلێ ـ لا اله الله وحده لاشريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير ـ لە رۆژێکدا (١٠٠) جار بیلێ خێری ئازاد کردنی (١٠) بەندەی هەیە و (١٠٠) خێری بۆ دەنوسرێت و (١٠٠) گوناهی لێ دەکوژێتەوە و پارێزەری دەبێت لە شەیتان تا ئێوارە دەکاتەوە و کەس بە رۆژی دواییدا لەو چاکتری پێ نابێت مەگەر لەو زۆرتری کردبێت. |
| ٢ | "سبحان الله العظيم وبحمد" | پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت: هەر کەسێ بلێ: سبحان الله العظیم و بحمد دارخورمایەکی لە بەهەشتدا بۆ دەروێت. |
| ٣ | "سبحان الله وبحمد سبحان الله العظيم" | پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت: هەر کەس سەد جار بیلێت، خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆش دەبێت هەرچەند بە ئەندازەی کەفی دەریا بێت، هیچ کەس باشتری لەو پێنابێت لە قیامەتدا مەگەر وەك ئەوی وتبێ یان زیاتر، لە فەرمودەیەکی تردا هاتووە: دوو وشە ئاسانن لەسەر زوبان و قورسن لە تەرازوودا و خۆشەویستن لای پەروەردگار "سبحان الله وبحمد سبحان الله العظيم". |
| ٤ | (لا حول ولا قوة الا بالله) | پێغەمبەری خوا ﷺ بە هاوەڵێکی فەرموو: ئایا خەزانەیەك لە خەزنەکانی بەهەشتت پێ نیشان بدەم وتی بەڵێ، فەرموی: (لا حول ولا قوه الا بالله). |
| ٥ | داواکردنی بەهەشت ویەناگرتن بە خوا لە سزای دۆزەخ | پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت: هەر کەس (٣) جار داوای بەهەشت لە خوای گەورە بکات، بەهەشت ئەڵێت: ئەی پەروەردگارە بیخەرە بەهەشتەوە، هەر کەس (٣) جار لە ئاگری دۆزەخ بە خوای گەورە پەنا بگرێ دۆزەخ دەڵێ: ئەی پەروەردگارە پەنای بدە لە ئاگری دۆزەخ. |
| ٦ | کەفارەتی مەجلیس | پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت: هەر کەس لە مەجلیسێکدا دانیشێت کە هەڵیت و پەڵیت زۆر بوو پێش ئەوەی لە مەجلیسەکە هەستێ ئەم دوعایە بخوێنێ "سبحانك اللهم و بحمدك أشهد ان لا اله الا انت استغفرك وأتوب اليك"، ئەوا ئەو گوناهانەی لەسەر لا ئەچن کە لێی رووداوە. |
| ٧ | لەبەر کردنی چەند ئایەت لە سورەتی "الكهف" | لە فەرمودەدا هاتووە: هەر کەس (١٠) ئایەت لە سەرەتای سورەتی کەهف لەبەر بکات پارێزراو ئەبێت لە دەجال. |
| ٨ | سەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ | بۆ خۆی ئەفەرموێت: هەر کەس یەك جار سەڵاوات بدات لە من ئەوا خوای گەورە دە جار سڵاواتی لێ دەدات و دە گوناهی دەسرێتەوە و (١٠) پلەی بەرز دەبێتەوە. |
| ٩ | خوێندنی سورەت وئایەتەکانی قورئان | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر کەسێك لە شەو و رۆژێکدا پەنجا ئایەت بخوێنێ لە بێئاگایان نانوسرێت، هەر کەس سەد ئایەت بخوێنێ ئەوا بە لەخودایاراوان دەنوسرێت، هەر کەس دوو سەد ئایەت بخوێنێ ئەوا قورئان یەخەی ناگرێت لە رۆژی قیامەتدا وهەرر کەس (٥٠٠) ئایەت بخوێنێ ئەوا بەقەد قنتارێك (کێوێك) خێری بۆ دەنوسرێت. |
| ١٠ | پاداشتی بانگبێژان | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: بەڕاستیی هەموو پەری و ئادەمیزاد و هەموو شتێ کە دەنگی بانگ دەبیستن لە رۆژی دواییدا شایەتی بۆ دەدەن، بانگبێژەکان لە رۆژی دواییدا لە هەموو کەس گەردنیان بەرزترە "یانی خێریان زیاترە". |
| ١١ | وەڵامدانەوەی بانگ و دوعا کردن لە دواییدا | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر کەس گوێی لە بانگ بوو بلێ: "اللهم رب هذه الدعوة التامة والصلاة القائمة، آت محمداً والوسيلة والفضيلة و ابعثه مقاماً محموداً الذي وعدته"، ئەوا شەفاعەتی منی بۆ حەڵاڵ ئەبێت. |
| ١٢ | جوان دەسنوێژ گرتن | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر کەس دەسنوێژ چاك بگرێت ئەوا گوناهەکانی لە لەشی دەردەچن تەنانەت لە ژێر نینۆکەکانیشیەوە. |
| ١٣ | دوعای دوای دەسنوێژ | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر یەکێك لە ئێوە دەستنوێژێکی تەواو یان چاك و باش بگرێت و پاشان بڵێت: "أشهد أن لااله الاالله وأن محمداً عبدالله و رسوله" هەر هەشت دەرگای بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە لە هەر کامیانەوە بچێتە ژوورەوە. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤ | دوو ركات نوێژی دوای دەستنوێژ | لە فەرموودەدا هاتووە: هەر كەسێك دەسنوێژێكی چاكی گرت و پاشان دوو ركات نوێژی كرد و بە دڵ و بە جەستە ئاگای لە نوێژەكەی بوو ئەوا بەهەشتی بۆ واجب دەبێت. |
| ١٥ | زۆر هاموشۆكردنی مزگەوت | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر كەس بچێت بۆ مزگەوتێك كە جەماعەتی تێدا دەكرێت بە هەموو هەنگاوێكی خراپەیەكی لێ رەش دەكرێتەوە و بە هەنگاوەكەی تری چاكەیەكی بۆ دەنوسرێت لە كاتی هاتن و رۆشتنەوەیدا. |
| ١٦ | خۆ ئامادەكردن وزوو چوون بۆ نوێژی جومعە | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر كەسێ خۆی بشوات و زوو بچێت بۆ مزگەوت و بە پێیان بڕوات بە سواریی نەڕوات و نزیك بێتەوە لە ئیمام و گوێ بگرێ و قرمە و قاڵە نەكات بە هەموو هەنگاوێكی خێری نوێژ و رۆژووی ساڵێكی بۆ دەنوسرێت، ئەفەرموێت: هیچ پیاوێكی موسوڵمان نییە كە خۆی بشۆرێ و خۆی پاك و خاوێن رابگرێ ئەوەندەی ئەتوانێت و خۆی چەور بكات بە رۆنەكەی (سەر و ریشی چەور بكات بە كرێم و هاوشێوەی ئەو شتانە) و بۆنی خۆش لە خۆی بدات و پاشان لە ماڵی خۆی دەربچێت و كەلێن نەخاتە نێوان دوو كەسەوە پاشان ئەوەندەی ئەتوانێت نوێژ بكات و پاشان بێ دەنگ بێت كە ئیمام وتاری خوێندەوە ئیللا خوای گەورە لە گوناهەكانی نێوان ئەم جومعەیە و جومعەكەی تری خۆش دەبێت. |
| ١٧ | راگەیشتن بە "الله أكبر"ی نوێژ دابەستن | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر كەس چل رۆژ نوێژ بكات بۆ خوا بە جەماعەت و فریای (الله أكبر)ی نوێژ دابەستن بكەوێت ئەوا دوو زەمانەتی دەدرێتێ: زەمانەتی لە ئاگر و زەمانەتی لە دووڕوویی. |
| ١٨ | خێری نوێژی جەماعەت | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: نوێژی جەماعەت خێری زیاترە لە نوێژی تاك بە بیست و حەوت جار زیاتر |
| ١٩ | نوێژی عیشا وبەیانی بەجەماعەت | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر كەس نوێژی عیشا بە جەماعەت بكات وەك ئەوە وایە نیوەی شەو شەونوێژ بكات بۆ خوا و هەر كەس نوێژی بەیانی بكات بە جەماعەت وەك ئەوە وایە هەموو شەو شەونوێژی كردبێت. |
| ٢٠ | نوێژ كردن لە ریزی یەكەم | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: ئەگەر خەڵكی بیانزانیایە كە چ خێرێك لە بانگ و ریزی یەكەمدا هەیە پاشان بە تیروپشك نەبوایە جێگایان بەر نەكەوتایە ئەوا تیروپشكیان بۆ دەكرد. |
| ٢١ | پارێزگاریی لەسوننەتە رەواتیبەكان | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر موسوڵمانێ لە شەو ورۆژێكدا دوانزە ركات نوێژ بكات ماڵێكی لەبەهەشتدا بۆ دروست دەكرێت، چوار پێش نیوەڕۆ، دوان دوای نیوەڕۆ، دوان دوای مەغریب، دووان دوای عیشا ودوو ركات پێش بەیانی. |
| ٢٢ | زۆر نوێژی سوننەت كردن و شاردنەوەی | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: زۆر نوێژ بكە و سوژدە بۆ خوا بەرە، چونكە هەر سەجدەیەك خوای گەورە پلەیەك بەرزت دەكاتەوە و خراپەیەكت لێ لادەبات، نوێژی پیاو كە سوننەت بێت و كەس نەیبینێ خێری زیاترە لە نوێژێك كە خەڵكی دەیبینێ بە بیست و پێنج جار. |
| ٢٣ | سوننەت ونوێژی بەیانی | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: دوو ركات سوننەتی بەیانی چاكترە لە دونیا وهەرچی لەدونیادا هەیە، هەر كەس نوێژی بەیانی بكات ئەوا لە ئەمانی خوادایە. |
| ٢٤ | نوێژی چێشتەنگاو | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: بۆ هەموو جومگەیەكی مرۆڤ لە هەموو رۆژێكدا خێرێك پێویستە، هەموو (سبحان الله)یەك خێرێكە، هەموو (الحمد الله)یەك خێرێكە، هەموو (الله أكبر)ێك خێرێكە، هەموو (لااله الاالله) كردنێك خێرێكە، هەموو فەرمان كردن بە چاكەیەك خێرێكە، هەموو رێگرتن لە خراپەیەك خێرێكە و كارێك كە بری هەموو ئەمانە بكەوێت دوو ركات نوێژە لە چێشتەنگاودا. |
| ٢٥ | دانیشتن لە شوێنی نوێژدا | فریشتەكانی خودا سەڵاواتتان لێ دەدەن (یانی دوعای خێرتان بۆ دەكەن) بۆ هەر یەكێكتان مادام لە شوێن نوێژكردنەكەی خۆی بێت و بێ دەستنوێژ نەبێت و دەڵێن: خوایە لێی خۆش بە، خوایە بەزەییت پێیدا بێتەوە. |
| ٢٦ | دانیشتن لە دوای جەماعەتی بەیانی ویادكردنەوەی خوای | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر كەس نوێژی بەیانی بە كۆمەڵ بكات و پاشان دانیشێ یادی خودا بكات هەتاوەكو خۆر هەڵدێ و پاشان دوو ركات نوێژ بكات ئەوا خێری |

| | | |
|---|---|---|
| | گەورە تا خۆر هەڵدێ ودوو ركات نوێژ كردن | حەجێك و عومرەیەكی تەواو تەواوی هەیە. |
| ٢٧ | هەر كەس شەونوێژ بكات و خێزانی خەبەر بكاتەوە | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر كەس هەستێ لە شەودا و خێزانیشی خەبەر بكاتەوە وبەیەكەوە دوو ركات نوێژ بكەن، ئەوا لای خوا لەو پیاو و ئافرەتانە حسابن كە زۆر یادی خوا دەكەن. |
| ٢٨ | هەر كەسێ نییەتی شەونوێژ بێنێ وخەو نەهێڵێت بیكا | لە فەرموودەدا هاتووە: هەر كەس عادەتی بێت شەونوێژ بكات، بەڵام خەو زۆری بۆ بێنێ و بخەوێت ئەوا خوای گەورە پاداشتی نوێژەكەی بۆ دەنووسێ و خەوەكەشی دەبێتە خێری خودا. |
| ٢٩ | دوعای چوونە بازاڕ | لە فەرموودەدا هاتووە هەر كەس چووە بازاڕ بڵێت (لااله الاالله وحده لاشريك له له الملك و له الحمد يحی و يميت و هو حی لا يموت بيده الخير وهو علی كل شیء قدير)، خوای گەورە هەزار چاكەی بۆ دەنووسێ و هەزار گوناهی لێ رەش دەكرێتەوە و هەزار پلەی بەرز دەبێت. |
| ٣٠ | (سبحان الله) و (الحمد الله) و (الله أكبر) لە دوای نوێژەكان | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر كەس دوای نوێژەكان (٣٣) جار (سبحان الله) و (٣٣) جار (الحمد الله) و (٣٣) جار (الله أكبر)، بكات كە دەكاتە نەوەد و نۆ و لە جاری سەدەمدا بڵێت (لااله الا الله وحده لاشريك له له الملك وهو علی كل شيء قدير) خوا لە گوناهەكانی خۆش دەبێت ئەگەر بەقەدەر كەفی دەریاش بێت. |
| ٣١ | خوێندنی (آية الكرسی) دوای نوێژەكان | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر كەس دوای نوێژە فەرزەكان (آية الكرسی) بخوێنێ هیچ شتێ رێگەی بەهەشتی لێ ناگرێت مردن نەبێت. |
| ٣٢ | سەردانی نەخۆش | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر موسوڵمانێ لە بەیانیدا سەردانی نەخۆش بكات ئەوا حەفتا هەزار فریشتەی خوا دوعای خێری بۆ دەكەن هەتا ئێوارە، ئەگەر لە ئێوارەدا سەردانی بكات ئەوا حەفتا هەزار فریشتە دوعای خێری بۆ دەكەن تا بەیانی دەكاتەوە. |
| ٣٣ | دوعای بینینی كەسی بەڵادار و نەخۆش | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر كەس كەسێكی بەڵاداری بینی بڵێت: سوپاس بۆ خوا كە ئاسوودەی كردم لەوەی تووشی تۆی كردووە و فەزڵ وگەورەیی داوم بەسەر زۆر لە دروستكراوەكانیدا، ئەوا ئەو بەڵایەی تووش نابێت، پێویستە بە شێوەیەك دوعاكە بخوێنێ كە كابرا گوێ لێ مەبێت. |
| ٣٤ | سەرەخۆشی كردن | لە فەرمودەدا ئەفەرموێت: هەر كەس سەرەخۆشیی لە كەسێك بكات كە تووشی موسیبەت بووە بەقەد ئەو خێری بۆ دەنوسرێت، هەروەها دەفەرموێت: هەر موسوڵمانێك سەرەخۆشیی لە براكەی بكات بە هۆی موسیبەتەكەیەوە خوای گەورە خشڵی رێزداری بە بەردا دەكات. |
| ٣٥ | نوێژكردن لەسەر جەنازە وئەسپەردەكانی | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر كەس ئامادەی جەنازە بێت و نوێژی لەسەر بكات قیراتێ خێری بۆ هەیە، هەر كەس ئامادەی ئەسپەردەكردنەكەشی بێت ئەوا دوو قیراتی خێری بۆ هەیە وتیان قوربان قیراتەكان چەندە؟ فەرمووی: وەكو دوو كێوی گەورە وان، إبن عمر دەڵێت: زۆر قیراتمان لە كیس چووە و كەمتەرخەمین تیایدا. |
| ٣٦ | مزگەوت دروستكردن | لە فەرموودەدا هاتووە "هەر كەس لەبەر خاتری رەزامەندیی خوا مزگەوتێك دروست بكات با بەقەد هێلانەی كوڕكوڕەیەكیش بێت، ئەوا خوای گەورەماڵێكی لە بەهەشتدا پێ دەبەخشێ وبۆی دروست دەكات". |
| ٣٧ | بەخشش | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەموو رۆژێك كە بەندەكانی خوا رۆژ دەكەنەوە دوو فریشتەی خوا دادەبەزن و یەكێكیان ئەڵێت: خوایە هەر كەس ئەبەخشێ شوێنەكەی بۆ پڕ بكەرەوە و ئەوەی تریان ئەڵێت: خوایە هەر كەس دەست ئەگرێتەوە ماڵەكەی تیابەرە. |
| ٣٨ | صەدەقە و خێر | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: درهەمێك پێش سەد هەزاری دایەوە، فەرموویان: چۆن ئەی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: پیاوێك دوو درهەمی هەبوو یەكێكیانی كردە خێر، پیاوێكی تریش ماڵێكی زۆری هەبوو سەد هەزاری لە ماڵەكەی كردە خێر، هەر موسوڵمانێ دارێ برووێنێ یان كشتوكاڵ بكات و باڵندە یان مرۆڤ یان |

| | | |
|---|---|---|
| | کردن | ئاژەڵەکان لێی بخۆن بۆی ئەبێتە خێر و صەدەقە. |
| ٣٩ | قەرزدان بە بێ سوو | هەر موسوڵمانێ دوو جار قەرز بداتە موسوڵمانێکی تر ئەوا وەکو ئەوە وایە کە جارێك پارەکەی بە خێر و صەدەقە دابێتێ. |
| ٤٠ | مۆڵەت دان بە قەرزی نەبوو | هەر کەس مۆڵەتی قەرزارێکی نەبوو بدات ئەوا هەموو رۆژێ خێرێکی دەگاتێ پێش وەخت هاتنی قەرزەکە، ئەگەر وەختی قەرزەکە هات و مۆڵەتی دایە ئەوا بۆ هەموو رۆژێ دوو هێندەی قەرزەکەی خێری بۆ دەنوسرێت. |
| ٤١ | بەرۆژوو بوون لەبەر خوای گەورە | هەر کەس رۆژێك لەبەر خاتری رەزامەندیی خوا بەرۆژوو بێت ئەوا خوای گەورە حەفتا ساڵ لە دۆزەخی دوور دەخاتەوە. |
| ٤٢ | بەرۆژوو بوونی (٣) رۆژی هەموو مانگێ، هەروەها رۆژی عەرەفە و عاشورا | خێری رۆژووی (٣) رۆژ لە مانگێکدا خێری تەواوی ساڵەکەی هەیە، پرسیار کرا لە خێری رۆژووی عەرەفە، فەرمووی: کەفارەتی گوناهی ساڵی رابردوو وداهاتووە، پرسیار کرا لە رۆژووی عاشورا ، فەرمووی: گوناهی ساڵی رابردوو دەبات. |
| ٤٣ | شەشەڵان | هەر کەس رۆژووی رەمەزان بگرێت و بە شوێنیدا شەش رۆژ لە شەوال بگرێت ئەوا خێری ساڵێکی دەگاتێ. |
| ٤٤ | نوێژی تەراویح لەگەڵ ئیمام تا تەواو ئەبێت | هەر کەس نوێژ بکات لەگەڵ ئیمام تا تەواو دەبێت ئەوا خێری شەونوێژێکی بۆ دەنوسرێت. |
| ٤٥ | عومرەکردن لە رەمەزاندا | عومرەکردنێك لە رەمەزاندا خێری حەجێکی هەیە، یان حەجێك لەگەڵ مندا بیکات، هەر کەس (حەوت) جار تەواف بکات و دوو رکات نوێژ بکات خێری بەندەئازادکردنێکی دەگاتێ. |
| ٤٦ | حەجی مەبرور | هەر کەس حەج بکات و قسەی پروپوچ نەکات و گوناه نەکات ئەوا بە بێ گوناهی دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی وەکو منالی ساوا، حەجی مەبرورو تەواو پاداشتی تەنها بەهەشتە. |
| ٤٧ | چاکەکردن لە دە رۆژی مانگی (ذي الحجة)دا | هیچ رۆژانێك نییە کردەوەی خێری تێیدا چاکتر بێت لەم دە رۆژانە، دە رۆژی یەکەم، وتیان ئەی رەسول الله جیهادکردنیش لە رێی خوادا؟ فەرمووی: جیهادکرنیش لە رێی خوادا مەگەر پیاوێك بە سەر وماڵیەوە بروا و نەگەڕێتەوە. |
| ٤٨ | قوربانی کردن | هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم قوربانییە چییە؟ فەرمووی: کار و کردەوە و سوننەتی باوکە ئیبراهیمە، وتیان: ئایا هیچ خێر و چاکەیەکمان لێی دەست دەکەوێ؟ فەرمووی: بە هەموو موویەك چاکەیەك، وتیان: ئەی خورییەکەی چی ئەی پێغەمبەر ﷺ؟ فەرمووی: بە هەموو موویەك لە خورییەکەشی چاکەیەکتان بۆ دەنوسرێت. |
| ٤٩ | پلە و پایەی زانا | پلە و پایەی زانا بەسەر خواناسدا وەکو پلە و پایەی من وایە بەسەر کەمترین کەستاندا، هەروەها پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: خوای گەورە و فریشتەکانی و خەڵکی ئاسمانەکان و زەوی تەنانەت مێرووله لە کونەکەی خۆیدا و ماسی لە دەریادا دوعای خێری دەکەن بۆ ئەو کەسانەی خەڵکیی فێری چاکە دەکەن. |
| ٥٠ | داواکردنی شەهیدبوون بەڕاستی | هەر کەس بە راستی داوای شەهید بوون لە خودا بکات، خوای گەورە ئەیگەیەنێتە پلەی شەهیدەکان با لەسەر جێگای خۆشی بمرێت. |
| ٥١ | گریان لە ترسی خوای گەورە وسنوور نشینی وپاسەوانی لەبەر خوا | دوو چاو ئاگری دۆزەخ نابینن، چاوێك لەبەر خاتری خوا بگری و چاوێك پاسەوانی بکات لەبەر خاتری خوا. |
| ٥٢ | پشت بەستن بە خوای گەورە و وازهێنان لە داخ کردن ونوشتەکردن ورەشبینی | ئومەتەکان پیشانی پێغەمبەر ﷺ دراون لە خەونی دا کە ئوممەتەکەی خۆی بینیوە کە حەفتا هەزار کەسیان ئەچنە بەهەشتەوە بە بێ حساب و سزا، ئەوانە کەسانێکن کە داخ کردن بەکار ناهێنن (بۆ شیفا) و نوشتە ناکەن و رەشبینی ناکەن و پشت بەخوا دەبەستن. |
| ٥٣ | پاداشتی مردنی منالّ | هەر موسوڵمانێك سێ منالی بمرێت کە بالغ نەبووبن، خوای گەورە بە گەورەیی رەحمەتی خۆی دەیخاتە بەهەشتەوە. |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٤ | چاولەدەستدان وئارامگرتن لە سەری | پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: خوای گەورە فەرموویەتی ئەگەر بەندەم تاقیکردەوە بە لەدەستدانی دوو خۆشەویستەکەی و ئەویش ئارامگر بوو لەسەری ئەوا لە جیاتی ئەواندا، بەهەشتی پێ ئەدەم، مەبەستی هەردوو چاوەکانییەتی. |
| ٥٥ | وازهێنان لە شتێك لەبەر خوا | بەڕاستی هەرشتێ واز لێ بهێنی لەبەر خوا، ئەوا خوای گەورە چاکترت پێ دەدات. |
| ٥٦ | پارێزگاری عەورەت وزوبان | هەر کەس زەمانەتی ئەندامی نێوان شەویلگەکانی و قاچەکانی بکات، ئەوا زەمانەتی بەهەشتی بۆ دەکەم، واتە زوبان و عەورەت، هەر کەس بێ دەنگی بکات رزگاری دەبێت. |
| ٥٧ | (بسم الله)ی کرد لە کاتێ چوونە ماڵ ونان خواردندا | ئەگەر پیاو چووە ماڵی خۆی و (بسم الله)ی کرد و یادی خوای کرد، لە کاتی نانخواردندا ناوی خوای برد شەیتان دەڵێت نە مانەوە و نە شێوتان هەیە، ئەگەر چووە ماڵەوە و یادی خوای نەکرد شەیتان دەڵێت ئەوا مانەوەتان مسۆگەر کرد، ئەگەریش لە کاتی نانخواردنیشدا ناوی خوای نەبرد شەیتان دەڵێ: مانەوە و شێوتان دەست کەوت |
| ٥٨ | دوعاکردن دوای نانخواردن وپۆشاکی نوێ | هەر کەس نانی خوارد و وتی: "الحمد الله الذي اطعمنی هذا و رزقنیه من غیر حول مني ولاقوة"، خوا لە گوناهە پێشینەکانی خۆش دەبێت، ئەگەر پۆشاکی تازەی لەبەر کرد بڵێت: "الحمد الله الذي كساني هذا ورزقنيه من غير حول مني ولاقوة"، خوا لە گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت. |
| ٥٩ | هەر کەس بیەوێت لە ئەرکی کارەکانی سووك بێت | فاتمە - رەزای خوای لێ بێت - پرسیاری کرد لە پێغەمبەر ﷺ کە خزمەتکارێکی بداتێ، فەرمووی بەو و بە عەلی هاوسەری: ئایا شتێکتان پێ بڵێم لەوە باشتر بێت کە داواتان کردووە؟ هەرکات چوونە سەر جێگەی نووستن (٣٤) جار "الله أكبر"، بکەن و (٣٣) جار "سبحان الله"، بکەن و (٣٣) جار "الحمد الله"، بکەن ئەوا باشترە بۆتان لە خزمەتکار. |
| ٦٠ | دووعا کردن پێش جووت بوون لەگەڵ خێزان | ئەگەر کەسێکتان ویستی بچێتە لای خێزانەکەی بڵێ: "بسم الله، اللهم جنبنا الشيطان و جنب الشيطان ما رزقتنا"، ئەگەر خوای گەورە مناڵی دانێ ئەوا هەرگیز شەیتان ناتوانێ زیانی لێ بدات. |
| ٦١ | رازی بوونی مێرد لەخێزانەکەی | ئەگەر ئافرەت پێنج نوێژە فەرزەکانی کرد ومانگی رەمەزان بەڕۆژوو بوو وداوێنی پاراست لەخراپەکردن وگوێڕایەڵی هاوسەرەکەی کرد، ئەوا پێی دەوترێت بچۆرە بەهەشتەوە لە هەر دەرگایەکەوە کە پێت خۆشە، ئەگەر هەر ئافرەتێك بمرێت و مێردەکەی لێی رازیی بێت دەچێتە بەهەشتەوە. |
| ٦٢ | چاکە لە دایك وباوك وخزماندا | رەزامەندیی خوا لە رەزامەندیی دایك و باوکەوەیە: هەر کەس پێی خۆشە رزق و رۆزی فراوان بێت وناوبانگی چاکی هەبێت چاکەی لە دوای خۆی بەردەوام بێت با لەگەڵ خزمانی چاك بێت. |
| ٦٣ | سەرپەرشیاری هەتیوان | من وسەرپەرشتیاری هەتیوان ئاواین، ئاماژەی بە هەردوو پەنجەی شایەتمان وپەنجەی ناوەڕاستی کرد. |
| ٦٤ | رەوشت جوانیی | بە ڕاستی موسوڵمان بە ڕەوشتی جوانی دەگاتە پلەی رۆژووەوانی شەونوێژکەر، من کەفالەتی ماڵێکم لە لای ژووروی بەهەشتدا بۆ کەسێك رەوشتی جوان بێت. |
| ٦٥ | بەزەیی هاتنەوە بە خەڵکییدا | بەڕاستی خوا رەحم بە بەندە بەرەحمەکان دەکات، بەزەییتان بێتەوە بەوانەی لە زەویدان، خوای ئاسمان بەزەیی بە ئێوەدا دێتەوە. |
| ٦٦ | چاکە ویستی بۆ خەڵکی | باوەڕی نییە کەسێکتان تا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش نەبێت. |
| ٦٧ | شەرم کردن | شەرم کردن و حەیاکردن نایەت بە چاکە نەبێت، شەرم و حەیا لە باوەڕەوەیە، چوار شت لە ڕێوشوێنی پێغەمبەرانن: شەرم و حەیا و بۆنخۆش کردن و سیواك و ژن هێنان. |
| ٦٨ | دەستپێش خەریی لەسەلام کردن | پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ، وتی: السلام عليكم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دە دانە، پاشان کەسێکی تر هات و وتی: السلام عليكم ورحمة الله، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بیست دانە، پاشان کەسێکی تر هات و وتی: السلام عليكم ورحمة الله و بركاته، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: سی دانە، واتە: لە خێر و چاکەدا بۆیان دەنوسرێت. |
| ٦٩ | تەوقەکردن | پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: هەر دوو موسوڵمانێ بە یەك بگەن و لەگەڵ یەکتر تەوقە بکەن |

| | | |
|---|---|---|
| | | خوا لە گوناهەکانیان خۆش ئەبێت پێش ئەوەی لە یەکتری جیا ببنەوە. |
| ٧٠ | بەرگری کردن لەناموسی موسوڵمان | هەر کەس رازیی نەبوو غەیبەتی برای موسوڵمانی بکرێت و پارێزگاریی لێکرد، خوای گەورە بەرگریی ئاگری لێ دەکات لە قیامەتدا. |
| ٧١ | خۆشەویستیی پیاوچاکان ودانیشتن بەم فەرموودەیە. | لەگەڵیان مرۆڤ ـ لەگەڵ ئەو کەسانەدا حەشر دەکرێت کە خۆشی دەوێن، ئەنەس ـ رضی الله عنه ـ ئەڵێت لە هەموو شتێ زیاتر دڵیان خۆش بوو |
| ٧٢ | خۆشەویستان لەبەر خوای گەورە | خوای گەورە ئەفەرموێت: ئەو کەسانەی لەبەر من یەکتریان خۆش دەوێت چەند دوانگەیەکیان بۆ هەیە لە نوور و رووناکی لە پێغەمبەران و شەهیدەکان ئاواتیان پێ دەخوازن. |
| ٧٣ | دوعا کردن بۆ موسوڵمانان | دوعای موسوڵمان لە پاشەملە گیرایە، لە لای سەریەوە فریشتەیەك هەیە کە راسپێردراوە هەر کاتێ دووعا بکات بۆ براکەی بە چاکە فریشتە راسپاردراوەکە ئەڵێت: خوایە دوعاکەی گیرا بکە و بۆ خۆشی. |
| ٧٤ | داوای لێخۆش بوون بۆ باوەڕدارانی پیاو وئافرەت | هەر کەس داوای لێخۆشبوون بکات لە خوای گەورە بۆ پیاوان و ئافرەتانی موسوڵمان، خوای گەورە بۆ هەر موسوڵمانێکی پیاو و ئافرەت خێرێکی بۆ دەنوسێت. |
| ٧٥ | لابردنی نارەحەتیی لەسەر رێگا | پیاوێکم بینی لە بەهەشتدا هاموشۆی دەکرد بە هۆی لابردنی درەختێکەوە لەسەر ریگەی خەڵکی کە ئەزیەتی ئەدان. |
| ٧٦ | وازهێنان لەدەمبەدەمبێ ودرۆ کردن | من دەستەبەری ماڵێکم لە ناو بەهەشتدا بۆ کەسێ کە مشتومڕ واز لێ بهێنێ، هەرچەندە لەسەر حەقیش بێت، دەستەبەری ماڵێکم لە ناوەڕاستی بەهەشتدا کە درۆ تەرك بکات با بە گاڵتەشەوە بێت. |
| ٧٧ | رق خواردنەوە | هەر کەس رِقی خۆی بخواتەوە لە کاتێکدا بتوانێ تورەیی خۆی جێبەجێ بکات، خوای گەورە لە دوارۆژدا بە بەرچاوی هەموو دروستکراوەکانەوە بانگی لێ دەکات تاوەکو کام حۆری دەوێت بۆ خۆی سەرپشکۆبێت. |
| ٧٨ | پێهەڵاگوتن بەچاکە یان بە خراپە | هەر کەس بە چاکە پیایداهەڵگوتن ئەوا بەهەشتییە، هەر کەسیش بە خراپە پیایدا هەڵگوتن ئەوا دۆزەخییە، ئێوە شاهێدی خوان لە زەوییدا. |
| ٧٩ | فریاکەوتنی موسوڵمان وئاسانکاریی کردن بۆی | هەر کەس بەڵای موسوڵمانێ لابەرێ لە بەڵاکانی دونیا، خوای گەورە بەڵایەك لە بەڵاکانی دوارۆژی لێ لادەبات، هەر کەس ئاسانکاریی کرد بۆ نەبوویەك، ئەوا خوای گەورە کارئاسانی بۆ دەکات لە دونیا ودوارۆژدا، هەر کەس عەیبی موسوڵمانێ بپۆشێ، ئەوا خوای گەورە عەیبی لە دونیا و دوارۆژدا دادەپۆشێ. |
| ٨٠ | پێشخستنی دوارۆژ | هەر کەس خەمی دوارۆژی بێت خوای گەورە دڵی دەوڵەمەند دەکات و کاروباری کۆکراوە دەبێت و دونیا بە ناچاریی دێت بۆی. |
| ٨١ | ئەو کەسانەی لە ژێر سایەی رەحمەتی خوادان | حەوت دەستە خوای گەورە دەیانخاتە ژێر سێبەی رەحمەتی خۆی لەو رۆژەی کە هیچ سێبەرێك نییە سێبەری خوا نەبێ، کاربەدەستێکی دادپەروەر، گەنجێك کە لە بەندایەتی خودا گەورە بێت، پیاوێك دڵی بە ماڵی خواوە بەسترا بێت، دوو کەس لەبەر خوا یەکیان خۆش بووێ و لەبەر خوا پێکەوە بن و جیا نەبنەوە، پیاوێك ئافرەتێکی جوان و ناودار بانگی بکات بۆ خراپە بڵێ: من لە خوا ئەترسم، پیاوێك خێر بکات و پەنهانی بکات بە شێوەیەك دەستی چەپی نەزانێ دەستی راستی چی بەخشیوە، پیاوێك بە تەنها یادی خوا بکات و فرمێسك برێژێ. |
| ٨٢ | داوای لێخۆشبوون | هەر کەس بەردەوام داوای لێخۆشبوون لەخوای گەورە بکات ئەوا پەروەردگار لە هەموو تەنگانەیەك فەرەحی و لە هەموو خەمێ رزگاربوونی ئەداتێ و رزق و رۆزی بە شێوەیەك ئەداتێ کە خۆشی نازانێت. |

| ز | ئەو کردەوەی قەدەغەی لێکراوە | پێغەمبەر ﷺ لەبارەیەوە فەرموویەتی |
| --- | --- | --- |
| ١ | کردەوەکردن وچاکە کردن لەبەر خەڵکی | خوای گەورە ئەفەرموێت: من بێ نیازترینی شەریکەکانم لە هاوبەش بۆ پەیدا کردن، هەر کەس کردەوەیەکی کردبێت و شەریکی بۆ دانابم لەگەڵیدا وازیی لێ دێنم بۆ خۆی و شەریکەکەی. |
| ٢ | چاکەی ئاشکرا وخراپەی دڵ ودەروون | سوێند بە خوا خەڵکانێك ئەزانم کە لە ڕۆژی قیامەتدا چاکەی وایان پێیە بە قەد کێوی (تهام) دەبێت، بەڵام خوای گەورە ئەیکاتە تۆزی پرش و بڵاو، ئەوبان وتی: ئەی پێغەمبەر ﷺ بۆمان وەصف بکە و ڕوون بکەرەوە، نەکا لەوانیش بین و بە خۆمان نەزانین، فەرمووی: ئەوانە برای ئێوەن و لە پشت و گۆشتی خۆتانن و لە شەواندا خواپەرستیی دەکەن وەکو ئێوە، بەڵام کەسانێکن کە ئەگەر بە تەنها بوون لە گوناه و تاواندا ئەنجامی ئەدەن. |
| ٣ | خۆ بەگەورەزانین | ناچێتە بەهەشتەوە کەسێك تۆزقاڵێك کیبری هەبێت، خۆ بەگەورەزانین، ڕەت کردنەوەی حەق و خەڵك بە سووك سەیرکردنە. |
| ٤ | پۆشاك درێژیی | پۆشاك زیاد درێژیی لە شەرواڵ و کراس و مێزەردایە، هەر کەس پۆشاکەکەی بە خۆبەزلزانین بەدوای خۆیدا رابکێشێ خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا بە چاوی ڕەحمەت تەماشای ناکات. |
| ٥ | حەسادەت | هۆشیاری حەسادەت بن، بەڕاستی حەسوودی بردن چاکەکانتان دەفەوتێنێ چۆن ئاگر پوش و پەڵاش دەسوتێنێ. |
| ٦ | خواردنی سوو | پێغەمبەر ﷺ لەعنەتی خوای کردووە لە کەسێ سوو بخوات و نە دەشی سووکەی دەداتێ، یەك درەمی سوو ئەگەر پیاو بیخوات و بزانێت ئەوا خراپترە لە (٣٦) زینا. |
| ٧ | عارەق خۆر | ناچێتە بەهەشتەوە هەر کەس هۆگری عارەق بووبێت یان ئیمانی بە جادوو هەبێت یان پەیوەندیی خزمایەتی بچڕاندبێ، هەر کەس عارەق بخوات (٤٠) چل شەو و نوێژی لێ وەرناگیرێت. |
| ٨ | درۆزن | سزا وئازار بۆ ئەو کەسەی قسە دەکات بۆ خەڵکیی تا پێبکەنن و درۆ دەکات، سزای سەخت بۆی سزای سەخت بۆی. |
| ٩ | جاسوسی کردن | هەر کەس گوێ هەڵخات بۆ قسەی قەومێك کە پییان ناخۆش بێت ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا قوڕوقوشمی تواوە دەکرێتە گوێچکەی. |
| ١٠ | وێنەکێشان | وێنەکێشان لە سەخترین سزادانە لە ڕۆژی قیامەتدا، مەلائیکەی خوا ناچنە ماڵێکەوە کە وێنەی سەگی تێدا بێت. |
| ١١ | دوو زبانی کردن | کەسی دوو زبان ناچێتە بەهەشتەوە. |
| ١٢ | غەیبەت کردن | ئایا دەزانن غەیبەت کامەیە؟ وتیان خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی: باس کردنی براکەتە بە شێوەیەك کە پێی ناخۆش بێت، وترا: ئایا ئەگەر ئەوەی کە دەیڵێن لە براکەماندا هەبێت؟ فەرمووی: ئەگەر ئەو شتەی تێدا بێت ئەوا غەیبەتت کردووە، ئەگەر تیایدا نەبێت ئەوا بوهتانت پێ کردووە. |
| ١٣ | لەعنەت لێکردن | لەعنەت لێ کردنی موسوڵمان وەکو کوشتنی وایە، لەعنەت لە با مەکە، چونکە فەرمان پێکراوە، بەڕاستیی هەر کەس لەعنەت لە شتێ بکات کە شایستەی نەبێت ئەوا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. |
| ١٤ | بڵاوکردنەوەی نهێنی | خراپترین کەس لە پلەو پایەدا لە ڕۆژی قیامەتدا پیاوێکە کە دەچێتە لای خێزانەکەی و ئەویش دێتە لای و پاشان نهێنیەکانی بڵاو ئەکاتەوە. |
| ١٥ | دەمپیسی | خراپترین خەڵکیی لە قیامەتدا کەسانێکن خەڵك لەبەر خراپەیان خۆی لێ پاراستوون، زۆرترین گوناهی مرۆڤ بە هۆی زمانیەوەیەتی. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦ | تاوانباركردنی موسولْمان به كوفر | هەر پیاوێك به براكەی بڵێ كافر، ئەوا یەكێكیان دەگرێتەوە، یان وایە كە دەیڵێ ئەگەر نا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. |
| ١٧ | خۆلكاندن به خەڵكەوە | هەر كەس خۆی بلكێنێ به غەیری باوكی خۆی و بشزانێت ئەوا بەهەشت لێی حەرامه، پشت هەڵمەكەن له باوكتان چونكی پشت هەڵكردن له باوك بێ باوەڕییه. |
| ١٨ | ترساندنی موسولْمان | حەڵاڵ نییه بۆ هیچ موسولْمانێ كه موسولْمانێكی تر بترسێنێ، هەر كەس بە ئاسنێك روو بكاته موسولْمان (تا بیترسێنێ) بەڕاستی فریشتەكانی خوا لەعنەتی لێ ئەكەن. |
| ١٩ | كوشتنی پەیماندارەكان له وڵاتی ئیسلام | هەر كەس كەسێكی خاوەن پەیمان بكوژێت بەبێ حەق ئەوا بۆنی بەهەشت ناكات، هەرەچەندە بۆنی بەهەشت دەبیسترێت له دووری سەد ساڵ رێگاوە. |
| ٢٠ | دوژمنایەتی كردنی دۆستانی خوا | خوای گەورە فەرموویەتی: هەر كەس دوژمنایەتی دۆستێكم بكات ئەوا ئیعلانی شەڕم كردووە لەگەڵی. |
| ٢١ | به گەورە تەماشاكردنی مونافیق و گوناهبار | بە دووڕوو مەڵێن گەورەم، چونكه ئەگەر گەورەت بێت ئەوا خوات لە خۆت رەنجاندووە. |
| ٢٢ | غەش كردن له گەل وجەماوەر | هەر بەندەیەك خوا كاروبارێكی پێ بسپێرێ وبمرێت و فێڵی له گەلەكەی كردبێت ئەوا خوای گەورە بەهەشتی لێ حەرام ئەكات. |
| ٢٣ | فەتوادان به بێ عیلم | هەر كەس فەتوای بۆ بدرێت بەبێ زانست ئەوا گوناهەكەی لە ملی ئەو كەسەیە كە فەتواكەی بۆ داوە. |
| ٢٤ | تەرككردنی جومعە وعەسر | هەر كەس سێ جومعە بە بێ گرینگیدان تەرك بكات ئەوا خوای گەورە مۆر ئەدات لە دڵی، هەر كەس واز له نوێژی عەسر بهێنێ كردەوەكانی پوچەڵ دەبنەوە. |
| ٢٥ | گوێنەدان بەنوێژ وتەرككردنی | ئەو پەیمانەی له نێوان ئێمه و ئەواندا هەیه نوێژكردنه، هەر كەس نوێژ تەرك بكات بێ باوەڕ دەبێت، له نێوان پیاو و هاوەڵ پەیداكردن و بێ باوەڕییدا نوێژ تەرك كردنه. |
| ٢٦ | تێپەڕین به بەردەم نوێژخوێندا | ئەگەر كەسێ تێپەڕبوو به بەردەم نوێژخوێندا بیزانیایه چی گوناهێكی لەسەره، ئەوا باشتر بوو بۆی كه چل راوەستایه نەك تێپەڕیایه بەبەر دەمیدا |
| ٢٧ | ئازاردانی نوێژخوێنان | هەر كەس پیاز و سیر وكەوەری خوارد با نەیەت بۆ مزگەوت، چونكه فریشتەكانیش ناڕەحەت دەبن بەوەی كه مرۆڤ پێی ناڕەحەت دەبێت. |
| ٢٨ | داگیركردنی زەوی | هەر كەس بستێ زەوی به زوڵم و ستەم له موسولْمان داگیر بكات، ئەوا خوا حەوت چینی زەوی دەخاته گەردنی له رۆژی قیامەتدا. |
| ٢٩ | قسەكردنێك كه خوای گەوره برەنجێنێ | بەڕاستی وا دەبێت كه بەندە قسەیەك دەكات له تورەكردنی خوای گەورەدا و بۆ خۆی هیچ حسابی بۆ ناكات، بەڵام حەفتا پایز دەیخاته ناو دۆزەخەوە. |
| ٣٠ | زۆر قسەكردن له غەیری یادی خوا | زۆر قسه مەكەن به بێ یادی خوا، چونكه زۆر قسەكردن بە بێ یادی خوا دڵ رەق دەكات. |
| ٣١ | قسەی قەبه وقەڵەو كردن | بێزراوترین كەستان له منەوە و دوورترینتان لێم له رۆژی دواییدا ئەوانەن كە زۆربڵێی دەكەن و پڕ به دەمیان قسه دەكەن و خۆ به گەوره زانن. |
| ٣٢ | بێ ئاگا بوون له یادی خوا | هەر كۆڕ و كۆمەڵێ دانیشن و یادی خوا نەكەن و صەڵاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ نەدەن ئەوا گوناهێكیان كردووە، ئەگەر خوا بیەوێ سزایان دەدات و ئەگەریش بیەوێ لێیان خۆش دەبێ. |
| ٣٣ | پێی خۆش بوون بەموسولْمان | به براكەت خۆش مەبە، چونكه لەوانەیه خوای گەوره رەحم بەو و تۆش بكات، هەر كەس تانە له برایەكی بدات به گوناهێ كه كردوویەتی نامرێت، هەتاوەكو خۆشی ئەو گوناهە نەكات. |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٤ | دەنگ دابڕین لە نێوان موسوڵمانان | حەڵاڵ نییە بۆ هیچ موسوڵمانێ کە دەنگ دابڕێ لە براکەی لە (٣) ڕۆژ زیاتر، هەر کەس (٣) ڕۆژ دەنگ وەربگێڕێت و بمرێت ئەچێتە دۆزەخەوە. |
| ٣٥ | بە ئاشکرا تاوان وگوناهـ کردن | هەموو ئوممەتەکەم سەلامەتن تەنها ئەو کەسانە نەبێت بە ئاشکرا گوناهـ ئەکەن. |
| ٣٦ | ڕەوشتی خراپ | بەڕاستی ڕەوشتی خراپ کردەوە تێك دەدات وەکو چۆن سرکە هەنگوین خراپ دەکات. |
| ٣٧ | کەسێك لەبەخشینەکەی پەشیمان ببێتەوە | هەر کەس لە بەخشینەکەی پەشیمان ببێتەوە وەکو نموونەی سەگێگ کە برشێتەوە و پاشان لە ڕشانەوەکەی خۆی بخوات، حەڵاڵ نییە بۆ پیاو کە شتێك ببەخشێ یان بکاتە دیاریی پاشان پەشیمان ببێتەوە. |
| ٣٨ | ستەم کردن لە دراوسێ | ئەگەر پیاو زینا لەگەڵ دە ئافرەتدا بکات تاوانی کەمترە لەوەی کە زینا لەگەڵ خێزانی دراوسێکەی بکات، ئەگەر پیاو دزیی بکات لە دە ماڵ تاوانی کەمترە لەوەی کە دزیی لە دراوسێکەی بکات. |
| ٣٩ | ڕوانین بۆ نامەحرەم | هەموو ئەندامەکانی مرۆڤ زینایان لەسەرە وتووشی دەبن، زینای چاو ڕوانینە، زینای گوێچکە گوێگرتنە، زینای زوبان قسەکردنە، زینای دەست دەست لێدانە، زینای قاچ هەنگاونانە، دڵیش حەزی لێیە و ئاواتی بۆ دەخوازێ، عەورەتیش بەڕاستی دەگێڕێت یان بەدرۆی دەخاتەوە. |
| ٤٠ | دەست دان لە ئافرەتێك کە نامەحرەمە | ئەگەر بە سوژنێك بەسەرتاندا بدەن باشترە لەوەی دەست لە ئافرەتێك بدەن کە نامەحرەمە، من لەگەڵ ئافرەتان تەوقە ناکەم. |
| ٤١ | ژن بە ژن | پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە ژن بە ژن، ژن بە ژن: بریتییە لەوەی پیاو کچەکەی خۆی بداتە کەسێکی تر بەو مەرجەی ئەویش کچەکەی خۆی لێ مارە بکات و لە نێوانیاندا مارەیی نەبێت. |
| ٤٢ | شین و شەپۆڕ | هەر کەس شینی لەسەر بکەن سزا دەدرێت لە ڕۆژی دواییدا بە هۆی ئەو شینکردنەوە، مردوو سزا دەدرێت لە قەبردا بە هۆی شین گێڕان لەسەری. |
| ٤٣ | سوێند خواردن بەغەیری خوا | هەر کەس سوێند بە غەیری خوا بخوات ئەوا کافر یان موشریك بووە، هەر کەس ویستی سوێند بخوات با بە خوای گەورە سوێند بخوات یان بێدەنگ بێت، هەر کەس سوێند بە ئەمانەت بخوات لە ئێمە نییە. |
| ٤٤ | سوێندی درۆ | هەر کەس سوێندێکی درۆ بخوات بۆ ئەوەی بەشی ماڵێکی موسوڵمان بخوات بە خراپە ئەوا ئەگات بە خوای گەورە و لێی تورەیە. |
| ٤٥ | سوێند خوراندن لەمامەڵەدا | وریای زۆر سوێند خواردن بن لە مامەڵەدا، چونکە کەلوپەلەکان سەرف دەکات پاشان فەڕ و بەرەکەت ناهێڵێ، سوێند خواردن سەرفکەری کاڵایە بەڵام لابەری بەرەکەتە. |
| ٤٦ | خۆ چواندن بە کافران | هەر کەس خۆی بە قەومێك بچوێنێ، ئەوا لەوانە، لە ئێمە نییە، هەر کەس خۆی بشوبهێنێ بە غەیری ئێمە. |
| ٤٧ | دروست کردنی بینا لەسەر گۆڕ | پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردووە لەوەی کە گۆڕەکان گەچکاریی بکرێت ولەسەریان دابنیشن و خانویان لەسەر دروست بکرێن. |
| ٤٨ | غەدر وخیانەت | کە خوای گەورە ئەوەڵین و کۆتایینی کۆکردەوە هەموو کەسێکی غەدرکەر ئاڵایەکی بۆ هەڵدەکرێ و دەوترێت: ئەمە غەدرەکەی فلانە کوڕی فلانە. |
| ٤٩ | دانیشتن لەسەر قەبر | ئەگەر کەسێکتان لەسەر پشکۆیەك دانیشێ وجلەکانی بسوتێ وبگاتە پێستی باشترە لەوەی لەسەر گۆڕ دابنیشێ. |
| ٥٠ | هەر کەس پێی خۆش بێت لەبەری هەستن | هەر کەس پێی خۆش بێت خەڵکیی دەستەونەزەر بۆی ڕاوەستن ئەوا با شوێنی خۆی لە دۆزەخدا مسۆگەر کا. |

| | | |
|---|---|---|
| ٥١ | داواکردن بەبێ پێویست | هیچ کەس دەرگای سواڵ کردن لە خۆی ناکاتەوە کە خوای گەورە دەرگایەکی هەژاریی لێ دەکاتەوە، هەر کەس داوا لە خەڵك بکات بۆ ئەوەی سامانی زۆر بکات ئەوا داوای پشکۆیەك ئاگر دەکات با کەم داوا بکات یان زۆر. |
| ٥٢ | زەم کردن لەشت فرۆشتندا | با کەسی شارنشین شت بۆ کەسی گوندنشین نەفرۆشێ‌و هیچ کەس زەم بەسەر فرۆشتنی براکەیدا نەکات، نرخێ مەدەن بە فرۆشیار بۆ ئەوەی نەتوانێت کاڵاکەی بفرۆشێت نرخی زیاتر لە بەهای شتەکە. |
| ٥٣ | هاوار کردن بۆ شتی ونبوو لەمزگەوتدا | هەر کەس ئاگاداری کەسێ بوو بانگی ئەکرد بۆ شتێکی وەك ونبوو با بڵێت: خوایە نەیدۆزێتەوە، مزگەوت بۆ ئەم کارانە دروست نەکراوە. |
| ٥٤ | جنێو گوتن بە شەیتان | جنێو بە شەیتان مەڵێن و پەنا بە خوا بگرن لە خراپەی، یەکێك لە هاوەڵان دەڵێت: من لە پاش پێغەمبەر ﷺ وە سواری وڵاخ بووبووم، وڵاخەکە سەرسمی دا، منیش وتم: شەیتان بەدبەخت بێت و تیاچێت، فەرمووی: مەڵێ شەیتان تیا چێت، چونکە ئەگەر وات وت شەیتان گەورە ئەبێت تا بە قەدماڵێکی لێ دێت و ئەڵێ: بەهێز و قوەتی خۆم، بەڵام بڵێ: بسم الله ئەگەر وات ووت بچوك دەبێتەوە تا بە ئەندازەی مێشێکی لێ دێت. |
| ٥٥ | جنێودان بە تا ( تای نەخۆشی ) | جنێو مەڵێن بە تا لێ هاتن، چونکە گوناهەکانی مرۆڤ لا ئەبەن چۆن کوورە چڵك و چەپەڵی ئاسن لا دەبات. |
| ٥٦ | بڵاوکردنەوەی حەرامەکان و بانگەشە کردن بۆیان | هەر کەسێ بانگەشە بکات بۆ سەرلێشێواویی، ئەوا گوناهی بەقەدەر گوناهی ئەوانە هەیە کە شوێنی دەکەون و هیچی لە گوناهی ئەوانیش کەم نابێتەوە. |
| ٥٧ | چەند جۆرە ئاو خواردنەوەیەکی قەدەغەکراو | پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردووە کە مرۆڤ لە دەمی کونەوە ئاو بخواتەوە، هەروەها قەدەغەی کردووە لە ئاوخواردنەوە بە پێوە، هەروەها قەدەغەی کردووە لە فووکردن لە خواردنەوەدا. |
| ٥٨ | خواردنەوە لە قاپی ئاڵتون و زیودا | ئاو مەخۆنەوە لە قاپی ئاڵتوون و زیودا و ئاوریشم (دیباج ـ نەوعێکە لە حەریر) مەپۆشن، ئەم شتانە بۆ کافرانە لە دونیادا و بۆ ئێوەیە لە دوارۆژدا. |
| ٥٩ | خواردنەوە بەدەستی چەپ | هیچ یەکێکتان بە دەستی چەپ نەخواتەوە و خواردن نەخوا، چونکە شەیتان بە دەستی چەپ دەخوا و دەخواتەوە. |
| ٦٠ | پەیوەندیی خزمایەتی بچڕاندن | هەر کەس پەیوەندیی خزمایەتی ببچڕێنێ ناچێتە بەهەشت. |
| ٦١ | وازهێنان لە سەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ | کۆڵەوارە هەر کەس ناوم ببرێت وسڵاواتم لێ نەدات، ڕەزیل کەسێکە ناوم ببرێت لە لای و سڵاواتم لێ نەدات. |
| ٦٢ | ڕاگرتنی سەگ | هەر کەس سەگ ڕابگرێ سەگی ڕاو و شکاری و شوانی نەبێت، ئەوا هەموو ڕۆژێ بە قەد دوو کێلۆ پاداشتی چاکە کەم ئەکات. |
| ٦٣ | سزادانی گیانداران | ئافرەتێك سزا درا بە هۆی پشیلەیەکەوە کە سجنی کردبوو تاوەکو مرد و بەهۆیەوە چووە دۆزەخ، هەر شتێ گیانی تێدابوو مەکەنە نیشانە. |
| ٦٤ | هەڵواسینی زەنگۆڵە بە گیاندارانەوە | فریشتەکان هاوڕێیەتی کۆمەڵێ ناکەن کە سەگی تێدا بێت یان زەنگۆڵەی تێدا بێت، زەنگۆڵە مۆسیقای شەیتانە. |
| ٦٥ | تاوانبار کەدونیا نیعمەتی دەدرێتێ | ئەگەر بینیت خوای گەورە ئەدات بە بەندەکەی خۆ ئەوە کە پێی خۆشە هەرچەندە گوناهباریشە، ئەوا بەرزکردنەوەیە بۆ لەناوبردنی، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: "فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى إِذَا فَرِحُوا بِمَا أُوتُوا أَخَذْنَاهُمْ بَغْتَةً فَإِذَا هُمْ مُبْلِسُونَ". |
| ٦٦ | پێشخستنی دونیا بەسەر قیامەتدا | هەر کەس هەموو خەمی هەر دونیا بێت، ئەوا خوا هەژاری و نەداری ئەخاتە پێش چاوی و کاروباری پەرش و بڵاو ئەبن و دونیاشی دەست ناکەوێت مەگەر ئەوەندە نەبێت کە پێی بڕواتەوە. |

# گەشتی نەمری

## ڕێگای چوونە بەهەشتت یان دۆزەخ

**القبر (گۆڕ)** یەکەم مەنزڵگای دواڕۆژ، چاڵی ئاگر بۆ کافر و مونافیق و باخچەی ڕازاوە بۆ موسوڵمان، سزا وئازاری ناوگۆڕ چەسپاوە بۆ چەند گوناهـ و تاوانێك لەوانە: خۆنەپاراستن لە فیز و دووزمانی و خیانەت کردن لە غەنیمەت و درۆ کردن و نووستن لەسەر نوێژ و وازهێنان و پشت هەڵکردن لە قورئان و زینا و نێربازیی وسووخۆری و قەرز نەدانەوە و غەیری ئەوانەش، ئەو شتانەی کە مرۆڤ ڕزگار دەکەن لە سزای گۆڕ، کردەوەی چاك لەبەر خاتری پەروەردگار پەناگرتن بە خوا لە سزای گۆڕ، خوێندنی سورەتی (الملك) و زۆر کردەوەی چاکی تر، پارێزراوان لە سزای گۆڕ: شەهید و سەنگەرنشینان و مردووی ڕۆژی جومعە و کەسێك بە سکئێشە بمرێت و غەیری ئەوانیش.

**فووکردن بە کەڕەنادا (الصور)** بریتییە لە کەڕەنایەکی گەورە، ئیسرافیل پێیەتی و چاوەڕوانە فەرمان بکرێت پێی تاوەکو فووی پیادا بکات. خوای گەورە ئەفەرموویت: "وَيَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ فَفَزِعَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الأَرْضِ إِلاَّ مَنْ شَاءَ اللَّهُ وَكُلٌّ أَتَوْهُ دَاخِرِينَ"، واتە: لەو ڕۆژەدا فوو دەکرێت بە بەصورادا مەگەر خوا خۆی بزانێت چ دەزگایەکە، هەر کەس لە ئاسمانەکان و زەوییدا مابێت ئەمرێت مەگەر خوا ویستی مردنی نەبێت، ئەو کاتە هەموو دونیا تێك دەچێت، لە دوای چل ماوە فووی زیندوو بوونەوە دەکرێت (نفخة البعث) خوا فەرموویەتی: "اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ"، واتە: لەوەودوا فوویەکی تری پیادا دەکرێتەوە جا دەستبەجێ خەڵکی هەستانەوە و چاوەڕوانن.

**زیندووبوونەوە** پاشان خوای گەورە بارانێك دەنێرێت و لاشەکان دەڕوێنێتەوە لە ئێسقانی کلێنچکە، ئەم زیندووکردنەوەیە دروست کردنەوەیەکی تازەیە و مردن نابێت، بە پێی پەتی و ڕووت و قووتی و فریشتەکان وجنۆکەکان دەبینین و زیندوو ئەکرێتەوە لەسەر کردەوەکانیان.

**کۆکردنەوەی دەشتی مەحشەر** خوای گەورە هەموو دروستکراوەکان کۆ ئەکاتەوە بۆ حساب لەگەڵ کردن، ترساون وەکو سەرخۆش لە ڕۆژێکی گەورەدا کە ئەندازەکەی (٥٠) پەنجا هەزار ساڵە، دونیاکەیان وەك بلێی سەعاتێك بووە، خۆر بە ئەندازەی میلێك لێیان نزیکە و خەڵکی نوقمی ئارەقی خۆیانن بە پێی کردەوەکانیان، لەوێدا بێ دەسەڵاتەکان و خۆبەگەورەزانەکان بە یەکدا هەڵئەشاخێن و کافر لەگەڵ دۆستە شەیتانەکەیدا و لەگەڵ هاوڕێکەیدا و لەگەڵ ئەندامەکانی لەشی خۆیدا بەشەڕ دێت، هەندێکیان لەعنەت لە هەندێکی تریان دەکەن، زاڵم دەستی خۆی دەگەزێ و دۆزەخ ڕادەکێشرێتە مەیدان لە (٧٠) هەزار دەستگرەوە کە هەر دەستگرەیەك (٧٠) هەزار فریشتە ڕایدەکێشێ، کاتێ کافر دۆزەخ دەبینێ ئاوەتەخوازی خۆ قوتار بوون یان بوون بە گڵ دەخوازێت، بەڵام گوناهباران: ئەوانەی زەکاتی ماڵیان نەداوە، ماڵەکەیان ئەبێتە ئاگر و پێی داخ ئەکرێت، خۆبەزلزانەکان وەکو مێروو حەشر دەکرێن، خیانەتکار و دز و دزی لە غەنیمەتکەر و سووك و ڕیسوا دەکرێن، دز بە دزییەکەیەوە دەهێنرێت، شتە ئاشکراکان ئاشکرا دەبن، بەڵام لە خواترسەکان ناترسن و بەڵکو تێئەپەڕێت بە سەریاندا وەك نوێژێکی نیوەڕۆ.

**شەفاعەت** شەفاعەتی گەورە تایبەتە بە پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی کۆبوونەوەی خەڵکدا بۆ لابردنی بەڵای ئەو ڕۆژە و محاسەبە کردنیان، شەفاعەتی گشتی: بۆ پێغەمبەر ﷺ خەڵکی و تریشە: وەك دەرکردنی ئیمانداران لە دۆزەخ و بەرزکردنەوەی پلەکانیان.

**حساب لەگەڵ کردن** خەڵکیی بە ڕیز بۆ پەروەردگاریان دەردەکەون وکردەوەکانیان پێشان دەدات ولێیان دەپرسێتەوە،هەروەها پرسیار دەکرێ لە تەمەن وگەنجێتی و زانست وپەیمان وبەخششەکانی خوای گەورە وگوێچکە وچاو ودڵ، کافر ودووڕوو محاسەبەیان دەکرێت لەبەردەم خەڵکی دا بۆ سەرکۆنەکردنیان وبەڵگە بڕینیان وخەڵکی وزەوی وشەو وڕۆژ و ماڵ ومەلائیکە وئەندامەکانیان شایەتییان لێ دەدات، تاجێگیر دەبێت ودان بەتاوانی خۆیاندا دەنێن،موسوڵمان وباوەڕدار خودا بە تەنها محاسەبەی دەکات و دانی بە گوناهەکانیدا پێی دێنێ تا وا دەزانێ تیا چووە، خوای گەورە پێی دەڵێت: "لە دونیادا ئەم گوناهانەم بۆ پۆشیوی و ئەمڕۆش لێت خۆش دەبم"، یەکەم کەس کە محاسەبە دەکرێت ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ یەکەم کردەوەی لێ پرساوە نوێژکردنە و یەکەم تۆڵەکردنەوە لە خوێن ڕشتندا دەبێت.

**وەرگرتنی نامەی کردەوەکانی** لە پاشاندا نامەی کردەوەکانی وەردەگرێت: " لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا"، هیچ کردەوەیەکی بچوك و گەورەی بەجێ نەهێشتووە، موسوڵمان بە دەستی راستی کافر ومونافیق بە دەستی چەپ و لە دواوە نامەی کردەوەکانیان وەردەگرن.

**تەرازوو** پاشان کردەوەکانی دەکێشرێن، تاوەکو پاداشت وەرگرن لەسەر کردەوەکانیان بە تەرازوویەکی راستەقینە کە دوو تای هەیە، کە ئەو کردەوانەی بە راستی بۆ خوان و ئەو تەرازووە قورس و سەنگین دەکات، لەو شتانەی کە تەرازووەکە قورس دەکات "لاالە الاالله" و رەوشت جوانی و یادی خوای گەورە و "سبحان الله وبحمده سبحان الله العظيم"، خەڵکی دەربارەی کردەوە چاکەکان و خراپەکانیان دادوەرییان لەگەڵ دەکرێت.

**حەوزی کەوسەر** پاشان موسوڵمانان دەچنە سەر حەوزی کەوسەر، هەر کەس لێی بخواتەوە هەرگیز تینوی نابێت، هەموو پێغەمبەرێك حەوزی تایبەتی هەیە، بەڵام حەوزی کەوسەر لە هەموویان گەورەترە، ئاوەکەی لە شیر سپیترە، لە هەنگوین شیرینترە، لە میسك بۆنخۆشترە، پەرداخەکانی لە زێڕ و زیو و بە ژمارەی ئەستێرەی ئاسمانەکان، درێژیی ئەم حەوزە لە نێوان (آيله) لە ئەردەن تا (عدن) زیاترە، ئاوی حەوزەکە لە رووباری کەوسەرەوە سەرچاوەی گرتووە.

**تاقیکردنەوەی ئیمانداران** لە کۆتا رۆژی حەشردا کافرەکان شوێن ئەو پەرستراوانە ئەکەون کە لە دونیادا پەرستویان و پۆل پۆل وەکو رانە ئاژەڵ لەسەر پێیان و لەسەر دەم و چاویان دەیانگەیەننە دۆزەخ، تەنها باوەڕدار و دووڕووەکان دەمێننەوە، پەروەردگاریان دێت بۆ لایان و پێیان دەفەرموێت: (چاوەڕێی چی دەکەن؟) ئەوانیش دەڵێن: (چاوەڕێی پەروەردگارمان دەکەین) و ئەو کاتە پەروەردگاریان بە ساقیدا (قاچ) کە پێشانیان دەدرێت دەناسنەوە و دەچن بە سوجدەدا، بەڵام دووڕووەکان ناتوانن، خوا ئەفەرمووێت: "يَوْمَ يُكْشَفُ عَنْ سَاقٍ وَيُدْعَوْنَ إِلَى السُّجُودِ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ"، واتە: رۆژێك دێت پەردە لەسەر هەموو شتێك لادەدرێت و لاق دەردەکەوێت، خواناسان بانگ دەکرێن بۆ سوژدە بردن، بەڵام ناتوانن، پاشان شوێنی پەروەردگار دەکەون و صراط دادەنرێت ونور ورووناکییان پێ دەدرێت ودووڕووەکانیش نور ورووناکییەکەیان دەکوژێتەوە.

**پردی صراگ** پردێك کە بەسەر دۆزەخدا راخراوە تاوەکو بروادارن پێیدا تێپەڕن بۆ بەهەشت، پێغەمبەر ﷺ : "بە لەرزۆك و خزە و چەند قولاپی پێوەیە وەك دڕکی رووەکی سعدان و چەند رفێنەری تێدایە، باریکترە لە موو و تیژترە لە شمشێر" مسلم، وەصفی کردووە.

موسڵمانان نور و رۆشناییان پێ دەدرێت بە پێی کردەوەکانیان زۆرەکەیان بەقەد کێوێك و کەمەکەیان لە قەراغی پەنجەی گەورەی قاچیدا رووناکی پێ دەدرێت، رێگاکەیان بۆ رووناك دەبێتەوە و بە پردەکەدا تێپەڕ دەبن بە پێی کردەوەکانیان، باوەڕداران وەك چاوتروکانێك یان وەك هەورەبروسکە یان وەك با یان وەك باڵندە یان وەك ئەسپ و سواری تیژڕەو تێپەڕ دەبن (فناج مسلم و مخدوش مرسل و مكدوس في جهنم) متفق عليه.

بەڵام دووڕووەکان رووناکییان نییە، دەگەڕێنەوە و لە نێوان ئەوان و باوەڕداراندا دیوارێك دادەنرێك و پاشان دەیانەوێت تێپەڕ بن، بەڵام ئەکەونە ناو دۆزەخ.

**دۆزەخ** کافرەکان و هەندێ لە موسوڵمانە گوناهبارەکان و لە پاشاندا دووڕووەکان دەچنە ناوی، لە هەر هەزار کەس دەفەرموێت یان دەچنە ناوی و حەوت دەرگای هەیە (٧٠) جار لە ئاگری دونیا گەرمترە، لاشەو جەستەی کافر گەورە دەکرێت تا سزا زیاتر بچێژێت، نێوانی دوو شانەکانی سێ رۆژەڕێ پانە و کاکیلەکانی وەك کێوی ئوحودیان لێدێت، پێشی دەگوترێت و ئەستوور دەکرێت تا سزای زیاتر وەربگرێت، خواردنەوەکەیان ئاوی کوڵ هاتەیە کە ریخۆڵەکانیان لەت دەکات، خواردنیان زەقوم و غسلین و کێم و چڵکاوە، لای کەمی سزاکەیان ئەوەندەیە کە دوو پشکۆ لە ژێر پێیان دادەنرێت و مۆخیان دەکولێنێت، برژاندن و داخ کردن و راکێشان لە کۆت و زنجیردا، بنکەکەی ئەوەندە قوڵکە ئەگەر مناڵێکی ساوای تێ فرێ بدرێت (٧٠) ساڵی دەوێ تا دەگاتە کۆتایی، سوتەمەنییەکەی بەرد و ئادەمیزادە، هەواکەی دوکەڵ و سێبەرەکەی زۆر گەرمە، بەرگەکەیان ئاگرە و هەموو شتێ لەناو نایهێڵێ، جۆش ئەدا و نەرەی دێت و پێست دەسوتێنێت و دەگاتە ئێسقان و دڵ.

**پردی نێوان بەهەشت و دۆزەخ** پێغەمبەر ﷺ ئەفەرمووێت: "موسوڵمان رزگار دەكرێت لە دۆزەخ و رادەگیرێت لەسەر پردێك لە نێوانی دۆزەخ و بەهەشتدا، تۆڵەیان لێ دەسێنرێت لەسەر ئەو ستەمانەی كە لە دونیادا لە یەكتریان كردووە، تاوەكو پاك دەبنەوە و پاڵفتە دەبن رێگایان پێ دەدرێ كە بچنە بەهەشت، بەو كەسەی گیانی موحەممەدی بەدەستە شارەزاترن بە شوێنی خۆیان لە بەهەشتدا تا شوێن و ماڵی خۆیان لە دونیادا" البخاري.

**بەهەشت** شوێن ومەنزڵگای موسڵمانانە، بیناكەی زێڕ و زیوە و (ملاط)ەكەی میسكە، بەردە وردەكەی گەوهەر و یاقوت و گڵەكەی زەعفەرانە و هەشت دەرگای هەیە درێژیی یەكێكیان سێ رۆژەرێیە، بەڵام قەرەباڵەغی لە بەردەمیاندا دروست دەبێ، (١٠٠) دەرەجەی هەیە، نێوان هەردوو پلەیەك نێوانی زەوی و ئاسمانە، لای ژوورووەكەی (فیردەوسە) و لەوێوە رووبارەكانی بەهەشت هەڵدەقوڵێن و سەربانەكەی عەرشی پەروەردگارە، رووبارەكانی هەنگوین و شیر و ئاو و شەرابن، ئەڕۆن بەبێ چاڵ و جۆگا و موسوڵمان هەر چۆن بیەوێت رای دەكێشێ، خواردنەكەی بەردەوام و نزم و رام هێنراوە، خێمەیەكی گەوهەری كلۆری تێدایە كە درێژیەكەی (٦٠) میلە، هەموو گۆشەیەكی خێزانێكی تێدایە.

گەنج و بێ موو چاو بە كلن، گەنجێتی و پۆشاكەكەیان هەمیشەییە و میزكردن و پیسایی و قێزەونی تێدا نییە، شانەكانیان زێڕ و ئارەقەكانیان میسكە، خێزانەكانیان كچانی گەنج و هاوتەمەنن، یەكەم كەس كە ئەچێتە ناوی پێغەمبەرە ﷺ و پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت، لای كەمی كەسێك كە ئاوات بخوازێت (١٠) ئەوەندەی پێ دەدرێت، خزمەتكارەكانی منداڵی نەمرن و وەك گەوهەری بڵاوبۆوە وان، لە گەورەترین نیعمەتەكانی بینینی خوای گەورە و رەزامەندیی ئەو نەمرەیە.

**تێبینی:** رووداوە گەورەكان كە بێباوەڕان وموسوڵمان ومونافیق پێیدا تێپەڕ دەبن یەك لە دوای یەكن تا مەنزڵگای كۆتایی.

# چۆنیەتی دەستنوێژ گرتن



دروست نییە دەستنوێژ مەگەر بە ئاوێکی پاك کەرەوە، ئەویش بریتی یە لەو ئاوەی کە وەك خۆی مابێتەوە ونەگۆڕابێت، هەروەها دروست نیە دەست نوێژگرتن بەئاوێك بۆن و تامی و ڕەنگی گۆڕابێت بە هۆی شتێکی پاکەوە، وەك ئاوێك کە گۆڕابێت بە هۆی مانەوەی زۆرەوە.

**تێبینی:** ئاوی کەم پیس دەبێت بە هۆی تێکەوتنی پیسی، بەڵام ئاوی زۆر (نزیکەی ٢١٠ لیتر) پیس نابێت



دەستپێکردنی دەست نوێژ بە(بسم الله) دەبێت، سوننەتە هەردوو دەستی سێ جار بشوات پێش هەموو دەستنوێژێك، شۆردنی دەستەکانی لە دوای هەستان لە خەوی شەوان زیاتر تەئکیدی لێ کراوە.

**تێبینی:** ناپەسەندە (مکروە) شۆردن لە سێ جار لە هەموو ئەندامەکانی دەستنوێژدا.



پاشان جوان ئاو لەناو دەمی ڕابدات، یەك جار پێویستە (واجب)ە و سێ جاریش سوننەتە.

**تێبینی:** ١- ئاو لە دەم ڕادان بەوەندە بەس نیە کە ئاوەکە بخەیتە ناو دەمتەوە وپاشان فڕێی بدەیتە دەرەوە، بەڵکو دەبێت لەناو دەمتا ئەو ئاوە جوان بجوڵێنیت ٢- سوننەتە سیواك کردن لە کاتی ئاو لە دەم وەردان.



پاشان پێویستە (واجب) ە جارێك ئاو لە لووتی ڕابدات، سێ جار یش سوننەتە.

**تێبینی:** ئاو لەلوت ڕادان بەوەندە بەس نیە کە ئاوەکە بخەیتە ناو لوتەوە، بەڵکو پێویستە کە ئەو ئاوەلەڕێگای هەناسە هەڵمژینەوە بگاتە ناو لوت وپاشان بە هەناسەدانیش نەك بەدەست بیکاتە دەرەوە، یەك جار واجبە وسێ جاریش بێت سوننەتە.



پاشان دەم وچاو شۆرین، یەك جار پێویستە (واجب)ە، وەسێ جاریش سوننەتە،سنووری ئەو شۆردنە واجبەش کە دەکاتە شۆردنی لە گوێی ڕاستەوە بۆ چەپ بەپانی، ولە شوێنی دروست بوونی موو لەسەر بە عادەتی تا چەناگە بە درێژی.



پاشان یەك جار هەردوو دەستی لەگەڵ قەراغی پەنجەکانی تادەگاتەئانیشکەکانی بشوات، سێ جاریش سوننەتە.

**تێبینی:** پێشخستنی دەستی ڕاست بەسەر دەستی چەپدا سوننەتە.



پاشان هەموو سەری بە ئاو مەسح دەکات، پاشان پەنجەکانی شایەتمان بخاتە کونە گوێکانی وبە پەنجە گەورەکانی دەرەوەی گوێکانی مەسح بکات، ئەمەش هەمووی یەك جار بێت .

**تێبینی:** ١- ئەوەی کە واجبە مەسح بکرێت لەسەر ئەوەیە: سنووری دەم وچاو لەکوێ دوای دێت تا پشت مل. ٢- مەسح کردنی مووی درێژ بۆوە واجب نییە. ٣- مەسح کردنی مووی پێوە نەبوو پێش سەری مەسح دەکات. ٤- پێویستە پێستی نێوان گوێچکە و سەر مەسح بکات چونکە بەشێکە لەسەر.



پاشان پێویستە (واجب) ە یەك جار قاچەکانی لەگەڵ قولە پێکانیدا بشوات، سێ جاریش سوننەتە.

**چەند ئاگاداریەک:** ١- ئەندامەکانی دەست نوێژ چوارن ئەوانیش : أ) ئاو لەدەم و لوت ڕادان وشۆرینی دەم وچاو. ب) شۆرینی دەستەکان لەگەڵ ئانیشك . ج) مەسح کردنی سەر وگوێکان . د) شۆرینی پێ کان لەگەڵ قولە قاپەکان .

واجبە شۆرینی ئەنداماکانی دەست نوێژ یەك لەدوای یەك بە (ترتیب) بێت، پێشخستنی هەر ئەندامێك بەسەر ئەوی تردا دەست نوێژەکە بەتاڵ دەکاتەوە .

٢- یەك بەدوای یەکدا هاتن (مولاة) لە شۆردنی ئەندامەکانی دەست نوێژ (واجبە) وبە مەرج گیراوە، هەروەها دەست نوێژ بەتاڵ دەبێتەوە بەوەی هەندێك لە ئەندامەکانی دەست نوێژ نەشۆرێت هەتا ئەوەی کە پێشتر شۆراوە ووشك دەبێتەوە.

٣- لە دوای دەستنوێژ سوننەتە بڵێ: "**أشهد أن لا اله الا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله**".

# چۆنیەتی نوێژکردن



کاتێك راوەستا بۆ نوێژکردن بە "الله أکبر" دەست پێ دەکات و ئیمام بە دەنگی بەرز دەیڵێت تاوەکو نوێژخوێنانی دواوەی گوێیان لێ بێت، هەروەها "الله أکبر"ی ناو نوێژەکان، بەڵام غەیری ئیمام بە دەنگی نزم "الله أکبر" دەکات، دەستەکانی بە شێوەیەك کە پەنجەکانی بە یەکەوە بلکێنێ بەرزیان بکاتەوە تا ئاستی شانەکانی لە کاتی "الله أکبر"ی نوێژ دابەستندا، مەئموم لە دوای "الله أکبر"ی ئیمام نوێژەکەی دائەبەستێت.

**تێبینی:** لەو ئەرکان و واجبانەدا کە بە قسە دەگوترێت پێویستە ئەوەندە دەنگ بەرز بکاتەوە کە گوێی لە خۆی بێت، تەنانەت لەو نوێژانەشدا کە بە دەنگی نزم دەخوێنرێت (وەك نیوەڕۆ و عەسر)، لای کەمی دەنگ نەوی کردن ئەوەیە گوێی لە خۆی بێت.



بە دەستی راستی مەچەکی دەستی چەپی دەگرێت و لەژێر سنگی دایان دەنێت، چاوی دەبڕێتە شوێنی سوجدەکەی، پاشان بەو ویرد و دوعایانە دەست پێ دەکات کە لە سوننەتدا هاتووە، پاشان (أعوذ بالله من الشیطان الرجیم) دەکات و پاشان (بسم الله)ی دەکات، هەموو ئەمانەی رابڕدن بە ئاشکرای ناڵێت، پاشان سورەتی (فاتحة) دەخوێنێت، پاشان ئەوەندەی کە ئەتوانێت لە قورئانی پیرۆز، ئیمام بە دەنگی بەرز قورئان دەخوێنێ لە بەیانیان و دوو رکاتی ئەوەڵی مەغریب و عیشا و بێجگە لەمانە بە دەنگی نزم دەخوێنێ.

**تێبینی:** خوێندنی سورەتەکان وەك لە قورئاندا هاتووە لە دوای یەکدا سوننەتە، بەپێچەوانەوە کردنەوەی ناپەسەندە (مکروە) ە، هەڵگەڕانەوەی پیتەکانی وئایەتەکانی سورەتێك حەرامە.



پاشان الله أکبر دەکات ودەست بەرز دەکاتەوە و دەچێتە رکوع، هەردوو دەستەکانی لەسەر ئەژنۆکانی دادەنێت و دەیانگرێت، پەنجەکانی بلاو دەکاتەوە پشتی رێك دەکات و سەریشی دەخاتە ئاستی پشتی، پاشان دەڵێت: سێ جار دەڵێت :(سبحان ربي العظيم) ئەگەر بگات بەم روکنەدا ( واتە بەرکوع دا ) ئەوە گەشتوە بە رکاتێکدا .

**تێبینی:** تەکبیر کردن و (سمع الله لمن حمدة) لە کاتی چوون بۆ روکنەکان بووترێت، نەك لە پاشا وپێشی روکنەکاندا، هەروەها لەهەموو تەکبیر کردنەکانی تری ناو نوێژدا هەر بەو شێوەیە بێت، وە ئەگەر بە دەست ئەنقەست دوای خست ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە .



پاشان سەری بەرز بکاتەوە بڵێ (سمع الله لمن حمده) وە هەردوو دەستەکانی لەگەڵیدا بەرز بکاتەوە و رێك ببێتەوە و بڵێ (ربنا ولك الحمد، حمدا كثيرًا مباركا فيه ملك السماوات و ملك ماشئت من شيء بعد).

**تێبینی:** کاتی ووتنی (ربنا ولك الحمد) دوای هەستانەوە لە رکوع دەبێت نەك لەکاتی بەرز بونەوەی لەرکوع.



پاشان سوجدە دەبات وتەکبیر دەکات هەردوو قۆڵەکانی لە تەنیشتی دوور دەخاتەوە، هەروەها سکی لە ڕانی وڕانی لە قاچەکانی دوور دەخاتەوە، هەردوو دەستەکانی بەرامبەر بە شانەکانی دا نەبێت، پەنجەکانی دەست وقاچی رووەو قیبلە دادەنێت، ئینجا سێ جار بڵێت : "سبحان ربي الأعلى " .

**تێبینی :** سوجدە بردن پێویستە لەسەر حەوت ئەندام بێت، سەری پەنجەکانی قاچ وئەژنۆکانی ولەپە دەستەکانی ونێوچاوانی و لوتی، دانانی یەکێك لەو ئەندامانە لە سوجدەدا بە ئەنقەست نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە، ئەگەر عوزرێکی نەبێت.



پاشان سەری بەرز بکاتەوە و (الله أکبر) بکات ودابنیشێ، بۆ دانیشتنی نێوان سەجدەکان دوو شێوەی دروست هەیە: ١ـ قاچی چەپی رابخات و لەسەری دابنیشێ و قاچی راستی هەڵنێ وپەنجەکانی روویان لە قیبلە بێت. ٢ـ هەردوو قاچەکانی هەڵنێ وپەنجەکانی روویان لە قیبلە بێت ولەسەر پاژنە پێیەکانی دانیشێ و (٣) جار بڵێت "رب اغفرلي"، ئەشتوانێت ئەم زیادانەش بڵێت: "وأرحمني وأجبرني وأرفعني وأرزقني وأنصرني وأهدني و عافني واعف عني".

پاشان سەجدەی دووەم ببات وەك یەکەم، لە پاشاندا سەری بەرز بکاتەوە وهەستێتەوە لەسەر سنگەپێکانی، رکاتی دووەم بکات وەك یەکەم جار.

**تێبینی**: نابێت نوێژخوێن (فاتحة) بخوێنێت هەتاوەکو هەڵئەستێتەوە، چونکە (فاتحة) شوێنەکەی راوەستانە، ئەگەر خوێندنی پێش ئەوەی هەستێتەوە ئەوە دەبێت دووبارەی بکاتەوە ئەو کاتەی کە بە پێوە راوەستا، ئەگەر نا نوێژەکەی بەتاڵە.



ئەگەر لە رکاتی دووەم تەواو بوو دائەنیشێ بۆ تەحیات دەستی راست لەسەر رانی راستی و دەستی چەپ لەسەر رانی چەپی دادەنێت، دەستی راستی پەنجەی بچووك و تەنیشتەکەی ئەنوقێنێ و پەنجەی ناوەڕاست لەگەڵ پەنجە گەورەی دەکاتە بازنە و پەنجەی شایەتمان ئاماژە دەکات و تەحیات دەخوێنێ: "التحيات الله والصلوات و الطيبات، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاتهُ السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين، أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهدُ أنَّ محمداً عبدهُ ورسولهُ"، لە نوێژی (٣) رکاتی و چوار رکاتیدا هەڵدەستێتەوە و"الله أكبر" دەکات و دەستی بەرز دەکاتەوە، باقی نوێژەکەی وەك لە رابردوو باسمان کرد تەواو دەکات، بەڵام بە پەنهانی دەیخوێنێ و تەنها فاتیحەش دەخوێنێ.




پاشان بۆ تەحیاتی کۆتایی دابنیشێ لەسەر سمتی وە سێ شێوەی راستی هەیە، دانەنیشێ لەسەر سمتی مەگەر لە کۆتاییدا نەبێت لەو نوێژەدا لە دوو تەحیاتیان تێدایە.

**شێوازی لەسەر سمت دانیشێت**: ١ـ قاچی چەپی رابخات ولە ژێر قاچی راستی دەری بکات وقاچی راستی هەڵنێ وسمتەکانی لەسەر زەوی بن. ٢ـ هەروەك یەکەم، بەڵام قاچی راستەی رابخات.

٣ـ وەك یەکەم، بەڵام قاچی چەپی لە نێوان لاقی و رانیدا دابنێت.

بەم شێوەیەش دانایشێت تەنها بۆ تەحیاتی کۆتایی نەبێت، بۆ ئەو نوێژانەی کە دوو تەحیاتیان تێدایە ( واتە لە تەحیات خوێندنی نوێژی بەیانیدا بەم شێوەیە دانانیشێت )

پاشان دەست دەکات بەخوێندنی تەحیات وەك تەحیاتی یەکەم، بەڵام لەتەحیاتی دووەمدا ئەمەی بۆ زیاد دەکات : أللهم صل على محمد وعلى آله محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد، اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت عى إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد

سوننەتە لە تەحیاتدا هەندێك لەم دوعایانە بخوێنێت: "اعوذ بالله من عذاب النار، وعذاب القبر، وفتنة المحيا والممات، وفتنة اليسح الدجال " .



پاشان دوو سەلام دەداتەوە، بە لای راستدا ئاوڕ دەداتەوە و دەڵێت: "السلام عليكم ورحمة الله"، هەروەها بەلا چەپەشدا، کە سەلامی دایەوە ئەو دوعایانە ئەخوێنێ کە لە دوای نوێژەکان هاتوون وهەر لە جێی خۆی دەمێنێ.

# زانستە شەرعییەکان کارکردن ئەخوازن

زانستێك کرداری لەگەڵدا نەبێت خواو پێغەمبەری خواو ﷺ موسڵمانان نایانەوێت، خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ۝٢ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ﴾ (الصف :٢-٣) واتە: ئەی خەڵکی ئیماندار بۆ شتێك ئەڵێن‌و کاری پێناکەن، ئەوە گوناهێکی گەورەیە وخوا عاجز ئەکات کە ئێوە شتێك بڵێن‌و کاری پێنەکەن.

**ئەبو هورەیرە** ـ رەزای خوای لێبێت ـ ئەفەرمووێ: (نموونەی ئەو زانستەی کە کاری پێناکرێت وەك پارەیەکی پاشەکەوتکراو وایە کە هیچی لێنابەخشرێ لەپێناوی خوادا).

**فوزەیلیش** – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – ئەڵێت: (بەردەوام پیاوی زانا بە نەزان دا ئەنرێت تا دەست بە کارکردن ئەکات بەو زانستەی کە هەیەتی).

**مالیکی کوڕی دیناریش** – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – ئەڵێت: (ڕێدەکەوێت ئەگەیت بە کابرایەك کە هیچ نازانێ، بەڵام لە کارکردندا زانایەکە بۆ خۆی ).

## براو خوشکی موسڵمان!

✸ خوای گەورە خوێندنەوەی ئەم کتێبەی بۆ ئاسان کردی، ماوەتەوە ئەوەی خوێندنەوەکەت بەربگرێت، ئەویش بریتییە لە کارکردن بەم زانیارییانەی لەناو کتێبەکەدا باسکراون.

✸ شتێك لە قورئان‌و تەفسیری قورئانت خوێندەوە، هەوڵبدە کە کار بەو زانیاریانە بکەی کە دەستت کەوتوون دەربارەی مانای ئایەتەکان، چونکە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر ﷺ (داوای ئەوەیان ئەکرد لە پێغەمبەر ﷺ کە دە ئایەتیان پێ بخوێنێ، جا دەستیان ئەکرد بە کارکردن بەو زانیاریو ئەرکانەی لەو ئایەتانەدا هەبوون‌و نەئەچوون بۆ دە ئایەتی تر تا لە ئەو دە ئایەتە ئەبوونەوە، بۆیە ئەیانفەرموو: ئێمە زانست‌و کارکردن پێکەوە فێرئەبووین)!

شەریعەتی ئیسلامیش مرۆڤ هەر بەو شێوەیە هاندەدات، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەربارەی ئایەتی ﴿يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ﴾ واتە: بە راستی قورئان ئەخوێننەوەو ماف خۆی ئەدەنێ، ئەفەرمووێت: بە راستی بە شوێن قورئاندا ئەڕۆن..

**فوزەیلیش** ـ رەحمەتی خوای لێبێت ـ ئەڵێت: قورئان بۆ ئەوە دابەزیوە تا کاری پێبکرێت، کەچی خەڵك تەنیا خوێندنەوەکەی بەکارکردن ئەزانن!

✸ لەم کتێبەدا هەندێ لە سوننەتەکانی پێغەمبەریشت ﷺ بینی، کەواتە هەستەو دەستبکە بە وەرگرتن‌و جێبەجێکردنیان، چونکە پیاوچاکەکانی ئەم ئوممەتە ئیسلامیە هەر شتێك فێر ببونایە بەپەلە هەڵدەستان‌و پێشبڕکێیان ئەکرد بۆ ئەوەی کامیان زووتر جێبەجێی بکات‌و خەڵکی بۆ بانگ بکات، تا بەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ بکەون کە ئەفەرمووێ: (ئەگەر فەرمانی شتێکم پێکردن ئەوە چەندێك ئەتوانن جێبەجێی بکەن لێی‌و لەو شتانەش دووربکەونەوە کە بەرگریی کردوون لێی)[1]. هەروەها لە ترسی ئەوەی کە تووشی ئەم سزا سەختە نەبن کە خوای گەورە لە ئایەتی ﴿فَلۡيَحۡذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنۡ أَمۡرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمۡ فِتۡنَةٌ أَوۡ يُصِيبَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (النور :٦٣ ) دا باسی ئەکات، کە ماناکەی ئەوەیە ئەوانەی کە پێچەوانەی فەرمانەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەوەستن، با لەوە بترسن کە فیتنەیەك بێت‌و سەریان تێبکات، یان سزایەکی سەخت رووبەڕوویان ببێتەوە...

بۆ نموونە سەیری ئەم هەڵوێستانە بکە:

- **ئوم حەبیبەی دایکی موسڵمانان** ـ رەزای خوای لێبێت ـ ریوایەت ئەکات کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (هەرکەسێك دوازدە رکات نوێژ بکات لە شەو و رۆژێکدا لە پاداشتی ئەو نوێژانەدا خوای گەورە خانوویەکی لە بەهەشتدا بۆ دروست دەکات)[2]، جا ئوم حەبیبە فەرمووی: لەو رۆژەوەی کە ئەم فەرموودەیەم لە پێغەمبەر ﷺ بیستووە، وازم لەو نوێژانە نەهێناوە.
- **ئیبنو عومەریش** ـ رەزای خوای لێبێت ـ ئەم فەرموودەیە ریوایەت ئەکات کە ئەفەرمووێت: (ماف هەموو موسڵمانێك کە شتێك شك ئەبات بۆ دوای خۆی ئەوەیە کە پێش ئەوەی بمرێت ئەبێ وەسێتی خۆی

---

[1] رواه البخاري ومسلم.
[2] رواه مسلم.

بنووسێت[١]، پاشان ئیبنو عومەر ئەفەرمووێ: لەو ڕۆژەوەی ئەوەم لە پێغەمبەر ﷺ بیستووە، شەوێك نەبووە بێت بەسەرمداو وەسیێتی خۆمم لە ماڵدا دانەنابێت).

- **پێشەوا ئەحمەدیش** - ڕەحمەتی خوای لێبێت - ئەفەرمووێ: (فەرموودەیەکم نەنووسیوەتەوە کە کارم پێ نەکردبێت، تەنانەت کە ئەو فەرموودەیەم بیست کە پێغەمبەر ﷺ کەڵەشاخی گرتووەو لە هەقی کارەکەدا (دینارێك)ی داوە بە (ئەبو تیبە)، منیش کەڵەشاخێکم گرتو دینارێکمدا بەو کەسەی کەڵەشاخەکەی بۆگرتم).

- **پێشەوا بوخاریش** - ڕەحمەتی خوای لێبێت - ئەفەرمووێ: (لەو ڕۆژەوە زانیومە کە غەیبەتکردن حەرامە، غەیبەتێکم نەکردووە، ئومێد ئەکەم ئەو ڕۆژەی ئەگەمە حزووری خوا لەسەر ئەوەی کە غەیبەتی کەسێکم کردبێت هیچ لێپرسینەوەیەکم لەگەڵدا نەکات).

- لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە ئەفەرمووێ: (هەرکەسێك دوای هەموو نوێژێك ئایەتەلکورسی بخوێنێ، مەگەر تەنیا مردن ڕێگەی چوونە بەهەشتی لێبگرێت)[٢].

ئیبنو قەیمی جەوزی - ڕەحمەتی خوای لێبێت  ئەڵێت: (گوێم لە شێخولئیسلام (واتە ئیبنو تەیمیە) بوو کە ئەیفەرموو: هەرگیز ئەو سوننەتەم پشتگوێ نەخستووە دوای هەموو نوێژێك مەگەر یان لەبیرم چووبێت یان شتێکی لەو جۆرە لێی ڕوودابم).

✸ پاش زانستو کارکردن بەو زانستانە، نۆبەی ئەوە دێت کە لە سوپاسی ئەوەدا کە خوای گەورە ئەو نیعمەتە زۆرەی پێداوی تۆش خەڵکی بانگ بکەیت بۆ لای خواو دین، نابێ خۆتو خەڵکی تریش بێبەش بکەی لەو خێرە گەورەیە، پێغەمبەر ﷺ ئەفەرمووێ: (هەرکەسێك بێتە ڕێنمایی خێر بۆ خەڵکی وەك ئەوان بەشدار ئەبێت لە پاداشتی کارەکانیاندا)[٣].

هەروەها ئەفەرمووێت: (باشترینتان ئەوانەن کە قورئان فێربوونو خەڵکیش فێری قورئان دەکەن)[٤].

هەروەها ئەفەرمووێت: (لە بری من ئەگەر یەك ئایەتیش بووە بیگەیەننە خەڵکی)[٥].

چەند زۆر خێر بڵاوبکەیتەوە لەناو خەڵکیدا، زۆرتر پاداشت وەردەگریتو کرێت زۆرتر ئەبێت لە لای خواو بەردەوامیش چاکەت بۆ دێت تا لە ژیاندا بیتو تەنانەت پاش مردنیشت، پێغەمبەر ﷺ ئەفەرمووێ: (کە مرۆڤ ئەمرێت، کارو کردەوەکانی ئەپچڕێن لێی لە سێ ڕێگەوە نەبێت: لە چاکەیەکی بەردەوامەوە، یان لە زانستێکەوە کە خەڵکی سوودی لێوەرگرن، یان لە ڕێگەی منداڵێکی چاکەخوازەوە کە نزای بۆ بکات)[٦].

## گزنگێك

ئێمە بەردەوام زیاد لە (حەڤدە جار) هەموو ڕۆژێ سورەتی (فاتیحە) ئەخوێنینو خۆمان ئەدەینە پەنای خوا لەوەی بمانپارێزێ لە ئەو کەسانەی کە خوا لێیان عاجزو توڕەیەو بمانپارێزێ لەوانەش کە وێڵ و سەرگەردان بوون، کەچی دوای ئەوە لە کارو کردەوەکانیاندا چاویان لێ ئەکەینو واز لە خۆشارەزاکردن دەهێنین، تا کارەکانمان بەپێی نەزانین بێتو وەك نەصارا سەرگەردانەکانمان لێبێت، یان زانستی باش وەربگرین بەڵام هیچ کارێکی پێ نەکەینو وەك جولەکەکانی لێبێت، کە خوای گەورە لێیان توڕەو عاجزە!

لە خوای گەورە ئەپاڕێینەوە کە ئێمەش وتۆش فێری زانستی بەسوود بکات وپشتیوانیمان بکات بۆ کاری چاکە.

خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ باشتر ئەزانن وسەلاوات وسەلامی بەردەوامیش لەسەر گەورە وخۆشەویستمان موحەممەد

---

[١] رواه مسلم.
[٢] السنن الكبرى.
[٣] رواه مسلم.
[٤] رواه البخاري.
[٥] رواه البخاري ومسلم.
[٦] رواه مسلم.